# «پێشەکی» بۆ گوتاری «بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا»

مەسعوود محەمەد

ژیان لە نووکیەوە کێشە و گرێ و گاڵ و تەنگوچەڵەمەیە. بەر لە ژیان، بوون و سروشت بە تێکڕایی، لە یەکتر خشان و بەیەکدا هاتن و تێکهەڵقژان و یەکتر خستن و کاری ئەوتۆییە... بە داخەوە.

لەم دەریا بێ سەروبن و پایانەی ئەرک و سەختی و دژایەتی و بینیرکێ و دەستەویەخە بوونی ژیان و بووندا، بە پێی کەم و زۆری چەکی لەسەرەخۆ کردنەوە و هەڵمەت بردن، هەڵوەست زۆرتر وەیا کەمتر زەحمەتی تێدا دەبێ: کە بەرەنگاری دڕندەیێک بوویت و چەکی خۆپاراستن و ڕاو کردنت دەست و ددانەکانت بوون ڕەنگە خۆت ببیتە نێچیر، خۆ ئەگەر تیروکەمانێک وەیا شیر و ڕمێکت پێ بوو ئەوسا تەرازووی بەخت ڕوو لە گۆڕان دەکات، کە دەستت گەیشتە دەمانچە وەیا تفەنگ وەیا نارنجۆک ئیتر دەبیتە ڕاوکەری ڕاستەقینە.

گەلانیش، وەک تاکە مرۆڤەکان، لە هەنگامەی بەیەکەوە ژیان و خۆ سەپاندن و مامڵەتی ژین و ژیاردا خۆیان لەم هەڵوەستە پڕ ترس و لەرزەی «خوران و ڕەسین» دەبیننەوە. هەرچەند شتێکی بەرچاوە کەوا پێ بە پێی تێهەڵکشانی ئادەمی لە پلەی شارستانەتی و زۆر بوونی پەیوەندی و پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی و داهاتنی مەیدانی تازە بە تازەی هاریکاریی – بە کورتیی لەگەڵ پێشکەوتنی تێکڕایی ئادەمییدا، باری تێکگەیشتن و ڕێککەوتن و گونجانی بەرژەوەند و تەبایی گشتیی وردە وردە پتر خۆ دێنێتە بەر هەستی هەستیار و سەر پەڕەی داستانی بوون و ژین، بەڵام هێشتان گەلێکی بە بەرەوە ماوە تا ئەو کاتەی پێویست نامێنێ بە ئەندێشەی خۆپاراستن و لەسەرخۆ کردنەوە. بە نیسبەت منەوە کە تاکێکی کوردم و وتووێژم لەگەڵ ئەوە، چەندی بە قسەکانم ڕێی ئامادە بوونی کورد خۆش کەم بۆ بەهێز بوون و پەیدا کردنی چەکی لەسەرخۆ کردنەوە، ناگەمە بە سنووری توهمە و تاوانی ستەمخوازیی و دەستدرێژیی چونکە گەلی کورد لە بارێکدا نییە چاوەنواڕی ستەم و دەستدرێژیی لێ بکرێت، هەتا پەل بکوتێ و تێڵا بوەشێنێ دەست و کوتەکی لە سنووری ماڵە کاولەکەی خۆی تێپەڕ ناکات. کەسێک بکەوێتە بەر کوتەکی کورد دیارە بە پێی خۆی هاتۆتە بەر ئەو کوتەکە و هەر خۆی دەستدرێژی کردووە لە سنوور و ماڵ و ژیانی کورد.

بێگومان گەلی بێدەسەڵات پتر حەز بە خۆشی و برایەتیی و داد و ئاسایش و هێمنی دەکات، چونکە هەر لەو مەیدانەدا ئومێدێکی بە سوود و بەختیاری هەیە... ئەگەر ڕێم هەبێ  لێم بە عەیب نەگیرێ دەڵێم هەموو ئەو گیانلەبەرانەی گۆشتیان دەخورێ ئامادەن مەزبەتەی حەرام کردنی کوشتن و پرین و گۆشت خواردن مۆر بکەن، مەرج ئەوەیە شێر و پڵینگ و گورگ ئیقناع بن و گۆشت حەرام کردن بسەلمێنن. گیانلەبەری بێدەسەڵاتی گۆشتنەخۆری گۆشتخوراو هەر بە جارێ قڕانی دێت کە هات و لە خۆی غافڵ بوو و کەمتەرخەمی کرد لە خۆ بەهێز کردن.

گەلی کورد، وەک گەلێکی نموونەیی لە بەرەنگار بوونی هەڕەشەی سەخت بە دەسەڵاتی کەمەوە، خۆی لە بارێکدا دەبینێ ئەویش بارێکی نموونەییە لە پێویست بوونی پارسەنگ کردنی لایەنی کەم و کوڕی و بێهێزیی، بەو چەکانەی کە دەستی پێیان دەگا و پێیان بەهێز دەبێ و دەسەڵاتی لەسەرخۆ کردنەوەی فراژوو دەبێ. بێگومان لە هەموو چەکان نێزیکەدەستتر و لەگەڵ نێزیکەدەستییدا یەکجاریش کاریگەر، چەکی زانست و ڕۆشنبیرییە بە تایبەتی ئەو زانست و ڕۆشنبیرییانە کە وا پەکیان لەسەر «مختبر و تطبیقات» نەکەوتووە بە خۆیان و ئەرک و مەسرەفی قورسیانەوە کە وا ڕەنگە بە کورد هەڵنەستێ. هەر ئەم لایەنەی زەحمەت و

ئەرکی «مختبر و تطبیقات» ـە هۆی کەم بوونی پسپۆری کورد لەو زانستانەی بەندن بە دامودەزگای تاقی کردنەوە و بەکارهێنانی «مختبر» و کەرستەی گرانبەها... کوردێک بیەوێ لەو زانستانە ببێتە پسپۆر دەبێ خۆی لە گۆشەیێکی یەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان قایم بکا و دەست بگرێ بە دامەنی دەسەڵات و دارایی ئەو وڵاتەوە بۆ بەردەوام بوونی لەسەر ڕەوتی پڕ ئەرک و خەرجی زانستی «تطبیقی».

تا ئێستا شەقامێکی بەرفرەوان لەبەر پێ و هەنگاوی کورددا هەبێت کە گەشتی ڕۆشنبیرانەی تێدا بکا شەقامی زانستیی «نظری»یە بە تایبەتی بابەتی ئەدەب و زمان. داهاتی ڕۆشنبیرانی کورد لە مێژوو و جوغرافیای کورد و کوردستان، تا ئێستا، لەچاو خەرمانی ئەدەب و زمانی کوردی وەک «بەرکوت» وایە. دیارە مێژوو و جوغرافیا، هەرچەند زانستی «تطبیقی»ش نین بەڵام هێندەی ئەدەب و زمان نێزیکە دەست نین. کەرستەی لێدوان و لەسەر نووسین و تۆژینەوەی ئەدەب و زمان لەبەر دەستی هەموو ڕۆشنبیرێک و نووسەرێک دایە، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ بە نیسبەت ئەدەبەوە نووسەر بۆ خۆی دەتوانێ تێیدا ببێتە سەرچاوە، لەو ڕووەوە کە کاتێک خۆی گەیاندە پایەی «نووسەریی وەیا بوێژیی» نووسین و هەڵبەستەکانی دەبنە بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ غەیری خۆی. وا هەیە نووسەر وەیا بوێژ بەهۆی بەکارهێنانی شێوازێکی ڕەمزی هێمایی پڕ لە ڕستە و وشە و تەعبیری سەیر و قەت کەس نەبیستوو و کەس تێنەگەیشتوو، بۆتە سەرە باسی ڕۆژانەی نووسەران لە گۆڤار و ڕۆژنامە و نامێلکە و کتێباندا.

باری زمانیش تا ڕادەیێک وەک باری ئەدەب وایە: کەرستەکەی هەمیشە لەبەردەماندایە، بە کوردی با بڵێین ئاوی بیری زمان «دەست هەڵێنجە» و پێویستی بەوە نییە شریت و دەولکەی بۆ بەکار بێت، چونکە خەریک بوونی مرۆڤ بە زمانەوە خەریک بوونە بە جوزئێک لە زاتی خۆی، بەو مانایە کە زمان و وتووێژی مادەرزاد بەشێکی بنجییە لە سروشتی مرۆڤ.

کە بمانەوێ دەتوانین لیستەیێکی ئەو زانستانەی «نظری» بگرین کە لە جغزی دەسەڵاتی پێوە خەریک بوونی کورددا هەیە و هەمووشیان لە نزیکەوە خزمەتی ڕاستەوخۆی کورد بکەن. بەڵام لێرەدا ڕێی دوور کورت دەکەمەوە و دەڵکێم بە هۆی نووسینی ئەم پێشەکییەوە کە ناوەڕۆکی سێ وتاری ناو ئەم کتێبەن. بابەتی وتارەکان، هەرچەند زوربەی ئەو بابەتە نووسینی بێگانانە لەسەر کورد، بەقەدەر هەر بابەتێکی پاتەوپاتی کوردایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی کورد خەریکە و پێکهێنەری سوودە بۆ کورد. پێ بە پێی نووسینم لە ڕووپەڕەکانی لێرە بە دواوەدا مەبەسم ڕوون دەبێتەوە. بەدەم ڕوون بوونەوەی مەبەسیشەوە بیر و باوەڕێکم، کە لە ناوەڕۆکی گوتارەکانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەویش دەخەمە بەر چاوی خوێنەر.

من لە گۆشەی نیگای سوودی میللەتی کوردەوە سەیری ئەم نووسینانە و زانستانە دەکەم ئنجا بە تەرازووی ڕاستیی و بێفێڵیی هەڵیاندەکێشم. بێگومان هەموو زانستێک و ڕۆشنبیرییێک بایەخی خۆی هەیە، بەڵام بۆ میللەتێکی پارچە کراوی ماف خوراوی وەک میللەتی کورد ئەو نووسینانە و زانستانە و ڕاستییانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە و دەوروبەری تاریک و نەزانراوی ڕۆشن دەکەنەوە و چەکێکی لەسەرخۆ کردنەوە دەدەنە دەستی یەکجار بەکەڵکتر و پێویستترن لە زانست و ڕاستییێکی سادە و دوورەپەرێز لە سوودی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری... وەیا هەر لایەنێکی ژین و ژیار بێ. تا بڵێی حەز دەکەم بزانم لە زوهرەدا ژیان هەیە یان نییە، کەی گیانلەبەر باڵی گرت، چۆن بوو بە دوو کەرتی لەیەکتر جودای ئاژەڵ و ڕوەک، ناوەڕۆکی ئاتۆم چ هەرا و سەدای تێدایە، مێرووله چۆن ڕێگەدەر دەکا بۆ سەر خواردەمەنی، با هەر لەوە گەڕێم کە چەند تێنووم بۆ زانینی نهێنیە زلەکانی ئەم جیهانە کە زانا و فەیلەسووفە گەورەکان تێیدا سەرسامن.

لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەم پرسیارانە و وەرامەکانیان هێندەی ئەم تاکە پرسیارە و وەرامەکەی دڵم نابزوێنن. ئایا کەی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا وشەی «کوردستان» کەوتە سەر زاران. زانینی وەرامی پرسیارەکانی پێشووتر بۆ کورد و غەیری کورد یەک بابەتە و هەمان نرخ و بایەخی هەیە، بەڵام دۆزینەوەی سەرەتای داهاتنی زاراوەی «کوردستان» پەیوەندی ڕاستەوخۆی

لەگەڵ ژین و بوون و چارەنووسی کوردا هەیە سەرەڕای ئەوە کە ئەویش وەک هەموو بابەتێکی تر خۆی لە خۆیدا داهاتێکی ڕۆشنبیری و زانستە.

هەرچەند ڕۆشنبیران و زانایان و ئەدیبانی کورد لە بارێکدا نین بتوانن ئامانج بۆ هەر یەکێک لە خۆیان دانێن تاکوو بە پێی پێویستی و گرینگی بابەتەکان تین و توانی مێشک و خامەیان ئاڕاستە بکەن و لە «گرینگتر»ەوە بۆ «گرینگ» هەنگاو هەڵێنن. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، کە لە خۆوە و بێ پلان دانان و نەخشە کێشان ئەم مەبەستەی دەست پێکردن بە »گرینگتر» لە بەرهەمێکی ڕۆشنبیرییدا هاتە دی، ڕێکەوتێکی خۆش و پیرۆزی تێدا ڕەچاو دەکەین کە وا هێندەی «بەرهەمی بە پێی پلان» سوود و بایەخی هەیە. چ فەرقێک نییە لەوەدا نێچیر بە ڕێکەوت بکەوتە دەستت یاخود تەڵەت بۆ دانایێتەوە و هەرگیز نێچیری «ڕێکەوت» لە بازاڕی نرخدا کەمتر نییە و نەبووە لە نێچیری بەر تەڵە کەوتوو.

بابەتی ئەم کۆمەڵە وتارە کە لێرەدا کۆڕی زانیاری کورد لە شێوەی کتێبدا دەیخاتە بەرچاوی خوێنەرانەوە، بێگومان، یەکێکە لەو بابەتە ڕۆشنبیرییەی کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ سوودی ڕاستەوخۆ و پاتەوپاتی گەلی کورد. لە یەکەم وشەی یەکەم وتاریەوە تا دوا وشەی وتاری کۆتایی، وتوویژ و لێکۆڵینەوە و دوان و ڕەخنەگرتنی لە ڕاستە شەقامی ماف و بەرژەوەندی کوردەوە سەر هەڵدەدا.

بە پێی باوەڕی بێ لایەنگیری خۆم، سەرلەبەری نووسیەنەکانی ناو ئەم وتارانە لە ڕووی سوودی کوردایەتییەوە وەک ئەو تەرزە میوەیە وایە کە توێکڵ و دەنکی نەبێ و هەمووی هەر خۆراک بێ ئەگەر ناوناوەیێک یەکێک لە نووسەران خۆی تێدا خوێندبێتەوە زێدە شانازی کردن بە کوردایەتیی وای لی کردوە وەک دلێر و سوارچاکانی کۆنینە کە هەڵسوڕ و داسوڕی شاریان بە شیر و ڕم دەکرد لە مەیدانی موبارەزەدا، ئەویش خامە هەڵکێشێ لە ڕووی ناحەزانی کورد و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەیان لێ بکا بۆ کورد. لەمەشدا سەیروسەمەرە نییە. دیارە ڕۆڵەی میللەتی زۆرلێکراو و مافخوراو بەهەستتر و گوێ قوتترە بۆ تیر و توانج.

خۆناسین یەکێکە لە کەرستە و چەکی بەرگری. دۆزینەوەی هێز و بێهێزی و چاکە و خراپە و کەم و زۆری و پلەی پێشکەوتن و داپران و هەموو سەروبەرێکی گەل، یارمەتی ئەو گەلە دەدا بۆ ئەوە بتوانێ هەڵوەستی ڕاست و بێ هەڵە و تەلەزگە بوەستێ لە کۆڕی ژین و بووندا. کوردی گوتەیێکی هەیە دەڵێ «چەند دەخوا و چەند دەبەزێ» ئەم گوتەیە بۆ گەل پێویستترە لە تاک هەرچەند لە بنەڕەتدا پەندەکە بۆ تاک هەڵبەستراوە. کەم وا هەیە، یاخود ڕاستتر ئەوەیە بڵێین هەر مومکین نییە، مرۆڤ لە خۆوە بێ مامۆستا و ڕابەر وەیا بێ ڕەخنەگر و ناحەز بتوانێ لایەنی ڕاستەقینەی «پەسەند و ناپەسەند» لە خۆیدا هەست پی بکا و بە تەواوی، وەیا نیوەچڵی، بزانێ چەند دەخوا و چەند دەبەزێ. مرۆڤ زۆر بە ئاسانی و ئاسایی لە عاست خۆیدا بە سەهوو دەچێ هەم لە ڕووی ئەوەوە کە هەست کردنی بە لایەنی چاکەی خۆی چەند جاران لە پایەی ڕاستەقینە پتر دەبێ و بایەخی گەلێک زیاد بەو چاکەیە دەدا و هەم لە ڕووی ئەوەوە کە چاوی لە زوربەی خراپە و عەیب و کەم و کەسری خۆی هەڵدەنگوێ و نایان بینێ.

بە دوا ئەم ڕاستییەدا ڕاستیێکی تری وەک ئەو هەیە کە بەیەکەوە هەردوویان مەوزوعی «بەسەهو چوون» تەواو دەکەن. مرۆڤ چەند کوێرە لە عاست عەیبی خۆی هێندە زەڕرەبینە لە عەیبی خەڵقدا، لەم خوەشدا دەگاتە ڕادەی «بە عەیب گێرانی شتی بێ عەیب». لە پەند و فۆلکلۆری میللەتان ئەم لە خۆ و لە خەڵق بەسەهو چوونە بارەها و جارەها ڕوون کراوەتەوە و چی من لێرەدا دەیڵێم دووبارە کردنەوەی تەجرەبەی لە خۆم بە پێشەوەیە.

لە کولانەی ئەم ڕاستییانەوە سەیرێکی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەکەم و نرخی پێ دەدەم. لە ئاوێنەی بێگانەدا قەد و قەڵافەتی کورد دەبینم و بە چاوی ئەوان تێوەی ڕادەمێنم و هیچ وەتەنگ نایێم لەو ڕەخنە و پلار و توانجانەی بەسەهو چوون وەیا دەستدرێژیان تێدایە. چەندێکی لە کورد

بە سەهو چووبن و بە قسە لێیان داشکاندبێ، ئەوەی لەسەر خەرمانی تێکرایی نووسینەکانیان دەمێنێتەوە سامانێکە بۆ کورد کە ئەگەر لەوانەوە نەبوایە هەرگیز کۆ نەدەکرایەوە.

لەگەڵ مندا بنواڕە لاپەڕە 43 قسە شڕ و دڕەکانی دوکتۆر هێرتزفیلد بخوێنەوە(*) هەرچەند حەزم دەکرد قسەی خۆشتر و بە ئینسافتری کردبا دەربارەی کورد، بەڵام کە ئەمەی نەکردوە لە لای خۆمەوە مەمنوونی هەموو کارەکەی ئەوم تەنانەت جنێوەکانیشی. بە ڕاستی پێویستە خاوەنماڵ شتومەکی مێوان نەکۆڵێتەوە، مێوانیش هەقی هەیە وەتەنگ بێ لە دەست تێوەردانی کەلوپەلەکەی بە تایبەتی گەر ئەو شتومەکە کەرستەی دیراسەی ئارکایۆلۆجی بێ. تۆ بڵێ ئەگەر لەو ساڵە پڕ ترس و لەرزەی 1914 دا پسپۆڕێکی کورد بۆ لێکۆڵینەوەی زمان و مێژووی ئەڵمان چووبایە باڤاریا و خاوەنماڵە ئەڵمانەکەی کاغەزەکانی لێ دڕاندبا وەیا نەقشی نووسینەکانی لێ سڕیبایەوە وەیا وردە ئامرازی کاری ئارکایۆلۆجی لێ تێکەڵپێکەڵ کردبا دەبوا ئەو پسپۆڕە بە کام زمانی مەرحەبا و ڕەزامەندی باسی خانەخوێیەکەی کردبا؟ ئێمەی کوردی ئیمڕۆش بە چ چاوێک سەیری لەخۆبوردنی پسپۆڕە کوردەکە و نانکوێری ئەڵمانەکەمان کردبا؟

من لێرەدا قسە زیادەکانی هێرتزفیلد ناڕازێنمەوە، لە مێوانداری کوردەکەش دانالەنگێنم. من دەمەوێ بە چاوێکی واقیعبین سەیری خوێش و بێگانە و چاکە و خراپە بکەم. ئاخۆ ئەگەر ئەم «هێرتزفیلد»ە بەر لە 60 ساڵ نەچووبا ناوچەی «زەردی ئاو» و نووسراوەکانی دێی «پەیکوڵی» نەخوێندبایەوە کام ڕۆژهەڵاتی، یا نەڵێم کام کورد، زەحمەتی وەهای بە خەرج دەدا بۆ پاراستنی ئەم نووسینانە؟ لەوانە بوو نەک هەر شتومەک، بەڵکو گیانیشی دەست تێوەردرابا ئەم دکتۆر هێرتزفیلدە!

خۆمان باشی دەزانین پیشەی تێکدان و شکاندنی شوێنەواری مێژوویی پیشەیێکی کۆنینەی کورد و هەموو مسڵمانانە بە فەخر و شانازییەوە. لەناوبردنی دروشمی «کافران» پتەو کردنی بیروباوەڕی موسڵمانەتیی بووە بە درێژایی زیاتر لە هەزار ساڵی ڕابردوو... تا ئێستاش لەناو خەڵقی دەشتودەر و بەشێکی زۆر لە دانیشتووی شارەکانمان بەو پەیکەر و نەقش و شوورە و وێرانگەی قەڵای کۆن دەڵێن «گاوربار»، هەر لە گوێرەی ناوە ناحەزەکەشیان ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

لە نووسینی هەندێک لەو نووسەرە ئەوروپییانەی لێرەدا ناویان دێت زمانی کوردی بە لەهجەیێکی فارسی لە قەڵەم دراوە. بێگومان ئەم ڕایەیان ناڕاحەتمان دەکات، بەولای ناڕاحەت کردنی ئێمەشەوە، گەلێک لە ڕاستی دور دەکەوێتەوە. بەڵام دەبێ دوو تێبینی گرینگ بگرینە بەرچاو لەبارەی سەرجوملەی ئەم نووسینە غەڵەتانەوە.

یەکەم: نووسەرەکان چ مەبەستێکی ناپەسەندی دژایەتیی کورد و مێژوو و ڕاستییان نەبووە، بە ئارەزۆ و ئانقەستیش ئەو غەڵەتەیان نەکردووە. کە بیانزانیبا ڕایەکەیان هەڵەیە هەر نەبێ لەبەر خاتری خۆیان و ناو و شۆرەتی زانستییان لە هەڵە دوور دەکەوتنەوە. دیارە بە پێی تێگەیشتنی خۆیان بۆ مەوزووعەکە ڕۆیشتوون و دووچاری هەڵە بوون.

دووەم: ئەوسا، کە ئەو نووسەرانە خەریکی تۆژینەوە بوون لە بارەی زمانی کوردییەوە و لە تۆژینەوەیاندا هەڵەیان دەکرد هێشتان تاکێک لە گەلی کورد پیتێکی نەنووسی بوو لە بارەی زمانی کوردی و ئەسڵ و ڕەچەڵەکیەوە. لەو دواییانەشدا کە زمانزانی کورد گەیشتنە پایەی تۆژینەوە و پشکنینەوەی فیلۆلۆجی و سوودێکی باشیان وەرگرت لە دیراسەی ئەو مامۆستایە بەهەڵە چوانەی ئەورووپا.

بەسەهو چوونی بێگانە لە عاست خزمایەتی زمانی کوردی و فارسی تا ئەو ڕادەیە کە کوردی بە لەهجەیێکی فارسی بزانێ ڕووداوێکی یەکجار ئاسایی و چاوەڕوان کراوە، چونکە لەیەکچوونی هەردوو زمان دیمەنێکی بەرچاوە و لە هەست پێکراو بەولاترە. کوردی لەهجەیێکی فارسی بێ وەیا فارسی شێوە کوردیێکی ڕەسمی و پێشکەوتووی کوردی بێ، وەک لەهجەی

سولێمانی کە شێوە ئاخاوتنێکی پێشکەوتووی کوردییە، ڕواڵەتێکە ڕەشکەوپێشکە بە چاوی بینەر دەکا.

دۆزینەوەی ڕەسەن بوونی هەردوو زمانیش کارێکە پڕ ئەرک. ئەوەی ڕاستیی بێ تا ئێستاش لەو ڕووەوە دەمەتەقە لە میانی شارەزایانی زمان هەر بەردەوامە. بە نموونە سەیرێکی گوتاری مامۆستا تۆفیق وەهبی بکە کە لە بەشی دووەمی ژمارە دووی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناونیشانی «أصل الاكراد ولغتهم» لەم گوتارەدا وێنەیێکی دەستەویەخەبوونی ناوخۆیی زمانزان و مێژووناسان دەبینی لەسەر ساغ کردنەوەی کوردبوون و نەبوونی لەهجەی وڵاتێکی بەرفرەوانی باشووری ڕۆژاوای ئێرانی ئێستاکە.

ئەگەر لە بیر خۆمانی نەبەینەوە، تا ئەو دواییانە کە ڕاپەڕینی ڕۆشنبیری کورد چاوی خەڵقی کردەوە بۆ دیتنی ڕاستی لەو مەسەلانەی پەیوەندییان هەیە بە کوردایەتی و ماف و مێژوو و وڵات... و هەموو شتێکی کوردەوە، بەشێکی زۆر لەو کوردانەی بە ناو ساڵان کەوتبوون و فرچکیان بە ژێردەستی و خۆ بەکەم گرتن گرتبوو زمانی کوردییان بە لاوە زمانێکی دواکەوتوو بوو، تەنانەت حیسابی مەسرەفی ڕۆژانەیان بە فارسی دەنووسی. لە نووسینێکی ئایندەمدا دەخوێنیتەوە کە وا لە ساڵی 1205[1] ی کۆچیدا مەلای «ئیبنو ئادەم» ئەو کوردانە عەیبدار دەکا کە ڕەخنەیان لێ گرتبوو لەوەدا دیباچەی نامێلکەیێکی بە کوردی نووسیوە... حاجی قادر لە چەندین جێگە ئەو کەسانە دەشکێنێتەوە کە دژی نووسینی کوردین، بە تووڕەییەوە باسی یەکێک[2] دەکات کە ناڕازی بووە لەوە کاک ئەحمەدی شێخ دەرسی بە کوردی گوتۆتەوە. بێگومان ئەمە ئەنجامێکی ئاسایی ئەو بارەیە کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ کورد خۆی تێدا دیوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە کورد لە عاست زمان و مێژووی خۆی ئەم هەڵوەستەی هەبێ و ئێمە عوزری بێنینەوە، ڕێی ئەوەمان نامێنی داوا لە بێگانە بکەین ببێتە پارێزەر «محامی» بۆ کورد و کوردی. هەر هێندەمان ڕێی گلەیی بەسەر بێگانەوە هەیە کە وا بە ئانقەست دژایەتیمان بکا و چاو لەو ڕاستییانە بپۆشێ سوودی کوردی تێدایە. کە ئەمە دەڵێم یەک زەڕڕەش لە نرخی ئەو لەسەر کردنەوەیە کەم ناکەمەوە کە ڕۆڵەیێکی کورد بۆ میللەتەکەی بە گیانبازیی و سۆزەوە دەیکا و لەم مەیدانەدا قسەی ناحەزان وەیا بەسەهوچووان بە درۆ دەخاتەوە.

لەم تێبینیانەدا جارێکی تریش سوودی خۆ دیتنەوە لە ئاوێنەی باوەڕ و دڵ و دەروونی بێگانەدا لە بەرچاوان نوێ دەبێتەوە. هەروەک دەشێ ناڕێکی ئاوێنەکە بووبێتە هۆی ناڕێکی وێنە، دەشێ عەیبی خاوەن وێنەکە خۆی لە ئاوێنەدا دەر کەوتبێ و ئاوێنە چ سوچێکی نەبێ لە دزێو نواندنی وێنە.

من تا ئێستا لایەنی «سلبی» و نەیاری ئەو نووسینانەم کردوە بە سەرچاوەی سوود و کەڵک بۆ میللەتی کورد، کە لە ڕاستیشدا هەرچەند ڕواڵەتی «سلب» و نەیاریش بن سوودی بێ خەوشن. کە بێین و لایەنی «موجب» و باری نووسینەکان بۆ کورد بخەینە بەر چاو، ئیتر پێی ناوێ من و یەکێکی تر واتای چاکەی لێ بدۆزێتەوە وەیا تەئویلی ئینسافکارانەی بۆ لێبداتەوە. زوربەی نووسینی ئەوروپییەکان لەگەڵ ڕاستی جووت دەڕۆن و شان بە شانی بەرژەوەندی کورد جموجۆڵیانە، لەوەشدا چ نیازێکی تایبەتی «زاتی»یان مەبەس نەبووە ئەو مەبەسە نەبێ کە لە ڕاستیی لانەدەن ئەو ڕاستییەش لە خۆوە و بێ لایەنگیریی لەگەڵ سوودی کورددا ڕێک هاتبێت. کە بۆیان ڕوون بووبێتەوە زمانی کوردی کەرت و لەهجەی زمانێکی تر نییە و لەسەر ڕەگ و بنجی خۆی ڕواوە و بەولای سەربەخۆیی و ڕەسەنیشیەوە پڕە لە جوانی و ڕێکی و دەوڵەمەندی چ توهمەیێکی لایەنگیریی و مەبەسی شەخسیی مومکین نییە لەو ڕێکەوتە سەر هەڵدا.

بێگومان بەرەنگار بوونی دۆزینەوە و سەپاندنی ڕەسەنی و سەربەخۆیی زمانی کوردی ئەرکێکی یەکجار قورس دەخاتە سەر شانی ئەو نووسەرانە و زانایانەی ئەورووپا. ئەگەر چاومان لێڵایی دانەهاتبێ لە دیتنی ئەم وێنەیەمان لەناو نووسینی بێگانەدا، دەبێ وەک مرۆڤی مەردی

ملکەچ بۆ حەق و ڕاستی، خێرا و ئازایانە ئەم ئەرکە لەسەر شانی ئەوان هەڵەنگێوین بۆ سەر شانی خۆمان یاخود هەر نەبێ ئێمەش شانی خۆمان بدەینە سەر بەشێکی ئەو ئەرکە.
حەیفە، ئەگەر نەڵێم عەیبە، بێگانە بە مێژوو و زمانمانەوە خەریک بێت و خۆمان لە خۆمان غافڵ بین.

گەلانیش وەک تاکە مرۆڤ هەر لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکارییدا نوستنی ناو کۆش و باوەشی خەڵقی لێ بە عەیب ناگیرێ و پارووی دەستی خێرەومەندانی پێ ڕەوایە، کە هەستی بە خۆی کرد و چەپ و ڕاستی خۆی زانی و گەیشتە پایەی رەخنە گرتن و لێزانی بوون و بە ڕاست گێران و بە درۆ خستنەوە، زۆر لێی ناشیرنە چاو چڕکاتەوە لە دەست و خامەی بێگانە ئاخۆ کەی و چەند و چۆن و چی دەڵێ دەربارەی مێژوو و زمان و ئەدەب و هەموو شتێکی.

جگە لە لایەنی عەیب و بێ عەیبیشەوە لایەنێکی بەرژەوەندی «مادی» هەیە لەوەدا کە کورد خۆی خەریکی خۆی بێت، چونکە بە ڕاستیی زانای بێگانە هەرگیز ناتوانێ وەک کورد لەو شتانەی کورد بگات کە پەیوەندییان بە زمان و ئەدەب و هونەر و بیر و باوەڕ و تێکڕای لایەنی نامادییەوە هەیە.

گوتەیێکی مەشوور هەیە دەڵێ پیاوەکی ئەورووپایی لە بەڵەدەکەی کوردی پرسیوە ئەم ئاواییە ناوی چییە؟ و بەڵەدەکەش گوتوەتی «نازانم» و لە خەڕیتان ناوی ڕۆییوە بە دێی «نازانم»! ئەم گوتەیە ئەگەر ڕاستیش نەبێ پەنجە بۆ ڕاستییێکی بێفێڵ درێژ دەکات. هەر وەک کوردێک لە واتای ئاشکرا و هێمایی گوتە و کردە و بردەی کوردی تێدەگا هەرگیز ئیمکان نییە زانایێکی بێگانە کە لە نووسین و خوێندنەوەڕا کوردی فێر بووە بەو شێوەیە و تا ئەو ڕادەیە تێی بگا. بە نموونە دەڵێم لە زۆر ناوچەی خاوەن کشتوکێڵی کوردستان کە گوترا فلانەکەس مڵکانەی زەویەکانی «دوو زەکات» وەردەگرێ مەبەس لەم «دوو زەکات» ـە پێنجێکە، کەمیش وایە خەڵقەکە وشەی پێنجیکیان لە بیر بێ یا بەسەر زمانیاندا بێت. دەوجا مرۆڤێکی بێگانە کەی دەچێتە ناو ناوەڕۆکی وشەی ئەوتۆیی کە بە ئەسڵ لەسەر بنەڕەتێکی ئاینیی و «زکاة»ی ئیسلامەتی هەڵچەقیوە لەو ڕووەوەکە زەکاتی دەغڵ و دان دەیێک بێ. ئەوەش بزانە لەو ناوچانە هەرگیز زاراوەی «دوو زەکات» بۆ شیناوردی وەک تووتن بەکار نایەت هەرچەند خاوەن زەویەکە پێنجیێکی ئەو تووتنەش وەرگرێ کە لێی بەرهەم دێت، چونکە زەکات لە تووتن وەرنەگیراوە تاکوو «دوو زەکات» ی بۆ بەکار بێت.

لێرەدا نموونەی بەسەهوو چوونی نووسەرێکت بۆ دێنمەوە کە لە ئەنجامی نەشارەزایی تووشی هاتووە بەڵام لە مەیدانی ئایین نەک زمان.

ڕەئیف خوری، نووسەرێکی بەناوبانگی مارکسیستی دیانی عەرەب، لە گێڕانەوەی سەرگوزەشتێکی مێژوویی کۆندا وا ڕادەنوێنێ کە «حسێنی کوری ئیمامی عەلی» ئافرەتێکی تەڵاق دراوی مارە کردەوە و لای خۆی هێشتیەوە بێ ئەوە سەر جێی بکا تا ئەو کاتە کۆنە مێردەکەی پەشێمان بۆتەوە لەو کارە نامەردانەی کە کردبووی ئیتر «حوسێن» ئافرەتەکەی تەڵاق داوە و ئافرەت چۆتەوە لای کۆنە مێردەکەی. ڕەئیف خوری کە ئاگاداری شەریعەتی ئیسلام نییە نازانێ ئافرەتی تەڵاق دراو بۆ مێردی پێشووی حەڵاڵ نابێتەوە ئەگەر مێردی دووەمی نەچوبێتە لای. زەوقی حیکایەت گێڕانەوە و نەزانینی یاسای ئیسلام وەهای لێ خۆش هێناوە کە دەوری «حوسێن» لە بەسەرهاتەکەدا تەنها دەوری جوانمەردیی و پارێزگاریی بێت، ئافرەتەکەش وەک بوخچەی نەکرایەوە و گوڵی نەژاکاو بۆ لای هەمسەری ڕاستەقینەی خۆی چووبێتەوە.

لەم بابەتە بەسەهوو چوونە بەهۆی کەم شارەزاییەوە گەلێک جاران گوتە و نووسین دێنە بەر گوێ و چاو. بێگومان بابەتی ئایینی بێ وەیا مێژوویی وەیا هەرچی دەبێ با ببێ هەموویان جێگەی تەلەزگە و لێ هەڵخلیسکانن بۆ مرۆڤی نابەڵەد. هەڵبەت من نامەوێ بڵێم پسپۆڕ و زانایێکی ئەورووپایی هێندەی ڕەئیف خوری نابەڵەد دەبێ، ئەوەی مەبەستی منە شتێکی ترە.

من دەڵێم بەڵەدێکی ئەورووپایی لە زمانی کوردی و مێژووی کورد و نەریت و ئاداب و ئایینی کورد هەرگیز ناگاتە پایەی بەڵەدێکی کورد لەو مەیدانانەدا. لەوەش بترازێ، بەڵەدی ئەورووپایی چی دەبێ با ببێ، تازە بەڵەدی کورد گەییوەتە ئەو تەمەنە ڕۆشنبیرییە کە بەرپرسی زمان و مێژوو و ئەدەبی میللەتەکەی بێ. پێی ناوێ بشڵێم خەریک بوونی کورد بە خۆیەوە چ ڕێیان لە خەڵقی بێگانە ناگرێ، بە پێچەوانە هاریکاریی هەر دوو لا فەرمانی زۆر سەختی ڕوون کردنەوەی مێژوو و زمانی کورد بۆ هەموان ئاسانتر دەکا.

نووسینەکانی زانایانی جیهان دەربارەی کورد کە بکەینە ئاوێنە و خۆمانی تێدا ببینین، دەتوانین تێبگەین بە تێپەڕینی کات ئاخۆ زیادمان کردوە یا کەم؟ گەورەتر بووین یا چووکتر لە بارێکدا وەستاوین نە زیاد دەکەین نە کەم! چونکە گومان نییە لەوەدا تاکوو لە زیاد کردن بین نووسینی بێگانان لە بارمانەوە ئەویش زیاد دەکا. میللەتی داوەستاو و بێ جمووجۆڵ و کەم پرشت تەنها لە ڕووی ئەوەوە لەسەری دەنووسرێ کە پاشماوەی یەکێکە لە گەلان و خڵتەیێکی مێژووە. میللەتێک لە ئێستاکەیدا هەڵمەت و بەرهەم و پێشکەوتنی نەبێ وەک ئەو کێلە بەردە سەیری دەکرێ کە بەسەر قەبری مردووەوە هەڵچەقیوە، ئیشارە بۆ ژیانێکی لەمەوپێش دەکا...

لە هەر ڕوێکەوە سەیری ئەم نووسینانە بکەیت و بە هەر تەرازوێک هەڵیانسەنگێنی، لە چاکەی کورد بەولاوە تێیاندا نابینیت. وەی کاشکی سەرلەبەری نووسینی ئەورووپاییەکان کە لە ناوەڕۆکی ئەم سێ وتارەدا ناویان هاتووە وەردەگێردرانە سەر کوردی و کتێبخانەی کوردناسیمانی پێ دەوڵەمەندتر دەبوو.

لە نووسینی وتارەکاندا هەستی تەوژمی خوێنی نووسەرەکانمان دەکەیت لەوەی دەینووسن. هەڵمەتیان دژی ئەو هێرشانەی بۆ سەر کورد هاتووە چ هێرشی نەشارەزایانە بێ چ هێرشی ئانقەست، هەڵمەتی سەربازانە و مەجزوبانەیە بەڵام بێ ئەوەی شێوازی مەوزووعی خۆیان دۆڕاندبێ. بە نموونە سەیری لاپەڕە حەڤدە و هەژدە بکە و سرنج لە لایەنی گیانی کوردپەروەرانەی خاوەن نووسین بگرە. من لەگەڵ ئەم باسەی لەسەرخۆ کردنەوە و ناحەز بە درۆخستنەوەدا وتووێژێکی دوور و درێژ و پان و بەرفرەوانم هەیە، لە بەرەو دوای ئەم پێشەکیەدا کورتەیێکی لێ دەنووسم.

بابەتی ئەم کتێبە وەک لێرە بە پێشەوە گوتم لە جەرگەی سوودی کوردایەتییەوە هەڵدەستێ لەو ڕووەوە کە خەریکی چشتی ئەوتۆیە پەیوەندیی «عضوی» بە کوردەوە هەیە، ئەم پەیوەندییە یار بێ وەیا نەیار بێ فەرقێکی چەندان ناکا، تەنانەت ئەوەی نەیارە ئەگەر ڕاستیش کا لە ڕەخنە و هێرشی بۆ سەر کورد هەر نەبێ وەک نەشتەر هۆشیارمان دەکاتەوە بۆ دیتنی کەم و کورتی و عەیب و عارێک کە مومکین نییە چ میللەتێک لێیان ڕەها بووبێ و خۆ لێ دوور خستنەوەشیان تا بڵێی پێویستە. میللەت بە تێکڕایی، سەرەڕای عەیبی تاکەکانی، دووچاری چەندین عەیبی کۆمەڵایەتی دێت کە هی وایان تێدایە عەیبی کوشندەن و لە مێژوودا وا بووە فەلاکەتی بێ سامانی بەسەر هێناوە.

زوربەی خەڵق، بە تایبەتی گەنجان، حەز بەوە دەکەن باس کردنی گەل شریتەیێکی پێدا هەڵگوتن و هەڵدانەوە و ئارایشت دان بێت تەنانەت، بە زۆری، نووسەران و بوێژان و هونەرمەندانیش لە هاڤرکێ «مسابقە» ی یەکتر بەجێهێشتنەوەن لە مەیدانی گوتنەوەی سروشت و ڕەوشتە پاکەکانی گەل وەک ئەوەی گەل کۆمەڵێک فرشتە و پەری بێت. ئارەزۆی وەها سادە و پیوریتانی هەرچەند لە تەنکاوێکی ڕوون و بێگەردی چاکەخوازی و گەلدۆستییەوە دێت بەڵام لە هەمان کاتدا رەتەڵ بردنێکی دەبەنگانەیە بەسەر هەرچی دەرد و دەرمانی کۆمەڵە.

چاو کە عەیب و نەخۆشی و ناتەواوی گەلی نەدیت دیارە بە دوا دەرمان کردن و چارەسەر کردنیدا ناگەڕێت. کە بە دواشدا بگەڕێ بێگومان خەیاڵێکی چەوت بۆ دەرمانێکی هەڵەی دەبا. وا هەیە نووسەر دانی بە عەیبی گەل داناوە بەڵام دەرلەحزە کەڵکی دانپێدانانەکەی پریوە چونکە

هۆی عەیبەکەی داوەتە پاڵ مەلا و شێخ و دەرەبەگ و بازرگان... هەر دەڵێی ئەم کۆمەڵە خەڵقەی کە وا بە لای ئەوەوە هۆی عەیبی گەلن لە لاوە، وەک تاعون، هاتوون بۆ ناو گەل. دیوومە یەکێک نووسیوەتی تاقمێک فێڵباز گەل گێل و نەزان دەکەن، لەمەوە وا دەردەکەوێ بەلای ئەوەوە لە بنەڕەتا گەل هەمووی ئەرەستۆ و لوقمان بوو بەڵام فێڵبازێکی وەک ئیمامی شافیعی و عەبدولقادری گەیلانی هات و گێلی کرد...

خاڵێکی تری بەسەهوو چوون کە ئەویش هێندەی «هەڵدانەوەی بێ بنج» مەترسی لێ دەکرێ، تاوانبار کردن و ناشیرن کردنی ئەو لایەنەیە کە بە ناحەز دادەنرێت. تاوانبار کردنی لایەنی ناحەز بووە بە فەرمانێکی ئایینی و لەوە دەرچووە دەمەتەقەی لەسەر بکرێ وەیا ڕەخنەی لێ بگیرێ. لایە نی ناحەز کە منداڵێکی لە خنکان ڕزگار کرد وەیا برسییێکی تێر کرد وەیا چاوی کوێرێکی ڕووناک کردەوە، بۆ نیازی بەد و گڵاوی خۆی ئەم کارانە دەکات. لایەنی دۆستیش کە بە قەمچی ئاگر لە پشتی خەڵق هەڵستێنێ بۆ سوودی ئەو خەڵقە قەمچیکاریی دەکات. ئەم تێبینییانە دەمگەیەنێ بە شی کردنەوەی ئەو ئیشارەیە کە نەختێک لەمەوبەر بەسەریدا تێپەڕیم و بەڵێنم دا کورتەیێکی لێ بنووسم.

لەخۆ ڕازیی بوون، بەخۆدا هەڵگوتن، لە عەیبی خۆ بێ دەنگ بوون، ڕەوا دیتنی چاکە بۆ خۆ و هەموو خوو و ڕەفتارێکی ئەوتۆیی لە لایێکەوە، لە لایێکی تریشەوە گومان لە خەڵق کردن، دیتنی عەیبی ئاشکرا و نهێنییان، نەسەلماندنی مافیان، دانەهێنان وەیا ئینکار کردنی چاکەیان، ڕق هەڵگرتن لێیان... خولاسە سەیر کردنیان بە پێچەوانەی سەیری خۆ کردن، ئا ئەم دوو خوە لە مرۆڤدا دیمەنێکی بەرچاوە بۆ چاوێکی عەینەکی ڕەنگ لێ دراوی بەسەرەوە بێ.

چ سەرپێچیی لەوەدا ناکرێ کە ئەم خوە دوو لایییەی لە خۆ ڕازی بوون و لە خەڵق هەڵسەنگرانەوە، لە بنەڕەتا داهاتی سروشتی مرۆڤن، بەر لە مرۆڤ هەرچی گیانلەبەریش هەیە بە ڕوەک و ئاژەڵیەوە «خۆویستن و پەلەی ژیان»ی تێدا بەدی دەکرێ. سەیری منداڵی یەک دوو ساڵی بکە دەبینی تا بۆی بکرێ شتێک بە دەستی منداڵی ترەوە ناهێڵێ، تەنانەت ڕازیی نابێ برا و خوشکی لە خۆ گچکەتری مەمکی دایکی بمژێ.

بەڵێ، «خۆویستنی و خۆسەپاندن» (انانية و تأكيد الذات) لە مرۆڤدا هەیە وەک گۆشت و خوێن و دەمار و مێشک، لەوانەیە بوێرم بڵێم هەر ئەم لایەنەی خۆپەرستیی لە مرۆڤدا بە پێچەوانە دەر دەکەوێتەوە و دەبێتە بێگانە نەویستیی. من ئەمە بە ڕاست دەزانم و لەگەڵ ئەمەشدا کە حەزی لێ ناکەم لێی وەتەنگ نایەم چونکە بەشێکی پێکهێنەری مرۆڤی ئاساییە. وا دەزانم تا ئێرە چی وام نەگوتبێ خوێنەرم لێ ناڕازی بکا و بە دەنگی بێنێ چونکە لەو بابەتە قسەیەی بیستووە و گوێی پێ ڕاهاتووە. بەڵام شتێکی ترم ماوە دەیخەمە سەر قسەکانم ڕەنگە ئاشنا نەبێ لەبەر گوێ و چاوان.

من دەڵێم سەرەڕای ئەوە کە وا مرۆڤ وەک هەموو گیانلەبەرێک بەهۆی «پەلەی ژیان» ـەوە سوود و چاکە و خۆشیی بۆ خۆی دەوێ و لەگەڵ غەیری خۆی دەجەنگێ، جارێکی تر سەرلەنوێ باری کۆمەڵایەتیی، کە تایبەتی مرۆڤە، وای لێ کردووە زیاتر لە گیانلەبەرانی تر هۆی بێگانە نەویستنی بۆ پەیدا ببێ، واتە هەر وەک لە سروشتدا پەلەی ژیان شەڕ بە مرۆڤ و گیانلەبەران دەکا بۆ وەدەست هێنانی هۆی ژیان و مانەوە، کۆمەڵایەتی شەڕێکی تایبەتی بە مرۆڤ دەکا لەگەڵ مرۆڤی هاوجینسی خۆی کە ئەم شەڕە لە نێوان جانەوەرانی تردا نییە و نابێ. ئەم گوتەیە بەبەریەوە هەیە لە کتێبێکی سەربەخۆدا شی بکرێتەوە، من لێرەدا هەر ئەوەندەی لەسەر دەڕۆم کە یەکێک لە موناسەبەکانی بابەتێکی ناوەڕۆکی هێنایە بەر سۆزی خامە.

کۆمەڵایەتیی و گۆڕان و پیشکەوتن و وەستان و دواکەوتنی بە هەموو ناوەڕۆکە لە ئەژمار بەدەر و لە یەکتر نەچووەکانیەوە ئادەمیزادی لە بارێکدا داناوە لێی دەوەشێتەوە «بارام» لە هەڵەبجە هەڵوەستێک بوەستێ بە لای خۆی و دراوسێکانیەوە زۆر شیرن بەڵکوو پیرۆز بێ، کەچی

بەلای «کریشن»ێکی هیند و «جۆرج» ێکی ئەورووپا و «تاناکا»یێکی ژاپۆنەوە سزای ئیعدام کردنی پێ ڕەوا بێ.

ئەمەی لەم سێ چوار دێڕەدا گوتم شتێک نییە دەمەتەقە هەڵگرێ مەگەر ئەو دەمەتەقەیەی کە بۆ شەڕە دندوکێ و نەسەلماندن بێ. ئا لەم کاتەدا ئەگەر خێزانی کابرایێکی دێی هێرۆ لە پشدەردا جلکی وەک کیژێکی کۆلیجی ئۆکسفۆردی لەبەر کرد، بێگومان دەرحاڵ سەری دەپرێ، پیاوێکی فەرەنسەییش ئەگەر لێی ئاشکرا بوو سێ ژنی مارە کردوە دادگەی فەرەنسە بێ سێ و دوو دەیخاتە بەندیخانەوە. پێی ناوێ من نموونان بێنمەوە، کۆمەڵایەتی سەرلەبەری زنجیرەیێکە لەو جۆرە نموونانە.

لەم لێکدانەوەمە، کە ئەگەر مەودا هەبا دەبوا تەواوێک لە شی کردنەوەی خەریک بم، دەگەمە ئەم ئەنجامە. مرۆڤ کە خاوەنی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵایەتیش بە هەموو بارێکیەوە لە جێگەیێکەوە بۆ جێگەیێک و لە پلەیێکەوە بۆ پلەیێک و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک و لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێک دەگۆڕێ تا ڕادەی دژایەتیی و پێچەوانەیی، ئا ئەم مرۆڤە زیاد لە هەموو گیانلەبەران هێندە لەیەکتر جودا و بێگانە و دژ و ناحەز و دوشمن دەبێ و هۆی دژایەتیی و لەیەکتر بێگانە بوونی هێندە زۆر دەبێ لزوم بە پەلەی ژیان و خۆویستیی نەهێڵێ، نەخێر بەر لەوە پەلەی ژیان دەخلێکی هەبێ، لەیەکتر نەچوون و لەگەڵ یەکتر دژ بوون بە گژ یەکتریاندا دێنێ. مرۆڤ کە نەختێک لە مرۆڤەکەی تر دوور کەوتەوە باری کۆمەڵایەتیی هەردوویان ئەوەندەیان لەیەکتر دەترازێنێ بۆ یەکتریان دەکا بە گیانلەبەری نامەفهوومی نامەعقوول، جیاوازی زمان، دین، نەریت و عادەت، جلوبەرگ، خواردەمەنی، جۆری نووستن و خانوو و ژنهێنان و منداڵ بەخێو کردن بگرە جووت لێخورین و ڕەز برین و هەزاران جیاوازی تر وا دەکا لە کابرایێکی ئەفغانی کە ڕازی نەبێ لە هەرچی کابرایێکی هۆڵەندەیی دەیکا.

بە ڕاستیی بێگانە بە لای مرۆڤەوە نامەفهوومە کردەوە و ڕەوشتیشی نا جایەزە. کوردێکی شارەزوور لە لایەن فەللاحێکی چینی دەوروبەری پەکینەوە بانگهێشتن بکرێ لەوانەیە خواردنەکەی بۆ نەخورێ یا ئەگەر خواردی بیهێنێتەوە، گوێی خۆی بە پەمۆ بئاخنێ نەوەک ئەو ئاوازە ناخۆشانە ببیسێ کە گۆرانیبێژێکی پێشکەوتوی چینی لە شەرەفی ئەو دەیان چڕێ. بێگومان هەموو مەرحەبا و بەخێرهێنانەکانیشی بەلاوە کاری سەرسوڕهێنن. ڕەنگە لە ڕەفتاری فەللاحەکە بەرامبەر ماڵ و منالی خۆی هەر بە جارێ ناڕاحەت بێ. با میسالێکی ترت بۆ بێنمەوە.

سەد ساڵ لەمەوبەر فەللاحێکی کورد نانی لە ماڵی ئاغا وەیا کوێخای گوند دەخوارد، بانگهێشتنیشی دەکردن لە موناسەبەی ژنهێناندا بۆ ماڵەکەی خۆی. چ مانیعێکی نەبوو کچی خۆی بدا بە کوری ئاغا و کوێخا، مەمنونیش دەبوو ئاغا کچی خۆی بە کورەکەی دابا. بەڵام هەمان فەللاحی کورد دەسکوژی فەللاحێکی ڕوسی نەدەخوارد، بگرە گۆشتی لە فەللاحێکی دیان نەدەکڕی نەک هەر لەبەر دەسکوژ نەخواردن بەڵکوو لەبەر ترسی ئەوە کە ڕەنگە هی بەراز بێت. کە دەسکوژ و گۆشتی فەللاحێکی ڕوسی نەدەخوارد بشیان کوشتبا کچی خۆی نەدەدا بە کورەکەی کچیشی لێ نەدەخواست بۆ کوری خۆی.

دیتت نێزیکی و هاوئاینیی چەوسێنەرەوەی دەکرد بە ئاشنای چەوسایەوە کەچی لەیەکتر دووریی و جوداوازیی ئایین دیوارێکی هێند بڵند و مەحکەمی لە میانی دوو چەوسایەوە هەڵدەنا کە وا نە پرمێ و نە کەسی لێ سەرکەوێ. ئەمانە ڕاستی و بەدیهین با من وەیا تۆ وەیا چینپەروەرێک و نیشتمانپەروەرێک حەزیشی لێ نەکا.

جاران کە دەگوترا «دین دوشمن» هەرچی پەیوەندیی و لەیەکتر نزیک بوونەوە و دۆستایەتیی هەیە لە خۆوە دەپچڕاو دەبوە دوشمنایەتی... سەر و ماڵ و ناموسی «دین دوشمن» بێ دوودڵی و لێکدانەوە حەڵاڵ بوو، چەندین کەس ناوی جەوانمەردییان دەردەکرد لە ڕێی کوشتنی «دین دوشمنان»ەوە. سەد ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ بە پیاو کوشتن و دزی کردن و

جەردەیی حەیای نەدەچوو، بەڵام دوو فڕی عەرەق خواردبایەوە لە جێگەیێکی وەک چوارتادا ناوی دەزرا تا ئەو ڕادەیە کە بێ ئاپرو دەبوو.

بێگومان جوداوازیەکانی کۆمەڵایەتی خەڵقی ئەوەندە لەیەکتر جودا دەکردەوە کە سنووری نەبێ. تۆ لەوە بە سەهوو مەچۆ کەوا ئیمڕۆ لەسەر دەمی فڕۆک و گەڕۆک و ڕادیۆ و میللەتانی یەکگرتوو و دەیان و سەدان هۆی لەیەکتر نزیک بوونەوە و یەکتر ناسین ئەو نامەفهوومیە و ناجایەزیە بەرەو کەم بوون چووە، بیری خۆت بۆ ئەو سەردەمە بگێڕەوە کە پەیرەوی مەزهەبێکی ئایینی وای دەزانی پەیرەوی مەزهەبێکی تر کلکی ڕاستەقینەی هەیە. کە سرنج بگری لە ڕۆژگاری ئێستاکەشماندا نموونەی بێ ئەژمار دەبینی و دەبیەی لەو تەرزە دژایەتیەی کە لە سەرچاوەیێکی جیاوازی کۆمەڵایەتیی هەڵدەقوڵێ نەک لە جیاوازی بەرژەوەندی مادییەوە.

لە شوێنێکی وەک «قبرس»دا جیاوازی زمان و ئایین دانیشتوانی وڵاتەکەی گردەپڕ کردوە بە دوو کەرتی جودای لەگەڵ یەکتر دوشمن. نە بەرژەوەندی گشتیی نە هی چینایەتیی نە هی مرۆڤایەتیی نە هەرچی هۆی دۆستایەتیی میانی ئادەمیزاد هەیە توانیوەتی ئەم دو جوداوازیەی زمان و ئایین کە هیچ کامێکیان ماددی نین بوەستێنێ. سەرلەبەری تورکە موسڵمانەکانی قبرس لە شەڕدان لەگەڵ سەرلەبەری یۆنانیە دیانەکانی قبرس بە وەرزێر و عەمەلە و قوتابیی و کاسبکار و ڕۆشنبیر و چاک و خراپی هەر دوو لایانەوە.

ئەو بانگەوازەی کە وا دلێرانە دەنگ هەڵدێنێ و دەڵێ سەرلەبەری ئادەمیزاد وەک یەکن، هەرچەند بانگەوازێکی تا بڵێی خۆش و پەسەند و بەشەرەفە بەڵام داخەکەم لە هەموو هەنگاوێک و هەموو لەحزەیێکدا لە عاست حەقیقەتدا کورت دێنێ و لە تەجرەبەی ڕۆژانەدا چەندین جار هەموو ڕۆژێک بە درۆ دەخرێتەوە و دووچاری دڵشکەستەیی دەبێت.

من لەو باوەڕەدام خۆ گێل کردن بەرامبەر واقیع هەرچەند لە ڕواڵەتدا دڵسۆزانەش بێ ئەنجامێکی خراپی هەیە دژی سوودی تێکڕای ئادەمیزاد. ئێمە دەبێ دان بە ڕاستیی و واقیعدا بێنین و دەردەکانمان چارەسەر بکەین لەبەر تیشکی ئەو ڕاستییە. نەک سافیلکانە خۆمان باوێینە سەر باوەڕی خۆشکەڵەی لە سەر زار و زمانان شیرن. من کە لە کولانەی ئەو ڕاستییانەوە سەیری هەڵوەستی ئەو نووسەرانەی ئەورووپا دەکەم کە هەڵوەستەکەیان بە دڵی ئێمە نییە لێم ڕوون و ئاشکرا دەبێ کە هۆی لەیەکتر ڕازی نەبوونمان ئەم نامەفهومیەی بێگانەیە نەک دژایەتیی و دوشمنایەتیی ئانقەست. بۆ گۆڕینی هەڵوەستیشیان بەرامبەرمان دەبێ وا بکەین تێمان بگەن و بەلایانەوە مەفهووم بین. بێگومان داوا دەکرێ لە مرۆڤی زانا کە وا لە خۆوە لە خەڵق بگا بەڵام وا دیارە ئەم تێگەیشتنە هێندە ئاسان نییە وەک بۆ هەوەڵ نیگا دەردەکەوێ.

پێویستە ئێمەش لەوان بگەین و لێیان شارەزا بین. دەبێ عوزریان لێ بسەلمێنین کە عوزریان هەبێ. ئێمە و ئەوان و هەموو جیهان دەبێ بێینە سەر هەست بە عەیبی خۆ کردن و چاکەی بێگانە دیتن. کە ئەمە نەکەین و ئەو گوتە پەرەسەندویە بڵێینەوە کە وا ڕادەنوێنێ هۆی دژایەتیی و ناحەزیی و تێکنەگەیشتن لە میانی گەلاندا سوچی دەرەبەگ و خوێنمژ و کۆنەپەرستانە بە مەدا خۆمان بە رایەک خەریک دەکەین لە تەنکاوێکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆوە هەڵدەقوڵێ ڕەوایە پێی بگوترێ نەخوێندەواریی.

پێش ماوەیێک موحەمەد عەلی کلای لە بێروت لەمیانی قسەکانی کە بۆ ڕۆژنامەنووسێکی دەکرد گوتی هەرگیز لەگەڵ ئافرەتی سپی جووت نابم، نە تێم دەگا و نە تێی دەگەم. من ڕەش و ئەو سپی ڕێک ناکەوین.

من دژی بەردەوام بوونی ئەو حاڵەم کە پیاوێکی ڕەش گوماناوی دەکا لە ئافرەتی سپی، بەڵام دەزانم کلای لەو قسانەیدا دەروونی خۆی ڕوون دەکاتەوە و بەرتیلی لە کۆنەپەرستان وەرنەگرتووە بۆ ئەم گوتانە. کە بمانەوێ دڵی کلای پاک کەینەوە بەرامبەر ئافرەتی سپی نابێ

مستێکی لە بەردەمی بدەین و بڵێین ناماقوڵیت کرد، هۆ خزمەتکاری کۆنەپەرست و چەوسێنەران.

کە بێین و بەراوردی چارەسەر کردنی ئەو جوداوازیانە بکەین کە گەلان لەیەکتر دوور دەخاتەوە دەبینین نووسین لە هەموو شتێک پتر دەتوانێ خەڵق بەیەکتر بناسێنێ و لە یەکتریان حاڵی بکا. گەلان ناتوانن گەشتی دوور و بەردەوام بکەن بۆ تێگەیشتن و لێ ڕاهاتنی یەکتر بەڵام دەتوانن بە خوێندنەوە لەیەکتر بگەن. زۆر حەیف و مەخابنە ئەم تاکە هۆیەی یەکترناسینی نێو گەلان بە پێچەوانەی مەبەس بەکار بێت و ئەسبابی دژایەتییان پتر بکا. ئادەمیزاد لە ڕێی چار کردنی هۆیەکانی تێکنەگەیشتنیەوە بەرەو برایەتی دەڕوا نەک ئینکار کردنیان.

پەراوێزەکان

1- پەراوێزی مەلای ئیبنو ئادەم بە سەر نامیلکەی شەرحی «عویصە ابن مالک» کە دوا ئاڵقەی زنجیرە باسێکی ناو کتێبەکەی ئیبنو ئادەم خۆیەتی بە ناوی (جواهر المنقول)

-2

واقیعا دەرسەکانی بۆ خوایە
چ دەبوو گەر بە کوردی نەبوایە

گوتم ئێستەش لەسەر کەریی ماوی
چا بۆ مستم نەدا لە نێو چاوی

مەسعوود محەمەد
وەشانی یەکەم: گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کورد» ساڵی 1974
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

«...»

تێبینی سایتی مامۆستا .نێت: ئەم گوتارەی «پێشەکی» مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبێکی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی 1974 دا بڵاوکراوەتەوە، پێش گوتەیەکە بۆ سێ گوتاری نێو کتێبی «بەرکوتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەورووپا».

---

پێشینان بێ ئەوە خۆ باوێنە ژێر باری زێدە خەستی گەیشتن بە دۆزینەوەی هۆیە نهێنییەکانی هەڵکەوت و ڕووداو، بایی ئەوەی ڕواڵەتی بەسەر هات لێی بوەشێتەوە پەندی کۆمەڵایەتییان لێ وەرگرتووە و بە یاساکانی ئەو پەندانەش ڕازی بوون، یەکێک لەو پەندانەی پڕیاری ڕواڵەتی بەسەرهات سەپاندوەتی گوتەی یەکجار پەرە سەندوی بێ دەمەتەقەی بەخت و تالعە. من وەک پێشینان لەم گۆتارەمدا پەیرەوی ڕواڵەت دەکەم و دەڵێم بەخت و تالع بۆی هەیە، ئەگەر بۆی نەبا چۆن ڕەوای هەقە پێنج خشتەکییە یەکجار نرخدارە پیرۆزە ئاگرینەکری «مەلا حەسەنی قازی هەڵەبجە» کە سەردەمێک لە پایەی مارسیلیزی کوردی بوو بەم شکڵە بنبوو بکرێ و پشتگوێ بخرێ وەک هەر ڕۆژەک لە ڕۆژان لەبەر گوێی گەلی کوردا نەزرینگابێتەوە:

ئەی گەلی کوردی ستەم دیدەیی مظلومی سیەهچار
وەی میللەتی معصومەیی بەدبەختی گرفتار
تاکەی لە خەوان ئێوەو و دوژمن هەموو بێدار
تاچەن هەر ئەبێ مەست بن و خەڵقی هەموو وشیار
خۆتان دەکەنە مضحکەیی مەحرەم و ئەغیار

عالەم هەموو مەشغولی تەلاش و وەس و پردە
هەر میللەتە بۆ خۆیە خەریکی زەد و خوردە
هەر کەس لە بۆ خۆی حاکمی خۆیە وەکو مەردە
مەحرومی هەموو حق و حقوق میللەتی کوردە
ماتەم زەدەوو سووک و پەریشان و گرفتار

لەم نەفسی گەرم و هۆندنەوەی شاعیرانە و هەست و سۆزی کوردایەتیەوە چواردە پرگەی پێنج مصرەعی دەخوێنیتەوە کە هەموویان نموونەی ئەدەبی پێشکەوتووی ئەوسا و ئێستا و هەموو ڕۆژگارێکن. لە هەندێ شوێنیش هێندە بەرز بۆتەوە و سەرەوژوور تێ هەڵکشاوە، تاک تاکە نەبێ، دەستی هونەرکار و ئەدیبی ناگاتێ. هەر لە بیرمە لە قۆناغی سەرەتاییمدا، کە منداڵ بووم و تازە بە تازە گڕوگاڵی کوردایەتیم دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی ئەوسام، سەرگەرمی خوێندنەوە و گوتنەوەی نەشید و هەڵبەستی نیشتمانپەروەرانە بووم و گەلێک جار لە خوێندنەوەیاندا خۆم و هاوڕێکانم جۆش و خرۆشی ساف و بێ گەردی کوردایەتی پەیتاپەیتا موچرکە بە لەشە ساواکانماندا دەهێنا، تا لەو کاتە پڕ جەزبە و عیشقی کورد و کوردستاندا ئەم پێنج خشتەکییە لە نێوان ئاڵقەی جەزبەگرتوانی کوردپەروەردا وەک بۆمبای ئاتۆم تەقییەوە و چەند جار لە تین و تاوی جەزبەی کۆنی خەڵقەکەی زیاد کرد و نەشید و هەڵبەستەکانی لە خۆی بە پێشەوەی خستە نزمایی و تاریکاییەوە. بەڕاستی کورد لەو کاتەدا کە تازە برینی کارەساتی کوردستانی باکوور کەوتبوە دڵیەوە پێویستی بە هەڵبەستێکی بورکانی بوو هاوتای بورکانی ئەو نەگبەتییە و هێندەی ئەو کەفوکوڵ و هەست پەرۆش و ڕق و خەفەت و بەزەیی هەڵڕێژێ. لەو ماتەمە زلەی میللەتی کورد نووزانەوە و لاوانەوەی نەرمەگریان و سینەکوتانی کلاسیکی گوێچکەی شێوەنگێر، کە گەلی کوردە، نەی دەبیست. دەبوو دەنگێکی وەک فرتەنە و بلەرزە باوکەڕۆ و ڕۆڵەڕۆی کۆری شەهیدان هەڵگێڕێتەوە بە نرکە و نەعرەتەی کۆڵ نەدان بۆ بەر گوێچکەی ئادەمیزاد و مێژوو.

پێنج خشتەکییەکەی «مەلا حەسەن» لەو دەمەدا ئەو فەرتەنەیە بوو کروژنی شێوەن و لڵفەی غەزەب و چریکەی هان دانی کردە یەک سیمفونی قەومی پڕ لە هامۆنی مێژوویی:

بەس طالبی تالانیی یەک و کوشتنی یەک بن
بەس جاهیدی بێ دەستیی و دەست بەستنی یەک بن
بەس مائیلی فەوتانی یەک و مردنی یەک بن
مەشغولی برایی یەک و یەک خستنی یەک بن
تا کۆمەڵ و یەک دەستە و یەک بن وەکو ئەغیار

هەڵسن لەخەوێ خزمە دەم و چاوێ بشۆرن
چاوێکی هەڵێنن لە چەپ و ڕاستە بنۆرن
پرسێکی لە یەک کەن لە چ ئەحواڵ و چ شۆرن
ئەم عالەمە بۆچ عاجز و بێ کەیف و سرورن
بۆچی دەکەن ئەم کوردە فەقیرە هەموو هاوار

ئەم دەنگ و هەرا و ناڵە و شینە لە چ لایە
ئەم ئاهی جگەرسۆز و گرینە لە چ لایە
ئەم گشت جەزەع و کوشت و پرینە لە چ لایە
سەرچاوەیی ئەم چەشمەیی خوێنە لە چ لایە
چی بێ ئەبێ لەم شۆرش و غەوغایە لە ئەقطار
ئەم دەنگە هەموو ناڵەیی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم شۆرە صەدای شێوەنی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم نرکە هەموو سۆزشی کوردانە لە دەست غەیر

ئەم خوێنە گەشە خوێنی شەهیدانە لە دەست غەیر
ئەم نەعرە هەموو نەعرەیی کوردانە لەسەر دار

لەمانەدا شاعیر هەڵبەستەکەی بەبەر قەڵافەتی خوێناوی ئەنجن ئەنجن کراوی ئەوسای گەلی کورد پڕیوە کەیلی هەڵبەستیشی ئوستادانە چین چین هەڵناوە و پێ بە پێ بەرەو پۆپی پەیکەری درامای بردوە تاکوو لەگەڵ تەرمی شەهیدانی کورد بەسەر دارەوە هاوشانی کردوە.

ئەگەر پەندی کۆنینەی بێ تالع و بەختی لەم ئاگرستانە بەڕاست نەگەڕابێ بۆ دەبێ ناوێکی نەبڕێ و دەنگێکی نەبیسترێ و چ زمانێک نەیڵێتەوە و چ چاوێک نەی خوێنێتەوە. بەشەرمەوە دەڵێم ناوناوە نووسەرێکمان زەنگێکی موژدە و خۆشیمان بۆ لێ دەدا و بەڵێنی بڵاو کردنەوەی گەنجینەیێکی ئەدەبی شارایەوەمان پێ دەدا، واش دەبێ نووسەرێکی تر گوتار بڵاو دەکاتەوە، وەک ئەم گۆتارەی من، شیعر و شاعیرێکی پێ هەڵدەداتەوە کەچی ئەوەی دێتە ناو کەشکۆڵی تەوقوعمانەوە شتێک دەردەچێ ئەگەر لەبەر ناچاری دەورێشانەمان نەبێ ئەوە نییە چ کەشکۆڵێک بەخۆیەوە بگرێ.

پێی ناوێ من بڵێم هەرچی کێش و قافیەی هەبوو مەرج نییە شیعر بێ، هەموو شیعرێکیش هی هەڵدانەوە نییە، تەنانەت کۆبوونەوەی دانا و کێش و قافیەشی نابێتە شیعر ئەگەر مۆسیقاکەی خۆشی نەبێ وەیا هێزی بزافتنەوەی گیانی گوێگری نەبێ وەیا داڕشتنەکەی هونەرکارانە نەبێ:

تا دوشمن بژی لە نێو وڵاتان
هەر ژێر دەست دەبین نابێ نەجاتان

نە شیعرە و نە هیچ. ئاخۆ چ فەرقێکی دەکرد ئەگەر بگوترابا:

تا دوشمن بژی لە نێو وڵاتمان
هەر دوشمن دەژی لەنێو وڵاتمان

یاخود یەکێک بێ و بڵێ دوێنێ شەو تا بەیانی ڕۆژ هەڵ نەهات وەیا من بڵێم بە درێژایی نووستنم خەوم لێ کەوتبوو. ژێردەستبوون و نەجات نەبوون بەیەکەوەیان هەندێکن و کەرتێکن لە ئەنجامە پان و قووڵەکەی ژیانی دوشمن لە وڵاتدا.

پێی ناوێ من یەخەی ئەم بەیتە بەستەزمانە بگرم و بەری نەدەم چونکە گەلێک جاران هەڵبەست و پەخشانی هاوتای ئەم پێیدا هەڵ دەگوترێ و نوقڵی شاباشی بەسەردا هەڵ دەدرێ. مەبەسیشم لێرەدا ئەوە نییە دەست لەسەر بەرهەمی ئەم و ئەو دانێم و بیکەمە بەڵگەی گوتەکانم هەر چەند هەندێک لەو بەرهەمانەی مەدح دەکرێن وەک «نان و بەفرەکە» ی «مەلای مەشوور» وایە کە خەڵق پەسەندیان نەکردوە ئەویش گوتی «ئەوەی ڕاستی بێ بۆ خۆشم ڕام لێی نییە»، چونکە گومانم نییە لەوەدا بەرهەمی بێکەڵک کەسیش لە دژی نەوەستێ لە خۆوە دەمرێ کەواتە  پێویست نییە نووسینی من یا یەکێکی تر خێرایی بکا لە مردنی.

لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا مرۆڤ پەرۆشیەتی بەرهەمی کز و لاواز لە مافی خۆی زیاتری پێ بدرێت، لەوە هەر گەڕێ بەر لەو مافە زیادە، لەسەرەتاوە، خەڵقێکی زۆری بە خۆیەوە خەریک کردوە و ڕووپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامانی داگیر کردوە و کرێکار و فەنییەکانی چاپخانەی عەوقاندوە و لە ئەنجامدا پەنجەیێکیش دەخاتە گیرفانی خوێنەرەوە و باجی خۆی لێ دەستێنێ.

وەک گوتم سەر لەبەری پێنج خشتەکیەیە 14 پڕگەیە، واتە جگە لەو شەشەی بە نموونە هاتنە ناو ئەم نووسینەوە هەشتی تری ماوە ئەوانیش لەم ڕێکار و هێز و تەوژمەدان. بەڵام نەمویست ڕووپێوی زۆری پێ گرمەوە لە ڕووپەڕەکانی «بەیان» بۆیە نەم هێنانە ناو نووسینەکەم، لێرەشدا کۆتایی بە گوتار دێنم بە 3 مصرعی یەکێک لە پڕگەکان و دەیانکەم بە سکاڵای تایبەتی خۆم و گوڵاوپژانی ڕووی خوێنەران:

واچاکە هەموو متحد و یەک دڵ و چابین
بۆ یەک نەکو وەک دەستەبرا عەینی برابین
مەردانە لەبۆ مقصدی یەک پشت و پەنابین

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری «بەیان» ژمارە21، کانوونی دووەمی 1975
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net  ساڵی 2010

---

فۆنەتیک چیمان بۆ بکا؟

هەرچەند بابەتی «فۆنەتیک» م نەکردوە بە مەیدانی چالاکی خۆم، بەڵام بە بۆنەی ئەوەوە کە فۆنەتیک یەکێکە لە باسەکانی سەربە ئاخاوتنەوە، بایی ئەوەندەم ماف پێیەوە هەیە لە گۆشەی نیگای زمانی کوردییەوە سەیرێکی بکەم وەیا دەستێکی ڕەخنە هەڵبێرم لەو بیروڕایانەی کە لەگەڵ ڕاستە حسابی زمانی کوردی و سروشتی دەنگەکان و بزوێنەکان و بڕگەکانی ناگونجێن، ڕێی ئەوەشم لێ کوێرنابێتەوە داوا بکەم لە فۆنەتیکزانەکانی کورد کەوا خۆیان ڕزگار کەن لە تەسلیم بوون بۆ بیروڕای زاناکانی بێگانە کە «تصور» یان بەرانبەر دەستوور و ڕێبازەکانی فۆنەتیک و جۆری دەنگ دەربڕینی بڕگەو وشەو ڕستە... لە زمانی ئەوتۆوە پەیدابووە کە سروشت و تایبەتیەکانی لە هی زمانی کوردی دوورن، وەیا هەر نەبێ هەموو جاران لە گەڵیدا ڕێک نایەن. ناوناوە دەبیەین و دەخوێنینەوە، یەکێک لەوانەی باسی فۆنەتیک دەکەن وەهامان لەگەڵدا دەدوێ وەک ئەوەی بڕیار و بیروڕای زاناکانی فۆنەتیکی ئەورووپا بووبێتە زانستی «تطبيقی - مختبری» و قسەکانیان لەم مەیدانەدا ڕەخنە و دەمەتەقە هەڵنەگرێت.

ئەم گوتەیە هەرچەند پتر بێنێ خۆ هەڵدانەوەی خاوەنەکەی لێوە دێ لەو ڕووەوە کە وا ڕادەگەیەنێت خۆی بووبێتە میراتگری فۆنەتیک و زانستی زاناکانی فۆنەتیک و چ مافی من و تۆی بەسەرەوە نەمابێت، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ مەبەستی کورت کردنەوەی دەمەتەقە گوتەکە بەڕاست دەگێرین و هیچ ڕەخنەیێکی لێ ناگرن، ئەوەش لەبیر خۆمان دەبەینەوە کە زاناکانی فۆنەتیک تائێستاش لەسەر شتێکی یەکجارەکی ڕێک نەکەوتوون، ئالەم حاڵەشدا ڕێم هەیە بڵێم؛ ئەی فۆنەتیکزانی کوردی تۆ لە خوێندنەوەی کتێبەکانی فۆنەتیک هەر دەستوورە گشتیەکانی «زانست» ی فۆنەتیک فێربوویت، جارێ یەک هەنگاوت نەهاویشتوە بۆ ناو گیروگرفت و کێشە و بێنەوبەرەی سروشت و تایبەتیەکانی دەنگ و بڕگە و وشە و ڕستە و گوتە و گرتن و ڕەها کردن و دیاردان و ژێرلێوخستنی ئاخاوتنی کوردییەوە هەر وەک خوێندنی کتێبەکانی ڕێزمانی بێگانە لەوەندەت زاناتر ناکا کە پێت بڵێ فلانە شت Verb ـە و ئەویتریش Noun ـە کە بەمەدا یەک میلیمەتر ناتباتە ناو زمانی کوردییەوە و لەوانە دەبێت بە «ظرف» ی بڵێی «صفه« و بە «ضمير» ی کوردی بڵێی «حرف ربط»، هەروەها خوێندنی کتێبەکانی فۆنەتیک بە عەرەبی وەیا ئینگلیزی وەیا... ژاپۆنی لە خۆوە ناتکەن بە زانای فۆنەتیکی کوردی و دیسانەوە لەوانە دەبێت دوای ئەزبەر کردنی ئەو کتێبانە چی هەڵەوغەڵەت و پەڵەتە ئەوە بکەیت بە دەستووری فۆنەتیک لە کوردیدا با صەد جارانیش هەڕەشەمان لێ بکەیت بە قسەی وەک «زانایان وایان گوتووە». من بە گوێی خۆم بیستومە لە خاوەن شەهادەی دکتۆرا لە «زمان» گوتویەتی «سووتا، برژا. ڕما، پسا، ڕژا» ئەمانە هەموویان فعلی «مبنی للمجهول» ن شەهادەی بەستەزمان لەخۆوە نایێ هەڵەی خاوەنەکەی ڕاستکاتەوە وەیا لێی بێتە مامۆستا و سەرلەنوێ فەرقی نێوانی«مبنی للمعلوم و مبنی للمجهول» ی بۆ شەرح کات...

گریمان زانای «قواعد اللغة – ڕێزمان» بە باشیش لە دەستوورەکانی گەیشتبێ مەرج نییە ببێتە «زانای زمان» هەروەک زانای زانستی «عروض» مەرج نییە ببێتە شاعیر وەیا زانای «مقام» ببێتە گۆرانیبێژ. بەو پێیە دەتوانین بڵێین، ڕاستیش دەکەین کە دەڵێین، زانای زانستی فۆنەتیک مەرج نییە ببێتە شارەزا و پسپۆر لە سروشت و تایبەتییەکانی دەنگەکانی ئاخاوتنی مادەرزادی خۆی. فۆنەتیکزان، سەرەڕای زانینی فۆنەتیک و لەویش زیاتر پێویستی بە وردبینی و قوڵبوونەوە هەیە، لەگەڵ ئەم وردبینی و قوڵبوونەوەیەشدا دەبێ سەلیقەی ڕاست و زیهنی تیژ و هەست و نەستی کارا پاڵ پشتی لێ بکەن و چرای بۆ هەڵکەن تاکوو تاریکی ناو تەرکیبی ڕیس و تەونی ئاخاوتنی بۆ ڕوون کەنەوە.

ئەم مەرجانە هەر بۆ فۆنەتیک پێویست نین، لە ڕاستیدا هەموو زانستێک پێویستی پێیان هەیە. مرۆڤ کە نیگای لێڵ بوو هەرچی زانستی جیهان هەیە نایکا بە پسپۆر لە هیچ مەیدانێکدا. بە نموونە دەڵێم، کە تۆ سەلیقەی شیعرت نەبوو هەموو دیوانی کائینات لەبەرکەیت نابێ بە شاعیرێکی هەڵکەوتوی زیندوو وەیا کە زیهنی «رياضي» ت نەبوو هەرچی دەستووری «رياضيات» هەیە لە مێشکی خۆتدا کۆمەڵ بکەیت نابێ بە بلیمەت لەم زانستەدا. لێ هاتویی و بلیمەتی و ئامادەییش نە بە قسەی من و غەیری من پێک دێن و نە

دەشسرێنەوە، بەڵام هەند ئاشكران هیچ چاوێكیان لێ بە سەهو ناچێ. من دیتومە و تۆش دیتوتە نەخوێندەوارێكی دڵ هۆشیار مامەڵەی هەزاران دیناری كردوە بە كڕین و فرۆشتن و قەرز و سەلەم بێ ئەوەی یەک هەڵەی تێدا كردبێ، كەچی قوتابیێكی زەین كوێری ڕیازیات نەیزانیوە ئەو قەرزەی بۆ باوكی وەردەگرێتەوە لە كام خانەی دەفتەری دووكانەكەی تۆمار بكات و بیخاتە بەر كام یەكێک لە چوار «عملیە» ی حیسابەوە هەر لە بیرمە كاتێک لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دەستمان كرد بە خوێندنی «قەواعدی عەرەبی» قوتابی وەهامان تێدابوو دەیگوت «كتب» ئیسمی موراضیعە، هی وەهاشمان هەبوو هەڵەی مامۆستای ڕاست دەكردەوە لە خوێندنەوەدا. مەلاكانی كورد لە زۆربەی عەرەبەكان پتر شارەزای «قواعد اللغة العربیة» و صرف و نحوی عەرەبین و تێیاندا هەیە كتێبی داناوە لەسەر ئەو «قواعد» ـە بەڵام ڕەنگە یەكێكیان نەتوانێ هەنگاوێک باوێژێ بۆ ناو ڕێزمان وەیا فۆنەتیكی كوردی هەرچەند زیرەكیش بێ چونكە جارێ خۆی نەداوەتە وردبونەوە لە تایبەتیەكانی زمانی كوردی.

هیچ دوور مەبینە یەكێک لەوانەی خۆ بە زانای فۆنەتیک دادەنێن و لە بارەوەیە دەنووسن، ئەویش لەتەک سروشت و تایبەتیەكانی دەنگەكانی كوردی وەک ئەو مەلایە وابێ و بەقەدەر ئەو تێیدا كوێرەوار بێ بەڵام پشت ئەستوورە بەوە كە زانستی فۆنەتیک جارێ لە نێو كورداندا زۆر باوی نەستاندوە و كتێبەكانی سەر بە فۆنەتیک بە نێویاندا بڵاو نەبۆتەوە، جا ئەگەر قەلەندەرێكی دڵسۆز بۆ زمانی كوردی لێی بە دەنگ هات و گوتی فڵانە فەرموودەت لەگەڵ زمانی كوردی ڕێک ناكەوێ لێی سوورهەڵگەرێ و بڵێ تۆ و فۆنەتیک كوجا مەرحەبا! چوزانی فڵانە پرۆفیسۆر و فیسار دكتۆر لەبارەی فۆنەتیكەوە چییان گوتوە؟ خۆ ئەوەی ڕاستی بێ ڕەنگە چ ڕەخنەیێک نەیەتە سەر گوتەی ئەوان پسپۆر و پرۆفیسۆرانە، بەڵام ڕاست كردنی ئەوان لەخۆوە نابێتە شەفاعەتكار بۆ هەڵەی فۆنەتیكزانان لە باسی فۆنەتیكی كوردیدا.

ئەوان زانایانە هەرچی دەبن بابن، پایەی وان نابێتە لەمپەڕ لەپێش من وەیا قوتابیێكی تری كورد لەوەدا كە بزانین فڵانە دەستووری فۆنەتیک بە هەڵە بەسەر فڵانە دەنگ و بڕگەی ئاخاوتنی كوردیدا «تطبیق» كراوە هەروەک هۆشمان بە دەستوورەكانی ڕێزمان دەشكێ و دەزانین ئاخۆ بیروڕای زانایێكی ڕۆژاوا وەیا ڕۆژهەڵات لەبارەی بەشەكانی ئاخاوتنەوە بۆ زمانی كوردی دەست دەدا یا دەست نادا، هەروەهاش هۆشمان بە قسەی پسپۆڕەكانی فۆنەتیک دەشكێ و لێمان دەوەشێتەوە تێ بگەین ئایا قسەكانیان لەگەڵ ڕاستیدا دەگونجێن یاخود پێویستیان بە ڕاست كردنەوە هەیە، كە ڕاستیش بوون ئایا فۆنەتیكزانێكی كورد بە دروستیی بەكاریان دێنێ وەیا نابەدڵانە.

من لەوەش زیاتر دەتوانم لەسەر ڕەخنە گرتن و بە جواب هاتنی خۆم و هی وەک خۆم بكەمەوە؛

یەک پرۆفیسۆر و پسپۆڕی بێگانە نییە بە قەدەر كوردێكی وەک من لە سروشتی دەنگەكانی ئاخاوتنی كوردی بگات و لە تەركیبی ناوەكیی زمانی كوردی شارەزا بێ. فۆنەتیكزانێكی زیرەكی كورد دەتوانێ گەورەترین زانای ڕۆژاوا بە سەهوو ببا لە عاست سروشت و تایبەتییەكانی فۆنەتیک وەیا چەند و چۆنی ڕێزمانی كوردی بەڵام ناتوانێ بە ئاسانی من وەیا قوتابیێكی كوردی وەک من هەڵفریوێنێ بەتعلیلی چەوت و چوێر. كێ دەڵێ من وەیا یەكێكی تری وەک من ناتوانێ فۆنەتیكزانێكی كورد بەهەڵە ببا لە گەلێک چۆنییەتی ئاخاوتنی لەهجەی ناوچەیی چەندین هۆزی كورد كە ئەو فۆنەتیكزانە نەدیتوونی نەبیستوونی؟

هەموو خوێندەوارێک دەتوانێ لە ماوەیێكی مناسبدا بزانێ مەبەست چیە لە «مۆرفیم و فۆنیم و سینتاكس و فۆنەتیک و... هتاد» بەڵام زانایێكی ئەورووپا یەكجار درەنگ دەزانێ هۆزی مەنگوڕ لامی قەڵەو چەند جار هێندی هی سلێمانی قەڵەو دەر دەبڕێ كەچی خەڵقی شەقڵاوە لامە قەڵەوەكەی «عبد الله، و الله» دەكەن بەلامە لاوازە عادەتیەكەی «لۆكە، ملوانكە»، هۆزی ئەوتۆش هەیە لە نێوانی ڕانیە و ڕەواندزدا كە سوێندی «نفی» دەخوا لە جیاتی «ناوالله» دەڵێ «ناوەی» هەر هەتا خۆی لە لامە قەڵەوەكەی «الله» بدزێتەوە.

خوێنەر با لێم بە سەهوو نەچێ لەوەی لەم گوتارەدا دەیڵێم دەربارەی سوودی فۆنەتیک؛ من ناڵێم زانستی فۆنەتیک پێویست نییە بۆ زانای فۆنەتیک کە دەیەوێ توێژینەوە لەو مەیدانەدا بکات هەروەک ناڵێم زانینی ڕێزمان پێویست نییە بۆ زانای ڕێزمان و لێکۆڵینەوەکانی. من دەمەوێ بڵێم زانستی فۆنەتیک بەس نییە بۆ زانینی سروشت و چۆنەتی و تایبەتی دەنگەکانی ئاخاوتن، لە کوردی بێت یا لە زمانێکی تر. یەکێک کە زانستی فۆنەتیکی زانی، جارێ، هەر فۆنەتیک دەزانێ و بەس. کەس بە تەنها زانینی دەستوور و زاراوەکانی زانستی فۆنەتیک ناچێتە ناو ڕایەڵەکانی ئاخاوتن وەیا شارەزای پێکدا تێپەڕینی تاروپۆیەکانی بێت. خزمایەتی و دژایەتی نێوان دەنگەکانی ئاخاوتن کارێکە تابڵێی جودایە لەو مەعلوماتە بێتەڕەفە ساردوسڕەی کە لە زانستی فۆنەتیکەوە پەیدا دەبێ.

فۆنەتیکزانێک کە دێ و پێمان دەڵێ دەنگی «د» لە فڵانە شوێنی پووکەوە بە هاوکاری زمان پەیدا دەبێ، بەمەدا قسەیێکی کردوە گەلێک لەپێش ئەودا گوتراوە، ئەگەر نەشی گوتبا لەخۆمانەوە دەمان توانی بیزانین، کە دەشی زانین هیچ سوودێکمان لەوەدا وەرنەگرتوە دەنگی «د» یش بەخۆی و هەموو جۆرەکانی هەر ئەوە دەبێ کە هەیە با فۆنەتیکزان بڵێ لە مەڵاشوەوە وەیا لە لوتەوە وەیا لە دووکەڵکێشی سەماوەرەوە دەردێت. بەڵێ دەبێ بزانین دەنگەکان لە کوێوە دەردێن و چۆن دەردێن، ڕەنگە لەمەشدا زانای «وظائف الأعضاء» لە فۆنەتیکزان باشتر سەرەدەری بکات و نیشان بپێکێ، بەڵام زانینەکە خۆی لە خۆیدا ئەمرازێکی بێتەڕەف (محاید) ـە تا دەکەوێتە دەستی بەڵەدێکی زیرەکی شارەزا بە پەناوپەسیوەکانی ئاخاوتنی سەرلەبەری میللەتێک، وەیا بەشی زۆری لەهجەکانی. کە پێم گوترا دەنگی «د» لە فڵانە شوێن و بە فڵانە چۆنەتی دەردەپڕێ، چاوەنۆڕ دەکەم پێشم بگوترێ دەنگی «د» ی کوردی وەک هی ئینگلیزی نییە و کورد ئەم دەنگە وەک عەرەب دەردەبڕێ با عەرەب سامیش بن و ئینگلیزیش ئاری. بەدوا ئەم ڕاستییە سەرەتاییەدا دەمەوێ هەموو ئەو تایبەتیانەشم پێ بگوترێ لەبارەی دەنگی «د» ی کوردییەوە کە لە جێگەی خۆیدا ئەم گوتارەم لێیەوە دەدوێ. فۆنەتیکزانێکی کورد کە هات و گوتی «د» لە فڵانە شوێنەوە دەردەپڕێ لە سەریەتی بڵێ ئەم ڕاستییەم (ئەگەر ڕاست بێ) لە فڵانە سەرچاوە و فڵانە کتێبەوە وەرگرتوە تاکوو گومانی خودپەسندی و دەست بەسەر شتدا گرتنی لێ نەکرێ ڕەنگە دوای ئەمانە هەموویان ئەو ئیحتیماله هەر بمێنێتەوە کەوا هەندێک وەیا بەشێکی زۆر لەو بیروڕایانەش هەڵە بن. سەیری، ئێمە لە باسی دەنگی «د» جارێ هەر بەلای شێوە «د» ـەکەی سلێمانی نەچوین کە چەند لە ئەسڵە «د» ی ئاسایی کوردی لاداوە و چۆن بەپێی دراوسێیەتی لەگەڵ دەنگی تردا ئەویش دەنگەکەی دەگۆڕێت وەک ئەوەی کە بەدوا دەنگی «ن» دا بێت وەیاخود کە دەگۆڕێت بە دەنگی «گ» و هۆی ئەم گۆڕانە چییە و ئەنجامی چییە!!

فۆنەتیکزان دەبێ پێم بڵێ دەنگی ئەوتۆ هەیە دەشێ لە دوو شوێنی جوداوە دەربپڕێت وەک دەنگی «خ» کە هەڵدەگرێ بەرەژوور ببرێت بۆ لای قورگ، دەشتوانرێ لە لێوان نێزیک خرێتەوە بۆ لای مەڵاشو، واتە لە هەردوو لای شوێنی دەنگی «ق» ـەوە دەربپڕێت. کە ئەمەشی گوت پێویستە بەدوا ئەنجامی ئەم تایبەتیەی دەنگی «خ» بکەوێ بەڵکوو لە ڕێی ئەمەوە بگاتە تعلیلی هەندێک لەو گۆڕانەی کە بەسەر بەشێک لە وشەکانی کوردیدا دێت لە لەهجەیێکەوە بۆ لەهجییێکی تر، وەیا هەر دیاردەیێکی تر بێ کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا پێی دەگات.

فۆنەتیکزانێکی کورد دوای ئەوەی بە هەموو دەست خاوێنییەکەوە شوێنی دەرپڕینی دەنگەکانی ئاخاوتنی (بەتایبەتی هی کوردی) باس کرد و سەرچاوەکانی باسەکەی بە دەستەوە دا، دەبێ بزانێ لەم کارەیدا، بەرانبەر هەموو دەنگەکان نەک تەنها هی «د، خ» جارێ زانستێکی سەرەتاییە بە خەڵق ڕاگەیاندووە وەک «أمر واقع» وایە کە ئەگەر لێشی بێدەنگ بووبا کارەکەی پەکی نەدەکەوت. کوردێک وەیا عەرەبێک کە قسە دەکا وەیا دەنووسێ لەسەر ئەوە ڕاناوەستێ فۆنەتیکزانێک پێی بڵێ هۆ کابرا ئەم دەنگەی «م» کە درکاندت وەیا نووسیت لە لووتەوەی دەربێنە نەک لە لێو، چونکە کابرا لە خۆوە بێ مامۆستا دەنگی «م» دەردەبڕێت. زانستی فۆنەتیکیش چ سوودێکی گەورەی پێناگات بەوەدا کە بگوترێ دەنگی «ە» لە ژوورووی دەنگی «ح» ـەوە دەردێت ڕەنگە چ زەرەرێکیش ڕوو نەدا ئەگەر بە هەڵە بگوترێ «ح» لە ژووروی «ە»

ـەوە دەردێت، خۆ دەزانین زمان هەیە دەنگی «ح» ی تێدا نییە هی واش هەیە «ە» ی تێدا نییە، زمانی تریش هەیە هەردوو دەنگی «ح، ە» ی تێدا نییە تاکوو جێگەی ڕاست وەیا چەوت بۆ دەرهاتنی ئەو دەنگانەی تێدا دیار بخرێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەرچەند دەست نیشان کردنی جێگەی ڕاستەقینەی دەنگەکان یەکێکە لە فەرمانەکانی فۆنەتیک، بەڵام ئەم دۆزینەوە و دەست نیشان کردنە خۆی لە خۆیدا سوودی نابێ ئەگەر زانینی تری لێ نەکەوێتەوە، وەک ئەوەی وێنەی پیتەکانی «ابجدیة» بنووسرێ بەڵام وشە و ڕستەی پێ ڕێک نەخرێ... ڕەنگە فۆنەتیکزان هەبێ بڵێ زانستی فۆنەتیک بەندە بە دیارخستنی جێگەی ئەو دەنگانە، بەڵام ئەوەی لێمان مەعلومە ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە گوتەی  فۆنەتیکزان و باسەکانی فۆنەتیک بگەین بێ ئەوەی پێمان بگوترێ دەنگی «ق» لە عەرەبیدا بە حەڕفێکی «قلقلة» دەژمێردرێ، وەیا دەنگی «ح» لە هەندێ زماندا دەکرێ بە «ها» وەیا ڕووسەکان دەنگی «ث» دەکەن بە «ف». سەرەڕای ئەم کەمبایەخیەی دیار کردنی جێگەی دەرپڕینی دەنگەکان دەبێ ئەوەش بزانین فۆنەتیکزانی ئەوتۆ هەیە ئەوەندە بە سەهوو دەچێ لە باوەڕەکانی دەربارەی شوێنی دەرپڕینی دەنگەکان، باشتر ئەوەیە هەر لێیان بەدەنگ نەیێ چونکە ڕەنگە بەقەدەر کۆڵەوارێک تێیاندا بە هەڵە بچێ، دوای بە هەڵەچوونیشی ئەوەندە لە خۆی بێخەبەر بێ بە قەدەر پێغەمبەرێک شانازی بە خۆی و هەڵەکانی بکات. من نووسەری ئەوتۆم دیوە گوتوەتی فڵانە دەنگی ئاوێستا هەر خۆیەتی کە ئێستا لە کوردیدا بەکاردێت نەک لە فارسی. لەمەدا وا دەردەکەوێ ئەو نووسەرە بە ڕیکۆردەر دەنگەکەی لە ئاوێستاوە بۆ بەجێ ماوە ئەگینا چۆن دەشێ لەسەر بەردی ڕەقی بێ بەڵگە و ئیسپاتەوە ئەم داوایە پڕ جورئەتە وا بە ئاسانی دەربپردرێت؟ کە داوای بێ بەڵگە بۆ کوردێک لوا بۆچی بۆ فارسێک نەلوێ؟ کێ دەتوانێ مەنعی فارسێک بکا لەوەدا کە بڵێ هەمان دەنگی ئاوێستا خۆیەتی بۆتە فڵانە دەنگی فارسی نەک کوردی؟ ئەم وشکەمەلەیە لەناو حەوزی پڕ دەعوای بێ بەڵگەدا بۆ هەموو کەسێک وەک یەکە؛ وشکە مەلەیە و بەس، نە هیچی تێ دەچێ نە هیچی لێ پێک دێت.

لەم تێبینییەوە ڕادەگەم بەم پڕیارە، هەر یەکێک لە ئێمە خەریکی توێژینەوەبێ لە بارەی کوردەوە چ لە ڕووی فۆنەتیکی کوردییەوە بێت چ لە ڕووی فەرهەنگەوە چ لە ڕووی ڕێزمانەوە چ لە ڕووی مێژوو و ئەدەب و فۆلکلۆرەوە بێ، پێویستییێکی ئەخلاقی بەسەر شانەوەیە لەو خەریک بوونەیدا کە دەبێ ملکەچ کا بۆ ڕاستی. ناشێ بە هیچ کلۆجێک ئارەزووی خۆی بەخەبەر بێنێ و تێکەڵ بە توێژینەوەکەی بکا. دەبێ نمایشت و خۆهەڵدانەوە بەلاوە بنێ بەو پێیە دەبێ چاومان بۆ هەموو ڕاستییێک بکەینەوە، هەر کاتێکیش هەڵەیێکی خۆمان دۆزیەوە وەیاخود یەکێک بە خێری خۆی بۆمانی دۆزیەوە دەرحاڵ لێی بسەلمێنین نەک کوردە غیرەتی بمانگرێ، چونکە ئەگەر وا نەکەین و سووربین لەسەر هەڵە ئەنجامی زۆر ناقۆڵای لێ دەکەوێتەوە وەک ئەوەی کە نیگامان لێڵ دەکا نەک هەر لەو بابەتە هەڵەیەی کە لەسەری سوور بووین بەڵکوو لە هەموو ئەو باسانەی کە بەوەوە بەستراونەوە.

دوور مەبینە پێ داگرتن و کوردە غیرەتی بمان با بۆ نەخۆشی نەفسی ئەوتۆ چ پێوەندی بە ڕۆشنبیری و خوێندەواری و فۆنەتیک و زانستەوە نەبێ. خوو گرتن بە سوور بوون لەسەر هەڵە لە ئەنجامدا وامان بەو خوە ڕادێنێ کە هەستی بە خۆنازینی تێدا بکەین و وردە وردە دەماری مانیای (خۆ بە گەورە زانین Megalomania) مان لێ ئەستوور بکا. من لە موناقەشەدا کەسی وەهام دیوە بە پێی بەردەوام بوونی لەسەر هەڵە ڕووی گەشتر و چاوی پرشنگدارتر بوە تاکوو وای لێ هاتوە گەیشتۆتە ڕادەی خۆ لەبیر کردن، ئیتر بێ پەروا لە نکاوێک دەستی بەسەر ڕایە ڕاستەکەدا گرتوە و گوتوشیەتی بزانن بیروباوەڕەکەی من چەند ڕاستە!! لە خوێندنەوەی ڕۆژانەشمدا دیتومە چ جۆرە دڵگەرمی بەکار هاتوە لە لایەن ئەوەی ڕەخنەی لێ گیراوە. دەبێ ئێمە لەو حاڵانەدا بەخۆمان بوێرین.

بە نیسبەت توێینەوە لە بابەتەکانی کوردییەوە، خەتەری سووربوون لەسەر هەڵە لەوەوە دێت کەوا کوردی هەزار تا ئێستا چی وای بۆ ساغ نەکراوەتەوە قەوارەیێکی ئەوتۆی هەبێ بە ئاسانی بێتە مانیعی پەرەسەندنی هەڵە لە بیروڕایاندا: ئێمە لە سەرەتای هەموو بابەتێکی ڕۆشنبیری کوردین، وەک میللەتانی تر نین خەرمانی ڕۆشنبیری ڕاست و پوختمان دەستووراتی

ئەوەندە پتەو و هێزای بۆ پەیدا کردبین کە هەڵەی من و تۆ نەتوانێ بەرانبەریان بوەستێ وەیا دەستوورێکی هەڵەیان تێ بترنجێنێ.

مامۆستایەکی عەرەب وەیا ئینگلیز کە لە نووسیندا هەڵەیێکی ڕێزمانی وەیا مێژوویی کرد چەندین کتێب و نووسراوی کۆن و نوێ لێی بە دەنگ دێن و ڕاستی دەکەنەوە. دەتوانم بڵێم لە نێو میللەتێکی پێشکەوتودا نووسەر ناوێرێ هەڵە بکات لە ترسی ڕیسوابوون. باری ڕۆشنبیریی کورد وەها نییە: لە زۆربەی مەیدانەکانی ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەگەر نووسەر لغاوێک نەخاتە زاری خامەی کە لە ساتمە و هەڵانی بپارێزێ، دەتوانێ بە کەیفی خۆی شتی غەڵەت بنووسێ و کەسیش لێی بەدەنگ نەیێ. بە نموونە دەڵێم چەند مانگێک لێرە بە پێشەوە کورتە باسێکی قوت و قوندیلەم لە بارەی «ئەمین ئاغا- ئەختەر» خوێندەوە وڕێنەی وەها سەیری تێدا بوو هەر دەتگوت نووسەرەکەی هۆش و گۆشی خەڵقی پێ تاقی دەکاتەوە: نووسرابوو لە مەجلیسی ئەمین ئاغادا شاعیری وەک قادر و کەیفی و شێخ ڕەزا و نالی ئامادە دەبوون! کەس نەهات بڵێ کاتێک نالی کوردستانی عێراقی بەرەو حەج و شام و ئەستەمبۆڵ جێ هێشت جارێ ئەمین ئاغا منداڵێکی چەند ساڵی بوە، هەر ناشێ ئەمین ئاغا چاوی بە نالی کەوتبێ. من کە نووسینەکەم خوێندەوە بە دەست خۆم نەبوو گوتم دەبوو نووسەر «أبو نواس» یش بۆ مەجلیسەکە بخوازێتەوە دوو سێ قسەی خۆشی تێدا بکات.

ئەم تەرزە گوتەیەی بێ سەر و پێ لە نێو میللەتی پێشکەوتودا جێی نابێتەوە. نەک هەر جێی نابێتەوە و بەس، ئەوەی ڕاستی بێ نووسەری وەها پیادە و هەرزەکار یەک گۆشەی ڕۆژنامە و گۆڤاری دەست ناکەوێ هەلەق مەلەقی تێدا بنووسێ. چ خاوەن ڕۆژنامە و گۆڤارێک ئامادە نییە بە بەرتیلیش ناوی خۆی و ڕۆژنامەکەی بزرێنێ بە بڵاو کردنەوەی بابەتی وەها بێ نرخ و قرپۆک. لە نێو ئێمەدا کە ئیمکان هەیە شتی وەها سادە و بەسەرزمان بڵاو بکرێتەوە لەوەوە دێ کە هیچ سەرچاوەی لێ سەلمێنراو نییە بە یەکتر نەگەیشتن و یەکتر نەدیتنی ئەختەر و نالی سەپاندبێ. توژینەوە لە تایبەتی ژیانی ئەختەر و نالی، یا هی تێکڕای ڕۆژگاریان، زەرف و زەمانی ڕاستەقینەی هیچ کامێکیانی ساغ نەکردۆتەوە تاکوو نووسەران لە خۆیانەوە حاپوولی کۆ کردنەوەیان بە یەکەوە لە جێگە و زەمانێکدا ناوێژن. پروا دەکەم خوێنەری عادەتی کەیفیشی بەو تەرزە مەجلیسە گەرم و گوڕەی حاجی و نالی و شێخ ڕەزا و کەیفی بێ، چ مانیعێکیشی نەبێ لەوەدا شاعیری دیکەش تەشریف بێننە ناو مەجلیسەکە و کوڕی ئەدەب و نوکتە و لەتیفە گەرمتر بکەن.

دیسانەوە بە نموونەی ڕوون کردنەوەی مەبەست دەڵێم، من کە لە نێو چار دیوارەی ژووری خۆمدا گوتم مەنگوڕایەتی بۆ کاتی ئاینده (مضارع) ڕێژەی وەها و وەها بەکار دێنن هیچ سەرچاوەیێکی نووسراو نییە گوتەکەم ڕەت کاتەوە و هەڵەکەم ئاشکرا کات، کەسیش ئەو ئەرکە ناداتە بەر خۆی بچێتە نێو مەنگوڕان و ڕاستی و هەڵەیی گوتەکەی من پێ بکەوێ. گریمان شارەزایێکی لەهجەی مەنگوڕان غەڵەتەکەی منی ئاشکرا کرد، ئەوساش دەتوانم پێ داگرم لەسەر هەڵوەستی خۆم و بڵێم من ڕاستم و ئەو هەڵە، هەرچی پێشم باوەڕ ناکا بە پروا و بپێوێ – وەک گوتەکەی مەلای مەشور.

بە دوور مەزانە هەڵەیێکی کە من و تۆ ئەمڕۆ بیخەینە ناو نووسینەوە سبەی ڕۆژ ببێتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە چونکە ڕەنگە ئەو نووسینە بە نیسبەت دواڕۆژێکی نزیکەوە تاکە سەرچاوە بێ لەو مەیدانەدا. چ شەرمی ناوێ، وشەی «بەروار» کە لە لایەن زۆر کەسەوە لە جیاتی «تأريخ» ی کاغەز و نووسراو بەکار دێت لە هەڵەیێکی یەکجار سەیرەوە پەیدا بوە، کە ئەمە ڕووداوەکەیەتی: پیاوێک لە دێی «بەرواری» یەوە کاغەزێک بۆ یەکێکی تر دەنووسێ، لە کۆتای قسەکانیدا ناوی شوێنەکەی خۆی«بەرواری» و ڕۆژی کاغەزنووسینەکەی بەسەریەکەوە دەنووسێ بەم جۆرەی وا لێرەدا بۆتی دووبارە دەکەمەوە:

ئیمزا
بەرواری 9/6/- 19 فلان

ئیتر ئەم «بەرواری» یە بوو بە «بەروار» چونکە وا زانرا پیتی «ی» کۆتایی وشەی «بەرواری» ئەمرازی «اضافه» یە و تاکە وشەی «بەروار» بە واتای «تأریخ» ـە. دوور نابینم هەر بەم شێوەیەش چووبێتە ناو هەندێک لە فەرهەنگەکانی کوردی.

ئەمە نموونەی ئاسانی و تەڕدەستی سەپاندنی هەڵەیە بەسەر خوێندەواری کوردیدا. لەوانەیشە قسەکەی کە من لێرەدا بۆتم کرد خۆی نەگرێ لەبەر تین و تاوی ئەو هەڵەیەی کە بوە بە مێژوو وەیا بەچکەی مێژوو. دەوجا کە هەڵە بوو بە سەرچاوە بۆ خۆت لێک دەوە چەند ئەرک و عەزابی دەوێ تا هەڵەبوونی ساغ دەکرێتەوە و ئەو بایەخەی پێی دراوە لە نووسین و تۆژینەوەدا دەسڕێتەوە.

زانایانی ئەم سەردەمە دەتوانن خۆ بپارێزن لە هەڵە کردن لە خوێندنەوەی نووسراوێکی ئارکایالۆجی کۆن چونکە نووسینە کۆنەکە هەر ئەوەیە کە زانراوە و وێنەکەی ئاشنا بوە لەبەر چاوی مێژووناسان و چ بەرگێکی تر لەبەر ناکا، بەڵام ئەو زانایانە ناتوانن خۆیان بپارێزن لە هەڵەیێک کە نووسەرێکی ئەمڕۆی کورد پێیان دەکات. ئەو زانایانە ڕێیان نییە هەموو هەڵەیێک لە نووسینەکانماندا بدۆزنەوە چونکە زۆربەی ئەو شتانە کە هەڵەیان تێدا دەکرێ دەستووراتی قەراردادەی بڵاوکراوەیان نییە تاکوو هەڵە و ڕاستی پێ بناسرێتەوە. خۆت دەزانی و دەبینی زانای ئەورووپایی لە خۆت و کەسانی وەک خۆت پرسیاران دەکا و وەرامان وەردەگرێتەوە، چش دەبیەت ئەو چشتە دەنووسێتەوە، دواتریش کە نووسینەکەی دەخوێنێتەوە هەمان گوتەی غەلەت و ڕاستی کە بیستوەتی دێنەوە بەرچاوت.

من مەبەستم ئەوە نییە بەم گوتەیەم داوا بکەم لە نووسەران واز بێنن لە نووسین، لێرەش بە پێشەوە لە نووسینی دیکەمدا گوتومە نابێ ترسی هەڵە کردن و بە سەهوو چوون لە نووسینمان بوەستێنێ، ئەوەی لێرەدا مەبەسمە شتێکی ترە و هەقی تەواویشم تێیدا هەیە: نابێ بێباک بین لە هەڵە کردن، وەیا کە هەڵەمان کرد سووک بە سەریدا تێپەڕین و چاوی لێ بنوقێنین. پێویستە لەتەک ڕاستیدا خۆمان لە بیرکەین بە تایبەتی کە ئەو ڕاستییە پێوەندی بە ڕۆشنبیری سەر بە کوردییەوە هەبێ، باخصوص ئەو جۆرە ڕۆشنبیریەی هێشتا ئاشنا و پەرەسەندوو نەبوە لە نێو خوێنەراندا چونکە لەوێدا هەڵە کردن یەکجار درەنگ چاوی سرنج بۆ خۆی ڕادەکێشێ و پەنجە و خامەی ڕاست کردنەوە بۆ لای خۆی دەبا.

دەبینی، خوێنەری بەڕێز، نوێیی و تازەیی خەریک بوونمان بە باسی ڕۆشنبیرییەوە چۆن لە ئەسڵی باسەکەم لادەدا بۆ ناو ڕەخنە و ناڕەزایی، لە حاڵێکدا من دەمەوێ چراێک هەڵکەم لەبەر هەنگاوی ئەو کەسانەی خۆیان بە فۆنەتیکی کوردییەوە خەریک دەکەن. لەگەڵ ئەم عوزرەش، دەبێ ئەوە بڵێم ڕەخنە و نارەزایی دڵسۆزانەش کزەشەوقێک هەر داوێژن بۆ دەوروپشتی خۆیان هەرچەند دووریش نەڕوا ئەو شەوقە. ئەوەی ڕاستی بێ مەبەسم لەم نووسینەدا، سەرەڕای چەند تێبینی گشتی و ڕەخنەی کە لێرە بە پێشەوە دەوریان هەڵاتم یا لێرە بەدواوە بێنە بەر خشکەی قەلەم، دوو تێبینی تری یەکجار بنجییە کە ناشێ لە تۆژینەوەی فۆنەتیکی کوردیدا لە بیر بکرێن وەیا پشت گوێ بخرێن. تێبینی یەکەمیان ئامۆژگارییە هی دوەمیان لە جەرگەی فۆنەتیکی کوردییەوە هەڵ دەستێ.

ئامۆژگاریەکەم بۆ فۆنەتیکزانی کورد ئەوەیە کە ناشێ لەناو چاردیوارەی ژوورێکی بەغدادا پڕیار بدرێ فلانە عەشیرەتی دەوروبەری سنە وەیا دانیشتوانی فلانە شاری کوردستانی تورکیا وەها و وەها دەئاخێون و دەنگەکان بەم شێوەیە دەردەبڕن. کاری فۆنەتیکزانی کورد لە دیاردانی جۆری دەنگ و پرگەی ئاخاوتنی کوردی وەک هی «شامپلیۆن» نییە کە لە فڕەنسەوە بەسەرینەکەی «بەردی ڕەشید» ـەوە کورک بوو بۆ ماوەی 20 ساڵ و بێ ئەوەی «مصر» وەیا «رشید» ببینێ نووسینی هیرۆگلیفی لێکدایەوە و هەڵی هێنا. شامپلیۆن لە فەرەنسە با وەیا لە طنطا و قاهیرە و دمیاط با فەڕقێکی نەدەکرد چونکە ئەو بە دیار نووسینێکەوە چەقی بوو کە بەسەر بەردەوەیە نەک وتووێژێک کە لە دەمی خەڵقی ئەمڕۆی مصرەوە دەردێت.

فۆنەتیکزانی کورد کە بە تێکڕایی قسە لە دەنگ و بڕگە بکا وەک ئەوە نییە باسی شێوە ئاخاوتنی هۆزی زەنگەنە بکا. تێبردنی تایبەتی لەهجەیێک لەناو تێکڕای باسەکانی فۆنەتیکدا فێلێک لە زانستەکە دەکرێ و بە سەهوو بردنێکی ئەو کەسانەیشە کە دەیانەوێ بە وردی لە زمانی کوردی و لەهجە جۆرجۆرەکانی بگەن، با ئەوە هەر نەڵێم کە لە دوورەوە باس کردنی شتێک وەک ئەوەی کە لە نزیکەوە پشکنینەوەی تێدا کرابێ، ڕانواندنێکی هەند هەرزانە لە هیچ مرۆڤێکی بەڕێز ناوەشێتەوە چ جایی لە زانایان. بە چاوی خۆمان دەبینین زاناکانی زمان، هەندێ جاریش قوتابی فێرگەکانی زمان، لە ئەورووپاوە بە ئەرک و خەرجی خۆیان سەفەر دەکەن بۆ ناوچەرگەی دەشت و کێوی کەم ئاوەدانی بێ ئوتێل و مۆتێلی کوردستان تا بتوانن بە گوێی خۆیان ببیەن و بە چاوی خۆیان ببینن.

ئێمەی کورد کە لە ماڵی خۆمانین و خەریکی زمان و ڕۆشنبیری کوردین، دەبێ چەند هەندی ئەورووپایی ماندوو بین لە هاتوچۆ کردن و بەدواگەڕاندا. چ ڕەوا نابینم فۆنەتیکزان داوا بکا نموونەی ئاخاوتنی هەموو لەهجەیێکی کوردی بە پێی خۆی بێتە بەر دەمیەوە لە ژوورە کۆندیشن-دارەکەی تاکوو لە پشت مێزە پان و مەخمەڵیەکەیەوە مەهارەت و پسپۆری خۆی لێ بەکار بێنێ، ئەگەر چ مەهارەت و پسپۆرییێکی هەبێ. کە ئەم گەشت و گەڕانە نەکرێ و تێ خزانی ناو چاردیوارەی ژووری بەغدا بنکەی کار کردن بێ، دەبێ زانای فۆنەتیک هەر بە جارێ هەموو مەیلێکی خۆهەڵدانەوە دانێ و زۆر بە «تواضع» ـەوە خواهشتی چاوپۆشین بکا لە خوێنەری کورد بەرانبەر ئەم هەموو کەم و کەسرییەی کەوا بێگومان، لە کاری دوورەپەرێزدا پەیدا دەبێ.

بەڵێ دەزانم بۆ هەموو کەس نالوێ کەشکۆڵی دەروێشانە لە مل کات و دێ بە دێ بە شوێن کۆ کردنەوەی نموونەی ئاخاوتندا بگەڕێ، بەڵام نەلوانی ئەم حاڵە جێی عوزر هێنانەوە و بەخۆدا شکانەوەیە نەک خۆهەڵدانەوە، بە تایبەتی کە هانا ببرێتە بەر گەشت و گەڕانی بێگانە.

من ناڵێم سوود وەرنەگیرێ لەو کتێبانەی کە بێگانە بۆمانی بەرهەم دێنن لە مەیدانی «کوردۆلۆجی» دا چونکە ئەمە زەرەر لەخۆدانێکە چی لە جێگە شین نابێتەوە، هەندێ جارانیش هەر جێی پڕ نابێتەوە چونکە هەر ئەو بەرهەمانە هەن کە لەو کتێبانەدا چەنگ دەکەون، بەڵام سوود و زەرەرِ ئەم ڕاستییە ناگۆڕن کەوا عەیبە بۆ کورد ئەرکی بەدوادا گەڕان لە بابەتی کوردەواری بەجێ بهێڵێ بۆ ئەورووپایی، خۆشی هەڵگرێ بۆ ئەو دەمەی بەرهەمی ئەرک و عەزابی ئەورووپاییەکە بە حازری بێتە بەر دەستانی.

ئەگەر سنووری ئەدەبم نەبەزاندبێ، دەڵێم جێی شەرمە بۆ کوردێک لە بەغداوە باسی شێوە ئاخاوتنی هۆزەکانی کورد بکا، سەرچاوەی باسەکەشی کتێبی بێگانە بێ. پێی ناوێ چی تر من بە دوای ئەم تێبینییە بکەوم، هەموو خوێنەرێکی کورد دەتوانێ لە خۆوە بەدوای بکەوێ و ڕاگەیاندنەکانی لێ وەرگرێ.

تێبینییەکەی دیکەم کە پێوەندی «موضوعی» بە فۆنەتیکی کوردییەوە هەیە ئەمەیە: وەک من لە ئەنجامی لێکدانەوەی تایبەتی خۆم بۆی دەچم، گرنگترین لایەنی توێژینەوە لە تایبەتییەکانی فۆنەتیکی کوردی دۆزینەوەی حەز لەیەکتر کردن و لەیەکتر دژبوونی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردییە بەو شێوەی کە لە زار و زمانی قسەکەری کوردەوە دەردێن. دەمەوێ لێرە بە دواوە ئەم ڕاستییە بۆ خوێنەری کورد ڕوون کەمەوە و بیکەمە تکا و پاڕانەوەش لە فۆنەتیکزانی کورد کە لە توێژینەوەکانی خۆیاندا چاوەدێری بکەن چونکە ئەگەر نەیکەن هەرگیزاو هەرگیز ناتوانن بچنە ناو تەرکیبی زمانی کوردییەوە و وەک ئەو کەسە دەبن کە لە دەرەوەی پەرژینی باغێکەوە باسی دار و درەخت و مێوە و گوڵ و گیای باغەکە بکات وەیا لە زاری خەڵقەوە دەنگ و باسی باغەکە بگێڕێتەوە.

بەڵام بەرلەوە بچمە ناو باسەکەوە دەبێ ئەوەت پێ بڵێم تا ئێستا هیچ کەس بۆ ئەم باسە نەچوە، ڕەنگە وەک ڕووی «مانگ» وابێ کەوا بەرلە چەند ساڵێک هێشتا شوێن پێی هیچ

ئادەمیزادێک و گیانلەبەرێکی تێدا نەبوە ئەم تازەییەی باسەکە لەوانەیە ببێتە هۆی بەهەند هەڵ نەگرتنی لەلایەن خوێنەری عادەتییەوە چونکە ئەغلەب وا دەبێ چاو لە شتی نەدیتراو و نەبیستراو هەڵدەبەزێتەوە، زۆر جارانیش شتی یەکجار بێسابیقە یەکەندەردوو ڕەفز دەکرێ وەک لە ئاییندا ئەوەی پێی دەگوترێ «بدعة» یاساغ دەکرێ. بەڵام من قسەم لێرەدا لەگەڵ فۆنەتیکزانە، لە پلەی یەکەمدا، ئەوجا لەگەڵ خوێنەری عادەتی. ئەو قسەیەی دەشیکەم لە غەیبەوە نایهێنم و بەرهەمی خەیاڵات و لێکدانەوەی ڕووت نییە، بەڵکوو لێزەوی[1] ئاخاوتنی کوردیە، فڕکەی دەمارەکانییەتی. بەوپەڕی باوەڕ بەخۆ کردنەوە، بێ خۆهەڵدانەوە و بایی بوون، بە فۆنەتیکزانی کورد دەڵێم ئەم دیاردەیەی لێرەدا باسی دەکەم، هەرچەند بەرچاویشی نەکەوتبێ وەیا سەرنجی لێ نەگرتبێ، بەردی بناغەی فۆنەتیکی کوردییە. من لێرە بە پێشەوە چەند جارێک ئیشارەم بۆی کردوە، لە کۆڕەکەی شەقلاوەش لە هاوینی 1973 گیرا بە شێوەیێکی سەرەتایی و لە گۆشەی نیگای ڕێنووسی کوردییەوە هەندێکی لێ دوام بەڵام نە لێدوانی لێرە بە پێشەوە و نە ئەوەی لێرەدا دەی خوێنیتەوە، تێکڕایان، لە پێشەکیەکی کورت تێپەڕ ناکەن لەچاو گرنگی باسەکە و  پایەی لە فۆنەتیکی کوردی دا. ئەم دیاردەیە بەنیسبەت زمانی کوردییەوە وەک ئەو ڕشتە «عضوی» یانە وایە کە بە هەموو لەشدا بڵاو دەبنەوە، بابڵێین وەک جهازی «خوێن» و دەمارەکانییەتی کە هیچ شوێنێکی لەشی زیندوو نییە تێیدا نەبێ وەیا پێوەندی پێوە نەبێ.

من لێرەدا چەند هەنگاوێکت بۆ ناو باسەکە دەبەم و یەک دوو لایەنیت بۆ ڕوون دەکەمەوە، لەوە بەولاوە کە هاتی و کەوتیتە سەر باری بایەخ پێدان، تۆش وەک من و غەیری من کنە لە باسەکە بکە و وردە وردە نهێنییەکانی ئاشرا بکە و دۆزینەوەکانت بخە سەر خوانی زانیاری کوردی، بە گشتی، و هی فۆنەتیکی کوردی بە تایبەتی. لەگەڵ مندا سرنج بدە سروشتی یەکێک لە دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردی لە ڕووی گونجان و نەگونجانییەوە لەگەڵ دەنگەکانی تردا. بەنموونە، دەنگی «ر» ی لاواز بکەین بە دۆخی لێکۆڵینەوە. سەیرێکی جۆری دەرپرینی دەنگی «ر» بکە لەم وشانەی خوارەوەدا:

- کەرت، کورت، مارت، زمانی گرت.
- گەرد، گورد، مێرد، سارد، هەڵگورد.
- گەرم، کرم، شەرم.
- کەم و کەسر، قەسر «قصر».

بە وردی وشەکان لەگەڵ خۆتدا بڵێوە دەبینی کە دەنگی «ر» بە وەستاوی، واتا بە «سکون»، دەکەوێتە پێش دەنگی «ت» ی وەستاوەوە، هیچ جۆرە قورس کردن و Stress یێک قبووڵ ناکا و بە تەواوی ساکن دەبێ. وشەکانی «کورت، شەرت، مارت، خەرت، کەرت، پەرت، نورت و نوێ... هتاد» هەموویان یەک بڕگەن چونکە دەنگەکەی «ر» بە سکونی تەواوەوە دێتە سەر «ت» ی کۆتایی وشەکانەوە کە ئەویش هەر وەستاوە (پێی ناوێ من بڵێم، لە خۆوە دیارە هەموو دەنگێکی Consonant لە کۆتایی وشەدا بە ناچاری دەوەستێندرێ واتە ئەو حاڵەی دەبێ کە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ – سکون). ئەم دەنگەی «ر» کە بە سکون دەکەوێتە پێش دەنگی «د»یشەوە هەر بە تەواوی دەوەستێندرێ و هیچ قورس کردن و ددان لێ گیر کردنێک قبووڵ ناکا.

وشەکانی «مەرد، مێرد، گورد، سارد، بەرد، کورد، ورد، گەرد، وەرد... هتاد» ئەوانیش هەموویان هەر لەبەر ئەم هۆیەیە یەک بڕگەن، وشەی «هەڵگورد» کە بۆتە دوو بڕگە واتە «هەڵ – گۆرد» ئەگەر لەبەر ئەم تایبەتیەی دەنگی «ر» نەبا دەبوو بە سێ بڕگە واتە «هەڵ - گو - رد». بۆ ڕوون کردنەوە وشەی «هەڵگۆرد» هەردوو جۆری بە پیتی لاتینی دەنووسم، لە جێگەی قورس کردنیش نیشانەی «i» دادەنێم. «هەڵگۆرد» ی دوو بڕگەیی بە لاتینی وەها دەنووسرێ «Hel-gord» هی سێ بڕگەیش وەهای لێ دێ «Hel-go-rid». تۆ لە خۆتەوە

هەست بەوە دەکەیت بە ئانقەست نەبێ ناشێ وشەکە بکرێ بە سێ بڕگە چونکی لە نێوان دوو دەنگەکەی «ر، د» دا جێی هیچ قورس کردنێک و ددان لێ گیر کردنێک پەیدا نابێ.
سەلیقەی کورد پێی تحمل ناکرێ دەنگی «ر» قورس بکات کە لە پێش دەنگی «د» ـەوە دێت.
هەروەها ئەم سەلیقەیە ناتوانێ «ر» ـەکە لە پێش «ت» شدا قورس بکات.

لێرەدا داخوازییێکی یەکجار گرنگی ئەم سروشتەی دەنگی «ر» ی لاوازت بۆ ڕوون دەکەمەوە کە ئەگەر ڕوون نەکرێتەوە زۆر بە زەحمەت دێتە بەر سەرنجی خوێنەرەوە. ئەوەی ڕاستی بێ لەوانەیە بیرای بیرای بە بیراندا نەیەت هەر چەند دیاردەیێکە لە چاوان دەچەقێ. داخوازیەکە بریتییە لەمە، بەڵام بۆ تێگەیشتنی دەبێ سەرەتایێکی مەعلوماتی ڕێزمانی یارمەتیت بدات.

تۆ دەزانی، وەیا بە ئاسانی دەتوانی بزانیت، لە نێوان هەموو دەنگە Consonant ـەکانی کوردیدا تەنها دوو دەنگی «ت، د» لە پێش نوونی چاوگەوە دێن وەک «کردن، گرتن، بەستن، مردن، پەستاوتن، بردن، چاندن داشتن، گەستن... هتاد». کە ورد بیتەوە دەبینی ئەو پیتەی کەوا پێش یەکێک لەو دوو دەنگەی «ت، د» دا دێت خۆی لەوانەیە بە سکونی تەواوەوە دەکەوێتە پیش «ت، د». لەم نموونانەی سەرەوە ئەوەی کە لە پێش «ت، د»دا هاتووە دەنگەکانی «ر، و، س، ن، ش» ن. سەیرکە دەنگی «س، ش» هەر لە پێش دەنگی «ت» ـەوە دێن و ناکەونە پێش دەنگی «د» ـەوە وەک «بەستن، گەستن، ڕستن، خواستن - مشتن، ڕشتن، کوشتن، ماشتن، هاویشتن،... هتاد» چونکە هەردووکیان کە بێنە پێش «د» ـەوە دەبێ قورس بکرێن. بە نیسبەت «ش» ـەوە هۆیێکی تریش هەیە بۆ مەنعی هاتنی لە پێش «د» ـەوە: هۆیەکەش ئەوەیە دەنگی «ش» کە کەوتە پێش «د» ـەوە دەبێ بە «ژ»، هەر بۆیە ناوی «پشت دەر» کە پیتەکەی «ت» ی دەقرتێ دەکرێتە «پژدەر- نەک پشدەر» هەر چەند لە نووسینیشدا بە شکڵی «پشدەر» بنووسرێ.

بە نیسبەت دەنگی «ر» ـەوە هاتنی لە پێش هەردوو دەنگی «ت، د» دا شتێکی ئاشکرا و چاوەڕوان کراوە، چونکە نەختێک پێشتر باسمان کرد و گوتمان دەنگی «ر» بە سکونی تەواوەوە لە پێش دوو دەنگی «ت، د» ـەوە دێن تەنها لێرەدا دیاردەیێکی نوێ لەم تایبەتیەی «ر» دێتە بەرچاو ئەویش کەم بوونی هاتنی «ت» ـە و زۆربوونی«د». لە هەندێ ناوچەی دەوروبەری کۆیە و شوێنی لەوان نزیکەوە گەلێک لەو «د» انە دەکەن بە «ت» و دەڵێن «کرتم» لە جیاتی «کردم» کە من ئەمە بە لادان دەزانم لە ڕاستە شەقامی زمانەکە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێرە جێی لەسەر ڕۆشتنی نایێتەوە. لێرەدا هەر ئەوە دەڵێم وا پێ دەچێ دەنگی «ر» پتر حەز لە «د» دەکات، بە هۆی ئەوەیشەوە کە دەنگی «ت» زۆر نزیکە لە «د»، بۆیەیە وا بە ئاسانی لەو شوێنەدا دەنگی «د» دێت و دەنگەکەی «ر» بۆ خۆی دەدزێتەوە. ئەمە لە کوردیدا وایە کەچی لە ئینگلیزیدا فەرقێک بەدی ناکرێ لە نێوانیاندا. دەبێ ئەوەندەش بخەمە سەر قسەکانم کەوا حەز پێکردنی دەنگی «ر» و ئەم دەنگانە، تایبەتی «ر» ی لاوازە و بەس«ڕ» ی قەڵەو کە لە ڕێنووسی کۆڕ بەشکڵی «ر [جوکڵەی لەسەرە]» دەنووسرێ، لێرەش بە پێشەوە وا دەبوو چوکڵەکە دەخرایە ژێریەوە وەیا بە دوو (رر) دەنووسرا، ئا ئەم دەنگە تێکەڵی حیسابەکە نابێ.

لە میسالەکاندا هاتنی «ن» بۆ پێش «د» ـەکە دەدیترێ. ئەم دەنگەش لەوانەیە زۆر حەز بە «د» دەکات. ئەویش لەبەر هەمان سەبەب بە زۆری دەکەوێتە پێش «د» ـەوە نەک «ت» بەڵام ڕاستییێکی تر هەیە لە دەنگی «ن» دا کە دەبێتە هۆی یەکێک لە دیاردە زۆر بەرچاوەکانی فۆنەتیکی ناوچەیی لە جێگەیێکی وەک سلێمانی دا: دەنگی «ن» پتر حەز بە دەنگی «گ» دەکات، بۆیەیە خەڵقی سلێمانی لە وتووێژدا «د» ی دوای «ن» دەکەن بە «گ» نەک «گ» ـەکە بکەن بە «د» و بە«دەربەند» دەڵێن «دەربەنگ» و بە «ئەفەندی» دەڵێن «ئەفەنگی» بەڵام بە «بەنگ» ناڵێن «بەند». هۆی ئەم زێدە حەز کردنەی «ن» لە دەنگی «گ» درێژەی هەیە و لێرەدا جێی نایێتەوە، ڕەنگە باسیش بکرێ بە ئاسانی خوێنەر ئیقناع نەکات چونکە بەندە بە لێکدانەوەیێکی زیهنی پتر لەوەی ڕاستەوخۆ لە سروشتی دەنگەکانەوە زەنە بکات و ببێتە دیاردەیێکی ماددی بێ دەمەتەقە.

له میسالەکاندا چاوگی «گوتن» هەیە کەوا کورتەبزوێنی «و» هاتۆتە پێش «ت» ـەکە. قسەمان لێرەدا لەگەڵ دەنگی Consonantـە نەک بزوێن، میسالەکەش هەر بۆیە بوو سەرنج بۆ هاتنی دەنگی «و» ڕابکێشێ. دەنگی «و» هەروەک بە بزوێن دێت بە شکڵی Consonant یش هەر دێت وەک چاوگەکانی «کەوتن، پاڵاوتن، پەستاوتن، بزاوتن...».

لێرەدا شتێک سەرنج بۆ خۆی ڕادەکێشێ ئەویش گۆڕانی هەندێ لەو «و» انەیە بە «ف» وەک کە دەگوترێ «پاڵافتن، کەفتن». من وا دەزانم گۆڕانەکە لە «ف» ـەوە بوە بۆ «و» نەک لە «و» ـەوە بۆ «ف». ئەم ڕایە لە دوو سەرچاوەوە هەڵ دەستێ: یەکەمیان ئەوەیە گونجانی «ت» لەگەڵ «و» دا ئاشکراترە تا هی «ف»، بۆیە دەبێ بە سەلیقە لە ڕێی ئاسان کردنەوە «ف» ـەکەت گۆڕی بێ بە «و» تاکوو لەگەڵ «ت» دا باشتر بگونجێن. دووەمیان ئەمەیە کە زوربەی ئەو چاوگانە لە شێوەی بادینیدا تا ئێستاش هەر دەنگی «ف» ی تێدا بەکار دێت، لەمەوە دیار دەکەوێ بە ئەصل دەنگەکە «ف» ـە و لە شێوە ئاخاوتنی سۆرانیدا کراوە بە «و». تعلیلی ئەم گۆڕانەش لە «ف» ـەوە بۆ «و» لێرەدا جێی نابێتەوە، سەرەڕای ئەمە کە ئەویش لەوانەیە درەنگەوە بسەلمێنرێ وەیاخود هەر نەسەلمێنرێ.

دیتمان دەنگی «ر» ی لاواز چۆن لەگەڵ دەنگی «د، ت» دا دەگونجێ و حەزیان لێ دەکا. بە پێچەوانەی ئەم گونجانەی لەگەڵ «ت، د» دا، دەنگی «ر» ی لاواز کە بە وەستاویی کەوتە پێش دەنگەکانی «م، س، ش» ـەوە بە ناچاری دەبێ قورس بکرێ ئەگینا بە زەحمەت وشەکە تلفظی پێ دەکرێ، بۆیەیە وشەکانی «گەرم، کرم، عومر، کەسر، قەسر، حەشر» هەموویان لە زاری کورددا دوو بڕگەن. کە بە پیتی لاتینی بیان نووسین و بڕگەکان جوداکەینەوە وەها دەنووسرێن:
ge-rim, ki-rim, û-mir, ke-sir, qe-sir

دەم و شەویلەی کورد وا لە قاڵب دراوە ئەم ڕەفتارە لەگەڵ دەنگی «ر» دا بکات، لەوانەیە هەمان دەنگ لە زار و زمانی میللەتێکی تردا مامەڵەتێکی تری لەگەڵدا بکرێ. بە نموونە دەڵێم، ئەوەی بە وردیی گوێ بداتە قورئان وەیا بیخوێنێتەوە دەزانێ لە ئایەتی «والليل اذا يسري» دا دەنگی «ی» کەی کۆتایی «يسري» قرتێنراوە، واتە نە دەنووسرێ و نە دەشخوێندرێتەوە، ئایەتەکەش دەبێتە «والليل اذا يسر» بۆ ئەوە بە پێی دەستووری «تجويد» دوو دەنگەکەی «س، ڕ» بە سکونی تەواوە بەدوایەکتردا بێن، کەچی دیتمان لە کوردییدا هەرگیز «س» ی وەستاو نایەتە پێش «ر» ی وەستاوەوە، واتە دەبێ «س» ـەکە قورس بکرێت.

دەنگی «ر» هەرگیزاو هەرگیز بە سکونی تەواو وەیا ناتەواو ناکەوێتە پێش دەنگی «ل، ڵ» ـەوە لەیەک وشەدا، ئەگەر وشەی وا هەبێ من نەمدیوە. خۆ هیچ گومان لەوەدا نییە کە دوو دەنگی «ل، ڵ» بە هیچ کلۆجێک هەڵ ناگرن بخرێتە پێش دەنگی «ر» ی لاواز وەیا قەڵەوەوە. تەنانەت لە گەپی مەتەڵ و قسەی ئەستەمدا ئەم مەتەڵە دادەهینرێ «مەڕی مل ڕووت»، زۆربەی خەڵقەکەش لێیان غەڵەت دەبوو و دەکرایە «مەڕی مر لووت» هەرچەند وشەی «مل» جودا و سەربەخۆیشە، واتە لەگەڵ «ڕووت» دا یەک وشەی پێک نەهێناوە ئەگینا گوتنی مەتەڵەکە زەحمەتتریش دەبوو.

دەنگی «ل، ڵ» حەز بە «ت» دەکات، وەهاشی لەگەڵدا تێکەڵ دەبێ «ل» ـەکە و «ت» ـەکە هەر دوویان قەڵەو دەکرێن وەک کە دەڵێن «خڵت، شەپڵتە، سەڵتە، گاڵتە». دەنگەکەی «ت» لەم وشانەدا وەک «ط» ی عەرەبی تلفظ دەکرێ، من هەر بە شکڵی «ت» م نووسی. ئەمە لەگەڵ «ت» دا کەچی لەگەڵ «م» دا زۆر خزم نین. لە وشەی وەک «شێلم، گۆڵم، کوڵم، بەڵم» دا بە ناچاریی دەنگەکەی «ل، ڵ» دەبێ قورس بکرێ، کەچی ئینگلیزەکان کە دەڵێن Film دەنگەکەی «ل» بە تەواویی دەوەستێنن و هیچ قورسایی ناخەنە سەری، بەڵام کورد کە دێ ئەم وشەیەی Film لە ئاخاوتنی کوردیدا بەکار دێنێ جێگۆڕکێ بە بزوێنەکەی «i» دەکات بۆ ئەوە خۆی ڕزگار کا لە زەحمەتی هێنانی «م» بە دوای «ل» دا و وشەکە دەبێتە «فلیم» کە بە ئینگلیزیی بینووسین ئەمە دەردەچێ «flim» بەڵام دەنگەکەی «i» درێژترە

لەوەی کە هەر قورسایی عادەتی بێ وەک هی وشەی «کرم، kirim» بە واتای «دود» ی عەرەبی.

هەر لەم جێگەیەدا تایبەتیێکی فۆنەتیکی کوردیمان دێتە پێش دەبێ بایەخی خۆی پێ بدەین. لەم وشەیەی Film ی ئینگلیزیدا ئەگەر «i» لەپێش «ل» ـەکەوە نەهاتبا، کورد مەجبوور نەدەبوو بزوێنێکی تەواو بخاتە نێوانی «ل، م» ـەکەوە و بڵێ «فلیم». دیاردەیێکی سەیر لێرەدا هەیە: لەو وشانەدا کە دەنگی وەستاو لە پێش دەنگێکی وەستاودا دێت، زمانی کورد وای پێ خۆشە هەردوو دەنگە وەستاوەکە بەدوای Consonant دا بێن نەک بەدوای Vawel دا، کە هەر Vowel یش هات حەز لە کورتە Vowel دەکات نەک هی درێژ. بە نموونە دەڵێم تۆ کە گوتت «دنک» دەتوانی دەنگەکەی «ن» بە تەواویی بوەستێنێ هەر وەک دەتوانی قورسایش بخەیتە سەری، بەڵام کە دەڵێی «ڕانک» چارت نامێنێ دەبێ «ن» ـەکە قورس بکەیت و وشەکە بکەیتە دوو بڕگە «ڕا- نک». وشەی Film ئەگەر بزوێنەکەی تێدا نەبا، کە دەزانین بزوێنە و قورس کردن نییە، کورد نەی دەکرد بە «فلیم» چونکە لە وشەیێکی کوردیی وەک ئەودا مەجبوور نەبوە بزوێن بخاتە نێوانی دوو دەنگەکەی «ڵ، م»ەوە؛ کورد دەڵێ «چڵم» و مەجبوور نییە بڵێ «چڵیم» وەک مەجبوورە بڵێ «فلیم». ئەم دیاردەیە لێکۆڵینەوە و بەدواکەوتنی گەلێک پتر دەوێ بەڵام من لێرەدا ڕێم نییە چی تر بەدوای بکەوم چونکە من خەریک نیم فۆنەتیکی کوردی ساغ کەمەوە.

دیاردەیێکی تری زۆر گرنگی ئەم گونجانی ناوخۆیی دەنگەکان ئەوەیە کە وشەی چەند بڕگەیی لە کوردییدا بە حوکمی گونجان و نەگونجانەکە شوێنی بڕگەکانی دیار دەکەوێ. سەیرێکی ئەم نموونانە بکە: «بڵند، گرنگ، برنج، قەڵشت».

دەنگی «ن» حەز بە دەنگی «د، گ، ج» دەکا بۆیەیە دەکەوێتە ناو ئەو بڕگەیەوە کە ئەوانی تێدا بن و ناشێ لێیان دابڕێ، لەبەر ئەمە بڕگەکان وەهایان لێ دێ «ب- ڵند، گ- ڕنگ، ب- ڕنج، قە- ڵشت»، کە بە لاتینی و بە بڕگەی جوداکرایەوە بنووسرێن وەها دەنووسرین: qe-lisht, bi-ring, gi-ring, bi-lind. هەرگیز ناشێ بگوترێ «بل – ند bil-nid, گر- نگ gir-nig، بر- نج bir-nij، قەڵ- شت qel-shit».

بەڵام کە ویستت وشەی «فرچک» بڵێیت بە ناچاری بڕگەکان وەها لێ دەکەیت: فر- چک «fir-chik». هەروەهاش وشەی «گرتک» دەکرێ بەدوو بڕگە: گر- تک.gir-tik. وشەی «تلۆپک» دەبێ بکرێتە سێ بڕگە: ت- لۆ – پک ti-lo-pik.

لەم گوتارەدا مەودا نییە تاک تاکی دەنگەکان لەگەڵ هەموو دەنگەکانی تردا تاقی بکرێتەوە تاکوو بزانین خزمایەتی و دژایەتی نێوان دەنگەکان چەندە و چۆنە، ئەو دەرفەتەش نییە بەدوا ئەنجامەکانی ئەم دیاردەیە بکەوین لە زمانەکەماندا چ لە ڕووی جۆری ترکیبی وشەوە بێ چ لەلایەن حوکمی دیاردەکەوە بێ بەسەر شێوەی ڕێنووسدا چ لە هەر لایەنێکی ترەوە بێ لە لایەنەکانی بێ ئەژماری ئاخاوتندا. تێکڕای ئەم کارانە دەبێ بەجێ بهێڵرێ[2] بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی پشوودرێژ و لەسەرەخۆ کە هەموو زمانەکە و دەنگەکانی ئاخاوتن بگرێتەوە بۆ مەبەستی ڕووپێو کردنێکی فۆنەتیکی گشتی. بە نموونە ڕوون کردنەوەی حوکمی دیاردەکە لەسەر دەستووری ڕێنووس (املاء) ی کوردی ئەم میسالەت بۆ دێنمەوە.

وشەی «کاوڕ» بە شێوەی هاتنە دەری لە زاری کوردەوە دوو بڕگەی ئاشکرایە «کا- وڕ» کە بە لاتینی بنووسرێ وا دەبێ ka-wur. ئەم وشەیە لە کێشی شیعریشدا جێگەی دوو بڕگە دەگرێتەوە. «کاوڕم ناوێ لەگەڵ دایکی نەچێتە ناو پەرێز» Kawurim nawê....

هەر ئەم وشەیە کە بزوێنی بە دوادا هات قورسایی لەسەر دەنگەکەی «و» هەڵ دەستێ و خوێندنەوەی دەگۆڕێ، لە شیعریشدا مەودایێکی نوێ پێک دێنێ.

«کاورەکەم بۆ بێنە نەختێ سەیری کاوێژی بکەم» ...kawrekem bo bêne

دەبینی لە نووسینی لاتینیدا بزوێنەکەی u کە لە دوا w ەوە دەهات لزومی نەما، ئەگەر بزوێنەکە نووسرابا کێشی شیعرەکە نەدەما.

بەمەدا، بە هەزاران نموونەی تریشدا، بۆت دەردەکەوێ گەلێک لەو قورس کردنانە کە لە ئاخاوتنی کوردیدا هەن و زۆر لە نووسەران هەمیشە نیشانەی بۆ دادەنێن وەک ئەوەی گەنجینەیێکی شرایەوەی ئەوتۆیان دۆزیبێتەوە هەر بەوان دۆزرابێتەوە، ئا ئەو قورس کردنانە و نیشان و پیتی کە بۆیان دادەنرێ بەشێکی ئەصلی و پێکهێنەری وشەکە نین بەڵکوو ناچاریی هێناونی بۆ ئەوە بتوانرێ وشەکە تلفظی پێ بکرێ لە وشەی «کاوڕ ka- wur» دا قورس کردنەکەی سەر «و» کە لە لاتینیدا پیتی «u» ی بۆ بەکار هات وەک دەنگەکانی تری وشەکە «ک، ا، و، ڕ» نییە کە لە داڕشتنی ئەصلیدا بەشداری بووبێ و هیچ کامێکیان لەوانە نین تێبچن. ئەم قورس کردنە کە وەک کورتەبزوێن خۆ دەنوێنێ و پیتی u ی بۆ بەکار هات بەرهەمی کوتومتی هاتنی «و» ی وەستاوە لە پێش «ڕ» ی وەستاودا، چ دەخلێکیشی نییە بەسەر ترکیبی ئەصلی وشەکەوە واتە کە هاتی ئەو دەنگانە بژمێریت کە وشەی «کاوڕ» یان پێک هێناوە نابێ ئەم قورس کردنە بژمێریت، چونکە دەنگێکی ڕەسەن و پێک هێنەری وشەکە نییە، وەک ئەوەی یەکێک دەستی دەشکێ و دەیخەنە ناو شەپکەوە نابێ شەپکەکە بە ئەندامێکی کەسەکە وەیا بەشێکی دەستەکە بژمێررێت چونکە هەر کاتێک دەستەکە چاک بۆوە شەپکەکە لادەچێ. بزوێن کە پێک هێنەری وشە بۆ ئەویش وەک دەنگەکانی تر هەمیشەیی دەبێ. لە وشەی «پەنجەرە» دا هەرسێ بزوێنی کورتی «ە» بە درێژایی عومری وشەکە بەردەوام دەبن.

قورس کردنەکەی «و» لە وشەی «لاوڕ» دا وەک شەپکە وایە پێویستیێکی کاتی هێناوەتی، کە دەنگەکەی «ڕ» بزوێنی درایێ قورس کردنەکەی «و» ـەکە وەک شەپکەی دەستی شکاو فڕێ دەدرێت.

حوکمی ئەم دیاردەیە بەسەر ڕێنووسەوە لەوەوە دێت کەوا دەبێ ڕێنووسێک بێتە کایەوە فەرقی دەنگی ڕەسەن بکات لەگەڵ دەنگی ناچاریی و وەقتیی. ناشێ ڕێنووسی کوردی ئەو وشانەی کە قورس کردنی ناچارییان تێدایە بە دوو شێوە نووسین بخاتە ناو فەرهەنگەوە چونکە مومکین نییە لەبنەڕەتدا وشە بە دوو شێوە هاتبێ کە دەزانین یەکێکیان شێوەی ناچاریی و وەقتییە، وەک بەفری بەهار کە لەبەر تیشکی بەتینی ڕۆژ زوو دەچێتەوە، ئەویش لەگەڵ نەمانی ناچاریەکە لە خۆوە دەڕەوێتەوە.

حوکمی ئەم دیاردەیە لێرە بەدواوە ڕوونتریش دەبێتەوە چونکە وەک بۆت باس دەکەم گەلێک وشە هەڵ دەگرێ دەنگێکی تێدا قورس بکرێ وەیا قورس نەکرێ بێ ئەوە بزوێن لە کۆتایی وشەدا چاوەنۆڕ بکرێ. وشەی «کلک» یەکێکە لەو وشانەی دەتوانرێ بکرێتە یەک بڕگەی بێ قورس کردن «klk» و دەشتوانرێ «ل» ـەکەی تێدا قورس بکرێتە دوو بڕگە «ک- لک ki-lik» جا ئێمە کە دێین ڕێنووس بۆ کوردی قەرار دادە دەکەین دەبێ ئەم ڕاستییە یەکجار ئاشکرا و بنجییەمان لەبەر چاو بێ و بەمەدا خۆمان لە هەڵەی تێ نەخوێندنەوەی سروشتی دەنگەکانی کوردی ڕزگارکەین.

پێویستە زوو خۆمان تەسلیم نەکەین بۆ ڕواڵەتی «شت» ئەو شتە هەرچی دەبێ بابێ. لەم تایبەتیەی دەنگەکانی کوردییدا نابێ هاتنی قورسایی بۆ سەر یەکێک لە دەنگەکانی وشە خێرا فێڵمان لێ بکا و شانازیش بەوە بکەین قورساییمان دۆزیتەوە لە وشەدا کەچی دەبوو لە جیاتی دۆزینەوەی «قورسایی» هۆی قورساییەکە بدۆزینەوە و لە بایەخی خۆی پتر پێ نەدەین. هەست کردن بەوە کە لە وشەی «کاوڕ» و وشەی وەک ئەودا قورسایی لەسەر دەنگێکدا هەیە هەستێکی بدیهی و ئاشکرا و سەرەتایی و ساوایانە و بێ ئەرک و زەحمەت، کوردی گوتەنی، کوێریش لێی بە سەهوو ناچێ. گرنگ لێرەدا ئەوەیە هۆی پووچ کردنەوەی قورساییەکە

بدۆزرێتەوە، وەک دۆزیمانەوە، لە ڕێی ناسینەوەی سروشتی دەنگەکان و پلەی گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ یەکتردا.

فۆنەتیکزانی کورد دەتوانێ گەورەترین فێڵ لە فەیلەسووفێکی فۆنەتیکزانی ئەورووپایی بکا لەم باسەی قورس کردن و ڕەها کردنی دەنگ لە وشەی کوردییدا لەو فێڵەشدا دەتوانێ قسە سارد و سڕەکانی «زمانی هیند و ئەورووپایی – کوردی زمانێکی «إلصاقی»یە نەک «أشتقاقی» وەیا بە «پێچەوانەوە...» و چەندین قسەی تری بێ دەخلی وەک ئەمە بداتە پاڵ فێڵەکەیەوە تاکوو کابرای ئەورووپایی بەجارێ سەر شێواو دەکات لە ئاست زمانی کوردی و تایبەتییە ڕەسەن و بنجییەکانی، کەچی ئەگەر ڕاستی حاڵ بخاتە بەرچاوی زاناکەی ئەورووپایی لەوانەیە ئەو ڕاستییە بۆ ئەو ببێتە کلیلی دەرگەی گەلێک لەو نهێنیانەی کە تا ئێستا بۆی نەکراوەتەوە لە توێژینەوە دەربارەی زمانەکانی «هیندیی – ئەورووپایی».

ئەوەی بۆ من ڕوون بوویێتەوە لە خزمایەتی و دژایەتی ناوخۆیی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردییدا چوار پلەی تەواوە کە زۆر بە ئاشکرایی هەستی پێ دەکرێ. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم نیسبەتی هەندێک دەنگ لەگەڵ هەندێکی تردا وەک ئەوەیە کە بە عەرەبی پێی دەگوترێ «منزلة بين المنزلتين». دوای باس کردنی هەر چوار پلە دەگەڕێمەوە بۆ ئەمیان.

پلەی یەکەم: گونجانی تەواو

ئەم گونجانە لە نێوان هەندێک دەنگەکاندا ئەوەندە ڕێک دێت ناشێ هیچ قورساییەک بخرێتە سەر دەنگە وەستاوەکەی پێشەوە وەک لەم نموونانەدا دیار دەکەوێت:

- رد: کورد Kurd، بەرد Berd، کێرد Kerd.
- رت: کورت Kurt، مارت Mart، کەرت Kert.
- ست[3]: بەست Best، بیست Bist، ماست Mast.
- ش ت: گەشت Gesht، گۆشت Gosht ، پرشت Birisht، قەڵشت Qelisht.
- ن گ: دەنگ Deng، جانگ Jang، پوونگ Poong.
- ن د: بەند Bend، چاند Chand، سوێند Swênd، پند Pind، ڕەوەند Rewend.
- ن ج: بەنج، ڕەنج Renj، سرنج Sirirnj، ماڵنج کۆڵنج Kolinj.

بێگومان دەنگی تریش هەن، بێ لەمانەی سەرەوە، حەز بەیەکتر دەکەن لێرەدا پێویست نابینم بەدوایان کەوم.

پلەی دووەم: گونجان

ئەم پلەیە خزمایەتی بێهێزتری تێدایە لە هی پێشوو. لەم پلەیەدا دەشێ دەنگێک بە سکونی تەواوەوە لە پێش یەکێکیتردا بێت، دەشێ قورسیش بکرێ:

- ن ک: دەنک  Denk، دە- نک Denik
- کەپەنک Kepenk، کەپە- نک Kepenik
- ر گ: بەرگ Berg، بە- رگ Werig
- ورگ Wurg، و- رگ Wurig

- ڕ گ: قورگ Qurg، قو- ڕگ Qurig
- ر ک: دەرک Derk، دە- رک Derik
- کورک Kurk، کو- رک Kurik

پلەی سێیەم: نەگونجان

لەم پلەیەدا دەنگێک بە وەستاویی ناکەوێتە پێش دەنگێکی تری وەستاوەوە، واتە دەبێ دەنگەکەی پێشەوە قورس کرێ:

- ن م: گە- نم Genim، خا- نم Khanim، دۆ- نم Donim
- پ ڕ: کە- پڕ Kepir
- پ ڵ: تە- پڵ Tepil، س- پڵ Sipil

دەنگی «ک» لەگەڵ زوربەی دەنگەکاندا ناگونجێ وەک:
- شە- کر Shekir، مە- کس Mekis، مە- کر Mekir... هتاد. هەروەهاش دەنگی «ب».

پلەی چوارەم: دژایەتی

لەم پلەیەدا هاتنی دەنگێک بە وەستاویی لە پێش دەنگێکی ترەوە مومکین نییە. لێرە بە پێشەوە دوو دەنگی «ل، ڕ» مان باس کرد، لێرەدا، دەڵێم دەنگی «ق، ک» ئەوانیش وان. دەنگی «ب» ش ناچێتە پێش «م» ـەوە. لەم بابەتە دەنگی تر زۆرن.

من «نظریە» یێکی تایبەتی خۆم هەیە لەبارەی تەئسیری «بێگانەبوون» لە ڕووی دروست کردنی هۆی تێک نەگەیشتن و بە یەکتر ڕازیی نەبوون و عەیب لەیەکتر گرتن و شتی ئەو تۆییەوە لە نێوانی مرۆڤدا، ڕایەکەم بە شێوەیێکی کورت لە پێشەکی کتێبەکەی «بەرکوتێک لە خەرمانی کوردناسی» کە لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردە، بڵاو کرایەوە. لێرەدا نموونەیێکی تازە لە فۆنەتیکیش دێتە بەر دەست کەوا چۆن لە یەکتر دوور کەوتنەوەی مرۆڤ نەک هەر زمان دەگۆڕێ و بەس، بەڵکوو جۆری دەربڕینی دەنگیش دەگۆڕێ. دیتت کورد دەنگی «ر» لە پێش «ل» ـەوە ناهێنێ، کەچی ئەڵمانەکان ناوێکی زۆر باویان وشەی «کاڕل» ـە کە لە جێی تر دەبێتە «شاڕل - شاڕلمان». جگەرەیێکی بەناوبانگی ڕۆژئاوا «ماڕلبۆرە» یە. سمۆرە «سکوێرل» ـە. ناوم دیوە «میلڕوز»... هتاد.

دەگەڕێمەوە بۆ ئەو پلەیەی کە گوتم لە نێوان دوو پلان دایە. سەرنج بگرە لە دوو دەنگی «ر، ج» وەک لە وشەی «مەڕج، گورج، بەرج» دا تلفظیان پێ دەکرێ. ئەم خزمایەتیەی نێوانیان کەمترە لە هی «رد، رت» بەڵام پترە لە هی «رک، رگ». وا دەزانم هۆی ئەم جوداییە بریتییە لەمە:

دەنگەکانی «د، ت» هەردوویان لەبەر دەمی شوێنی «ر» ـەوە بەلای پووکەوە دەر دێن، واتە لەو شوێنەوە دەردێن کە بە نیسبەت دەنگی «ر» ـەوە دەرگەی ئاسایی هاتنە دەرەوەی ئاخاوتنە چونکە دەزانین ئاخاوتنی مرۆڤ لە ئەندامەکانی «نطق» ـەوە بۆ دەرەوەی دەم دەجووڵێ و دەبزوێ. بەڵام دەنگی «ج» دەکەوێتە پاش جێگەی دەنگی «ر» ـەوە هەر چەند جێگەی دەربڕینیشیان بەیەکەوە نووساون، لەبەر ئەمە تۆ کە لە دەنگی «ر» ـەوە بەرەو دەنگی «ج» پرۆیت بەرەو دواوە دەگەڕێیتەوە کە ئەمە نەختێک دژی داخوازیی ئاخاوتنە کە حەز دەکا دەربێ، بۆیێ خزمایەتی «ج» لەگەڵ «ر» دا کەمترە لە خزمایەتی «د، ت»، بەڵام پترە لە

خزمایەتی «ک» چونکە جێگەی دەنگی «ک» دوورتر دەکەوێتەوە لە جێگەی دەنگی «ر»، واتە بەولای جێگەی «ج» ـەوە بەرەو قورگ لە جێگەی «ر» دوور دەکەوێتەوە.

لەم بابەتە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیە هەتا بەدوای کەوین و بۆی تێ هەڵکشێین لێی نابینەوە چونکە فۆنەتیکی کوردی تا ئێستا هیچی ئەوتۆی تێدا نەگوتراوە و نەدۆزراوەتەوە کە بەتایبەتی هی دەنگەکانی کوردی بێ، هەرچی کراوە یا سەرەتا و بەدیهیەی ئەوتۆیە بۆ هەموو چاوێکی نەختێک وردبین ئاشکرایە، یاخود شتی گشتی ئەوتۆیە، وەک هەوا و تیشکی ڕۆژ، تێکڕای جیهان تێیاندا بەژدارە. من بەتەواویی و لە هەموو ڕوویێکەوە دژی کوتانەوەی گوتەی لێرە بە پێشەوە گوتراو و شتی وەک بدیهیەم، هەر نەبێ لەبەر ڕێزنان لە خوێنەر، چونکە خوێنەرێک بدیهیە و شتی گوتراوی بۆ دووبارە دەکرێتەوە کە لە پلەی سەرەتایی خوێندن و زانیندا بێ. کاتێک هێنانەوەی بابەتی گوترایەوە و ئاسان ڕەوا دەبێ کە بۆ مەبەستی دۆزینەوەیێکی نوێ وەیا بەدەستەوە دانی سوودێکی گرنگ وەیا بنیاد نانی فکرەی تازە... بێ. من باسی ئەم دیاردەیەی گونجان و نەگونجانی دەنگەکانی ئاخاوتنی کوردیم نەدەکرد ئەگەر لێرە بە پێشەوە کەس لە سەری دوابا، باسیشم کردبا بۆ مەبەستی خستنەسەر وەیا ڕاست کردنەوە وەیا ڕەخنە دەبوو.

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم تایبەتیەی فۆنەتیکی کوردی هێندە بنجی و گرنگە لە زمانەکەماندا و بە جۆرێک تێکەڵی ڕایەڵ و تانوپۆی داڕشتنی وشە و بەیەکەوە بەستنەوەیان بووە و خۆی زاڵ کردوە بەسەر بەشێکی بەرچاوی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی، لێمان داوا دەکا زۆر بە پسپۆری نەخشەیێکی سەرلەبەری هەموو دەنگەکان ڕێک بخەین لە ڕووی دیارخستنی پلەی گونجان و نەگونجانیان لەگەڵ یەکتردا. هەروەک نەخشەی وڵاتێک شکڵی گشتی وڵاتەکە و بەرز و نزمی و تەڕ و وشکی و پان و درێژی و ڕێگەوبان و دارستان و ڕووتەن و پاوان و بیابان و هەموار و هەڵدێر و هەموو سەروبەرێکی وڵاتەکەت نیشان دەدات و فکرەیێکی ڕوونت لەبارەیەوە بۆ پێک دێنێت، هەروەها ئەم نەخشەیەی گونجان و نەگونجانی دەنگەکان لەگەڵ یەکتردا لێی دەوەشێتەوە بکرێ بە ئاوێنە و «وشە« ی کوردی تێدا عەکس بکرێتەوە لە حاڵی سادەیی و لێکدراویی و بەستنەوەی بە ئەمراز و پیتی پەیوەندیی و سوان و لێ قرتان و هاتنە سەر و ئاڵوگۆڕی دەنگ بە یەکتر و یەکتر دەر کردن و یەکتر داخوازیی کردن و هەموو حاڵێکی تریدا، ئەگەر وشەکەش «کار» بوو بە چاوگ و شێوەی داڕشتنی لە ڕابردوو و ئایندە و فەرمان و قبووڵ کردنی پێشگر و پاشگر و سوان و نەسوانیان و هاتنی شتی تر بۆ کارەکە و... هتادەوە، بۆ ئەوە بزانرێ ئەم دیاردەیە «گونجان و نەگونجان» چ تەئسیرێکی بوە لەم ڕەفتارەی کە قسەکەری کورد لەگەڵ ئاخاوتنی کوردییدا کردوەتی. ئەم نەخشەیەی باس لێ کراو وەک جۆگەلەی نرخی پیتەکانی «أبجد هوز» وایە کە لە «حساب الجمل» دا بەکار دێت و لە لێکدانەوەی هەموو «مێژوو» یەک پێویستمان پێی دەبێ. لێرەدا بۆ مەبەستی ڕوون کردنەوەی چەند نموونەیەک دێنمەوە:

1- مەکینەی «کسارە» کە بۆ هەموار کردنی ڕێگەوبانان بەکار دێت لە نێو هۆزەکانی کورددا بوە بە «کەستاڕە». دەزانین کورد حەز لە «شدە» ناکات بۆیێ گرتنەکەی دەنگی «س» ی لە وشەکەدا نەهێشتوە، لەجیاتی ئەو، دەنگی «ت» ی هێناوە. ئەم دەنگەی «ت» بە ڕێکەوت نەهاتوە بەڵکوو بە حوکمی ئەو گونجانە تەواوەی دەنگی «س» ی ساکن هاتوە کە دەکەوێتە پێش «ت» ـەوە، وەک گوتمان هەرگیز دەنگی «س» ی ساکن قورس کردن قبووڵ ناکات لە پێش دەنگی «ت» دا. لێرەدا دیاردەی «گونجان و نەگونجان» دەنگی «ت» ی بەسەر «کسارە« دا سەپاند. سەیر لەوەدایە ئەم حەز کردنەی دەنگی «س» لە دەنگی «ت» وای کردوە نەخوێندەواری کورد بڵێ «قەستەم بەخوا».

2- وشەی «هەڵوەستان» کە لە دوو کەرتی «هەڵ» و «وەستان» پەیدا بوە دەکرێتە «هەڵستان، هەڵسان، هەستان» دەبینی لە هەموو حاڵاندا دەنگی «س» بەردەوامە کەچی دوو دەنگی «ڵ، ت» قرتانیان بەسەر دادێت. وا دەزانم ئەم قرتان و بەردەوام بوونەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ حوکمی گونجان و نەگونجانەکە، بەڵام ئەم جارەیان نەختێک بە فرەوانتری، لەو

ڕووەوە کە لێرەدا گونجان و نەگونجانی تێکڕای دەنگەکان، نەک تەنها دوو دەنگ، بەشدار بوە لە داهێنانی شێوە تازەکانی «هەڵوەستان» کە بریتین لە «هەڵستان، هەڵسان. هەستان». جگە لەمە عامیلی تریش دەوری دیتوە، وەک قابلیەتی سوانی «ت»، بەڵام ناتوانم لەسەری ڕۆم.

کە بمانەوێ بەدوا نموونەی تر بکەوین ڕێگەمان زۆر درێژ دەبێتەوە: کورتە و پوختەی ڕایەکەم ئەوەیە دەبێ ئەم نەخشەیە بە وردی و بە ڕاستی ڕێک بخرێ و وەک «جدول الضرب» لە بەر دەستی فۆنەتیکزان - ڕاستییەکەی زمانزانی کورد - بێ و سوودی لێ وەرگرێ، لە دروست کردنی وشەی تازەشدا دەبێ ئەم گونجان و نەگونجانە تێ بخوێندرێتەوە.

بێ گومان بوونی ئەم نەخشەیە شتێکی پێویستە و سەربەخۆیشە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە پێوەندیی بە شتی تریشەوە هەیە، بەڵکوو پەکی لەسەر شتی تریش کەوتوە بۆ ئەمەی سوود لێ وەر گرتنی بە تەواوی بێت وەک ئەوەی کە دەبێ بزانین هەر دەنگە لە چ جێگەیێکی قوڕگ و زار و لێوەوە (ئەندامەکانی ئاخاوتن بە گشتی) دەر دێت و کامی لە مەخرەجی کامیەوە نێزیکە و کامیان بە نیسبەت ئەوی ترەوە لە دەمەوە نێزیکترە... هتاد. دیار خستنی جێگەی دەرپەڕینی دەنگەکان لە حاڵی وەهادا سوودی دەبێت نەک وەک مۆمیا لە مۆزەخانەی فۆنەتیکدا دانرێ و توێژینەوەی شتی تری لەسەر نەکرێ.

نەک هەر ئەمە و بەس، بە لای منەوە دەبێ تین و تاوی دراوسێیەتی کورد لەگەڵ میللەتانی تر بۆ سەر زمانەکەی و داهێنانی دەنگی تازە لە کوردییدا و هەموو سەروبەرێکی ئەم لایەنەش بە چاکی لێی بکۆڵرێتەوە و دۆزینەوەکانی ئەم مەیدانەش ببنە یارمەتیدەری پلەی گونجان و نەگونجانی ناوخۆیی دەنگەکانی کوردی.

بە کورتی پێویستە ئەم دیاردەیە کە خۆی لە خۆیدا شتێکی سەربەخۆیە لەناو پەراوێزی تێکڕای «ئاخاوتن» دا بەگەڕ بێ و ئەنجامەکانی دیار بخرێ، لەم کارەشدا نابێ پەکمان بەوە بکەوێ فۆنەتیک تێکەڵ دەبێ لەگەڵ فۆنۆلۆجی وەیا سینتاکس وەیا ئەدەب وەیا ڕێزمان وەیا مێژوو وەیا هەر زانستێکی تر بێ. ئێمە دەمانەوێ نهێنیی زمانی کوردی بدۆزینەوە نەک خەریکی وەرزشی «یوگا» بین بۆ مەبەستی خۆ ڕەنج دان، لەناو بەندیخانەی تاکە یەک لایەنی توێژینەوەی زمانی هەناسە لە خۆمان ببڕین.

ئەوەی ڕاستی بێ بۆ زمانزانی کورد کە خەریک بێ لە بارەی زمانی کوردییەوە بتوێژێتەوە جارێ یەکجار زووە بۆ داهاتنی پلەی «تخصص». زمانی کوردی نە لە لایەن دیراسەی مێژوویی یەوە نە لەلایەن Linquistic ـەوە بە تێکڕایی، هیچ بارێکی بە تەواویی، بگرە نیوەچڵیش، ساغ نەبۆتەوە تاکوو لزوم نەبێ فۆنەتیک بە فۆنۆلۆجییەوە ببەسترێتەوە و هەریەک لەم مەیدانانە چاپوکسواری خۆی هەبێ و هێندە تێیدا مەعلان بێ سنووران نەبەزێنێ.

تۆ بڵێ دەبێ میللەتی کورد چەند ساڵی تر چاوەڕوانی پەیدا بوونی «متخصص» ی خۆتەرخان کردوو بۆ تاک تاکی ئەو مەیدانانە بکا، بەدوا پەیدا بوونیشیان چەندی تر بەدیار بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیانەوە دەست لە ئەژنۆ وەرێنێ، ئەوساش چاو چڕ کاتەوە بەچکە پێغەمبەرێک بێ و سوودی هەموو جۆگەلەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی و سینتاکس و توێژینەوەی مێژوویی بکاتە یەک ڕووباری شەپۆلاویی کوردناسی و کێڵگە وشکبوەکانی ڕۆشنبیریی کوردی پێ ئاو بدات؟ ڕەنگە ئەو ڕۆژە یەکجار دووربێ، گریمان نێزیکیش بوو نابێ دەستی خۆمان ببەستینەوە و مێشکی خۆمان داخەین بە دیار ئەو «نەورۆز»ە تازەیەی صەدەی بیستەم وەیا بیست و یەکەمی کورد. ئەگەر زاناکانی زمانی عەرەبی 1200 ساڵ پێش ئەمڕۆ بیروڕایەکی وەهایان بە دڵدا چووبا یەک هەنگاویان بۆ نە دەهاوێژرا چونکە یەکەم هەنگاو بەند دەبوو بە «تخصص» ـەوە کە دەزانین لە سەرەتاوە وەک «مستحیل» وابوو.

ئێمە خەریک نین ئەم باسانە بە «مجرد» ی و لە مەیدانی «مطلق» ی زمان و ئاخاوتن باس بکەین: ئێمە خەریکی زمانێکی تایبەتین کە لێکۆڵینەوەی تێدا نەکراوە. زۆر سەیرە بگوترێ، وەک

دەگوترێ، زانین و ناسینەوەی زمانی کوردی پێویستی بە زانینی زمانە بنجییەکانی بەرەی «هیندی ئەورووپایی» هەیە بەڵام باسی فۆنەتیکی کوردی دەخلی بەسەر فۆنۆلۆجی کوردییەوە نییە.

لەکۆتایی گوتاردا زۆر بە کورتی باسێکی «دەنگە بزوێن» ـەکان دەکەم تا ببێتە سەرەتای لێکدانەوە لەو بارەوە کە من بۆی چووم.

هانا بردنە بەر ڕێنووسی لاتینی وەک لە ئینگلیزی و فەرەنسیدا بەکار هاتوە ئەرکێکی بێسوودە چونکە لەو ڕێنووسانەدا پیتی تایبەتی بۆ تاکە دەنگی بزوێن Vowel پەیدا نابێ. فەرموو سەیری پیتی A بکە کە لەوانەیە هەندێک بڵێن بۆ دەنگی «ا» دانراوە:

- And: لێرەدا بوە بە «ئە» کە دوو دەنگی «ئـ- همزەی عەرەبی» و کورتەبزوێنی «ە- فتحەی عەرەبی» یە.
- Oar: لێرەدا یا نرخی نییە یا بوە بە دەنگی «ۆ».
- Wraught: ئەم وشەیە یەک بڕگە و حەوت پیتە، بۆ خۆت نرخی پیتەکەی «A» تێدا بدۆزەوە، بە من نادۆزرێتەوە.
- Care: لێرەدا جێی «ێ» ی گرتۆتەوە.
- هەندێ جار پیتی «i» لەوەش سەیرترە: «I»؛ بە واتای «من، أنا» دەخوێندرێتەوە «ئای» کە بریتییە لە «3» دەنگی تەواو. هەر ئەم «ئای» ـە بە واتای «چاو» دەکرێتە Eye.
- لە وشەی Ear دا پیتی e بوە بە دەنگی «ئـ- همزەی عەرەبی». لە وشەی Beer دا بوە بە «یی» درێژ، لە Bear دا بوە بە «ێ» ـە پەل، لە وشەیHere دا جارێکیان بوە بە «یە» جارێکیان هەر تێ چوە و نرخی نییە وەک دەنگ.

ئەمە دەڵێم تاکوو خوێنەری کورد لە تۆژینەوەی دەنگەکان خۆی لە ئینگلیزی و فڕەنسەیی نەگەیەنێ چونکە لە ڕێنووسی ئەو زمانانەدا دەنگە بزوێنەکانی شکڵی «هیرۆگلێفی» یان هەیە نەک پیتی تایبەتی.

بزوێنەکان لە کوردییدا، وەک دەنگ، دەبنە دوو بەشی جودا:

یەکەم: کورتەبزوێن کە شکڵی «ە، و، ی» یان بۆ دانراوە، لە عەرەبیدا پێیان دەگوترێ «حركة» و ناوی «فتحة، ضمة، كسرة» یان هەیە.

کورتەبزوێن بوونی سەربەخۆی نییە، واتە تەنها تلفظی پێ ناکرێ، بەدوا دەنگی تردا دەردەکەوێت. ئەم ڕاستییە کەم ناکا بەوەدا کە لە لاتینی بۆ هەر بزوێنێکی کورت پیتێکی سەرلەبەر و تەواوی وەک پیتەکانی تری بۆ دانراوە. ئێمە قسەمان لەگەڵ دەنگە نەک وێنەی دەنگ کە «پیت» ـە. تۆ حەزدەکەی لەجیاتی «ە - فتحة» ملەحوشتر دانێ، ئەو بۆخۆی هەر بەدوا دەنگی تردا دێت لە ئاخاوتن. عەرەب لە کۆنەوە کە بۆ کورتەبزوێن زاراوەی «حركة» یان داناوە و لە نووسینیشدا «فتحة، ضمة، كسرة» یان کردۆتە نیشان، لە خۆڕایی وایان نەکردوە، دیارە ئەم لایەنە گرنگەی نەبوونی وجودی سەربەخۆیان لە کورتەبزوێندا تێ خوێندۆتەوە.

کورتەبزوێن یەک جۆریان هەیە، واتە یەک جۆر «ە، ی، و» بە واتای «فتحة، ضمة، كسرة» لە زارەوە دێتە دەرێ.

دووەم: بزوێنی درێژ «ا، وو، ۆ، ی، ێ» ـە.

وەک دابینی دەنگی «ا» یەک جۆری هەیە، بەڵام دوو دەنگەکەی تر هەریەکەیان دوو جۆریان هەیە، کە ئەمە یەکێکە لەو دیاردانەی دەنگی «ا» لەوانی تر جودا دەکاتەوە، دیاردە و تایبەتی تریش هەیە لێیانی جودا کاتەوە لێرە بەدواوە باسیان دەکەین.

سێیەم: واباوە لەناو فۆنەتیکزان و تێکڕای زمانزانان کە وا دەنگە بزوێنەکانی درێژ هەر یەکەیان بە قەدەر دوو کورتەبزوێنە، هەر بۆیەش بۆ واوی درێژیان بە دوو واو دەنووسی و یێی درێژیشیان بە دوو یێ دەنووسی.

من وا دەزانم «واو و یێ» ی درێژی تیژ ڕاستە کە هەر یەکەیان بایی دوو کورتەبزوێن درێژن، بەڵام دەنگی «ا» دوو «فتحة» نییە. بەلای باوەڕی منەوە دەنگی «ا» لە تایبەتیێکی یەکجار بنجیدا خۆی لە دەنگی کورتەبزوێنی «فتحة – ە» جودا دەکاتەوە: هەڵستانەوەی دەنگی «ا» هەڵستانەوەیێکی ستوونی یەکسەرەیە، بەڵام هەڵستانەوەی دەنگی «فتحة» لەچاو هی «ا» دا وەک هەڵستانەوەی «وتر القائم» وایە واتە لە نێوانی ستوونی و ئاسۆیی دایە. تۆ کە بێی دەنگی «ا» لە وشەی «دار»دا کورت کەیتەوە وشەکە نایێتە «دەر»، دەنگەکەی «ە» ش لە وشەی «دەر»دا درێژ کەیتەوە نایکاتە «دار».

چوارەم:- دەنگی «و» و «ی» چ بزوێن بێ وەک «دوور، دۆڵ» «ژیی، ژێ» چ Consonant بێ وەک «یار، دایک، های»، «وار، باوک، ڕاو» هەر خۆیەتی ئەم قابلیتەی هەیە. لەمەشدا گۆرانی شکڵی دەنگەکان لە ڕێنووسی لاتینیدا چ بایەخێکی نییە. بەڵگەی یەکبوونی ئەم دەنگانە زۆرە، جگە لە بدیهیە کە دەزانێ هەموویان یەکێکن، لێرەدا یەک دوەکان دێنمەوە:

1. بۆ دەنگی «و»

- کە گوتت «بەرد و دار» لێرەدا «و» ـەکە عطف بزوێنە، بەڵام کە گوتت «چرا و نەفت» واوەکەی عطف بوە Consonant.
- لە فیعلی «نووست» واوەکە بزوێنە. کە فیعلەکەت گۆری بۆ ئایندە دەبێتە «دەنوێ» لێرەدا واوەکە بۆوە Consonant.
- لەگەڵ خۆتدا دەنگی واوی وشەی «باو» درێژ کەوە دەبینی دەبێتە واوێکی بزوێنی تیژی درێژ.

2. بۆ دەنگی «ی».

- کە دەڵێت «بەردی بەست» یێیەکەی «اضافة» بزوێنە بەڵام کە گوتت «برای من» هەمان یێی «اضافة» بۆوە بە Consonant.
- کە دەڵێ «گرتی» ئەم یێیەی «ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک» بزوێنە بەڵام کە گوتت «کێڵای» یێیەکە دەبێتە Consonant.
- لەگەڵ خۆتدا دەنگی یێی وشەی «چای» درێژ کەوە دەبینی دەبێتە یێیەکی بزوێنی تیژی درێژ.

جگە لەمانە بەڵگە هەن من نایان هێنمەوە ناو نووسینەوە.

پێنجەم: دەنگی «ا» لەم چەند ڕووەوە خۆی لە دوو دەنگی «و، ی» جودا دەکاتەوە:

1. لەوەدا کە یەک جۆر «ا» هەیە.
2. لەوەدا کە بریتی نییە لە دوو کورتەبزوێنی «ە - فتحة».
3. لەوەدا کە ئەویش وەک کورتەبزوێنەکانی بە تەنها تلفظی پێ ناکرێ واتە هەر بەدوا دەنگی تردا خۆ دەنوێنێ. هەر بۆیەیە نە لە پێشەوەی وشەوە دێت نە لەناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دەکرێ بە Consonant.

من لەمەدا هەرگیز باوەڕ بەو گوتەیە زۆر مەشوورەی کۆنینە ناکەم کە دەڵێ «همزة» بریتییە لە دەنگی «ا» کە تلفظی پێ کرابێ بە سەربەخۆیی. عەرەبەکان لە کۆنەوە «همزة» و «الف» یان بە یەک پیت «دەنگ» داناوە هەر بۆیەیشە ژمارەی «حروف الهجاء» لە عەرەبیدا «28» ـە. بەڵێ ڕاستە وا دەبێ دەنگی «همزة» خۆی لەناو دەبا بۆ دەنگی ئەلف وەک ئەوەی کە لە جیاتی «دەئاخێوێ» دەگوترێ «داخێوێ» بەڵام ئەم تایبەتیەی «همزة» لەگەڵ «ی» شدا هەر وایە. تۆ دەڵێی «دەئێشێ» دەشتوانی بڵێی «دێشێ» بەمەدا دیار دەبێ هەمزە قابلیەتی تێچوونی هەیە نەک لە ئەلفەوە هاتوە.

ئەم بیروڕایانەی لێرەدا خوێنەر و فۆنەتیکزانی کورد دەیان خوێننەوە سەرەتاییێکی نوێی باسێکی درێژەدار و بنجین لە زمانەکەماندا. بەهەڵە چوونی من لە هەندێ لایەنەکانی باسەکە لە بایەخ و گرنگی باسەکە خۆی کەم ناکاتەوە. هەروەها خەریک نەبوونی زمانزان و فۆنەتیکزانی کورد و غەیری کوردیش پێیەوە، سوچێکی من و باسەکەی تێدا نییە. وادەزانم سۆز بۆ ڕاستی بە گشتی، بۆ زمانی کوردی بە تایبەتی، داوا لە هەموو کوردێک دەکا بە گیانێکی «موضوعی» سەیری باسەکە بکرێ نەک لە گۆشەی «من من و تۆ تۆ» وە کە پیشەیێکە زۆر ڕێبازان کوێر دەکاتەوە.

یەک دوو تێبینی کورتیلەم ماوە بیان کەم بە کۆتایی گوتار:

دەبوو بڵێم هاتنی هەموو دەنگێک لە پێشەوەی وشەوە، کە بزوێنی ئاشکرای بەدوادا نەیێت بە ناچاری دەنگەکە قورس دەکات. هەر لەبەر ئەم ناچاریەیە دەنگی «س» کە لە وشەی وەک «ستاندن، ستران» دا لە پێش دەنگی «ت» ـەوە دێت دەبێ قورس بکرێت ئەگینا تلفظی پێ ناکرێ. لەم شوێنانەشدا وادەبێ حوکمی خزمایەتی و گونجانی دوو دەنگی «س،ت» خۆ بەدیار دەخا بە وەدا کە وشەی «ستاندن» دەکرێتە «ئەستاندن» بۆ ئەوە ئیمکان هەبێ سینەکە بە تەواویی بوەستێنرێ، وشەی «ئەستەم» یش هەر لەم ڕێگەیەوە لە «ستەم» ـەوە وەرگیراوە. نووسینی هەندێ وشەی ناو باسەکە کە بۆ مەبەستی ڕوون کردنەوە بە لاتینی نووسراوە چ ڕێنووسێکی قەراردادەی تێدا ڕەچاو نەکراوە، تەنها ویستوومە بیروڕایەکە بخەمە قاڵبێکی مەفهوومەوە.

داوای چاو پۆشیش دەکەم لە هەر شتێکی ئەوتۆ کە جێگەی چاو لێ پۆشین بێت.

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی سێیەم / بەشی یەکەم ساڵی 1975
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net پاییزی 2009

«..»

---

[1]

[1] - لێزەو: تیار، Current

[2]

[2] - لە وشـەی «بهێڵرێ» دەنگی «ڵ» هاتۆتە پێش «ر» ـەوە. ئەم هاتنە دەسـتوورەکەی لێرە بە پێشـەوە باس لێ کراومان هەڵ ناوەشـێنێ. بە پێی ئەو دەسـتوورە دەنگی «ڵ، ر» لە ترکیبی بنچینەیی یەک وشـەدا بە یەکەوە نایەن، لێرەدا دەنگی «ر» بۆ صیغەی «بناء للمجهول» هاتووە. لەگەڵ ئەمەشـدا زۆر کەس دەڵێن «بهێڵدرێ» تاکوو لە قورسـایی هاتنی «ر» لە دوا «ڵ» ـەوە رزگار بن.

[3]

[3] تێبینی: لە شیعردا بۆ ڕاست کردنەوەی «کێش» قورسایی خراوەتە سەر «س»
ـەکە پێش «ت» ـەوە وەک لەم بەیتەی «نالی» دا دەدیترێ:

ڕاستی صەیقەلییە تیغی زمانی نالی
نەرم و توند ئاوی گەلووگیرە قسەی پێ دەبڕێ

وشەی «ڕاستی» دەنگەکەی «س» ی تێدا قورس کراوە، ئەگەر بە لاتینی بنووسرێ وای لێ دێ Rasitee کەچی وشەی «ڕاست، ڕاستی» هەردوویان لە دەرەوەی شیعر Rast-Rastee دەگوترێ. دیارە پێویستی شیعر لە هەموو شوێنێکدا و لەگەڵ هەموو دەنگێکدا کاری خۆی دەکا نەک هەر لەگەڵ دەنگی «س» دا.

---

## هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەیێکی زمانی کوردی

- بەشی یەکەم - دیاردەیێکی فۆنەتیکی
- بەشی دووەم - ئاخافتنی عادەتی و شێوازی ئەدەبی
- بەشی سێیەم - دەنگەکانی ئاخاوتن: «یەک ڕاستیی بزرکراو»

## بەشی یەکەم - دیاردەیێکی فۆنەتیکی

دەزانین لە کوردیدا لەهجەی ئاخاوتن لە جێگەیێکەوە بۆ جێگەیێکی تر شێوەگۆری دەکات تا ئەو ڕادەیەی، وا دەبێ، لە یەکتر گەییشتن وەزەحمەت دەکەوێت، ئەمەش دیاردەیێکە لە هەموو زمانان دێتە بەرچاو وەک کە دەبینین شێوە ئاخاوتنی دانیشتوانی توونس نائاشنا و نامەئنووسە لەبەر گوێی خەڵکی قاهیرە وەیا بەغدا وەیا حەلەب و خەرتووم کە هەمووشیان هەر عەرەبن. شێوە ئاخاوتنی ئەوانیش لەبەر گوێی عەرەبی غەریری خۆیان بێگانە دەنوێنێت و پێویستی بە تەرجومان دەبێت...

ئەم جوداوازییەی ئاخاوتن کە تێکڕای زمانی وتووێژ دەگرێتەوە، هەر لە وشە هەتا جۆری تێکبەستنی وشە و ڕستە... هەتا دەرپڕینی ئەو هەستەی کە مەبەستی ئاخێوەرە لە قسە کردندا وەک: تووڕەیی، ناڕەزامەندی، ڕاڵێبوون، شکاندنەوە، ئافەرین لێکردن، خۆشویستن، ڕقلێبوونەوە... هتاد، ئا ئەم جوداوازییە بەرفرەوانە خورد دەکرێتەوە بۆ جوداوازیی دەرپڕینی تاکە دەنگ لە وشەدا وەک کە کۆیی لامی قەڵەو دەکەن بە «ر» ی لاواز کەچی مەنگوڕایەتی چەند جار هێندەی لامە قەڵەوەکەی سلێمانی قەڵەوتری دەکەن، وەیا دەنگی «د» لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا بەزۆری تێدەبردرێ و دەنگێکی تایبەتی دەخرێتە جێیەوە کە لە نووسیندا پیتی بۆ دانەندراوە، واش دەبێ هەر بە تەواوی لە ناودەچێت بێ ئەوەی هیچی لە جێگەدا دابنرێت وەک کە «قەرەداغ» دەبێتە «قەرەداغ - خ».

هەندێ جۆری دەرپڕینی «دەنگ» لە ئاخاوتندا ڕوو لە ئەنتیکەیی دەکات کاتێ کە دوو دەنگ لە تەک یەکتریدا تاو بۆ یەکتر دەهێنن و گۆران لە یەکتردا پەیدا دەکەن. نموونەی ئەم بابەتە ئەگەر زۆر نەبێ کەمیش نییە، بەڵام بە هۆی لەیەکتر داپران و یەکتر نەبیستن و تێکدا نەگەڕانی میللەتەکەمان کەم وا دەبێ خەڵکەکە گوێبیستی هەموو دەنگە سەیرەکان ببێ: ئەدیب و نووسەری کورد، لە سلێمانی بێت یا لە هەولێر و یا لە کەرکووک و هەر شوێنێکی تری کوردزمان بێت بەدەگمەن نەبێت گەشت و گەڕان لە دەشتودەر و هەڵەت و پەڵەتی وڵاتەکەی ناکات، ناوناوێک نەبێت کە بە سەردان وەیا لە گەشتی هاوینەدا چەند شوێنێک دەبینێت، ئەویش بە پەلە و تەنها، ئەو شوێنانەش کە ڕێگەی گەڕۆکیان پێ گەیشتووە. یەک بستی خاک و ئاوی وڵاتەکەی نابینێت و گوێ لە یەک وشەی هیچ یەکێک لە شێوە ئاخاوتنی جۆراوجۆری کوردستانی پان و بەرین نایێت.

ئا لەم دەرفەتە یەکجار بەرتەسکەی گوێبیستبوونی لەهجەکانی کوردیدا، یەک دوو تێبینی هەن کە هەر بەجارێ دەرفەتەکە دەکاتەوە بە کوونی سووژن. تێبینی یەکەم ئەوەیە کە کوردی عیراق[1][i] بۆی ڕێک ناکەوێت بە کوردستانی دەرەوەی عیراقدا بگەڕێت، جا ئەگەر هیچ جۆرە «دەنگ» یێکی مەیلەو سەیر و ئەنتیکە لەو شێوانەدا هەبێت ناکەوێتە بەرگوێی، مەگەر ئەو دەنگە بە پێی خۆی بەرەو پیرییێوە بێت.

تێبینی دووەم ئەوەیە کە لەو حاڵەتە زۆر کەمەشدا کە بۆ ڕۆشنبیر و ئەدیب و نووسەری کوردی عیراق ڕێک دەکەوێت گەشتی هاوینە بکات، هەر گوێی لە وتووێژی ئەو خەڵکە دەبێت کە لە ئۆتێلەکاندا تووشیان دێت. دانیشتوانی ناوچەکە توانای سەردانی ئۆتێلەکانیان نییە تاکوو گەشتەوەرەکە وتووێژیان ببیستێت. لەمەش بترازێ، کەم وادەبێ گەشتەوەر و سەفەرکردوو مەراقی چۆنیەتیی دەمودووی خەڵک و جۆری هاتنەدەرەوەی دەنگەکانی ئاخاوتنی هەبێت تاکوو لە نێوان هەزاران قسە و دەنگی عادەتیدا یەک دووانێکی ئەنتیکە دەستبژار بکات و لای خۆی هەڵیان بگرێت بۆ باس لێکردن و لەسەر دوان و بەراورد کردن و کاری ئەوتۆیی زمانەوانانە.

بەڕاستی ئەم گوێبیست نەبوونەی لەهجەکانی زمانی کوردییە وا دەکات نووسەر پتر لە پێویست و بەرژەوەند پێ لەسەر لەهجەی شار و گەڕەک و دەربوونەی خۆی دابگرێت و هەموو لەهجەکانی تر بە هەڵە بژمێرێت. مرۆڤ ئاشنای نەفسی خۆی و ئەو کەسانەیشە کە وەک خۆی وان، چ لە ئاخاوتن بێت، چ لە داب و دەستوور و نەریت بێت و چ لە جۆری خۆراک و پۆشاک و بیر و باوەڕ و نرخاندنی کۆمەڵایەتی و هەموو سەروبەرێکی ژیان بێت... لەبەر ئەمە ئەگەر بە چاوی «بێگانە» سەیری ئەو کەسانە بکەین کە وەک «خۆمان» نین، لێیان گوێ قوتاخ و

سەیرپێهاتوو دەبین، ئاگاشمان لەوە دەپرێ کە ئێمەش بۆ ئەو «بێگانە»یە هۆی گوێ قوتاخبوون و سەیرپێهاتن دەبین.

یەکێک لەو دەنگە سەیرانەی کە لە بەیەک گەیشتنەوەی دوو دەنگ پەیدا دەبێت ئەو منگە و «غنە» یە کە لە زاری سلێمانیدا لەبەیەک گەیشتنەوەی «ن، گ – ن، د»، بەتایبەتی لە کۆتایی وشەدا، دێتە بەرگوێی بیسەرەوە. کەم وادەبێ یەکێک خۆی خەڵکی سلێمانی نەبێ وەیا بە منداڵی تێیدا نەژیابێت و گەورە نەبووبێت بتوانێ وەک ئەوان منگەی نێوان ئەو دوو دەنگانە دەربپریت. هەر ئەمەیشە پێویست ناهێڵی بە دانانی نیشانەی تایبەتی لەو تەرزە شوێنەدا، چونکە دیارە ئەو دەنگەی کە بە مامۆستاش فێری نەبم، نیشانەی کەڕولاڵی بەستەزمان ناتوانێ فێرمی بکات. بەلای خەڵکی سلێمانیشەوە دەنگەکە بە نیشانە و بێ نیشانە وەک پێویستە وەها دەردەپرێت، ئیتر نیشانەی بۆچییە؟

وشەیێکی تریش هەیە هەرچەند دەنگەکانی «ن، گ» تێدا نەکەوتۆتە کۆتاییەوە تەنانەت نوونەکەشی بە وەستاوی تەواوەوە نەکەوتۆتە پێش گافەکەیەوە، هەمیسان نەمتوانیوە وەک خەڵکی سلێمانی دەری بپرم، وشەکەش «کنگر» ە، کە لە زۆر شوێنی دیکە پێی دەڵێین «کەنگر». خەڵکی سلێمانی ئەم نوونە وەها دەسوێنن و سووک بەسەریدا تێپەڕ دەبن بۆ گافەکە هەر دەڵێی زبرایی زمان و مەلاشووش لەبەیەک گەییشتنەوەیاندا سوواون و لووس بوون.

لە نێوان هۆزی بلباسەتیی هەرێمی «ڕانیە» دا، گوێم لێ بووە وشەی «زپڵ» - بە واتای «زبڵ» - وەها دەردەپرن هەردەڵێی دەنگەکانی «پ، ڵ» تێکەڵ بە یەکتر بوونەتەوە. تەنانەت جارێکیان یەک لە بەرەی «هۆرمزیار» ی سەربە بلباسەتی ئەم وشەیەی «زپڵ»ی وەها بە قەڵەوی و خێرایی دەرپەڕاند من و ئەوانەی لەگەڵمدا بوون بە ناچاری کەوتینە پێکەنین، بەڵام نەک پێکەنینی گاڵتە پێ کردن بەڵکوو هی سەیرپێهاتن و بە ئەنتیکە زانینێکی ئەوتۆ کە لە ئاستیدا بێدەسەڵات بووین. تائێستاش ناوەناوە کە بەو کەسە دەگەمەوە داوای لێ دەکەم ئەو وشەیەم بۆ بلێتەوە.

ئەم دیاردەیەی تێکەڵبوونی دوو دەنگی Consonant لە کوردیدا ناوێکی بۆ دیاری نەکراوە، وا بزانم لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش هەر بۆ تێکەڵبوونی دەنگی Vowel زاراوەیان داناوە، وەک کە بە تێکەڵبوونی دوو Vowel دەڵێن Diphthong. بەلای منەوە چ مەرج نییە دەنگە تێکەڵەکان Vowel بن، هەموو تێکەڵبوونێک دەبێ بەر زاراوەکە بکەوێت.

بەهەمەحاڵ ئەم باسە دەنگی تێکەڵ و شێوەی دەرپرینی تایبەتیی هەندێک لە دەنگەکان هەرچەند باسی گرنگ و وردیشن، لێرەدا یەکەم مەبەستی گوتارەکە نین. چی گوترا پێشەکی و دەربوونەیەکە بەرەو باسێکی تری سەربە یەکێک لە گۆشە تاریکەکانی «دەنگی زمانی کوردی» کەوا هەتا ئێستا هیچ نیگایەکی بۆ خۆی نەکێشاوە، تەنانەت خۆیشم بەو دواییە سرنجم بۆی کشا. وەک هەر ئێستاش بۆت ڕوون دەبێتەوە چ گلەیی نایەتە سەر خەڵکی ئەو جێگایانەی دیاردەکە لە شێوەی ئاخاوتنی ئەواندا پەیدا نییە، ئەگەر چ گلەیی هەبێت لە من و ئەو کەسانە دەکرێت کە هەست بە بوونی ناکەن لە لەهجەکانیاندا.

پێشەکیی گوتارەکە باسی دەنگی وەهای کرد کە تایبەتی ناوچەیێک و شێوە ئاخاوتنێکە. ئەم دیاردەیەی کە خەریکم بەرەو ڕوون کردنەوەی پرۆم داپرانێکی ناوچەییە لە دەستوورێکی گشتیی فۆنەتیکی کوردی.

ڕەنگە کەس نەمابێ نەزانێ دوو دەنگی «ک و گ» لە کوردیدا دوو شێوەیان هەیە: یەکێکیان شێوەی عادەتی دەنگەکان وەک کە لە وشەی: «گرد، بەگ، دەرگا - تاک، کورد، شەکر» دا بەدی دەکرێت. ئەوەی دیکەشیان ئەو دەنگەیە کە لە وشەکانی «گێرە، سەنگین، گوێ، گوێز - کێل، شلکێنە، مشکی، کوێر، کوێن» ... دا دەبیسرێ. ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێ لەو تایبەتییانەی کە «دەنگ» ی کوردی لە «دەنگ» ی زمانەکانی تر جودا دەکەنەوە (فارسی و تورکی تا ڕادەیێک بەر ئەم گوتەیە ناکەون)...

وەها ڕۆیشتووە لە نێوان ئەونەی خەریکی زمانەوانین کەوا هەمیشەکات ئەم دوو دەنگەی «گ، ک» ی کوردی کە هات و «ی، ێ - وی، وێ» یان کەوتۆتە دواوە کلۆر دەکرێن. لەمەشدا بە

بیری کەسدا نەهاتووە جێگە بۆ ئیحتیمالی تر بکاتەوە، خۆیشم یەکێک بووم لەوانەی وایان دەزانی هەموو ئەو کاف و گافانە بێ «استثناء» کلۆر دەکرێن.

کەچی ئەم «هەمیشەیی» یە لە هەموو لەهجەیێکدا بە ڕاست ناگەڕێ. من لێرەدا قسەم لەو لەهجانەیە کە دەیانبیەم نەک دەیانخوێنمەوە، چونکە مەسەلەکە بەندە بە دەنگ و بیستنەوە نەک بە پیت و دیتنەوە. لەبەر ئەمە ناتوانم حوکوم بەسەر ئەو لەهجانەدا بدەم کە لە کوردستانەکانی دەرەوەی عیراقدا وتووێژیان پێ دەکرێت، مەگەر لەهجەیێکی وەک موکریانی کە بەهۆی هاتوچۆی بەردەوامی نێوان دانیشتوانی هەردوو دیوی سنوور، بۆتەوە بە لەهجەیێکی باو  بیستراو لە کوردستانی عیراقدا.

لە زۆربەی لەهجەکانی سۆران کە نێوان دوو زێی بادینان و کۆیە دەگرێتەوە حاڵەتی وەها هەیە ئەم کاف و گافە «وی، وێ» یان بەدوادا دێت و کلۆریش ناکرێن. وەک لە وشەی «حاڵەت» یش دەفامرێتەوە وشەکان لە بنەڕەتدا «ی، ێ» یان لە کۆتاییدا نییە بەڵکوو پێداویستیی ڕێزمان و ڕستەسازی دەیهێنێت. لەو لەهجانەشدا ئەگەر وشەکە خۆی ئەم «وی، وێ» یەیان تێدا بوو کاف و گافەکەی بەراییان کلۆر دەکرێت.

دەتوانین ئەم دیاردەیەی کلۆر نەکردنی «ک، گ» لەم حاڵەتانەدا بخەینە بەر دەستووری ژێرا:

ئەو وشانەی لە کۆتاییاندا دوو دەنگی «گو، گۆ، کو، کۆ» هەیە و پێداویستییەک ڤاوڵی «ی، ێ» یان بە دوادا دەهێنێت، گاف و کافەکەیان کلۆر ناکرێت.

لێرەدا نموونە دەتوانێ مەبەستی دەستوورەکە بە باشی ڕوون بکاتەوە. وشەی «پشکووتن» لە ئاندەدا دەبێتە:

- دەپشکووم
- دەپشکووین
- دەپشکوویت
- دەپشکوون
- دەپشکوێ (ێت)
- دەپشکوون

دەبینی ڕێژەی ئایندەی «پشکووتن» بۆ کەسی سێیەمی تاک دەبێتە «دەپشکوێ - ێت». وشەکە نە لە ڕابردوودا نە لە ئایندەی کەسەکانی غەیری سێیەمی تاکدا دەنگی «ێ» ی نییە، وەک کە دەبینین لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدا کارەکە دەبێتە «دەپشکوێ - ێت» و ڤاوەڵی «ێ» دەکەوێتە دوای دوو دەنگی «کو» وە.

ئا لەم حاڵەتەدا بەشێ زۆری دانیشتوانی سۆران کافەکە کلۆر ناکەن وەک ئەو کافەی دەردەبڕن کە لە کاری «دەپشکنێ» دا هەیە. ئەگەر گوێ بگریت لە یەکێکی کۆیی وەیا هەولێری کە ئەم نیوە بەیتە دەخوێنێتەوە:

دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

دەبیەیت ئەم کافەی «دەپشکوێ» ی وەک حاڵەتی خۆی کە لە ڕابردوو و ڕێژەکانی تری ئایندەدا دەردەبڕێ، هەروەها دەمێنێتەوە.

لە بارەی دەنگی «گ» ـەوە:

وشەی «ئەنگوتن» ئەویش وەک «پشکووتن» لە حاڵەتی ئایندەی کەسی سێیەمی تاکدا دەنگی «ێ» دەکەوێتە کۆتاییەوە و دەبێتە: «دەئەنگوێ – ێت». لێرەشدا دەنگەکەی «گ» کلۆر ناکرێت و وەک خۆی دەمێنێتەوە.

وشەیێکی وەک «سەکۆ» کە لە حاڵەتی «معمولیة» لەو لەهجانەدا دەنگی «ێ» ی بە دوادا دێت کافەکەی کلۆر ناکرێت. هەرچەند بەزۆری لەو لەهجانەدا دەگوترێ «دەچمە سەر سەکوێی» و لەم حاڵەتەدا دەستوورەکە جێگەی باس کردنی نامێنێ چونکە دەنگێکی «ی» ی

کۆنسونانت کەوتۆتە نێوان کافەکە و «ێ» کەی «معمولیة»، بەڵام زۆر جاران خەڵکەکە دەڵێن «چوومە سەر سەکوێ». ئا لەم حاڵەتەدا کافەکە دەکەوێتە پێش «وێ»وە و کلۆریش ناکرێت.

خوێنەر بمبەخشێت لەوەدا کە نموونەیێکی ناخۆش، بەڵام مەشوور، دەکەم بە ڕووناککەرەوەی مەبەست:

که یەکێک زۆر لە سنووری خۆی تێپەڕاند و قسەی ناجەیەزی کرد پێی دەڵێن: «گوویەکی گەورەی خوارد». لێرەشدا گافەکە بە پتەوی دەمێنێتەوە و کلۆر ناکرێت.

نموونە لەم بابەتە زۆرن کە مەبەست ڕوون بکەنەوە، چەند تێبینییەکیش هەن بە دەوری باسەکەوە، کۆتایی پێ دەهێنن:

1. ئەم حاڵەتە بەندە بەوەی «ێ» بە دوا «کو، کۆ، گو، گۆ» دا بێت، کە هاتوو کەوتە دوای «ک، گ» ئەوە هەمیشە کلۆریان دەکات وەک کە وشەکانی «سووک، پەلک، دارک. بەگ، پۆرگ، درەنگ» دەنگی «ی، ێ» لە لاوە بێتە کۆتاییانەوە کافەکە و گافەکە کلۆر دەکات.
   - سووکێک هەڵستایە سەرپێیان
   - پەلکی دارەکەم وەراند
   - بەگی جافان
   - درەنگیان بەسەردا هات

   لەم حاڵەتانە و هەموو حاڵەتێکی تری وەک ئەوانیشدا کافەکە و گافەکە کلۆر دەکرێن.
2. دانیشتوانی ئەو ناوچانە کە دێن ناوی وڵاتی «کوێت» دەهێنن کافەکەی کلۆر ناکەن و وەک عەرەب و ئینگلیز دەری دەبڕن، چونکە لە زمانی ئەو خەڵکەی کە ناوەکەی بۆ ئەو وڵاتە داناوە کافەکە کلۆر نییە. بەڵام کە دەڵێن «ئەسپەکوێت» و «ماینەکوێت» کافەکە کلۆر دەکەن چونکە «ێ» ی پاش «کو» لە وشەی «کوێت» ی کوردیدا ئەسڵییە و لە لاوە نەهاتوە. هەر بەم جۆرەیش کە وشەی Quick دەخوێندرێتەوە کافەکە بە پتەوی دەردەبڕن.

   ئەوەی سەرنجی لە قسان گرتبێت دەزانێ ئاخێوەری سلێمانی زۆر جاران لە ئاخاوتنی عەرەبیدا کافی ناو وشەی عەرەبی کلۆر دەکات چونکە ئەو پتر لە دانیشتوانی سۆران زاری ڕاهاتووە لە کلۆر کردنی کافی ناو وشەی کوردی. خەڵکی سلێمانی چۆن لە ئاخاوتنی کوردیدا وڵاتی «کوێت» وەک وشەی «کوێت» ی کوردی دەڵێنەوە، گەلێک جاران «لکن» ی ناو ئاخاوتنی عەرەبیش بە شێوە کوردی دەردەبڕن، یاخود دێن لە وشەی Queen ی ئینگلیزیدا وەک «کوێن» ی کوردی کافەکە کلۆر دەکەن.

3. پێویستە لە نوختەنیگای فۆنەتیکەوە ئاگادری ئەم ڕاستییە بین:

   کە هاتوو دەنگی «ی» لە سەرەتای وشەیێکی سەربەخۆدا بوو، تەئسیر لە کاف و گافی کۆتایی وشەی پێش خۆی ناکات. بە نموونە، کە دەڵێی «بەرگیان لەبەر کرد» چونکە ئەم «یان» ـە وشەیێکە وجوودی دەربەخۆی نییە و هەمیشە بە دوا وشەی تردا دێت، گافەکەی «بەرگ» کلۆر دەکات. بەڵام کە گوتت «داوا دەکەم یان چەک یان بەرگ یان خواردنم بۆ پەیدا بکەیت» لەم حاڵەتە «یان» ی دوای «چەک، بەرگ» تەئسیر لە کافەکە و گافەکە ناکات چونکە خۆی وشەیێکە وجوودی سەربەخۆی هەیە هەرچەند لە ڕووی واتاوە هێندە ناو و کار و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار... سەربەخۆ نییە.

لە کتێبەکەی *«ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی»* سەیری لاپەڕەکانی 465 و بەرەو دواتر بکەیت دەبینیت باسی وشەی سەربەخۆ و بەستراو کراوە. لەو باسەدا ڕاناوی لکاو (بنواڕە لاپەڕە 467 ی کتێبەکە) و ئامرازی «عطف» یش بە «وشەی بەستراو» دانراون کە لە نێوانیاندا «یا، یان، یاخو، یاخود...» لە ژمارە 7 ی زنجیرەی وشەکان لە لاپەڕە 334 ی کتێبەکە بە وشەی بەستراو داندراوە. بەم پێیە «یان» ی ڕاناوی لکاو و «یان» ی پەیوەندی (عطف) هەردوویان وشەی بەستراون بەڵام جوداوازییەکی گرنگ هەیە لە

نێوانیاندا ئەویش لە ڕووی «سەربەخۆیی هەبوون» ـەوە، چونکە ڕاناوەکە پەکی وجوودی لەسەر وشەیێکی تر کەوتووە کە خۆی پێوە بەند بکات کەچی - وشەکەی پەیوەندی لە «وجوود» دا پەکی لەسەر وشەی تر نەکەوتووە چونکە دەشێ بەر لە وشەوە بێت هەر وەک دەشێ بە جۆرێکی سەربەخۆ دوای وشە بکەوێت: «یان من دەبم یان تۆ»...

ئەم ڕاستییە بەوەدا بە درۆ ناخرێتەوە کە هەندێک لە وشەکانی «عطف» ناتوانن بکەونە بەرایی وشانەوە و هەمیشە دەبێ بە دوا وشەدا بێن وەک کە دەبینین «و» هەرگیز ناتوانێ لە سەرووی ڕستەوە بێت، چونکە مەبەست لە وجوودی سەربەخۆ جێگەی وشەکە نییە، سروشت و تایبەتییەکەیەتی لەمەشدا چ گومانێک نییە کە هەموو ئامرازەکانی «عطف» وشە بە وشەوە دەبەستنەوە نەک خۆیان بە وشەوە دەبەسترێنەوە. هەر چۆنێک بێ ئێرە جێگەی ئەم کێشەیە نییە، چی تازە گوتم بایی ئەوە بوو کە لە خوێنەری تازەپێگەییشتووی کورد بگەیەنم بۆچی «یان» ی ڕاناو کاف و گافی پێش خۆی کلۆر دەکات و «یان» ی پەیوەندی کلۆریان ناکات.

## بەشی دووەم - ئاخافتنی عادەتی و شێوازی ئەدەبی

گەلێک لە نووسـەران و لە ئەدیبانی کورد دەڵێن و دەشـنووسـن گۆیا لایەنێکی پەسـەندی نووسـینی کوردی بە شـێوازی ئەدەبی لەوەدایە کە فەرقی نییە لەگەڵ ئاخاوتنی عادەتی، لەبەر ئەمە نووسـەری کورد دووچاری زەحمەتی فێربوونی شـێوازی ئەدەبی نایەت، وەک کە نووسـەری عەرەب ناچارە فێری «صرف» و «نحو» ە قورسـە هەناسـەبڕەکە بێت، ئەوسا دەسـت بکات بە نووسـین.

ئەم بیروڕایە زۆری بەبەرەوە هەیە و گەلێک دەمەتەقە هەڵدەگرێت، بەڵام بە شـێوەیێکی کورت لە هەندێک لایەنی ڕاسـت و چەوتی دەدوێم هەر بە نیازی ئەوەی لە خاوەنەکانی ئەم بیروڕایە بگەیەنم کە چەند پێویسـتە بەر لە دەربڕینی بیروڕا، وردبوونە و هەڵسـەنگاندن و بەراورد کردن و بەیەکتر گرتن بەکار بێت چونکە زۆر جاران ڕواڵەتی شـتان تا بڵێی بەهەڵەبەرە و چ پەیوەندی بە واقیعەوە نییە...

بەڵێ ڕاسـتە ڕێزمانی کوردی هێندەی عەرەبی ئاڵۆسـکاوی «اعراب» نییە، لەو ڕووەوە ئاخێوەر و نووسـەری کورد مەجبوور نییە خەریکی دۆزینەوەی حاڵەتی وشـە بێت تاکوو «اعراب» ی ئەو حاڵەتەی بداتێ، بەڵام ئەم ڕاسـتییە بە نیسـبەت زۆرینە زمانانی جیهان ڕاسـتە نەک هەر زمانی کوردی، تەنانەت دەتوانم بڵێم لە کوردیدا چاوەدێری هەندێ حاڵەت دەکرێ کە لە زمانێکی وەک فارسـی وەیا ئینگلیزی وەیا تورکیدا ناکرێت.

بە نموونە، وشـەکانی: شـەو، ڕۆژ، بەهار، زسـتان و هەموو ئەو وشـانەی کە ناوی کاتن لە حاڵەتێکدا بوون بە «ظرف» شـێوەیێکی «اعراب» وەردەگرن. وشـەکان کە لە حاڵەتی «عاملیة» دا بن «اعراب» ـەکە هەڵناگرن وەک ئیعرابەکە لەم ڕسـتانەدا بەدی دەکرێت کە بە نموونەی «ظرفیة» هاتوونەوە:

- بەهارێ دەچمە سـەفەر
- شـەوێ زوو دەنووم
- عەصرێ بەڕێ دەکەوم
- سـبەینێ دێمە لات

لەم حاڵەتانەدا وشـەکان نیشـانەی «ظرفیة» یان پێوە لکا. ئەگەر وشـەکان لە حاڵەتی «عاملیة» دا بانایە دەگوترا:

- بەهار کژێکی خۆشـە
- شـەو بەسـەر چوو
- عەصر لە ڕۆژاوا گەرمترە
- سـبەینە بەعادەت کزەبای هەیە

تاکە یەک وشـەم بە بیردا دێت ئەویش ناوی کاتە بەڵام لە حاڵەتی «ظرفیة» دا «ی» بە خۆیەوە دەگرێت نەک «ێ». وشـەکە وشـەی «بەیانی» یە، کە لە «بەیان»ـەوە هاتووە. دەڵێ: «بەیانی کاروانەکە تێپەڕی».

جا ئەگەر یەکێک چاوەدێری دەسـتووری «ظرفیة» ی ئەم وشـانەی نەکرد وەک ئەو عەرەبە دەبێت کە بڵێ: «اکلت' خبز'»، «آتیک غد'» هەرچەند هەسـتیش بە هەڵەی خۆی نەکات. تۆ کە گوتت «شـەوێ هات» مەبەسـتیشـت «جاء اللیل'» بوو، فەرقت نییە لەگەڵ ئەو عەرەبەی بڵێ «جاء اللیلَ» مەبەسـتیشـی «شـەو داهات» بێت. هەر بەو پێیەش کە گوتت «شـەو هاتم» لە واقیعدا هەڵەیێکی ڕێزمانیت کردووە چونکە دەبێ بڵێی «شـەوێ هاتم» چ عوزریشـت بەدەسـتەوە نابێ لەوەدا کە بڵێی شـێوە ئاخاوتنی ناوچەیی خۆم وەهایە چونکە تۆ عوزری ئەوتۆیی لە غەیری خۆت ناسـەلمێنی.

تۆ سەیری، کە گوتت «شەو هات» چارت نییە دەبێ مەبەستت «جاء اليل'» بێت، کە ویستت بڵێی «جاء ليلاً» دەبێ بچیتەوە سەر دەستوورەکەی «ظرفية» و بڵێی «شەوێ هات». لە ڕستەی «شەو هاتم» هەرچەند هەڵەیشە، ڕاناوە لکاوەکەی کۆتایی «هاتم» لە سەرشێوایت ڕزگار دەکات. بەڵام چونکە لە ڕستەی «شەو هات» دا ڕاناوێک نییە فیعلەکە بۆ خۆی داپرێت، هەر دەبێ «شەو» فاعیل بێت. نالی دەڵێ:

فەرمووتە کە بانگم کە شەوێ دێمە کنارت

«شەوێ» بە تەواوی واتای «بە شەو» دەگرێتەوە، هەروەهاش ئەوانی تر.

وشەکانی ناوی جێگە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان وەک «سەر، خوار، ژوور، دەر...» کە سروشت و واتایان بە لای «ظرفية» ی ڕاستەقینەیان دەبات نەک «ناوی جێگە» دەبێ مامڵەتێکی پسپۆرانەیان لەگەڵدا بکرێت. دەگوترێ:

- چوومە دەرێ
- هاتمە سەرێ
- ئەم بەڕەیەم خستە خوارێ
- وەرە ژوورێ

دیارە لەم حاڵەتەدا وشەکانی زەرفی تەواون و بە زاراوەی عەرەبی «معمول» یشن. ئێستە وردبوونەوەیێکی بە ئەندێشە پێویستە:

کە ویسترا وشەکان لە حاڵەتی «عاملية» دا بەکار بهێنرێن ناشێ بە سادەیی بخرێنە ناو ڕستەوە، دەبێ بڵێین:

- دەرەوە، سەرەوە، ژوورەوە، خوارەوە...

ئێمە ئەگەر دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی بچەسپێنین پتر دووچاری حاڵەتی ئەوتۆ دەبین هەڵەی تێدا بکەین. نەبوونی دەستووری قەرارداده وەک نەبوونی سنوورە بە دەوری زەوی کێڵگەوە، کەس نازانێ جووتیاری زەوییەکە سنووری بەزاندووە. بەو پێیە ئەگەر بڕیار درا «دەرێ، سەرێ...» بۆ حاڵەتی «معمولية، ظرفية» بێت و «دەرەوە، سەرەوە...» ش بۆ حاڵەتی «عاملية» بێت ئەوسا ئەگەر یەکێک گوتی: «دەرێ خۆشە»، «سەرێ بەر بەرەڵاترە» وەیا گوتی «چوومە سەرەوە» «هاتمە دەرەوە» لە هەردوو حاڵەتدا هەڵەی کردوە و دەستووری ڕێزمانی بەزاندووە و وەک کە سنووری دیارکراوی کێڵگەی بەزاندبێت چونکە لە ڕستەی «دەرێ خۆشە»، «سەرێ بەر بەرەڵاترە» دا دوو وشەی «دەر، سەر» لە حاڵەتی «مبتدأ» دان کە وەک حاڵەتی «فاعلية» ـە.

لە ڕستەی «چوومە سەرەوە»، «هاتمە دەرەوە» ش دا وشەکان لە حاڵەتی «معمولية» دان. ئەم ڕستانە لەم شێوەیەدا حاڵەتی «فاعلية» و «مفعولية» ی وشەکانی بەیەکتر گۆڕیوەتەوە. بەڵام ناگوترێ هەڵەن چونکە جارێ دەستووری «فاعلية»، «مفعولية» و «ظرفية» بۆ ئەو وشانە قەرارداده نەکراوە. هیچ سەیرێکیش لەوەدا نییە ئەگەر بێین قیاسی «سەر، دەر، ژێر...» لە وشەکانی ناوی کات «شەو، ڕۆژ، عەصر» بکەین و وەک ئەوان حاڵەتی «فاعلية» و «مفعولية» یان لە یەکتر جودا بکەینەوە. هەر وەک «عەصرێ، شەوێ، بەهارێ...» بۆ «مەعمولية»، «مفعولية» و «ظرفية» ن با «دەرێ، سەرێ، ژوورێ...» یش بە بەر ئەو حاڵەتە بپرێن.

بەشی دووەمیان ناوی جێگەی تەواوە، بەڵام لەوێشدا دابەش کردنێک هەیە وشەکان لە یەکتر جودا دەکاتەوە:

1. ناوی جێگەی عادەتیی وەک حەوشە، بان، کۆڵان، دۆڵ، بازاڕ، مزگەوت...
2. ناوی جێگەی تایبەتی (اسم علم) وەک: زاخۆ، سەفین، زەڵم، بیتوێن...

مامڵەت کردن لەگەڵ ئەم تەرزە وشانە جودایە لەوەی لەگەڵ «ظرف» ـەکاندا کرا، بە نموونە تۆ ناتوانی بڵێی: زەڵمێ ڕووبارێکی تیژە، بیتوێنێ دەشتە – وەک کە دەتوانی بڵێی: شەوێ

چوومە لات، سبەینێ دەڕۆم، بەهارێ دەیکێڵم. وشەی «شەوێ» لێرەدا بووە بە «معمول» هەرچەند کارەکەی «چوون» تێپەڕیش نییە، هەروەها لە پێشەوەی ڕستە هاتووە و جێگەی کارا (فاعل) ی گرتووە.

ئەم ئامادەییەی وشەی «ظرف» بۆ «معمولیة» تا ئێستا لە لایەن زمانزانانی کوردەوە باسی نەکراوە، هەرنەبێ من نەمبیستووە باس کرابێ. لە ڕێزمانی عەرەبیدا باسەکە ئەنجن ئەنجن کراوە. لێرەدا قسەیێکی «سەعدی تەفتازانی» ـم بەبیر دێتەوە لە بارەی ئامادەیی «ظرف» بۆ ئەوەی ببێ بە «معمول» کە دەڵێ «والظرف تكفيه رائحة الفعل...» بە نموونە لە ڕستەی «هو فوق الشبهات» دا وشەی «فوق» حاڵەتی «نصب» ی وەرگرت هەرچەند چ فیعلێکیش نییە لە ڕەستەکەدا بیکات بە «مفعول - معمول» بەڵام لە واتادا تارمایی فیعل هەیە وەک ئەوەی ڕستەکە «هو واقع فوق الشبهات» بێ. دیارە وشەی «واقع» یش لێرەدا کە «اسم فاعل» ـە دەوری «فعل» ی بینیوە.

لە کوردیشدا ئەم دیاردەیە دێتە بەرچاو وەک ئەوەی یەکێک بڵێ «سەرێ خۆشە» مەبەستی ئەوە بێ بڵێ «بوون» یاخود «دانیشتن» یاخود «نووستن» لە سەرێ خۆشە. بەڵام ناشێ بگوترێ «سەرێ بڵندە» چونکە لەم ڕستەیەدا وشەی «سەر» خۆی «عامل»ـە، لەبەر ئەمە دەبێ بگوترێ «سەرەوە بڵندە»...

ئەم بەشەی دووەمی ناوی جێگە درێژەی زۆرە، لێرە بەدواوە لە هەندێکی ئەو درێژییە دەدوێم.

بەهەمحاڵ ئەم کێشەیە تا ئێستا یەخەگیری نووسەر و ئاخێوەری کورد نەبووە چونکە دەستوورەکانی قەرارداده نەکراون. لەگەڵ ئەمەشدا ئاخاوتنی کوردی لە بەشی هەرە زۆری کوردستاندا حاڵەتی تری وەهای تێدایە داخوازی مامڵەتی ئەوتۆ دەکات کە لە «اعراب» ی عەرەبی دەچێت.

هەرچەند ئەم حاڵەتەشیان بەندە بە «معمولية» وە بەڵام پتر لە حاڵەتی پێشوو وردبوونەوە و زمانپاراستنی دەوێ چونکە لەمەیاندا نێرایەتی و مێیایەتیش دەور دەبینن. لەو شێوە ئاخاوتنانە کە حاڵەتەکەیان تێدا دەردەکەوێت ئەگەر «معمول» ـەکە نێرینە بوو «ی» ی بەدوادا دێت، ئەگەر مێینە بوو «ێ» ی بە دوادا دێت. دەڵێن:

- ئەحمەدی دەبینم
- فاتمێ دەبینم

لێرە بە پێشەوە زۆر جاران گوتراوە، لە کرمانجیی سەروو بە تێکڕایی و لە بەشێکی کرمانجیی خوارووشدا فەرقی نێرومێ لە کاتی بانگهێشتندا دەکرێ وەک کە دەگوترێ:

- هۆ پوورێ
- هۆ شوانە

دیارە هەمان «ێ» ی مێینەی حاڵەتی «معمولية» ە وا لە کاتی بانگهێشتندا بە دوا وشەی «پوور» دا دەردەکەوێت و دەیکاتە «پوورێ». ئەم فەرق کردنەی نێوان نێر و مێ لەم حاڵەتەدا وەها ئاسان نییە وەک کە لە کۆبوونەوەی «ئەحمەد، فاتم - پوور، شوان» دەردەکەوێت چونکە هەموو جاران وشەی کوردی نێرایەتی و مێیایەتیی خۆی بە ئاشکرایی نانوێنێت. زەحمەتی فەرق کردن بە لایەنی «نێر، مێ» لە وشەی کوردیدا لەوەوە دێت کە زوربەی زۆرینەی وشەکان لە ڕێی بیستنەوە بە نێر وەیا مێ دانراون بێ ئەوەی نیشانەی تایبەتی وەیا جۆری وشە وەیا واتاکەی بیکات بە نێر یان مێ.

لەو شێوە ئاخاوتنانەدا کە فەرقی نێرومێ لە حاڵەتی «معمولية» دا دەکات دەبێ بزانرێ تاک تاکی وشەکان نێرن یان مێن، هەرچەند ناوناوە دەشێ دەستوورێکی گشتی ڕەچاو بکرێت وەک هەر ئێستاکە بۆتی ڕوون دەکەمەوە:

سەیرێکی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکە:

- دەچمە شاری — دەچمە دەشتێ
- هاتمە بانی — هاتمە حەوشێ

| | |
|---|---|
| - | هاتمە ژووری |
| - | هاتمە بێلاییێ |
| - | هاتمە هەیوانێ |
| خانووچکۆڵە دەکەم بە بەردی | خانووچکۆڵە دەکەم بە خۆڵێ |
| خانووچکۆڵە دەکەم بە گڵێ | خانووچکۆڵە دەکەم بە قوڕێ |
| چوومە سەر دیواری | چوومە ناو ئاوێ |
| بە گەنمی تێرم کرد | بە نیسکێ تێرم کرد |
| بە برنجی تێرم کرد | بە نۆکێ تێرم کرد |
| چوومە قەندیلی | چوومە هەولێرێ |
| چوومە هەڵگوردی | چوومە کەرکووکێ |
| چوومە سەفینی | چوومە سابڵاغێ |
| چوومە کارۆخی | چوومە بەغدایێ |

لەم نموونانەوە دەردەکەوێت، بەشێکی وشەکان بێ هۆیەکی ئاشکرا لە خۆوە نێرن یان مێن: گڵ و بەرد و دیوار و گەنم و برنج... نێرن. خۆڵ و قوڕ و ئاو و نسک و نۆک... یش مێیەن. نموونەی ئەم تەرزە وشەیەی کەوا بێ هۆی ئاشکرا دەکرێن بە مێ وەیا نێر یەکجار زۆرن هەمووشیان دەبێ لە ڕێی بیستنەوە بزانرێن. بەڵام وەک لە سەرەوە دەردەکەوێت ناوی هەموو شار و ئاواییەک مێیە، هی هەموو شاخێکیش نێرە. سەیر لەوەدایە دوو وشەی «شار» و «گوند» خۆیان نێرن کەچی ناوی شار و گوندیش مێن.

لێرەشدا یەک تێبینی ورد پێویستە:

گوتمان ناوی «ئافرەت و شار و ئاوایی» مێیە و هی شاخیش نێرە، لەمەشدا گومان نییە، بەڵام کە هاتوو ناوێکی بە ئەسڵ لە بەرەی نێر حیساب کرابێت و مامڵەتی وشەی نێری لەگەڵدا کرابێت و دواتر بۆ مێینە بەکارهاتبێت و جارێ لەبیران نەچووبێتەوە کە بە ئەسڵ نێر بووە، هەر مامڵەتی کۆنینەی لەگەڵدا دەکرێت و نیشانەی مەعموولییەتی نێری پێوە دەلکێ.

بە نموونە، وشەی «بنار» لە بەرەی وشەی نێرینەیە، بەو پێیە دەگوترێ: «لە دەشتێ ڕاوم دەکرد دواتر چوومە بناری» ناگوترێ: «چوومە بنارێ». جا کە کیژێک ناوی نرا «بنار» خەڵکەکە هەر وەک جاران مامڵەت لەگەڵ وشەکە دەکەن:

- بە فاتمێ دەڵێم
- بە گەلاوێژێ دەڵێم
- بە بناری دەڵێم

وا دەزانم دوای کۆنبوونی لەکار هێنانی ناوەکە، ئەویش وەک ناوی مێینەی لێ بەسەر دێت، بەڵام لەو حاڵەتانەدا کە یەک ناو بۆ نێریش و بۆ مێش لەکار بێت زەحمەتێکی ناخۆش پەیدا دەبێت چونکە ئاخێوەر نازانێ وشەکە بۆ کام لایان بباتەوە: ڕەنگە هەر جارە بە ڕێکەوت لەکاری بهێنێت. بە نموونە ناوی «نیشتمان» بۆ کوڕیش و بۆ کچیش ڕۆیشتووە. بە لای منەوە لەم تەرزە هەڵکەوتەدا دەبێ یان فەرقی بەکارهێنانەکە بکرێ یانیش هەردوویان مامڵەتی وشەی نێرینەیان لەگەڵدا بکرێت. لە ڕێزماندا وشە بە ئەسڵ وێنەیێکی هەیە بۆ هەموان، کە ویسترا حاڵەتی تایبەتی بدرێتێ شتێکی بۆ ڕەچاو دەکرێت، دیارە مێیایەتیش حاڵەتێکە بەسەر وشەدا دێت هەر وەک «معمولیة» یش هەر حاڵەتە.

لەم بەینەدا وشەی وەها هەیە ناتوانم بڕیارێکی بۆ بدەم:

«هەورەمان» – لە سەرەتاوە ناوی ئاوایی بووە و دواتر شاخەکەش بەووە ناو نراوە. کە ئەمە وابێ وشەکە لە ڕیزی ناوی شار و گوندانا دەبێتە مێ، لە ڕیزی ناوی شاخانیشدا دەبێتە نێر. تۆ بڵێی لە حاڵی «معمولیة» دا نیشانەی نێری بدرێتێ یاخود نیشانەی مێ؟ ئایە بگوترێ «هەورەمانێ دەبینم» یاخود «هەروەمانی دەبینم»؟

لە وەرامدا نموونەیێکی کۆنم بە دەستەوە هەیە، تیشکێک بۆ سەر پرسیارەکە دەهاوێژێت: حاجی مەلا عەبدوڵا، لە وەرامی نامەیێکی شێخ عومەری بیارەدا، بەیتێکی گوتوە ناوی «هەورەمان» ی تێدا هاتووە. هەرچەند لە وەرامەکەدا ئاشکرا نییە ئاخۆ مەبەست شاخی هەورەمانە یاخود ئاوایی هەورەمانە، بەڵام نامەکەی شێخ عومەر بانگهێشتنی حاجی مەلا عەبدوڵا دەکات: «بچیتە کێوی هەورامانی پڕ نوور» لەمەوە دەردەکەوێ مەبەست لە بەیتەکە شاخی هەورەمانە. من لێرەدا بەیتەکە بە ڕێنووسی ئێستاکەی کوردی دەنووسمەوە، بەو شێوەیەی کە لە زاری جیلی پێش خۆمم بیستووە. دیارە لەو کاتە کە بەیتەکەی تێدا هۆنراوەتەوە نیشانە بەسەر پیتەکانەوە نەبووە، نیشانەیێکی من بیخەمە سەر پیتەکانەوە کاری ئەمڕۆکەیە. بەیتەکە ئەمەیە:

بەقوربان هەورەمانێ چۆن ببینم
زەر و زوورم نییە شاقاو هەڵێنم

پێدەچی سەلیقەی زمانشناسی وای کردووە شاعیر وشەی «هەورەمان» بداتەوە بەو سەرچاوەیەی کە لێوەی هەڵقوڵیوە، ئەویش ئاواییە نەک کێو، بۆیە وشەکەی لە بەرەی مێینە حیساب کردووە. جا ئەگەر ئەم نموونەیە بکەین بە بەرەوانی پرسیارەکە دەبێ لەم تەرزە حاڵەتانەدا نێرایەتی و مێیایەتیی وشە بدەینەوە بە یەکەم شێوەی لەکارهێنان، چ بۆ مێ بوو بێت و چ بۆ نێر.

ئەم لایەنە بە تەواوی لە حاڵەتی «مضاف الیە» شدا دەردەکەوێت:

- کراسی بارامی
- کراسی فاتمێ

حاڵەتی تریش هەیە لەم بابەتە.

خوێنەر دەبینێ ئەم جوداوازییەی نێوان وشەی نێر و وشەی مێ، لەو شێوە ئاخاوتنانەدا کە بایەخ بە زایەندی[2][ii] وشە لە حاڵەتی «معمولیة» دەدەن، چ فەرق نییە لەگەڵ جودا کردنەوەی «قال، قالت» ی عەرەبی و her, his ی ئینگلیزی، هەڵە تێدا کردنیشی وەک ئەو هەڵەیەیە کە لە زایەندی وشەی عەرەبی و ئینگلیزی بکرێت.

لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی ئەم بێنەوبەرەیەی حاڵەتی «مەعموولییەت و زایەند» بەسەر چووە و چ نیشانەیێک بە «معلول» ـەوە نانووسێت تاکوو خەیاڵ بۆ ئەوە بڕوا ئایە نیشانەی وشەی نێر چۆن لە هی مێ جودا بکرێتەوە، بەمەشدا بەشێکی سەختی و زەحمەتیی ئاخاوتن لە یەخەی ئەو شێوە ئاخاوتنە بۆتەوە. بەڵام دوو تێبینی بنجی لەوەدا دەکرێت:

تێبینی یەکەم ئەوەیە، کە نەمانی دیاردەیێکی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنێکدا ناتوانێ بڕیاری نەبوونی دیاردەکە دەرچوێنێت، بگرە ناتوانێ هەڵەبوونی دیاردەکەش بسەپێنێت، بە پێچەوانە: لە ڕووی بوون و نەبوون و هەڵە و ڕاستییەوە ئەو دیاردەییەی کە لە بەشی هەرە زۆری ئاخاوتنی زمانێکدا بەرچاوە، ئەوەیان بنجییە، کە بنجیش بێت ڕاستیشە [پێی ناوێ بڵێم «هەیە» چونکە هەبوونەکەی بەولای بەدیهییەوەیە] بە تایبەتی کە نەمانی دیاردەکە لە لەهجەیێکی زمانەکەدا بە هۆی لێسوان و لێقرتانەوە بێت دەشزانین زمانی کوردی گەلێک ئامادەیە بۆ لێکورت کردنەوە و لێبڕینەوە. ئەو لەهجەیەی کە دەستوورێکی زمانە دایکەکەی لێ کورت کراوەتەوە هەر ئەوەندە ڕێگەیەی لەبەرە کە بڵێ نەمانی دەستوورەکە نیشانەی بەرەوپێش چوونی لەهجەکەیە نەک هەڵەبوونی دەستوورەکە.

تێبینی دووەم ئەوەیە، ئەگەر سەلماندمان لێسوان و کورتبوونەوە بەڵگەی بەرەوپێش چوونی زمانە، دەبێ بشسەلمێنین کە هەموو ئەو تایبەتیانەی کە لە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانیدا هەیە و لە لەهجەکانی دیکەی کوردیدا نین بەڵگەی بەرەوپێش چوونی ئەو لەهجانەن چونکە نەبوونیان بۆتە هۆی کورتبوونەوە و ئاسانبوون. ئەمەش قسەیێکە بۆ هەر لایێکی حیساب

بکەیت تابڵێیت سافیلکەیە چونکە پەسەندی و ناپەسەندیی دەستووراتی زمان بە تاکە پارسەنگی «کورتی و ئاسانی» هەڵناکێشرێت. ڕەنگە حاڵەتی وەها زۆر بێ کە «کورتبوونەوە و لێسوان» سەربکێشێتەوە بۆ هەژاری نەک دەوڵەمەندیی زمانەکە چونکە لەوانەیە سوانەکە کەرەستەی تەعبیری لەکیس دابێت.

بە نموونەی ڕوون کردنەوەی مەبەست دەڵێم، هەبوونی ڕاناوی نێر و مێ بۆ کەسی سێیەم لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجیی سەرووا یاریدەی کورت کردنەوەی ئەو ڕستانە دەدات کە پێویستن بۆ دەرخستنی لایەنی مێیایەتی و نێرایەتیی کەسەکەی سێیەم. چیرۆکێکی عەرەبی ئەم عینوانەی بەسەرەوە بوو: «یهواها وتهواه» سەیری بوونی نیشانە و ڕاناوی تایبەتی بۆ نێر و مێ چەند ڕێگەی لەبەر هەنگاوی نووسەردا کورت کردۆتەوە. ئەم عینوانە لە کرمانجیی سەرووا بە ئاسانی و بە کورتی نیشانەی دەربڕینی هەیە کەچی لە کرمانجیی خوارووا بەهیچ جۆرێک مومکین نیە...

ئەم نموونانە و نمایشتانە بەشی ئەوە دەکەن بیرمان بەرەو بوونی «اعراب» لە کوردیدا بچێت، خۆ ئەگەر خەریکی هەموو گۆشەیێکی زمانەکەمان بین دەبینین گەلێک وردەدەستووری وەهای تێدایە، ڕەنگە بەولای ئیعرابەوە بێت لەلایەن ڕێپێبردن و هەڵەتێدا نەکردنەوە. گەر بگەڕێیتەوە بۆ کتێبی «*چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی*» (نووسینی مەسعوود محەمەد، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد 1976) باسێکی دەخوێنیتەوە بە ناوی «فیعلی انتقالی پێچەوانە» کەوتۆتە نێوان لاپەڕەکانی 77-61 لەو کتێبەدا. نەختێک سەرنج لەو باسە بگریت دەبینیت هێندەی بابەتە هەرە سەختەکانی ڕێزمانی عەرەبی ئەویش سەختە، بگرە سەختتریشە و ڕەنگە بەلای بێگانەی زمانی کوردییەوە لە مەتەڵ داخراوتر بێت.

جارێ تێبینی تر زۆر ماون نادروستیی ئەو گوتەیەمان بۆ بەدیار دەخات کە دەڵێ وەکیەکبوونی قسە کردن و شێوەی نووسینی ئەدەبی لە زمانی کوردیدا دیاردەیێکی پەسەندە، بەڵام من لێرە بە دواوە تەنها لە چەند خاڵێکی ئەو تێبینیانە دەدوێم:

## خاڵی یەکەم

هیچ زمانێک نییە لەسەر ڕووی زەوی شێوە ئەدەبییەکەی و قسە و گفتوگۆ عادەتیەکەی وەک یەک بن. ئەو نووسینانەی کە بریتین لە ڕاگوێزتنی قسەی عادەتی بۆ سەر ڕووی کاغەز ناگاتە ئەو پلەیەی پێی دەڵێن شێوەی ئەدەبی. ئەم قسەیەش بەر لە من زۆر کەس کردوویانە، هێندەش ڕاست و ڕوونە هەر دەڵێی بەڵگەنەویستە چونکە ناچێتە هیچ حیسابێکی بەڕێوجێیەوە زمانی مامەڵەت کردنی نرخی تەماتەی بازاڕ وەک ئەو زمانە بێت کە لە پرسیارە سەخت و ورد و قووڵەکانی فەلسەفی و ئەدەبی و هونەری ... و هتاد دەکۆڵێتەوە.

بابایەکی تەماتەکڕ و پەنیرفرۆش خەریکی کارێکن هەر بەقەدەر خەریکبوونی قەلەبازەڵە بە دزینی پەنیرەوە و وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی پێ دەوێت ئیتر چۆن دەشێ زمانی دەمەتەقە کردنی کڕیار و فرۆشیار لەسەر نرخی پەنیر و تەماتە وەک ئەو زمانە بێت کە گروگاڵ و وڕێنە قووڵ و تەماوییەکانی ناخی دەروونی شاعیر و فەیلەسووف و هونەرکار دەڵێتەوە.

زۆر جاران خەیاڵی هێندە کێوی و وشت و قوتاخ لە ئاسۆی پڕ وەهم و وڕێنەی فەیلەسووف و شاعیر شەبەنگ دەبەستێ هەرچی فەرهەنگی ئەدەب و زانست و تەکنیک هەیە ناتوانن تەعبیری لێ بدەنەوە چ جایی زمانە سافیلکەکەی «کاکە ڕۆژباش و براله گیان خۆش...»!

دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێ، تێهەڵکشانی ئاخێوەری ئەدیب و زانا لە شێوەی ئاخاوتن چ کەمایەتیەک ناخاتە سەر زمانی بازاڕی. هەر وەک گەییشتنی «دارا» بە پلەی گەنجایەتی چ ساوایان عەیبدار ناکات لەوەدا کە جارێ ساوان. هەر کەسە و هەر شتە و هەربابەتە جێ و ڕێ و کات و قۆناغی خۆی هەیە و هیچیان جێی ئەوی تر ناگرنەوە هەرچەند یەکێکیان لەوی تر هەڵکشاوتر و وەیا جوانتر و ڕێکوپێکتر بێت.

## خاڵی دووەم

باوبوونی نووسینی ئەو شتانەی لە دەمەوە دەردێن لەسەر شکڵی خۆیان بێ ئەوەی بخرێنە سەر قاڵبی ئەدەبییەوە دەردی هەرە کوشندەی زمانی نەتەوایەتی و ژیانی ڕۆشنبیریی گشتیی میللەتە: تا ئەو ڕۆژەی نووسەرانی میللەتێک دەگەن بەو پلەیەی کە زوربەیان بە شێوە ئەدەبییەکی وەها دەنووسن جودا بێت لە لەهجەکانی ناوچەیی و ئاخاوتنی عادەتی، ناتوانن بڵێن کەوتووینەتە سەر ڕێبازی ڕاست و دروستی ڕۆشنبیری و گەشە پێکردنی زمان و ئەدەب و زانست و هونەر و ... هتادی نژادەکەمان.

هەر زمانێکی پێشکەووی ئەم دنیایە بکەیت بە نموونەی بەراورد کردن، دەبینی شێوە ئەدەبییەکەی جودایە لە هەموو لەهجەکانی ئاخاوتنی. نەک هەر ئەمەندە و بەس، لە نێوان ئەو میللەتانەی کە زانست و تەکنیک تێیاندا ڕەگی داکوتاوە و هەر بابەتە زانست و تەکنیکەی قاڵبی تایبەتیی خۆی بۆ خۆی هەڵناوە دیاردەیێکی نەورەس سەری هەڵداوە کە بریتییە لەوەی هەر بابەتە زمانێکی سەربەخۆی خۆی پێک هێناوە و زۆر بێگانەیە لە زمانی بابەتەکەی تر.

دەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە لە نێوان ڕۆشنبیرانی میللەتە پێشکەوتووەکاندا خەریکە شێوەی «ملویة سامراء» وەربگرێت لەو ڕووەوە کە بەرەوپێش چوونیان چەندین نهۆمی یەک لەسەر یەکی شێوەی تەعبیری دروست کردووە کە لەوێدا باسی وەک یەکبوونی زمانی ئەدەبی و ئاخاوتنی بازاڕی نەک یەک جار بگرە دە جارانیش ئیفلاسی کردووە.

ئێمەی کورد لەم مەیدانەشدا پتر لە میللەتانی ڕووی زەوی کەمبەهرە بووین چونکە مێژوو دەرگەی ئەو بەهەشتەی لە ڕوومان داخست کە شێوەیێکی ئەدەبیمان هەبێ (وەک عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و فرەنسەیی...) هەموو کوردزمان تێی بگات...

## خاڵی سێیەم

لە یەکەم و دووەم سەیرترە. ئەو کەسانەی وا بە ڕەهایی و بەوپەڕی دڵنیاییەوە شانازی دەکەن بە یەکبوونی شێوە ئاخاوتن و نووسینی کوردی هیچ لەوە ئاگادارنین کە قسەکەیان تەنها لە ئاست خودی خۆیان بەڕاست دەگەڕێ چونکە بە ڕێکەوت شێوە ئاخاوتنی سلێمانی لە کوردستانی عیراقدا بووە بە شێوە نووسینی ئەدەبی کوردی عیراق، لەبەر ئەمە دەشێ بگوترێ شێوەی نووسین و ئاخاوتن بە نیسبەت خەلقی سلێمانییەوە، تا ڕادەیێک، لە یەکتر نزیکن لەوە بەولاوە نووسەرانی دەرەوەی سلێمانی بە شێوەیێک دەنووسن کە قسەی پێ ناکەن، بەشێکی زۆری کوردزمانیش نەک هەر قسەی پێ ناکەن بگرە تێشی ناگەن، هەر وەک کە نووسەرانی سلێمانی لە نووسینی کوردەکانی سۆڤیەت ناگەن. ئەگەر ئەو کەسانە ناچار بووبان بە شێوەی کرمانجیی سەروو وەیا هەورەمان بنووسن هەرگیز بە دڵیاندا نەدەهات بڵێن ئێمە ئەوە دەنووسین کە بە زمان دەری دەپرین.

ئەم خاڵەی سێیەمە، دەرگە بە ڕووی وتووێژێکی کورتیلە دەکاتەوە: پەرەسەندنی نووسین بەو شێوەیەی کە لە سلێمانییەوە سەری هەڵداوە نەک هەر دیاردەیێکی سازگارە و بەس، بەڵکوو تاکە ڕێبازی پەسەند و دروستیشە لەبەر ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردیدا چونکە ئەگەر ئەم شێوەیە پەرەنەستێنێ دەکەوینە سەر چارشەقامێک کە نازانین بۆ کوێمان دەبەن. ئەم ڕاستییە، بە دوا خاڵەکانی سەرەوەدا، دوو داخوازیی لە نووسەرانی کورد دەکات:

داخوازیی یەکەم هەوڵدانە بۆ دەوڵەمەندتر کردنی ئەو شێوەیە بەو بژێو و کەرەستەیەی کە لە شێوەئاخاوتنەکانی دیکەی کوردیدا هەیە و لە لەهجەی سلێمانیدا نییە چونکە ئەگەر ئەم هەوڵە نەدرێت شێوە ئەدەبییەکەمان خۆی دادەپرێت لە دایکی خۆی یاخود بابڵێم بەر لە کاتی خۆی دەم لە مەمکی دایکی هەڵدەگرێت.

لێرەدا نموونەیێکی چۆنیەتیی دەوڵەمەندبوونی زمانی ئەدەبی بە هۆی وەرگرتنی خۆراک لە تێکڕای زمانە دایکەکە دەخەمەم بەرچاوی خوێنەری کورد، نموونەکەش لە زمانی فارسییەوە دەهێنمەوە کە یەکێکە لەو خێزانەزمانەی کوردیش دەگرێتەوە:

لە کۆتایی لاپەڕە 251 و چەند دێڕێکی سەرەتای لاپەڕە 252 ی بەرگی یەکەمی کتێبی «مجموعة مقالات» ی «ماهیار نوابی» مامۆستا و سەرۆکی «مؤسسە آسیایی» لە دانشگەی شیراز، ئەم ڕاستییە دەخوێنیتەوە:

*«درست است کە زبان فارسی دری اصلا زبان فارس یعنی گویش ایرانی جنوب غربی است، اما نباید فراموش کرد کە گویشهای دیگر ایرانی، ازهمان آغاز، در غنایی ان سهم بسزائی داشتەاند. این زبان بواسطە رسمی بودن و بکار و فتنش در مدت هیجدە نوزدە قرن در تمام ایران و در دربارهای موختلف شاهنشاهان و پادشاهان محلی، از دیگر گویشهای ایرانی واژەها و تعبیرها و اصطلاحهائی گرفتە و غنیتر شدەاست».*

*«نویسیندە و شاعر بلخی و خوارزمی و مروزی و سغدی و پیشاوری و هریوی و طوسی و نیشاپوری و سگزی و رازی و شیروانی و گنجەای و اسفهانی و خوزی و کرمانی و بلوچی و دیگر شهرهای ایران همە از واژەها و اصطلاحات گویش محلی خود مشتی بدان افزودە و انرا بیش از پیش غنی ساختەاند».*

ئەمەش وەرگێڕانی نووسینە فارسییەکەیە بۆ سەر کوردی:

*«ڕاستە زمانی فارسیی دەری لە بنجدا زمانی فارس واتە گوتەی ئێرانی باشووری ڕۆژاوایە، بەڵام نابێ لەبیر کەین کە گوتەکانی تری ئێرانیش، لە سەرەتاوە، لە دەوڵەمەند کردنی ئەودا پشکێکی نرخداریان هەبوو. ئەم زمانە [مەبەست: زمانی فارسی دەری – مەسعوود محەمەد] بە هۆی ڕەسمیبوون و بەکار هێنانی لە ماوەی هەژدە نۆزدە سەدەدا لە سەرانسەی ئێران و لە دەربارە جوداکانی شاهنشاهەکان و پادشاکانی ناوچەیی، لە گوتەکانی تری ئێرانی وشە و تەعبیر و زاراوەی وەرگرتووە و دەوڵەمەند بووە».*

*«نووسەر و شاعیری بەلخی و خوارزمی و مەروزی (مەروی) و سوغدی و پیشاوەری و هریوی (هیراتی) و توسی و نیشاپوری و سەگزی و ڕازی (خەلقی ڕەی) و شێروانی و گنجەیی و ئیسفەهانی و خوزی و کرمانی و بلووچی و شارەکانی تری ئێران هەر یەکەیان لە بێژە و زاراوە و گوتەی ناوچەی خۆیان مستێکیان خستۆتە سەر ئەو و پتر لە جاران دەوڵەمەندیان کردووە».*

کە چاوێک بە بەرگی چوارەمی کۆڕ، 1976 دا، بگێڕیتەوە دەبینیت لە ژێر سەرەباسی «ڕێنووسی کۆڕ» بە پەراوێز لە لاپەڕە 241 تا لاپەڕە 249 بۆ خوێنەری کوردم ڕوون کردۆتەوە کە ئەو دەرفەتەی بۆ زمانە پێشکەوتووەکان ڕێککەوت لەوەدا کە شێوە ئەدەبییەکەیان خۆی دەوڵەمەند کرد بە بژێوی و کەرەسەی هەموو لەهجەکانی ئاخاوتنی ناوچەییان، ئەم دەرفەتە بۆ زمانی کوردی ڕێک نەکەوت و شێوەی نووسینی ئەدەبیمان لە کوردستانی عیراق لەسەر تاکە شەتڵی لەهجەی سلێمانی هەڵی داوە بێ ئەوەی توانیبێتی وەیا بۆی ڕێک کەوتبێت لە هیچ یەکێک لە لەهجەکانی تری کوردی خۆراکێکی دەرەوەی هەناوی خۆی وەرگرێت.

چاری ئەم ناتەواوییە بەوە دەکرێت کە نووسەرانی کورد، بەتایبەتی خەلقی سلێمانی، گوێبیستی هەموو شێوە ئاخاوتنێک ببن و چی تیایاندا پەسەندە لە وشە و زاراوە و جۆری تەعبیر موتوربەی بکەن لە شێوە نووسینی ئەدەبیمان خۆ دیاریشە گوێبیستبوون کارێکی ئاسان نییە لەبەر ئەمە پێویستە خۆشامەدی بکرێ لە بڵاو کردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆری بەو لەهجانە، نەک بە نیازی جێ لەق کردن بە شێوە ئەدەبییە ڕسکاوەکەمان بەڵکوو بۆ ئەوەی نووسەرانی کورد بزانن چ سامانێک لە تێکڕای زمانی کوردیدا هەیە و بتوانن شێوازیان پێ دەوڵەمەندتر بکەن. هەر دەنگ و سەدایەکیش پێچەوانەی ئەم هەوڵە بەرز بێتەوە، بەلای باوەڕی منەوە یا لەبەر «تعصب»ـە یا لەبەر کوردەغیرەتییە یا لەبەر نەزانینە یا بە نیازی دوشمنایەتی کردنە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

دەبێ ئەدیبی کورد ئەوە بزانێ، شادەمارەکانی ئاخاوتنی کوردی پلەی خوار و ژوور و بەرەوپێش چوون و وەستانیان ئەوەندە فەرقەی نییە یەکێکیان بکاتە «سۆجەر» و ئەویتریشیان «لێقی». خەڵقیش کە واز لە لەهجەی ناوچەیی خۆی دێنێت و ئەرکی ڕاهاتن بە شێوەیێکی تر هەڵدەگرێت بۆ بەرەوپێشچوونی سەقافەتی نەتەوایەتی و پتەوتر کردنی زەویی ژێر پێی میللەتەکەی ئەو لەخۆبووردنە دەکات نەک لەبەر دانهێنان بە پەستبوونی لەهەجەئاخاوتنی خۆی لەچاو لەهجەیێکی تر. نابێ هەرگیزاو هەرگیز ئەو تەرزە گیانەی بەرتەسکی ناوچەپەرستی لە پەرەپێسەندنی لەهەجەی ئەدەبیی یەکگرتوومان بەکار بێت.

کوردێک کە هات خۆی هەڵداتەوە بەسەر کوردی دیکەدا بەوەی کە لەهجەی ئاخاوتنی ئەو بەگزادەترە هەر بەجارێ ڕێ گلەیی کردن لە ستەمی بێگانە بەڕووی خۆیدا دادەخات، لە هەمان کاتیشدا بانگهێشتنی کوردەکەی تر دەکات کە ددان چیڕ کاتەوە بە شێوە ئاخاوتنی خۆیدا چونکە لەو مامڵەتەی واز هێنان لە لەهجەی دایکزا بۆ لەهجەیێکی دیکە، کابرای وازهێناو، بەتەمایە ئافەرینیی لێ بکرێت، دەنا پەندە مەشوورەکەی فارسیی بەدەنگ دێت کە دەڵێ: «سنگین نشوم سبک چرا» - «کە گران نەبم بۆچی سووک بم».

وێڕای پێویستبوونی ئەم دەوڵەمەند کردنەی شێوەی نووسینی سلێمانی بەو خۆراکە زمانییەی کە لە لەهجەکانی دیکەی کوردیدا هەیە، دەبێ ئاگاداری لایەنێکی تری یەکجار گرینگ بین کە ئەویش هەر بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەرەوپێش بردنی شێوەی ئاخاوتن و نووسینی ئەدەبیمان بەڵام ئەمجارەیان لێ زیاد کردن نییە، بە پێچەوانەوە، مشتومالڵدان و هەڵپەرداوتنە:

هەموو شێوە ئاخاوتنێکی ناوچەیی هەندێک تایبەتیی خۆی هەیە کە لە شێوەکانی دیکەی زمانەکەدا نابیسترێت. وا دەبێ بەشێکی کەم یان زۆری ئەو تایبەتییانە لە ئاکامی هەڵە تێکەوتن وەیا دوور کەوتنەوە لە دەستووری زمانە دایکەکە پەیدا بووە. لەم حاڵەتانەدا پێویستە هەوڵ بدرێت بۆ پاک کردنەوەی شێوەی ئەدەبی لەوەی هەڵەیە وەیا دوور کەوتنەوەیە لە دەستوریری ڕاست و دروستی زمانەکە بە تێکڕایی.

هەڵبەت کە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بووە بە بنەمای زمانی ئەدەبیمان دەبێ خەریک بین قەڵەمەکانمان ڕابێنین بە خۆدزینەوە لە نووسینی ئەو شتانەی کە لە شێوەی سلێمانیدا، دژی دەستووری ڕەسەنی زمانی کوردی، خۆیان سەپاندووە.

بێگومان دەستنیشان کردنی ئەو شتانەی کە لە شێوەی سلێمانیدا پشت لە دەستووری زمانی کوردین خۆ خەریک کردنێکی باشی دەوێت لە لایەن دەستەیێکی لێزانەوە. دوای ئەو دەستنیشان کردنەش دەبێ بزاندرێ کام «جێگر» ڕاستە بۆ ئەوەی ئەویان بخرێتە جێگەی هەڵەکەوە. ناوناوە وا دەبێ زوربەی لەهجەکانی دەرەوەی سلێمانی یەک جۆر بەکارهێنانیان هەیە لە جێگەی ئەو هەڵەیەدا. لەم حاڵەتەدا پێویستە یەکسە ئەو بەکارهێنانە گشتییە ببێتە «جێگر». ئەگەر ئەو جێگرە گشتییەش دەست نەکەوت دەبێ ڕاسترین بەکار هێنانێکی ناوچەیی بکرێ بە «جێگر»، ئیتر هی هەرکوێک دەبێ با ببێ.

لێرەدا چەند نموونەیێک دەهێنمەوە لەوانەی پێویستە نووسەران خۆیانی لێ بدزنەوە:

- تیا: ئەمە کورتکراوەی «تێدا» یە، لەوەوەش هاتووە کە خەلقی سلێمانی دەنگی «د» لەو تەرزە شوێنەدا دەسووتێنن. دیارە وشە ڕەسەنەکە ڕاستە و پەسەندتریشە، زوربەی کوردەواریش بەکاری دەهێنن.
- پیا: ئەمیش کورتکراوەی «پێدا» یە و چی لەبارەی «تیا» نووسرا لەبارەی ئەمیش هەر ڕاستە.
- تیایا: ئەمیان لە بری «تێیدا» بەکار دێت و یەکجار لە بنجی خۆی دوور کەوتۆتەوە. تەنانەت بەسەر دەستووورە ناوچەییەکەی سلێمانیش ناکەوێ کە دەنگی «د» دەسووتێنێ چونکە ڕواڵەتی وشەکە وا ڕادەگەیەنێ کە لە «تێدادا» وە هاتبێت، دەشزانین شتی وەها بە زاری کورددا نەهاتووە.
- لە منا: مەبەست «لە مندا» یە، هەروەهاش «لە ئەوا، لە ئەوانا...» دا دەنگی «د» سوواوە. ئەم بەکار هێنانە جگە لەوەی لە تەک بەکارهێنانی دروستی کوردیدا لاسەنگە، هەر لە شێوەی سلێمانیشدا لاسەنگبوونی دەردەکەوێت کە هاتیت وشەکەت خستە

ڕیزی هاوەڵەکانی خۆیەوە: دوو ڕاناوی «ئێمە، ئێوە» بە بزوێنی «ە» کۆتاییان دێت و ناهێڵن دالەکەی «دا» یان لێ بسووێت. دەڵێی: «لە ئێوەدا، لە ئێمەدا» هەرگیز ناکرێ بگوترێ «لە ئێوەا، لە ئێمەا»... هەروەهاش ڕاناوی «تۆ» بە بزوێنی «ۆ» کۆتایی هاتووە ئەویش داوای مانەوەی دالەکەی دەکات و دەگوترێ «لە تۆدا» ڕاناوی «ئەو» کۆتایی بە دەنگی «و» هاتووە بەڵام لەوێدا واوەکە بزوێن نییە و Consonant ـە بۆیە مومکینە بگوترێ «لە ئەوا».

قرتانی ئەم «د» ە لە ئاخاوتندا چ ئیعتیرازی لێ ناگیرێت هەروەهاش کە کێشی شیعر داخوازیی قرتانەکەی کرد، لەوە بەولاوە قرتانەکە دەبێتە دەستوورشێواندن. یەکێکی وەک نالی لە شیعردا «تیا» و «ئەودا» ی بەکار هێناوە:

پەچەیی پەرچەمی و پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی «تیا»
تەبەسسوم دەردەخا حوققەی دەمی جەوهەر لە نێو «ئەودا»
بەڵێ مسقاڵە زەڕڕە زاهیرە جلوەی لە پرتەودا

حاجی قادری کۆیی «لە مێرغوزارا» و «لە شەوا» ی بەکار هێناوە لە جیاتی «لە مێرگوزاردا» و «لە شەودا»

نێرگز لە «مێرغوزارا» دەزانێ بە چی دەچێ
بنواڕە ئاسمان «لە شەوا» عەینیهی ئەوە

هەرچی دالێکی لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی بقرتێ دەبێ لە نووسینی ئەدەبیماندا بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، چونکە ئەم دالانە لە زوربەی ناوچەکانی کوردستاندا ماون و پاشماوەیێکی زیندوو و شەرعی زمانەکەمانە.

- دەربەنگ، ئەفەنگی، یانگزە، دوانگزە: دەنگی گافی «دەربەنگ، ئەفەنگی» لە دالەوە هاتووە، هی «دوانگزە، یانگزە» ش هەڵەیێکە لە قورقوڕاگەی ئەو کەسانەوە هەڵقوڵیوە کە بەکاریان دەهێنن و چ پەیوەندییان بە زمان و دەستوورەکانیانەوە نییە. گۆڕینی ئەم دەنگانە شتێک نییە بە هیچ کلۆجێک پشتگیری لێ بکرێ. واز لێ هێنانیشی خاترانەی تێدا نییە چونکە واز هێنانە لە هەڵەیێکی بێ پێچ و پەنا.
- نوستبوومایە: ئەم ڕێژەیە شێوەی «ئینشائی» یە دەکەوێتە بەرانبەر ڕابردووی دووری خەبەری «نوستبووم». لە زۆرینەی ناوچەکانی دەرەوەی سلێمانی [بەشی کرمانجیی خواروو] دەڵێن: «نوستبووبام» دیارە ڕێژەکە لە دوو کەرت پێک هاتووە:
  - کەرتی فیعلی بنجی «نوستن»
  - کەرت فیعلی یاریدەدەر لە شێوەی ئینشائی «بوون»

بەشی هەرە زۆری کوردی ئەم شێوەیەی ئینشائی فیعلی «بوون» دەکەنە «بووبا» نەک «بوویایە». لەبەر ئەمە ڕێژەی ڕەسەن و ڕێزمانیی ڕابردووی دووری ئینشائی لە «نووستن» دەبێتە «نوستبووبام».

ئەم بۆچوونە لەبارەی فیعلی تێپەڕیشەوە هەر ڕاستە. بە نموونە: لە سلێمانی دەڵێن «گرتبوومایە» لە ناوچەکانی تردا دەڵێن «گرتبووبام» بەڵام وادەبێ جێگۆڕکێ بە ڕاناوە لکاوەکە دەکەن و دەڵێن «بمگرتبووبا» لەمەشدا مەبەستێکی تایبەتی قسەکەر دەکەوێتە ناو وەشەکە [دەشگوترێ: «گرتبام»، «بمگرتبا»].

هەموو ئەو ڕێژە فیعلانەی کە لە بنەڕەتدا فیعلی یاریدەری «بوون» یان تێدایە دەبێ بەپێی دەستووری ڕێزمان دەنگەکەی «ب» تێیاندا بپارێزرێت. جا ئەگەر بەلای نووسەری سلێمانییەوە ئەم کارە زەحمەت بێ دیارە بەلای نووسەری شوێنی دیکەشەوە شێوەکەی سلێمانی زەحمەتە، سەرەڕای زەحمەتیش لە دەستووریشی لاداوە. لەبەر ئەمە دەبێ هەرنەبێ هەردوو شێوە بەڕاست داندرێ نەک ئەوەی ڕەسەنە تێببردرێت [تەماشای لاپەڕەکانی 199-185 ی کتێبی «*ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی*» - چاپکراوی کۆڕ 1976 بکە].

- بڵێرەوە: ئەمە لەجیاتی «بڵێوە» یە. کەس نازانێ ئەم دەنگی «ر» ی لاواز لە کوێیوە پەڕیوەتە نێوان فیعلەکە و پاشگرەکەی «ەوە» وە. هەرچی فیعلێکی تری وەک ئەمیش هەیە لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا ڕێیەکی لاوازی تێدەترنجێت. دەستووری وەرگرتنی ڕێژەی فەرمان (أمر) بریتییە لە گۆڕینی «د» ی نیشانەی ئایندە بە «ب» ی نیشانەی فەرمان و هەندێک دەسکاری وەک:
  - دەڵێ بڵێ
  - دەچێ بچۆ
  - دەڕوا بڕۆ
  - دەکا بکە ... هتاد

  ئیتر بۆ دەبێ لە کاتی بەکارهێنانی پاشگری «وە»، «ەوە» لەگەڵ فیعلی فەرماندا ڕێیەکی لاوازی بێتە ناوەوە لە حاڵێکدا نە لە ڕێژەی ئایندە و نە لە ڕێژەی ڕابردوودا ئەم ڕێیە دەرناکەوێ؟

  - گوتمەوە دەڵێمەوە
  - چوومەوە دەچمەوە
  - ڕۆییمەوە دەڕۆمەوە
  - کردمەوە دەکەمەوە

  کوردێکی دەرەوەی سلێمانی بە فێربوون و لاسایی کردنەوە نەبێ بە دڵیدا نایەت لەلاوە ڕێیەکی لاواز بخوازێتەوە بۆ ڕێژەی فەرمانی ئەو فیعلانە. وابزانم پێویستە نووسەری سلێمانی خۆی ڕابێنێت بەوەی کە بەسەر زاری زوربەی ئاخێوەری کوردییەوەیە.

- چوومەوەوانێ، ماڵەوەوانێ: ئەم «وانێ» یەش لە هەموو حاڵاندا شتێکی زیادەیە و تایبەتی ناوچەیێکی بەرتەسکی ئاخاوتنی کوردییە، ناشێ بکرێتە سەربار لە شێوەی ئەدەبیمان.

من لەم نووسینەدا بەم نموونانە واز دەهێنم لە درێژە پێدان، بەڵام دەبێ لێرەدا شتێکی یەکجار گرنگ بە خوێنەری کورد بڵێم کە تا ئێستا هیچ ئیشارەتێکی بۆ نەکراوە، هەرچەند یەکێکیشە لە تایبەتییە هەرە بنجییەکانی زمانی کوردی.

بەشی هەرە زۆری چۆنیەتیی نووسینی ئەدەبی لە زمانە پێشکەوتووەکاندا تەنها یەک شێوەی ڕاستی لێ پەیدا دەبێت، کە لەوەت لادا دەکەوێتە هەڵەوە. زمانی کوردی ئەم خاسییەتەی «تاکڕێباز» ی تێدا نییە چونکە گەلێک جاران لە دەربڕینی واتادا، پتر لە ڕێگەیێکی ڕاست و دروست لە کوردیدا پەیدایە. بە نموونە: ڕێژەی کاری کارابزر (صغة الفعل المبني للمجهول) دوو ڕێبازی سەربەخۆی دروستی هەیە، یەکێکیان هی کرمانجیی سەروو، ئەوی دیکەش هی بەشەکانی تری کوردستان. کەس ناتوانێ بڵێ ڕستەی «هاتە کوشتنێ» هەڵەیە و هەر «کوژرا» ڕاستە. کە بێیت و بەراوردی ڕستەکان بکەیت لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دەبینی «هاتە کوشتنێ» لەگەڵ He was killed ی ئینگلیزی و «کشتە شد» ی فارسی هاودەستوورترە لە «کوژرا». لەو ڕووەوە هەر سێ شێوە کرمانجیی سەروو، ئینگلیزی، فارسی) بە هۆی فیعلی یاریدەرەوە پێک هاتوون کەچی «کوژرا» لەگەڵ «قـُتِلَ» ی عەرەبی «اولدرلدی» ی تورکی لە ڕووی داڕشتنەوە ئاشناترە چونکە ڕێژەی کارابزر (مبني للمجهول) ی هەر سێ زمان (کرمانجیی خواروو، عەرەبی، تورکی) لە تەنها ماددەی فیعلە بنجییەکەوە وەرگیراوە. لەوەش بەولاوە ڕێژەکەی کرمانجیی سەروو ناوناوە هەر لە کۆنەوە و تا ئێستاش لە شێوە ئاخاوتنی خوارووودا بەکار هاتووە و بەکار دێت، وەک ئەوەی کە شاعیر بەر لە پەنجا ساڵ دەڵێ

قەتعی مومکینە تاکە هەودایێ
ئەمما کە زۆر بوو لە پچڕان نایێ

ئەم ڕستەی «لە پچڕان نایێ» شێوەی مەنفی «دێتە پچڕانێ» یە. گەلێک جاران گوێت لێ دەبێ یەکێک دەڵێ «فڵان مەسەلە نایەتە گوتنێ، فڵان شت لە کڕین نایێ – لە کڕین دێ...» ئەمانە هەمووی بەکارهێنانی ڕێژەی کارابزری کرمانجیی سەرووە.

نموونەیێکی دیکە لەم بابەتە:

- دەگوترێ: دەیاندیتم، دەمدیتن، دەماندیتی، دەتدیتین.
- لە بەرەو باشووری کەرکووک دەڵێن: دەمیان دیت، دەیانم دیت، دەتمان دیت، دەمانت دیت.

ئەم دوو شێوە ئاخاوتنە، لە باری ئێستاکەیاندا، لەسەر دەستووری ڕێزمانی تایبەتیی خۆیان هەڵستاون و هەر یەکەیان بە کێشی و تەرازووی خۆی ڕاست و دروستە.

- دەگوترێ: پێم گوتن، پێت گوتم، پێیان گوتین...
- دەشگوترێ: پێتانم گوت - پێیانم گوت (چونکە «پێمگوتن» بۆ کۆی کەسی دووەم و کۆی کەسی سێیەمیش بەکار دێت)، پێمت گوت، پێمانیان گوت...

دەبینی هەردوو جۆرە ڕستەکان لەباودان و بەپێی دەستووری خۆیان ڕاستیشن، تەنانەت شێوە ئاخاوتنی خوارووی کەرکووک توانی بڵێ «پێتانم گوت، پێیانم گوت» کەچی شێوە ئاخاوتنی سلێمانی و سۆران و موکریان بۆ هەردوو ڕێژە هەر دەڵێ: «پێم گوتن» و ناتوانێ کەسی دووەم و سێیەم لەیەکتر جودا بکاتەوە. لە ڕستەی «پێم گوت» دا کەسی سێیەمی تاک بەرکارە بەڵام دیارنەکەوتووە کەچی لە شێوە ئاخاوتنی خوارووی کەرکووکدا دەگوترێ: «پێیم گوت» و ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک دیارە.

کورتەقسە لێرەدا ئەوەیە پتر لە شێوەیێکی ئاخاوتن بەر دەستووری ڕاست و دروستی زمان دەکەوێت. زۆر جارانیش شێوە ئەدەبییەکەی پەرەسەندووی ئەمڕۆژانەی کوردی هەرە پەسەندەکەی نییە.

## بەشی سێیەم – دەنگەکانی ئاخاوتن: «یەک ڕاستیی بزرکراو»

مەبەست لە دەنگەکانی ئاخاوتن ئەوانەن کە لە ڕێنووسدا ئەلفوبێ و قاف و شینیان بۆ کراوە بە نیشانە. ئەوانەی لە بری وشەی «دەنگ» وشەی «پیت» بەکار دەهێنن کەرستەی گفتوگۆ تێکەڵ بە کەرستەی نووسین دەکەن چونکە ئەوەی لە زارەوە دەردێت دەنگە نەک پیت.

گریمان نووسین لە بەیندا نەبێت و پیت و ڕێنووس جارێ پەیدا نەبووبێت، خۆ خەلقەکە قسان دەکەن و پەکیان بە سەر شکڵی ئەلفوبێ Alphabet ناکەوێت. یەکێکی نەخوێندەوار کە دەئاخێوێ ئاگای لەوە نییە نووسەران چۆن قسەکانی بۆ دەکەن بە نووسین، من و تۆش کە قسە دەکەین و بە نموونە دەڵێین «بەرد» چەند دەنگێک لە زارمانەوە دەردێت وشەکە پێک دەهێنێت نەک شکڵی «ب، ـە، ر، د».

عەرەبەکان لە کۆندا فەرقی نێوان دەنگ و پیتیان نەکردووە و بۆ هەردوویان وشەی «حرف» یان بەکار هێناوە، بگرە ئەم وشەیان بۆ «حروف القواعد» یش گوێزراوەتەوە و گوتوویانە «حرف العطف، حرف الجر... الخ».

بەهەمەحاڵ ئەم چەند دێرە بە نیازی ڕەواندنەوەی گومانێک بوون کە لەوانەیە بە دەوری واتای «دەنگ» ـەوە ڕەشکەوپەشکە بە چاوی خێراخوێن بکات چونکە نووسینەکەم لێرەدا باسی دەنگ دەکات و زۆر جاران وشەکە دەهێنێتە ناوەوە بۆیە پێویستم زانی کە لە پێشەوە بڵێم مەبەست لە دەنگ «دەنگی زمانی – صوت لغوي» چییە تاکوو لە هەر شوێنێک وشەکە هاتە ناو نووسینەوە زیهنی خوێنەر بۆ ئەو واتایە بباتەوە نەک دەنگی با و ئاو و تەیر و ئاژەڵ و فیکە و لرخەی سینگ و... هتاد.

تا ئێستا ئەوەی خوێندبێتمەوە لە بارەی «دەنگ» بە تێکڕایی وای ڕانواندووە کە هەموو دەنگێکی زمانی بە هۆی هاتنەدەری هەناسە لە سییەکانەوە، لە پیکی قورگەوە بەرەو دەرەوەی زار دێت و بە هاریکاری زمان و پووک و مەڵاشوو و ددان... شکڵی خۆی وەردەگرێت، ئیتر یەکێکیان دەبێتە لێویی - لووتیی، ئەوی تریان زمانیی- مەڵاشوویی، سێیەمیان لێویی - ددانی... هتاد. کە ئەمە پتر پەیوەندی بە فەسلەجەوە هەیە نەک زمانەوانی.

زانستی زمان پاش دیاری کردنی شوێنی دەرپڕینی دەنگەکان لە لایەن زانای «وظائف الأعضاء» ـەوە دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لە تەئسیری نزیکبوون و لەیەکتر دووربوونی ئەو شوێنانە لە نوقتەنیگای ئاخاوتن و پێکهێنانی وشە و تێکهەڵکێشرانیان... ڕەنگە زۆر لە ڕاستی دوور نەکەوتبێتمەوە ئەگەر بڵێم قەساب لە زمانزان باشتر شارەزایە لە خزمایەتی و نزیکی و دووریی ئەندامەکانی ئاخاوتن و قورگ و سیپەلاک و بۆرییەی هەوا...

بەهەمەحاڵ، هەڵە کردن لە دۆزینەوەی شوێنی دەرپڕینی دەنگەکان پەکی قسەکەر نایەخێت چونکە مرۆڤ بێ مامۆستا لە خۆوە فێری ئاخاوتن دەبێت، تەئسیری ئەو هەڵەیە لە حاڵەتێکدا دەبێ کە نزیکی و دووریی جێگەی لێدەرچوونی دەنگێک لە یەکێکی تر پەیوەندی هەبێ بە یەکتر گۆڕینەوەیان وەیا یەکتر کز کردنیان وەیا یەکتر لەناوبردنیان چونکە ڕەنگە لەو حاڵەتەدا دەستوورێک داندرابێ بۆ ئاڵوگۆڕ و کزبوون و تێچوونی دەنگەکان ئیتر بە هۆی ئەو هەڵەوە ببینین ئاکامی دەستوورەکە نەیەتە جێ وەک ئەوەی بە هەڵە بگوترێ فڵانە دەنگ و فڵانە دەنگ شوێنیان لە یەکتر نزیکە بەو پێیە دەبێ لە گۆڕیندا یەکیان بەوی تر بگۆدرێتەوە کەچی لە واقیعدا گۆڕینەکە لەگەڵ دەنگی سێیەمدا بکرێت.

من لێرەدا ئەم نموونەیەم بە مەبەستی ڕوون کردنەوە هێنایەوە نەک لەبەر ئەوەی کەوا لە یەکتر نزیکیی شوێنی دەرپڕینی دوو دەنگ هەمیشە وا دەکات یەکێکیان بەوی دیکە بگۆردرێتەوە.

من لە بارەی ئەوەی کە دەگوترێ دەنگی زمانیی بە هۆی دەرهاتنی هەوای هەناسە لە پیکی قورگ (حنجرة) ەوە بۆ دەرەوەی زار و بە هاریکاری ئەندامەکانی ئاخاوتن پەیدا دەبێ دوو ڕەخنەی زلم هەیە.

1- تەدەخولی پیکی قورگ (حنجرة) لە پێکهاتنی دەنگی زمانیی بریتییە لەوەی کە «ئاوازە» پەیدا دەکات نەک سەرلەبەری دەنگەکە. «ئاوازە» ش وەک من بزانم لە سێ حاڵەتدا دەردەکەوێت:
- حاڵەتی هەموو بزوێنەکان [دواتر دەگەڕێمەوە سەری].
- حاڵەتی دەنگە ئاوازدارەکان، وەک: د، ز، ب، گ، ل، ڕ، ژ، ڤ، ر، ن، غ...
- حاڵەتی قورس کردنی دەنگ، وەک کە لە وشەی «گەنم» دا دەنگی «ن» بە ناچاری قورس کردنێکی بەسەردا دێت بۆ ئەوەی بتوانرێ بەدوا ئەودا دەنگەکەی «م» تەلەفوزی پێ بکرێت.

ئەم حاڵەتەی قورس کردنی دەنگ ڕێژەی زۆرە، لێرە بەپێشەوە لە بەشێکی گرنگی دواوم [پروانە گوتاری «فۆنەتیک چیمان بۆ بکا؟» - بەشێ یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، 1975 - بەتایبەتی لە لاپەڕە 603 بەرەو دواوە].
لە نموونەی وشەی «گەنم» دەنگی «ن» کە قورس کرا بۆ خۆی ئاوازەدارە، قورسیش نەکرابایە هەر دەبوو ئاوازەی هەبێ، بەڵام دەنگی «چ» لە وشەی «پچڕ» دا قورس نەکرێت ئاوازەی نابێت. بە نموونە وشەی «گەچ» لەگەڵ خۆتدا بڵێوە و لەسەر «چ» ـەکە بوەستە و قورسی مەکە، دەبینی هیچ «ئاوازە»ی تێدا نییە.
من لە لێکدانەوەی خۆمدا ئەم قورس کردنەم بە «بزوێن» دانەناوە چونکە بە وردبوونە دەردەکەوێت ناچاری و پەک کەوتن بۆ دەنگەکانی ناو وشەی دەهێنێ نەک لە بنەڕەتدا بەشێکی وشەکانە چونکە هەر لزوومت پێ نەما دەڕەوێتەوە. تۆ ناتوانی، وەیا زۆر بە زەحمەت پێت دەکرێ، لە وشەی «پچڕ» دا سکوونی تەواو بخەیتە سەر دوو دەنگی «چ-ڕ» کەچی زۆر بە ئاسانی دوو دەنگی «س-ت» لە وشەی «مست، ڕاست، بست، خەست» دا دەوەستێنێت، هەر دەبێ بشیان وەشێنێت، هەروەهاش دوو دەنگی «ر-د، ر-ت» لە وشەکانی «کورد، بەرد، پرد، هەڵگورد - کەرت، جرت، فرت» بە سکوونی تەواوەوە دێن.
لێرەدا دەبێ بڵێم هەموو دەنگێکی سەرەتای وشە ئەگەر بزوێنی بەدوادا نەیەت دەبێ قورس بکرێ. هەموو دەنگێکی کۆتایی وشەش دەبێ بوەستێندرێ ئەگەر ئەویش هیچی دیکەی پێوە نەلکابێ. ئەو دەنگەش کە بە ناچاری لە پێش دەنگێکی ترەوە بە قورسکراوی دێت هەر کاتێک دەنگەکەی دواوەی بزوێنی درایێ وەیا قورس کرا بۆ خۆی قورساییەکەی لەسەر هەڵدەستێت مەگەر قسەکەر بە خواهشتی خۆی قورساییەکە بهێڵێتەوە. بە نموونە کە گوتت «گەنمەکە» پێویست نامێنێ دەنگەکەی «ن» قورس بکرێت چونکە میمەکە بزاوترا وەیاخود کە گوتت «گەنمم کڕی» دیسان قورسایی سەر نوونەکە لزوومی نامێنێ چونکە میمەکەی دواوەی قورس کرا.
لە عەرەبیدا ئەم قورس کردنە پێی دەگوترێ «کسرة مختلسة» بەڵام من هەر وەک ڕازی نیم لە کوردیدا پێی بگوترێ بزوێن ڕازیش نیم پێی بگوترێ «کسرة...» چونکە ئەگەر بزوێنی «کسرة» بایە دەبوو کە خرایە سەر دەنگی «ک، گ» لە کوردیدا هەردووکیان کلۆر بکات لەو ڕووەوە کە دەزانین دەنگی «کسرة» کورتە بزوێنی «ی» یە. جا ئەگەر «ی» بەدوا کاف و گافدا بێت کلۆریان دەکات. هەرچەند نموونەی وەها لە کوردیدا نییە «کسرة» بەدوا کاف و گافدا هاتبێت، بەڵام بۆ تاقی کردنەوە دەتوانین لەبەر خۆمانەوە بڵێین: «گِرد، کِرد» کە بە ڕێنووسی کوردیی ئێستاکە «گیرد، کیرد» دەنووسرێن، دیاریشە گاف و کافەکە کلۆر دەکرێن. لە وشەی وەکوو «سەگرمە، شەکر» دا گاف و کافەکە قورس دەکرێن، بەڵام قورس کردنەکە کلۆریان ناکات لەبەر ئەمە وا دەزانم هەقم هەیە بڵێم ناشێ بە هیچ جۆرێک ناوی «کسرة» لەو قورس کردنە بندرێت...
لەم سێ حاڵەتەدا ئاوازە لە پیکی قورگەوە دەبیسترێ، لەوە بەولاوە پیکی قورگ تێکەڵ بە پەیدا کردنی «دەنگ» نابێت. بەو پێیە هەموو دەنگە کپەکانی وەک: پ، ت، چ، ح، خ، س، ش، ف، هـ لە حاڵەتی وەستانی تەواودا پەیوەندییان بە پیکی قورگەوە نییە. هەر لەو شوێنە پەیدا دەبن و بەسەر دەچێن کە شوێنی دەرپرینیانە[3]iii.

بزوێنەکان، چ کورت بن چ درێژ، سەرەڕای ئەوەی کە لە حاڵەتی بزوێنیدا ئاوازەیان دەبیسترێ، کە دەشکرێن بە کۆنسنانت هەر بە ئاوازەداری دەمێننەوە. کە دەڵێی «شیک،

شڕێت، پیس، پڕێست، پیست، کووپ، کۆش، کوشت» بزوێنەکانی «یی، ێ، ی، وو، ۆ، و» ئاوازەی ناو وشەکان پێک دەهێنن دەنا دەنگەکانی «ش، ک، پ، ک، ت» هیچ کامێکیان ئاوازەدار نین.

له وشەی «واک» که دەنگی «و» تێدا کۆنسنانته، بەر لەوەی بزوێنی «ا» بدرکێندرێ واوەکە ئاوازەی خۆی دەردەبڕێت. هەورەهاش له وشەکانی «هاو، باوک...» و هی وەک ئەوانیشدا واوەکە هەمیشە ئاوازەدارە. دەنگی «ی» ش به بزوێنی و به کۆنسانتی هەر ئاوازەدارە وەک: «یار، یای، دایک...».

دەبێ لێرەدا ئیشارەتێک بۆ ئەوە بکەم که بزوێنی «ا» حاڵەتی کۆنسنانت تەحەممول ناکات و ئەوەی دەگوترێ گۆیا دەنگی «ئـ» ئەلفی کۆنسنانته زۆر لە ڕاستی دوور کەوتۆتەوە [له گوتارەکەی «فۆنەتیک چیمان بۆ بکا» نەختێک لەم باسە دواوم].

2- ڕەخنەی دووەمم ئەوەیە کەوا بەلای باوەڕی منەوە هەوای هەناسە تەنها سەرلەبری دەنگی «هـ» دروست دەکات، لەوە بەولاوە پێبەپێی دوور کەوتنەوەی شوێنی دەنگ له بۆریەی هەناسەوە بەشداریی هەوای هەناسە له پێک هێنانی دەنگەکان کەم دەبێتەوە هەتا دەگاتە دەنگی وەک «ف، پ، ت، س، ش...» که هیچ پەیوەندییان به هەوای هەناسەوە نامێنێت و به تەواوی لەو شوێنەدا پێک دێن که پێی دەڵێن «مخرج» ی دەنگەکان.
ئەم پێنج دەنگەی سەرەوە هەوای ناو دەم بەکار دەهێنن و هەر ساتەش بایی ئەوەی له دەربڕینی دەنگەکان هەوا بەخەرج دەدرێ هیتر له بۆشایی بەینی دوو ڕیزە ددانی سەرەوە و خوارەوە دێتەوە ناو دەم. بەڵام هەر لەو کاتەدا هەوای هەناسە به عادەتی خۆی له سییەوە دەردێت وەک که قسانیش نەکەیت هەر دەردێت.
دەنگی «ف» لەوانەیە به بردنەوە ناوی هەواش پەیدا بێت نەک هەر به هاتنە دەرەوەی. تۆ لێو و ددانەکانت بخە بارێک که دەتەوێ دەنگی «ف» بدرکێنیت ئینجا لەجیاتی ئەوەی هەوای ناو زار به ناو ددانەکانتدا بۆ دەرەوە بەڕێ بکەیت هەوا له دەرەوە به ناویاندا بۆ ژوورەوە ببە، دەبینی دەنگی «ف» لەم حاڵەتەشدا پەیدا دەبێ.
ئەم خاسیەتەی پەیدابوونی دەنگی وەک «ف» بەهۆی بردنەوە ژووری هەوای دەرەوەی دەم، به جارێک بێپەیوەندی هەوای هەناسە بەو تەرزە دەنگانەوە ئیسپات دەکات. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین که نەبوونی پەیوەندی هەوای هەناسە به پەیدابوونی «دەنگ» دەخلێکی نییە بەسەر پەیوەندی و بێپەیوەندیی پیکی قورگ به دەنگەوە. هەرچی پیکی قورگە بەشدارە لەو ئاوازەی که خاسیەتی دەنگە ئاوازدارەکانە وەک «ئـ، ج، د، ر، ڕ، ز، ژ، ع، غ، ڤ، گ، ل، ڵ، م، ن». دەنگی ئاوازدار دەخلی بەسەر هەوای هەناسەوە هەبێت و نەبێت بەناچاری ئاوازەکەی له پیکی قورگ پەیدا دەبێت و لەوێوە دەبیسرێ که هاتوو پیکی قورگ له دەربڕینی ئەو دەنگانە بەشدار نەبوو (وەک ئەوەی که دەنگ دەنووسێ، وەیا به فسکە قسە دەکرێ).
دەمێنێتەوە ئەو لەرە و لەرزە بێ ئاوازەی که ددان و زمان و لێو و پووک و مەڵاشوو پەیدای دەکەن، ئەوساش هەموو دەنگە ئاوازدارەکان وەک دەنگە کپەکانیان لێ دێت. تەنانەت دەنگی «ڤ» فەرقی لەگەڵ دەنگی «ف» نامێنێت. دەنگی دالیش یەکجار له دەنگی تێ نزیک دەبێتەوە. هەروەهاش «گ» بەرەو «ک» دەڕوات.

ئەمەی لەم چەند ڕووپەڕەیەدا خستمە بەر نیگای زانایانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجیی کوردزمان، سەرەتایەکە بەبەریەوە هەیە ڕێگە بۆ ناوەڕۆکی قووڵایی ئەو باسانە هەموارتر بکات. له تووێژیشدا سرنجی ئەموئەوم بۆی ڕاکێشاوە. گەلێک جارانیش له نووسینمدا ڕامگەیاندووە که ناشێ ئێمە گوێقوت بین بۆ ئەوەی له زاناکانی بێگانەوە پێمان دەگات وەیا به هەموو عومرمان چاو چر بکەینەوە لەو زانایانەی که له نووکی قەڵەمی ئەوانەوە دەتکێن.

هەڵبەت من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم نابێ نووسینی بێگانە بخوێنینەوە چونکە دیارە منداڵیش دەزانێ ئەو سامانە زانستییەی لە زانای میللەتە پێشکەوتووەکانەوە هەڵدەڕژێ، هەر خۆیەتی دەبێتە چرای بەر هەنگاومان و هۆی ژیانمان و بەرەوپێش چوونمان. من دەڵێم لەگەڵ خۆ ڕوون کردنەوەمان بە زانستی میللەتە پێشکەوتووەکاندا، ئەوەندە جورئەتەشمان هەبێت بە شێوەی سەربەخۆ و ئازاد و باوەڕبەخۆکردوو بوێرین لەو باسانە بدوێین کە هۆش و گۆشمان پێیان دەشکێت بە تایبەتیی باسی سەر بەو بابەتانەی پەیوەندیی بە وجوودمانەوە هەیە و بۆ ئێمەش وەک دەسهەڵێنج بن وایە.

«...»

پەراوێز

بەسەرداچوونەوە

ئەم گوتارەی مامۆستا قزڵجی کە بە عینوانی «لە بارەی هێندێ لە نهێنیەکانی ڕێزمانی کوردی» بۆ «گۆڤاری کۆڕ» هاتووە، دەنگ دانەوەیێکی نرخدار و دڵسۆزانەیە لەوەوە بەرانبەر یەکێک لە بەرهەمە ڕێزمانییەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێگە ڕووناککەرەوەی ڕێبازێکی زمانی کوردیشە. گوتارەکە لەو ڕووپەڕانەی ژوورا، بێ دەستکاری و لێ سڕینەوە و لێ گۆڕین، بڵاو کرایەوە، ناوناوەیێک نەبێ کە بە ناچاری شێوەی ڕێنووسەکەی لەگەڵ شێوە ڕێنووسی کۆڕ گونجێنردرا بۆ ئەوەی، تا ڕادەی لوان، لەگەڵ چاپکراوەکانی تری کۆڕدا لە ڕووی ڕێنووسەوە یەک ئاهەنگ بێت.
بەعادەت گوتار لەلایەن نرخێنەرەوە تەماشا دەکرێت و ئەو تێبینییانەی هەیێت بۆ خاوەنی گوتار دەچێتەوە تاکوو سەر لە نوێ لەبەر تیشکی ئەو تێبینییانەدا بە گوتارەکەیدا بێتەوە و چی بە ڕاستیان دەزانێت بە هەندیان هەڵبگرێت و لە دووبارە پێدا چونەوەدا جێگەیان بۆ بکاتەوە. ئەوەی ڕێک کەوتنیشی لەسەر نەبێت دەخرێتە بەر چاوی ئەنجومەنی کۆڕ و ئەو بڕیار لە بارەیەوە دەدات.
ئەم جارەیان لەبەر دووریی نشیمەنی خاوەن گوتار و بە نیازی کورت کردنەوەی کاتی پێویست بۆ ئەم شێوە «دووبارخانە»یەی[1]1 درێژخایێن، ئەنجومەنی کۆڕ لێمی سەلماند کەوا تێبینیەکانم لە شێوەی گوتاردا یەکسەر بەدوا ئەو گوتارەدا چاپ بکرێن بێ ئەوەی لە پێشەوە بخرێنە بەر نیگای خاوەن گوتارەوە، لەمەشدا نە زیانێک پەیدا دەبێت، نە ڕاستی و زانستیش وەتەنگ دێن.
مامۆستا قزڵجی، وەک لە بەرفرەوانیی لێکۆڵینەوەکانی و سەرەژوور تێ هەڵکشانی بەرەو مێژووەوە دەردەکەوێت، لە گەلێک جێگە و گوتەدا بۆی ڕێک کەوتوە پارێز بباتە ڕایەکانم و بە تیری ڕەخنە بیانپێکێت، بەڵام ویستویەتی جوانمەردی خۆیان لێ بەکار بهێنێت و بەشی زۆریان جەب بدات. من هەر چەند هەست بە چاکە کردنم تیژیش بێت و بە چاوی «خێڵەوە»[2]2 سەیری چاکە بکەم، دەشێ کەم، هەرگیز وە تەنگ نایەم لەوەی نەشتەری پسپۆری دۆست و دڵسۆز لەشی هەموو بەرهەمێکم کوناش کوناش بکات. حاجی قادر گوتەنی:

«پێم خۆشە غەزەل فەرشی قدومی عوقەلابێ»

هەر ئەم تێبینی کردنەی باخەڵ فەڕاحی دۆستێکی زانای وەک مامۆستا قزڵجییە وا ڕێگەم پێ دەدا لە وەرامی ڕەخنەدا، وەیا لە تەک دەرنەزەرخستنی ئەوەی بە «پوختتر»ی دەزانم پەروای دوودڵی کردن و زمان گرتن لە بیر خۆم ببەمەوە بێ خوتخوتەی دڵ شکستە کردن و کۆمەی دۆست ڕەنجاندن مەشقی خامەڕانی بکەم.
بە دوا گوتارەکەی مامۆستادا، ئێستا پێبەپێ و جێبەجێی تێبینی تێدا کردن، چی لام هەیێت، لەوانەی خزمەتی باسەکە دەکەن، بە زنجیرە دەخرێنە بەر چاوی خوێنەرانەوە. واش بوە ترسی درێژەی لە حەدبەدەر قسەی لێ کورت کردوومەتەوە، وەیا هەر بەجارێ بێ قسەی کردوم. وەک بزانم تازەیی ئەو باسانە داخوازی شی کردنەوەی نەفەس درێژ دەکات.

-1-
بەپێی ئەوەی لە لاپەڕەی 113- 114 ی گۆڤاردا نووسراوە وا دەفامرێتەوە کە من لە نووسینەکەی ناو «چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی» دا لەو مەبەستانە دواوم کە لە

---

[1]1- دووبارەخانە: کاروانچی کاتێک ژمارەی بارەکانی لە ژمارەی وڵاغەکانی پتر بوو هەموو وڵاغەکانی بار دەکات و بەرەکان تا نیوەی ڕێگەی قۆناغ دەبات و دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو بارانەی بەجێ مابوون ئەوانیش دەباتە لای بارەکانی تر. هەر بەو پێیەش بە شەکەی تری ڕێگا بە شێوەی «دووبارخانەبی» دەبڕێت.

[2]2- مەشوورە، دەگوترێ خێل یەک بە دوو دەبینێ.

کۆتایی لاپەڕە 113 و سەرەتای لاپەڕەی دواتردا ڕیزیان بەستوە. لێرەدا ناوی ئەو سەرەباسانە دەنووسم کە لە «حەشارگە...» دا لێیان کۆڵراوەتەوە:

1) حەشارگەی «ڕاناو»
2) حەشارگەی پاشگرەکانی «کار» کە بریتین لە «ا، کا، ڕا»
3) حەشارگەی «فعلی انتقالی و انتقالی پێچەوانە»
4) حەشارگەی «ناوگر»

دوای ئەمانە، بەزیادەوە و بێ ئەوەی ژمارەی بۆ دابنرێت، لە ڕاناوبوون و ڕاناونەبوونی ئەو «ت» ـە دواوم کە لە کاری ئایندەدا دەکەوێتە کۆتایی ڕێژەی لە مەڕ کەسی سێیەمی تاکەوە، وەک: دەڕوات، دەچێت...

لەمەوە دەردەکەوێت من لە «حەشارگە...» دا باسی پاشگری «ڕە، وە، انێ» م نەکردوە کە لە گوتارەکەدا لێیان کۆڵراوەتەوە. ئەم ئیشارەتەش بە هیچ جۆرێک دەخلی بەسەر نرخ و ناوەڕۆکی گوتارەکەوە نییە چونکە نە دوانی من لەو شتانە نرخان لە گوتارەکە داناشکێنێت، لە سەنگیشی کەم ناکاتەوە.

-2-

لە لاپەڕە 114 ی گۆڤاردا کە لە دەسنووسی مامۆستا قزڵجییەوە بە چاپ گەیشتوە نووسراوە فیعلی «برگشتن» تێپەڕە. نەمویست نووسینەکەی مامۆستا دەست لێ بدەم هەرچەندە دەزانم کە مەبەستی ئەوە بووە بڵێ «تێنەپەڕە»، کە ئەمەش ڕاستی فیعلەکەیە، چونکە لە قسەکانی دواتریدا کە دەڵێ «برگردانیدن» تێپەڕی عام و «برگاشتن» تێپەڕی خاص بوە دیارە دەبێ بەلای ئەویشەوە «برگشتن» تێنەپەڕ بێت.

-3-

لە لاپەڕە 115 دا فعلی «سوون، جوون» هاتوون، گۆیا لەوانەوە دوو فیعلی «ساوێن، جاوێن» بە لێ زیاد کردنی ئەلفێک لە هەر یەکێکیان پەیدا بوون.

لە پێشەوە دەبێ بڵێین ئەگەر سەلماندمان «ساوین، جاوین» لە «سوون، جوون»ـەوە هاتوون پێویستە بشسەلمێنین کە نەک تەنها «ئەلف»، بەڵکوو «ێ» یش بە زیادەوە هاتوە، بەو پێیە ئەلفێک لە دەرەوە هاتۆتە بەرایی «واوەکە و یێ» یەکیش هاتۆتە دوایەوە، کە ئەمە شێوەیێکی نەدیتراوە لە پەیدابوونی ناوگر لە فیعلی کوردیدا.

من وا دەزانم فیعلەکان لە بنەڕەتدا «ساوێن، جاوێن» بوون و بە تێپەڕینی کات و گۆڕانی ئاخاوتن بەرەو سوکی و کورتی شێوەی کورتتر و سووکتریان لێ کەوتۆتەوە. ئەوەی لە ئاخاوتنی ناوچە جوداکانی کوردستاندا دێتە بەر گوێ ئەم سێ شێوەیەیە:

- ساوێن: ساوێم، دەساوم
- سوێن: سوێم، دەسووم
- سوون: سووم، دەسووم

فیعلی «جاوێن» یش دوو شێوەی «جوێن، جوون» ی لێ دەبیسرێ و هەر سێ شێوەش لە باودان.

دیارە ئەم فیعلانە هەوەڵ جار ئەلفەکەیان قرتاوە و بوونەتە «سوێن، جوێن» دواتر کورتتر کراونەتەوە بۆ «سوون، جوون».

من لە گوتاری ترمدا نووسیومە چۆن وشەی «دژنێو – بەواتای دشنامی فارسی» ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتوە: دژنێو – جنێو – جوێن – جوون.

«ساوێن و جاوێن» یش نەختێکی ڕێگەی «دژنێو – جوون» یان کوتاوەتەوە و بوونەتە «سوون، جوون». ئەم باوەڕە لە ڕێگەیێکی تریشەوە پتەو دەبێت، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە هاتنی ناوگر بۆ ناو وشە گۆڕان بەسەر واتایدا دەهێنێت کەچی دەزانین «جاوێن – جوون» «ساوێن – سوون» واتایان نەگۆڕاوە، کەواتە دەبێ وشەکان لە ڕێی لێ سوان و لێ قرتانەوە شێوەیان گۆڕابێت

چونکە بەمەدا واتای وشە ناگۆڕێت وەک کە وشەی «هەستام، هەڵستام» و چەندین وشەی تری کورت کراوەی کوردی واتا گۆڕانیان تێدا پەیدا نەبوە. ئەم لێکدانەوەیە تەنها لە حاڵێکدا هەڵ دەوەشێتەوە کە بە توێژینەوەی مێژوویی بسەلمێندرێ، لە کۆندا وشەکان «سوون، جوون» بوون دوایی لێیان زیادکراو بوون بە «ساوێن، جاوێن».

-4-

لە لاپەڕە 116 دا وشەی «بووردن، بواردن» هاتوە: من لە «حەشارگە...» دا باسی ئەمەم کردوە، بەڵام لێرەدا دەبێ بڵێم «بووردن» کە کارێکی تێنەپەڕە بە واتای «بەخشین»ی پاتەوپات نایەت چونکە «بەخشین» کارێکی تێپەڕە، دیارە تێپەڕ و تێنەپەڕیش پێکەڵ نابن. ئەوی بە واتای «بەخشین» ی تەواو دێت وشەی «لێبووردن» ـە کە تێپەڕی بە واسیطەیە. دەبێ بگۆترێ «من لە تۆ بووردم» ناشێ بگوترێ «من ئەتۆم بوورد». ئەوەی بەسەر زارانەوەیە دەگوترێ «بمبورە« تەواوێک لە دەستووری لاداوە و ڕاستییەکەی «لێم ببوورە» یە. دەگوترێ «دارام بوارد، دارا منی بوارد، بمبوێرە...» چونکە «بواردن» کارێکی تێپەڕە و جێی خۆیەتی بەرکاری بێ واسیطەی هەبێت...

بەدوا «بوردن – بواردن» دا من لەگەڵ ڕای «مامۆستا قزڵجی» دام کە دەڵێ دوو وشەی «ئەنگووتن – ئەنگاوتن» تێنەپەڕ و تێپەڕی یەک کارن هەرچەند لە گەلێک شێوە ئاخاوتندا «ئەنگووتن» بە واتای «بزووتن» [گەلاوێژ ئەنگووت]، «هەڵکردن» [نەسیم ئەنگوت]... و واتای ئەو تۆیی تریش بەزۆری لە کاردێت. من لە «حەشارگە...» دا ئەم دوو وشەیەم هەڵبوارد چونکە هەندێ برادەری زمانزان لێیان نەسەلماندم واتای تێپەڕ و تێنەپەڕی یەک کار هێندەی «ئەنگوتن، ئەنگاوتن» لە یەکتر دوور بکەوێتەوە، ئەو برادەرانەش نەیانبیستبوو کارەکان بەو واتایە دێن کە مامۆستا قزڵجی باسی کردوە [بە واتای پێکران، ئەنگێوران].

بە پێچەوانەی ئەوەی مامۆستا لە بارەی «هەڵ ئەنگاوتن» ی گوتوە کە گۆیا ئەو کارە وجودی نییە، لە زۆر ناوچەی کوردەواری دیوی کوردستانی عیراقدا دەگوترێ «لوولەی تفەنگەکەم هەڵ ئەنگاوت دەنا کابرام دەکوشت – جۆگاکەم نەختیک هەڵ ئەنگاوت و ئاوەکەم بەسەر ئەرز کرد...».

-5-

لە بارەی کارەکانی «شردن [ بوویێتە شاردن]، ژمردن [بوویێتە ژماردن]، بژردن [بوویێتە بژاردن]». من وا دەزانم ئەسڵی ئەم فیعلانە «شران، ژمران، بژران» ـە کە لە جۆری فیعلی مطاوعی وەک «سووتان، ڕمان، پسان» ن. ئەمانە بەهۆی ناوگر دەبنە «شاردن[ەوە]، ژماردن، بژاردن» ڕێژەی «مبنی للمجهول» یشیان تا ئێستا بە پێی دەستووری گشتی لە ئاخاوتندا هەر ماوە و دەگوترێ «دەژمێردرێ، دەشاردرێتەوە، دەبژێردرێ» کەواتە دەشێ بڵێین لە ڕووی بەراورد کردنەوە ئەم لیستەیە پێک دێت:

| | تێنەپەڕ | تێپەڕ | مبنی للمجهول |
|---|---|---|---|
| ▪ | ڕما | ڕماندی | ڕماندرا [ڕمێندرا] |
| ▪ | سووتا | سووتاندی | سووتاندرا [سوتێندرا] |
| ▪ | پسا | پساندی | پساندرا [پسێندرا] |
| ▪ | شرایەوە | شاردراییەوە | شاردرایەوە |
| ▪ | ژمرا | ژماردی | ژماردرا [ژمێردرا] |
| ▪ | بژرا | بژاردی | بژاردرا [بژێردرا] |

لێرەدا ئەو ڕەخنەیەم لێ ناگیرێ کە بگوترێ «سووتا، ڕما، پسا» بە هۆی «اند» ـەوە بوونەتە تێپەڕ کەچی «شرا، ژمرا، بژرا» لە ڕێگەیێکی ترەوە بوونە «تێ»، چونکە مەرج نییە هەموو فیعلەکان بە یەک ڕێگەدا بەرەو تێپەڕی ڕۆن: بە نموونە، فیعلی «ئەنگوا – بە واتای پێکرا» بە هۆی «اند» ناکرێتە تێپەڕ و نایێتە «ئەنگواندی» بەڵکوو دەبێتە «ئەنگاوتی» کە هەر خۆی ڕێژەی تێپەڕی «ئەنگووت» یشە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەم ڕاستبێ کاری «سپاردن» یش هەمان جۆر هاتنی لە «سپران»ـەوە جێی باوەڕ پێ کردن دەبێ. وەک لە «حەشارگە...» دا گوتومە «سپرا، دەسپرێ» لە نێوان خێڵەکانی بەشێکی هەرێمی ڕانیە و قەڵادزە و کۆیەدا دەبیسترێ. ئەگەر بشڵێین «ژمرا، شرایەوە، بژرا، سپرا» ڕێژەی «مبنی للمجهول» ن دەبێ بسەلمێنین کورتکراوەی «ژماردرا، شاردرایەوە، بژاردرا، سپاردرا» ن. ڕەنگە توێژینەوەی مێژوویی بەلایێکیاندا ساغ بکاتەوە.

ئەوەی مامۆستا قزڵجی لە بارەی «ژماردن» ی گوتوە کە گۆیا لە «شمردن» ـەوە بە ئەلفێکی زیادەوە هاتوە (کۆتایی لاپەڕە 117) ناوگرمان بە دەستەوە نادات چونکە «ژماردن» ی کوردی بەرانبەر و پێکەڵپێکی «شمردن» ی فارسییە و هەردوویان تێپەڕن. وا بزانم نابێ بڵێین «ژماردن» لە «شمردن» ـەوە هاتوە بەڵکوو هەر ئەوەندە ڕێگەیەمان هەیە کە بڵێین لە کوردیدا ژماردن بە واتای «شمردن» ی فارسییە هەر وەک «پێ» ی کوردی بەرانبەر «پا» ی فارسییە.

-6-

منیش وەک مامۆستا قزڵجی (لاپەڕە 118)، لە «حەشارگە...» دا گوتوومە «بزووتن» بە هۆی ناوگرەوە لە تێنەپەڕەوە بۆتە «بزاوتن» کە تێپەڕە... لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم لە هەندێ شوێنی کوردستانی عیراقدا لە جیاتی «بزێو» وشەی «بزۆز» بەکار دەهێنن، واش پێ دەچێ ڕێژەیێک بێت لەوانەی تائێستا بەر حیسابان نەکەوتوون، هەڤاڵیشی هەن وەک لەم نموونانەوە دەردەکەوێت: «بزۆز ,کڵۆڵ، گڵۆڵ، فۆس...»

-7-

«ڕۆنشتن و دانشتن» ویا «دانیشتن» لە یەک واتادان و زۆریش باون، بەڵام کە بە هۆی «اند» بکرێتە تێپەڕ دەبێتە «دانیشاندن – ڕۆنیشاندن»، دیارە کە بە هۆی ناوگری «ا» بکرێتە تێپەڕ دەبێتە «ناشتن» و تەواوێک لە واتاکەی دەگۆڕێت، ئەمەش مافی بێ دەمەتەقەی ناوگرە: پاشگری «اند» هەر ئەوەندە دەکات کە لە تێنەپەڕەوە، تێپەڕ دروست دەکات بێ ئەوەی واتای بگۆڕێت.

-8-

لە لاپەڕە 120 دا وا ڕاگەیاندراوە کە وشە «پەساردن – هەڵپەساردن» لە «سپاردن» ـەوە هاتوە و واتاکەی گۆڕاوە. وا دەزانم بەڵگەیێک نییە ئەمە بسەپێنێ، پتریش لەگەڵ باوەڕدا دەگونجێ بگوترێ هەردوویان وشەی سەربەخۆن و لە بنەڕەتدا لەیەکتر جودان وەکو هەموو دوو وشەی تری لە یەکتر جودا. گەلێگ وشە هەن لە کوردیدا وەک ئەم دوو وشەیە حەرفەکانیان (دەنگەکانیان) هاوچەشنن بەڵام بە دوا یەکتردا هاتنی دەنگەکان و واتای وشەکان جودان وەک: «گەرم، مەرگ – دەرز، زەرد – زێر، ڕێز...» چ بەڵگەیێکیشم بە دەست کەسەوە نەدیتوە ئیسپاتی ئەوە بکات کە یەکێکیان لەوی ترەوە وەرگیراوە.

-9-

لە بابەت وشەی «خوردن [خوەردن]، خورتن [خوەرتن]، خو [خوە]...» ـەوە کە لە لاپەڕە 121 باس کراوە دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: لەم وشانەوە کە سەرچاوەی «خواردن» ی ئێستاکەی کوردی بەدەستەوە دەدەن دەزانرێ بۆچی ئەم وشەیە لە تصریفدا وەک ئەو کۆمەڵە وشانە نییە کە هاوکێشن و بەر یەک دەستووری بێ کەلەبەر و بێ ڕیزپەڕی تصریف دەکەون وەک:

- بواردم دەبوێرم
- هەناردم دەهەنێرم
- ژماردم دەژمێرم
- بژاردم دەبژێرم
- سپاردم دەسپێرم

فیعلی «خواردم» دەبوو بە پێی ئەم دەستوورە لە ئایندەدا بێتە «دەخوێرم» کەچی دەبێتە «دەخۆم» ناوناوەیێکیش لێرەولەوێ دەگوترێ «دەخۆرم». بەڵام کە زانرا بە ئەصل «خواردن» نەبوە چ گلەیی لەوەدا نامێنێ کە ڕێژەی ئایندەی بچێتەوە بەرەو ڕێژەی ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە هەڵقوڵیوە.

دووەم: کە زانیمان دەنگی «ا»ی ناو وشەی «خواردن» لە دەنگی فەتحە «ە» وە هاتوە نابێ بڵێین ناوگرە و لە لاوە هاتوە بۆ ناو وشەکە بەڵکوو ئاشکرایە کە لە ئاکامی گۆڕانەوە پەیدا بوە، گۆڕانیش باسێکە زۆر جودا لە باسی «ناوگر».

-10-

لەبارەی وشەی «برێشکە»وە کە ئەویش لە لاپەڕە 121 دا باس کراوە من هەر وا دەزانم بەهۆی ناوگری «ێ» لە «برژان»ی کوردییەوە پەیدا بوە نەک لە «وریژیتک»ەوە، بەڵگەشم وشەیێکی ترە کە ئەویش، هەمان جۆر، ئەم دەنگەی «ێ» تێیدا بە ناوگر هاتوە، وشەکەش «نانبرێشک»ـە کە خەڵق کردویانەتە «ناوبرێشک». وا دەزانم زۆر زەحمەتە زمانی کوردی لە وشەی «وریژیتک»ەوە ڕێژەی «بریشک»ی بۆ وشەی «نانبرێشک – ناوبرێشک» خواستبێتەوە بەتایبەتی کە لە کۆنەوە وشەیێکی وەک «نانبریژیتک» نەبوویێت بیکەین بە بنەمای وشەکەی ئێستای کوردی.

-11-

لە وشەکانی «برنج، ئاسەوار - لاپەڕە 122، کۆمەڵ - لاپەڕە 123، درویّنە» بیّ سیّ و دوو لیّ کردن هاتمە سەر ڕایەکەی مامۆستا قزڵجی، لە دوو وشەی «ئاسەوار، کۆمەڵ» یش وێڕای قەناعەت هێنان، ڕوون بوونەوەیێکی زمانناسانەشم پیّ گەییشت بەتایبەتی لە وشەی «ئاسەوار» ـەوە. بەڵام وا دەزانم دەنگی «یّ» ی ناو وشەی «درویّنە» لە «درویّن» ـەوە گۆڕاوە نەک «دروان» چونکە ئەمەی دوایی تێنەپەڕە «دروون، درویّن»یش تێپەڕە. «سوان، پران» یش هەردوویان تێنەپەڕن «سویّن، پرین» یش تێپەڕن...

-12-

وشەی «پێژە» ناشیّ لە «پێژان» ی «خشت پێژان» ـەوە هاتبێت کە وا لە لاپەڕە 312 باس کراوە چونکە واتای «پێژە» لە وشەی «ڕێژە و پێژە» دا بڵاوبوونەوەیە نەک کەوتنەوە سەریەک و ڕێک کەوتن. بڵاوبوونەوەش بۆ «پژان» دەچێتەوە.
بەداخەوە لە دەسنووسەکەی مامۆستا قزڵجی دوو وشە هاتوون. نیشانەیێک بەسەر پیتێکی هەر یەکێک لەو دوو وشانەوە هەیە بەڵام نازانرێ هی کام پیتە. وشەکان «گیرە، گیران» ن، لە چاپ کردندا بوون بە «گێرە، گێران» دیاریشە نابیّ وا بن.

-13-

وشەکانی «خارشت، شەبەق، ئاراو. لاپەڕە 123»، ڕەمانە «لاپەڕە 124» دەمەتەقە هەڵ دەگرن، ڕەنگە لێشیان بە کۆتایی نەگەین، ئەوەندەش گرنگ نین زۆریان پێوە ماندوو بین، لەبەر ئەمە بەسەریاندا نەڕۆییشتمەوە.

-14-

لە بارەی خاڵی دووەم کە لە کۆتایی لاپەڕە 124 بەرەو دواوە باسی «ت» ی کۆتایی هێندیّ فیعل دەکات، مامۆستا لەوەدا لەگەڵم گونجاوە کە دەڵێم ئەو «تیّ» یانەی کۆتایی فیعلی «کەسی دووەم و سێیەمی تاک»، وەک «دەخۆیت، دەکەیت – دەبات، دەچێت...» ڕاناو نین، نموونەی وشەی کۆنی دەری و ئاوێستاشی هێناوە کە لەوانەدا وەک لە پەهلەویدا، [بە پێی نووسینی ناو گوتارەکە] ئەم تێیانە بەکار هاتوون. بەڵام لە گۆشە نیگای ڕێزمانەوە، وا دەزانم، ئەو بەڵگانەی من لە «حەشارگە...» دا هێنابوم بۆ ڕاناو نەبوونی ئەو «تیّ» یانە [بەتایبەتی هی کەسی سێیەمی تاک] پتر ئیسپاتی مەبەست دەکەن لەوەی کە بزاندرێ لە کۆنەوە تیّ لەو شوێنانەدا بەکارهاتوون چونکە ئەو کەسەی بڵیّ «تیّ» یەکانی ئیمرۆ ڕاناون دەتوانیّ بڵیّ لە کۆنیشەوە ڕاناو بوون، بگرە پتریش بەردەوام دەبیّ لەسەر بیروڕای خۆی کە دەزانیّ بەر لە دوو هەزار ساڵ زیاتر ئەم جۆرە «تیّ» یە بەکار هاتون، بەڵام کە بەڵگەی پتەو ئیسپاتی ڕاناو نەبوونیانی کرد چ بایەخێک نامێنیّ لەوەدا ئایا کۆنن یان تازە. من لە «حەشارگە...» دا دوو بەڵگەم هێنابۆوە (پروانە لاپەڕەکانی 88 – 91ی «حەشارگە...») بۆ ڕاناو بەبوونی «تیّ» یەکەی کەسی سێیەمی تاک یەکێکیان لەوەدا کە ئەگەر ڕاناو بووبایە دەبوو وەک ئەوانی تر مومکین بیّ لە ڕستەدا ببێتە «مەفعول». ڕاناوەکانی ڕێژەی ئایندە ئەمانەن:

- دەڕۆم «م»
- دەڕۆین «ین»
- دەڕۆیت «یت، ی»
- دەڕۆن «ن»
- دەڕوات (گۆیا «ت» یاخود «ات» ڕاناوە)
- دەڕۆن «ن»

ئێستا ئەم ڕاناوانە - ئەگەر ڕاناوبن – دەخەینە ڕستەی ئەوتۆوە تێیدا ببن بە مەفعول:

- دەیانبردم «م»
- دەیانبردین «ین»
- دەیانبردیت «یت، ی»

- دەیانبرد « - »
- دەیانبردن «ن»

ئەگەر «ات» وەیا «ت» لە کۆتایی «دەڕوات» دا ڕاناو بوایە دەبوو ئەویش وەک ئەوانی تر ببووایە «مەفعول» و بگوترابایە: «دەیانبردت» وەیا «دەیانبردێت» (ئەگەر نموونەکە لە «کوشتن» ـەوە هاتبا دەبوو بگوترێ «دەیانکوشتێت»).
بەڵگەی دووەم، کە بەهێزتریشە لە هی یەکەم، لەوەدایە کە وا بە پێی باوەڕی ئەو زمانشناسانەی «تێ» یەکەی کەسی سێیەمی تاک بە ڕاناو دادەنێین دەبێ ئەم «تێ» یەی کۆتایی فیعلی وەک «بوویێت، چوییێت...» ڕاناو بێ. جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە «تێ» یەکە ڕاناوە دەبێ بسەلمێنین لە فیعلەکانی وەک «چوییێتم، چوییێتین، چوییێتیت...»دا دوو ڕاناو هەبێت یەکێکیان هی کەسی سێیەمی تاک و ئەوی تریشیان هی کەسەکانی تر. لە فیعلی تێپەڕدا وەک «گوتبێتمان، کێڵابێتیان، کردبێتت...» کەوا هەمیسان دوو ڕاناوی «فاعیل» لە یەک فیعلدا کۆدەبنەوە یەکێکیان هی کەسی سێیەمی تاک و ئەوی تریان هی کەسەکانی تر، دەبێ لە «گوتبێتی، کێڵابێتی، کردبێتی» دا دوو ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک هەبێ «ت، ی» ئەمەش شتێک نییە هیچ لێکدانەوەیێکی بە ڕێوجێ مەرجەبای لێ بکات.
لەبەر ئەمە وا دەزانم مامۆستا قزڵجی لە پێویست کەمتر سەرنجی کشاوە بۆ ئەم باسە و بە چاوی کڕیاریش سەیری هەموو بەڵگەکانی ناو «حەشارگە...» ی نەکردوە. بە نموونە، ئەگەر ڕێی هەبا پتر خۆی بەو باسانە و بەڵگەکانی ناو «حەشارگە...» وە خەریک کردبا دەبوو هەڵوەستێکی لە ئاست لێکدانەوە دەربارەی ڕاناوی لکاوی بەهێز و بێهێز (لاپەڕە 13 – 17) بکردبایە وەیا ناوێکی فیعلی «انتقالی و اتتقالی پێچەوانە لاپەڕە 51 – 77» ی بهێنابایە...

-15-
لە بارەی وشەی «نپردت، نپردیتن» [نەپەردیت، نەپەردیتن] کە لە سەرەتای لاپەڕە 127 دا هاتوون چ زیانێک پەیدا نابێ لەوەدا کە بڵێم ڕەنگ بێ وشەی «نبرد- نەبەرد» لەوانەوە کەوتبێتەوە.
هەر لەو لاپەڕەیەدا مامۆستا قزڵجی وشەی «ڕە» ی بە پێشگر داناوە و دەڵێ بۆ واتای «لە»یە. لێرەدا تێبینیم هەیە:
ناشێ «ڕە» بە پێشگر دابندرێت چونکە خۆی وشەیێکە لەو بەشە ئاخاوتنەی پێی دەڵێن Preposition و لە عەرەبیدا پێی دەڵێن «حرف جر». دەوری «پێشگر» لە پێک هێنانی وشەدایە، دەوری پرێپۆزیشنیش لە ڕستەدایە. پێشگر و پاشگر و ناوگر خۆیان هەمیشە دەبنە کەرتێکی وشە، هەر ئەم تایبەتییەشە لە وشەی دیکەیان جودا دەکاتەوە، بەڵام ئەم ڕاستییە مەنعی ئەوە ناکات پرێپۆزیشن وەک هەموو وشەیێکی تر ناوناوە وشەی لێکدراو وەیا داڕژاوە دروست بکات وەک کە بڵێین (پیاوی «بێدین» چ پەرواى نییە...) وەیا (پیاوی «بەدین» دەست دەپارێزێ...). لەم نموونانەدا «بەدین، بێدین» بوونەتە وشەی فەرهەنگی هەروەک دەشێ وشەی «دەستکورت»یش بە واتای هەژاری بخرێتە ناو فەرهەنگەوە، بەڵام کە گوتمان «ئەم دنیایە بێ دین ڕاناوەستێ – کابرا بە پارە چارەی کارەکەی کرد...» دوو وشەی «بێ، بە» لە ڕستەدا دەوریان دێت و وشەی فەرهەنگییان دروست نەکرد چونکە نەبوون بە کەرتی وشەیێکی تر وەک کە «هەڵ، دا، تێ، ڕا...» لە وشەکانی «هەڵگرتن، داگرتن، تێ سرەواندن، ڕاهاتن...» هەمیشە کەرتێکیانن و ناتوانن لێیان بپچڕێنەوە بۆ ئەوەی سەربەخۆ لە ناو ڕستەدا دەور ببینن. لە شێوەی وەک «هەڵم گرت، داتان شکاند، تێیان هەڵسوو، ڕای دەپەڕێنن..» دا پێشگرەکان هەر پێشگرن و بەشێکی فیعلەکانن هەرچەند ڕاناوێک کەوتۆتە نێوانیانەوە.
لە وشەی وەک «ڕەدووکەوتن» دا ئەم «ڕە» یە پێوەندی بە وشەی «دوو» وە هەیە وەک پرێپۆزیشن نەک پێشگر، چونکە لەوێدا «دوو» زەرفە نەک فیعل.
لە بارەی «ڕای» پەهلەوی و «ڕا» ی دەریشدا (لاپەڕە 127) هەرچەند نەشتوانم ببم نە بەرەوان لەو دوو زمانەدا بەڵام جوداوازی نێوان واتاکەیان هێندە ئاشکرایە ڕێ بەخۆم دەدەم بڵێم ئەم دوو وشەیە دەخلیان بەسەر یەکترەوە نییە چونکە «ڕای» پەهلەوی پرێپۆزیشنە «ڕا» ی دەریش نیشانەی «مفعولیە» ـە چ بەواسیطە و چ بێ واسیطە. هەر وەک «ڕای» ناشێ پێشگر بێت

هەروەها «را» ش ناشێ پاشگر بێت هەرچەند لە دوای وشەوە بێت چونکە بابێتە کەرتێکی وشە و چ مەعنایان لە ناوەرۆکی وشاندا زیاد و کەم ناکات.
لە بارەی پاشگری «وە» وە (لاپەڕە 127) قسە زۆرن، من بەوپەڕی لێ کورت کردنەوەوە خۆمی لێ ڕزگار دەکەم:
أ- نموونەکانی مامۆستا قزڵجی «بچۆرەوە، بڵێرەوە، بمدەرەوە، بکەرەوە« هەموویان لە ڕێژەی فەرمان هاتوون، باشتر ئەوەیە «چۆوە (چۆوەوە)، گوتیەوە، دایەوە، کردییەوە» بە سادەیی و بێ لێ زیاد کردنی ئەم «ڕ» ـەی ڕێژە فەرمانی بەشێک لە لەهجەکانی کوردی بخرێنە بەر سەرنجەوە.
ب- وەک بۆ سەرنجی بینەر دەردەکەوێت پاشگری «وە» کە لە هەندێ لەهجەی کوردیدا دەبێتە پێشگری «وە، ڤە» نەک تەنها بۆ دووپاتەکردنەوە بەڵکوو بۆ گەلێک مەبەستی تر لەگەڵ فیعلدا بەکار دەهێندرێ، لەوانە:

- دووپاتەکردنەوە.
- خۆی بەشێکی بنجییە لە فیعلدا کە بێ ئەو فیعلەکە واتای دروست نادات وەک «ڕازانەوە، گواستنەوە، شاردنەوە...» لەم فیعلانەدا پاشگری «وە - ەوە» نە واتای دووبارە کردنەوەی تێدایە نە، بێ ئەو فیعلەکان واتایان دروست دەبێ.
- خۆی بەشێکی بنجییە لە فیعلدا بەڵام کە لێی قرتا فیعلەکە واتایەکی تر دەدات و لە هیچیشیان دووپاتەکردنەوە پەیدا نییە وەک «ئاو خواردنەوە، پارە بردنەوە، دەرگا کردنەوە، مەڕ کوشتنەوە...». ئەم فیعلانە ئەگەر بە واتای «شرب، کسب، فتح، ذبح» بن لەو دووپاتەکردنەوەدا دەبێ بگوترێ «جارێکی تر وەیا خود دووبارە خواردنەوە، دووبارە بردنەوە، دووبارە کردنەوە - جارێکی تر بردمەوە، دووبارە دەرگەکەم کردەوە، سەرلەنوێ خواردمەوە...هتد». مامۆستا قزڵجیش لە بەرەو کۆتایی (لاپەڕە 128) دا گوتویەتی (پاشگری «وە» لە فیعلی «بخۆرەوە» دا جگە لە مەبەستی «اعادە»، بۆ جیاوازی نێوان «اکل» و «شرب» ـە). بەڵام دەبوو بڵێ فیعلی تریش لەم جۆرەی «خواردن» زۆرن.

-16-
لە فیعلەکانی ئەو نموونانەی مامۆستا قزڵجی لە (لاپەڕە812) دا هێناونیەوە «ئەو گایەی کڕیووتە کە جووت ناکا بیفرۆشەرەوە...» وەک مامۆستا خۆی دەڵێت سەرنج گرتنێکی ورد پێویستە: چ لەم نموونانە بێت و چ لە نموونەی تری وەک «کەوتم و هەڵستامەوە، چوم و هاتمەوە، کە پرم کرد و تێکم دایەوە...» بێت، دیاردەیێکی گشتی لە هەمووواندا هەیە هەرچەند دیاردەکە بە پێی سروشتی «فیعل» جلوەگۆڕیش بکات. لە بەشێکی زۆری ئەو فیعلانەدا فیعلەکەی دوایی کە پاشگری «وە - ەوە» ی پێوەیە بەردەوام بوون وەیا دووبارە کردنەوەیێکی پێچەوانەیی فیعلی یەکەم ڕادەگەیەنێت لە هەموانیشدا ئەگەر فیعلی یەکەم نەبێت هی دوەم نابێت:

- چووم و هاتمەوە- هاتنەوەکە بەردەوام بوونێکی پێچەوانەیی چوونە.
- کەوتم و هەڵستامەوە - هەڵستانەوەکە پێچەوانەی کەوتنە و لەوەوە پەیدا بۆتەوە.
- کردم و تێکم دایەوە - تێک دانەوە پێچەوانە کردنی کردنەکەیە و لەوەوە هاتوە.
- گایەکە دەفرۆشمەوە - دیارە لەمەو پێش کڕیومە دەنا دەمگوت «دەفرۆشم»، ئەم فرۆشتنەوەیە پێچەوانەی کڕینەوەیە.

لە فیعلی «کوشتنەوە» دا وەک گوتم پاشگری «وە - ەوە» بۆ دووبارە کردنەوە نییە بەڵکوو خۆی دەوری بنجی واتاگۆڕی دیتوە وەک کە لە «پارە بردنەوە، دەرگە کردنەوە...» دا دەوری بنجی دیتوە بێ «اعادە». ئەگەر ئێمەش وەک مامۆستا قزڵجی بڵێین کوژرانەوەی بەرخ لەلایەن خەڵقی ترەوە سەبەبە بۆ ئەوەی واتای دووبارە کردنەوەی تێدا «تصور» بکرێت، ڕووبەڕووی دوو بەرهەڵستی گەورە دەبین: یەکێکیان ئەوەیە کە دەبوو یەکەم «کوشتنەوە» پێی بگوترێ «کوشتن» تاکوو دووەم و سێیەم و... هەزارەم دووبارەکراوەی ئەوبن. بەرهەڵستی دوەم ئەوەیە کە ئەگەر لە کوشتنەوەدا ڕێ هەبێ کاری لێرە بەپێشەوەی خەڵق ببێتە «مبرر» بۆ ئەوەی هی

من و تۆ بە شکڵی دووبارە کراو دەرببردرێت، ئەوسا دەبوو هەموو کارێکی تێپەڕ نەک هەر «کوشتن، کوشتنەوە» هەمان شکڵی دووبارەکراو وەرگرن چونکە هەروەک بەر لە بەرخەکەی من و تۆ بەرخی تر سەرپڕاون بەر لە جگەرەی من و تۆش جگەرەی تر داگیرسێنراون، ئەوساش دەبوو بڵێم «جگەرەیێکم داگیرساندەوە...» هەروەهاش بڵێم «دەم و چاوم شوشتەوە، زەویەکەم کێڵایەوە [بە واتای کێڵام]، صەگەکە پشیلەکەی خنکاندوە... هتاد» چونکە لێرە بە پێشەوە دەم و چاویش شۆراون و زەویش کێڵراون و پشیلەش خنکێنراون. [باسەکە پتر بەدواکەوتن هەڵ دەگرێت].

-17-

لە بارەی ئەوەی مامۆستا قزڵجی لە کۆتایی لاپەڕە 128 دا پێی دەڵێ پاشگری «انیٚ»: ڕاست کردنەوەیێکی بچووک لە سەرەتای لاپەڕە 129 دا پێویستە بکرێت. نووسراوە («کردتانی» و «کردمانی» و «کردشانی» صیغەی زۆر کۆنی زمانی دەرین کە لە جیاتی هەوەڵ کەس و دوەم کەس و سێیەم کەسی کۆی ڕابردو...) وا دەزانم دەبێ وشەی «کردمانی» لە پێشەوە بێت بۆ ئەوەی لە خورد کردنەوەکەی دواتردا بەرانبەر کەسی یەکەم ڕاوەستێت، ئەوساش «کردتانی» دەکەوێتە بەرانبەر کەسی دوەمەوە... کە سەرنج ڕاگریت دەبینیت دواتر لە دێری چوارەمی لاپەڕەکەدا فیعلەکان ڕیزی ڕاست و دروستیان بەستوە. بە دوا ئەمەدا کە مامۆستا دەڵێ «دەچمەوانیٚ، دەچیتەوانیٚ» لەمەوە پەیدا بوە باشتر ئەوەبوو بیگوتبایە «چوومەوانیٚ، چوویتەوانیٚ» تاکوو ئەوانیش وەک نموونەکانی ناو کتێبەکەی «بەهار» ڕێژەی ڕابردویان هەبوایە.
ئێستا دەبێ سەرنج بۆ شتێکی گرنگ ڕابکێشم لە مەسەلەی «انیٚ – ەوانیٚ» دا:
لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی ئەم پاشکۆیە وەنییە هەر لەگەڵ فیعلدا بێت بەڵکوو بەدوای ناویشدا دێت و دەگوترێ «لەماڵەوانیٚ...». ڕەنگە بگوترێ ئەم «ەوانیٚ» یەش هەر هی دوای فیعلە پەڕیوەتەوە بۆ کۆتایی ناو، بەڵام ئەم هێندە گوتەیە ڕاستی دیاردەکەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە چونکە هەر نەبێ، بۆرە دەستوورێک ڕەچاو بکرێت وەک ئەوەی کە من خۆم لە کۆتایی لاپەڕە 229 و 230 ی کتێبی «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» دا گوێزانەوەی هەندێ دەنگ و ئامرازم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە نموونەکانی ناو ئەو لاپەڕانەدا داوەتەوە بە داخوازی کێش وەیا قافیەی شیعر[3][3]. لێرەدا دەبێ ئەو تێبینیەش بکرێت، هاتنی ئەم «ەوانیٚ» یە بە دوا غەیری فیعلدا لە شوێنی تایبەتیدا دەبێ، ژمارەی ئەو شوێنانەش زۆر نین، وشەکەش دەبێ لە حاڵەتی غەیری «فاعلیة و وصفیة» دا بێت، بە کورتی دەبێ لەو حاڵەتەدا بێت کە عەرەب پێی دەڵێت «معمول» ئیتر «مفعول» بێ وەیا «زەرف» وەیا هەرشتێکی تری وەک ئەوان. بە نموونە دەڵێم کەس نەیبیستوە بگوترێ «مەحموودەوانیٚ کوڕێکی زیرەکە، ئەم ڕووبارەوانیٚ ئاوەکەی خورە، خانوەکەم خۆشەوانێیە، مەلێکی جوانەوانێم گرت...».
بەهەمەحاڵ ئەم باسە گەلێک پتر لێ وردبوونەوەی دەوێت لەوەی مامۆستا قزڵجی کردویەتی وەیا من لێرەدا کردوومە. بەلای باوەڕی منیشەوە بەکارهێنانی ئەم شێوە «ڕستەسازییە» بەبابەتی «زمانی ئەدەبی یەکگرتوو» نییە بەڵکوو بەکارهێنانێکی ناوچەییە، تەنانەت هێنانی ئەو «ر» ـە نەرمەش لە ڕێژەی فەرماندا وەک «بنووسەرەوە، بڵێرەوە، بچۆرەوە...» کە هەندێک لە نووسەران بەشێکی وەک «نون الوقایة» ی[4][4] دادەنێن بۆ پاراستنی بزوێنی سەرەتای «ەوە» ئەویش ڕەفتارێکی ناوچەییە و ناشێ بەسەر هەموو نووسینی کوردیدا بهێندرێ.

---

[3][3]- وا دەزانم ئەوەی لەو جێگایەی «چەپک» دا گوتراوە یەکەم ئیشارەیە بۆ ئەو تەرزە جێ گۆڕکێیە لە ئاخاوتنی کوردی. ئەم جارەشیان دوەم ئیشارەیە.

[4][4]- بەلای هەندێ زمانەوانانەوە ئەم پاشگرە »ەوە» یە نەک «ەوە» چونکە لە هەر جێگایەکی مومکین بێت بزوێنەکەی پێشەوەی بپارێزرێت پارێزراوە، بەڵگەییێکیش بۆ ئەم باوەڕە لەوەدا دەهێننەوە کە لە ڕێژەی فەرمان «فعل امر» ی کوردیدا لەبەرئەوەی کۆتایی ئەو ڕێژەیە هەمیشە هەر بزوێنە، بەشێک لە کوردەکان ئەم «ر» ـە لاوازە بە نیازی پاراستنی بزوێنەکەی سەرەتای «ەوە» دەهێننە ناو ڕێژەی فەرمان چونکە دیارە بزوێن بە بزوێنەوە نالکێ: تۆ ناتوانی تلفظ بکەی «وەرە ەوە – بکە ەوە – بخۆ ەوە – بێ ەوە...» تا

کۆنسنانتێک دێت و بزوێنەکە بە خۆیەوە دەگرێت... ئەوەی ڕاستی بێ من تا ئێستا نەمگوتوە »وە» یاخود «ەوە» پاشگرە هەرچەند لە بیروڕا و لێکدانەوەدا بەلای «ەوە» دا دەچمەوە چونکە ئەم بزوێنە لێرە و لە شوێنی تریشدا زۆر بەرچاوە و دەورێکی گەورەی هەیە لە ئاخاوتنی کوردیدا، دیارە نابێ ئەم هەموو سەرەتاتکەیە لە لایەن بزوێنی «ە» وە خۆڕایی بێت، دەرنەکەوتنیشی لە هەندێ حاڵ و باردا نابێتە ڕەسەن نەبوونی چونکە بەشێکی زۆر لە دەنگەکانی ناو وشەی زمانی کوردی تێ دەبردرێن و دێنەوە کەسیش ڕێی نییە بڵێ تێ بردنەکە بەڵگەی نارەسەنییە:

چووم - دەچم – لێرەدا واوەکە تێ بردرا

- هاتم - دێم – هێ نەما
- شووشتم - دەشۆم – «شت» ون بوو
- خواردت - دەخۆی – «ارد» ڕۆیی
- بەرەڵلا - لە بەرهەڵداوەوە هاتوە...

هەر بەو جۆرەش بزوێنی پێش نیشانەی تەعریف «ەکە» لە زۆر شێوە ئاخاوتندا کە کەوتە دوای بزوێنەوە تێ دەبردرێت وەک:

- پەنجەرە - پەنجەرەکە - نەگوترا و ناگوترێ «پەنجەرە - ەکە»
- برا - براکە - نەگوترا و ناگوترێ «برا - ەکە»

واش دەبێت کۆنسنانت دێت و ئەم بزوێنە دەپارێزێت و دەگوترێ «برایەکە».

لە هەندێ لەهجەدا پاشکۆی «اسم الأشارە» کە بزوێنی «ە» یە، کاتێک بە دوای وشەی وەهادا هات کە بە »ە» کۆتایی دێت تێ دەچێت وەک:

- پەنجەرە - ئەم پەنجەرە. لە شێوەی تردا دەگوترێ «ئەم پەنجەرەیە...».

دەرنەکەتنی بزوێنی «ە» لە بەرایی «ەوە» کە دەبێتە پێشگر، شتێکی ناچارییە چونکە لەو حاڵەتەدا چ کۆنسنانت لە پێشەوە نییە خۆی پێوە بگرێت، لەبەر ئەمە نابێتە بەڵگەی نارەسەنی بزوێنەکە. کورتەی قسەم لەمەدا ئەوەیە کەوا بە ئاسانی ناتوانین بڵێین ئەم پاشگرە، کە دەشبێتەوە پێشگر «ەوە» یە نەک «ەوە». ئەو نووسەرانەی دەڵێن هاتنی ئەو بزوێنە لە بەرایی «وە» وەیا لە کۆتایی وشەکاندا بۆ ئاسان کردنی دەربڕینی بێژەکانە قسەیێکی بێجێ دەکەن چونکە چ قورسایی لەوەدا پەیدا نییە کە لە جیاتی «چومەوە» بگوترێ «چوومەوە» لە حاڵێکدا ناوی جێگە و ئاوایی هەیە لە کوردستاندا وەک «پەسوە، بێژوە...» کۆتایی یان بە »وە» دێت و کەس لێیان وەتەنگ نەهاتوە: بەڵێ مومکینە بگوترێ «پەسوێ، بێژوێ» بەڵام زۆریش بە جۆرەکەی تری دەردەبڕن بەتایبەتی لە ڕستەدا کە دەڵێن «فلانەکەس خەڵقی بێژوەیە و خەڵقی پەسوەیە...». لەمەش بترازێ. یەکێک لە ڕێژەکانی ڕابردووی کوردی هەمیشە کۆتایی بە »ەوە» دێت وەک: دارا نووستوە، ئەمەم بردوە، کێت دیتوە؟ چەندین ڕستەش هەن وەک: ناوم برزوە، دایکی ژن خەسوە، دوای ژمارە یەک ژمارە دوە... کە هەموویان کۆتاییان بە »وە» دێت.

لێرەدا پێویستە بڵێم، مادەم مامۆستا قزڵجی لە ماددەی پێشگری «ک»دا بە زۆر لایاندا قسە ڕانی کردوە، دەبو لە بارەی «وە، ەوە»ەش بخاتە سەر قسەکانی کە بێژەی «ەوە» دەبێتە پاشکۆی بەشێک لە پریپۆزیشنەکان و بەدوا ئەو ناوانەدا دێت کە لەبەر تاوی پریپۆزیشنەکەدان وەک:

- لە هەولێرەوە بۆ سنە.
- بە باب و باپیریشیەوە ڕای ناکەوێ.
- لە من و تۆوە خەڵق فێربوون.
- لە من و تۆوەڕا خەڵق فێربوون.

-18-

له بارەی پاشگری «ک» ـەوە:

ئەوەی لە لاپەڕە 129 و 130 و 131 دا نووسراوە لە ژێر عینوانی [4 - پاشگری «ک»،«ئا»] دا تەواوێک لە مەبەستی ناو «حەشارگە...» ی لاداوە، چونکە لەوێدا باسی پاشگری «کا» کراوە کە بە دوا فیعلدا دێت و لە ئایندەدا دەبێتە «کێ – بزرکا، دەبزرکێ» کەچی لە گوتارەکەدا کۆمەڵێک مەبەستی لە یەکتر جودا لە ژێر ئەو عینوانەدا کۆکراونەتەوە کە زۆر تێبینی هەڵدەگرن من لەم چەند خاڵەی ژێرەوەدا کورتەیێکیان دەنووسم:

أ- کافی «بندک، دستک» کە بوونەتە «بەندە، دەستە» لە هیچ ڕوویێکەوە لەگەڵ ناسینەکەی مندا یەکتر ناگرنەوە، تەنانەت وشەیێکی وەک «کوتک – کتەک» کە لە فیعلی «کوتان» ـەوە هاتوە ئەویش لە پەڕاوێزی قسەکانی من بەدەرە چونکە «کوتک» و کافەکەی گەردان ناکرێت وەک ئەو فعلانەی لە «حەشارگە» دا بە نموونە هاتوونەتەوە. ئەگەر گوترابایە «کوتکا، دەکوتکێ، دەکوتکێنم، دەکوتکاند...» ئەوسا دەمانگوت ئەم کافە کە بۆ پەیدا کردنی ناوی «ئامێر» ـە پاشگرێکی فیعلە.

ب- کافی «بچووک کردنەوە» کە ئەویش لە باسی ناو «حەشارگە...» بەدەرە، دەشێ پێی بگوترێ «پاشگر» چونکە گۆڕینێک لە واتای وشە بچووک کراوەکە پەیدا دەکات، بەڵام دیارە پێوەندی بە فیعلەوە نییە.

ج- نیشانەی «عهد و تعریف – لاپەڕە 130 ی گۆڤار» کە مامۆستا خستۆتیە ژێر سەرەباسی پاشگری «ک»، لە هیچ ڕوویێکەوە بەر ئەو سەرەباسە ناکەوێت:

پاشگری «ک» لە وشەی وەک «کوتک، کۆچک، کوتک، لانک...» دا بۆ هەر مەبەستێک بێت تەنها دەنگی کافە، کەچی نیشانەی «تعریف» سێ دەنگی سەرلەبەری «ەکە» یە.

ئەگەر جایەز بێت «ەکە» بە پاشگری «ک» بژمێردرێت دەبێ «ۆک» ش لە وشەی وەک «جلۆکە، مەڕۆکە، بزنۆکە...» بە پاشگری «ک» لە قەڵەم بدرێت، هەروەهاش هەموو پاشگرێکی تری دەنگی «ک»ی تێدا بێت.

گوتم نیشانەی «عهد و تعریف» و نەم گوت پاشگری «عهد و تعریف»، لەمەشدا بە ئانقەست ئەم «ەکە - الف لام التعریف» ـەم لە مەفهومی ناو گوتارەکە دزیەوە چونکە هەر وەک نەشیا بخرێتە ژێر عینوانی پاشگری «ک» هەروەهاش ناشێ پێی بگوترێ پاشگر: واتای پاشگر هەر ئەوە ناگەیەنێ کە لە کۆتایی وشەوە بێت.

هەڵکەوتنی وشە و کەرتی وشە لە پێشەوە و لە دواوە شتێکی ڕواڵەتییە و خۆی بە تەنها نابێتە هۆی بەشدار بوون لە پێک هێنانی وشەی تازەدا. پێشگر و پاشگر و ناوگر وشەی تازە دادەهێنن، واتە «تدخل» لە شیرازەی وشە دەکەن و دەبن بە کەرتێکی پێک هێنەر و واتا بەخشی وشە تازەکە. هەر بۆیەیە کە کوردەواری ناوی «عمر» دەکات بە «عومبەر» و دەنگی «ب» دەخاتە ناو کڵێشەی وشەکەوە چ ناو گری لەوەدا بەکار نەهێناوە چونکە «عمر» و «عومبەر» یەک شتن و جوداوازییان لە نێواندا نییە: ئەم «ب» ـەی ناو «عومبەر» زیادیێکی فۆنەتیکییە دەم و ڕاوێژی بەشێکی کوردەواری لەو شوێنەدا حەزی لێ دەکات هەر وەک «کەمەر» دەکەن بە «کەمبەر» وەیا بە مەکینەی «کسارە« دەڵێن «کەستارە» وەیا وشەی «تسویە» دەکەن بە «تەوسییە».

لە وشەی «عومبەر»دا دەنگی «ب» چۆتە ناو کڵێشەی وشەکەوە بەمەشدا بەشێکی ڕێگەی پریوە بەرەوە ناوگری، بەڵام چونکە هیچ واتای نەگۆڕیوە و چ وشەی تازەی دانەهێناوە لە ناوگری دەشۆڕێت و دەبێتە زیادیێکی فۆنەتیکی. هەروەهاش «کەمبەر» لەتەک «کەمە» دا.

لە بابەتی «ەکە» ی تەعریف نیشانەی تر هەن وەک «ان» ی کۆ [پیاوان، درەختان] و پاشکۆی ناوی ئیشارەت [ئەم پیاوە- ئەم پیاوانە] کە ئەوانیش نابن بە کەرتی وشە و ناشێ پێیان بگوترێ پاشگر. بۆ ئەم تەرزە بێژانە زاراوەی «نیشانە» بەکار دێت کە ماملەتێکی پەسەندە لەگەڵ وشە و ڕێزماندا. هەندێک زمانەوان هەن «دە» ی «دەڕۆم، دەخۆین...» و «ب» ی «بڕۆ، بخۆم...» و

«...»

«نە» ی «نەڕۆی، نەخۆین...» و «مە» ی «مەڕۆن، مەخۆن...» یش بە نیشانە دادەنێن. ئەو لیژنەیەی «زمان و زانستەکانی» کە من تێیدا ئەندام و دەمڕاستم تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا نەگەیشتۆتە باسی ئەو وشانەی لە زیمنی «وشەی بەستراو» دا بەر تاقمی «نیشانە» دەکەون، بەڵام هەر جارە کە پێویستی توێژینەوە ڕووبەڕوی ناوهێنانی تاک تاکەی وشەکانمان بکات زاراوەی «نیشانە« یان بۆ بەکار دەهێنین. دەنگی «ک» لە ئاخاوتنی کوردیدا یەکێکە لە دەنگە هەرە چالاکەکان کە دەوری جۆراوجۆر دەبینن لە دروست کردنی وشە و لە پێکەوە بەستنەوەی ڕستان.. مامۆستا قزڵجی لە بەشێکیان دواوە، خۆشم لێرە بە پێشەوە باسی گرنگی دەوری «ک» م کردوە، نووسەری دیکەش بە گشتی (نەک بە تایبەتی) لە نموونەاندا ئەم «ک» ـە یان باس کردوە، بەڵام تێکڕای ئەو بۆچوونانە بخرێنەوە سەریەک هەر بایی سەرەتایێکی باسەکە دەکەن.

لێرەدا دوو نموونەی عەنتیکە لە بەکارهێنانی دەنگی «ک» دەخەمە بەرچاوی خوێنەر. یەکێک لەو دووانە، بەر لە ئێستا، کەوتۆتە ناو نووسینەوە، ئەوی دیکەیان یەکەم جارە لێرەدا باس دەکرێت. نموونە باس کراوەکە ناوی یاری «دایە مەمدۆرەکێنە» یە کە لە کۆیێ و شوێنی نزیک بەو پێی دەڵێن («دونگ لە مەڕێ» ڕەنگە «گورگ لە مەڕێ» بوویێت و گۆڕابێت چونکە یەکێک لەو گەمەیەدا دەوری گورگ دەبینێت و خۆی لە مەڕ دەدات»)،

دیارە وشەکە بەپێی دەستووری زمان و ڕێزمانی کوردی «دایە مەمدۆڕێنە» بوە و ناوگری «ەک» خراوەتە ناو کلێشەی پاشگری «اند» کە لە ڕێژەی فەرماندا دەبێتە «ێنە - دۆڕاندت، دەدۆڕێنیت، بدۆرینە». بۆیەش پێی دەڵێم ناوگری «ەک» چونکە:

1- چۆتە ناو کلێشەی بەشێکی وشەوە
2- ناوێکی تازەی داهێناوە بۆ جۆرێک لە یاری و گەپ.

نموونە باس نەکراوەکە فیعلی «ڕاوەستەکێ» یە کە لە دەوروبەری خۆمم بە زۆری بیستووە. لەم فیعلەدا دوو ڕەفتاری بەرچاو کراوە:

1- فیعلی «راوەستە» گێردراوەتەوە بۆ سەر بنجی خۆی کە لە بنەڕەتدا «وەستا، دەوەستێ، بوەستێ» یە.
2- ناوگری «ەک» خراوەتە نێوان دوو دەنگی کۆتایی وشەکە.

دیارە گۆڕانێکیش لەو بەکارهێنانەدا بەسەر واتای «ڕاوەستە، ڕاوەستێ» ی عادەتیدا هاتوە چونکە کە دەگوترێ «ڕاوەستەکێ» مەبەست هەر «ڕاوەستان» ی عادەتی نییە بەڵکوو ئەو ڕاوەستانەیە کە وردبوونەوە وەیا گلەیی کردن وەیا مەبەستێکی تایبەتی بەدوادا دێت.

لە وشەی «دایە مەمدۆرەکێنە» بیر بۆ وشەکانی وەک «شلکێنە، نیسکێنە، زەردێنە، ماشێنە، ترخێنە، جگێنە، قرقێنە، وەردێنە...» دەڕوات، بەڵام لە ڕووی ڕێزمان و وشەسازییەوە قیاسی ئەو لەوان ناکرێ چونکە «ێنە» ی کۆتایی «مەمدۆڕێنە» شێوەی پاشگری «اند» ـە لە ڕێژەی فەرماندا و پاشگرێکی لە مەڕ فیعلە، کەچی «ێنە» ی دوای وشەکانی تر پاشگری بەرەی ناوە و سەربەخۆیشە چونکە لە شتێکی دیکەوە نەهاتوە وەک «ێنە» کەی تر کە لە «اند» ـەوە هاتبوو.

د- لە بارەی «شەوەکی، بەیانەکی، ڕاستەکی، چەپەکی، لاوەکی...» یەوە:

لە گوتارەکەدا (لاپەڕە 130، خاڵی 6 – 7) ئەم پاشگرەی «ەکی» ش هەر لە ژێر عینوانی پاشگری «ک» دا باسکراوە. دیارە لە شکڵدا «ک» و «ەکی» هەر هێندە یەکدی دەگرنەوە کە لە هەردوویاندا دەنگی کاف هەیە، لەوە بەولاوە نە بەشکڵ و نە بە واتا و نە بە جۆری لە کارهێنان خزمایەتییان لە نێواندا پەیدا نابێ. لێرە بە پێشەوە ئەم «ەکی» یە لە لایەن لیژنەی زاراوە زانستییەکانی سەر بە کۆڕی زانیاری کورد، کە خۆم دەمڕاستی بوم، نەختێک بە پێی پێویستی فەرمانی زاراوە دانان لێی کۆڵراوەتەوە (لاپەڕە 439 – بەرگی چوارەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد 1976) و لە داهێنانی زاراوەدا بەکاریش هاتوە (لاپەڕە 442 – 475 ی هەمان گۆڤاردا).

لەو شوێنانەدا لیژنە ئەم پاشگرەی «ەکی» بە ئەداتی نیسبەت داناوە وەک کە «ی» لە کۆتایی بەشێکی وشەی کوردیدا دەوری نیسبەت دەبینێت. ئەمەی خوارەوە سەرەتای قسەکانی لیژنەیە لە بارەی ئەم پاشگرە و بەکارهێنانی لە داڕشتنی وشە و زاراوەی تازەدا:

(لەم کارەی داهێنانی زاراوە کەوا گەلێک جار ڕێژەی نیسبەتی تێدا بەکار دێت لیژنە خۆی لە «ی» تەقلیدی دزیەوە بۆ پاشگرێکی تر کە ئەویش هەر بۆ نیسبەتە و زۆریش لە تاکە دەنگی «ی» لە بارترە بۆ هاتن لە دوای زوربەی وشانەوە. لە کوردیدا دەگوترێ «لاوەکی، دەرەکی، ناوەکی، سەرزارەکی، شەوەکی، بەیانەکی، ڕۆژەکی، پێشەکی، پاشەکی، ڕەمەکی...» کە هەموویان ڕێژەی نیسبەتن و گونجاوتریشن لەوەی بەهۆی «ی» پێک هاتبان. ئەوی ڕاستی بێ پاشگری «ی» نیسبەت لە بنەڕەتدا بۆ دەربڕینی نیسبەت لەگەڵ شار و وڵات و عەشرەت و گەل و شتی ئەوتۆییدا بەکارهاتووە، ئێستا نووسەران خەریکن لەگەڵ وشەی وەهای بەکاربێنن کە هەرگیز کورد لەگەڵیاندا بەکاری نەهێناوە وەک وشەی ئاوەڵناوی عادەتی «جوان، ئازا، سور، زەرد، تێر... هتاد». ئەم وشانە کە پاشگری «ی» یان چووە دواوە دەبنە ئەبستراکت هەرچەند پێشگرەکە لە هەمان کاتدا بۆ نیسبەتیش بەکار دێت. لێژنە وای پەسەندکرد لە جیاتی پاشگری «ی» لەم شوێنانە و شوێنی وەک ئەواندا پاشگری «ەکی» بەکاربێنێت).

[«جوانەکی، ئازایەکی، سوورەکی، زەردەکی...» بە واتای «جمالی، اقدامی، احمری، اصفری...»، ناوە ئەبستراکتەکەشیان دەبێتە «جوانەکیەتی – جمالیة، ئازایەکی- الاقدامیة، سوورەکیەتی – الاحمریة، زەردەکیەتی – الاصفریة...» (بنواڕە لاپەڕەی 439 ی گۆڤارەکە، دواتریش لە لیستەی زاراوەکاندا ئەو وشانە دەبینیت کە بە تازەیی پاشگری «ەکی» لە گەڵیاندا بەکارهاتووە.)]

ئەم بۆچوونەی لیژنە، وا دەزانم، بۆچوونێکی ڕاست و دروستە، تەنانەت ئەگەر پێشنیازەکەشی وەرنەگیرێ لە داهێنانی وشەی تازەدا لەوەدا نیشانی پێکاوە کە دەڵێ پاشگری «ەکی» بۆ نیسبەتە.

به پێی بیروباوەڕی ناو گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی پاشگری «ەکی» بۆ دیاری کردنی:

1- کات و زەمان «بەیان – بەیانەکی، شەو – شەوەکی».
2- لا «جهة» «لا– لاوەکی، ڕاست – ڕاستەکی، چەپ – چەپەکی».

نەختێک وردبوونەوە بە چاوی ماملەت دەری دەخات کە پەیدابوونی واتای «کات، لا» لەم وشانەدا شتێک نییە پاشگرەکە پێکی هێنابێت چونکە ئاشکرایە واتای کات لە وشەکانی «بەیان، شەو» دایە واتای «جهة» یش لە وشەکانی «لا، ڕاست، چەپ» دایە. ئەگەر هاتبا پاشگرەکە لە وشەی وەک «بەرد، دار، ئاو، هەنجیر، کارس، چوێلەکە...» واتای «کات» وەیا «لا» ی پەیداکردبا دەمانگوت دیارە ئەم پاشگرە بۆ داهێنانی «کات، لا» لە وشاندا بەکار دێت. فەرموو سەیری وشەی «سەرزارەکی، سێجرتەکی، ڕەمەکی...» بکە، کوا واتای «کات، لا»؟ ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە لیژنە بۆی چوە: ئەم پاشگرە لە کوردیدا بەدوا کۆمەڵێك وشەدا هاتووە بۆ دەربڕینی واتای نیسبەت لەو وشانەدا ئیتر کاتیان تێدا بێت یا شتێکی تر، هێندە هەیە هەست بەوە دەکرێت کە وشەکان بەزۆری واتایێکی «ظرفية» دەدەن بەڵام وانییە پاشگری «ەکی» «ظرفية» ـەکەی پەیدا کردبێت. واتای «کات، لا» ش لەو وشانەدا لەوەوە دێت کە «ظرف» بە واتای تەقلیدی یا «ظرف زمان» ـە یا «ظرف مکان» ـە. بەپێی دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی چ گرفت لەوەدا نییە بگوترێ «سەرەوژێرەکی تێنیشتین».

-19-

لە بارەی خاڵی نۆیەم کە لە لاپەڕە 131 باس کراوە:

قزڵجی بۆ ئەوە چووە کە دەنگی «ک» لە فیعلەکانی وەک بزرکان، دامرکان، نووسکانەوە، هەڵتروشکان...» دا پاشگرە و ئەو «ا» یەش کە لە دوایەوە دێت نیشانەی «مصدرية» ـە وەک کە لە وشەکانی «خورا، کرا، برا...» دا نیشانەی «مصدرية» ـە.

لە پێشەوە دەبێ ئەوە بڵێم فیعلەکانی «خورا، برا، کرا» ڕێژەی «مبنی للمجهول» ن کە لەوێدا پاشگری «ڕا» هەیە نەک تەنها «ا». من لە کتێبۆلکەی «حەشارگە...» دا بە درێژی باسی ئەم پاشگرەم کردوە و نابێ لێرەدا پێیدا بێمەوە. بەڵام هەلێکم بۆ هەڵکەوتوە کە قسەیێکی خۆم لەبارەیەوە ڕاست بکەمەوە: لە سەرەتای لاپەڕە 29 ی ئەو کتێبۆلکەدا گوتومە، لەمەوبەر هیچ

کەس لە زمانشناسان باسی ئەم پاشگرەی نەکردوە کەچی دواتر کتێبی ڕێزمانی یەکێک لە پۆلەکانی قوتابخانەی ناوەندیم کەوتە بەرچاو کە لەوێدا لە نێوان پاشگرەکاندا باسی «را» کراوە. من ئەگەر زووتر ئەمەم دیتبا هەرگیز پشت گوێم نەدەخست بەڵگەشم ئەوەیە کە ئێستا لە خۆمەوە ئەو سەهوەم ڕاست دەکەمەوە. بەڵام لەو کتێبەدا لە بارەی «را» وە هەڵەیێکی بەرچاو کراوە کە دێت و دەڵێت بۆ فیعلی ئایندەی «مبنی مجهول» پاشگری «رێ» بەکار دێت کەچی زۆر ئاشکرایە هەر پاشگری «را» ی ڕابردوە لە ئایندەدا دەبێتەوە «رێ» ئەمەش ماملەتێکی «تصریفی» یە وەک چەندین ماملەتی تر کە لەگەڵ فیعلی کوردیدا دەکرێت. بە نموونە دەڵێم ئەم دەنگەی «ا» لە کۆتایی سێ جۆرە فیعلدا دەبن بە «ێ» کاتێک کە ڕێژەی ئایندەیان پێ دەدرێت:

1) ترس ترسام دەترسێم
2) بزرکان بزرکام دەبزرکێم
3) دیتران دیترام دەدیترێم

جگە لەمانە فیعلی دیکەش هەن کە دەنگی «ئەلف» یان لە ئایندەدا دەبێتە «ێ»

هەرچەند «ئەلف» ەکەشیان لە کۆتایی وشەکانیانەوە نایەت:

1) ڕماندن: ڕماندم دەڕمێنم
2) بزاوتن: بزاوتم دەبزێوم
3) سپاردن: سپاردم دەسپێرم
4) قەڵاشتن: قەڵاشتم دەقەڵێشم
5) پاراستن: پاراستم دەپارێزم

هەموو ئەم فیعلانەش لە «تصریف» دا بەپێی دەستوور لە ڕابردەوەوە بۆ ئایندە و بۆ فەرمان دەگۆڕێن، کە ئێرە جێگەی کوتانەوەی ئەم باسە بەربڵاوەی تێدا نابێتەوە.

دەگەڕێمەوە سەر گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی.

بەلای منەوە لە فیعلی «بزرکان، هەڵتروشکان، ئاڵۆزکان، پەشۆکان...» و هی تری وەک ئەواندا سەر لە بەری «کا» نەک تەنها دەنگی «ک» پاشگرە. بەشێک لەو فیعلانە هەڵ دەگرن تەنها «ا» یان بەدوادا بێت وەک «ئاڵۆز – ئاڵۆزا – ئاڵۆزکا» کە ئەمە ڕاستییێکە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرابێ بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات کەوا جارێکیان پاشگری «ا» فیعلەکەی دروست کردوە جارێکیشیان پاشگری «کا». بۆ ڕەواندنەوەی ئەو بۆچوونەی کە دەشڵێ ئەلفی ئەو فیعلانە نیشانەی «مصدرية» ن بەڵگەی زۆر بەهێز هەن:

1- وشەی وەک «ترس، نەخش، قەڵش، سوڕ، خول...» خۆیان «اسم مصدر» ن و واتای تەواویان هەیە، دیارە ئەلفێکی پاشگر دێت و دەیانکاتە فیعل «ترسا، نەخشا، قەڵشا، سوڕا، خولایەوە...». سەلیقەی زمانشناسانە پێمان دەڵێ دەوری ئەو ئەلفە لەو فیعلانەدا هەر ئەوە نییە کە نیشانەی «مصدرية» ـە بەڵکوو وێرای نیشانە بوون دەوری پێک هێنانی فیعلیشی دیتووە. ئەم ڕاستییە جارێکی تریش لە خاڵی دوەمدا دەردەکەوێتەوە.

ئەلفی فیعلی «ترسا، سووتا، ئاڵۆزا» جارێکی تریش بەوەدا مەعلوم دەبێ کە بەشێکی بنجی فیعلەکانە نەک تەنها نیشانەی «مصدر» ـە کە لە ئایندەدا بە شکڵی «ێ» دێتەوە و تێ ناچێت. (پێش ماوەیێکی کەم نموونەم لێ هێناوە). فیعلی دیکە هەن کۆتاییەکەیان بە «ا» دێت بەڵام لە ئایندەدا تێ دەچێت لەبەر ئەمە دەبێ جودایی نێوان ئەمانە لەگەڵ ئەوانی تردا دەربخسترێ وەک لەم نموونانەدا ڕوون دەبێتەوە:

- کێڵان کێڵام دەکێڵم
- وێران وێرام دەوێرم
- هەڵستان هەڵستام هەڵ دەستم
- ڕاوەستان ڕاوەستام ڕادەوەستم

وشەی «هەڵستان – هەڵ وەستان – ڕاوەستان» کە تێنەپەڕە ئەگەر بە واتای پەککەوتن بوایە دەبوو بگوترێ: وەستام، دەوەستێم چونکە یەکێک لە تایبەتیەکانی ئەو فیعلانەی کە ئەلفەکەی

کۆتایی یان لە ئایندەدا دەبێتە «ێ» ئەوەیە کە لەو جۆرە فیعلانەن لە چاو غەیری خۆیاندا بڕهێزن چونکە فاعیلەکانیان خوایشت و ئیرادەیان نییە لەوەی ڕوودەدات هەر بۆیەش بۆ من لە ساڵی 1973 لە گوتاری «دەوری «ی» لە ڕێزمانی کوردی» دا بەو فیعلانەی وەک «سووتام، برژام، ڕامام – دەسووتێم، دەبرژێم، دەڕمێم» کە ئەلفەکەیان لە ئایندەدا دەبێتەوە «ێ» گوتم «فیعلی ڕوودان – افعال الوقوع». لە ڕووی هێزەوە فیعلی کوردی 3 جۆرە:

1- تێپەڕ.
2- تێنەپەڕی عادەتی.
3- تێنەپەڕی بڕهێز.

ئەم بەشە بێ هێزە 3 لکی لێ دەبێتەوە:

1- لکی فیعلی وەک: سوان، ڕژان، برژان.
2- لکی فیعلی وەک: ئاڵۆزکان، بزرکان، پەشۆکان.
3- لکی فیعلی «مبنی للمجهول» وەک: کوژران، دیتران، خوران.

ئەم قسانە زۆریان بەبەرەوەیە، من لێیان دەپەڕمەوە.

کە دەڵێم لە «بزرکا، پەشۆکا...» دا سەرلەبەری «کا» پاشگرە نەک تەنها «ک» ئەو ڕاستییەم ڕەچاو کردوە کە وشەکان بەر لەوەی ببن بە فیعل، دەنگی «ک» یان لە کۆتاییەوە نەهاتوە تاکوو لە حاڵەتی فیعلیەتیشدا هەر بۆ وشە ئەصلییەکەی حیساب بکەین: کەس نەیبیستوە گوترابێ «بزرک، پەشۆک، ترووشک...» تاکوو فیعلەکانی «بزرکا، پەشۆکا، ترووشکا...» بە تاکە دەنگی «ا» بووبێتە فیعل «نووزایەوە، نووسکایەوە« ئەوانیش کە لە «نووزە» وە وەرگیراون بە پاشگری «ا، کا» بوونەتە فیعل.

بەلای باوەڕی منەوە ئیشکال کە هەبێ لە فیعلی وەک «داچڵەکین» دا هەیە، کە بە دوو جۆر تصریف دەکرێ بۆ ڕێژەی ئاینده:

داچڵەکین، داچڵەکیم، دادەچڵەکم / دادەچڵەکێم

لە شێوەی یەکەمدا ئەو «ێ» ـەی دوای کافەکە لە ئاپندەدا تێدەچێت «دادەچڵەکم»، لە شێوەی دووەمدا تێناچێت و هەر دەڵێی لە فیعلی «داچڵەکان» ـەوە هاتوە، کە بە پێی دەستوور دەبێتە «دادەچڵەکێم». ئەگەر بسەلمێنین «دادەچڵەکێم» لە «داچڵەکیم» ـەوە هاتوە دەبێ بسەلمێنین کە «ی» لە وشەی «داچڵەکین» دا بۆتە «ێ» لە «دادەچڵەکێم» دا: «داچڵەکیم، دادەچڵەکێم».

کەچی وەک دەزانین هەموو ئەو فیعلانەی لە پێش نوونی چاوگیانەوە «ی» هەیە لە ئایندەدا لێیان دەقرتێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| • | خزین | خزیم | دەخزم |
| • | نووسین | نووسیم | دەنووسم |
| • | فڕین | فڕیم | دەفڕم |

من لە نووسینی لێرە بە پێشەوەمدا گوتومە، ئەو دەنگەی «ی» کە گەلێک جاران فیعلی لە وشەی تڕەوە دروست کردوە وەک «لەرز، لەرزی...» بۆیە پێی ناڵێم پاشگر چونکە لە ڕێژەی ئایندەدا تێ دەچێت: لەرزیم، دەلەرزم. ئەگەر تێ نەچووبایە جێی خۆی بوو بەویش گوترابایە پاشگر چونکە دیارە بەدوا «اسم المصدر» دا هات و کردییە «فیعل». وا دەزانم تێچونیی دەنگی «ت» لە فیعلەکانی کەسی دوەم و سێیەمی تاکدا وەک «دەڕۆی» (لەجیاتی دەڕۆیت)، «دەخوا» (لە جیاتی دەخوات) بەڵگەیە بۆ ڕاناو نەبوونی دەنگەکەی «ت» لەو شوێنانەدا.

-20-

لە لاپەڕە 131، لەژێر عینوانی «5- هاتنی ڕاناوی لکاو...» دا مامۆستا قزڵجی چەند بیروڕایەکی دەرپڕیوە هەندێک تێبینی هەڵدەگرن:

أ- لە لاپەڕە 20 گوتەیێکی مامۆستا وا ڕادەگەیەنێ کە من گوتبێتم نابێ تۆژینەوەی مێژوویی بکرێت بۆ دۆزینەوەی بنەمای وشەی کوردی... ئەوەی ڕاستی بێ من لەو کتێبۆلکەی «حەشارگە...» دا هەر ئەوەندەم گوتوە کە دەبێ نرخاندنی وشەی کوردی لە شێوەی ئێستاکەیدا بێت نەک لە شێوەی کۆنیدا بەو مانایە کە ناشێ ئاخاوتنی ئێستاکەمان بە هی

کۆنی بەر لە هەزاران ساڵ بگۆڕینەوە هەرچەند بشتوانین شێوەی ئەو کۆنە ئاخاوتنە لە هەناوی مێژوو دەرکێشینەوە. وادەزانم لەمەدا چ گرفتێک پەیدا نابێ مامۆستا قزڵجیش هەر لەو باوەڕەدایە بەڵام وادیارە قسەکانم ئەوەندە ڕوون نەبوون کە گومانی داخوازی مەنع کردنی تۆژینەوەی مێژوویی لێ نەکرێ. بەلای منەوە ئەم جۆرە تۆژینەوەیە نەک هەر ڕەوایە بەڵکوو لە پێویست پێویست ترە چ لە زمان بێت چ لە مێژوو بێت چ لە هەر شتێکی تری سەر بە کۆمەڵایەتی کوردەوارییەوە بێت چونکە ئێمە هیچ گۆشەیێکی بوونمان ڕووناک نییە. ڕووناکیش نابێ بە تۆژینەوەی مێژویی نەبێت. من لەم لایەنەوە هێندە بە پەرۆشم تاکوو جارێکیان نووسیم، ئەوەی پێوەندی زمانی ئێستاکەمان بە هی سەردەمی ئاوێستا و کۆنترەوە دەربخات دەبێ پەیکەری زێری بۆ دروست بکرێت و بە قارەمانی کوردایەتی بژمێررێت...

ب- لە شێوەی ئاخاوتنی کرمانجی سەرووددا ئەوەی لە پێش فیعلی تێپەڕەوە دێت «ڕاناوی لکاو» نییە هەروەک لە ئینگلیزیدا کە دەگوترێت:

I came
He said
You go

ئەم ((I, You, He))ی ڕاناوی لکاو نین.

وەک من بۆی دەچم لە کرمانجی سەروودا لە فیعلی ڕابردووی تێنەپەڕ و لە هەموو ئایندەیێکدا ڕاناوی نەلکاو و لکاو دێن. بەڵگەی ئەم بۆچوونە، جگە لە سەلیقە، لەوەوەش دێت کە ڕاناوی «من» لە هەموو کرمانجیی خواروودا ڕاناوێکی نەلکاوە. هەروەها ڕاناوی «ئێمە - مە، ئەوان – وان، تۆ - تە، ئێوە - وە» هەموویان نەلکاون و لەیەک سەرچاوەشەوە هاتون. لەگەڵ ئەمەشدا بۆچوونەکەی مامۆستا قزڵجی سەرنج ڕادەکێشێت لێکدانەوەش هەڵدەگرێت.

ج- پێشکەوتنی ڕاناوی لکاو لە فیعل، وەک کە مامۆستا قزڵجی نموونەکانی «نەمگرت، نەتگرت، نەمانگرت...» ی لە تاکە وێنەی نەفیەوە بۆ هێناوەتەوە دیاردەیێکە لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ طەبیعەتی ڕاناوی لکاو کە جێگۆڕکێ دەکات لە ڕستەدا. ئەم دیاردەیە هەر لە نەفیدا بەدی ناکرێت بەڵکوو لە زۆر باری تردا بەرچاو دەکەوێت. ئەو فیعلە تێپەڕانەی کە پێشگریان پێوەیە هەمیشە لە ڕابردودا ڕاناوە لکاوەکانیان دەکەوێتە پێشەوە:

- هەڵمانگرت
- دامکرد
- وەرتانگرت

چەندێکیش بەرکار دیار بێت لە ڕێژەی ڕابردوودا ڕاناوی لکاوی بەدوادا دێت و ڕاناوەکە دەکەوێتە بەرایی فیعلەکە:

- گۆشتم خوارد
- ماڵمان ماشت
- ماستی فرۆشت
- دارتان سوتاند

تا مومکین بێت ڕاناوی لکاو بە یەکەم کەرتی فیعلەکەوە دەنووسێت:

- دەمکرد
- نەمدەکرد
- هەڵم نەدەکرد
- ڕۆژێکم هەڵ نەدەکرد

هەر ئەم جۆرە بزۆزییە و چالاکییەی ڕاناوی لکاو بوو وای کرد من پێشنیار بکەم پێی بگوترێ «ڕاناوی چالاک».

کەواتە پێشکەوتنەوەی «ڕاناوی چالاک» لە فیعل، بەپێی ئەو دەستوورانەی کە ئێستا شێوە ئاخاوتنی کرمانجی خواروو دەخەنە گەڕ دیاردەیێکە لە مەڕ ڕاناوی چالاک و خاسیەتەکانی.

د- وادەزانم نموونەکانی لاپەڕە 133 ی گۆڤار کە دواتر بە نموونەی شیعری شێوەی هەورامی دەرخستراون «وێم، وێت، وێش، وێمان، وێتان، وێشان» بریتین لە ڕاناو و وشەیێکی تری بەواتای «خۆ» بەو پێیە دەبنە «خۆم، خۆت...». کە ئەمە وابێ، بەلای منەوە، وشەکان لەوە

دەشۆرێن پێیان بگوترێ «ڕاناو» وشەیێکی داڕێژراو دروست دەکەن کە بەپێی واتاکەی داخوازی دەستووری لەکارهێنان دەکات. لە گوتارێکی خۆم باسی «سوورێکی خامە بە دەوری ڕاناودا» نەختێک بەدرێژی لەم «خۆ» یە دواوم..

«...»

لە کۆتایی ئەم بەسەرچوونەوەیەدا هەر ئەوەندە دەڵێم، چەندێکی بە ناوی وەرامدانەوە وەیا ڕوون کردنەوە وەیا لێ نەسەلماندن خەریکی گوتارەکەی مامۆستا قزلجی بم، نرخی گوتارەکە گەلێک لەوەی پتر بە بەرەوە دەمێنێتەوە کە ئەو تەرزە پێوە خەریکبوونە لە منەوە یا لە یەکێکی ترەوە بە گۆتارەکەوە دیار بێت.

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» بەرگی 5، ساڵی 1977

وەشانی دووم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2010

«...»

---

ڕەواندنەوەی دوو ڕەخنە

لە ژمارە 76 ی «ڕۆشنبیری نوێ» ی ئەیلوولی 1979 گۆتارەکەی د. ئاورەحمانی حاجی مارف بە ناونیشانی «با ڕێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین» گەلێک بیروڕای ئەوتۆی تێدا هەن کە نووسەران و خاوەن ڕایان بخەنە سەر لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و ئەندێشەش. لێرەدا من بە پێی بۆچوونی خۆم و لە ڕوانگەی ڕووناک کردنەوەوە، دوو خاڵی ئەو گۆتارە سوودبەخشە دەدەمە بەر لێدوان، ئەوەندەی بشتوانم پێڕەوی ئامۆژگاریەکەی نووسەر دەکەم لەوەدا کە دەبێ لێکۆڵینەوە بە ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی زانستکارانەدا بڕوات، هەر نەبێ بایی ئەوەندەی کە دڵگەرمی و عاتیفەی تێدا بەکار نەیەت.

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە لە لاپەڕە 11 ی گۆڤارەکە لە بارەی وشەی «انعدام» ی عەرەبییەوە هاتووە کە گۆیا کاتی خۆی کۆنە ئەنجومەنی کۆنە کۆڕی زانیاری کورد بە هەڵە وشەی «نەمان»ی بۆ پێشنیار کردووە.

وشەی «انعدام» ئەوە دەگەیەنێ کە نەبوون بەسەر بوونەوەرێکدا بێت ئیتر مادی بێ ئەو بوونەوەرە یا مەعنەوی، وەک کە دەگوترێ «انعدام الوزن» دیارە «وزن» لەسەر زەوی هەیە و هەبوە بەڵام لە دوورایی هێندە کیلۆمەترە «انعدام» دەکات کە ئەمە پاتەوپات «نەمان» دەگەیەنێ. ئەوەی ئاشکرایە لە «فقه اللغه» ئەوەی کە فیعل لێی زیاد کرا پتر بەرەو تەئکیدی «ڕوودان» دەڕوات و لە ئیحتیمالی واتای «مطلق» دوورتر دەکەوێتەوە. فیعلی «انعدام» یش کە «مطاوع» ی فیعلی «عدم» ـە درەنگتر خۆ بەدەست ئەو واتا موتلەقەوە دەدات کە لە وشەی «عدم» وەردەگیرێت. دیارە لە کوردیشدا «نەمان» پتر خزمە لەگەڵ ڕوودان هەرچەند فیعلەکەش لێی زیاد نەکراوە، بۆیە «نەمان» ڕێکتر دێت بۆ «انعدام» وەک کە «نەبوون» بۆ «عدم» دەست دەدات.

وشەی «نەبوونی» ـش هەر ئەو واتایەی «فقر»، «عوز» ی هەیە کە د. ئاورەحمان بۆی چووە، وشەکەش لە ڕێی ڕاستە دەستووراتی وشەسازییەوە پەیدا نەبوە بەڵکوو داڕشتنێکی ڕەمەکییە کە هاتوە «ی» ـی ئەمرازی ئەبستراکتی خستۆتە پاڵ «نەبوون» ـەوە کە ئەویش هەر ئەبستراکتە. ئەم داڕشتنە ڕیزپەڕ (شاذ) ە ناشێ ببێتە بنەمای دەستووری زاراوەسازی، صەد وشەی وەکوو «نەخوێندنی، نەچوونی، نەبیستنی...» دەهاتە ناو ئاخاوتن و نووسینی

کوردی و زمانەکەی دەشێواند. وشەی ڕیزپەڕ لە کوردی و غەیری کوردیدا زاوزێ ناکات، ئەگەر بکات زۆڵ دەهێنێت.

لە بارەی «نەبوونی» ـیەوە نەک ئەوەندە و بەس، بگرە جارێ هۆی هەرە گەورەی دەست نەدانی لە بری «انعدام» ماوە ڕوون بکرێتەوە: وشەی «نەبوونی» لە فیعلی «بوون» بە واتای «وجود»ەوە نەهاتوە بەڵکوو لە «هەبوون» ی بە واتای «تملک» ەوە وەرگیراوە. «هەبوون» بە واتای «تملک» چونکە تێپەڕە، لەگەرداندا خۆی لە «هەبوون» ی بە واتای »وجود» جودا دەکاتەوە ڕاناوی تێپەڕیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لە پێشەوە لیستەی گەردانی «هەبوونی» ی بە واتای «وجود» دەنووسم:

- من هەم - من هەبووم
- تۆ هەیت - تۆ هەبوویت
- ئەو هەیە - ئەو هەبوو
- ئێمە هەین - ئێمە هەبووین
- ئێوە هەن - ئێوە هەبوون
- ئەوان هەن - ئەوان هەبوون

ئینجا لیستەی «هەبوون» ـەکەی «تملک»:

- من هەمە، هەیەتم - من هەمبوو
- تۆ هەتە، هەیەتت - تۆ هەتبوو
- ئەو هەیەتی - ئەو هەیبوو
- ئێمە هەمانە، هەیەتمان - ئێمە هەمانبوو
- ئێوە هەتانە، هەیەتتان - ئێوە هەتانبوو

ئەم ڕێژەیەی «هەمە، هەیەتم...» ی «تملک» کێشەی زۆر بەدوادا دێت بە نموونە کە دەڵێت «هەیەتم» مەبەستت کاتی ئێستاکەیە کەچی ڕێژەکەی وەکوو «خواردوەتم، کردوەتم» ـە کە جۆرێکە لە ڕابردوو. دیسان «هەمبوو، هەتانبوو...» کە ڕێژەی ڕابردوە جودا بۆتەوە لە ڕێژەی ڕابردووی تێپەڕی عادەتی کە دەڵێ «خواردبوومان، کردبوومان...» هەر بۆیەیە ئەوەی تازە کوردی فێر دەبێ دەڵێ «هەبوومان...». ئنجا موزاریعی «هەبوون» یش بە هەردوو واتا کێشە هەڵدەگرێ کە دێت ڕێژەی موزاریعی «بوون» ی سادە وەردەگرێ: من هەم - من دەبم.

لە موزاریعی «هەمە، هەیەتم» دا کێشەکە گەورەتر دەبێ کە دێت و ڕێژەی «انتقالی پێچەوانە» وەردەگرێ ئەم «انتقالی پێچەوانە»یە لە کتێبۆلکەی «چەند حەشارگەیەک...» دا بۆ یەکەم جار باس کراوە، بەڵام زۆر پێویستی بە شەرح و ڕوون کردنەوە هەیە، ئێرەش جێگەی نییە.

وا دەزانم کەرتی «هە» لە وشەی «هەبوون» ی بە واتای «تملک» خزمی avoir ی فەرەنسی و have ی ئینگلیزییە، بەو پێیە ڕەنگە لە کۆندا «هەف بوون» بوویێت. بە واتای «وجود» یش لە «هست» فارسی و est ی فرەنسی و is ی ئینگلیزییەوە نزیکە. لەهجە هەیە لە کوردیدا لە جیاتی «هەیە» دەڵێ «هەسە».

بەهەمەحاڵ «نەبوونی» لە بنەڕەتدا «نە هەبوونی» بوە و لێی سواوە، ئێستاش دەگوترێ «هەبوونی و نەبوونی- کابرا بابایەکی هەبووە...».

لەمەوە دەردەکەوێ کە بەهیچ کلۆجێک ناشێ «هەبوونی» بۆ لای «وجود» ببرێتەوە، ئەم ڕواڵەتە چاوغەڵەتێنەی لەیەک چوونی دوو وشەکەش ناشێ تەلەزگە بە بیرمان بکات و لاتر بزەمان پێ ببەستێ  بۆ دەرەوەی ڕاستە ڕێگەی زمانناسی و زاراوەسازی.

خاڵی دووەم ئەوەیە کە لە لاپەڕە 14 ی گۆڤارەکەدا وا ڕانوێنراوە کە «ن» ی چاوگ بە کۆتایی فیعلی وەک «کردن، ڕستن» ـەوە نانووسێت، گۆیا کورتە بزوێنێکی ورد دێتە نێوان کۆتایی فیعلەکان و نیشانەی چاوگەکەیانەوە بەڵام لە ڕێنووسی کوردی کە بەپیتی عەرەبی

دەنووسرێ بزوێنەکە وێنەی بۆ دانەندراوە ئیتر زمانناسان هەڵەی تێدا دەکەن، یانی ئەگەر کوردی بە پیتی لاتینی بنووسرێ نیشانە بۆ بزوێنەکە بەکاردێت و هەڵەی تێدا ناکرێ.

با لەپێشەوە ئەوە بڵێم، نووسینی لاتینیش وا دەبێ سەر لە نووسەر و لێکۆڵەرەوەی کورد دەشێوێنێت وەک کە دێت لە بری «ئا، ئۆ، ئی...» تەنها یەک پیت دەنووسێت و کەچی هەریەکەیان بریتییە لە دوو دەنگی سەربەخۆی تەواو و چ فەرقێک نییە لە نێوان «دا، دۆ، دی» و «ئا، ئۆ، ئی» لە ڕووی ژمارەی دەنگەکانیەوە، نووسینی لاتینی کە بایەخی بە دەنگی «هەمزە» نەداوە و لەوەشدا سەهوێکی زلی کردوە، کێشەی بۆ ئێمەش ناوەتەوە کە بەشێکی بەرچاوی لێکۆڵەرەوەی کورد بە شوێن هەنگاوی ئەو سەهووەدا دەڕۆن و دەمەتەقە لەسەر بایەخی دەنگی «هەمزە» هەڵدەستێنن و دانەنانی نیشانە بۆ هەمزە لە نووسینی کوردیدا بە ڕاست دەزانن کەچی دەنگێکی زیدە ڕەسەن و کۆنی زمانەکەمانە، هەر ئەوەندە هەیە لە ئاخاوتنی ئێستاکەماندا هەمزە لە ناوتوێژی وشەدا نەماوە و بە زۆری لە بەرایی وشەوە دێت، تەنها لە ڕێژەی موزاریع و ئەمر نەبێ وەک دەئاخێوێ، دەئەنجنێ، بئاخێوە، بئەنگێوە، دەئئەزموم..

لە کوردیدا دەنگی لامی قەڵەویش لە بەرایی وشەوە نایەت کەسیش ناڵێ با نیشانەی بۆ دانەنرێت. دەنگی «ە» ش دەگمەن لە ناوتوێژی وشەدا «دەبیسترێ» [نهۆم، نهۆ..]. ڕەنگە لە ئاخاوتنی ئێستاماندا هەرگیز نەچێتە کۆتایی وشەوە. مەشوورترین وشەی کۆنمان «دئاک» هەمزەی لە هەناودا هەیە.

نووسینی لاتینی کە نیشانەی بۆ ئەو دەنگە کز و بزۆکەی نێوان فیعل و «ن» ی چاووگ داناوە سەر لە نوێ وای کردووە بایەخێکی لە ڕادەبەدەر بەو دەنگە بدرێت، ڕەنگ بوو ئەگەر نووسینی لاتینی لێی بێدەنگ بایە ئەویش وەک «هەمزە» پشت گوێ خرابایە. هەرچۆنێک بێ ئەم دەمەتەقەیە لەسەر «تاوانی ڕێنووس» مەبەستی ئێرەکانە نییە، ئەوەی من بە چاوی خۆمەوە گرتووە لێرەدا شتێکی دیکەیە: ئایا ئەو دەنگە کزەی کە لە نێوان «ت، ن» و «د، ن» ی دوو فیعلی «بەستن، کردن» دایە ئەویش وەک دەنگەکانی دیکەی فیعلەکان «ب، ە، س، ت، ک، ر، د» بەشێکی بنجی پێک هێنەری وشەیە یاخود شتێکی دیکەیە؟ هەڵبەت هەموو کەس هەست بەو دەنگە کزە دەکات لەو شوێنە و لە گەلێک شوێنی تریشدا، کەواتە بابەتی لێکۆڵینەوە بوون و نەبوونی دیاردەکە نییە بەڵکوو «ماهیة» دیاردەکەیە: پرسیارمان لێرەدا «ئایا هەیە؟» نییە بەڵکوو «ئایا چییە؟» یە.

بە نیازی خۆڕوون کردنەوە و گوتار کورت کردنەوە وشەی نموونان کە بەپیتی لاتینی بنووسم لە بری ئەو بزوێنە بزۆکە «ı» ی بێ نوختە دادەنێم، بۆ کورتە بزوێنی «ی- کەسرەی عەرەبی» ش پیتی «i» ی نوختەدار دەدانێم، لە جیاتی کورتە بزوێنی فەتحەش «e» دەنووسم بۆ «ی» ی درێژیش، لە هەرکوێیەک بێت «y» دەنووسم، لە جیاتی «کورتە بزوێنی بزۆکە» یش تەنها وشەی «بزۆکە» بەکار دەهێنم، هەر جارەش بەپێی پێویست بڕگەی وشان لە یەکدی جودا دەکەمەوە تاکوو دەوری ئەو «بزۆکە» ە لە پێک هێنانی بڕگە و کەرت کردنی وشە ئاشکراتر بێت.

لە چاوگی «ڕستن، کردن» دا ئەگەر بڵێین ئەو بزۆکەی پێش «ن» ـی چاوگەکان بەشێکی پێک هێنەری وشەکانە ئایا دەبێ بە «ن» ـی چاوگی بدەین یا بەقەدی فیعلەکە؟ دیارە ئەو بزۆکە هی قەدی فیعل نییە چونکە لە چاوگی تێنەپەڕدا بە لادانی «ن» ـی چاوگ قەدی فیعلەکە دەمێنێتەوە بی ئەوەی هیچی بیهێز و بەهێزی بە دواوە بێت وەک:

- Mırd - mır-dın مردن
- Ro-yısht - ro-yısh-tın ڕۆییشتن

نموونەی تێپەڕم نەهێنا چونکە بە لادانی نوونی چاوگ ڕاناوی فاعیل دێت و مەسەلەکە ڕوون نابێتەوە. کەواتە دەمێنێتەوە «ن» ـی چاوگ بزۆکەکەی لە قەبەڵ بکەی. ساغ کردنەوەی ئەم لایەنە نەختێک پشووی درێژی دەوێ.

«ن» ـی چاوگ هەر لە دوای «د، ت» وە نایەت، بە دوای «ا، و، ی» شدا دێت وەک «فەرموون، زانین، کێڵان». لێرەشدا ئاشکرایە، هاتنی ئەو بزۆکە لە دوای بزوێنەکانی «و، ی، ا» موستەحیلە چونکە بزوێن هەر کۆنسنانتی بە دوادا دێت، بزۆکەکەش کۆنسنانت نییە.کەواتە

دەرکەوتنی ئەو بزۆکەیە لە چاوگاندا هەر لە چاوگی داڵ و تێ مومکینە. ئێستا قەدی فیعل دەدەینە ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ و دەڵێین: «کردمان، kır- dı-man» دەبینین هەمان بی هێز لە بەرایی ڕاناوەکەشدا هات وەک لە پێش «ن» ی چاوگدا هات، ئیتر هەمان پرسیار هەڵدەستێ لەوەدا ئایە ئەو بزۆکەیە بەشێکی ڕاناوەکەیە؟ خۆ زانیمان ناشێ بەشێکی فیعلەکە بێت؟ یەک لا کردنی پرسیارەکە لە ئاست ڕاناودا کارێکی ئاسانە چونکە دەتوانین جێگۆرکێ بە ڕاناو بکەین و بزانین بزۆکەکە چی لێ بەسەر دێت.

بابێنین پێشگری «هەڵ» بخەینە سەر فیعلەکە کە بۆ ئەوەی ڕاناوەکەی لێ بستێنێ: دەڵێین «هەڵمان کرد، hel-man kırd». لێرەدا هیچ بەهێزو بزۆکێ لە بەرایی ڕاناوەکە دەرنەکەوت، کەواتە بزۆکەکە بەشێکی ئەویش نییە ئەدی چییە؟

ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم بزۆکە پێداویستێکی فۆنەتیکی ناچارییە کە لە هەندێ وشەدا دێتە دوای یەک لە دەنگەکانی وشە بۆ ئەوەی بتوانرێ تلفظی پی بکرێ، کە پێویستیش نەما بزۆکەکە لە خۆوە دەڕەوێتەوە. ئێمە دیتمان لە فیعلی «kır-dı-man» دا بزۆکەکە هاتە دوای قەدی فیعل و بوو بە بەشی یەک لە بڕگەکانی، بەڵام لەگەڵ پێشگری «هەڵ» ئەو ناچاری و پێویستییە نەما چونکە بە پیتی داخوازی دەنگسازی کوردی وشەی وەک «هەڵ» لە بەرایی وشاندا پێویستی بەو بزۆکە لکێنەرە نییە بەڵام کە تاکە یەک دەنگی بەدوادا هات پێویستە کە پەیدا دەبێ. تۆ سەیری وشەی «بەد» هەرچەند وەک فیعلی «کرد» بە «د» کۆتایی دێت چونکە لە کێشی «هەڵ» ە پێویستی بەو بزۆکە نییە لە بەرایی ڕاناوەکەدا وەک کە دەڵێی «بەدمان کرد bed-man-kırd» بەڵام کە هاتی یەک تاکە دەنگت بەدوا «هەڵ، بەد» دا هێنا ناچاریت بەو بزۆکە لکێنەرە لەیەکدیان ئاشنا بکەیت وەک:

- هەڵم گرت He-lım-gırt
- بەدم کرد Be-dım-kırd

تەنانەت حوکمی ئەو دەستوورەی دەنگسازییە وای کردوە بەشێکی وشەی «هەڵ، بەد» لەگەڵ ڕاناوەکەدا ببنە بڕگە و لە بەشی سەرەتای وشەکان جودا ببنەوە.

یەک لە دەستووری هەرە بەرچاوەکانی فۆنەتیکی کوردی ئەوەیە کە ئەگەر بزوێن بە دوا ئەو دەنگەدا هات کە بزۆکەکەی لە پێشدایە بزۆکەکە تێ دەچێت وەک لەم نموونەدا دەردەکەوێت: وشەی «گەنم، ge-nım» بە ناچاری ئەو بزۆکەی تێدا هاتوە تا مومکین بێ «م» کە بە دوا «ن» ەکەدا بێت، بەڵام کە هاتی بزوێنت خستە دوای «م» ەکە ئەو بزۆکە دەڕەوێتەوە کە دەڵێی:

- گەنمەکە gen-meke

هەروەها وشەی «کرم» یش کە بوو بە «کرمان» بزۆکەکەی پاش «ر» ەکە تێ دەچێت.

- Kır-man - kı-rım

هەرچەندە ئێمە ناتوانین جێگۆڕکێ بە «ن» ی چاوگ بکەین بەڵام دەتوانین وەک کارێکی بەدیهی چی لە ڕاناوەکانی و وشەکانی دیکە بە دیاری دا، بۆ «ن» ی چاوگ بکەین بە دەستوور چونکە ئەویش دەنگێکە وەک ئەوان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە جێگۆڕکێ بۆ «ن» ی چاوگ مومکین نییە، دەتوانین بیخەینە بەر دەستووری هاتنی بزوێن بۆ دوایەوە چونکە، خوا و تالع، پاشگری هەیە ئەم کارەمان بۆ بکات:

دوو فیعلی «ڕستن»، «کردن» کە پاشگری «ەوە» یان بەدوادا هات باری ئەو بزۆکەیان شلۆق دەبێ چونکە ئەوسا دەتوانی تێی ببەیت و بڵێیت: Kırd-newe / Best-newe

وەک هەست دەکەیت تێ بردنی بزۆکەکە لە «بەستنەوە» دا خۆشترە، کە ئەمەش هەر بڕیاری خزمایەتی نێوان دەنگەکانی کوردییە، خۆ ئەگەر «ن» ـەکە بە دوا «و» ی کۆنسنانتدا هاتبایە تێبردنی ئەو بزۆکە دەبوو بە کارێکی ناچاری وەک لەم نموونەیەدا دەدیترێ: وشەی

«کەون، ke- wın» کە بڕبڕەکەی تێدایە لە تەرکیبی خوارەوەدا بە تەواوی دەی دۆزێنێت: Kew- ne zam.

فیعلی «فرۆشتن» لە هەندێ بەکارهێناندا دەبێتە «فرۆتن» هەروەک کرۆشتن دەبێتە «کرۆتن» - لە شیعری مصطفی بەگی کوردی هاتوە - جا ئەگەر بزوێنیان بخەینە کۆتاییەوە تێبردنی بڕبڕەکە لە «فرۆتن، کرۆتن» دا لە بارترە تا «فرۆشتن، کرۆشتن» دیارە هەست کردنیش بەم ڕاستییە کاری سەلیقەیە:

- Fı- rot- ne- ke
- Kı- rot- ne- ke

وشەی «تووتن» کە ئەویش وەک «ڕستن» دەنگی «ت» ـەکەی کەوتۆتە پێش «ن» ـەکەیەوە و ئەو بڕبڕەشیان لە نێواندایە، بێنە بزوێنی بدەیێ و سەیری بکە چۆن بڕبڕەکەی دەڕەوێتەوە:

Toot-ne- kem / too- tın

من لە نووسینی لێرە بەپێشەوەی خۆمدا ناوی ئەو بڕبڕەم ناوە «قورس کردن- قورسایی» چونکە نە بزوێنی درێژە و نە کورتە [واتە نە ئەلفە و نە واو، نە یێ و نە کەسرە و نە فتحە و نە بۆر] نە دەشتەوێ بزوێن لەو شوێنەدا بەکار بهێنیت: ناچاریەکی دەربرینی دەنگی بێبزوێنە لە حاڵەتی تایبەتیدا ئەم قورس کردنە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و هەر کە ناچاریەکەش نەما قورساییەکە تێدەچێ، وەک ئەوەی پاسەوانی شەوانەی خانوو لەگەڵ گزنگی خۆر بۆی دەردەچێت و هەرگیز بە بەشێکی خانوەکە حیساب ناکرێ، یاخود ساردی و گەرمی ئاو و هەوا بەشێکی پێک هێنەریان نین وەک کە ئۆکسۆجین بەشێکیانە.

ئەم دیاردەیەی قورس کردنی دەنگ و تێبردنی لە زمانی کوردیدا تا بڵێی بەکێشەیە بەڵام کورد هەستی پێ ناکات چونکە بە سەلیقەی زگماک دەزانێ لە کوێ دەنگەکان قورس بکات و چۆنیان ڕەها بکات کەچی بێگومان غەیری کورد زەحمەتی تێدا دەکێشێت و ڕەنگە هەر تێی پر نەکات. لە گوتارێکی خۆمدا «فۆنەتیک چیمان بۆ بکا؟» کە لە بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- 1975» دا بڵاو کرایەوە مەیلەو بە درێژی ئەم دیاردەیەم باس کردووە. لەو نووسینەدا ڕوونم کردۆتەوە کە دەنگەکانی زمانی کوردی لە ڕووی گونجان و حەز لە یەکدی کردنەوە چوار پلەیان هەیە، وا لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەمەوە:

پلەی یەکەم: گونجانی تەواو. لەم پلەیەدا دەنگەکان بەدوا یەکدیدا دێن، قورس کردن هەڵناگرن وەک کە «د» بەدوا «ر» دا دێت وەیا «ت» دەکەوێتە پاش «س» و هی تریش:

Gu-lıng, deng, shest, mast, merd, kurd, rend, mend, khurt, kert, khu- rısht, gesht.

پلەی دووەم: گونجان. لێرەدا دەشێ قورس کردن هەبێت و دەشێ نەبێت وەک دەنگەکانی «ر، گ» «ن، ک»:

- «بەرگ» Be-rıg, berg
- «دەنک» De-nık, denk

پلەی سێیەم: نەگونجان، بریتییە لەوەی کە پێویستە قورسایی بخرێتە سەر دەنگی پێشەوە وەک:

- Ke-sır
- He-le-dın
- Che-shın

پلەی چوارەم: دژایەتی. ئەویش نەهاتنی دەنگێکە بەدوا دەنگێکی دیکە مەگەر بزوێنی ئاشکرایان لە نێواندا بێت وەک «ر، ل» و «ل، ر» بە هەردوو شێوەی لاواز و قەڵەویانەوە وەک «ق-ک، ک-ق» و «س-ز، ز-س، ش-ر و ....» [تەنها وشەی «سژ» م بەبیردا دێت کە «س» تێیدا هاتۆتە پێش «ژ» ی خزمی «ش»]

زمانەوان و دەنگناسی کوردی لەسەریەتی ئەم بەدیهیانە بەهەند هەڵبگرێ وەک کە دێت دەستوورە ناسراوەکانی ڕێزمان و فۆنەتیک ئەزبەر دەکات و دەیانڵێتەوە. هیچ لە بایەخی ئەم دیاردە گرنگەش کەم نابێتەوە بەوەدا کە جارێ بیری لێکۆڵەرەوەی کوردی بۆ نەچوە، ئنجا کە ئێمە بێین ئەم دەستوورانە و دەستوورەکانی دیکەی «دەنگ» ی کوردی بەسەر پێک هاتنی چاوگی وەک «ڕستن، کردن» دا بهێنین و یەکێک لە دەستوورەکانی وشەسازیشی بدەینە پاڵ دەبینین لەبەر سێ هۆی زۆر بنجی ڕێگە نییە بۆ تێبردنی ئەو قورساییەی سەر «ت، د» ی پێش «ن» ی چاوگ:

- یەکەم: «ن» ی چاوگ لە لاوە دێتە کۆتایی وشەکان، بە پێی ئەوەی کە لە کوردیشدا دەنگی لاوەکی بە عادەت داخوازی قورس کردن لە دەنگی پێش خۆیەوە دەکات، ناچارین دەبێ ئەو «ت، د» ە قورس بکەین، ئەم دەستوورەش هێندە بەهێزە خۆی زاڵ دەکات بەسەر دەستووری «پلەی گونجانی تەواو» دا. بەنموونە وشەی کەس بدە بە کەسی دووەمی تاک، کە «ت» ـە، دەبینی پێویستە قورسایی بخەیتە سەر «س» ـەکە هەرچەند دەنگی لەپێش «ت» دا قورسایی قبوڵ ناکات: ke-sıt وەک لە ڕستەی «من کەسم نەدیتوە، تۆ کەست دیتوە؟»دا هەست بە قورس کردن دەکەیت لەو «س» ـەی پێش «ت» دا بەڵام کە هاتی «ت» ـەکەت بزاوت خێرا قورساییەکە هەڵدەستێ وەک kes-tan «کەستان چۆتە شار؟».
ئەم دەستوورە بۆ خۆی بەسە بۆ ئەوەی «ن» ی چاوگ بەهۆی ئەو قورس کردنە لە دەنگی پێش خۆی داببڕێت، بەڵام دوو دەستووری دیکەش پاڵپشتی لێ دەکەن کە دەبنە هۆی دووەم و سێیەم.
- دووەم: «ن» ی چاوگ بۆ خۆی لە پلەی نەگونجاندایە لەگەڵ هەردوو دەنگی «ت، د». گونجانی «ن، د» لەو حاڵەتەدا دەبێ کە «ن» ـەکە لە پێشەوە بێت لێرەدا «د» ەکە لە پێشەوەیە، هەروەها بە نیسبەت «ت، ن» یشەوە. گونجانی «س، ت» و «ن، گ» و «ر، ت» یش هەمووی هەر وەهایە. کە جێگەی دەنگەکانت گۆڕی گونجانیان نامێنێ. بەو پێیە ئەگەر «ن» ی چاوگ لە لاوەش نەهاتبایە و بەشێکی پێک هێنەری ئەسڵی وشەکە بایە هەر داخوازی ئەو بێهێزەی دەکرد بۆ دەنگی پێش خۆی.
- سێیەم: ئەو دەنگانەی لە فیعلی کوردیدا دەکەونە پێش «ت، د» ی کۆتایی فیعلەکانەوە هەموویان لە پلەی گونجانی تەواو دان لەگەڵ «ت، د» دا. دەنگی «د» ی چاوگ تەنها دوو دەنگی «ر، ن» لە پێشەوە دێن وەک:

کردن، بردن، خواردن- ستاندن، کەندن، خوێندن... هتد. دەنگی «ت» ی چاوگیش دەنگەکانی «ر، س، ش، ف، و» لە پێشیەوە دێن وەک «گرتن، بەستن، مشتن، گڵۆفتن، کەوتن- مەبەست [و] ی کۆنسنانتە». دەنگەکانی «س، ش، ر» گونجانیان لەگەڵیدا تەواوە. دوو دەنگی «و، ف» یش وەک تەواو وەهان [شەرحی ئەمە لێرەدا جێی نابێتەوە بە هەمەحاڵ گونجانیان لەگەڵ «ت» دا زۆر بەهێزترە لە «ن» لەگەڵیدا].

ئنجا کە حاڵ وەها بێ، ئەو «ن» ـە چاوگییە کە لەلاوە بۆ وشەکەش نەگونجێت چۆن دەتوانێ گونجانی تەواوی پێش خۆی هەڵوەشێنێت؟ بە سەرنج گرتن لە «وشەی کوردی» دەردەکەوێ ئەم دیاردەیەی گونجان و نەگونجانی «دەنگەکانی کوردی» لەگەڵ یەکدیدا هەر وەک کاری کردۆتە سەر نەبوونی وشەی وەک «کارل، مێلڕۆز...» دەخلی زۆریشی بوە بەسەر شێوە و شکڵی گەلێک لە وشەکانی کوردی، بە نموونە وشەی پڵنگ. Pı-lıng بڵند bı-lınd هەرگیز نەدەشیا bıl-nıd, pıl-nıg بن چونکە خزمایەتی نێوان «ن،گ» و «ن، د» ڕێ نادات قورساییەکە بچێتە سەر «ن» ـەکە، کەچی وشەی فرتک، fır-tık ئەو شێوەیەی وەرگرتوە کە پڵنگ، بڵند وەریان نەگرت چونکە دەنگی «ر» لە پێش «ت» دا قورسایی هەڵناگرێ لەبەر ئەمە پێت ناکرێ

بڵێن fı-rıtk وشەکانی فرشتە fı-rısh-te, کەرستە، ke-rıs-te ش ناشێ بکرێتە ...ker-sı-te fır-shı-te چونکە گونجانی نێوان دەنگەکانی «ش، ت- س، ت» ناهێڵێ لەو شوێنەدا قورسایی بچێتە سەر «ش، س». لە وشەی «پرشت، bı- rısht» دا سەرەڕای ئەوەی کە «ش، ت» لە لاوە هاتوە بۆ وشەکە، گونجانیشیان لەگەڵ یەکدیدا تەواوە کە ناهێڵێ بە قورس کردن لە یەکدی داپڕێن، ئنجا «ڕ، ش» یش لە پلەی نەگونجاندان.... کەواتە ئەم وشەیە هەر دەبێ ئەم شکڵەی هەبێ.

بەڕاستی ئەم دیاردەیە لە کوردیدا کارێکی وەهای کردوە کە لە هەندێ زمانی دیکەدا نەیکردوە. لە عەرەبیدا هەر بەجارێ هیچ بایەخێک بەو قورس کردنە نەدراوە ناشکرێ پێی بدرێ، چونکە سەرلەبەری داڕشتن و «صرف» و دەنگسازی عەرەبی لە سەر تێنەخوێندنەوەی ئەو قورس کردنە هەڵستاوە. تەنانەت لە عەرەبیدا کورتە بزوێنی «فتحه، ضمه، کسره» ش بایەخی دەنگەکانی دیکەیان نییە چونکە، بەتایبەتی لە فیعلدا، ئەو کورتە بزوێنانە لە «تصریف و أشتقاق»دا دێن و دەڕۆن و تێدەچن و دەگۆڕێن وەک «قتل، قاتل، استقتل، یقتل، مقاتلة» ئەوەی ناگۆڕێ و تێناچێ هەر دەنگە کۆنسنانتەکانی «ق، ت، ل» ـە. بزوێنە درێژەکانیش بەقەدەر کۆنسنانت هەمیشەیی و نەگۆڕاو نین بۆیە پێیان گوتون «حروف العله» لە وشەی وەک «علم» کە چاوگە ئەو قورساییەی سەر «ل» ـەکە نرخی نییە چونکە وشەکە دەبێ حەرەکەی بدرێتێ یا بە فەتحە یا بەکەسرە یا بە «ضمة» هەر کە حەرەکەشی درایە قورساییەکە نامێنێ.

ئاخێوەری عەرەبی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک، مامڵەتگۆری لەگەڵ ئەو قورس کردنەدا دەکەن. میسریەکان، بە پێچەوانەی عێراقیەکان لە حەدبەدەر دژی قورس کردنن، بە نموونە لە وشەی «قلب - ئەلب، شمس» دا هیچ قورسایی ناخەنە سەر «ل، م» وەیاخود دێن ناوی «جیمس بۆند» دەکەنە «جیمسی بۆند» تاکوو «م» ی «جێمس» لەم قورس کردنە ڕەها بکەن، کەچی عێراقی دەڵێن «دەرووب، گەلووب» لە جیاتی «قلب، درب» تەنانەت لە قسە کردندا «ر» ی پێش «د» یش قورس دەکەن بە پێچەوانەی کورد، وەک کە دەڵێن «لێلیت الفرد - لیلة الفرد -fe rıd». «فرید الاطرش» چونکە بە ئەسڵ میسری نییە لە گۆرانی «احلی همسه» دا دەنگی «ش» لە وشەی «اشجان» وەها قورس دەکات بەدرێژای ئەلفێکی تەواو لە «ج» ـە کەی دادەپڕێ، هەر هۆی ئەوتۆیش بوو وای کرد جارێکیان «عەبدول وەهاب» بڵێ «فەرید ناتوانێ خۆی لە شامیەتی ڕزگار بکات».

لە کوردەواریشدا مامەڵەتگۆری لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەگەڵ دەنگەکاندا دەکرێ. لە بەری بادیناندا هەندێ وشە هەن بە سکونی تەواو دەست پێ دەکەن، واتە بێ قورس کردن، کە ئەمە لە سۆران و باباندا مومکین نییە. دەوروبەری هەولێر پتر حەز لە قورس کردن دەکەن تا وڵاتی کۆیە و سلێمانی و ڕانیە و سابڵاغ. تەنانەت ئەسڵە هەولێری وشەیەکی وەک «چی» دەکەن بە «چ» ی قورس کراو.

لە ئینگلیزیدا ئەم قورس کردنە بایەخی پێ نەدراوە، لە نووسینیشدا دەرناکەوێ هەرچەند بە پیتی لاتینیش دەنووسن. بە نموونە وشەی film ئەگەر بەپێی ئەو داخوازیە بنووسرێت کە بۆ «ڕستن، کردن» کراوە دەبێ «fi- lım» بنووسرێت، بەڵام دیارە لزوم نییە بەو قورس کردنە چونکە کە گوتت filming قورساییەکە هەڵدەستێ، خۆ ناشکرێ یەک وشە بە دوو جۆر بنووسرێت، نەخۆ هەرچی ڕێنووس هەیە دەشێوێت. سەیرێکی ڕێنووسی ئینگلیزی بکەین لەوێدا ئەو بێهێزە لە وشەی وەک sparrow, drill, try, snow, clean یشدا دەرناکەوێ هەرچەند هەموو دەنگەکانی پێشەوەشیان کەوتوونەتە پێش کۆنسنانت، خۆ دیاریشە دەنگی سەرەتای وشە، کە بزوێنی ئاشکرای بەدوادا نەهات، بە ناچاری قورس دەکرێ. هیچ وشەیەکی ئینگلیزی نییە لەم جۆرە بێت و نیشانەی قورس کردنی تێدا بنووسرێت.

لە فارسیدا کێشەی قورس کردنی دەنگی پێش «ن» ی چاوگ بەوەدا هەڵستاوە کە فەتحەی خراوەتە سەرێ وەک: ڕەفتەن، کەردەن، ئاموختەن.. تەنانەت ئەم فەتحەیە لە وشەی ئیزافەکراو بۆ هەندێ ڕاناویش هەر بەکاردێت وەک: دەسنەت، نامەش، پدەرەم... جا ئەگەر بڵێن لە کوردیدا قورساییەکە پاشماوەی ئەم بزوێنەیە هەر دادمان نادات چونکە هەر کە بزوێن نەما دەستوورەکانی دەنگسازی و وشەسازی خۆیان دەسەپێنن چ لەم کێشەیەدا بێت و چ لە شتێکی دیکەی سەر بەئاخاوتندا بێ.

ئەم باسە گەلێکی بەبەرەوەیە، هەم لە تەرکیبی ناوەکی وشە و ڕستەی کوردی و هەم لە ڕووی لێکۆڵینەوەی بەراوردی نێوان زمانانەوە، بەتایبەتی چونکە هەر دەنگێک لە دەنگەکانی کوردی وەک ئەوەی لە زاری کوردەوە دێنە دەرێ، نەک لە زاری یەکێکی دیکە، خاسیەتی خۆی هەیە و بەپێی ئەو خاسیەتەش حوکمی تایبەتی لە وشەسازی و دەنگسازی کوردی دەکات.

لە کۆتای ئەم گۆتارە ناتەواوەدا دەڵێم: قورس کردنی کۆنسنانتی پێش «ن» ی چاوگ بەشێکی بنچینەی وشە نییە، نە هی فیعل و نەهی «ن» ـەکە، ناچارییەکی فۆنەتیکی دەیخاتە کۆتایی فیعلەکانەوە وەک کە دەیخاتە شوێنێکی دیکە لە هەزاران وشەی کوردیدا. هەر کە ناچاریەکەش نەما قورساییەکە یا دەشێ هەڵستێ یان دەبێ هەڵستێ لەبەر ئەمە پێویست نییە لە جێگەی وەک «ڕستن، کردن» دا نیشانەی بۆ دابندرێ چونکە نە لە واتدا و نە لە شوێنی دیکەدا بەردەوام نییە و نەمانی بەسەردا دێت. خۆ جایەزیش نییە نیشانە بۆ دەنگی نەبووی دابندرێ.

هەرچۆنێک بێ دەبێ لە نەمانیدا نیشانەکەی لابدرێت نەخۆ ئاخاوتنی کوردی دوای بەینێک گۆڕانێکی گەورەی ناڕەوای بەسەردا دێت چونکە لەم سەردەمەدا «زمان» بە دائیمی دەخوێندرێتەوە ئیتر چۆنی بنووسی وەهای لێ دێت بەتایبەتی چونکە لە سەدی نەوەد و پێنجی منالان دەچنە مەکتەب و «نووسین» دەخوێنن و دەڵێنەوە. مامۆستاکانیشان هەر 10-15 ساڵێک دەتوانن لە گۆتنەوەدا هەڵەی ناو نووسینەکە ڕاست بکەنەوە، وردە وردە مامۆستا و قوتابی دەنووسن و دەڵێن «Se-rı-man / sı-pı-lım / bes-tı-ne-we بەستنەوە، سپڵم، سەرمان»...

تکا و ئامۆژگاری: ئەگەر خوێنەرێک بە بیریدا هات ڕەخنە بگرێ لەوانەی گوتوومن، وەک ئەوەی لە وشەی «بریندار، بەدکار، بەرچنە، بەرگر...» دا دوا پیتی «برین، بەد، بەر...» قورس نەکران هەرچەند لە لاوەش «...دار، کار، چنە، گر...» پێیانەوە نووساون با خێرایی نەکا لە بڕیاردان لەسەر هەڵە بوونی ئەو دەستوورانەی دەنگسازی و وشەسازی کە لەم گوتارەدا باسیان کراوە چونکە باوەڕم هەیە بەشی زۆری ڕەخنەکان وەرامی ڕێکوپێکیان هەیێت، بەداخەوە ئەم گوتارە بەشی ئەوەی نەکرد کە بەشی زۆری تێبینی و بیروراکانی خۆشم بگرێتەوە.

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» ژمارە 80 ی مایسی ساڵی 1980
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net پاییزی ساڵی 2009

«...»

---

سڵاوێک لە شیعری نوێبابەتی کوردی

تێبینیەکی سەرەتایی هەیە لەبارەی ئەو ئامێرانەی مرۆڤ تەعبیریان پێ لە شتان دەداتەوە دەشێ ببێتە تیشک بە دەوروبەری «شیعر ـ ئامێری تەعبیر» دا، نەختێک چەشمەندازی بینەر ڕوون بکاتەوە:

مرۆڤ بە دوو جۆرە ئامێری ڕاگەیەنەر نیازەکانی خۆی دەردەبڕێ: یەکەمیان هونەرە جوانەکان. ئەوی دیکەیان، ئاخاوتن کە دەشبێتەوە نووسین. لێرەدا ڕەمز و ئیشارەت و برۆ هەڵتەکاندن و تەلیپاڵی و شتی ئەوتۆیی نایەنە ناو حیسابی ئەم وتووێژە چونکە نە دەچنە ڕیزی هونەر و ئاخاوتن و نەدەشگەنە مەیدانی ئەوان هەرچەند بە جۆرێک لە جۆران، تا ماوەیەک، توانای تەعبیریان هەیە. خۆ ئەگەر بایەخ بەو چەشنە هۆیانەی تەعبیر بدەین دەبێ نیشانەکانی هاموشۆی سەر شەقامانیش بهێنیتە ڕیزی هونەر و ئاخاوتن، ئنجا فیکەی شوان و دەرگە لێدان و ئحم و نازانم چیش... نەک هەر ئەمانە، بگرە وشەی وەک «هەچە، وشە، چغە،...» ش هەر نایەنە ناو لیستەی ئامێرەکانی تەعبیر هەرچەند لە شێوەی «دەنگی زمان» یش لە زارەوە دەردێن. قسەم لێرەدا لەگەڵ هونەر و ئاخاوتنە.

بەر لەوەی بچمە قوڵایی لێکدانەوەوە، تایبەتیەکی زێدە جوداکەرەوەی ئاخاوتن لە هۆیەکانی دیکەی تەعبیر دەدەمە بەر نیگای خۆینەر. ئاخاوتن تاکە ئامێرە کە بە مادە و واتایەوە زادەی هەناوی مرۆڤ بن، هونەرەکان هەر لایەنی واتایان بەچکەی مرۆڤە لەوە بەولاوە ڕەنگ و زەیت و بەرد و قوماش و فرچە و ڕیشە و ژێ و گەچ... و ... هەموو ئەو کەرەستانەی کە لە بەرهەمی هونەریدا بەشدارن لە مرۆڤ بێگانەن.

ئاخاوتن لە هەموو ڕوویەکەوە و بە هەموو وجودیەوە زەنەی هەست و هۆشی مرۆڤە، تەنانەت مرۆڤ دروستکەر و داهێنەری ئاخاوتنە پتر لەوەی هی منداڵەکەی بێت، بگرە لە گەرمایی لەشیشی لێی نزیکترە چونکە منداڵ و گەرمایی لە مادەی بە پۆز و بەرهەستی دەرەوەی وجودی مرۆڤ بەدەر دەدەنەوە کەچی «وشە« لە خودی مرۆڤەکە دەزێتەوە بەڵام زانەوەی مەعنەوی نەک مادی. ڕەنگە بیر بۆ ئەوە پروا کە «وشە» ش لە مادەوە وجود پەیدا دەکات، گۆیا «دەنگ» کە قاڵبی وشەی واتادارە پێوەندی بە هەواوە هەیە هەواش مادەیە. ئەم بۆچونە ڕواڵەتی و سەراوییە چونکە مرۆڤ دەتوانێ لە دەروونی خۆیدا وتووێژ بکات بێ ئەوەی بە زمان دەریان ببڕێت. خۆ زۆر کەسی بێزمان هەیە هەموو شتان تێدەگات و هەموو شتانیش بە دڵ و مێشکی خۆیدا تێدەپەڕێنێت و یەک وشەشی لێ دەرنایەت.. هەر نەیسە. با بگەڕێمەوە بۆ سەر ڕچەی مەبەستی ئەم نووسینە.

هونەر، تێکڕایان، کە لە ڕووی شێوە و جۆری «تێگەیاندن ـ ڕاگەیاندن» ـەوە لەگەڵ ئاخاوتندا بەراورد بکرێن دەچنەوە بۆ لای «تجرید» و هێماکاری، واتە بەر لەوەی هونەرکار بیەوێ هیچ بەرگی نامۆیی لەبەر هونەرەکەی بکات، هونەر وەک خۆی هەیە بە جۆرێکی تەجریدی واتا دەبەخشێ و فەرهەنگی قەرارداده و نووسراوی نیە واتاکانی لێک بداتەوە وەک کە زمان فەرهەنگی هەیە، هەڵبەت بۆیە هونەر پێویستی بە «وەرگێڕان» نییە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر وەیا ڕاستتر ئەوەیە بڵێین وەرگێڕان هەڵناگرێ وە کە زمان هەڵی دەگرێ و داخوازیشی دەکات، بە نموونە کە گوتت «توورەیی» عەرەبێک تێناگا تا بۆی نەکەیتە «غضب» بەڵام کە بە وێنەکێشی تەعبیرت لە «توورەیی ـ غضب ـ fury ...» داوە هەموو بینەرێک لە واتاکەی دەگات ڕەنگە کوردێک و ژاپۆنییەکیش هەردوویان بە جۆرێکی لە یەکتری نزیک تەعبیر لە «توورەیی» بدەنەوە، ئەگەر جوداوازییەکیش لە نێوانیاندا هەبێت لەوانەیە هەر بەقەدەر جوداوازی نێوان دوو وێنەکێشی کورد وەیا ژاپۆنی بێت. ئەوەی ڕاستیش بێ تەعبیردانەوەی تەجریدی لە واتا بە ناچاری جوداوازی دەخاتە نێوان بەرهەمی هونەرکارانەوە چونکە مومکین نیە خورپەی دڵ و تاسەی دەروون و ڕەنگینی پەنجەی دوو کەس وەک دوو نوسخەی یەک شت بن کە ئەم بزوێنەرانەش لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی دیکە گۆران هەڵبەت بەرهەمیشیان دەگۆڕی.

ڕەنگە ڕاست بێ بگوترێ ڕەسم لە پلەی پێشەوە و سەرەتای «تجرید» دا بێت مۆسیقاش لە دواپین پلەدا، واتە ڕەسم لە هونەرەکانی دیکە مەفهومتر بێ و مۆسیقاش لە هەموان زاتیتر و دەروونیتر بێ هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کە ئامرازی تەعبیر لە هونەری مۆسیقادا، کە دەنگ و ئاوازە، لە خۆوە خزمترە لەگەڵ مەعنا و خەیاڵ و خوولیادا و بە ئەرک و بلیمەتی مۆسیقا هەر نەبێ ناتوانێ وەیا هەڵناگرێ تەعبیر لە شتی ڕەق و زەق و بەرهەستی وەک بەرد و دار و ڕەنگ و بێن و بینراو و بەرهەست و چێژراوانەیە، ئنجا دەشتوانێ بەهۆی وێنەی گوڵ تەعبیر لە «بێن» بداتەوە وەیا بەهۆی کەمانی ناو باوەشی مرۆڤێک واتای «ئاواز» ببەخشێ...

بە هەر حاڵ ئەم خاسیەتەی بەکارهێنانی «تجرید» و ڕێگە تەعبیری تەماوی و پشت پەردە لە هونەردا، بۆی بوە بە قەڵخان و بە درێژایی مێژوو لە زۆر بەڵای ناگەهانی ئەم جیهانە پڕ کێشەیەی پاراستوە سەرەڕای ئەوەی کە «هونەر» لە بنەڕەتدا مەخلووقی ئاراییشت و جوانکارییە. تا ئێستاکەش هونەردۆستی هەموو جیهان مەرحەبا لە بەرهەمی هونەرێک دەکەن کە لە ڕووی هونەری ڕووتەوە بێعەیب بێ دواتر سەر لە ناوەڕۆکی خوار دەکەنەوە، ڕەنگە هەر گوێشی نەدەنێ. هونەر خۆی لە خۆدا کەرەستەیەکی مام سەلامەتۆکەی تەعبیرە، زۆر بە درەنگەوە خاوەنەکەی دەهاوێژێتە ناڕاحەتییەوە. ئەمە ڕاستییەکە هونەر لە چارچێوەی ڕەوای خۆیدا دادەنێت، لە نرخی کەم ناکاتەوە، وەک ئەوەی کە هەنجیر و هەنگوین و ترێ و گۆرەویش نرخیان بەوەدا نادۆڕینن کە لە لوولەی تفەنگەوە دەرنایەن...

لە تاقمی ئامێرە زمانیەکان، کە پەخشان و هۆنراوە، پەخشانیش بەسەر زۆر لە ئەژمارەکانی ئەدەب و زانست، ئنجا گوتار و کتێب، ئنجا چیرۆک و شانۆگەری.. دابەش دەبێ. بێگومان ئامێرە هەرە بەهێز و پێز و بە پرشت و دەنگ و سەداکەی تەعبیر لە نێوان بەرەی ئاخاوتن و نووسیندا گوتاری سیاسی و نووسینی سەر بە سیاسەت و باوەڕ کە ڕاستەوخۆ و یەکسەر، بێ تەئویل و زمانگرتن و «پێچی دەوەنێ» نشتەر لە دوومەڵ دەدات چیرۆک و شانۆگەری، بە عادەت، لە ناو هەڵوەست و ڕووداوی ناو سەرگورشتەکەیان «بیرورا» دەردەپرن و لەوانەیە گوتە هەرە بە جورئەتەکانیان لەسەر «نووسەر، دەرهێنەر» حیساب نەکرێ چونکە بەسەر زمانی غەیری خۆیدا دەریان دەپەڕێنێ و ڕێی ئەوەی دەمێنێ پەنا بباتەوە بەر سایەبانە زۆر مەشوورەکەی «ناقل الکفر لیس بکافر». ئەوەی مەترسی و بەڵا بۆ نووسەری چیرۆک و شانۆگەری دەنێتەوە، ڕەنگە چیرۆکەکە نەبێت بەڵکو ئینتیمای نووسەرەکە بێت، لەوانەیە هەمان قسە و هەڵوەستی ناو چیرۆکەکە لە نووسەرێکی دیکە کە ئینتیمای نییە وەیا جودایە بە داوێوە نەکرێ. ئاوڕێک لە مێژوو بدەوە دەبینی لە وڵاتی مسڵماندا هەمیشە مسڵمانەتی بۆتە شەفاعەتکاری ئەوانەی قسەی بە جورئەتی پشت لە عەقیدەیان کردوە، نەک لە چیرۆک و بەس، بگرە لە هەموو مەیدانێکدا. هەڵبەت لە نێوان مەسیحیانیشدا هەمان دیاردەی خاڵەبەخش کردنی مرۆڤی مەسیحی لەچاو هی کافر باو بوە هەروەهاش لە نێوان باوەڕە جودا جوداکانی دیکەی ئەم جیهانەدا.

کە بێین و لە ڕوانگەی مەترسی و سەلامەتی تەعبیرەوە سەیری «ئاخێوەر، ئاخاوتن» بکەین دەبینین لە کۆنەوە شیعر ئامێرێکی سەلامەت و بێخەتەر بوە لەچاو پەخشان. هەمو ئەو قسە بێپەروا و بێپەردانەی کە ئەگەر نووسەر بیانکاتە پەخشان هەرای بۆ دەنێتەوە لە شیعردا بە درێژایی ڕۆژگار چاوی لێ پۆشراوە و بە قسەی جوان و نەقڵ و بابەتی ئاراییشت لە قەڵەم دراوە. سەیری شیعرەکانی نێو «ئەلف لیلە» بکە و بزانە چی تێدا گوتراوە «ئەلف لێلە بە شیعر و پەخشانیەوە ئەم بێپەردەییەی تێدا بەدی دەکرێ بەڵام شیعرەکانی کە بە نموونە دێنەوە زەقترن لە ڕووی جورئەتی زایەندییەوە (زایەند ـ جنس ـ sex). ئنجا گوێ بگرە خەییام چۆن ناوناوە دەگاتە پایەی «ابن الراوندی» و هەر بە خواناس و حەکیمیش ناوی دەبرێ. لە کۆنی هەرە کۆنەوە هەڵبەست بە تێکڕایی یەکجار کەمتر لە قسەی عادەتی، چ جایی نووسین، حیسابی جدیەتی بۆ کراوە، ئێستاش هەر وەهایە. نالی کە دەڵێ:

شیققەی فەلەکولئەتڵەس و ئەستوونەیی زێڕین
بێ بیکە بە تارایی سەر و سرکەیی واڵا

لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێین مامە نالی چۆن دەکرێ ئاسمان و پەلکەزێرینە بدەینە دەمی مەقەس و نووکی دەرزی، هەزار ئافەرین لە خەیاڵە بڵندپەروازەکەی و داڕشتنە سیحراویەکەی دەکەین، جا ئەگەر یەکێکی عادەتی، یاخود نالی خۆی، بچێتە بازاڕی قوماش و جلدروان و، مامەڵەی ئەو تەرزە بابەتە و دروومانە بکات دەبێ چ وەرامێک وەرگرێتەوە!

کام نووسەر وێراوەتی لە پەخشاندا شتێکی وەک «هەتیوی بولغار و یەهودی بەچە» ی شێخ ڕەزا و شەوە زۆر مەشوورەکەی ئەدەب «مصباح الدیوان» بە قەڵەمی خۆیدا تێپەڕێنێ؟ مەسەلەی حیساب لەگەڵ نەکردن و لێ بە داوێوە نەکردن بە زیادەوە لە هەڵبەستی فۆلکلۆری سەپاو و دەفگرتوو بوە، واتە شایەر و گۆرانیبێژ و بەیتخوێن و بالۆرەبێژ پتریش لە شاعیر بەرەو تەعبیری بێپەردە و وێنەی شەرمهێنەوە دەڕۆن بێ ئەوەی کۆ لە جەزا و چاوسوورکردنەوە بکەن چونکە دەزانن کەس لێیان زویر نابێ. لە زۆر بەستەی شایی و گۆرانی میللی، حەز کردن ڕوو لە ئافرەتی شووکردوو دەکات وەک کە هەموو جاران شایەر دەڵێ «مێردە گوەی بمرێ...» وەیا «... ناوێرم بێنم ناوی، لەبەر مێردی گڵاوی» وەیا گۆرانی «لانکۆڵێ» هەمووی هەر خەریکی ژیر کردنەوەی منداڵە بۆ پەیدا کردنی دەرفەتی ژوانی دەمەو بەیان، لەوە هەر گەڕێ کە گەلێک جاران لە ڕەشبەڵەکدا باسی لەشی ئافرەت بەو شێوەیە دەکرێ کە لەوێدا نەبێ جایەز نییە... بە تێکڕایی، شیعر لەچاو فۆلکلۆر، پتر زمان دەگرێ لە ئاست ئەو وشە و تەعبیرانەی بیری بیسەر بۆ لای زایەند دەبەنەوە هەرچەند گەلێک پتر لە پەخشان ڕێی تەعبیری ڕەهای بەرەو زایەند بە خۆی دەدات و لێشی دەسەلمیندرێ...

بە هەر حاڵ، شیعر بە زۆر ناکەوێ لەسەر شاعیر، ئەمەش ڕاستییەکە لە خۆوە ئاشکرایە هەرچەند باسیشی ناکرێت و هیچ حیسابێکیشی لەسەر هەڵنەستاوە، خۆ ئەوەی ڕاستی بێ منیش لە مامەڵە کردندا هەرگیز ئەو سەلامەتیەی شاعیرم تێنەخوێندۆتەوە و تێشی ناخوێنمەوە لە نووسینیشمدا ئەوەندەی باسی شاعیری کوردم بە تەقدیسەوە کردوە پەخشاننووسی کوردم باس نەکردوە، لێرەشدا کە ئەم ڕاستییە بەفراوانی دەدەمە بەر لێدوان پێش هەموو شێک مەبەسم ڕوونکردنەوەیەکی شوێن هەنگاوی شاعیری نوێخوازی کوردە جا ئەگەر بۆچوونەکانم هەڵبگرێ، ڕەنگە بە سوودی خۆی تەواو بێ، خۆ ئەگەر گوێشی نەدامێ چ زەرەرێکی نەکردوە، تەنانەت ئەگەر لە خۆشمی زویر بکەم دۆستی لە من بەردەوامتر و ڕێزلێنەرتری چەنگ ناکەوێ، بۆیە وا بێپەروا دەڵێم لە ڕووی خەتەر و سەلامەتیەوە شاعیر دەکەوێتە نێوان هونەرکار و نووسەر. بایی ئەوەی کە شیعر وەک هونەر ئارایشت و مۆسیقا و تەجریدە پشکی سەلامەتی هونەر وەردەگرێ، بایی ئەوەش کە بەهۆی ئامرازی «وشە» تەعبیری مەفهوومتر لە هونەر بەکار دێنێت بەرەو پەخشان دەبێتەوە لە مەڵبەندی ترس و خەتەردا. لە کۆنەوەش گوتراوە «زمان بەڵای سەرە».

ئەم لایەنەی بێخەتەری، وەیا کەمخەتەری، کاری نەکردۆتە سەر شۆڕەتی شاعیر هەروەک کاری نەکردۆتە سەر هونەرکاریش، بە پێچەوانە، شاعیر هەمیشە لە نووسەری پەخشان بەناوبانگتر و مەرحەبا لێ کراوتر بوە. هەڵبەت دەزانم بەشێکی بەرچاوی ئەم پاداشە مەعنەوییە دەچێتەوە بۆ ئەو لەزەتە عاتیفیەی کە مەردم لە شیعری نازکی وەردەگرێ. لە بری هەستی حەسانەوە و ئارامی گیان و تامەزرۆیی شکان کە لە بیستن و گوتنەوەی شیعری جوانەوە بە مرۆڤ دەگات مرۆڤەکە پاداشتێکی خۆشویستن و سۆز بە شاعیرەکە دەداتەوە، ئنجا هۆی دیکەش هەیە پاڵپشتی لە بڵاوبوونەوە و ناو دەرکردنی شیعر و شاعیر دەکات وەک ئەوەی کە شیعر پتر لەگەڵ دەروونی بیسەردا وتووێژی بەردەوام دەکات و گەلێک درەنگتر خەڵق لە گوتنەوەی تێر دەبێ، پترێش لە پەخشان دەست دەدا بۆ ئەوەی لە لایەن خەڵقەوە لەسەر شانۆ و لە کاتی کۆبوونەوە و نمایشت و چەندین موناسەبەی دیکەدا بگوترێتەوە و بخوێندرێتەوە باشتریش لەگەڵ جۆشی عاتیفە هاوئاهەنگ دەبێ، ئاسانتریش دەبێتە گۆرانی...

بەڵێ ئەمانە هەمووی یاریدەی شیعر دەدەن تا ئەویش وەک هۆیەکانی دیکەی ناو دەرکردن گۆرانیبێژی، سینەما، ڕۆژنامەگەری، یاری، موزیعایەتی... بە خیرایی شاعیر مەشوور دەکات و دەبیاتە پلەی عەبدولحەلیم و حەسەن زیرەک لە شۆرەتدا، بێنە قوتابیەکی زانکۆ کە شیعر بڵاو بکاتەوە، لە ڕووی شۆرەتەوە بەو مامۆستایەی بگرە کە هەرچی زانستی سەخت هەیە بە دەرسی دەڵێتەوە و کتێبیشی لەسەر دادەنێ، دەبینیت قوتابیەکە زۆر لە مامۆستاکەی مەشوورتر دەبێ، ئەمە ڕاستی بێگومانە کە لە هەردوو دەستە تەرازووی ئەرک و پاداشدا بە سوودی شاعیر لەنگەر دەبەستێ.

بەو لای ئەم ڕاستییەوە ڕاستییەکی دیکە هەیە، ئەویش لە سوودی شاعیر زیاد دەکات و لە ئەرکی دادەشکێنێت: هەتا واتای شیعر تەماویتر بێ هەڵوەستی شاعیر سەلامەتتر دەبێ، چونکە نامۆیی تەعبیر وەک ئەو کاڵانەیە کە تیژایی و پرندەیی تیغ لە نێو خۆیدا دەشارێتەوە و زۆر بە درەنگەوە لێی بە دیار دەدا کە دەیەوێ برین بخاتە لەشی ناحەزەکەیەوە. لە سەرێکەوە شیعر بەهۆی شیرینی و ڕوح سووکی و خنجیلەیی خاڵەبەخش کراوە لە سەرێکیشەوە شاعیر بە تەعبیری تەماوی خۆی چەپ دەدات لەو نەرمە خەتەرەی کە شیعری وەک:

ملک ودستور ومجلس امة
كل عن المعنى الصحيح محرف

کاتی خۆی ڕەنگ بوو بیهێنیتە بەر هەنگاوی «رصافی». ئەوەی ڕاستیش بێ شیعرەکە و هی تریش دووچاری هیچ ناڕاحەتیەکیان نەکرد، ئەوەی پێی سەغڵەت بوو دەم لێدانی شتی سەر بە ئایین بوو کە لە حەقیقەتدا بە گەلێک مەزهەبی ڕەواش هەر ڕەوا بوو کەچی کۆمەڵەک مەلای لێ بەخەبەر هێنا، ڕەنگە هەر ئەو کەسانەش یاردەی ڕزگار بوونیان دابێت کە بە هەڵبەست هێرشی دەبردنە سەر. شتە سەر بە ئایینەکان بە پەخشان نەک بە شیعر بڵاو بووبوونەوە بۆیە بوو ئەو کارەی کرد، نەخۆ زەهاوی بە شیعر دەرییڕی کە دەبێ «أثير» خوا بێ چونکە هەموو ئەو سیفەتانەی دەدەنێ کە لە خودا ڕەچاو دەکرێ و هەر دەینێتەوە هۆش و خواز (ارادة)، کە ئەو دوانەشی پێ بدرێ بۆ نەبێتە خوا؟ ئەمەی گوت (هەڵبەت من دەقی قسەکانی زەهاویم نەهێناوەتەوە) و پێشم شک نایەت کەسی لە خۆی بە دەنگ بێنابێ.

تۆ بێنە لە هەڵبەستدا هەرچی جەهەننەمی دنا و قیامەت هەیە لە گیانی زۆردار و بەدکار و خوێنمژ و داگیرکەر و «سیخور» ی بەر بدە کەس تووره ناکەیت چونکە قسەکانت هیچ تاکێکی دیار و پەنجەنیشان ناگرنەوە، شیعریش پەخشی ئەخبار نییە ناوی کەسان و شوێنان و مێژووی ڕووداوان بکاتە لیستە و لە دێرەکانیدا قەتاریان بکات، بۆیە ئەوەی لەبارەی خراپەوە دەیڵێت، زۆر جاران، لەوانەیە بەدکارەکەش بیڵێت.

لەمەوە دەمەوێ بە شاعیری کوردی نوێخواز بڵێم خەست کردنی تەمومژی ناو تەعبیر و هەڵنانی پەردەی نامۆیی بە دەوری هەڵبەستەوە حەشارگەی خۆ تێدا بواردنە، ئنجا نمایشتی ماسوولکەی هونەرە، ئینجا سلێمانی گوتەنی «خەنجەر لە کا» یە بێ ئەرک و مەسرەفەکەیە، ئنجا «بیتاقەی شەرەف» بە خۆبەخشینە بۆ ڕیزی هەرەپێشەوەی قارەمانە ڕاستینەکانی هەرای فکر و باوەڕی کۆمەڵایەتی و چارەنووسی گەلان.

ئاخێوەر هەتا لە تەم و نامۆیی زیاد کات خۆی لە خەبات دەشارێتەوە... بووکەکانی فکری مارەبڕی خۆی ناکات... بگرە دەخزێتە ناو ئەو بورجە عاجینەی کە لە فێرگەیەکی سەرلەبەری فکر و هونەر کراوە بە عەیب. ئنجا ئەگەر جوانی و شکڵی شیعر جارێکیان پەرژینی سەلامەتی بۆ کێشابێ، ئەو جینگڵ خواردنەی لە نێو بورجە عاجینەکەدا بەهۆی تەعبیری نامەفهووم لە زوربەی هەرە زۆری گەلی دادەپڕێت چونکە یەک تاکی جەمبوورەی ئەو خەڵقە لە قسەکانی ناگات. شاعیری کەس تێنەگەیشتوو کە لەلایەن خەڵقەوە پێشوازی لێ دەکرێت، بەهۆی مەفهووم نەبوونی قسەکانی ئەو پێشوازیەی لێ ناکرێت، بەڵکو لە شێوەی قەرز و خواستنەوەدا پشکی «حورمەت و خۆشەویستی» لە تێکڕا مەفهوومی

«شاعیریەتی»، نەک لە مەفهووم نەبوون، بۆی دەبێ بە ماڵ. سەرمایەی شاعیری نامەفهووم لەو شەعبییەتەی کە هەیەتی قەرزی دەست بەسەردا گیراوە.

شیعری زێدە تەماوی، بە ناچاری دەبێتە وتووێژ لەگەڵ خۆدا کردن، ئەوپەڕی لێک کێشرانەوەی جغزی مەفهووم بوونی ئەوەیە بەرەی شاعیران لە ڕێی کوتانەوەی ڕێگای لە یەکدی نزیک و لە یەکدی شارەزا بدۆزنەوە بتوانن لە یەکدی بگەن، یاخود هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆی واتا لە شێعری هاوڕێکەی بداتەوە، کە ئەمەش شێوازێکی نوێی بابەتی لێکدانەوەیە خەریکە لە زوربەی مەیدانەکانی سەقافەت خۆی دەکاتە ڕوانگەی سەلمێنراوی تێوەڕامان، تا ئەوەی بەرهەمی کۆنینە دەدرێتە بەر نیگای سەردەم نەک بە نیازی پتر تێدا ڕۆچوون و ڕوونتر کردنەوە و سەرەژوورتر بردنی سەرچاوەی ماکەکانی ئەو بەرهەمانە بەڵکو بە ڕاگوێستنی پاتەوپات و یەکسەری بەرهەم و خاوەنەکەی لە ڕۆژگاری خۆیەوە بۆ ئەم ڕۆژگارە وەک کە کوری ئەم ڕۆژە بێت... هەر یەکەیان بە جۆرێک واتای لێدەداتەوە بە تەواوی خاوەن هونەرەکە کپ دەکات.

دەبێ بزانین شیعر لە بنەڕەت و لە یەکەم جووڵەی هەڵنانیەوە جۆرە داپۆشراوییەکی وەک پەردەی تەنک یا ئەستووری بەسەرەوەیە لە چاو قسەی عادەتیدا، تا ئەوەی ڕەنگە ڕاست بێ بگوترێ شیعری زێدە سادە و ساکار و مەفهووم بە کاری هونەری لە قەڵەم نادریت، مەگەر لەوانە بێ کە پێی دەگوترێ «سهل ممتنع». بە نموونە، ئەم دێرە شیعرەی شێخ ڕەزا بەهۆی داڕشتنێکی نەختەک عادەتییەوە بوو بەو نامەفهوومەی کە هەر ئێستا باسی دەکەم:

کێ بێ لە دلێرانی عشایر کە نەچووبێ
وەک تیری ئەجەل نووکە ڕمی جافی بەنافا

وەک دەبینیت دێرە شیعرەکە لە بەشی هەرە واتا ئاشکرای هۆنراوەیە، کەچی نیمچە شاعیرێک ئەمەی خوارەوەی لێ خواستەوە و کردی بە دیاری بۆ نەوەیەکی عوسمان پاشای جاف:

ئەوی نەوەی میر بەناف
ناعەلاجم شەو لە داخت لیر ئەکەم

ئەگەر دێرە شیعرەکەی شێخ ڕەزا هەڵوەشێنینەوە بۆ باری عادەتی ئاخاوتن و بڵێین: «کێ بێ لە دلێرانی عەشایر کە نووکە ڕمی جافی بە ناوکدا نەچووبێ وەک تیری ئەجەل؟» نیمچە شاعیرەکە چاوی ڕەشکە و پێشکەی نە دەکرد لە وشەی «بەنافا» و وا تێبگا لە کۆتایی شیعرەکەدا سیفەتە بۆ «جاف»، ئنجا هەقیشم نییە بەسەر نەبوونی کێس و واتا لەوەی بە دەوری «بەناف» فەرموویەتی...

شیعری ئێستاکەی کوردی، زۆر بە داخەوە، پێبەپێ تێهەڵکشیوە لە نامەفهوومی تاکو گەلێک جاران دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لەخاوەنی بەولاوە ڕەنگە کەس تێی نەگات. ئەو نامەفهوومییە و نامۆییە لەوە دەرچوە زادەی عەفوییەت و ورووژان و جۆشان و هەڵڕژان بێت وەک ئەوەی کە دەمەوانەی دەفری داخراو و ئاخناوت هەڵگرت ناوەڕۆکی دەفرەکە هەڵڕژێت و دەرپەڕێت. نامۆیی لە شیعری نوێبابەتی کوردی بوە بە شەقڵ و دەق و نەخش و ڕوخسار، بگرە تا ڕادەیەک بەرەو دەروونی شاعیریش ڕۆیشتوە لەوەدا کە خەریک بوونی شاعیر بە دۆزینەوەی داڕشتنی سەخت و وێنەی کێوی بەرەو خەیاڵ و واتای ورد و تێکهەڵکێش و نامەئلووفی ئەوتۆیەوە دەبات کە «معاناة» ی عادەتی نایانگاتێ، ڕەنگە ئەم وردپێوییە و تەنک هەڵبیرینەوە و خەیاڵ باریک کردنەوەیەش تەنها سوودێک بێت بە شیعری کوردی بگات لە بری لە دەست چوونی ڕوونی و ساکاری و ئاشکرایی کە سەرچاوەی لێ خواردنەوەی ئاپۆرەی خەڵقە.

واتا و خەیاڵی دوورەدەست بە خۆی و نرخە هونەری و مەعنەوەیەکەیەوە وەک ئەو گەنج و زێڕ و گەوهەرەیە کە لە خەزنەی دەوڵەمەنددایە و بەر نیگای من و تۆ ناکەوێ، داخیشم ئەو داخەیە کە گەوهەری وەها نایابی کوردی، وەک دەست ئێمە چوە، تەرجەمەش نەکراوە بۆ زمانێکی دیکە بەشێوەیەک لە عالەمی ڕابگەیەنێ کە شاعیرە بێ پوول و پارەکە، بگرە بێ شەهادەکەی، کورد بە گەوهەری واتا و شێوەی کەس نەبیستوو و کەس نەدیتوو ئەو سامانە مەعنەوییەی بە دەوری ڕووتەڵەیی خۆیەوە هەڵناوە تا ئەو ڕادەیەی بتوانێ بەخشندە بێ و لێی بخوازرێتەوە. هیچ موجامەلە لەوەدا نیە کە دەڵێم شیعری نوێ بابەتی کوردی وەهام بیستوە بە قۆناخ پێش زوربەی، ئەگەر نەڵێم هەموو، شیعری نوێ بابەتی جیرانەکانی کورد کەوتۆتەوە، تەنانەت جارێکیان بە یەکێک لەو شاعیرانەم گوت کە تۆ دێیت و لە فلآنە پرە شیعرتدا، بەلای خۆتەوە، بەناو هێنانی چەند شاعیری غەیری کورد ڕووکاری هەڵبەستت بەرز دەکەیتەوە ئنجا لە بەرزایی هەڵبەستەکەتەوە دەتوانی دەست بهگەیەنیە دەستە بەرزکراوەکانیان بەرەو ئاسۆی پەروازت. لەمەشدا یەک تۆسکاڵ موجامەلەم بەکارنەهێنا چونەک بە ڕاستی و سەد جاران بە ڕاست ئەو پرە شیعرە کە نموونەی گەلێک پارچەی دیکەی وەک خۆی بوو تاکە یەک هاوتای نەبوو لە هەموو ئەو شیعرە ناودەرکردوانەی غەیری کورد کە من لەو چەندین ساڵانەی دواییدا بیستوومن. جوانی و بەرزیی پرە شعرەکەش پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتبوو ئایا تێیان دەگەیت یا ناگەیت. وەک فڕۆکەی بە هەواوە هیچشی تێناگەیت و پێشەوە دەحەپەسێیت.

شیعری نوێبابەتی کورد گەلێک بەولای شیعری سەدەی نۆزدەمی کورد، لە نامۆیی و نامەفهوومی تێپەڕی کردوە، جا ئەگەر گلەیی لە شاعیرێکی بەر لە سەد ساڵ بکەین کە شیعری توێکڵداری گوتووە دەشزانین ئەو شاعیرە لە سەردەمێکدا ژیاوە کە جارێ شیعر نەبووبوە فەرمانبەری بیروباوەڕ، شاعیریش داوای شەعبییەت و گەلدۆستی نەدەکرد، خۆ دیوانەکەشی چاپ نەدەکرا، هیچ بەرە و تاقمێکی ڕۆشنبیرانیش بۆی نەدەبوونە پروپاگەندەچی نە خۆی بەتەمایە و نە کەسیش لێی دەسەلماند ببێتە پاڵەوانی کۆمەڵایەتی و قەومایەتی و ... و نە... نە... ئنجا شیعرەکانیشی لە چاو شیعری سەردەم ساکار و ڕوون بوون ئایا دەبێ چ جۆرە گلەییەک بکرێ لە نامەفهوومی شاعیری نوێخوازی نوێبابەتی کورد.

هەموو ئەو «نە... نە...» یانەی شاعیری کۆن بۆ «ئەرێ... ئەرێ... بەدی... بەدی.. بەڵێ... بەڵێ...» یە ڕێز و خۆشەویستنم بۆ شاعیری سەردەم ئەوەم لە بیر ناباتەوە کە دەبی تێی بگەم... دەبێ خۆی لێم ئاشکرا بکا. داوا لە هونەر و توانای دەکەم یا قاڵبی وەها داڕێژیت بە دڵی خۆی و بە فەهمی بیسەر بێ، یاخود پتر ڕووناکی بخاتە نێوان شیرازەی تەنینەوەی داوە باریک و لوول خواردوەکانی ئەو فکر و سۆزەی کە لە بەشێکی بەرچاوی شیعری ئێستاکەیدا بۆ شیعرخوێنی عادەتی و فراژووش گرێپچکە دەکا.

من ناڵێم، لێشی قبووڵ ناکەم، بە دەمودووی ئاخاوتنی عادەتی و پەخشانی سادە لەگەڵمدا سکاڵا بکات، تاوانباریشی دەکەم کە بە نیازی خۆڕوونکردنەوە و مەفهووم بوون واز لە وێنە و واتای کێوی و ڕامکردوو بهێنێ... مۆسیقا بدۆڕێنێ... پەردە و پۆشینەکانی سەر ڕووی بووکە خوولیاویەکانی بپێچێتەوە... من مامۆستای قوتابیانم لە شاعیر و هونەرکار ناوێ... واعیز و پەندیاریشم ناوێ... ڕابەر ئایین و کۆمەڵایەتیشم ناوێ. ئەمانە بێ ئەوەی شاعیر بن هەن و لە کاردان... من شاعیرێکی هەستیاری هونەرکاری دەست ڕەنگینی هەناو تەقیوی جەزبەگرتووی شێت و شەیدا و بەلەرز و تا و... مەفهووم دەوێ، ئۆباڵی ڕسکان و نەڕسکانی ئەو مەرجانەش دەچێتەوە ئەستۆی بەهرەکەی، ئۆباڵی لێ حاڵیبوونیشی، ئەوسا، دەچێتەوە ئەستۆی خۆم.

نامۆیی شیعر، یا هەر بابەتێک بێ، کە گەیشتە پلەی پێچرانەوە و لوولخواردنی ئەولای تێگەیپشتنەوە چ پێویست بەوە ناهێڵێ لە ناوەڕۆکەکەی بکۆڵرێتەوە ئایا ڕووی قسە و وتووێژی لەگەڵ چەندیەکی میللەت و کام بەرە و چینی میللەتە. پارچە هەڵبەستی وەها هەیە هەر

لەبەر شێوازە نوێ پێوەکەی دەزانرێ نوێخوازە و کۆنەپەرست نیە. تۆ بڵێی ئەم داڕشتنە پشت لە «عروض» ەوە ئەم شێوە تەماوییە نامەفهوومە لە کوێوە پەڕیەوە بۆ ناو هەڵبەستی کوردی؟

هەڵبەت ناشێ بڵێین نمای ئاسایی و فراژووبوونی خۆرسک شیعری کوردی لە عەرووزەوە ڕاگوێست بۆ ئەو حاڵوبارەی کە هیچ پێوەندی بە ڕابردوویەوە نەهێشت، چونکە وەک دەزانین ئەو گۆڕانەی کە لە هەڵبەستی کوردیدا گەییشتە ڕادەی بەرەواژبوون و هەڵگەڕانەوە لە چەند ساڵێکدا ڕووی دا بەحاڵ بەشی لاسایی کردنەوەی دەکرد چ جایی ئەوەی عەرووزی تێدا پیر و گەندەڵ بێت و چرۆی تازە دەرکات و ببێتە نەمامی شیعری نوێی کوردی.

ئەوەی بیەوێ گۆڕنی شیعری کوردی بباتەوە بۆ گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی و شارستانەتی و کوردستان نەکا دەماری پێوەندی ژوورخان بە ژێرخانەوە بپچڕێ دەبێ ئەوە بە یادی خۆیدا بهێنێتەوە کەوا کاتێک شیعری «گۆران» تطوری کرد و بە دوا ئەودا زوربەی شاعیرەکانمان عەرووز و شێوە داڕشتن و بۆچوونی میراتییان تەڵاق دا هێشتا لە هەموو کوردستانی عێراق سێ ناوچەی لیوا و یەک دوو ناوچەی قەزا کارەبای تێدا هەڵکرا بوو و جارێ کوردەواری یەک بست بەلای پیشەسازی و جووڵەی هونەری و پەرەسەندی خوێندەواری و تازەبوونەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئازادیی ئافرەت و ڕەها بوونی بیرورا و ئەو جۆرە دیاردە ژیارییانەوە نەچوو بوو کە ئیتر ناشێ بڵێین گۆڕانی مێژوویی کورد هۆی گۆڕانی شیعری کوردی بوو. کە شێعری کوردی کیفی کۆنی خۆی، وەک ماری دمەو هاوینان، داڕنی جارێ زوربەی کوردەواری لە بری «ژنەکەم» دەیگوت «خێزانم... ماڵەوە... منداڵان».

بە کورتی دەڵێم ئەوەی بوە بنەمای گۆڕانی شیعری کوردی دوو چشت بوو: یەکەمیان چاولێکەری شێوازی دەرەوەی کوردستان، بگرە هی ڕۆژهەڵاتیش. دوەمیان، کە هەر خۆ پەلەی بە هۆی یەکەم کرد، بڵاو بوونەوەی زۆر خێرای فکری نوێخوازی دوای شەڕی دوەم بوو بە هەموو دنیا نەک هەر بە کوردستاندا، کە یەکێک لە داهێنانەکانی نێو کوردانی ئەوە بوو وای لە نۆبەرەی ڕۆشنبیری ئەوسای کورد گەیاند گۆیا شکڵی عەرووزی لە شیعردا پاشماوەی سەردەمە پاشکەوتوەکانی کۆنەپەرستییە هەر وەک لە گەلێک مەیدانی دیکەی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕدا شەڕی پێ نایەوە دژی ئەوەی پێی دەگوترا کۆنینە. ئەوەی زیاتریش لە نێو شاعیرە نەوباوەکانی کورددا وای کرد شیعری عەرووزی و شێوازی کۆن قڕانی تێ بکەوێ پتر لەوەی لە نێوان فارس و عەرەبدا قڕانی بێت هەژاریە بێسنووریەکەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و سەرلەبەری وجودی مێژوویی کورد بوو کە ئەوەندە سامانەی بۆ کوردی دوای حەربی دوەم بەجێ نەهێشتبوو خۆی لەبەر شاڵاوی نوێخوازیی بێسنوور بگرێت.

ڕابردووی کورد ئەوەندە هەژار بوو نەیتوانی ڕوخساری حازری بپارێزێ لە ئاست ئەو وروژمەی کە فکری نوێخواز لە ژیاریی ئەوروپاوە بۆی هێنا، بە پێچەوانەی عەرەب و فارس کە لە بەرانبەر پاڵەپەستۆی فکری نوێخوازی پاش شەڕی دوەمدا سامانی فکری و مادی میراتی ئەوتۆیان هەبوو زۆرانی لەگەڵ هێزە هەڵتەکێنەکانیدا بکرێ و بارتەقای ڕاوەستێ. کوردەواری بەر لەوەی لە پلەی بەرەژوورچوونی مادیدا بگاتە میسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشا هەر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە وازی لەو شێواز و داڕشتنە هێنا کە ئێستاکەش لە قاهیرەی 1980 دا هەر باوە.

لە پاشماوەی گەشە کردنەکەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کە درێژە کێشانی ڕسکانە کوتوپڕە سەرکەوتوەکەی ئەدەبی نالی و شاعیرەکانی دیکەی کوردی سەدەی نۆزدەم بوو، چەند شاعیرێک بە تەمەنی کامڵیانەوە، لێرە و لەوێ ـ بە زۆریش لە سلێمانی ـ لەگەڵ شێوازی کۆن و شێوەی عەرووزیدا بەسەریان برد تاکو چرای عومریان کوژایەوە، ئیتر جیلی دوای، هەروەک لە بیرکردنەوەی ڕامیاریدا، پێوەندییان بە کۆنەوە نەما لە شێواز و ناوەڕۆکی شیعریشدا بە تەواوی لێی داپران تا ئەو ڕادەیەی کە ڕاستە بگوترێ دەماری نەسەبیان بە ڕابردوەوە هەڵبڕیەوە.

وەک دەزانین ئەم لە قەپێلک هاتەدەر و داڕنینی کیفی کۆن کە ڕۆشنبیری کوردی دوای شەڕی دوەم کردی کێشایەوە سەر دوشمناپەتی «تراث» و بەینێکیش دەوامی کرد. بەڵام پاش ئەوەی کە گەشبینی و بەڵێنە خۆشکەڵەکانی فکری نوێخوازی کورد لەسەر تەختە بەردی ڕەق و تەقی هەژاری و نەداریی کورد وردوخاش بوون «تراث» نرخێکی پەیدا کردەوە، چونکە وردە وردە بە دەم تەجرەبەی تاڵەوە زانرا کە چینی لێرە بە پێشەوە و لەوان بە پێشترەوە ئەو گوناهبارە نین کە خەیاڵە شلکە سافیلکە بێ تەجرەبەکەی گەنجە نوێخوازەکان لێیان بە هەڵەدا چوو بوو، تاوانی دواکەوتنی کوردیش ناچێتەوە ئەستۆی «تراث» و «ڕۆشنبیری» ی کلاسیکی کورد، مەگەر بایی ئەوەی حاڵوباری نالەباری کوردی سەردەمی ئەو گەنجانە بچێتە ئەستۆی گەنجەکانەوە، واتە تێشکان و نەهاتنە دی بەڵێنەکانی باوەڕی نوێخوازی کوردی دوای شەڕی دوەم پێبەپێ بوو بە پاکانە بۆ ڕابردووی کورد چونکە بە هەست و بە دەستیش زانییان ڕەها بوون و بە ئاوات گەییشتن بۆ میللەتی هەژار و بێهێز ئەو دەست هەڵێنجە نییە کە لە ڕاپەڕینەکەی «وثبة» وەوە گەنجە نوێخوازەکان لێی بە پەلە بوون. ئێستای بینینی ڕۆشنبیری کورد، وەک مزاش، حورمەت گرتنی کەلەپوور و بەردەوام بوونە لەسەر شێواز و نیازی نوێ.

لەبەر تیشکی ئەم ڕوون کردنەوەیەدا، کە من بە ڕاستی دەزانم، مەعلووم دەبێ شێوازی نوێی عەروزنەویستیی شیعری کوردی لەسەر بنجی مێژوویی خۆی نمای کردوە، پەرەسەندنیشی هی پێداویستی سەردەمی کوردی نییە بایی ئەوەی کە وەچەی لێک مارەپرانی هەژاریی مێژووکردی کورد و وروژمی سەقافەتی ڕۆژاوایە، ئنجا کە شاعیرێکی کورد دێت و لە نێو لووزەوە جودا جوداکانی فیکر و شێواز و بۆچوون و ڕواڵەت و گەشکەگرتن و، بە تێکڕایی «ناوەڕۆک و ڕوخسار» ی سەردەمدا تەکان دەدات و مۆدێل دەگۆڕێت و ڕاوی واتای ڕامکردوو دەکات و تەمومژ لە خۆی دەئاڵێنێ بۆ ئەوەی، بەلای خۆیەوە، لە کاروانی بزووتنەوەی ئەدەبیی جیهانی دانەپڕێ دەبێتە مامڵەتکەری مەڵبەندێکی «شیعرکردی خەیاڵکردی لاسایی کرد» ی ئەوتۆ ئەگەر لە کوردستانی هەڵکەنیت و بیبەیتە «تەموڤرستان» خۆی لە دەوروبەرێکی زۆر نائاشنادا نابینیتەوە چونکە لەوێشدا هەمان مامڵەت و کار و بازاڕ لە گەڕدایە.

تەمومژ و نامۆیی بەبەریەوە هەیە تارمایی مێوان بە هی خانەخوێ بناسرێت...

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری بەیان - ژمارە 60، مارسی 1980 - لاپەڕەی 16-22

وەشانی دووم: سایتی www.mamosta.net  ساڵی 2009

«...»

---

دەساتیر

ناوناوە لە خوێندنەوەی بابەتی فارسی سەر بە زمان و ئەدەب و ئایین چاو لە وشەی «دساتیر- دەساتیر» هەڵدەئەنگوێ وەک کە دەنووسرێ فڵانە وشە دەساتیرییە وەیا فڵانە باوەڕ لە دەساتیرەوە هاتوە، هەندێ جاریش دەبینیت فەرهەنگی وەک «برهان قاطع» پایەی بەرەژێر دەکرێتەوە بەوەدا کە وشەی دەساتیری تێکەوتوە. ئێمەمانانی کوردی عێراق لەبەر کەم

پێوەندیمان بە سەقافەتی نوێی فارسییەوە لە ئاست ئەم دیاردەیەی بەدم داهاتنەوەی نووسەرانی فارسی سەردەم لە دەساتیر تەنها هەستی کێشەیەکی بێ سەر و سۆراغمان بۆ دەمایەوە، تەنانەت بەش بەحاڵی خۆم نەمدەویست پرسیاریش لە دۆستە باخەبەرەکانم بکەم نەکا وەکوو ئەزموونی وەڕسکەری بێ وەڵامی لێ بێت. ئەم پرسیارە دەرنەپراوە مایەوە تاکوو دوای کرانەوەی کۆڕی زانیاری کورد و ئاڵوگۆڕی دیاری چاپکراو لە نێوان ئەو و بنکە ڕۆشنبیرییە دوور و نزیکەکاندا بەشێک لەو کتێبە فارسیانەی بەدیاری بۆی هاتن پرسیاری دەساتیریان یەکالاکردەوە. ئەوساش چونکە کتێبەکان تەنها لە کتێبخانەی کۆڕ چنگ دەکەوتن. هێندێکیشیان بۆ خۆم دەهاتن [زۆربەیان بۆ کۆرمانەوە] و بە دەگمەن نەبێ لەلایەن ڕۆشنبیری کورد نەدەخوێندرانەوە، مەسەلەکە لە تاریکیدا مایەوە. لە یەکەم جاری سەرم بەم باسەدا گرت و بۆم ڕوون بۆوە حەزم کرد بخرێتە سەر خوانی ئەدەبی کوردی، بەڵام باری نالەبار دەرفەتی نەدام تاکوو بەو دواییەیە عوزری پشتگوێ خستنیم بەدەستەوە نەما ئیتر ویستم لە گۆشەیەکەوە ڕووناکایی بۆ بهاوێژم بەڵام ئەوساش بۆ دڵنیایی بوون لەوەی کە بڵاوکردنەوەی باسەکە خۆ پێوە ماندووکردن دەهێنێ لە هەندێ ڕۆشنبیری هێژاوی شارەزا بە سەقافەتی فارسی کلاسیکیم پرسیارکرد، دیاربوو لەناوی دەساتیر بەولاوە شتێکیان لەو بابەتە پێ نەگەییشتوە. بەم جۆرە بۆم دەرکەوت ڕوون کردنەوەی پرسیاری دەساتیر هەرنەبێ سووچێکی سەقافەتی میراتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە تاریکی دەردەهێنێ جگە لەوەی کە نموونەیەکی گرنگیش لە «ساختەکاری ئانقەست بە نیازی ڕەپێش خستنی ئامانجی ڕەچاوکراو» بەبەر هۆش و گۆشی خوێنەرەوە دەگرێ بەوەشدا تەلێکی خاوبوویەوەی هەست و سۆسەکردن لە مەیدانی هەڵفریواندنی فکریدا کشت دەبێتەوە. بەهەمەحاڵ ئاگاداربوون لە هەوڵی جۆراوجۆری دەسخەڵەتدانی خەڵق بەرەو ئامانجی بەرژەوەندی دنیایی، بەتایبەتی لەڕێی ئایینەوە، پێی ناگوترێ ئەرک و کات بەفیڕۆدان چونکە وەک دەزانین ئەم پیتۆڵییەی تێک بەستنی ئایین و بەرژەوەند لە کۆنەوە باوبوە.

ئێستاش بە پێی داخوازی و بۆ لوان هانای دەبرێتە بەر تەنانەت، بەزۆری، ئایدیۆلۆجی ڕامیاریش لەشێوەی ئاییندا باوەش بە بەرژەوەندی دنیاییدا دەگرێ ئنجا پێڕەوەکانی خۆیانی تێدا بەخت دەکەن: هیچ ئامانجێکی دنیایی لە شێوەی مادەی ڕەق و تەق و بێ ئاراییشت و ئاورینگدا ناتوانێ ببێتە عەسای ئەفسوناوی بەدەست ڕابەری دنیایی‌یەوە خەڵقی پێ ڕاپێچ بدات بەرەو لە خۆبووردن. هەر چونکە دەساتیریش لە شێوەی ئایدیۆلۆجیدا شیلە و پیلەی لە مەردەم بزرکاند توانی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شەدایان بکات، دواتریش کە بە بەڵگەی زانستی بێ دەمەتەقە پووچەڵ بوونی بە ئیسپات گەییشت، ڕێز و پایەی لای پارسیەکانی هیند بمێنێتەوە، لەوە هەر بگەڕێ کە زەنەی سەدان وشەی دەساتیر بۆ ناو فەرهەنگ و ئەدەبی فارسی سەری گەیاند بەحاڵ و بارێک کەوا ڕەنگە سوانەوەی لە ئیمکاندا نەمابێ، چ نهێنیەکی سەرسوورێنە وەها دەکات باوەڕی پووچەڵ و جنۆکاوی هێندە بە ئاسانی بتەنێتەوە و بچەسپێت؟ هەتا بیرێکی ڕاست و ڕووناک دەچێتە لانەوە ئێسکی خاوەنەکەی دەبێتە خۆڵ کەچی هەلەق مەلەقی دەجال وگای ژێر زەوی خەست خەست دەنیشێتە ناخی دڵ و گیانی ملێونەهای خوێندەوار و ناخوێندەوار، نە حکومەتیشی بە دواوەیە و نە بەرتیلیشی لێ خەرج دەکرێ، سەیر لەوەدایە کە دەبینین بابەتی زانستیش ئەگەر هیچ لایەنی تێدابێ سەر بە عاتیفەوە بنێ ئەویان جەزبە بەخەڵق دەگرێ. ئەم دەساتیرەیش لە بابەتی هەلەق مەلەقی ڕێز لێگیراوی بێ بەرتیل و بێ دەسەڵاتە.

لە کتێبی «فەرهەنگ ایران باستان» (فەرهەنگی ئیرانی کۆن) لە بڵاوکراوەکانی دانشگای تەهران، ساڵی 2535 ی شاهەنشاهی، نووسینی پوور داوود ئەم باسەی دەساتیر هەر لە لاپەڕە 17 تا کۆتایی لاپەڕە 51 ی لێگرتۆتەوە. داوتریش لە پاشکۆی کتێبەکە شەش لاپەڕەی دیکە، لە 329 ڕا تا کۆتایی 334، بە پشکنینەوەی نوێ پردەکاتەوە بۆ سەپاندنی باوەڕێکی یەکجارەکی خۆی لە بارەی سەرچاوەی لێهەڵقوڵینی دەساتیرەوە.

لەسەرەتاکانی نووسینەکەیدا باسی تەجرەبەی خۆی لە مەیدانی عیشقی زمان و داستانی کۆنی پارس دەکات کە چۆن مەجزووبانە ڕێگوزەری سەری بە «دساتیر» ەوە نا... و هەوەڵ جار

چ پایەپەکی لە دڵ و ویژدانی دا هەبوە و دواتر مرۆی لە خۆی باخەبەرتر چاویان باداوەتەوە سەر ساختەکانی و وردە وردە ئەویش ڕاستی مەسەلەی دەساتیری بۆ ڕوون بۆتەوە و تێگەییشتوە چ زەرەرێکی لە باوەڕ و لە زمانی پارسی و فارسی داوە...

وەک کە پوور داوود خۆی لە ناوەڕاستی لاپەڕە 25 دا دەڵێ، منیش دەڵێم [اینک ببینیم دساتیر چیست- ئنجا راببینین دەساتیر چییە؟] لێرە بەدواوە قسە لەپوور داوود دەگێرمەوە.

مەلا کاووس لە پارسییەکانی هیند، بەنیازی ڕەواندنەوەی نەسازی و نەگونجانێکی ساڵنامەی یەزدگوردی کە تەفاوتی مانگێک تێیدا سەری نابوو بە پێش و پاش کەوتنی جەژنەکانی ئایینی زەردەشتی، لە ساڵی 1778 ز. بەرانبەر 1192 ک، قەمەری. لەگەڵ کوری خۆی «فیروز- فەیرووز» ناو چوو بۆ ئیران تاکوو لە زەردەشتیەکانی ئێران ئاگادارییەک لەبارەی ساڵنامە پەیدا بکات و ئەو گرفتەی تەفاوتی یەک مانگ لە ساڵنامەی یەزدگوردی چارەسەر بکات، لەشاری ئیسفەهان دەسخەتێکی «دساتیر» کە تاکە نوسخە بوە بە دەستی دەکەوێت لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە بۆ هیند. ئەوسا مەلا فەیروزی کوری مەلا کاووس گەنج بوە، دواتر پاش چەندین ساڵ لە ڕەنج و زەحمەت کە دەساتیر بە چاپ دەگەیەنێ لە دیباچەکەیدا ئەم بەیتە بە مێژووی بڵاوبوونەوەی کتێبەکە دادەنێ:

- بد صدو پنجاه هشت و یکهزار
- سال کین گنج نهان شد آشکار

«ساڵ هەزار و سەدو پەنجاو هەشت بوو کە ئەم گەنجە شرایەوە ئاشکرا بوو، مەبەست لە ساڵی 1158 مێژووی یەزدگوردییە کە دەکەوێتە بەرانبەر ساڵی 1818 ی زایینی. نوسخەی ئەو دەسخەتە کە بە فارسی نووسراوە تا ئیستاش لە کتێبخانەیەکی بۆمبای کە بەناوی مەلا فەیرۆز ناونراوە هەرماوە. ئەو نوسخەیە بەخەتێکی جوان نووسراوە، لە ژێر ڕستەکانی دەقی کتێبەکە خەتی سوور کێشراوە و تەفسیریشی بە دوادا هاتوە، نە ناوی دانەری و نە ساڵی نووسینی ڕوون نەکراوەتەوە.

مەلا فەیرۆزی پارسی کوری مەلا کاووس بە زمانی فارسی شیعری دادەنا و هەڵبەستەکانیشی لە کتێبێکی سێ جلدی بە ناوی «جۆرج نامە» کە مێژووی داگیرکرانی هیند لەلایەن ئینگلیزەوە باس دەکات چاپ کراوە و لای پارسییەکان ناسراوە.

مەلا فەیرۆز لە ساڵی 1830 ز. بەرانبەر 1246 ی ک. دوعا خوازی لە دنیاکرد، تا ئێستاش لای پارسییەکان بە چاکە ناوی دێت، بە پێی نووسینی مەلا فەیرۆز لە دیباچەی دەساتیر، ساڵەهای درێژی بەو کتێبەوە خەریک بوە. مێژوونووسی ئینگلیز سیرجۆن مالکم sir john malcoim نووسەری کتێبی History of Persia «مێژووی فارس» لە چەند نامەیەکدا مەلا فەیرۆزی هان داوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەساتیر. هەرچەند لە مێژووەکەیدا ناوی دەساتیری هێناوە. خۆی کتێبەکەی نەدیتوە بەڵکوو لە زمانی خەڵقەوە قسەی لە بارەوە دەکا. دوایی مەلا فەیرۆز بە یارمەتی ویلیەم ئەرسکین William Erskine دەساتیری هێناوەتە سەر ئینگلیزی و بە دوو جلد بڵاوی کردۆتەوە جلدی یەکەم بریتییە لە دەق و تەفسیر و پێرست لە زمانی دەساتیر. جلدی دوەمیشی وەرگێرانیەتی بۆ ئینگلیزی.

بەر لە تەرجەمەی مەلا فەیرۆز و ئەرسکین کابرایەکی دیکەی ئینگلیز Duncan ناوێک فەرمانفەرمای بۆمبای بوە دەستی داوەتە تەرجەمەی دەساتیر بەڵام بەر لە تەواو کردنی خۆی مردوە. دوای مردنی نە تەرجەمە ناتەواوەکە و نە نووسینی دیکەشی نەدۆزراوەتەوە. ڕەنگە هەندێ کەس گومان بیا کە مەلا فەیرۆز دەساتیری هەڵبەستبێ بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە مەلا فەیرۆز پیاوێکی پاک بوە و ساختەی ئەوتۆیی لێ نەوەشاوەتەوە. بەر لەویش بەسەد ساڵێ هی وەها هەبوون دەساتیریان دیتبێ، کۆنترین سەرچاوەیەکی ناوی دەساتیری هێنابێ کتێبی «شارستان چهارچمن»ە.

نووسەری ئەمەیان [کە بەپێی ناوەکەی دیارە 4 جلدە] «بهرام کوری فرهاد کوری ئەسفەندیاری پارسی» مەشوور بە «فرزانە بهرام»ە گۆیا لە دەوروبەری 1034 ی ک. بەرحەیات بوە. شارستانی چەهار چەمەنیش لە 1223 یەزدگوردی لە بۆمبای چاپ کراوە. بڵاوکەرەوەکەی «سیاوخش کوری اورنزدیار کوری سیاوخش اذری» لە دیباچەدا دەنووسێ کە ئەو فەرزانە بەهرامە لە شاگردانی «حضرت سپهر فضل اذرکیوان کوری اذر گشسپ» بوە کەنەسەبی دەکاتەوە «حضرت وخشور ساسان پێنجەم». لێرەدا دەبێ ساسانی پێنجەم کە بە پێغەمبەر ناسراوە لە بیرنەکەین تاکوو دێینە سەر باسی ئەو لە دەساتیردا. کتێبی شارستان بە ناتەواوی کەوتۆتە دەست ئەو سیاوەخشەی کە بڵاوی کردۆتەوە. لە چەمەنی یەکەم باسی «کیومرت، سیامک، هوشنگ، تهمورس، جمشید، آبتین، فریدون، ایرج، منوچهر، نوذر» هاتوە.

لە چەمەنی دوەم قسە لەبارەی «کیان، کیغباد، سیاوخش، کیخسرو، کی پشین، کی اروند، لهراسب، گشتاسب، زرتشت»ەوە کراوە. سەرانسەری ئەو کتێبە بە ئایەتی قورئان و بە حەدیس و فەلسەفە و تصوف و عیرفان رازاوەتەوە هەر دەڵێی نووسەرەکەی ویستوویەتی لە نێوان ئیسلام و «مزدیسنا- مەزدەیەسنا»دا گونجانێک پەیدا بکات. ڕەنگە مەبەستی دیکەشی هەبووبێت بەڵام من [پووورداوود] بۆی ناچم. بەڵام کتێبەکە خۆی مایەی سەرسورمانە: فەرزانە بەهرام لە لاپەڕە 228 دا دەڵێ «نابێ بەڕواڵەتی نامەی زەرتەشت کە پێویستی بەتەئویل هەیە ڕەفتار بکەین بەڵکوو دەبێ تەئویلی بکەین تاکوو لەگەڵ دەساتیر بگونجێ» لەم ڕستەیەڤو هی دیکەشی وەها پێدەچێ فەرزانە بەهرام دەستێکی لەسەروکاری دەساتیر هەبێ! «محسن فانی» لەکتێبەکەی «دبستان المذاهب»دا کە لەسەرەتای سەدەی دوازدەهەمی کۆچی، نووسیویەتی لەچەند جێگەیەکدا ناوی دەساتیر لە «شارستان چهارچمن»ەوە نەقڵ دەکات. «محمد حسین کوری خلف التبریزی» لە فەرهەنگە ناسراوەکەی خۆی «برهان قاطع»دا سەدان وشەی دەساتیری هێناوە ئەمجا لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا ناوی دەساتیر نابات بەڵکوو سەرچاوەکانی وەک «فرهنگ جهانگیری، مجمع الفرسی سروری، سرمە سلیمانی، صحاح الادویەی حسین الأنصاری» سەرژمار دەکا. لەمەوە گومان نامێنێ کە ئەمانە پێش مەلا فەیرۆز دەساتیریان دیتوە. تەنانەت مەلا فەیرۆز خۆی لە دێباچەی دەساتیردا دەنووسێ کە دەساتیر تا ڕۆژگاری «شامجهان کوری شاە اکبر» لای زانایان ناسراو و ناوداریش بوە دواتر کەوتۆتە پەنهانی. کاتێکی کە مەلا فەیرۆز بەپێی گوتەی خۆی نوسخەی دەساتیری لە ئیسفەهانەوە بۆ هیند هێنا ناوی هیچ نوسخەیەکی دیکەی دەساتیر لە هیند نەبیستراوە.

وەک دەبینین لە هەر جێگەیەک ناوی دەساتیر هاتبێ و وشەیەک لەوەوە یادکرابێ وەیا قسەیەک لە ناوەڕۆکیەوە کرابێ هەمووی هەر لە نووسینی نوێیە و هیچ یەکێکیش لەو نووسینانە بایەخ و گرنگییەکی نییە. لەوەوە دەردەکەوێ مێژووی دانانی دەساتیر لە 350 ساڵ تێناپەڕێ، واتە ناچێتەوە پێش زەمانی شاعەباسی گەورەی سەفەوی 995-1038. خۆ ئەگەر دەساتیر وەکوو شارستانی چەهار چەمەن و «برهان قاطع» لە هیند نووسرابێ و نووسخەیەکی لەوێوە بۆ ئیران هاتبێ دەبی لە ڕۆژگاری «اکبر شاە هندی» پەیدا بووبێ. بەپێی ناوەڕۆکی دەساتیر پتر هەڵدەگرێ کە لەسەر زەمینی هیند نووسرابی نەک لە ئیران. بووژانەوەی ئایینی لە زەمانی ئەکبەر شاهدا زەمینەیەکی هەمواری بۆ ئایینسازی پێک دەهێنا. ئەکبەر شاهـ خۆی لە ساڵەکانی 963-1014 ی ک. حوکمڕانی کردووە و خوازیاری ئایینێکی نوێ بووە بەناوی «توحید الهی».

دەساتیر کە ئاوێنەی باوەڕی جۆراوجۆر و بەیەکدی دژ و تێک هەڵشێراوە دەبێ بەرهەمی بیروباوەڕە تێکەڵ و پێکەڵەکانی ئەو سەردەمە بێ کەوا دەوەستێتە بەرانبەر ڕۆژگاری شاعەباسی گەورە.

کە دەڵێم نابێ سازدانی دەساتیر لە 350 ساڵ کۆنتربێ لەو ڕووەوەیە کە ئەو تەفسیرەی بەسەر دەقی دەساتیرەوە نووسراوە دەمودووی ئەو زەمانەی هەیە. هەرچەند لە دەساتیردا وەها ڕانوێندراوە گۆیا تەفسیرەکەی هی ساسانی پێنجەم و لە ڕۆژگاری «خسرو پرویز» بۆ دەساتیر نووسراوە، بەڵام دیارە دەبێ ئەو فارسییە ساختە و نادروستە هی سەردەمی

سەفەویەکان بێ، ئەوەندەش نزم و نارێکە دەبێ لە دەرەوەی ئێران نووسرابێ. چەندین پێشگۆیی خراوەتە دەساتیر [وەک کە خەبەری فەتحی ئیسلام بۆ ئێرانی تێدایە] کە دەستی ساختەچییان دەکاتەوە.

لە نامەی ساسانی پێنجەم لە بەندەکانی 18، 19، 24، 25، 31 هاتوە: «دیتت بەدکاری ئێرانییان کە پەروێزیان کوشت، ئەو کەسەی من بەرزم کردەوە ئەوان هاڵیان داشت، وا لە عەرەبان پاداش وەردەگرنەوە. هەڵگرنەوە کوژراوی خۆیان لەسەوزپۆش و ڕەشپۆشان. کە هەزاران ساڵی عەرەب بەسەر دیندا [دینی ئێرانە] تێپەڕی گۆڕانی وەهای بەسەردا دێت بە خاوەنی نیشان بدەی نەیناسێتەوە».

ئەم پێشگۆیی‌یە بەچاکی ئەوە ئاشکرا دەکا کە نووسەری دەساتیر هەزار ساڵ دوای ڕەوی عەرەب ژیاوە کە دەکاتەوە زەمانی سەفەوی. هەروەها بەندی دوایین لە پێشگۆیەکەدا پاتەوپاتی ئەم شیعرەیە کە دەڵێ:

دین نزا ازپی ارایشند
ازپی ارایش و پیرایشند
بکەبیستند بران برگ و ساز
گرتو بە بینی نشناسیش باز

«خەریکن ئارایشتی دینەکەت دەدەن»
«ئارایشتی دەدەن و ڕێکی دەخەن»
«ئەوەندەیان بەرگ و با تێبەستوە»
«گەر بیبینیتەوە نای ناسیتەوە»

ئەو تەرزە پێشبینیانە بەتایبەتی لە نامەی ساسانی یەکەم زۆرە جگە لە عیسا خەبەر لە مانی و مزدەک و حەزرەتی محەمەدیش دەدات.

کەواتە دەساتیر سەرەڕای ئەو هەموو تەقڵەبازییە ڕێی نییە شانازیش بکا بە کۆنینەیی. بۆ ئەوەی گوتە درێژ نەبێتەوە چاو لەو نیشانانە دەپۆشین کە بەڵگەی نوێ بوونی دەساتیر بە دەستەوە دەدەن و یەخەی تەقڵەبازییەکانی دەگرین.

ناوی دەساتیر خۆی وەک ئەو زمانەی پێی نووسراوە و بابەتەکانی تێیدان، ئەویش نادروست و ساختەیە چونکە وشەی «دەساتیر» ڕێژەی «منتهی الجموع»ی عەرەبییە و لە «دستور»ی فارسییەوە هاتوە. فەرهەنگی «انجمن ارای ناصری» بەخۆڕایی هەوڵی داوە بۆ پەیدا کردنی ڕیشەیەکی دیکە بۆ «دەساتیر».

بە گۆتەی دەساتیر شازدە پێغەمبەر، کە بەتەعبیری دەساتیر پێیان دەڵێ «فرجیشور» گەییشتونەتە پلەی وەرگرتنی قسەی ئاسمانی ئەمانە پێغەمبەرەکانن: 1- مهاباد 2- جی افرام 3- شای کلیو 4- یاسان 5- گلشاه 6- سیامک 7- هوشنگ 8- تهمورس 9- جمشید 10- فریدون 11- منوچهر 12- کیخسرو 13- زدتشت 14- سکندر 15- ساسانی یەکەم 16- ساسانی پێنجەم [بەڕێنووسی ناو کتێبەکە ناوەکانم نووسی].

دەساتیر بریتییە لەو نامە ئاسمانییەی کە بۆ پێغەمبەرانی هەناردوون. نامەی «هۆشەنگ» ناوی «جادوان خرد» بوە. نامەی «تهورس» ناوی «برین فرهنگ» هی «جمشید» ناوی «فرازین اروند». هی «فریدون» ناوی «هنرستان» هی «منوچهر» ناوی «دانشیار» هی «کیخسرو» ناوی «سروش کردار». خانەدانی یەکەم پێغەمبەر کە پێی گوتراوە «آبادیان» لەماوەی یەک سەد «زاد»دا خوسرەوییان کردوە. بابزانین «زاد» دەکاتە چەند ساڵ.

له ده‌ساتیردا هه‌ر «زاد»ێک هه‌زار «واد» ساڵه‌. واد سێ هه‌زار «جاد» ساڵه‌. یه‌ک جاد هه‌زار «مه‌ره‌د» ساڵه‌. یه‌ک مه‌رده هه‌زار «وه‌ره‌د» ساڵه‌. یه‌ک وه‌ره‌د هه‌زار «فه‌ره‌د» ساڵه‌. هه‌ر فه‌ره‌دێک یه‌ک ملیۆن ساڵه‌. ملیارێک ساڵ پێی ده‌گوترێ «اسپار». ده‌ملیۆن ساڵ «سحار»ێکه‌. سه‌د هه‌زار ساڵ «سلام»ێکه‌. به‌و پێیه‌ یه‌ک زاد ساڵ ده‌بێته‌ ئه‌م ژماره‌یه‌:

3 000 000 000 000 000 000 [له‌ نووسینی پوور داوود له‌ جیاتی 3 ژماره‌ی 2 نوسراوه‌ به‌ڵام هه‌ڵه‌یه‌ چونكه‌ ژماره‌ 3 له‌و حیسابانه‌دا هه‌یه‌ نه‌ک 2] ئنجا بۆ خۆتان بزانن یه‌ک سه‌د زاد كه‌ درێژی فه‌رمانڕه‌وایی خانه‌دانی ئابادیانه‌ چه‌ند ساڵ ده‌گرێته‌وه‌ [سێ سه‌د هه‌زار ملێون ملێون ملێون]. دوایین پادشای ئه‌م خانه‌دانه‌ كه‌ ناوی «ابادازاد» بوه‌ خه‌سته‌ و دلماو بوه‌ كه‌ ئیتر نه‌یتوانیوه‌ مه‌ردم له‌ كه‌چ ڕه‌فتاری بگێرێته‌وه‌ به‌ناچاری له‌ جیهان زوێر بوه‌ و له‌به‌رچاوان بزربوه‌. جیهان له‌وه‌دا پڕ بووه‌ له‌ ئاژاوه‌. چه‌ندین كه‌سی مێرخاس داوایان له‌ «افرام» كوری ئاباد ئازاد كردوه‌ كه‌ له‌سه‌ر ته‌ختی باوكی دابنیشێ. له‌وده‌مه‌دا فه‌رمانی ئاسمانیشی پێ گه‌ییشت و بوو به‌ هه‌ڵبژارده‌ بۆ سه‌روه‌ری و ڕێنمایی خه‌ڵقی ئه‌م دنیایه‌. كه‌ نۆره‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تی و خوسره‌وایه‌تی به‌ ئه‌فرام گه‌ییشت له‌قه‌بی «جی» بۆخۆی هه‌ڵبژارد. له‌وه‌ به‌دواوه‌ جێنشینه‌كانی ئه‌و هه‌موویان به‌ «جی» ناو ده‌بران. خانه‌دانی «جیان» یه‌ک «اسپار» ساڵ كه‌ ده‌كاته‌ یه‌ک ملیار ساڵ فه‌رمانڕه‌وابوون. داویین مه‌زنی ئه‌م خانه‌دانه‌ش «جی الاد» وه‌كوو «اباد ازاد» له‌ كرداری نابه‌جێی مه‌ردم وه‌ته‌نگ هات و ڕووی له‌ دنیا وه‌رگێرا. ئه‌وسا دیسان ئاژاوه‌ ته‌نییه‌وه‌ تاكوو كوری ئه‌و «كلیو» به‌ داخواستی مه‌ردم و فه‌رمانی ئاسمان له‌ شوێنی باوكی دانیشت و له‌ قه‌بی «شای» بۆ خۆی هه‌ڵبژارد. خانه‌دانی ئه‌میان به‌ «شاییان» ناوبران. ئه‌م خانه‌دانه‌ یه‌ک خانه‌دانه‌ یه‌ک «سمار» ساڵ كه‌ ده‌كاته‌ ده‌ملێون ساڵ فه‌رمانڕه‌وابوو. دوایین مه‌زنیان «شای مهیول» له‌ كرداری ناڕه‌وای خه‌ڵق په‌ككه‌وته‌ بوو ئه‌ویش وه‌ک «اباد ازاد وجی الاد» له‌ گه‌وره‌یی كنارگیر بوو له‌به‌ر چاوان ون بوو. دیسان ئاگری ئاژاوه‌ زمانه‌ی كێشا تاكوو مه‌ردم به‌ فه‌رمانی ئاسمان «یاسان» كوری «شای مهیول»یان به‌ گه‌وره‌ و ڕابه‌ر و پێغه‌مبه‌ر هه‌ڵبژارد. خانه‌دانی یاسان پێی ده‌گوترێ «یاسانیان» جوده‌تی ئه‌مانه‌ نه‌وه‌دونۆ «سلام» ساڵ بووه‌. گوتمان هه‌ر «سلام» ێک سه‌د هه‌زار ساڵه‌. دوایین پادشای ئه‌م خانه‌دانه‌ كه‌ ناوی «یاسان اجام» بوه‌. ئه‌ویش له‌ پاشایی و له‌ ژیان كنارگیر بوه‌. ئاژاوه‌ دنیای داگرت، مه‌ردم وه‌كوو دێوان كه‌وتنه‌ گیانی یه‌كدی تا ئه‌وه‌ی ناوی ئاده‌میزادییان پێ ڕه‌وا نه‌دیتراوه‌. دنیا ڕووی له‌ كاولی كرد. وه‌هابوو تاكو خودای گه‌وره‌ «گلشان»ی كوری «یاسان اجام»ی به‌ پێغه‌مبه‌ری و فه‌رمانگوزاری خسته‌كار.

له‌ مێژو و داستان و نووسینه‌ دینییه‌كانی ئێران كه‌سمان چه‌نگ ناكه‌وێ به‌ناوی «مهاباد و جی افرام و شای كلیو و یاسان». ئه‌مانه‌ فه‌رمانڕه‌وای ده‌سكردی ناو ده‌ساتیرن.

به‌ڵام دوازده‌ پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی دیكه‌ كه‌ له‌ ده‌قی ده‌ساتیر به‌ناوێک و له‌ ته‌فسیره‌كه‌یشی به‌ ناوێكی دیكه‌ نووسراون به‌م جۆره‌ن.

1-فرزینسار گلشاه یاخود كیومرث
2- سیامر سیامک
3- هورشار هوشنگ
4- تخمورد تهمورس
5- جرمشار جمشید
6- پرسیدوم فریدون
7- میرزاد منوچهر
8- سكلاسرو كوری سیاوخش كیخسرو كوری سیاوش یاخود هیرتاووش
9- هرتوش یاخود هرتوشاد كوری هرسفتمار زرتشت اسفنتمان
10- سیمكندش سكندر
11- خرمین سرسار یه‌كه‌م ساسان
12- پندم اردیناس پێنجه‌م ساسان

بێ ئەوەی بڵێم دیارە ئەم ناوانە نووسەری دەساتیر هەڵی بەستوون، هیچ یەکێک لەوان ئەو ناوەیان نەبوە کە دەساتیر بۆی داناون. لە ئاڤێستادا کە کۆنترین سەنەدی نووسراوی ئێرانییان حیساب دەکرێ تا دەگاتە «زرتشت» بەم جۆرە ناویان هاتوە:

- Gaya- maretan کیومرث
- Syamaka سیامک
- Haoshangha هوشنگ
- Takhmo- urupa تهمورث
- Yima- khashaata جمشید
- Thrbelana فریدون
- Manush- Ichithi ra منوچهر
- Haosra vanyhu خسرو
- Syavat shan سیاوش
- Zarathushtra زرتشت
- ناوی خانەدانی زەرتەشتیش spitama سپیتمان.

لە ئاڤێستادا «کیومرث» لە جێی ئادەمی سامیەکان یەکەم مرۆڤە. لە دەساتیردا «مهاباد» یەکەم مرۆڤە. ئەوانی دیکە هەموویان بەجگە لە زەرتەشت لە ئاڤێستا و لە داستاناندا لە چاکان و گەورە پیاوان و ناودارانن، چونکە داستانی پیشدادییان موشتەرەکە لە نێوان ئێرانییان و هیندییان هەندێک لەوانە ناویان لە نامەی دینی برەهەنان «ڤیدە veda»دا هاتوە. بەڵام لە هیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ ناوەکانی دەساتیر یەک ناگرنەوە. واتای ئەو ناوانەی لە لیستەی سەرەوەدا ژماردمانن بۆ ئێمە ئاشکرایە، گومانیش لەوەدا نییە کە لە سەرچاوەی ئاڤێستا و نووسینەکانی پەهلەوییەوە بە دروستی پێمان گەیشتوون، ئەو گۆڕانەی لە فارسیشدا بەسەریاندا هاتوە بەپێی دەستوور و قاعیدە بووە.

ئەمما یەکەم ساسان و پێنجەم ساسان کە لە دەساتیردا بە پازدەمین و شازدەمین پێغەمبەر ژمێرراون و گۆیا یەکێکیان لە باپیرانی ئەردەشیری پاپەکان و ئەوی دیکەشیان لە ڕۆژگاری خوسرەوی پەرویز لە «مرو» پێغەمبەر بوە. وەک دەزانین لە مێژوودا ساسان باپیر وەیا یەکێک پێشینانی ئەردەشیری پاپەکانە کە لە ساڵی 224 ی ز. خانەدانی شاهەنشاهی ساسانیانی بنیاد ناوە. لە گۆشە و سووچەکانی مێژوودا تووشی چەند کەسێک دێین ناویان ساسان بوە بەڵام لە هیچ جێگەیەکدا ناونیشانی پێغەمبەر ساسانی یەکەم و پێغەمبەر ساسانی پێنجەم نییە. وەک دیتمان لە دەساتیردا ئەسکەندەر دوای زەرتەشت چواردەمین پێغەمبەری شێران بوە. لە دەساتیردا ئەسکەندەر ناوی هاتوە بە «سمکندش کوری نشاب واتە دارا». ئەم پێغەمبەرە هەمان مەلعوونە کە لە 330 ساڵ پێش عیسادا ئێرانی لە خاک و خوون کێشا، دڵ ڕەقی و بێدادی ئەو لە عەرەبەکان [لە نووسینی خۆمدا گوتوومە نووسەرانی فاسی سەر بە قەومایەتی ئیسلام و جەنگیز وەکوو یەکدی حیساب دەکەن. م. محەمەد] و تەیموور کەمتر نەبوە. ئەسکەندەر لە هەموو نامە ئایینیەکانی پەهلەوی بە «گجستک- گوجەستەک» واتە پیس و ناپاک و وێرانکەری ئایین ناوی هاتوە و لە کۆنەوە بەلای ئێرانیان مەعلوومە ئەو ئاڤێستای سووتاندوە. گومان نییە لەوەدا کە لەئاکامی داگیرکرانی ئێران لەلایەن ئەسکەندر و جێنشێنەکانی «سلوکیەکان» بەشێکی نامەی ئایینی ئێرانییان لەناوچوو. تەنانەت کاتەکان و سروودەکانی زەرتەشتیش هەر لەو ڕۆژگارانەدا نابوود بوون و تەنها چەند پارچەیەکیان بە ئێمە گەییشتووە.

ڕاستە ئەسکەندەر لە داستانەکانی ئێمە، وەک شانامەی فیردەوسی و ئەسکەندەر نامەی «نظامی» و مێژووی «طبری» و هی دیکەش، ناوی بە چاکە هاتووە بەڵام دەبێ بزانین نزیکی هەشت سەدە دوای ئەسکەندەر کتێبێکی کە یۆنانیەکان لە بارەی ئەسکەندەریانەوە نووسی و بە ناوی «کالیستینس kailisthenes» بڵاوبۆوە بریتییە لە داستان و ئەفسانە، بەپێی دڵخوازی خۆیان لەو کتێبەدا ئەسکەندەریان باس کردووە، ئەو کالیستینسەی کتێبەکەیان لە ناوی ئەو

بەستووە یەکێک بوە لە نووسەرە ناودارەکانی یۆنان کە لەکاتی لەشکرکەشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک مێژوونووسی یۆنانی بەگەڵ لەشکرەکە کەوتبوون. لەمەدا وەک کە دوترا سوڵتان مەحموودی غەزنەیی لەڕەوی بۆ سەر هیند دەستەیەک نووسەری لەگەڵدابوون تاکوو بە نووسین پێیدا هەڵبڵێن، ئەسکەندەریش ژمارەیەکی لە نووسەران بەگەل خۆی دابوو تاکوو مەدحی بکەن و تام و شامێک بخەنە داگیرکردنەکانیەوە باسی پاڵەوانەتیی بکەن بەڵام کالیستینس نەیویست خراپەکانی ئەسکەندەر بە چاکە لە قەڵەم بدات و پلەی ئەسکەندەر بگەیەنێتە پایەی خوایەکانی یۆنان. ئەمە بووە هۆی ناڕەزامەندیی ئەسکەندەر لە کالیستینس تا بە گوناهێکی تاوانبار کرد و خستییە زیندانەوە و تێیدا مرد. ئەوەی کالیستینس لە ژیانی خۆیدا بە ڕەوای نەزانی دوای هەشت سەد ساڵ لە مەرگی کەسانی دیکە هاتن پەسەندیان کرد و هەر بەناوی ئەوە و قاتڵەکەیان، کە ئەسکەندەرە وەکوو پەروەردگار هەڵداوە. ئەفسانەی ئەسکەندەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە زمانی لاتینی و ئەرمەنی و عیبری و عەرەبی تەرجەمەکرا. هەرچی لە ئەدەبیات و داستان و مێژووی فارس لە بارەی دوژمنە کۆنەکەی، ئەسکەندەرەوە، یادکرابێ هەمووی لەسەرچاوەی یۆنانی و هەمان کتێبی ساختەوە هاتووە، بێگومان کتێبی «خدای نامک»ی پەهلەوی کە کانیاوی لێوەهەڵێنجانی شانامەیە هیچ باسێکی ئەوتۆیی لە بارەی ئەسکەندەرەوە تێدا نەبووە. بە پێغەمبەر زانینی «گجستک ئەسکندر» لە دەساتیردا باشترین بەڵگەیە کە ئایینی دەساتیری هیچ سازانێکی نییە نە لەگەڵ دینی زەردەشت و نە لەگەڵ مێژوو.

دەساتیر بەچاولێکەری لە ئاڤێستا خاوەنی مەتن و تەفسیرە. مەتنەکەی بە 16 بەش دابەش کراوە و هەر بەشێکیشی بە پێغەمبەرێکەوە بەستراوە هەر یەکێک لەو 16 نامانە خاوەنی چەند بەندێکە. بە نموونە، نامەی ئاباد 170 بەندە، هی «جی افرام» 88، هی «شای ملیو» 80، هی «یاسان» 12 هەروەهاش نامەکانی دیکە درێژترینیان نامەی زەرتەشتە بە 164 بەندەوە کە هیچ یەکێکیان وێچوونی نییە لەگەڵ گوتەکانی زەرتەشت لە کاتەکاندا. تەنها پێنج سروود لە گوتەکانی زەرتەشت لە گەزەندی ئەهرەمەنی ڕۆژگاری ئەسکەندەر ڕزگار بوە بەئێمە گەییشتووە. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ شتێک لەو سروودانەدا جێی بەراورد کردن نییە لەگەڵ ناوەڕۆکە ساختەکەی دەساتیر، سەرتاپای زمانی ئەو سروودانە و هی هەموو ئاڤێستاش لە هیچ ڕوویەکەوە خزمایەتی لەگەڵ زمانە هەڵبەستراوەکەی دەساتیر نییە.

هەر یەکێک لەو 16 نامانەی دەساتیر بە مەدحی خودا دەست پێ دەکا و لە ئەنجامدا موژدەی پەیدابوونی پێغەمبەرێکی دیکە ڕادەگەیەنێ. لە کۆتایی ناوی «منوچهر» خودا پێی دەڵێ: لە دوای تۆ پێغەمبەرێک دێت ناوی «کیخسرو»ە، لە ئەنجامی نامەی زەرتەشت خودا دەڵێ:

«ئەی وەخشوور زەرتەشت، دوای تۆ ئەسکەندەر «چمر» دەبێ. دواتر یەکەم ساسان بە پێغەمبەری دێت. نامەی تۆ «همسیراز» تەرجەمەی تەفسیرە.

خراپ نییە چەند ئایەتێک یا بەگۆتەی دەساتیر چەند «چمراس»ێک لە مەتنی دەساتیر بهێنین و بزانین خوای دەساتیری بە چ زمانێک نامەکانی ئاسمانی بۆ «فرجیشوران» واتە وەخشوورانی خۆی [وەخشووران هەر بۆ زەرتەشت بەکارهاتووە] هەناردووە. لە «چمراسەکانی» 28 – 82 نامەی فەرجیشوور «جی افرام» دەفەرموێ: «گرودفرتاش- جمشان- جمساس- چمساش- خمساشان خمساش- واسالاس- پاساپاس- راساراس- تاساتاس- کریاس نامود- کرتاس نود- الیاس هود- الماس رود- سناساب- ستاشاب- جاماجاب- نوراتوس- سارانوش- اموال فانوس- اهوالی کاروس- گستهم توش- سمرنوش- جودبروش- اورنگان پوش [دوای چوار دێری دیکە ئەمانە دێن:] هامستنی رامستنی شامستنی زامستنی- شالشتنی شالشتنی شالتنی شالشتنی مزدستنی سزدستبنی و زدستنی ازدستنی شالشتنی شالشتنی- شالشتنی سیدستنی میدستنی جیدستنی هیدستنی شالشتنی- کایستنی کارستبنی شارستنی وارستنی شالشتنی- هیرکستنی ترکستنی سرکستنی فرکستنی شالشتنی [شەش دێری دیکەش لەم هەلەق مەلەقە بەسەر دەچێ ئینجا بە پێنج جاران شالشتنی ئەو ئایەتانە کۆتایی دێت، پێویستم نەدیت هەموویان بنووسمەوە م. محەمەد].

خوێنەران ناچارن دڵیان بیەوێ بزانن «شالشتنی» کە هێندە جارە دەگوترێتەوە چ واتایەکی هەیە، خۆشبەختانە لە زەمانی پەرویزی ساسانی پێغەمبەر ساسانی پێنجەم لە تەفسیری خۆی ئەو وشەیەی لە چاوگی «شالستی» وەرگرتووە بەواتای «دانستن- زانین»: لە تەفسیری «چمراس» 88 و 81 دەفەرموێ «دانستنی دانستنی دانستنی». بەڵێ دەمانزانی دنیا شتی وەهای تێدایە کە «دانستنی-هی زانین» بن، بەڵام هەرگیز نەماندەزانی زمانێک هەبێ لە ماوەی سەدان هەزار ملیۆن ساڵ گۆڕانی بەسەردا نەیەت [دوای چەند دێرێک نموونەی نەگۆڕانەکە دێت، م. محەمەد] کەچی زمانی ئێستاکەی فارسی لەگەڵ پەهلەوی و زمانی پەهلەوی لەگەڵ هەخامەنشی جوداوازییان زۆرە هەموو جوداوازیەکەش لەماوەی یەک هەزار ساڵدا ڕووی داوە چونکە مەعلوومە لە نێوان ئەردەشیری سێیەمی هەخامەنشی «359- 338 پێش عیسا شایەتی کردووە» کە نووسراوی بە فارسی تا ئێستاش ماوە و لە نێوان «حنظلەی بادغیسی» کە چەند شیعری فارسی لێ بەجێ ماوە تەنها هەزارو سەدو ئەوەندە ساڵە تێپەڕیوە و جوداوازییان دیارە، ئەمما زمانی دەساتیر لە ڕۆژگاری مەهابادەوە کە زانیتان پێش چەندین هەزار ملیۆن ساڵ ژیاوە هەتا ڕۆژگاری ساسانی پێنجەم کە هاوچەرخی خوسرەوی پەروێز بووە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە: بەنموونە لە سەرەتای نامەی مەهاباد چمراس 3، دەفەرموێ: «فرشیدشمتای هرشندە هرشنشگر زمرپان فراهیدور». لە سەرەتای نامەی ساسانی پێنجەمیش دەنووسێ: «فرشید شمتای همرشندە هرشنشگر زمرپان فراهیدور».

ئەم زمانەی دەساتیر نە بە زمانی کۆنی ئێرانی وەک فورسی هەخامەنشی و ئاڤێستایی و پەهلەوی و پازەند، نە بە لەهجەکانی کۆنی تەخاری و سەکزی و سوغدی و غەیری ئەوان دەچێ بە [کورتی] خزمایەتی لەگەڵ هیچ زمانی ئادەمیزادی کۆن و نوێدا نییە. ئەم زمانە لەلایەن دروستکەرەکەیەوە پێی گوتراوە زمانی ئاسمانی، چونکە لە هیچ جێگە و هیچ کاتێک و لای هیچ یەکێک لە میللەتانی جیهان زمانی وەها نەبووە هەر دەمێنێتەوە لە چەرخ و فەلەک و ناهید و کەیوان کە لە نهێنیەکانیان ئاگادارنین زمانی وەها بەکار بهێندرێ یاخود دەبێ بڵێین کابرایەکی فێڵباز لەم تۆپە خاکییەی خۆمان زەمانێک گۆشەگیری کردووە و ئەو زمانەی لەلای خۆیەوە هەڵبەستووە. خوداوەند بەم زمانە، چ ئاسمانی بێ چ زەمینی، لەگەڵ شازدە پێغەمبەری بژاردە گفتوگۆی کرد و بۆ ئێمەی بەندەکانی خۆی وەڵامی نارد و دەستووری دانا تاکوو بتوانین [ڕاە ازچاە شازشناسیم- ڕێگە لە زیندان جودا بکەینەوە] و لەسەر ئەنجامدا ڕزگار بین. دەستووری ئاسمانی دەبێ لەلایەن مەردەمەوە تا ڕۆژی ژیانەوە بەکاربێت و ئایینی مەهابادی گەورە لە بیر نەکەن. هەر چونکە ڕزگاری لە هەردوو دنیادا بەند بووە بەپێڕەوی کردن لە دەساتیر خوداوەند فەرمانی دایە دواپین «وخشوپر»ی خۆی کە ساسانی پێنجەمە تاکوو نامەی پێغەمبەران بهێنێتە سەر زمانی دەورانی خۆی.

ساسانی پێنجەمیش وەهای کرد: هات فەرموودەکانی هەر شازدە پێغەمبەر کە نامەی خۆیشی یەکێکە لەو فەرموودانە، تەفسیرکرد و بەپێی پێویست ڕوونی کردنەوە. لەداوی هەر ئایەتێک تەفسیرەکەی دێت بەو جۆرەی کە ئیمڕۆ دەزانین پێغەمبەری پێشینان چیان گوتوە. ئەگەر ئەو تەفسیرە نەبوایە نەمان دەزانی «کایستنی کارستنی هارستنی وارستنی شالشتنی» چ واتایەکی هەیە. بەڵام لە ڕووناکی ئەم تەفسیرەوە دەزانین «جی افرام» بەوەدا دەفەرموێ «گوتەی خودا و نامەی خودا و هەنارەدەی خودا دەبێ بزانرێن». هەڵبەت ئایەتی کورتیلەی ئاسمانی واتای زۆری هەیە بۆیە ساسانی پێنجەم و ئەو پێنج وشەیەی مەتنی دەساتیری بە 176 وشەی دیکە شەرح داوە [لێرە بەدواوە 9 دێڕ لە نووسینەکەی پوور داوود جۆرێکە ئەگەر وەکوو خۆی وەرگێردرێتە سەر کوردی لێ حاڵی بوونی زەحمەتە، من مەفهوومەکەی بە کورتی دەنووسمەوە: ساسانی پێنجەم کە هاوچەرخی خوسرەوی پەروێزە دەبوو ئەو تەفسیرە بە زمانی ئەو سەردەمە بنووسێ. لەو سەردەمەشەوە نموونەیەکی نووسراوی گرانبەها بە ناوی «ماتیکان هزار داتستان» بەجێ ماوە کەچی تەفسیرەکە هیچ وێچوونێکی لەگەڵ ئەو زمانەدا نییە بەڵکو بە زمانی فارسی سەردەمی شاعەباس نووسراوە کە هەزار ساڵ لە ساسانی پێنجەم دواترە دیارە ئەو کەسەی دەساتیری هەڵبەستووە لە سەردەمی شاعەباس بە زمانی سەردەمی شاعەباسی نووسیوە].

زمانی تەفسیری دەساتیر فارسییە ئەمما پارسی نە گەمە! لە هەر جێگەیەکی بەرانبەر وشەی عەرەبی هی فارسی چنگ نەکەوتبێ یەکێکی ساختەی بۆ دروست کردووە. هەر ئەو وشە ساختانەن بە پارسی دروست وەرگیراون و چوونەتە ناو «برهان قاطع و چمن ارای ناصری» لە نامەی «جی افرام» دا دوو بەندی 70- 71 ئەمە دەڵێ: «دوو جۆرە نامە خودایین، یەکیان «مهین نامە- نامەی گەورە» کە لە خەڵقی دوو جیهان دەدوێ، ئەوی دیکەش دەساتیرکە «کهین نامە- نامەی بچووکیش» ی پێ دەگوترێ.

ئەمش نموونەیەکە لەو «کهین نامە»یە کە دەساتیری ئاسمانیە: خودا نۆ ئاسمانی خەڵق کرد. هەر یەکێکیان خاوەن هۆش و گیان و لەشە، لە ئاسماناندا فرشتەی بێ ئەژمار و ئەستێرەی زۆر هەن، هەریەک لەوانیش هۆش و گیان و لەشی هەیە، ئەستێرە گەڕۆکەکانیش خاوەن هۆش و گیان و لەشن. هۆش و گیان و لەشی مانگ ناویان «فرنوش، ورنوش، اردوش»ە، هۆش و گیان و لەشی تیر «عطارد» «وارلاس، فرلاس، ورلاس» یان پێ دەگوترێ، ناوی هۆش و گیان و لەشی ناهید «زهره» «نروان، فروان، زروان»ە، ناوی گیان و هۆش و لەشی ڕۆژ «شادارام، شادایام، تشادارسام»ە. هۆش و گیان و لەشی بەهرام «مریخ» بە «بهمن زاد، فرشاد، رزبادواد» نافرەت بوون. ناوییان هۆش و گیان و لەشی هرمزد یاخود برجیس «مشتری» «نجم داد، نجم اراد، شیداراد»ە. هۆش و گیان و لەشی کەیوان «زحل» «فرنسا، لاتینا، ارمنا» ناویانە.

جیهان وەکوو ئادەمیزادە: ئاسمان پێستی ئەوە، کەیوان سپڵی، بەرجیس جگەری، بەهرام زلاوی، ڕۆژ دڵی، ناهید معیدەی، تیر مێشکی، مانگ سیپەرلاکی، ئەستێرەکان و بورجەکان دەمارەکانی، ئاگردتێ هەوا هەناسەی، ئاو ئارەقەی، خاک تۆزی پێی، بروسکە بزەی لێوی، گرمەی هەور ئاوازی، باران فرمێسکی، کانگەکانی گیاکان و گیانلەبەرەکان کرمی لەشی.

پێستی ئادەمیزاد وەکوو ئاسمانە و حەوت ئەندامەکانی، سەر و سنگ و میعدە و دوو دەست و دوو قاچەکانی، لەجێی حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکانن، خوێن و بەڵغەم و سەفراو سەودای لە جێی چوار «عنصر»ی ئاو و ئاگر و خاک و هەوان، ئەستێرە بێ ئەژمارەکان و حەوت چەرخ لە کاری جیهاندا دەسەڵات و تەئسیریان هەیە پێویستە بۆ ئەوان «سنجرستان» واتە جێگەی پەرستن دروست بکرێت و بە بوت پرازێتەوە.

لە دەساتیردا قسە لەبارەی «تناسخ»ەوە زۆر هاتوە. گیانی هەموو بونەوەر، لە مرۆڤ و گیاندار و ڕوەک و شتی بێ گیان، لە لەشێکەوە بۆ لەشێک گوێزە دەکات. لە نامەی مەهاباددا پێغەمبەر ئاباد لە خودا دەپرسێ بۆچی پاشایان و فەرمانڕەوایان و توانایانیش لە ژیاندا ڕەنج و غەم دەبینن؟ خودا لە وەڵامدا دەڵێ: چونکە ئەوانە لە ژیانی لەشی پێشتریان بەدکار بوون جەزایان لە ژیانی دواتریان دەبیننەوە، بەنەخۆشی و ڕەنجووری لە دایک دەبن وەیا بە دەردی دیکە گرفتار دەبن. گیانداری زەهراوی و دڕندە دەیان گەزن. ئەمانە تۆڵەی کردارەکانی ژیانی پێشینی خۆیانە. هەروەها گیانەوەری دڕندە و مەل و چارپێ هەریەکەیان پاداش وەیا جەزای ژیانی پێشینی خۆیان لە ژیانی دواتریان دەبیننەوە. ئەگەر سووری یەک ژیان بایی سرینەوەی گوناهی پێشووتری نەکرد لە دەورەی ژیانی سێیەم و چوارەم جەزا دەدرێن، ئەوەن دەچن و دەبنەوە تاکوو گوناهی پێشین پاک دەبێتەوە. ئەو کەسانەی بەدکارن لە ژیانێکی دیکەیان دەچنە قاڵبی کانگە «معدن»ەوە. چارپێیەکانی کە لەم جیهانەدا وەکوو ئەسپ و گا و حوشتر و کەر بارکێشن کەسانێک بوون کەوا چوونەتە قاڵبی جانەوەران و لە باربەریدا جەزای ڕەفتاریان دەبیننەوە.

لە دەساتیردا زەحمەت کێشان و وەرزش و خۆشەکاندن زۆر بایەخی پێ دراوە، لە ریازەکێشان و ڕۆژوو گرتن و دوعا کردندا دەشێ گیانی ئادەمی لە کڵێشەی دەرچێت و بۆ تەماشای جیهان پرواتُ و دواتر بێتەوە لەشەکەیەوە کەسێکی گەییشتە ئەم پایەیە چی دیکە گیانی قاڵب گۆڕی ناکات. ئەو تەرزانە دوای مەرگ لە بەهەشتدا نەمر دەبن.

کوشتنی چارپێ و خواردنی گۆشتیان لە دەساتیردا حەرام کراوە. دەبێ مردوویان بەخاک بسپێردرێ یاخود بسووتێندرێ، لەوجۆرە مەبستانەوە کە پێچەوانەی ئایینی ئێرانییانە دیار دەدات

دەساتیر پێوەندی بەهیندەوە هەیە یاخود، وەکوو پێشر گوتمان، لەهیند نووسراوە. جگە لەمە زۆر لە وشەی دەساتیر هیندین کە هاتووە سەروگوێلاکی شکاندوون و شێوەی گۆڕیوون و وشەی نوێی لێ سازداون هەر وەک لەگەڵ زۆر وشەی فارسیشدا ئەمەی کردوە.

نووسەری دەساتیر هەرشتێکی لە دینی برەهمەنی و زەردەشتی و ئیسلام ودینی دیکەی بیستبێ وەیا خوێندبێ دینێکی نوێی لێ پێک هێناوە و بەناوی خودایەک کە پێی دەڵێ «مزدام» و بەیارمەتی 16 پێغەمبەر بانگ هێشتنی خەڵق دەکا بۆ ئەو دینە. لە دەساتیردا دینی برەهمەنی پتر لە دینەکانی دیکە شوێنی دیارە، تصوفیش کە لەسەردەمی ئەکبەر شای هیندی ڕەونەقی هەبوو لەو دینەدا دەردەکەوێتەوە.

ڕەنگە تا ئیستا کەس پێڕەوی ئەو دینەی نەکردبێ هەرچەند لە دەساتیردا نامەی ساسانی یەکەم دەڵێ ئەردەشێری پاپەکان وێرای ئاتەشگەدە بوتخانەی ئەستێرانیشی دروست کردووە. ئیمڕۆکە شتێکی لە دەساتیردا گرنگ بێ زمانەکەیەتی نەک باوەڕەکەی چونکە زەرەرێکی لەوەوە پێمان گەییشتبێ لە زمانە ساختەکەیەوە هاتووە نەک لە دینە ساختەکەیەوە. ئەگەر زیانێکی دیکەی هەبووبێ لە غەیری زماندا بەزەردەشتیانی گەیاندووە کە بێن نامەی وەها ناپاک بەنامەی ئایینی خۆیانی وەربگرن. لێرە بەپێشەوە گوتمان نووسەری «برهان قاطع» سەدان وشەی هێناوە بێ ئەوەی بڵێ ئەو گەوهەرە گران بەهایانەی لەکام گەنجینەی نرخدار هێناون.

بەدبەختانە ئەو فەرهەنگە سەراپا نادروستەی کە لەهیند نووسراوە و کەوتۆتە دەست ئێرانییان بێ ئەوەی وشەکانی هەڵسەنگێنن لە هەڵبەست و پەخشان بەکاریان هێنان. داوی بڵاوکردنەوەی دەساتیر ئەو وشانە وردە وردە پتر کەوتنە کایەوە هەرچەند بڵاوکەرەوەی دەساتیر مەلا فەیرۆز لە دیپاچەیدا نووسیوەنی: «دەبێ بزانرێ زمانی ئەسڵی ئەو «صحایف منزلە» بیرای بیرای خزمایەتی بە زەند و پەهلەوی و فارسی دەرییەوە نییە بەڵکوو لەگەڵ هیچ زمانێکی ناسراوی تایەفە جوداکانی ئەم سەردەمە نیسبەتی نییە.» هێندە هەیە مەلا فەیرۆز نەی گوتوە دەساتیر ساختەکاری مرۆڤێکی تەقڵەباز بێ. لە هەموو جێگەدا بەتام و بۆ ناوی دەبات بەکتێبی پیرۆز و ڕووپەڕەی ئاسمانی دادەنێ تاکوو لە ئێران وەهایان زانی کەوا بەڕاستی دەساتیر لە نووسینەکانی ئێرانی کۆنەوە هاوتای ئاڤێستایە. زمانیشی یادگارێکە لە ڕۆژگاری تێپەڕیو. ئەمەیە دەبینین نووسەرانی سەردەمی «ناصرالدین شاه» بۆ ئەوەی شتێکی نوێ بخەنە بازاڕ دەستیان دایە تاڵان کردنی دەساتیر بەڵام هیچ یەکێکیان لە خۆی نەپرسی ئایا ئەگەر دەساتیر ڕاست و دروستە بۆچی تاکە یەک فەرهەنگی پێش «برهات قاطع» زمانی دەساتیریان یاد نەکردووە؟ بۆچی لە شیعری شاعیرانی پێش خۆیان یەکێک لەو وشانە دەرنەکەوتوو؟ بۆچی لە هەزاران کتێبی هۆنراوە و پەخشان قسەیەک لە بارەی «مهاباد، جی افرام، شای کلیو، یاسان» نەگوتراوە؟ بۆچی دەساتیر خۆی بەر لە چاپ کردنی لەهیچ کوێیەک ناو و نیشانێکی نەبووە؟

«محمد تقی خان» بەنازناوی «حکیم» و نووسەری «گنج دانش» هیچ بە دڵیدا نەهاتووە کە دەساتیر ساختەی بابایەکی تەقڵەباز و نابەکاربێ، بۆیە لە بارەیەوە دەنووسێ: «دەساتیر ناوی کتێبێکی ئاسمانییە کە بۆ «مەاباد»ی یەکەم پێغەمبەریان (مەبەست ئابادیەکانە) هاتۆتە خوار و بە جۆرە زمانێک نووسراوە تێگەییشتنی مومکین نییە و ساسانی پێنجەم وەری گێراوەتە سەر پارسی کۆن و لە «توحید و تجرید و حکمت و طاعت» دەدوێ و بریتییە لە چواردە ڕووپەڕە «صحیفة» کە بۆ چواردە مەزنە پیاو نازڵ بووە و لە بەندەری بۆمبای چاپ کراوەو وەگێڕدراوەتە سەر ئینگلیزی و بۆ ئێرانیان ناردووە و وشەکانیشی لە گەڵدایە [واتە تەرجەمە کراون]. خاوەنی «برهان» دیتوویەتی و هەندێک لە وشەکانی وەرگرتووە [ذکر کردوە] ئێستا بەردەستە و بابەتی هۆشپەسەندی تێدا زۆرە و لای پارسییان گەلێک خۆشەویستە و ڕێزی لێ دەنێن» من خۆم [پوور داوود] سەد وشەی دەساتیرم هەڵبژارد و تەماشای ئەو فەرهەنگانەم کرد کە لە دەستمدان، هیچ کامێکم لەو وشانە تێدا نەدیتن. لەمانە «لغت فرس أسدی» کە لەسەدەی پێنجەمی ک. نووسیویەتی. «فرنگ جهانگیری» کە جمال الدین حسین بەناوی جیهانگیری

پاشای هیند لە 1017 بە ئەنجامی گەیاندووە. «فرهنگ مجمع الفرس سروری» کە محمد قاسم کوری حاجی محمد الکاشی سروری لە زەمانی شا عەباسی گەورەی صفوی کۆی کردۆتەوە. «فرهنگ رشیدی» کە عبدالرشید کوری عبدالغفور الحسینی المدنی التتوی لە ساڵی 1064 لە هیند نووسیوەتی کە لەوەدەمەدا محمد حسین بن خلف التبریزی لە 1062 هەر لە هیند «برهان قاطع»ی نووسیوە.

هەروەها هیچ یەکێک لەو سەد وشەیەم لەو شانامەیەدا کە woltt ڕێکی خستووە نەدۆزیەوە و لەناو ئاڤێستا و پەهلەوی و پازەندیش تووشی تاکێکی نەبووم. بەڵام هەمووم لە «برهان قاطع»دا دۆزیەوە و دیتم هەرگیز ناوی دەساتیریان لە گەڵدا ناهێنێ هەرچەند گومانم نییە لەوەدا کە نووسەری برهان قاطع هەمووی لە دەساتیر هەڵگرتوونەتەوە. نووسەری برهان قاطع دەربەستی دروستی و نادروستی وشە نەبووە هەرچی پەیدای کردووە خستوونیەتە فەرهەنگەکەیەوە، ئەوەندە هێزەشی نەبووە وشەکانی تورکی و عەرەبی و هیندی لەیەکدی جودا بکاتەوە وەیا ئەو وشانەی بنج و ڕەگی فارسییان هەیە لە وشەی ساختە بناسێتەوە.

نووسەری دەساتیر بۆ وشەسازی چەندین شێوازی بەکارهێناوە: بۆ هەندێک وشە مەعنای تازەی داناوە: ئامیغ کە بەواتای «امیزش- تێکەل کردن»ە لە دەساتیردا بۆتە «حەقیقەت- ڕاستی» «امیغی- ڕاستەکی». «یوزە» توولەی ڕاوە بۆتە «تفتیش- پشکنین»... و هی دیکەش. بۆ هەندێ وشەی عەرەبی وشەی فارسی سازداوە وەک: «خانە اباد- خانەی ئاوەدان» بەرانبەر «بیت المعصور- کعبة» و «هرسویە پادشاهان- پاشایانی هەرلایە» لە جێی «ملوک الطوائف» و «کنور- کون وەر» بۆ «فاعل- کارا» و «چشمیدە- چاوێنراو» بۆ «منظور» و «برش دید- پرینی دیتن» بۆ «قطع نظر».... یەک ڕشتەی وشەکانی لە مەفهوومی عەرەبییەوە هاتوە وەک «رویش- ئەوەتی» بۆ «هویة» و «راست پوش- کافر» و «افرازستان «هەورازستان» عالم علوی» و «فسردەشهر- علم سفلی» و «نخستین انداز «یەکەم ئەندازە» بدیهیة» هەندێک لە وشەکانی لە ڕێی پێک گرتن «قیاس»ەوە سازداوە. لە «خورشید»ەوە وشەی «هورشید و ماهشید»ی دروست کردووە. لە زۆر وشەی فارسیدا پیتی یەکەم وەیا دوایی قرتاندووە یاخود پیتێکی بەسەرەوە وەیا کۆتایییەوە ناوە و وشەی دیکەی لێ هەڵبەستوون: «نیوارە» کە تیرۆکی نان کردنە و «وردنە»شی پێ دەڵێن لە دەساتیردا بۆتە «نیور، نیوار» بەڵام بە واتای جۆ. «باستان» بۆتە «باس» بە واتای «کۆنینە» لە بەرانبەر «حادث». وشەی «چم= واتە» پیتێکی «ر»ی پێوە نووساوە و «چمر» بە واتای ئاشکرا و پەیدا. وشەی «همە- هەموو» نیشانەی نەفی «أ»ی چۆتە سەر بۆتە «اهمە- ئەهمە» بە واتای ناتەواو.. هی دیکەش زۆر. بەم شێوازە نووسەری دەساتیر ورێنەکانی خۆی خستۆتە قاڵبی وشە و ڕستەی ئاسانەوە و بەزمانی سەردەمی ساسانییانی لە قەڵەم داوە. بۆ هیچ وشەیەک پەکی نەکەوتووە. جارەها بۆ وشەیەکی عەرەبی چەندیکی داتاشیوە بە نموونە: «هرآینە بود، هرآینە هستی، ناچار باش، باگزیر باش، ناچار هست، گرور فرتاش» هەمووی بە واتای «واجب الوجود» و «شایستەهستی، شایستە بود، ناور فرتاش» لە جێی «ممکن الوجود».

لە دەساتیردا زۆر وشەی هیندیش دەدیترێ وەکوو وشەکانی فارسی سەر و پێ و دەستی شکاوە و واتایەکی دیکەیان پێ دراوە.

[لێرە بەدواوە پوور داوود 16 دێڕ لە وشەی جۆراوجۆری ساختەکراوی دەساتیر دەهێنێتەوە کە لە فارسی و هیندی و عەرەبی و هیچە داتاشراون.. پێویستم نەدیت لە چەند نموونەیەک بەولاوە ڕاگوێزم بۆ ئێرەکانە چونکە کەس پێیان دەوڵەمەند نابێ. م. محەمەد]

| | | |
|---|---|---|
| ▪ | اپرخیدە | صریح و بی رمز |
| ▪ | اوچیز | حقیقت و هامیت |
| ▪ | پارتازی | جزئی |
| ▪ | فراتین | گفت- اسمانی |
| ▪ | روزستان | اهل حرفت |

- نمشته عقیده
- نوله کلام
- نواد زبان
- وندسار نقطة وصط دائرة
- یمینه معده..

گوتمان لە برهان قاطع سەدان لەو وشانە یادکراون و ناوی دەساتیریان لە گەڵدا نەهاتوە. وەک دەشزانین لەم فەرهەنگەدا بۆ هیچ وشەیەک شایەد نەهێنراوەتەوە. لەبەرئەمە ناسینەوەی وشەی ساختە بۆ ئەو کەسانەی مایەیان نییە زۆر زەحمەتە. «رضا قلیخان هیدایت» لە فەرهەنگەکەی خۆی «انجمن ارای ناصری» وەکوو خاوەنی برهان قاطع سەدان وشەی دەساتیری یادکردووە بەڵام هەرچەندە لە ئاست هێندێک وشەدا دەڵێ لە دەساتیر وەیا لە برهان قاطعەوە وەرگیراون، لە زۆر وشەدا نە ناوی دەساتیر نە هی برهان قاطع ناهێنێ. ئەڵبەت بۆ هیچ یەکێک لەو وشە ساختانەش شایەدێکی نییە. رضا قلیخان بەرانبەر وشەی «فرسنداج» دەنووسێ: «بە هەرچی پێرەویکەری پێغەمبەران هەیە دەگوترێ. لە فەرهەنگی دەساتیر وەها نووسراوە. زۆر وشەی کە لە جهانگیری و سروری و رشیدی و برهان پەیدانین لە فەرهەنگی دەساتیر ناوە کۆنەکانی پارسییان بە دەست کەوتووە و نووسراوە..» کاتێک ڕضا قلیخان فەرهەنگی خۆی دەنووسی دەساتیر بەیارمەتی مەلا فەیرۆز بڵاوبووبۆوە. رضا قلیخانیش وەکوو سەدان لە نووسەرە هاوچەرخەکانی خۆی دەساتیری بە نامەی دینی ئێرانی کۆن دەناسی و لە زەمینەی یادکردنی ورێنەکانی پتر لە برهان کەمەری هیممەتی بەستبوو و لە هەندێ جێگەدا هەڵەی برهانی ڕاست کردۆتەوە و هەر لە سەرچاوەی دەساتیری ئاسمانیەوە نرخ و واتای ئەوانەی چەسپ کردوە. زۆر جێی داخە کە برهان قاطع و انجمن ارا لە ئێران سەرنج ڕاکێش بوون بەڵام فەرهەنگی جهانگیری و مجمع الفرس سروری کە باشترین فەرهەنگن بەلاوە نراون. ئەم گوتارە جێی ڕەخنەگرتن لە برهان قاطعی تێدا نابێتەوە، جگە لە دەساتیر وشە نادروستەکانی برهانیش پترن لەوەی لێرەدا بگونجێن.

بێگومان برهان لە مەیدانی ڕەواج دان بە وشەی دەساتیر لە پێشەوە دێت، بەڵام هۆیەکی کە ئەو زمانە و وشانەی بەڕادەی قبوڵ گەیاند مەلا فەیرۆزە چونکە پێدا هەڵگوتنی ئەو لە دەساتیر وەهای کرد کەسانێکی لە زمانە کۆنەکانی ئێران ئاگادار نەبوون متمانە بکەن کە ئەم نامەیە یادگارێکن گرانمایەی ڕۆژگاری تێپەڕیو و میراتێکی پیرۆزی پێشینانە.

وەک دەزانین چەند کەس لە دۆستە زاناکانم خەریکی گردکردنەوەی فەرهەنگی فارسین. ئومێد دەکرێ لە هەر کوێیەک تووشی وشەی دەساتیری بوون، بنووسن کە هی دەساتیرن و ساختەن چونکە ئەگەر ئەمە نەکەن لە دوا ڕۆژدا ئەو وشانە یەخەگیری خەڵق دەبن، ڤوللرس vullers لە فەرهەنگی فارسی و لاتینی خۆیدا کە لە چەندین فەرهەنگەوە پێکی هێناوە لە هەموو شوێنێک کە لە وشەیەکی دەساتیری نیشان دابێ نووسیویەتی هی برهان قاطع و ڕاگوێستەیە لە دەساتیر، بە جۆرێک کە ڕۆژهەڵات ناسانی ئەوروپا لەو گەزەندە دوورن. لە ئەنجامدا دەبێ بەسەرقسەکانمەوە بنێم:

وشەکانی دەساتیر کە دزەی بۆ ناو فارسی کردووە زۆریان لە تەفسیری نامەی ئاسمانی سەر بە «فرجیشور» ساسانی پێنجەمە، ئەو پێغەمبەرەی کە خودا پێی دەفەرموێ: «ودم تبالیس ارجم فرجیشوریک هورانگ زاهد» واتە «وە لە توخمی تۆ هەمیشە پێغەمەرێک دەمێنێ». نامەی ئاسمانیی ساسانی پێنجەم بە «پرتوستان- پرتەوستان» ناودەبرێ.

با ئەوەش بڵێم کە زمانی مەتنی دەساتیر بریتییە لە:

یەکەم: یەک مست لە وشەی وەرگەڕاوی فارسی و عەرەبی و هیندی وەک: چمین= چونین (وەها). ئام= فام (پاشگرە وەک زردفام) زمیر= زمین. چار= چهار (چوار). پندم= پنجم. سنجم= ششم. سفدم= هفتم. دشمیر= دشمن [سێ دێڕی دیکەش لەو جۆرە وشانە. م. محەمەد].

دووەم: لەو وشانەی کە بەهیچ ڕەمڵ و ئوستورلابێک نازاندرێ چین و لە کوێوە هاتوون وەک: جاگفری= بیداری (بەخەبەری). پلیر= نخست (یەکەم). فرداب= پرتو (تیشک). جمساش= نور (ڕوناکی). گاپ= سایە. هیرتاسیام= ئێرانییان، نوراخ= یونان. کلیار= أندوە (غەم). شلیدە= فرزانە (زانا، زیرەک، پاک نژاد...).

نموونەیەک لە کار (فعل): هوزامیدن= پەنابردن. شالندن= زانین. آدن= بوون. کمدن= کردن. انتامانیدن= انجامانیدن (ئەنجام پێ دان). زاهدن= مان. وختن= گوتن و هی دیکەش..

جگە لەوەی کە ئەم چاوگانە بە پێی چاوگی فارسی بە دال و نون [وختن= گفتن بەتێ و نونە] دروست بوون، لەگەردانیشدا وەکوو کاری فارسین. لێرەشدا دیارە کە نووسەری دەساتیر بێنێکی لە زمانە کۆنەکان وەرگرتووە ئەوەندە هۆشەشی نەبووە بۆ ئەم زمانە ساختەیە ڕێزمانێکی ساختەش دابنێ. وەکوو دەزانین چاوگ لە زمانی ئاڤێستا و فورسی هەخامەنشی و لە سانسکریتدا کە بە خوشکی زمانە کۆنەکانی ئێران دەناسرێ وەنەبوو وەک چاوگی پەهلەوی هەر بە «تن» و وەک چاوگی فارسی هەر بە «تن، دن» کۆتایی بێت بەڵکو وەک کۆنە زمانەکانی هیندی- ئەوروپایی و وەک ئیستاکەی زمانی ئینگلیزی دەشیا بەهەر حەرفێک «دەنگێک» کۆتایی بێت.

هەروەها لە زمانی کۆنی ئاڤێستا و فارسی و سانسکریت کار (فعل) وەک کاری فارسی [نوێ] گەردان نەدەکران.

ئنجا فارسی نوێ ئەگەر ڕیشەی بەمەتنی دەساتیریشەوە نەبەسترابێتەوە کە گۆیا بەر لە هەزاران ملێون ساڵ بەسەر «فرجیشوران» دا دابەزیوە، بەڵکوو بەتەفسیرەکەیەوە بەسترابێتەوە کە گۆیا لە زەمانی «خسرو پروێز» بە ئەنجام گەیشتووە، خۆ ئێمە لەبارەی زەمان و زمانی ئەو دەورانە [بایی لێککردنەوەی ڕاستی و درۆ] بەڵەدیمان هەیە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە زمانی دەساتیر خەتی تایبەتیشی نییە و بە ئەلفبێتکەی فارسی ئیستاکە نووسراوە، ئەمەش عاجباتیەکی کتێبەکەیە. نووسەری دەساتیر بێ هیچ دەستوور و قانوون وشە پەککەوتەکانی پەهلەوی هەڵبژاردووە تەفسیری پێ نووسیوە. لە ناواخنی دیارە دەساتیر لە هیند نووسراوە و نووسەریشی ڕەنگە بە ئەسڵی زەردەشتی بووبێ بەڵام لە ئایینی دێرین ڕووی هەڵگێڕاوەتەوە و بە زەردەشت خۆی دەڵێ: «جم دساتیرکانی لەونی= جزدساتیر کاری نکنی. جگە لە دەساتیر کارێک نەکەی.» ئەمەیە دەساتیر، کتێبێکی بەر لە 120 ساڵ لە نامەکانی دینی ئێران حیساب کراوە و زمانیشی بە فارسی پێشکەوتوو وەرگیراوە ئەمما ڕاستییەکەی سووکی کردنێکە بە ئێران و زمانی فارسی.

بەمەدا گوتارەکە تەواو دەبێ. لە ژێریەوە دەنووسێ: «تەماشای ڕووپەڕە 329 ی ئەم کتێبەش بکەن» لەو ڕووپەڕەیەدا سەرەناوی «ملحقات» (پاشکۆکان) چەند کورتە نووسین و تێبینی بەدوا خۆیدا دەهێنێ. یەکەم جار لە شەش ڕووپەڕدا بە باسی دەساتیر دێتەوە، بە درێژی باسی ئەو بەڵگانە دەکات کە دانەری دەساتیر دەبێ ئەو «ادزکیوان»ەبێ کە پێشتر ناوی هات و لە «دبستان المذاهب» ناوی ئەو و موعجیزاتی و ناو و ئاکاری پێرەوەکانی بە زۆری هاتوە کە ئەمەش هەر بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە نووسەری «بستان المذاهب»یش یەکێک لەو گرووپەی بە دوا ئازەر کەیوان کەوتوون و بۆ دەساتیر خەبتاون. پوور داوود لەو پاشکۆیەدا هەڵەیەکی خۆی ڕاست دەکاتەوە کە لە گۆتاری دەساتیردا بۆ ئەوە چوو بوو کە دانەری «دبستان المذاهب» محسن فانی بێت. دەڵێ: لە ڕووپەڕە 28، لە گوتاری دساتیر نووسەری «دبستان المذاهب»م محسن فانی داناوە، ئەمەش هەڵەیەکە کە لە پیاوێکی ئینگلیز «sir w- jones»ەوە بە خەڵقی

گەییشت و دەمێکیشە ڕاست کراوەتەوە بەڵام من بەدرەنگەوە زانیم. لە دبستان المذاهب ناوێکی محسن فانی هاتوە و لە زاری ئەوەوە باسێکی یەک لە شاگردانی ادزکیوان گێڕراوەتەوە ئیتر بەهەڵە لەوەوە محسن فانی بە نووسەری دبستان زانراوە. دانەری دبستان نەناسران بەڵام لە ناوەڕۆکی ڕا دیارە کەمێک پێش ساڵی 1027 ک. لە هیند هاتۆتە دنیا. بەگەنجی چۆتە «اکبر اباد- اگره- aqra» و لە کشمیر و لاهۆری ڕابواردووە و سەفەری بۆ ئێران کردوە و چۆتە مشهد و .. و .. لە نێوان ساڵانی 1064 و 1067 دبستان المذاهبی نووسیوە و لە ساڵی 1081 لە پازدەمین ساڵی حاکمایەتی اورنگ زیب مردووە. وەک خۆی دەڵێ: «خرادو قرشیدو ردوبهمن و خرمند» ی لە patna و «موبذ هوشیار دوم، سروش، خودا جوی» لە کشمیر دیتووە. ئەو کتێبانەی کە نووسەری دبستان ناویان دەبات و ئەو مەبەستانەی لێیانەوە نەقڵ دەکات هەمووی لە نووسینەکانی اذرکیوان و شاگردەکانی ئەون وەک کتێبەکانی: آمیغستان، دساتیر، اخترستان، جشن سدە، سرودمستان، جام کیخسرو، شارستان چهارچمن، زردست افشار، نوش دارو، سکنگبین، بزنگاه ارژنگ مانی و هی تریش. چوار دانە لەو نامانە کە «دساتیرو جام کیخسرو و شارستانی چهارچمن و زەردست افشار»ن هەن و لە هیند چاپ کراون. ناوی نووسەری دبستان لە یاداشتێک بە «موبد شاه، یاخود، ملا موبد» هاتووە [لە پەراوێزدا دەڵێ سەیری ئینسیکلۆپیدی ئیسلام TOMI بکە] .. هتد .. هتد ..

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری «کاروان»، ژمارە 12، مانگی 9ی ساڵی 1983

وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net پاییزی 2009

«...»

---

لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا

له ژمارەی 91 ی ساڵی 1982 ی «ڕۆشنبیری نوێ» دا برای لێهاتوو و دڵسۆزی زمانی کوردی د. ئاورەحمانی حاجی مارف بە گوتار لە ژێر سەرەناوی «پیداچوونەوە...» دا چەند ڕەخنەیەکی لە هەندێ بیروڕای من دەربارەی یەک دوو باریکەڕێی سەربە فۆنەتێک و ڕێنووس کە لە شەقامەڕێی زمانی کوردی دەکەونەوە گرتبوو هێندێکی دیکەشی بەپێی بەڵێنی خۆی هێشتبۆوە بۆ گوتارێکی دیکەی. بەر لەوەی چاوەچاوی گوتارەکەی دیکەی بم وام بەپەسەند زانی هەر لە ئێستاوە دەست بەرم بۆ شی کردنەوە و گرفت ڕەواندنەوەی ئەو خاڵانەی نووسەری بەڕێز بە لای قەناعەتی خۆیدا شکاندبوونیەوە دەشێ ئەو سەرسووکییە و دەست و قەڵەم ڕەهاییەی ئێستاکە لە خۆمیدا شک دەبەم لە ماوەدا ونی بکەم و لایەنی خۆڕوون کردنەوە و بیروڕا دەرپڕینم لێ وەتەنگ بێت. ئەوەی ڕاستی بێت چەندێکی بلێی بە دەست ئەم نووسینەمەوە ناڕاحەتم چونکە مخابنە دوو کەسی وا هێندەی د. ئاورحمان و من لە یەکدی نزیک ڕووبەڕووی یەکدی بن لەو باسانەدا کە دەبوو بە گفتوگۆ و لە یەکدی حاڵی بوون تێیاندا بگەنە ڕایەک کە هەردوو لا لێی ڕازی بن وەیا هەر نەبێ پەراوێزی جودایی بیروڕا لە نێوانیاندا تا ڕادەی لوان و ئیمکان وێک بێتەوە. ڕەنگە هۆی ئەو لێک ترازانەمان ئەوە بێ کە د. ئاورەحمان خوێندنی زمانی لەسەر دەستی پرۆفیسۆر و بەپێی بەرنامە و هەلومەرجی سەلمێندراوەوە تەواو کردبێ منیش لە ڕێگەی لێکدانەوەیەکی خودبەسەرەوە بێ ڕابەر بەرەو ناوتوێژەکانی زمانێکەوە چووبێتم کە هەر بەقەدەر دانەوەی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی لە هۆش و دەروونمدا سەردەری لە دەستوورەکانی بکەم کە لەوێدا د. ئاورەحمانیش وەک من خاوەن پشکە هەرچەندە دەشێ دەستووری دەق گرتووی ناو بەرنامە ڕوپێوێکی ئەو پشکە لە مرۆڤ بۆ بڕیارە یەکجارەکیانی خۆی وەیا، لە بارێکی دیکەدا، بەشێکی ئەو هەڵانەی کە گەشتی بێڕابەر بە مرۆڤی وەکوو منی دەکات بە ڕۆشنایی ئەو دەستوورانە ساغ بکرێتەوە.

لە پێشەکییەکانی گوتارەکەدا یەک دوو خاڵی سەرەتای فۆنەتیکی سەر بە ڕێنووس لەوەوە نەختێک بە هەڵە بەر حساب دەکرێن کە هاتوون بینینی من وەیا غەیری منیان لە بەڵگەکانی داپڕیوە و بە سەهووی ڕووتیان لە قەڵەم داوە وەک کە لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە 12 دەخوێنرێتەوە «... چونکە ئاشکرایە «ن» ی چاوگ هیچ کاتێک دەنگی کۆنستانتی ناکەوێتە پێشەوە. ڕواڵەتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی و نەبوونی وێنەی «أ» تێیدا، بوەتە هۆی ئەوەی هەندێ لە نووسەران هەڵەی تێدا بکەن». ئەم نیشان دانە وەها ڕادەنوێنێ کە ئەوانەی قورس کردنی دەنگی پێش نوونی چاوگ بەبزوێن دانانێن هەستی پێ ناکەن هەر لەبەر ئەوەی کە لە ڕێنووسی کوردیدا نیگار بۆ ئەم قورس کردنە دانەندراوە. بەڵام خواوراستان، لە دواتردا بۆ منی تێ دەهێنێتەوە کە دەڵێن «... هەرچی مامۆستا مەسعوودە بە قورس کردنی دادەنێ».

من لە نووسینی لێرە بە پێشەوەمدا بەولای نوونی چاوگەوە بۆ ڕاستییەکی، ڕۆییشووم کە لە لێکدانەوە و سەرنج ڕاگرتندا دیاردەیەکی دیکەی «چاوگی» م دۆزیەوە لەوەدا کە دیتم ئەو دوو کۆنسنانتەی «د و ت» دەکەونە بەرایی نوونی چاوگ، ئەوانیش بە فەرمانی فۆنەتیکی زمانی کوردی چەند کۆنسناتێکی دیاری کراو دەهێننە پێش خۆیان. هەرچی «د» ە یا دەنگی «ن» یا دەنگی «ر» پێش خۆی دیەخێت وەک: «برژاندن، چاندن، کردن، مردن...» لەوە بەولاوە هیچ کۆنسناتێکی دیکە قبووڵ ناکات. دەنگی «ت» ش هەر بە حوکمی سروشتی دەنگەکان «س، ش، ڕ، ف، و» لە پێشەوە دێن... هۆی دیاردەکەش دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی ئەو گونجان و نەگونجانەی دەنگەکانی کوردی کە چەند جارێک باسم کردوە و ساغم کردۆتەوە کە گونجانی «ن، د - ڕ، د» لەوانەیە ڕێ نادات قورس کردن بخرێتە سەر دوو دەنگی «ن، ڕ» لە بەرای «د»، ڕێش نادا قورسایی بخرێتە سەر «س، ش، ڕ» لە بەرای «ت» دا هەرچی دەنگی «ف» کەمتر لەوان گونجاوە بەڵام ئەویش لە دەنگەکانی دیکە پتر حەز بە «ت» دەکات، واشدەزانم کە بەشێکی کورد ئەم دەنگەی لە بەرایی «ت» ی چاوگدا گۆڕیوە بە «د» هەر لەبەر پتر گونجانی «د» ە کەیە لەگەڵ «ت» دا، نموونەکانی خوارەوە قسەکان ڕوون دەکەنەوە:

- بەستن ، ڕستن
- کوشتن ، مشتن

- گرتن ،
- کەفتن ، خەفتن «کەوتن، خەوتن»...

بەڵام دەبێ بڵێین دەنگی «ن» یش لەگەڵ «ت» گونجاوە کەچی لە پێش «ت» ی چاوگەوە نایەت. کاتی خۆی بۆ ئەوە چووبووم کەوا ڕەنگە زێدە گونجانی «ن» لەگەڵ «د» دا وەهای کردبێ بەتەواوی بۆ خۆی بدزێتەوە. ئەم ڕایەش لە دوو ڕووەوە پتر خۆی لە قەناعەت نزیک دەکاتەوە.

یەکێکیان ئەوەیە کە گونجانی «ن» و «د» وەهای کردوە لە سلێمانی منگە و «غنە» یەک لە نێوانیاندا پەیدابێ کە «د» ە کە بکات بە «گ» و بگوترێ دەربەنگ، مەنگ، ئەفەنگی...

دووەمیان ئەوەیە بەشێکی ئاخێوەری دەوروبەری مەرگە و باشووری ڕانیە هەموو «د»ە کانی پێش نوونی چاوگ دەکەن بە «ت» و دەڵێن: کرتن، مرتن، برتن - لەبری کردن، مردن، بردن. کەچی «د» ی پاش «ن» وەک خۆی دەهێڵێتەوە، دەڵێن چاندن، ستاندن...

تا ساڵی 1957یش ئەم دیاردەیە هی نەدیتن نەبوون، لەوە بەولاوە بەهۆی پەیدابوونی گۆمی بناوانی «دوکان» و ژێر ئاوبوونی بەشێکی زۆری ئاوایی ئەو ناوچەیە خەڵقەکە بڵاوەیان لێ کرد و لە نیشتەجێبوونی داوتردا تێکەڵ بە ئاخێوەری جۆر جۆری زارەکانی کوردی بوون، منش لەو ساڵەوە پێوەندی هاتوچۆم بەو ناوەوە کەم بۆوە کە ئیتر نەتوانم گوێ بیستی ئاخاوتنیان بم، بای ئەوەی بیروڕای لێ هەڵێنجرێ...

دواتریش گوتارەکەی لەبەرەو کۆتای ستوونی سێیەمی لاپەڕە 13 و ستوونی یەکەم و دووەمی لاپەرە 14 دا کە نەختێک دەوری «دەنگ، پیت، فۆنیم» هەڵدێت یارمەتی ئەو خوێندەوارانە دەدات کە بە تەواوی لە باسی فۆنۆلۆجی و ڕێنووس نابەڵەدن بەڵام کە دەڵێ «فۆنیم... بە تەنها خۆی خاوەنی مانا و واتا نییە» لێرەدا ڕوون کردنەوەیەک هەڵدەگرێ:

فۆنیم، دەنگی لغوی- ئەلفوبێ، لە ناوتوێژی وشەدا بەتەنها واتا نابەخشێت وەک ئەوەی سێ دەنگی «د، ا ، ر» لە وشەی «دار» دا هیچیان خۆی لەخۆی دا واتای نییە بەڵام کە پریارمان دا دەنگی «م» وەیا «ت» وەیا «ی» فۆنیمە چارمان ناچارە دەبێ بڵێین لە «برات» دا ئەم «ت» ە واتای هەیە چونکە ڕاناوە و دەلالەتی «تۆ» دەبەخشێت. لە «برام» دا دەنگی «م» یش کە فۆنیمە واتای «من» دەبەخشێت... «برای»...

نەختیکی دیکەش ماوە لە بارەی واتاداری و نەداری فۆنیمەوە بدوێین: زمانزانانی عەرەبی بەر لە 1000 ساڵ پتر، لە «فقه اللغة» بۆ ئەوە چوون کە هەر فۆنیمە «لە تەعبیری ئەواندا "حرف"» لە وشەدا دەلالەتێکی هەیە، ئەم باسەش لە ژێر سەرەناوی «الأشتقاق الكبار» لێی کۆڵراوەتەوە، یا هەر نەبێ من لە ژێر ئەم سەرەناوەدا خوێندومەتەوە. لەم مەیدانەدا «ابن جنی» و «ابو علی الفارسی» بەتایبەتی یەکەمیان، کە وابزانم قوتابی دووەمیشیان بوە، دەستی باڵای هەبووە... بەهەمە حاڵ ئەوانیش ناڵێن هەر حەرفە مەعنای مەفهوومی هەیە، تەنها ئەوەندە دەڵێن کە هێمای بەرەو ڕاگەیاندنی واتا هەیە... لێرەدا ئەگەر سەرڕەوی و درشتیەک لە نووسیەکەمدا هەبێت بە بەخشینی خوێنەری دەدەمەوە چونکە دەمێکە ئەو باسانەم بەسەردا تێپەریوە ڕێشم نییە بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەکانیان، گوتنیشیان بێ زەرەرە، مەگەر کەم و کەسرییەکی تێیاندا هەبێت لەسەر من حیساب بکرێ و بەزەرەری خۆم تەواو بێت.

بەر لەوەی بێمە سەر خۆڕوون کردنەوە لەبارەی ئەو نوختە نیگایانەی تێیاندا یەکدی ناگرینەوە، تێبینیەکی گشتی هەیە چاکە بگوترێ:

ئێمە، نووسەرانی کورد، بەزۆری «Phonology - فۆنۆلۆجی و Phonetic -فۆنەتیک» تێکەڵ دەکەین و باسی ناو یەکێکیان بۆ ئەوی دیکەیان ڕادەگوێزین، بەلای منەوە هەرچەند وا باشە باسەکانی یەک بابەت لەو بابەتەدا لێی بکۆڵرێتەوە، وەیا هەر نەبێ کە پەڕیەوە بۆ ناو بابەتێکی دیکە ئەنگوستێکی بۆ ڕابکێشرێ، دیسانەوە بە مەرجێکی هەڵە و بەهەڵە بردن لە بەیندا نەبێ کەس لەو ڕاگوێستنە و تێکەڵ کردنە زەرەر ناکات.

من هیچ ڕەخنەیەکم نییە لەوەدا لە ناوتوێژی «جێوگرافی» دا ڕاستییەکی گرنگی «دێمۆگرافی» بخوێنمەوە. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوە لە سروشتی دەنگی هەمزە خۆی لە خۆیدا سەربە فۆنۆلۆجییە، بەڵام دۆزینەوەی دەوری هەمزە لە ئاخاوتنی کوردیدا سەربە فۆنەتیکی کوردییە، کەچی هیچ بەرهەڵستیم نییە لەوەدا کە نووسەرێک بێت و لە دەمی دەرخستنی سروشتی دەنگەکەدا بابداتەوە سەر هەمزەی کوردی و ڕایەکی ڕابەری تێدا دەربڕێت. ئیمە هەرچەند کە دەبێ ڕێکوپێکی بەرنامەی زانستی لە توێژینەوەدا ڕەچاوی بکەین، نابێ وەتەنگ بێین لەوەی کە سەرەتاییمان لەو تەرزە باسانەدا سنووری دوو دراوسێی هێندە بپسنووری وەک فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکمان پێ ببەزێنێ. ئەوەی ڕاستی بێت فۆنۆلۆجی لەوەدا بایەخ پەیدا دەکات کەببێتە چرای مەڵبەندی فۆنەتیک، دەنا بۆ خۆی بە تەنها و دوور لە فۆنەتیکی زمان و ئاخاوتنی سەرزاران لەوە تێپەڕ ناکات کە ئارایشتی نەزۆکی ڕۆشنبیری بێت بەتایبەتی لە ئاست زمانی کوردیدا کە پێویستە بە ناوکێڵ کردنی ڕیزی وشەکانی و لەراندنەوەی دوای تەعبیرەکانی هەیە نەک بە تێوەرامانی لە بەرزایی زمانناسییەوە بە دووربینی فۆنۆلۆجی... لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ ئەو بەرزایی و ئەو دووربینەدا...

بەتەما نیم لەم گوتارەدا وردورد شوێن هەنگاوی نووسینەکەی د. ئاورەحمان هەڵگرمەوە و پێبەپێ ڕەخنە و بیروڕاکانی جوابەجێیی لەگەڵدا بکەم چونکە ئەم کارە لە ڕادەبەدەر درێژ خایێنە. لە تێکڕای نووسینەکەیەوە چەند خاڵێکی بنجی دەکەمە ڕوانگەی سەرەتاتکە بەم لاوئەولای باسەکاندا، لەوەشدا بە ناچاری لێکدانەوەی ئەوتۆ دەخەمەوە بەر سەرنجی خوێنەر کە لە نووسینی دیکەمدا پێیاندا تیپەڕیوەتم، بەڵام بە دەم کوتانەوەی کۆنە خەرمانی وشەکارییەوە گوڵ و دانەی نەکوتراو و دێتراویش ڕەگەڵ پێ گێرەی ئەمجارەیان دەکەوێت...

خاڵی یەکەم ئەوەیە لە بارەی «کسرة مختلسة» وە بگوترێ، ئەو کەسرەیەی فۆنۆلۆجێستەکان بە بزوێنی دادەنێن ومنش بە قورس کردن:

ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتندا شتێک نییە هەستی سەرنجدەری بەسەردا بکێشیت و تێی هەڵ نەئەنگوێت، تەنانەت هێند زەق و بە پۆزە زمانزانانی عەرەب بەر لە 1000 ساڵ پتر ناوی «کسرة مختلسة» یان لێ ناوە، بە پێتوڵیش لە بارەیەوە دواون هەر بە پێی سروشتی زمانەکەشیان لە نووسیندا نیگاریان بۆ دانەناوە وەک کە بۆ کورتە بزوێنەکانیان داناوە چونکە ئەم «کسرة» یە لە عەرەبیدا تەنها لە دەنگی پێش دەنگی کۆتای وشەدا دەردەکەوێ کە هاتیت و بێ «اعراب» وەستاندت، وشەی عەرەبیش لە ڕستەدا بێ «اعراب» نابێ.

بە نموونە ڕستەی «هذا بكر» دەبێ «ر» ە کەی کۆتای بكر تەنوینی بدرێتێ کە دەکاتەوە «ضمة و نون» و دەگوترێ «هذا بكر، - بكرون» کە هاتیت تەنوینەکەت بۆ مەبەستی ئاسانی، تێ برد ئەوسا قورسایی وەیا «کسرة مختلسة« دەکەوێتە سەر دەنگەکەی »ک»- لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخنەیەکم هەیە لەو ناوەی «کسرة مختلسة» بەتایبەتی کە وەپاڵ دەنگی واو بدرێت چونکە ئەم دەنگە خۆی «ضمة»ی درێژە، کە بە کۆنسنانتیش دەردەبڕێ تامی «ضمة» ی هەر تێدا دەمێنێ کە ئیتر دەنگی »کسرة» قبووڵ ناکات. لە وشەی «دوڕ - دەوڕ» دا قورسایی سەر «و» ەکە دەنگی «ضمة» یە نەک «کسرة». هەر ئەم خسڵەتەی بوونی دەنگی «ضمة» لە «و» دا وای لە نووسەری کورد کردوە کە وشەی «وورچ، ووزە...» بە دوو «و» بنوسێت کە یەکێکیان واوی کۆنسنانت و ئەوی دیکەشیان کورتە بزوێنی «ضمة» یە.

ڕێکەوت وابوو مامۆستا تۆفیق وەهبی لە 1929 بە نووسین باسی ئەم دیاردەیەی کردوە، نیگاری بۆ داناوە دەنا مەلاکانی کورد لەوەتەی دەخوێنن و دەرس دەڵێنەوە ئەم «کسرة مختلسة» یان بەسەر زمانەوەیە، مامۆستا وەهبیش لەوانەوە سروشتی کورتە بزوێنی «ی» ی بۆ قەرارداده کرد کە بەچکەی «ی» ـە بەڵام لە خوێندنەوەی نوێیەوە بۆ ئەوە چوو کە نیگاری بۆ دابنێت. ڕۆژئاواییەکان لە نووسینی ئێستاکەیاندا لە زۆر حاڵ و باردا گوێ نادەنە ئەم «کسرة مختلسة« یە تا هەموو جارێک نیگاری بۆ دابنێنن. بە نموونە کە دەنووسن burn, turn, worm نیگار بە دوا پیتی r دا نانووسن هەروەهاش نیگاری نایەخنە دوای ئەو پیتەی کە لە سەرەتای وشەوە بێ بزوێنی ئاشکرا دێت وەک crow, screen, please, bring و هی تریش...

وەک د. ئاورەحمان نووسیوەتی، ئەم دەنگە بارتەقای بزوێن بڕگە لە وشەدا دروست دەکات، بەڵام شتێک ماوە لێرەدا د. ئاورەحمان نەیگوتوە: دەبوو بشڵێ وێرای بڕگە دروست کردن ئاوازەش پەیدا دەکات لەو دەنگە کپانەدا کە لەگەڵیاندا دێت، لەوێشدا هەر باتەقای بزوێن کار دەکات بەڵام دوو تێبنی گرنگ و گرنگتر هەن نابێ پشت گوێ بخرێن چونکە ڕووناکی دەخەنە سەر سروشتی دیاردەکە:

یەکەم، ئەوەیەکە گەر ئەم دیاردەیە بزوین بایەو بەرەو کەسرەش بایە دەبوو لە دەرپرینی کاف و گافی سەرەتای وشەی کوردیدا ئەو کلۆریە پەیدا بکات کە بزوێنی کورت و درێژی «ی» پەیدای دەکات. دەبوو کافی « کردن»و گافی «گرتن» کلۆر کرابایانە. جا ئەگەر بگوترێ بزوێنەکە هێندە بەهێز نییە ئەوکارە بکات دەڵێم منش پتر لەوە داواناکەم کە دیاردەکە بای بزوێنی کورت کاریگەر نەبێ. کاف وگافی ئەوتۆیی ناوەندی وشەش هەروەهایە «شەکر، سەگرمە...».

تێبینیە گرنگترەکە ئەوەیە کە سەرنجی ورد دەری دەخات ئەم قورس کردنە لە هەموو حاڵدا ئاوازە پەیدا ناکات، هەرچی بزوێنە، کورت و درێژی، هەمیشە ئاوازەدارە. لەگەڵ خۆتدا بێ تەرەفانە وشەی «ستاندن» بڵێرەوە دەبینیت ئاوازە بەدوا دەنگی کپی «س»دا نایەت هەر چەندە قورس کردن بەسەرەوەیە. بەڵێ دەزانم کە بتەوێ دەتوانیت ئاوازە پەیدا بکەیت بەڵام کاری ئانقەست جودایە لەگەڵ فەرمانی فۆنەتیک. لە وشەی «شت» دا ئاوازە بەدوا «ش» دا دێت بەڵام کە گوتت «شتەکان» ئاوازەکە لە دەنگی «ش» ـەوە نایەت. وشەی «فت» ئاوازەی هەیە بەڵام کە گوتت «فتار» ئاوازەکە لە «ف» ـەوە دەڕوات بۆ «تا»، دیارە دەنگی «ر»ش هەر ئاوازەی هەیە هەرچەند وەستاویشە چونکە دەنگێکی ئاوازەدارە.

فۆنەتیکناس کە بۆی ئاشکرا بوو ئەم دیاردەیە لەو بارانەدا ئاوازە پەیدا ناکات دەبێ بسەلمێنێ بزوین نییە و شتیکی دیکەیە. بەنیسبەت دەنگناسی کوردەوە تێبینیەکی تاقی کەرەوە هەیە کە بۆ غەیری کورد دەست نادات:

دەزانین لە زۆر شێوە ئاخاوتنی کوردیدا کە «ل» ی وەستاو کەوتە بەرای «ت»، دەنگەکەی «ل» بۆخۆی دەبێتە «ڵ»، لامی قەڵەو، دەنگەکەی «ت» ش وەک «ط»ی عەرەبی لێ دێت، بەڵام کە بزوێن کەوتە بەینیانەوە وەکو خۆیان لاواز دەمێننەوە. دەگوترێ «قەلتارە – قەڵطارە، پالتۆ – پاڵطو، بالتە - باڵطە... هتد». جا ئەگەر ئەم دیاردەیە لە تاقی کردنەوەدا بدەینە بەر سەلیقەی دەنگناسیمانەوە ئاخۆ بە چ ئاکامێک دەگەین؟

بابێین لە وشەی «خلت ، خلط» کە «ڵ» ـەکە تێیدا بەوەستاوی دەکەوێتە پێش «ت، ط» ـەکەوە و بە هەموویان یەک بڕگەن، بیکەین بە دوو بڕگە و بڵێین «خ، ل، ت» ئایا هەر بە قەڵەوی دەمێنێتەوە؟ ئەوەی من وەک بەدیهیەی دەزانم ئەوەیە کە لامەکە بە قەڵەوی دەمێنیتەوە و بەدوا خۆیدا «ت» ـەکەش قەڵەو دەکات.

ئایا ئەگەر «کسرة مختلسة» ی سەر «ل» ـەکە بزوێن بێت ڕێ دەمێنێ لامەکە قەڵەو بکرێ؟ دەزانم لە کوردیدا لامی پێش تێ هەمیشە بە وەستاوی و بێ قورس کردن دێت بەڵام بۆ مەبەستی تاقی کردنەوە مانیع نییە قورسایی بخەینە سەر «ل» ـەکە هەر وەک مانیعیش نییە

بەنیازی تاقی کردنەوە بڵێین «کق»کە دەزانین هەرگیز دەنگی «ک» لە کوردیدا پێش «ق»یش نایەت. بەهەمەحاڵ ئەم تاقی کردنەوەیە دەدرێتەوە بە بڕیاری سەلیقەی دەنگناسی، یەکێکیش بیەوێ ئەنجامەکەی نەسەلمێنێ دەتوانێ پێ لەسەر ئەو شتە داگرێ کە خۆی ئارەزۆیەتی. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بڵێم ئەگەر تاقی کردنەوەکە لامە قەڵەوەکەی پاراست، ئیسپاتی بزوێن نەبوونی «کسرة مختلسة» کە دەکات، ئەگەر قەڵەویەکە هەڵستا ئیسپاتی بزوین بوونی کەسرەکە ناکات چونکە ئەوسا ڕێ هەیە بڵێین ئەو قورس کردنە هەروەک ئاوازەی پەیدا کرد، بوە لەمپەڕیش لە نیوان «ل» و «ت» دا، جگە لەوە بەڵگەیەکی دیکە هەیە لە نووسینەکەی د. ئاورەحمان خۆیەوە هەڵدەستێ هیچ کەلەبەر لە باسەکەدا ناهێڵێتەوە و بزوێن نەبوونی ئەو دیاردەیە بە ئیسپات دەگەیەنێ بە مەرجێک بەڵگەسەلمێن بین.

ئەم بەڵگەیە لە دراوسێیەتی باسی بزوێنەکە لەگەڵ باسی فۆنیمدا خۆی دەسەپێنێ. وا بەباش دەزانم لێرەدا بە دەم ساغ کردنەوەی حاڵ و باری «کەسرە» و چەند شی کردنەوەیەکی ڕوونتر کەرەوەش لە بارەی فۆنیمەوە بهێنمە ناو نووسینەوە، کە ئەویش لەلای خۆیەوە بە تێکڕایی هەم یاریدەی ئەسڵە باسەکە دەدات و هەم پتریش نیگای خوێنەر بۆ بینینی کێشەی فۆنیم فرەوان دەکات.

فۆنۆلۆجیستەکان، کە د. ئاورەحمان لەوانەوە باسی فۆنیمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەوە دەڵێن کە لە گوتارەکەیدا بە کورتی نووسراوە، واتا «فۆنیم بەو دەنگانە دەگوترێ کە لە زماندا وشە پێک دەهێنن و بە گۆڕان و نەمانیان واتا دەگۆڕن».

لێرەدا دەقی تەعریفەکەی د. ئاورەحمانم نووسیەوە تاکوو ئەگەر ڕەخنەیەکم هەبوو خۆی بکەم بە شایەدی جوداوازی بیروڕای هەردوومان.

کە تەعریفەکەی سەرەوە بکەینە کێشانەی لێکدانەوەمان دوو ئاکامی لێ پەیدا دەبێ لەگەڵ هەندێ لە ڕایەکانی د. ئاورەحماندا ڕێک ناکەون:

یەکەم: نابێ فۆنیم لەدەنگ گرنگتر بێ چونکە فۆنیم خۆی دەنگەو هەرچی بایەخ و گرنگیەکی هەبێت بەر دەنگیش دەکەوێت، بەڵام بایەخی ئەو دەنگە یاریدەدەرانەی کە فۆنیم نین هەر بۆ دەنگ دەمێنێتەوە. وەک کە دەڵێین هەموو ئادەمیزادێک گیانلەبەرە چی لە نرخی مرۆڤایەتیدا هەیە لە جغزی «گیانلەبەر» دەرناچێ، بەڵێ، ڕاستە بگوترێ ئەو دەنگانەی فۆنیمن گرنگترن لەو دەنگانەی فۆنیم نین.

دووەم: بەدوا ئەو تەعریفەدا باوەڕ بەو بەدیهیە دەکەین کە هەر دەنگێکی «لغوی» لە پێک هێنانی وشەدا بەشدار بێت و بە نەمان و گۆڕانی واتا بگۆڕێت وەیا نەمێنێت فۆنیم بێ بەو پێیە دەبێ دەنگی هەمزەش فۆنیم بێت چونکە هەموو مەرجەکانی تێدا هاتۆتە جێ کەچی گورج لە فۆنێمی دەخرێت... بەڵام با جارێ واز لە هەمزە بهێنین و لەگەڵ فۆنیم خەریک بین:

تەعریفەکە هەموو ئەو دەنگانەی لە پێک هێنانی وشە بەشدار نین لە جغزی «فۆنیم» ـیان دەردراوێت وەک لرفە وفیکە و کۆکە... و هتاد... هەروەهاش ئەو هێز و سستی و بەرزی نزمی و توندی و شلکیەی کە بە پێی داخوازی دەربڕینی توورەیی و ڕەزامەندی... و... ئەو جۆرە هەستانە تێکەڵ بە دەنگی وشە و ڕستە دەبن ئەوانیش فۆنیم نین. ئەوەندەی بزانم دەنگ ناسان لەبارەی فۆنیم نەبوونی دەنگ دوابن هەر ئەوەندەیە کە د. ئاورەحمان لە گوتارەکەی دا باسی کردوە منیش ڕامگوێستە ئێرەکانە. بەڵام لە خەریکبوونی خۆمەوە بەو تەرزە باسانەی هۆش و دڵ دادەگرن بۆ فۆنیمنەبوونی هەندێ دەنگی دیکە چووم کە وەک دەنگی «لغوی» دەبیسرێن بەڵام لەبەر جۆری دەربڕینیان و تێکەڵ نەبوونیان لە پێک هێنانی وشە ناشێ فۆنێم بن:

زۆربەی دەنگە کپەکان بەبەریانەوە هەیە لە ڕێی بردنە ژوورەوەی هەناسە بۆ ناو دەم و سی، نەک هەر بە هێنانە دەری، پەیدا بن، هیندێک لەو دەنگانەش وەک «ف، ث، ه » بەئاسانی لەو بەرەواژییەوە پەیدا دەبن، تۆ بێنە زمان و لێوت بۆ دەرپڕینی دەنگی «ف» وەیا «ث» ئامادە بکە و لە دەرەوەی زارتەوە بەرەو ناوەوەی هەوا هەڵمژە دەبیەیت دەنگی «ف، ث» پەیدا دەبێت، دەنگی «ه» لەوانیش لەبارترە: هەر نەختیک خۆت هەناسە سوار بکە و زارت بکەرەوە بۆ هاتوچۆی هەناسەت، دەبیەیت بە درێژایی هەناسەسواریت دەنگی «ه» بەرەو دەرەوە و بەرەو ناوەوە پەیدایە. دوورنابینم لە کوردیدا وشەی «هەناسە» بە ئەسڵ لەو دیاردەیەوە سازدرابێ کە لە پێشەوە بە «هە» دەست پێ دەکات، ئینجا ناشزانم کەرتەکەی دیکەی «... ناسە» لە چییەوە هاتووە وەیا وشەکە بە درێژبوونەوەی ڕۆژگار چەند دەنگی لێ سواوە... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەرزە دەنگانە کە برای دەنگی سروشتین هیچ کاتیکیان نابنە فۆنیم چونکە ناتوانێ دەنگی دیکە بەداو خۆیدا بهێنیت و وشە دروست بکات، جگە لەوەی کە هەرگیز ناتوانێ ئاوازە پەیدا بکات چونکە ئاوازە لە پیکی قوڕگەوە بەرەو دەرەوە دەردەچێت هەر بۆیەشە دەنگی ئاوازەدار بەرەو ناوەوە پەیدا نابێت.

جگە لەم دەنگانە دەنگی «کسرة مختلسة» ش هەر بەپێی تەعریفەکەی د. ئاورەحمان بۆ «فۆنیم» ناشێ فۆنیم بێت، ئەمەش بەڵگەی قسەکەم: وشەکان shetil, bizin, bezim, golim, genim, kirim, merij... لەم جێگەیەدا تاقی دەکەینەوە، دەبینین هەموویان «کسرة مختلسة» یان لە دەنگی پێش کۆتاییاندا هەیە، ئینجا با بڵێین: Bezmurezim- golme sawar- genmit bird- kirmeke merjit girt- shetle gul- bizne merez لە هەموو وشەکاندا دەنگەکەی کەسرە موختەلەسەی بڕگەی دووەمی وشەکان نەما. ئەگەر فۆنیم بوایە دەبوو بە دوو واو واتای وشەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت وەیا واتاکەیان تێ بچێت کەچی وەکوو خۆیان ماونەتەوە . genim بوو بە genm هەروەهاش وشەکانی

دیکە لە هەمان شوێندا «کسرة...» کەیان دۆڕاند و واتایان نەدۆڕاند. تۆ بڵێی بەرانبەر ئەم ڕاستییە پرۆفیسۆرە زلەکانی فۆنۆلۆجی چیمان جواب بدەنەوە؟ هەرچی بیڵێن بای فلسێک ناکات چونکە بەو تەعریفەی ئەوان بۆ فۆنیمیان داناوە دەنگەکە فۆنیم نییە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ بەر لەوەی ئەم تاقی کردنەوەش فۆنیم نەبوونی دەنگەکە بە ئیسپات بگەیەنێ، هەر چونکە دەنگەکە پیداویستێکی فۆنەتیکییە و لە دروست کردنی وشەدا دەوری نییە نابێ بە فۆنیم دابنرێ.

ڕەنگە بگوترێ لەو تاقی کردنەوەیەدا هەرچەند دەنگەکەی بەرەو کۆتایی وشەکان تێچوو بەڵام لە بڕگەی دواتردا بەدەر کەوتەوە، لە وەرامدا دەڵێم:

1-ئێمە قسەمان لە مان و نەمانی فۆنیمە پێک هێنەرەکانی ئەو وشانەیە، چ هەقێکمان بەسەر ئەو دەنگانەوە نییە کە لە وشەکانی پێشووتر هەبووبێتن وەیا لە بڕگەی دواتر پەیدا ببن.

2-ئەو «کسرة مختلسة...»ی پێشوتر نەکەوتووە چونکە خۆی دەبێتەوە پێداویستییێکی فۆنەتیکی بۆ ئەوەی بتوانرێ وشە وەیا کەرتی وشە دەربڕدرێ. گوتارەکەی د. ئاورەحمان لە مامۆستاکانی فۆنۆلۆجییە و بڕیارێکی یەکجارەکیمان پێ ڕادەگەیەنێ کە دەڵێین بڕگە بێ بزوێن نابێ، بەمەشدا «کسرة مختلسة» لە خۆوە و لە پەنا ئەو بڕیارەدا دەبێتە بزوێن، کە بوو بە بزوێن یەکسەر دەشبێتە فۆنیم. ئەم بڕیارە لە مامۆستاکانەوە پێی دەڵێم «مصادرة على المطلوب-دزینەوەی مەبەست» چونکە بەر لەوەی بزاندرێ ئایا ئەو «کسره...»یە هێز و قورس کردنە وەیا بزوێنە، لە ڕێی ئەو بڕیارەوە دەبێ بە بزوێن. ئیمە دەزانین بزوێن بڕگە دروست دەکات بەڵام هەر چونکە قورس کردنیش بڕگە دروست دەکات مەرج نییە بزوێن بێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی دیتمان ئەو قورس کردنە لە هەندێ حاڵدا ئاوازە پەیدا ناکات، ئینجا زانیشمان بە تێ چوونی واتای وشە ناگۆڕێت. هەرچۆنیک بێ بابزانین بڕگە لە ئاخاوتندا چەند پلەی هەیە:

1. برگەی هەرە کورت لە کۆنسنانتێک و قورس کردن پەیدا دەبێ وەک وشەی «چ»

تۆ کە حۆری وەرە نێو جەنەتی دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سووزانمدا

2. برگە هەیە لە کۆنسنانتیک و کورتە بزوێنێک پێک دێت وەک «دە، تە، مە...»
3. برگە هەیە لە کۆنسنانتیک و بزوێنێکی درێژ پێک دێت وەک «با، دۆ، سێ...»
4. بڕگەی دوو کۆنسنانت و قورس کردن وەک «مز، دڕ، گل...»
5. بڕگەی دوو کۆنسنانت و بزوێنێک وەک «مەڕ، کەس، کوڕ...»
6. بڕگەی دوو کۆنسنانت و بزوێنێکی درێژ وەک «مار، تیژ، خۆش...»
7. برگەی سێ کۆنسنانت و قورس کردنێک وەک «بست، مشت، مرد، بنج»
8. برگەی سێ کۆنسنانت و کورتە بزوێنێک وەک «بەست، کورد، بیست»
9. بڕگەی سێ کۆنسنانت و بزوێنێکی درێژ وەک «کارد، ماست، دانگ...»

ئەم بڕگانە پێبەپێ درێژ دەبنەوە لە پلەی یەکەمەوە تا پلەی نۆیەم، نە لە یەکەم بەولاوە و نە لە نۆیەم بەملاوە وشەی یەک بڕگەیی پەیدا نییە دەمەتەقەیەک هەڵدەستێ لەسەر ئەوەی ئایا لە دەربڕینی دەنگی وەکوو «س، ش، ژ، ز...» دا بێ ئەوەی هیچی دیکەیان بە دوادا بێت بڕگە پەیدا دەبێ؟ ئەگەر بڕگە نییە ئەدی چییە؟ دەنگی وەکو «د، ک، ت، ب...» دەرناپردرێن ئەگەر قورس کردنیان لەگەڵدا نەبێ چونکە درێژ کردنەوە هەڵناگرن هەرچی ئەوانی دیکەن درێژ کردنەوە هەڵدەگرن.

بەهەمەحاڵ ئەم وردپێوییە لێرەدا لزومی نییە و دیاردەکە بۆ بینینی خوێنەر بەجێ دەهێڵم و دەچمەوە سەر ڕچەی باسەکە. بەلای باوەڕی خۆمەوە، کە لە تاقی کردنەوەشدا باوەڕەکەم پتەوتر دەبێت، بڕگەی یەکەم «دەنگێک و قورس کردن» بزوێنی حەقیقی تیدا نییە بەڵکوو جۆریک لە هێز پێدان وەیا قورس کردنی تیدایە کە پێداویستی ناچاری بۆ ناو وشە وەیا ناوتوێژی ڕستە دێنێت، هەر ئەم هۆیەشە وا دەکات «کسرة مختلسة» بە فۆنێم حیساب نەکرێت چونکە بەشێکی بنجی و سەربەخۆ و بەردەوامی وشە نییە و بە تێچوونی واتا ناگۆڕێ و نادۆڕێ، هەرچی بزوێنە بەشێکی بنچینەییە لە وشەدا. هەرچەند کورتە بزوێنەکانی «ضمة،کسرة، فتحة» لە ڕووی نرخی دەنگەوە ناچنە ڕیزی کۆنسنانت و بزوینە درێژەکان چونکە وجودی سەربەخۆیان نییە و لە دوا کۆنسنانت نەبی دەرناکەون، بەڵام دەوریان لە پێک هێنانی وشەو ڕستەدا وەک دەوری دەنگە تەواوەکانە بنجی و بەردەوامە، تەنانەت کەمتر لە کۆنسنانتەکان سوانیان بەسەردا دیت. بۆ نموونە لە وشەی «بەسترپێرێ» دا دەنگی «س» دەسوێت وشەکە دەبێتە «بەترپێرێ» وەیا «ت»ـەکە دەسوێت و دەبێتە «بەسرپێرێ» بەڵام کورتە بزوێنی «فتحة» بەدوا «ب»ـەکەدا هەردەمێنێ، کاتیک کە وشەکە تەرکیبی گۆڕاو بوو بە «پترپێرێ» دەنگەکەی «فتحة» تێ دەچێ لەگەڵ تێ چوونی خۆیدا «ب»ـەکەشی کرد بە «پ» و «س»ـەکەشی تێبرد.

کورتە بزوێنی ڕاستینە پێداویستی دەنگ دەربڕین نییە کە بەپێ داخوازی جێگە بێت و بڕوات چونکە لە شیرازەهۆنی وشەدا بەشدارە و بەردەوامە، دەوریشی لە ڕستەسازی و تێک بەستنی دەستەواژە و وشەی ئامێتەدا وەک دەوری هەموو دەنگەکانی زمانە چ بزوێنی دریژ بێ و چ کۆنسنانت. بە نموونە لە وشەسازیدا:

دەست - دەستە

نه «دست» واتای هەیە، نە «دەست»یش جێی «دەستە» دەگرێتەوە. هەرچی «کسرة مختلسة» یە پێداویستی دەربڕینی دەنگەکانە بەپێی مان و نەمانی پێداویستەکە. ئەو «کسرة...» یە لە ئاخاوتندا دەمێنێتەوە وەیا جێ گۆڕکێ دەکات وەیا تێدەچێت، لەوە هەر گەڕێ کە پتریش لە کورتە بزوێن بێ وجودی سەربەخۆیە. با نەختێک سەرنج لەم نموونانە بگرین:

وشەی «سەر» یەک بڕگەیە، بەڵام کە داتە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک وەیا دوومی تاک دەبێتە دوو بڕگە «سەرم - سەرت». لە خۆوە دیارە بڕگەی دووەم ئەم «کسرة مختلسة» یە پەیدای کرد کە هاتە سەر «ر» ەکە .تۆ بڵێ ئەمە لە کوێوە هات؟

وەک بەدیهیە ئاشکرایە هی کۆتایی «سەر» نییە هەروەها وەک بەدیهیە دیارە هی ڕاناوەکانیش نییە. کەواتە دیسانەوە وەک بەدیهیە دیارە کە پێداویستێکی ئاخاوتنە. لەم حاڵەتەدا کە تاکە دەنگێک لە دەرەوە بۆ کۆتایی وشە دێت دەبێ بە هۆی قورس کردنەوە لە یەکدی جودا ببنەوە هەرچەند بەپێی داخوازی دەنگسازی لەوانەش بێ دەنگەکەی کۆتای وشەکە بە سکوونی تەواوەوە بکەوێتە بەرایی ئەو فۆنیمەی لە دەرەوە دێت و پێوەی دەلکێت. لەم نموونەیەی «سەرت» دا دەنگی «ر» لەلایەن فۆنەتێکەوە بە سکوونی تەواوە دەکەوێتە بەرایی «ت» وەک کە دەڵێ «کەرت، مارت» بەڵام «ر» ەکە قورس کرا لەبەر ئەو دەستوورەی تازە باسم کرد. هەروەهاش کە ڕاناوی «ت» هاتە دوای «کەس» لەوێشدا قورسایی دەخرێتە سەر «س»ـەکە هەرچەند «س» لە ڕووی فۆنەتیکی کوردییەوە دەبێ لە بەرایی «س» دا بە تەواوی بوەستێ بێ قورس کردن «کەس، کەست».

بەڵام کە گوتمان «ئەمە سەرمە، لەسەر سەرتە، عەشرەتێک خزم و کەستە...» لە هەموو حاڵدا قورسایی سەر «ر، س» هەڵدەستێ هەر چونکە بەهۆی هاتنی بزوێنێک بۆ سەر «م، ت» ـەکە قورساییەکەی بەرایی، شوێنی نەما. کورد ناڵێ «سە-رمە se-rime کە-ستە ke-site ،سە-رتە se-rite» »لەمەشدا دەستووری فۆنەتیک بەسەر دەستووری ڕستەسازیدا زاڵ بوو، من و تۆش بەرپرسی ئەو جێگۆڕکێیە و لەناوچوونە نین لێشمان داوا ناکرێ بێ قووڵ بوونەوە بزانین بۆچی حوکمی «دەنگ» بەسەر حوکمی «ڕستەسازی» دا زاڵ دەبێ بەڵام لێمان داوا دەکرێ دیمەنەکە ببینین و نرخی ڕاستینەی ئەو قورس کردنە بزانین تاکوو لە پێویست بەدەر بایەخی پێ نەدەین.

زاڵ بوونی دەستوورەکەی فۆنەتیک بەوەدا باشتر ڕوون دەبێتەوە لەجیاتی «کەست» بڵێین «کەستان» چونکە یەکسەر قورساییەکە هەڵدەستێ بێ ئەوەی هیچ بزوێنێکی دەرەکی بەدوا ڕاناوکەدا بهێنین، هۆیەکەشی ئەوەیە کەڕاناوی «تان» خۆی بزوێن دارە .

لەو نموونە مەشوورەی «نوستن، مردن» دا کە نوونی چاوگ بەدوا کاردا دێت و کەسرە مختەلەسە بە مل دەنگی کۆتایی کارەکەدا دەپڕی، ئایە قورساییەکە هی چییە؟ دەزانین هی کارەکە نییە چونکە کە «ن»ی چاوگت لادا کارێکی ڕێکوپێکی بێ قورسایی دەمێنێتەوە «نوست، مرد». دیارە هی «ن»ی چاوگیش نییە چونکە تاکە دەنگ لە خۆوە قورسایی بە پێش خۆیەوە ناگرێ، جگە لەوەی کە لەو کارانەی کۆتایی یان «ا، و، ی» یێت قورساییەکە وجودی نییە هەر چونکە لە بنەڕەتدا وجودی نییە و بەدوا بزوێنیشدا هەبوونی ناموکینە. «سووران، بەزین، ئەزموون...».

بێگومان زمانی حاڵیی ئەو پرۆفیسۆرە زماناسانەی نرخ بەو قورس کردنە دەدەن دەڵێ هەقمان بەسەر ئەو لێکدانەوەوەیە نییە بەرانبەر شتێک کە هەست بە هەبوونی دەکەین، چونکە مادەم ئەو شتە هەیە دەبێ لە نووسیندا تێ بخوێندرێتەوە. بەڵام ئەوان پرۆفیسۆرانە بایی سەری دەرزی مافی قسەی ئەوتۆیی یان نییە، ئەویش لەبەر دوو هۆی گرنگ و گرنگتر:

هۆی گرنگ ئەوەیە کە هات و لێکدانەوە بەڵگەی بەدەستەوەدا نابێ پشت گوێ بخرێ دەنا دەبێ لە ئاست سەرابیش بەڵگەی هەڵوەشاندنەوەی بپێچینەوە و بە ئاوی دابنێن. دەزانین

سەراب دیاردەیە و چاو دەیبینێت، بەڵام دەشزانین ئاو نییە لە کەسیش ناسەلمێندرێ بڵێ دەبێ نرخی ئاوی پێ بدرێت.

هۆی گرنگتر لە هەڵوەستی پرۆفیسۆرەکان خۆیانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە: ئەوان هەر لە ڕێی لێکدانەوەوە دەیانەوێ بسەلمێنن دەنگی هەمزە بەخۆی و ئاوازە زەق و زۆپییەوە فۆنیم نییە و یاریدەدەرە و نابێ نیگاری هەبێ، ئنجا بۆ دەبێ لە ئاست ئەو دیاردە زێدە کز و بێ هێز و بێ دەوامەدا کە «کسرة مختلسة وەیا قورس کردنە» نابێ بایەخ بەلێکدانەوە بدرێ. خۆ ئێمە هەرای نێوان زۆردار و زۆر لێ کراو ناپرینەوە تاکوو بەزەیی بە بەڵگە و بێ بەڵگە بەلای زۆر لێ کراوماندا بشکێنێتەوە. لە ڕێنووس و ڕێزمان و فۆنەتیک و ئەوان کارانەدا شکانەوەی تۆزەرەوە بەلای خاوەن هێزدا دەبێت.

ڕاستێکەی، هەڵوەستی ئەو پرۆفیسۆرانە لە ئاست هەمزە و «کسرة مختلسة» دا تەشقەڵە کردنە بە ڕێنووس و بەسەر جوملەی لایەنی دەنگ لە باسەکانی زماندا و چ مانای شیرنتری تێدا نییە، ئۆباڵی من و تۆ و قوتابیەکانیشیان دەچێتەوە ئەستۆی ئەوانەوە کە ساڵەها بە گوێماندا دەچرپێنن و چێ دەیڵێن بە بەدیهیەمان لەسەر دەسەپێنن، قوتابیش بێت و بەرهەڵستی لە بیرورایاندا بکات نیوەی عومری لە دەست دەچێت. ڕەنگە بەلای خوێنەرەوە منیش لە ئاست دەنگی هەمزەدا دەستبەتاڵی بەڵگە و بنۆس بم وەک کە پرۆفیسۆرەکان لە قسەکانی مندا دەست بەتاڵ نیشان دران... کاتێک گەیشتینە باسی دەنگی هەمزە ئەم لایەنەی دەستپڕی و دەستبەتاڵی خۆ بەدەر دەیەخیت. دانانی نیگار بۆ ئەو قورس کردنە لە ڕێنووسدا بەرەنگاری کێشەیەکمان دەکات بەقەدەر قەڵافەتی زمانی کوردی، ئەمەش نموونەی کێشەکە:

کە وشەی «ڕانک» مان لە فەرهەنگدا بە ranik نووسی ئەوسا یا دەبێ لە هەموو حاڵ و بارێکدا ئەو نیگارەی «کسرة مختلسة» لە دوا «ن» ـەکەوە بێت، یا دەبێ لە حاڵی تێچوونیدا نیگارەکەی ڕەش بکەینەوە:

1- ئەگەر نیگارەکەمان لە هەموو حاڵدا نووسی شێوەی ئاخاوتنمان دەبێتە ئەسیری ڕێنووسەکە و لە کوردی ڕەسەن دەشێوێت چونکە لە ڕێنووسدا قورس کردنێک بەسەر وشەدا دێنین کە لە ئاخاوتندا تێچوە وەک ئەوەی کە گوتت «ڕانکەکە» ناڵێت ranikeke بەڵکوو دەڵێت rankeke هەروەهاش لە زۆربەی هەرەزۆری کوردیدا کە قورس کردنەکەیان بە پێی جێگە و مەبەست دێتە ناو ئاوخاوتن وەیا تێدەچێت ئیتر دەبێت ڕستەی وەک «کرمەکە گرژە» بخوێندرێتەوە kirimeke girizhe چونکە لە وشەی «کرم، گرژ» دا قورس کردن هەیە. هەر ئەمەش دەبێتە ئاکامی ناچاری بەملدا پرینی «کسرة مختلسة» چونکە قوتابخانەکان سەر لەبەریان وەهای دەنووسن، هەرچی منداڵیش هەیە بە قوتابخانەدا تێ دەپەرێت و زمانی کوردی لەو ڕێنووسەوە فێر دەبێت، مادەم نیگاریش بۆ «کسرة مختلسة» داندرا دەبێ بخوێندرێتەوە وەک کە هەموو نیگارێکی دیکە دەخوێندرێتەوە، دەبێ «فکرم پەرشە» بخوێندرێتەوە fikirim perish... ئنجا ئەگەر لە وەرامدا پێم بڵێیتەوە ئەم کێشەیە دەدرێتەوە بە سەلیقەی خوێنەر کە خۆی دەزانێ قورساییەکە ماوەتەوە یا هەڵستاوە، منیش پێت دەڵێمەوە کە سەلیقە بەرەوان بێ بۆچی لێ ناگەڕێی لە سەرەتاوە بڕیاری مان و نە مانی قورساییەکە بدات؟ بۆچی دوو جاران ئیمتحانی سەلیقە دەکەیت، جارێکیان بەوەدا کە دەبێ بزانی قورسایی هەیە یا نییە، جارێکیشیان بزانێ گوێ نەدانە ئەو نیگارەی لە نووسیندا بۆ قورس کردنەکە هەیە و لە ئاخاوتندا تێ چوە. چەند سەیرە تۆ ڕازی نەبیت بنووسرێ «کرمەکە» و بخوێندریتەوە «کرمەکە» و پێ لەسەر ئەوە داگری کە بنووسرێ kirimeke و بخوێنرێتەوە kirmeke...

لە زمانی کوردیدا بگەڕێیت دەبینیت ئەم هاتن و چوونەی «کسرة...» بەقەدەر دەمارەکانی لەش تێکەڵ بە شیرازەهۆنی زمانەکەیە و هێندەی کە جیوەش لەبەر پەنجەکانت هەڵدێت ئەویش لە ئاخاوتندا خۆیت لێ دەشارێتەوە.

2- ئەگەر نیگارەکەمان لە کاتی هەبوونی قورس کردنەکەدا نووسی و لە کاتی نەمانیدا ڕەشمان کردەوە ئەوسا بەشێکی بەرچاوی وشەی کوردی دوو پرگەی دووشێوە نووسینی دەبێ، لە فەرهەنگیشدا پێویست دەبێ بەوەی خوێنەر ئاگادار بکرێ کە «کسرة»ی فڵانە شوێنی وشەکە هەمیشەیی نیپە. ئەم ئاگادار کردنەوە و دوو جۆر نووسینەش بۆ وشەی فەرهەنگی لە ئیمکاندا دەبێ بەڵام «کسرة...» ی کە لە تێک بەستن و داڕشتنی وشە و ڕستە دێن و دەچن بێ چارەسەر کردن دەمێنێتەوە، بە نموونە وشەی «گرتن» دەنووسرێ girtin بەڵام لە ڕێژەی فەرمان و نەهی و ئایندەدا قورساییەکەی سەر دەنگی «گ» تێ دەچێت و وشەکە دەبێتە bigre, megre, bigrim... وشەی «دیتمت» دەنووسرێ deetimit کە بوو بە «دیتمتەوە» دەبێتە deetimtew ئیتر بەو پێیە هەزاران تێک بەستن و تێک هەڵکێشان و لێک ترازاندن کە ئیمکان نییە لە پێشەوە فەرهەنگی بۆ دابندرێت وەیا پێشبینی تێدا بکرێ هەر جارە لە نووسیندا نیگاری ئەو قورس کردنە تێیاندا دەردەکەوێت و ون دەبێ، کە ئەمە خۆی عەیبێکی گەورەترە لەوەی پێشەکی بڕیاری نەنووسینی نیگاری ئەو قورس کردنە بدرێ. ئەوەندەی زمانی بێگانەم خوێندبێتەوە نەم دیتوە وشە و دەستەوشە و ڕستەکانی جار لە جارێ چۆنیتی نووسینیان بگۆڕێ.

ئێمە لەو نموونانەی شکڵ و بەدیهیدا دیتمان قورس کردن لە وشەدا تێ چوو و واتاشی نەگۆڕا، بەمەشدا هەر بەپێ تەعریفی پرۆفیسۆرەکان نرخی فۆنیمی نەما، ئیتر ئەگەر هەر پێ داگرین لە سەر پێویست بوونی نووسینی، دەبی نیگار بۆ دەنگی تووڕە بوون و لاواندنەوە... و...ش دابنێین چونکی ئەوانیش جۆرێکن لە دەنگ و بۆ مەبەستی تایبەتیس دێنە ناو ئاخاوتنەوە. وا دەبێ ناڕەزامەندی دەنگێکی وشە دەگرێت و پرگەی تێدا پەیدا دەکات وەک کە دەگوترێ «فڵانە شت؟ دەسا فللسێک ناهێنێ!» لەجیاتی «فلسێک...» یاخود لە نەهی کردندا دەگوترێ «نەککەی بچیت بۆ لای...».

دەبێ بزانین مومکین نییە ڕێنووس هەموو دەنگێکی ئاخاوتن شکڵ نووس بکات هیچ ڕێنووسێکی ئەم جیهانەش نییە هێندەی ئێمە مەراقی خورد کردنەوەی ئاخاوتنی هەڵگرتبێ. من لە گۆشە نیگای خۆمەوە چ دوشمنایەتیم نییە لەگەڵ ئەو قورس کردنەدا هەر وەکوو دۆستایەتیشم لەگەڵیدا نییە، تەنانەت ئەگەر بە کۆمپیوتەر زانرا کە جۆرێکیشە لە جۆرەکانی بزوێن لێی وەتەنگ نایەم، هەر ئەوەندە حیسابەی بۆ دەکەم کە بزوێنی یەکجار کورت و بێ هێز کاری بزوێنی عادەتی ناکات و تێ دەچێت و واتا ناگۆرێت و فۆنیم نییە، خۆ ئەگەر بە بڕیاری کوتەک حەقی چل نیگاریشی بۆ دابندرێ، سەغڵەتم ناکات. ئەویش لەبەر دوو سەبەب

1- یەکێکم لەوانەی دەزانن کەی دێت و کەی دەچێت

2- بەشی هەرە زۆری عومرم ڕابوارد بێ ئەوەی ناچاربم نازی خۆرای بکێشم... من پەرۆشی دوو شتمە:

یەکەمیان ئەوەیە کە بەخۆڕایی نرخێکی لە پێویست زیادی گرنگی و بایەخ بۆ خۆی داپڕیوە و گەلێک بەولای بەرژەوەندەوە زەینی نووسەرانی کوردی بەخۆیەوە خەریک کردووە لە حاڵێکدا ئەو قورس کردنە بریتییە لە پێداویستی نابەردەوامی ڕستەسازی و وشەسازی، هەر بە نەمانی پێداویستەکەش قورس کردنەکە دەڕەوێتەوە جا ئەگەر پێم بڵێیت ئەم مەبەستانەی قورس کردنەکە پێکیان دێنیت چشتی بێ بایەخ نین لە وەرامدا دەڵێم پێک هاتنی ئەو مەبەسانە بێ ئەوەی نیگار بۆ قورس کردنەکە دابندرێ دێنە جێ، چونکە وەک بزوێن و کۆنسنانت نییە بە نە نووسینی کەلەبەر بکەوێتە وشە و ڕستە وە وەیا واتایان بگۆڕێ وەیا بێ واتابن. هەر چۆن بەسەلیقە دەزانین بە پێی پێویست دەنگی پاڕانەوە لە حاڵی پاڕانەوەدا بخەینە ئاخاوتنەوە بێ

ئەوەی نیگاری بۆ دابنێین هەروەهاش بە سەلیقە دەزانین قورس کردن لە کوێ دەبێت و کەی هەڵدەستێت.

دووەمیان ئەوەیە کە تێ خوێندنەوەی قورس کردن ئەرکێکی بێ سەروبن دەخاتە بەر ڕێنووس و نووسەر و خوێنەرەوەی کوردی چونکە نووسەر دەبێ هەمیشە بەپێ هاتن و نەمانی قورساییەکە خەریکی گۆڕینی ڕێنووسەکەی بێت. ئێمە وەتەنگ دێین لەو ڕێنووسەی ئێستاکەمان لەبەر زۆری خاڵ و نیشانەی سەرژێری پیتەکان، ئەم جارەیان سەربارێکی قورستر لەبن بارەکە سواری دەست و قەڵەممان دەبێ کەچی کەسیش هەستی بە نووقسانی ڕێنووس نەکردووە لەبەر نەبوونی نیگاری قورس کردنەکە، ناچاریش نەبوە بپرسێ ئایا قورسییەکە بۆ کوێ بهێنیت و کەی تێی ببات.

د. ئاورەحمان لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە 13 ی گۆڤاردا بەسەر «گەنم - گەنمەکە» دا دەچێتەوە. خۆی لەوە ناگەیەنێت کە نووسینی genmeke لەچاو genim دا شکڵی کۆنی دۆراند و نیگارێکی i ی سەرلەبەری لێ کەم بۆوە، خۆ هەردووکیشیان هەر «قمح» ن و هەمان وشەن، هەر ئەوەندە دەڵێ لەبری پڕگەیەک پڕگەیەکی دیکە پەیدا بوو، لەمەشدا هیچ دڵدانەوەیەک شک نابەین چونکە سەرەڕای ئەوەی کە پڕگەی دووەم لە دەرەوەی وشەی «گەنم» پەیدا بوو بە هاتنی بزوێن وەیا قورس کردن بۆ کۆتای وشەکە، کێشەمان کێشەی تێ چوونی دەنگ و نەمانی نیگارەکەیەتی نەک «پڕگەسازی» چونکە وشە و ڕستە هەر دەبێ پڕگە و کەرتیان هەبی، ئەوەی نەخوێندووشە دەنگ و وشە و کەرت و ڕستە دەردەپەڕێنێ بەڵام کە بوو بە نووسەر چاوەکانی دەبینن جاریکیان نووسرا Genim و جارێکیشیان نووسرا Genm کە بوو بە فۆنیمناسیش دەبینێ ئەو دەنگ و نیگارەی بە فۆنیم داندرابوو هەڵستا و واتاشی تێک نەدا. ڕاستییەکەی ئەم تەرزە ڕێنووسە ڕێ دەدات داوا بکرێ، وەک کراوە، فەرق لە نێوان نووسینی «کا» و «کێ»ش بکرێ، دالە کلۆرەکەی سلێمانیش نیگاری بۆ دابندرێ - وەک کە مامۆستا وەهبی بە «ذ» ی دەنووسی - منگەی نێوان «ن، گ»ی «دەربەنگ» یش لە نووسیندا تێ بخوێندرێتەوە. بەڵێ دەزانم کێشەی ئەمانە هاوچوونی تەواوی کێشەی «کسرة...» نییە بەڵام خۆ کێشەن! «کسرة مختلسة» ش هاوتای بزوێنی کورتی ئاشکرا نییە کەچی دەڵێن دەبێ وەک ئەو بایەخی پێ بدرێ، بە هەمەحاڵ کێشەی «کا، کێ» و دەنگی دالی کلۆر و «ن، گ» پتر لە کێشەی «کسرة...» نرخ پەیدا دەکات لەوەدا کە هەمیشەیی و بەردەوامن و ناڕەوێنەوە وەک کە قورس کردن کاتی و نابەردەوامە و تێ دەچێت.

د. ئاورەحمان چەند ڕستە و دەستەواژەیەکی هێنابۆوە بە نموونەی ناقۆڵایی نیگار دانەنان بۆ ئەو قورس کردنە، وەک «حلم برد شتم- من کرمم گرت- من پرشنگم گرت...» لە ڕواڵەتدا نموونەکان ڕەخنە هەڵدەگرن بەڵام بە لێ وردبوونەوە مەسەلەکە دەگۆڕێ: ئێمە دەزانین هەر دەنگێکی لە بەرایی وشەوە بێت و بزوێنی ئاشکرای لە دواوە نەیەت بەناچاری قورس دەکرێ ئیتر نیگار دابندرێ وەیا دانەندرێ قورس کردنەکە لە خۆوە بەسەر زاری مرۆڤدا دێت. جا ئەگەر لە پێشەوە بڕیارماندا، وەک کە ڕێنووسی ئینگلیزی بڕیاری داوە، ئەم شتە ناچارییە بدەینەوە بە فرمانی واقیع و ڕەنجی نیگار کێشانی تێدا نەبەین شتێکمان کردوە لە بڕیاری هۆش پێ شکان و ژێربێژی بوەشێتەوە هەر وەک لە جودا نە کردنەوەی کاف و گافی کلۆریش هۆشمان بەکار هێناوە و عەزابێکی بێ لزوممان لە کۆڵ نووسەری کورد و کوردی کردۆتەوە، هەر چەند لەئاست ئەو کاف و گافەدا هەموو کورد لە هەموو حاڵ و باردا یەک مامەڵە ناکات چونکە کوردی بەری سۆران لە وشەی وەک «دەپشکوێ، دەئەنگوێ...» دا کلۆریان ناکەن چونکە لە ئەسڵدا کاف و گافی «پشکووتن، ئەنگووتن...» کلۆرنین، هەروەها «مەرەکەبی کوینک و دەوڵەتی کویت و کوین ئەلیزابێت...» کاف و گافیان وەک خۆیان دەمێننەوە... لەگەڵ ئەمەشدا ئاسان کردنی ڕێنووس و یەکچوون کردنی لە زمانێکدا ئەوە دەهێنێت تێبینی وەها بەرتەسک لەبیر بکرێ، تا ئێستاش ڕێنووسی لاتینی کە من دیبێتم قورس کردنی بەرایی وشە تێ دەبات و نیگاری بۆ دانانێت و کەسیش تێدا نەشێواوە. ئێمە لە ڕێنووسی ئێستاکەماندا کە بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ گرفتێکمان نەهاتۆتەبەر لەو تەرزە ڕستە و دەستەواژانەدا کە د.ئاورحمان نموونەی

لێ هێناوەتەوە، پرواش دەکەم «فرچکم گرت» گەلێک خۆش خۆێن و ئاسانترە لە وشەی وەک «تێ هەڵ چوومەوە-تێهەڵچوومەوە- تێ هەڵچوومەوە».

د. ئاورەحمان دەیتوانی ئەو نموونانە بهێنێتەوە بۆ ئیسپات گەیاندنی کەم بایەخی ئەو قورس کردنە لە نووسیندا بەوەدا بڵێ ئەرێ خوێنەری کورد کامتان هەڵە دەکەن لە خوێندنەوەی «لنگم بڵند کرد»؟ بەڕاستی کەسیش هەڵەی تێدا ناکات هەرچەند وشەی «لنگ» بزوێنکیشی لێ قرتاوە چونکە ڕاستێکەی «لینگ» ـە.

لەو ڕستەیەی «لنگم بڵند کرد» دا بە ڕێکەوت وشەکانی «لنگ، بڵند، کرد» بە فەرمانی دەنگسازیی کوردی لە خۆوە گرفتیان ڕەوییوەتەوە چونکە دەنگەکانی «نگ، ند، ڕد» لەو دەنگانەن کە بە دوا یەکدیدا قورس کردن هەڵناگرن ئنجا ئەگەر قورسایی سەر «ڵ» ـەکەت هەڵگرت دەبێ «ن»ـەکە قورس کەیت و لە «د»ەکەی داپڕیت، ئەمەش دژی دەنگسازی کوردییە چونکە «ن» ی وەستاو لە بەرایی دەنگەکانی «گ، د، ت» دا قورس کردن هەڵناگری. ڕاستێکەی ئەو دەنگەی «ن» لە وشەی کوردیدا لە بەرایی «ج» شدا قورس ناکرێ وەک «بنج، ڕەنج، کونج... » بەڵام گوێم لێ بوە هەندێ کورد لە وشەی «بەنج» دا قورسایی دەخەنە سەر «ن» ـەکە. دەبێ ئەوەش بڵێم لە دەنگسازی کوردیدا هاتنی بزوین لە بەرایی دەنگەکانەوە داخوازی قورس کردنیان دەکات بە پێچەوانەی ئەوەی بەدوایاندا بێت، بە نموونە وشەی «دنک» ئاسانتر نوونەکەی دەوەستیندرێ لە «دەنک» کە بزوێنەکەشی بوو بە بزوێنی درێژ وەستانەکە مومکین نابێ وەک لە وشەی «ڕانک» دا دەبێ نوونەکە قورس بکرێ. بەڵام کە بزوێن بەدوا وشەکەدا هات قورساییەکە دەڕوات وەک کە دەڵێ «رانکەکەم» نوونەکە دەوەستێندرێ. هەر لەبەر فەرمانی ئەم جۆرە دەستوورانەی دەنگسازییە کە گوتت «پڵنگ، بێژنگ، ڕەوشت» چارت ناچارە دەبێ دەنگەکانی «ڵ، ژ، و» قورس بکەین چونکە «نگ، شت» لە کوردیدا بێ قورس کردن بەدوایەکدا دێت، کەسێک وەهایان دەرنەبڕێ کورد نییە و کوردی فێرنەبوە.

ماینەوە لەگەڵ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بەدوای وشەی «لینگ» ـدا «لنگم»، تۆ کە بە خەڵقت ڕاگەیاند هەر تاکە دەنگێکی کۆنسنانت لە دەرەوەی وشەوە هێنا و بە وشەکەوەت لکاند قورسایی دەخاتە سەر دوایین دەنگی وشەکە عوزری هەڵە کردنت بەدەست کەسەوە نەهێشتوە، ئەوساش نەک هەر لە ئاست ڕاناودا، بگرە لە ئاست هەموو پاشگرێکیش چاوی خوێنەرانت کردۆتەوە وەک «کوڵک، کوڵکن kulkin، دەست، دەستک Destik» دەستووراتی دەنگسازی کە خەڵق لە خۆوە بێ ئاگاداری و لێ وردبوونەوە بەکاریان دێنن گەلێک باری ئەو قورس کردنەی نەرم کردوە، بە نموونە دوو وشەی «فرچک، گرفت» دەدەینە بەر دەستووراتی دەنگسازی.

دوو دەنگی «ف، گ» لەبەرایی وشەکانەوە بە فەرمانی ناچاری قورس دەکرێن کە دەکاتەوە فەرمانی دەنگسازی. لە وشەی «فرچک» دا دیسانەوە بەناچاری دەبێ دەنگی «ر» لەگەڵ دەنگی «ف» ببێتە پرگەی یەکەم چونکە هاتنی «ر»ەکە بەدوا دەنگێکی قورسکراودا دەبێ پرگە دروست بکات مەگەر داخوازیەکی بەهێز وەها بکات سەرلەنوێ «ر»ەکە قورس بکرێت، وەک ئەوەی لە جیاتی «فرچک» وشەی «فرشتە» بایە دەبوو «ر»ەکە قورس بکرێ بۆ ئەوەی «ش»ـەکە بەبێ قورسایی بکەوێتە بەرایی «ت»ـەکەوە. هەر هۆیەکی ئەوتۆییشە وەها دەکات لە وشەی «گرفت» ـدا «ر»ەکە قورس بکرێت دەشزانین «ف» حەز لە «ت» دەکات...

ئێمە کە ئەم دەستوورە فۆنەتیکیە سروشتییانەمان لە دەنگسازی کوردیدا هەست پێ کرد سەیرمان نایەتەوە لەوەی کوردەواری لە خۆوە بڵێ:

- بێ - ژنگ
- ب - ڕشت
- گ - رفت
- پ - ڵنگ

- پر - شنگ
- کە - نشت
- د - روست
- ب - نێشت

شاخی «سگرمە» - «س- گر- مە» ئەگەر بزوێنی بەدوادا نەهاتبایە دەبوو بگوترێ «سگ- رم» بەڵام ئەگەر «سگرت» بایە دەبوو بگوترێ «س- گرت» وشەی «باڵندە»، ئەگەر پێداویستی فۆنەتیکی نەبوایە دەبوو وشەی «باڵ» کە بنچییە پڕگەیەک بێت و «ندە» ش کە پاشگرە پڕگەی دووەم بێت بەڵام چونکە «ن» ی پێش «د» دەبێ وەستاوی تەواو بێ «ڵ»ـەکەی بەقورس کراوی بۆ خۆی ڕاکێشا و لە ئەسڵی وشەکەی ستاندەوە. کەچی «باڵگرە» دەبێ «باڵ-گ-رە» بخوێندرێتەوە چونکە وشەی باڵ کە بنجییە هیچ ناچاریەکی دەنگسازی «ڵ»ـەکەی لێ ناستێنێ بۆ سەرەتای «گرە» کە لە وشە لێکدراوەکەدا پاشگرە، ئینجا ئەگەر پێم بڵێیت ئەم دەستوورانە کەی بەبیری خوێنەردا دێت تا لە خوێندنەوەدا بەپێی دەنگسازی بە بێ نیشانە و نیگار پێڕەوییان بکات، لە وەرامدا دەڵێم:

1) نووسەر کە بیەوێ نیگار بۆ قورس کردن دابنێت دەبێ بە سەلیقە یا بە فێربوون شوێنی ئەو قورس کردنانە بزانێ دەنا لە ئاخاوتندا هەڵە دەکات و قورس کردنەکە لە شوێنی نالەباردا دادەنێت. ئنجا کە حاڵ وەها بێ نووسەر و خوێنەر هەر وەک لە ئاخاوتندا بە ڕەهایی و بێ نیگار وشە دەردەپەڕێنێ لە خوێندنەوەشدا هەروەها دەکات چونکە شتێک دەخوێنێتەوە کە پێشتر لە گەرووی خۆی دەرهاتوە و دواتر بەسەر نووکی قەڵەمەکەیدا تێپەڕیوە، نووسەر و خوێنەریش لەیەک حوکمدان چونکە خوێنەریش وەک نووسەر ئاخێوەر و سەلیقەدارە. بێگومان سەلیقەی ڕاست و ڕەوان بێ تەدەخولی ڕێنووس و نووسەر لە ئاست ئەو قورس کردنەدا ئازادتر و ڕەهاتر دەبێ لەوەی بێین دەستووری مامۆستا وەهبی بەسەردا بسەپێنین بۆی بنووسین «فیرچیکم گیرت، دەستیم بیڵیند کیرد...»

2) ئەگەر ڕەوا بێ ڕەخنەی ئەوتۆیی لەو قسانەی من بگیرێ دەبێ سەرلەبەری زانستەکانی زمان یاساغ بکرێن چونکە هەموویان شی کردنەوە و وردەکاری و دەستوورسازی و کێشانە و پێوانەی پەنامەکی لە شتی ئەوتۆدا دەکەن کە زۆربەی بابەتیان لەوانەن کاری سەلیقە بن. کام ئاخێوەری ڕەوانە بێنە لە ڕێزمان و سینتاکسی تاقی بکەوە متەق ناکا. قسەی من وەیا هی د. ئاورەحمان بۆ ئەو کەسانەیە کە لە بەر تیشکی لێکدانەوەدا سەیری دیاردەی ئاخاوتن و نووسین دەکەن. ئاخێوەری عادەتی نە بابەتی ئەوتۆیی دەخوێنێتەوە و نە تێی دەگات و نە بە تەماشە ڕۆژەک لە ڕۆژان پەنگ بە قسەکانی دەروونی بخواتەوە تا دەیانخاتە بەرانبەر ئاوێنەی ڕێنووس و ڕێزمان و زمانناسی و وشەسازی و دەنگسازییەوە.

بەڕاستی ئەم کێشەیەی «کسرة مختلسة» لە ڕێنووسی ئێستاکەی کوردی عێراقدا هیچ گرفتی دروست نەکردوە و خاڵقەکە بەهۆی نەبوونی نیشانە ئەو «کسرة...» یە دەتوانن لوستر و ڕێکتر نووسینی کوردی بخوێننەوە، تەنانەت نموونەکانی د. ئاورەحمان بۆ خۆیان شایەدی ئەم ڕاستییەن چونکە هیچ خوێنەرێک هەڵەیان تێدا ناکات. کاتێک کەوتینە سەر نووسین بە لاتینی، گرفتەکە سەربەرز دەکاتەوە چونکە لە لاتینیدا چاومان بە جۆرە نووسینێکی دیکە فێربوە، هەرچەند دەزانم زمانناسی کورد پتر لە هی ئینگلیز و فرەنسە بایەخ بەو قورس کردنە دەدات،

تەنانەت ئەگەر ڕێی هەبێ نووسەری ئینگلیزیش ناچار دەکا لە جیاتی Bring,Turn بنووسێت Biring, Turin.

ڕاهاتن و ئۆگر گرتن لەسەر جوملەی چالاکی مرۆڤی عادەتیدا کاریگەرێکە بارتەقای ڕۆشنبیری و زانست و خوێندن جڵەوکێش و پاڵپێوەنەرە. تۆ بێنە ئینگلیزێک ناچار بکە وشەی neighbour - دەخوێندرێتەوە «نێبەر» وەها بنووسێ وەک لە زارەوە دەردێت nyber دەبینیت دەست و قەڵەمی دەشێوێن، وشەی archive بە فرەنسەییەک نیشان بدە دەخوێنێتەوە «ئەرشیڤ» کەچی ئینگلیز دەخوێنێتەوە «ئارکییڤ...» ئینگلیزێک کە بنووسێت «ئای» ئەگەر بە واتای «چاو» بێت دەنووسێت «eye» بەواتای «من» یش دەنووسێت «I». چ سەیریشی بەو کارەی نایەت.

دەبێ بزانین ڕێنووسی لاتینی بە تێکڕایی، پاشماوەی پەرەوپێش چووی و بە عیب و عاری ڕێنووسێکی چەند هەزار ساڵەییەکە لە بنەڕەتدا هێرۆغلێفی بوە و دواتر بە گۆڕانەوە بۆتە ڕێنووسی نەتەوە سامیەکان و لە 700ی پێش زاینیدا پەڕیوەتەوە بۆ یۆنانیەکان - بنۆڕە: «فرهنگ ایران باستان، پورداود» و «العلاقة بين النطق والكتابة في تعليم العربية - محاضرة مجيد الماشطة، نیسان 1982» لەوێشەوە وردەوردە بە وڵاتانی ئەوروپادا بڵاو بۆتەوە. یونانیەکانیش بەشێک لە کۆنسنانتەکانیان کردوە بە بزوێن کە لە نووسینی ئارامیدا کۆنسنانت بوە بەڵام بەشێوەیەکی لێڵ بەبزوێنێش بەکار هاتوە «مجيد الماشطة - العلاقة بين النطق والكتابة...» ڕێکەوتێکی سادەی سەرەتای بوو کە لە نووسینی لاتینیدا دەنگی هەمزە نیگاری بۆ نەکێشراو ڕەگەڵ نیگاری دەنگی دیکەدا تێکەڵ کرا، ئەوساش بەر لە 2700 ساڵ نە فۆنۆلۆجی هەبوو نە فیلۆلۆجی نە سینتاکس و نە هیچ، هەرچی دەسکارییەکی لە ڕێنووسدا کرابێ بەچکەی نابەڵەدی و سەرڕێیی و پەلە بووە بێ مامۆستا و بێ ڕابەر. گەلێک باری نووسینی ئینگلیزی و فرەنسەیی تامی «هێرۆگلێفی» دەدات کە لەوێدا وشە نیگاری هەبوە نەک دەنگ ئەگەر ڕێنووسی ئێستاکەی کوردی ئەو هەموو دەست هەڵپرینەوەی تێدا نەبوایە لەبەر زۆری خاڵ و نیشانە و نەلکانی بەشێکی پیتەکانی بە پیتی دوا خۆیانەوە، سەد جاران لەلایەن کێشانە و پێوانەوە لە هی لاتینی «وەک فرەنسەیی و ئینگلیزی» زانستیتر دەبوو چونکە چی دەنووسرێ خزمە لەگەڵ ئەوەی دەگوترێ، تەنانەت ناوناوە وردپێوی وەهای تێدا کراوە زۆر ژیرانە ڕێنووس و ڕیزمانی لە یەکدی گرێ داوە وەک کە فەرق کراوە لە نێوان تاکە پێشگر و دوو پێشگردا لە ڕووی لکاندنیان بە کارەوە وەیا پێشنیار هەبوە بە فەرق کردن لە نێوان نیشانەکانی فەرمان و نەهی و ئایندە و نەفی لەگەڵ پێشگر وەیا ڕاناوێکی کە دەکەوێتە پێش کارەوە لەو ڕووەوە کە ئەو نیشانانە پتر تێکەڵ بە تەکوینی تاکە «کار» دەبن بێ ئەوەی بیان کەن بە لێکدراو... جوداوازی نێوان «نە»ی بە واتای no و «نە» ی بە واتای neither, nor لە ڕێنووسدا ئەویش هەر وردەکارییە کە کوردیناسەکان لە ئاکامی تێکڕای پێشکەوتنی زانستەکانەوە بۆی چوون دەنا بەر لە 50 ساڵێک کە کوردی دەنووسرا کێشانە و پێوانەی تێدا بە کار نە دەهات. پروا دەکەم هەر جۆرە ڕینووسێکی بۆ کوردی بەپیتی لاتینی قەرارداده بکرێ بەهۆی ڕاهاتنەوە لە ئاکامدا بە لووسی دەخوێنرێتەوە، بەتایبەتی چونکە پیتەکانی دوو جۆرنین کە بلکێن و نەلکێن، خاڵ و نیشانەشیان وەک نەبێ وەهایە. ئینجا ئەگەر ڕێنووسەکە تا ئەو ڕادەیەی ناقۆڵایی تێدا پەیدا نابێ، لەو قورس کردنە ڕەها بکرێ بە قازانجی زمان و ڕێنووسی کوردی تەواو دەبێ. بەلای منەوە ناشێ قورس کردنێکی بەردەوام نەبێ، نیگاری بۆ دابندرێ... قورس کردنی دەنگی سەرەتای وشە نیگاری ناوێ...
کورتی ڕای من ئەوەیە: هەتا بکرێ پێویستە لەو نیگارە خۆمان بدزینەوە چونکە فۆنیم نییە، بەردەوام نییە و داخوازی دەنگسازییە و... لەوەشدا زۆرم بۆ ئەو قورس کردنە بەجێ هێشتوە چونکە بەپێی تەعریفی فۆنۆلوجستەکان فۆنیم نەبێ مافی نیگار بۆ دانانی نابێ.

دەنگی هەمزە

گۆتارەکەی د. ئاوڕەحمان کە بیروڕای فۆنۆلۆجستەکان لە بارەی هەمزەوە پەسەند دەکات و لەوانەوە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ فۆنیم نەبوونی ئەو دەنگە، بەرەو لێکدانەوەیەکەوە دەڕوات کە لە

پێشەوە بڕیاری خۆی داوە بە ئیعدام کردنی هەمزە. تەنانەت هەبوونی لە بەرایی وشانەوە بە بەڵگەی نەبوون دادەنێت. ئەو مامۆستایانە دەیانەوێ بسەلمێنین کە هاتنی هەمزە لە بەرایی وشە تەنها بۆ دەرپەڕینی ئەو ڤاوڵانەیە کە بەدوایدا دێن.

د. ئاورەحمان دەنووسێت: «هەمزە... دەنگێکی یاریدەدەرە لە سەرەتای ئەو وشانەوە وەیا ئەو بڕگانەوە پەیدا دەبێ کە بە بزوێن دەست پێدەکەن».

جارێ دەبێ وەکوو بەدیهیە بزانین کە دەست پێ کردنی وشە وەیا بڕگە بە «بزوێن» لە بنەڕەتدا موستەحیلە. بزوێن هەمیشە بە دوا کۆنسنانتدا دێت. تەنها لێرەدا تێبینیەک هەیە دەبێ بن لێو نەخرێ. دوو دەنگی بزوێنی «و، ی»ی درێژ شێوەی کۆنسنانتیشیان هەیە، ڕاستیەکەشی دەبێ بڵێین «و، ی» بە بەریانەوە هەیە ببنە بزوێنی درێژ.

لە وشەی «یار، پایز، وەشت، دەروازە» دا هەردوو دەنگی «ی، و» کۆنسنانتن هەرچی دەنگی ئەلفە هەر بزوێنە و نابێتە کۆنسنانت. هەندێک لە زمانزانانی کۆنی عەرەبی کە هەمزەیان بە ئەلفی کۆنسنانت داناوە زۆر لە سەهوودان تەنانەت یەکێکی وەکوو «ابن درستویە» لە کتێبی «تصحيح الفصيح» دا هەمزە بە دەنگێکی سەربەخۆ دادەنێت. بزوێنی کورت لە دەنگی ئەلفیش پتر پابەندی کۆنسنانتە چونکە هێندەی ئەو وجودی سەربەخۆی نییە: تۆ بێنە وشەی «گە، گا» لە ڕیکۆردەردا تۆمار بکە و دواتر دەنگەکەی «گ - ک» لە هەردووکیاندا بسڕەوە و گوێ بگرە لەوەی بە بزوێنی دەمێنێتەوە دەبیەیت دەنگەکەی ئەلف دەناسرێتەوە باشتر لەوەی کورتە بزوێنی «فتحة» بناسرێتەوە. بەهەمەحاڵ ئەم لایەنە سەرێشەی کێشەی هەمزە نییە.

ئاخێوەر کورد بێت و عەرەب بێت و ڕووس بێت ناتوانێ دەنگی بزوێن لە بەرایی وشە بدرکێنێت. ئنجا کە هاتنی بزوێن لە بەراییدا موستەحیل بێت چۆن بسەلمێنن مام «بارام» یێکی بەر لەوەندە هەزار ساڵە بیری بۆ ئەوە ڕۆشتوە هەمزە بخوڵقێنێ هەر بۆ ئەوەی موستەحیلەکە بکات بە مومکین. بۆچی نەهات دەنگی کۆنسنانتی دیکەی حازر بەدەست بخاتە پێش ئەو بزوێنانەی هەمزەی خستنە پێش، خۆ لە هەزاران هەزار شوێنی دیکەدا وەهای کردوە کە هەمزە فۆنیم نەبێت و مەوجود نەبێت بۆچی، لەجیاتی «ئێرە، ئاو...» نەگوترا «ڤێرە، ژاو». ئنجا ئەگەر بڵێ چ قەیدی هەیە هەمزە تێدا بەکار بهێنێت منیش دەڵێم چ قەیدی هەیە دان بەوەدا بهێنیت کە هەمزەش وەک «ف، ژ» فۆنیمە و دەنگە و پێک هێنەری وشەیە و بەلادان و گۆڕانی واتا یا نامێنێ یا دەگۆڕێ؟ ئەم ڕاستیانە بۆچی بکوژرێن؟ هەر هەتا هەمزە بکوژرێ؟

چەندێکی فکرم دێنم و دەبەم بۆ ئەوەی هۆیەک بدۆزمەوە فۆنۆلۆجستی ڕۆئاوای ئیقناع کردبێت بەوەی هەمزە فۆنیم نییە هەر ئەوەندەم بەبیردا دێت کە لە کۆنەوە نیگاری بۆ دانەندراوە ئیتر چاوی بە نەبوونی ڕاهاتوە، دواتر دەرکی کرد کە بە زۆری وەیا هەمیشە بزوێنی بەدوادا دێت لەوەڕا یەکەندەر دوودڵی تەسکین بوو بەوەی کەوا هەمزە هەروەک نیگاری نییە فۆنیمی ڕەسەنیش نییە... جا ئەگەر ئەمەش سەبەب نەبێ هیچ سەبەبێک نامێنێتەوە لە ڕووپەڕەی زمانناسی و دەنگسازیدا بە بۆرە تەئویلیش پشتگیری لەو ڕایە بکات چونکە دەنگی هەمزە نەک هەر هەیە و بەس، بەڵکو لە دوو ڕووەوە پێش دەنگەکانی دیکە دەکەوێتەوە:

1) دەنگی هەمزە یەکەم فۆنیمە ئاوازەدارە (دواتر لەسەر ئەم خاڵە دەڕۆین).

2) لە هەموو زماناندا هەیە کە دەزانین فۆنیمی دیکەی وەک «چ، ژ، ط، ص، ڤ، ث، غ، پ، گ، ذ، ک، ڵ، ح، خ، ض، ظ، ع» هێندەی هەمزە پەرەسەندوو نین. لە دیاردەی پێشکەوتنەوەی هەمزە لە بزوێن ڕاستیەکی فۆنۆلۆجی هەیە زۆر بە سەیری سەرەوبن کراوە: هەمزە بزوین بەدوا خۆیدا دەهێنێت نەک بزوێن لە هیچەوە هەمزە خەلق دەکات و دەیخاتە پێش خۆیەوە. لەو دێڕانەی دواتردا ڕاستی مەسەلەکە ڕوون دەکەمەوە، بەداخەوەش کەس لەسەری نەنووسیوە وەیا بۆی نەچوە تا سەرچاوەیەک یارمەتی نووسینەکەم بدات. چی لێرەدا دەیڵێم شتێکە یەکەم جارە دەگوترێ یاخود هەر نەبێ

بەلای خۆمەوە یەکەم جارە، چونکە نە لە کەسم بیستوە و نە لە کەسیشم خوێندۆتەوە.

ڕۆشنبیری کورد، دەنگناسان بەتێکڕایی!

نەک تەنها هەمزە بەڵکوو سێ دەنگی دیکەش لەوانەی پێیان دەڵێن «حروف الحلق» لە کوردیدا بە دەگمەن نەبێ بێ بزوێن نایەن. دەنگەکانی «ء، هـ، ح، ع» هەمیشە لە سەرەتای وشەدا بزوێنی ئاشکرا لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن.

دەنگی هەمزە بەرەژوورترین دەنگی ئاوازەدارە، هێندیش بەرەژوورە لە عەینی ژێ دەنگەکانەوە، کە ئاوازە پەیدا دەکەن، دەردەچێت.

دەنگی «هـ» بەرەژوورترین دەنگی کپە کە ئەگەر هاتبایە بە ژێ دەنگان بکەوتبایەوە دەبوو بە هەمزە. هەر ئەم نزیکایی شوێنی لێوە هاتنیانیشە دوو ئەنجامی بەخشیوە.

ئەنجامی یەکەم ئەوەیە دەنگی «هـ»ش بەزۆری وەک هەمزە لە نێوتوێژی وشەدا تێدەچێت. بە نموونە کاری «هات» لە ئایندەدا دەبێتە «دێت» و بەدەگمەن نەبێ ناگوترێ «دەهێت»، لە سلیمانیش بۆتە یەت. لە ڕێژەی فەرماندا دەبێتە بێ:

گێل ئەگەر تورکی، تعال گەر عەرەبی
بێ ئەگەر کوردی وەگەر فارسی بیا

کاری «هێنام» دەبێتە «دێنم»، هەرچەند دەشگوترێ «دەهێنم»، بەڵام لە فەرماندا بەزۆری «بێنە» لەباوە چونکە نیشانەی «ب» بزوێنی نییە وەک کە نیشانەی ئایندە «دە» بزوێنی هەیە. «هاڕین» لە وشەی لێکدراودا دەبێتە «دەستاڕ» نەک «دەستهاڕ». «هاویشتن» لە لێکدراودا دەبێتە «ڕەشاوێژ» نەک «ڕەش هاوێژ».

- ڕاهەژاندن بۆتە ڕاژاندن
- ڕاهێڵ بۆتە ڕایەڵ
- هەڵهاتن بۆتە هەڵاتن - هەڵهێنان بۆتە هەڵێنان

لەمەوە دەردەکەێ: تێچوونی دەنگی هەمزە لە ناوتوێژی وشەدا وەک تێچوونی دەنگی «هـ» هیچ پێوەندی بە فۆنیم نەبوونەوە نییە: دیاردەیەکە دەچێتەوە بۆ سروشتی هەردوو دەنگ کە لە ژووررووی هەموو دەنگانەوە دێن. هەر بەپێی داخوازی فۆنەتیکیش وا چاوەڕوان دەکرێ دەنگی هەمزە کە ئاوازەدارە ئامادەتر بێ لە دەنگی «هـ» بۆ ئەوەی لە ناوتوێژی وشەدا خۆی بەدەنگی ئاوازەداری بزوێن ببەخشێت.

ئەنجامی دووەم ئەوەیە کە لە زۆر وشەدا هەمزە و «هـ» ێ بەیەکدی دەگۆڕدرێتەوە:

لە فارسی: أنار. أنجیر، أنگبین، أنبان، أبر، أوردن

لە کوردی: هەنار، هەنجیر، هەنگوین، هەنبان، هەور، هاوردن

- ئۆدە بۆتە هۆدە

- ئەپوان بۆتە هەیوان
- ئەڵووژە بۆتە هەڵووژە
- ئاسان ، هاسان
- ئێسک ، هێسک

چونکە دەنگی هەمزە و «ع» ئاوازەدارن بەیەکدی دەگۆردرێتەوە:

«ئاسمان – عاسمان»، «ئەرز – عەرز»، «ئەزیەت – عەزیەت»، «ئەژدەها – عەزیا»، «ئەبابەیلێ – عەبابەیلێ»، «ئەستەم – عاستەم»، «علیق – ئالیک»، «عومەر – ئۆمەر – هۆمەر»، «ئەنتیکە - عەنتیکە»، «ئەلەتریک – عەنەتریک»، «ئەنەدۆڵ – عەنەدۆڵ» هەرچوار دەنگی «هەمزە، ه،، ح، ع» کە لە قورگەوە دێن بزوێن بەدوا خۆیاندا دەهێنن. دوو دەنگی «ح، ع» کە کوردی ڕەسەنیش نین دوای ئەمەی پەڕینەوە بۆ ئاخاوتنی کوردی هەمان دەستووری «هەمزە، ه،» یان بەسەردا دێت. لە عەرەبی هەردوو دەنگ دەشێ بوەستێندرێن وەک «رعب، نبع، سبعی - رحب، نحو، رمح» بەڵام لەکوردیدا وشە نییە ئەو «ح، ع» ـە تێیدا بێبزوێن بێت وەک، عیو، عەزیا، حوشتر، حەفت...» ناوناوەیەک نەبێ کە بەدوا بزوێندا دەوەستن وەک پەح، تەح – دەعبا (لەدابەوە هاتوە) - مەعیەن لە معین - ەوە هاتوە...) ناشزانم وشەی «بلّح» لە کوێوە هاتوە بە خۆی و «ح» ی بێ بزوێنیەوە.

قسە لێرەدا لەگەڵ ئەو وشانەیە کە شکڵی کوردییان وەرگرتوە نەک وشەی عەرەبی کە وەک خۆی ماوەتەوە وەک «بەحر – بحر». لە ئینگلیزیشدا دەنگی «ه» وەک دەنگی «هەمزە» هەم لە بەرایی وشەوە دێت هەم بزوێن بەدوا خۆیدا دەهێنێت. وشە هەیە وەک Re – hearsal بەهۆی پێشگرەوە دەنگەکەی «ه» تێیدا ناوتوێژ بکا لەوانە بەولاوە زۆربەی هەرە زۆری دەنگی «ه» لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا دەکەوێتە بەرایی وشەوە.

وشە هەیە شکڵی «ه»ی تێدایە بەڵام ناخوێندرێتەوە وەیا دەنگەکەی «ه» پێش دەیەخرێ وەک when, where وشەی who بە «هوو» دەخوێندرێتەوە. سەرەتای ئەو وشانەی بە «ه» دەست پێ دەکەن وەهان:

«hy, hu, ho, hi, he, ha» واتە بزوێن دەکەوێتە پاشیەوە وەک هەمزە.

مامەڵەی فارس لەگەڵ «ه» دا جودایە چونکە لەناوتوێژ و کۆتای وشەدا دەردەکەوێ وەک «ئەهرەمەن، نهادن، نەهرە، شاه، ماه، کۆتاه، ستوه...»

بەهەمەحاڵ لەوێشدا دەکەوێتە دوای بزوێنەوە، لە سەرەتای وشەوەش هەر دەبێ بزوێنی بە دوادا بێت وەک دەزانن زمانەکان هەموویان یەک دەستووری دەنگسازییان نییە بۆیە ناشێ دەستووری ئەمیان بە بەڵگە دابندرێ بۆ ئەوەیان وەیا حوکمی دەنگسازی غەیری خۆی هەڵوەشێنێتەوە.

ناوناوەیەک لە کوردیدا «ه،، ح» بەیەکدی دەگۆردرێتەوە وەک «هفت-حفت، هەوا حەوا، هونەر-حونەر...».

لە کوردیدا ئەوەندەی سەرنجم گرتبێ تەنها لە دوو وشەی «ئنجا - ئحم» دا دەنگی هەمزە لە بەرایی وشەدا بێ بزوێنی ئاشکرا هاتوە دیارە «ئنجا»ش بە ئەصل «ئەم جارە» یە لە کۆتایی وشەی کوردیشدا دەنگی هەمزە لە «نەء، بەء» دا هاتوە کە گۆڕاوی «نا، با» یە.

دەنگی «ه» لە بەری سۆران و تێکرای کوردستانی خوارووەدا بە دەگمەن نەبێ لە ناوتوێژی وشەدا نەهاتوە وەک «نهۆم، سەربهوردی». هەرچەند بەتەواوی لە زارێ کرمانجی سەرودا دەنگی «ه»م بەتاقی نەکردۆتەوە بەڵام وابزانم لە وێدا پتر دەنگی «ه» هەم بە وەستاوی و

هەم لە ناوتوێژی وشەدا دێت. لە کرمانجی سەروودا مەیلێک هەیە بۆ وەستاندنی دەنگی بەرایی وشە تەنانەت «لە» دەکرێ بە «ل»، ئەمەش تا ڕادەیەک لەو دەستوورانەی دەنگسازیدا بەدەر دەداتەوە.

بەهەمەحاڵ ئێمە خەریکی دۆزینەوەی سەرەجوملەی دەنگسازی کوردی نین، خەریکین بزانین ئایا دەنگی «هەمزە» لە کوردیدا فۆنیمە یان نا؟ لەو نموونانەی کە دەشیەنە ناو نووسینەوە ئەم مەبەستە ڕوون دەبێتەوە، نموونەکانی زمانێکی وەک ئینگلیزی باشترە لە هی کوردیش وەرامی ماملۆستا زلەکانی فۆنۆلۆجی دەدەنەوە چونکە بەلای ئەوانەوە بەرچاوترن، ئنجا لە زمانێکیشدا هەڵدەهێنجرێن کە گۆیا دەنگی «هەمزە» تێیدا فۆنیم نییە. یەکچوونی دەنگی «هـ» و هەمزە لە ڕووی هاتن و نەهاتنیان لە ناوتوێژی وشەی ئینگلیزیدا و هاتنی بزوێن بەدوایاندا پتر یارمەتیمان دەدەن بۆ نزیک خستنەوەی دیاردەی «حروف الحلق» لەبەر چاوی ئەواندا چونکی لە زمانی ئینگلیزیدا تەنها ئەم دوو دەنگە هەنە لە گەرووەوە دەربچن، پێنجەکەی دیکە لەوێدا پەیدا نین، هەر شتێکی لە بارەی «ح، ع» وەوە بڵێم ناگاتە بەر چەژی دەنگناسیی ئەوان. بەهەمەحاڵ ئەو مامۆستایانە دەنگیشمان نەبیەن خۆ دەنگی ئەوان دەبیەین و زمانەکانیان تا ڕادەیەک دەبنە کێڵگەی تاقی کردنەوەی بیروراکانیان. لەبەر ڕووناکیی ئەو توێژینەوەی کە ئێمە بە بەڵگە تێیدا دەگەین بەو پێیە لە نێوان خۆماندا ڕێمان هەیە دەنگی یەکدی ببەین و ئەگەر شتێکی قەناعەت بەخشمان لەو مەسەلانەدا گوت لە یەکدی بسەلمێنین. من کە لە بارەی هاوچوونی هەمزە و «هـ»ـەوە دەستوورێکی دەنگسازی کوردیم ڕەچاو کرد دواتر زانرا بەڵگەی ئەو دەستوورە لە زمانی ئینگلیزدا پتر دەست دەکەوێ ڕێم هەیە داوا لە دەنگناسی کورد بکەم چاو بە بڕیارەکانیدا بگێڕێتەوە کەوا بە ئەسڵ لە دەنگناسی و دەنگسازی ڕۆژئاوای وەرگرتوون.

سەیری فەرهەنگی «المورد» بکە دەبینیت لە ئینگلیزیدا دەنگی هەمزە فۆنیمێکی وەهایە کە ئەژماری ئەو وشانەی بە هەمزە دەست پێ دەکەن پترە لە وشەی هەر یەکێک لە دەنگەکانی دیکە. هەموو ئەو وشانەی بە o, i, a و ئەوانی بە e دەست پێ دەکەن (جگە لە 50 وشەیەکی eu کە دەبێتە «یو») سەرلەبەریان هەمزەیین. بەشێکی زۆری ئەو وشانە بە u دەست پێ دەکەن ئەوانیش هەمزەیین، بە حیسابێکی سەرپێیی پتر لە 4000 چوار هەزار وشەی «المورد» هەمزەییە. ئنجا چەند موعجیزەیەکی گەورەیە کە بسەلمێنین ئەو میللەتە لە کۆنەوە حەزی دەکرد وشەکانی بە بزوێن دەست پێ بکەن، کە دیتی هاتنی بزوێن لە بەرایی وشەدا موستەحیلە هات و ئەم هەمزەیەی بە چوار هەزار وشەوە نا و بزوێنی بە دوادا ڕاکێشا و موستەحیلەکەی پێ سەرنەرم کرد. عاجباتی هەرە عاجیاتیش لەوەدا ئەوەیە کە جارێ نەیدەزانی دەنگسازی و بزوێن و کۆنسنانت چین چونکە ئەوسا نەخوێندەوار و کەڕەوار بوو... دەبێ جارێکی دیکەش جۆرە موعجیزەکارییەکی کردبێ کە هەمان ڕەفتاری لەگەڵ دەنگی «هـ» شدا کرد، خۆ نەشی دەزانی هەمزە و «هـ» لە «حروف الحلق»ن !!

دوو دەنگی «غ، خ» کە ئەوانیش بە هی گەروو داندراون، چونکە لە ڕۆخی بەرەو دەرەوەی گەرووەوە دەردێن و لە پیکی قورگەوە دوورن مامڵەتی کۆنسنانتی «ک.گ» یان لە گەڵدا دەکرێت و لە بەرایی وشەوە بە وەستاوی (بێ بزوێنی ئاشکرا) دێن وەک «خزین، خزم، خز، غریوە، غژە، غلۆربوونەوە...» بە لای باوەڕی منەوە دەنگی «خ» بەحاڵ هی گەروە چونکە خۆی لە دەنگی «ک» دەخشێنێت، تەنانەت بە هەوڵدان دەشێ دەنگی «ک» پشت «خ» بخرێتەوە وەیا «خ» بهێندرێتە دواوەی «ک». هەردوو دەنگیش بە یەکدی دەگۆردرێنەوە لە ناوتوێژ و کۆتایی وشەوەش دێن هەر وەک «ئاخ، ناخ، ڕۆخ، پوخت، سیخور – داغ، باغ، ڕاغ، جغز، شەغەڵ...»

د. ئاورەحمان کە دەڵێ هەمزە فۆنیم نییە دەبوو ئەو زمانانەی بە لای خۆیەوە هەمزە تێیاندا فۆنیم نییە، دەست نیشانیان بکات چونکە دەشێ دەنگێک لە زمانیکدا فۆنیم بێت و لە یەکێکی دیکە هەر پەیدا نەبێ. بە نموونە دەنگی «ض» هەر لە عەرەبیدا فۆنیمە. وەک دەزانم لەلای مامۆستاکانی ڕۆژئاواش هەمزە لە عەرەبیدا فۆنیمە. لێرەدا جیاوازییەکی بنجی هەیە لە نێوان فۆنیم بوونی «ض و هەمزە» لە عەرەبیدا: هەرچی دەنگی «ض» ـە تایبەتی عەرەبییە، بەڵام

که هەمزە لە عەرەبیدا فۆنیم بێ و هەمان دەنگیشی لە کوردی و غەیری کوردیدا هەبێ بۆچی لەوانیشدا فۆنیم نەبێ؟

د. ئاورەحمان لەو بەڵگانەی بۆ فۆنیم نەبوونی هەمزە هێناوینەوە گۆرانی دەنگی هەمزەیە بە بزوێن وەیا تێچوونیەتی.

ئەم بەڵگەیە لە جیاتی من وەرامی خاوەنەکەی دەداتەوە نەک یەخەی من و هەمزە دەگرێت چونکە لە کوردیدا کە دەماوەدەم بە لێژگەی مێژوودا بێ تۆمار کردن هاتۆتە خوارێ سوانی دەنگ و گۆرانی بە دەنگێکی دیکە دیاردەیەکە زەق زەق لە چاوان دەچەقێ، ئەو زمانانەی نووسینی کۆنیان هەیە دەقی وشە و ڕستە و ئامێر و ئامرازەکانیان پارێزراون و دەبنە پێوانەی گۆران و سوانێکی لە ئاخاوتندا بەسەریاندا هاتوە. ئاخاوتنی ئێستاکەی فارسی کە بەسەر زاری فارسەکانەوەیە زۆر دوورە لە شێوە ئەدەبی فارسی «دەری» کە لە هەزار ساڵەوە پێی دەنووسرێت و پێشتریش لە سەردەمی ساسانییەکاندا پێی دەنووسرا زۆریش لە دەقەکەی ئەوسای ماون. جا ئەگەر بەراوردێک لە نێوان فارسی ڕەمەکی و ئەدەبی وەیا عەرەبی ڕەمەکی و ئەدەبی. بکەیت دەزانیت چۆن تا ڕادەی سەرەوبن بوون لە یەکدی دوورن هەرچی کوردییە تەنها شێوە ئاخاوتنی بە میرات ماوەتەوە، لە شێوەی کۆنی کەمتاکورتێکی بێبایەخ نەبێ بەدەست ناکەوێت، ناوناوە لە ئاڤێستا و پەهلەوی وشەی ئەو تۆ دێت لە کوردی ئێستاکەدا هەیە و لە فارسیدا نەماوە یا هەر نەبوە وەک وشەی «گوشن ئەسپ» بەواتای «نێرە ئەسپ» کە لەوێدا وشەی «گوشن» بەواتای نێر لە شکڵی «گون» لە کوردیدا بەردەوامە و لە فارسیدا نییە. لە فرێزی «ئەنووشە ڕەوان» بەواتای «بێ مردن گیان – نەمر» وشەی «نووشە» کە بە واتای «مردن»ـە لە کوردیدا بۆتە «نوستن» کە برای مردنە و لە فارسیدا وێنەی نییە... لەو تەرزە کەمتاکورتە بەولاوە کوردیی کۆن وەجاغی کوێربۆتەوە. ئنجا کە بێینە سەر باسی قرتان و گۆرانی دەنگ لە کوردیدا هەمزەی بەستەزمان تێدا ون دەبێ چونکە هەتا بڵێی دیاردەیەکی بەرفرەوانە: یەکێک لەو دەنگانەی بۆ سوان و تێچون خۆشجڵەون دەنگی «ت» و دەنگی «د» ە. لە کرمانجی سەرووا هەموو «د» ی دوای «ر» تێ دەچێت وەک «مرن – مردن، کرن – کردن...». لە سلێمانی ئەم دەنگە بە زۆری کلۆر دەکرێت واش دەبێ بەدوا «ن» ـدا دەبێتە «گ» هەندێ جاریش بیستوومە دەیکەنە «و» وەک کە دەگوترێ «کاک ئەحمەو – لە جیاتی ئەحمەد» وشەی «مرۆ» و «مەرد» لە بنەڕەتدا یەک شتن... دەنگی «ت» لە «د»ش خۆشجڵەوترە بەتایبەتی لە دوا دەنگی «س» ـدا وەک: «دەستگا – دەزگا، دەستک – دەسک دەستێنێ - دەسێنێ - دەسەنێ، دەست – دەس، ڕاست – ڕاس...».

وشەی «هەڵ بستە» بۆتە «هەستە» بە تێچوونی «ڵ، ب» وەیا «هەڵسە» بە تێچوونی «ب، ت».

وشەی «ئێسقان» ی سلێمانی کە لە «استخوان» ی فارسیەوە نزیکە لە بەری سۆران بۆتە «ئێسک». «خشەئرە پاونە»ی سەردەمی هەخامەنشی بۆتە «شارەوان». لە زۆر باردا «فرۆشتن، کرۆشتن» دەبێتە «فرۆتن، کرۆتن». لە نموونەکانی پێشووتردا دیتمان چۆن دەنگێک بە دەنگیکی نزیکی خۆی دەگۆرێت، یەکێک لەوانەش دەنگی هەمزە بوو.

بێگومان مەیلی مرۆڤ بۆ ئاسان کردنی ئاخاوتن، بەرەو سواندنی دەنگ و سووکتر دەرپرینیەوە دەبات هەر ئەم هۆیەیشە وەها دەکات ڕێژەی ناوی کارای تێنەپەڕ لە زۆر شوێنی کوردەواریدا لە جیاتی «و» کە دەنگێکی قورسە «ی» بۆ بەکار بهێنن کە لەو سووکترە ئیتر لە جیاتی «نوستوو، ڕۆیشتوو، هەڵستاو» دەڵێن «نوستی، ڕۆیشتی، هەڵستای». بەری سۆران کە لامی قەڵەو دەکەن بە «ر»ی لاواز لەبەر ئەم هۆیەی سووک کردنی دەرپرینە. هەڵبەت دیارە «داخێوێ» لە «دەئاخێوێ» سوکترە هەروەهاش «بەرداش» لە «بەردە ئاش» و «سەراو» لە «سەرئاو» هەر وەک «هەستە» لە «هەڵبستە»سووکترە.

ئەم تەرزە بەڵگەیە کە لە ئاست هیچ دەنگێکدا نەکراوەتە هۆی بڕیاردان لە سەر فۆنیم نەبوونی، هەر بۆیە دێتە حیسابەوە کە لە سەرەتاوە بڕیاردراوە هەمزە فۆنیم نییە، سەرەڕای ئەوەی کە بە دەنگی وەک خۆی (ھ) نەگیراوە تا یەکچوونییان نیگار بکێشێت و هەنگاوی دواین بۆ بڕیاری ئیعدام کردنی نەختێک بوەخرێ بەڵگەی گۆڕانی دەنگ وەیا تێچوونی بۆ ئیسپات کردنی فۆنیم نەبوونی ئەو دەنگە، بەتایبەتی لە کوردیدا کە زۆر لە دەنگەکانی دەسوێن و تێدەچن، دەبێتە هۆی ئیعدام کردنی زۆربەی فۆنیمەکانی چونکە نابی «قیامەت هەر لەبەرخی مەلا ڕا بێ» و تەنها هەمزەی پێ ئیعدام بکرێ. بەشێک لە زمانەوانی کورد لە زاراوەی هەمزەش وەتەنگ دێن هەر وەک لە زاراوەی «کسرة، ضمة، فتحة»ش قەڵسن، گۆیا ئەمانە پاشماوەی سەردەمی دواکەوتن، کەچی هەرچوار زاراوە وێڕای ئەوەی کە مەبەست دەپێکن قسەش کورت دەکەنەوە. لە زمانەکانی ڕۆژاوادا وشەیەک نییە «هەمزە»ی پێ بناسرێ، لە هیچ زمانێکی غەیری عەرەبیشدا زاراوەی هێندە کورت و سووک نییە کە کورتەبزوێنەکانی پێ بناسرێتەوە. ئێمە دەڵێین «کورتە بزوێنی واو بێ» بۆ فەتحەش هیچ زاراوەمان نییە چونکە فەتحە کورت کراوەی ئەلف نییە... ئەمانە دەڵێم بۆ ڕاگەیاندنی دەوری لایەنی نەفسی مرۆڤ لە باسەکانی زانستی ڕووتدا.

ئەو بەڵگەیەی گۆڕانی دەنگی هەمزە لەو وشە عەرەبیانەدا کە دێنە ناو ئاخاوتنی کوردییەوە کە گۆیا ئەویش فۆنیم نەبوونی هەمزە نیشان دەدات تەنها لەو حاڵەدا قبووڵ دەکرێ کە دەنگی هەمزە لە کوردیدا نەبێت چونکە ئێمە کە لە ئاخاوتنی خۆماندا دەنگێکمان هەبوو و لە وشەسازیدا بەکار هات و بوە پێک هێنەری وشە و دەستەواژە و بە نەمانی واتا نەما چ پایەی کەم نابێتەوە بەوەدا کە لەبەر قورسایی دەنگەکە وەیا لەبەر شوێنی لە وشەدا بسوێت و بگۆڕێت چ لە وشەی کوردی بێت و چ لە وشەی بێگانە.

نموونەکانی د. ئاورەحمان لە عەرەبییەوە وەریگرتوون «دائیم – دایم، دائرة – دایەرە، مسئلة- مەسەلە، بئر- بیر» هەموویان هەمزەکەیان لە ناو وشەدایە کە ئەمە هۆیەکی کافییە بۆ گۆڕینی دەنگەکەی هەمزە وەیا سواندنی چونکە لە کوردی خۆیدا هەمزە لە ناو وشەدا دەرناکەوێ، ئنجا دەشزانین دەنگی «ی» سوکترە لە هەمزە، بەڵام چونکە لە وشەی «مسؤول» دا دەنگی «و» بۆ خۆی قورسە، ڕۆشنبیری کورد هەمزەکە دەهێڵێتەوە و نایکا بە «و» هەرچی نەخوێندوشن بە زۆری دەڵێن «مەنسوول». لە وشەی «مەئیووس» دا هەمزە تێ ناچێ لە «ڕەئیس و مەرئووس»یشدا هەروەها... ڕاستییەکەی هەموو کوردێکیش ناڵێ «دایەرە، دایم» بەڵام بەتێکڕایی دەڵین «قایمەکاری...». ئەمانە هەموو واز لێ بێنە و سەیرێکی ئەو وشە عەرەبیانە بکە کە بە هەمزە دەست پێ دەکەن وەک «ئەمیر، ئەسیر، ئیسپات، ئیسراحەت، ئەحەی ناصر، ئوستاز، ئوممەت...» لە هیچیاندا دەنگی هەمزە ناسوێت و ناگۆڕێت چونکە لە بەرایی وشەوە دێت کەچی، چونکی دانیشتوی سلێمانی حەز لە «یۆ...» ناکەن بە زۆری دەڵێن «وێسف، وێنان، وێنە» (ناوی گۆڕاوی: یۆنە) دوور نییە وشەی «وێڵ و تەرتیب»یش لە «یۆڵ و تەرتیب» ـەوە هاتبێت کە وشەکە تورکیە بەواتای «ڕێگە».

ئەو وشە عەرەبیانەی هەمزەیان لە کۆتاییەوە دێت، بە سەرزاری کوردەوە هەمزەکەیان لێ دەسوێت وەک «رجاء، وفاء، برئ، ناشئ» کە دەبنە «رەجا، وەفا، بەری، ناشی» چونکە ئەگەر کوردیش بانایە بێ هەمزە دەبوون.

سەیر لەوەدایە ئاخێوەری ڕەمەکی عەرەب لە هەندێ ناودا «هەمزەکاری» دەکات و دەڵێت «ئمحمد، ئحسین، ئستیڤن» کە لەمانەدا هەمزەکە زیادییەکە دەوری فۆنیم نابینێت وەک کە لە کوردیشدا دەگوترێ «عەوڵای عومبەران» ئەو «ب»ـە لەناوی «عمر» دا فۆنیم نییە چونکە. واتای ناگۆڕێ یاخود کە «کسارە» دەکرێتە «کەستارە» دەنگی «ت» لەوێدا فۆنیم نییە...

ئنجا ئێمە لەبەر ڕۆشنایی واقیع و بیروڕای ئەو پڕۆفیسۆرانەی هەمزە بە فۆنیم دانانێن و قورس کردنە بە فۆنیم دادەنێن دەتوانین پرسیار و وەرامی ئەوتۆیی تەرتیب بدەین:

- ئایا لە کوردیدا هەمزە دەنگە؟ بەڵێ دەنگە.
- ئایا کە تێچوو واتای تێ دەچێت؟ بەڵێ تێدەچێت.
- ئایا کە بەدەنگیکی دیکە گۆردرایەوە واتای دەگۆڕێت؟ بەڵێ دەگۆڕێت.
- ئایا بەسڕانەوەی ئەو دەنگە، کوردی ناتەواو نابێ؟ بەڵێ ناتەواو دەبێ.
- کەواتە ئەویش فۆنیمە وەک پ، ف، ل! نەخێر فۆنیم نییە.

بایێینە سەر قورس کردن:

- ئایا ئەو قورس کردنە بوونی سەربەخۆی هەیە؟ نەخێر.
- ئایا مومکینە تێبچێت؟ بەڵێ تێدەچێت.
- کە تێچوو واتە تێدەچێت؟ دەگۆڕێت؟ نەخێر نە تێدەچێت نە دەگۆڕێت.
- ئایا کە زەروورەتی مانەوەی بەسەرچوو تێدەچێت؟ بەڵێ لەزۆرباردا بەناچاری تێدەچێت.
- کەواتە فۆنیم نییە!
- بەڵێ فۆنیمە و دەبێ نیگاریشی هەبێ!!

تێبینی:

لە بارەی وشەی »هەناسە«

دوای لێ بوونەوە لە نووسینی ئەم گوتارە ڕێکەوت گێرامیەوە بۆ کتێبەکەی «فەرهنگ ایران باستان» و لەوێدا بەسەر وشەی «أن – ئەن» دا کەوتم کە لە ئاڤێستادا بە واتای نەفەس هەڵێنان هاتوە، لەوەوە زانیم کەرتی «هەن» لە وشەی «هەناسە» دا ئەو «ئەن» ـەیە و هەمزەکەی گۆڕاوە بە «ه» نەک وەک من بە هەڵە بۆ شی کردنەوە چووم... دەمێنێتەوە کەرتی «اسە» لە وشەکەدا کە نازانم لە چییەوە هاتوە.

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» ژمارە 95 ساڵی 1983
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

«...»

---

خۆدیتنەوە لە دوو ڕەخنەی دۆستانەدا

لەو دەمەڕا کە موژدەی نزیک بوونەوەی دەرچوونی گۆڤاری «کاروان» ـم پێ ڕاگەیەندرا چاوەچاوی هەوەڵ تروسکەی بووم وەکوو ئەستێرەی بەیانییان لە ئاسۆی خۆرهەڵاتەوە تریفەکانیم بۆ بنێرێ و لەگەڵ یێن و بەرامەی نزار و گوڵزارێکی تازە گەشایەوەی ئەدەبی کوردی، کەچی «بەختی خەواڵوو» م کردمی بەو ڕۆژوەوانەی کە لە دەمی بانگی ئێوارەدا وەنەوزی دابێت و خۆی لە تەراویحی نوێژی خەفتناندا دەبینێتەوە. منیش لە ڕۆژی دەرچوونی ژمارەی دوەمدا، ژمارەی یەکەمی «کاروان» ی خنجیلانەم پێ بوو بە ئەستێرەگەشەی پاش خۆراوا و قومە شەربەتی فتاری بە دەرنگەکاتەوە. تا من چاوم هەڵهێنا «کاروان» بە خۆی و کاڵای گەوهەریەوە لە کۆش و باوەشی گەرموگوڕی مەفتەن و خوێشاوەندی کورد و کوردستانە ئەزەلی و ئەبەدیەکەی حەسابۆە و گەشابۆە...

باڵای بە ئاڵوواڵای قەڵەمچنی ئەدیبە هێژاکانمانەوە ئاورینگی پەلکەزێرینەی دەدایەوە. چیم پێ نەما مەگەر وەک شاباشی دوای ئاهەنگ ئەم ڕیزە دراویلکەی وشەی بەسۆز و پەرۆش لەم گوتارەدا بەرەو هەنگاوی کاروانی پێشڕۆوە هەڵاوێژم و پێی ببمە بەشداری شەوارە و گۆزەبانەی کۆرپەیەکی نازدار.

ڕاستییەکەی، لە دڵی خۆمدا چاوی تەمام پڕیبوە بابەتێک لەوانەی کەمتر دێنە بەر نیگای خوێنەرانەوە بەڵکوو هەر نەبێ بەهۆی تازەییەوە شیاوی یەکەم بەخێرهێنانی چلچرایەکی نوێی ئەدەبی کوردی بێ، بەڵام ڕێکەوت وەهابوو لە ڕووپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەم دواییەدا نووسینی ئەوتۆ بڵاو بوونەوە ئەگەر زووبەزوو تێپینییان تێدا نەکرێ کژیان بەسەر دەچێ. لە هەوەڵەوە ویستم چەند بابەتێکیان لێرەدا ناوکێڵ بکەمەوە بەڵام خۆم لکاند بە تێررەنگ کردنەوەی دوو بابەتی سپیپات بوویەوەی ڕەخنە لێ گیراو کە پێوەندی هاوبەشایەتیم بە یەکیانەوە هەیە و خاوەنی ئەوەی دیکەیانم، لە هەردوو کاریشدا مەبەستی سەرەکیم ڕوون کردنەوەیە نەک لەسەرخۆ کردنەوە.

لە ژمارەی یەکەم و دووەمی «کاروان» دا دوو بەشی گوتاری مامۆستا ڕەئووف ئالانی لە ژێر سەرەناوی «نرخاندنێک» و «نرخاندنێک دەربارەی زاراوە زانستییەکان» بڵاوبۆتەوە لەگەڵ بەڵێنی دەرچوونی بەشی دیکەشی. هەرچەند وەها پەسەند دەکرێ کە دوای بڵاو کردنەوەی سەرلەبەری بابەت قەڵەمی تێبینی و وەڵام دانەوە بکەوێتە گەڕ، بەڵام ئەو بارەی منی تێدام بەبەریەوە نییە پشووی چاوەنۆڕی تێدا درێژ بکەمەوە هەرنەبێ لەبەر ئەوەی کە بە زەحمەت دەستم دەگاتە چاپەمەنی. ئەو دوو دانەیەش لە گۆڤاری کاروان بە ڕێکەوت تێیان هەڵئەنگووتم جا ئەگەر ژمارەی دیکەی لێ چاپ کرابێ تا ئێستا 15/2/1983 بە من نەگەیشتوە. ئەمە لە لایێکەوە، لەلای دیکەشەوە بە هەویا نیم لە ئاست ڕەخنەکانی مامۆستا ئالانیدا خۆم دانوسێنم لە هەرچی دەیڵێت و جوابەجێی لەگەڵدا بکەم. هەم لەبەر ئەوەی کە کاری وەها لە ڕادەبەدەر درێژخایێنە و هەم لە ڕووی ئەوەوە کە زاراوەکان لە سەرەتادا بۆ ڕەخنە لێ گرتن و عەیب پرینیان بڵاوکرانەوە. بەو پێیە نووسینەکەی مامۆستا ئالانی وەرگرتنەوەی خواییشتی لیژنەی ئەو زاراوانەیە و سپاسی بۆ دەچێتەوە لێرەدا من بەسەر ئەو شتانەدا دێمەوە کە تروسکەی زاراوەسازیی و زمانناسیی لە هەڵگێر و وەرگێریان هەڵستێتەوە، ئەویش بایی دەسەڵاتێکی لە بارمدا بێت.

1) لە بارەی «شێوە، ڕواڵەت، وێنە» وە: وەک من بۆی دەچم وشەی شێوە پتر لە «وێنە- ڕواڵەت» هۆگری «بابەت» دەبێت چونکە «ڕواڵەت» ڕووکەشێکی بێبایەخە «وێنە» ش بەلای شکڵی ناو ئاوێنە و کامێرادا دەچێتەوە. Form ی ڕۆژاواییش نە ڕواڵەتە و نە وێنە. ئنجا ئەگەر نیو هێندەی «ڕواڵەت و شێوە»ە چاوپۆشی لە کەرتی دووەمی زاراوەکە بکەین ئەوسا «شێوەپەروەرایەتی» گەلێک بەولای «ڕواڵەتایەتی و ڕواڵەتی» واتای «خۆ پێوە بەستنەوە« دەگەینێ کە لە ئەسڵی زاراوەکەدا مەبەستێکی بنەڕەتییە.

2) لە کوردیدا تەعبیری «پیت بە پیت» بەتایبەتی لە نێو مەلایاندا هێندەی دەقا و دەق و پتریش لە باو بوو، هەردووکیان بۆ یەک واتاش بەکار دەهاتن ئنجا هەر کامێکیان پەسەند بکرێ جێی خۆیەتی بەڵام نابێ ڕێگە لەوی دیکە کوێر بکاتەوە.

3) وشەی «ڕاڕەو» هەر چونکە لە واتادا بەرتەسکترە لە «ڕێگا - ڕێباز» پتر دێتە ڕەدایێ بۆ واتای «مذهب فلسفی» کە ئەویش بۆ خۆی باریکە ڕێگەیە.

4) لەگەڵ ڕوون کردنەوەی مامۆستا ئالانیش من هەر لایەنگیری «گومانگر» دەبم نەک «گوماندار». چی لیژنەش لە بارەی تیکڕای ئەم خاڵەی گوتوە پێوانەی زمانناسانەی تێدا کراوە، «تێپەڕ و تێنەپەڕ» لێرەدا بێ دەخلە. کەرتی دوای «گومان» یش چ «گر» بێت و چ «دار» هەردوویان تێپەڕن. هەر وەک دەگوترێ باجگر دەشگوترێ پارەدار و ملکدار و زەویدار و بەرهەنگدار. ئەم پاشگرەی «دار» لە «داشتن- داشتەن» ی فارسییەوە هاتوە کە «مضارع» -ەکەی دەبێتە «دارد» و ناوی کارای لێ پێک دێت و دەبێتە «...دار». ئەو مەبەستەی کە لە واتای «متشکک» دا هەیە لەگەڵ «گرتن» باشتر دەڕوا نەک لەگەڵ «تملک» کە دەکاتەوە «داشتەن- دارە - دار» چونکە لە «گرتن» دا «نیاز» ئاشکراترە.

5) لیژنە لە پەسەند کردنی ئەداتی «ەکی» بۆ نیسبەت نەیویست لە هەموو بارێکدا و بۆ هەموو زاراوەیەک هەر «ەکی» بەکار بێت چونکە دیارە «ی» نیسبەت هی بەلاوەنان نییە تەعبیری «خۆ لێ دزینەوەش» هەر لایەنی ناچاری ڕادەگەیەنێ و دیارە ئەگەر «ی» نیسبەت بۆ هەموو وشەیەکی دەست دابایە نە لیژنە خۆی لێ دەدزیەوە نە کوردەواریش زمانی لە «لاوەکی، شەوەکی..» دەگێرا. کەس نالێ و نەیگوتوە «کوردی، بەهاری، خۆماڵی...» دەبێ ڕەش ببنەوە، بەڵام بێگومان ڕستەی «ئەم کێشەیە هۆشەکییە نەک کردەکی» هەڵکەوتوو ترە لە ڕستەی «ئەم کێشەیە هۆشی یە نەک کردی وەیا کردنی».

تا ئێرە جوداوازی بیرورا لەم مەیدانەی نیسبەترا دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەتی زماناس و زاراوەساز چونکە هەردوو ڕێباز شوێن پێی ئاخێوەری پێوەیە، بەڵام وادیارە مامۆستا ئالانی «ی» نیسبەت و «ی» ناوی مەعنای بەلاوە یەک شتن: ئا لێرەدا قەناعەت ناکات چونکە لە ڕێی قەناعەتەوە «تێپەڕ» نابێتە «تێنەپەڕ» هەروەهاش «ی» نیسبەت نابێتە «ی» ناوی مەعنا و دەبێ کاکە ئالانی بەرەودوا بگەڕێتەوە و بە نێوان دوو ڕاستەڕێی ئەو دوو بابەتەدا سەرەژێر بێتەوە بێ ئەوەی تێکەڵیان بکات. خۆ هەرگیز موجامەلەش لەوەدا نییە کە بڵێم ئالانی یەکێکە لە تاک تاکی ئاخێوەری کوردی کە لە سەلیقەی هەستیاری زگماک و بێ خەوشەوە، کوردانە دادەرسێتە گوتن و نووسین، کوردانە لە بابەت هەڵدەپێچێت و کوردانە دادەپرێت و تێ دەکاتەوە. ئنجا ئەگەر ئالانی لەم جووت چاویلکەی بەربانی ڕێزمان پاژنەی تەڕ بووبێ کێ بێ جارەها و بارەها پێڵاوی لە دەقنی نووسین ڕۆ نەچووبێ!!

لە ئاخاوتن و نووسینی ئێستاکەی فارسی و کوردیدا بۆ نیسبەت و بۆ ناوی مەعنا هەمان «ی» درێژی قووچاو بەکاردێت و دەگوترێ- بۆ نیسبەت دەشگوترێ «جوانی- بۆ ناوی مەعنا» لە کۆندا بۆ نیسبەت «یک» و بۆ ناوی مەعنا «یهـ» بەکار هاتوە. کتێبە کۆنەکانی پەهلەوی و پێش پەهلەوی ئەم جودایی کردنەیان شتێکی دەستوورییە. بە نموونە لە لاپەڕە 10ی کتێبی «کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان»- نووسینی بهرام فرەوشی چاپی تاران 1354- ئەم وشانەی «چاپوکیهـ،، سواری» لە ناوی مەعنا و وشەکانی «گەرامیک، گرامی، ڕێزدار، ئەپاریک (بە واتای دیگر، هی تر)، نامیک، نامی، ناودار» لە نیسبەتدراو دەدیترێن. لە نێوان ڕۆشنبیرانی کوردی ئێرانیش ئەم زانیارییە وەک ئەلف و بێی لێ هاتووە بەڵام لای خۆمان مەسەلەکە هێندە ئاشکرا نیە. یەکەم جار لە لایەن د. فاروق عمر صدیقەوە. کە ئەوسا جارێ خۆێندکاریش بوو. باسی بنەچکی ئەم دوو «ی» ە بەگوتار لە گۆڤاری کۆڕدا بڵاوکرایەوە. بە نموونە وشەی «زندیق، زەندیک» نیسبەتە «بۆ لای زەند». دوور نابینم ڕێژەی «دەرەکی، ناوەکی...» ش لەو وشانەدا پاشماوەیەکی شێواوی ئەم نیسبەتە کۆنەی زمانە ئێرانیەکان بێت هەرچەند ناتوانم بڕیاری لەسەر بدەم چونکە زمانی کوردی بە نووسین شێوە ئاخاوتنی کۆنی نەپارێزراوە تاکوو بزانین لە کەنگینەوە ئەو ڕێژەیە پەیدا بوە و ئایا لە بنەڕەتەوە «ەکی» بوە یاخوە لە «یک» ەوە گۆڕاوە.

نموونەکانی مامۆستا ئالانی کە لە لاپەڕە 71، 72 ی ژمارەی یەکەمی «کاروان» دا بۆ نیسبەتی حیساب کردوون بەشی زۆریان هی ناوی مەعنان. وشەکانی «برایی، هاوبەشی، وشەسازی، داماوی، سەپانی، کەڵەگایی، هەرزەکاری، جودایی، لاوی، گەنجی، ئازایی، ئازایەتی، لاوێتی، گەنجێتی» هەموویان ناوی مەعنان و پێوەندییان بە نیسبەتەکەوە نییە لەبەر ئەمە ڕەخنەیەکی لەسەر بنەمای ئەو وشانەوە هەڵستابن بەرەو بۆشایی دەڕۆن. وا دەزانم بەکارهێنانی «ەکی» بۆ نیسبەت لە شوێن و باری ئاستەنگدا نووسەر و ئاخێوەر ڕەها دەکات بە نموونە:

- تێر بۆ شبعان
- تێری بۆ شبع

ئنجا ئەگەر ویستمان بڵێین «شبعانی» و ئەو «ی» ـەمان بۆ بەکارهێنا هەر دەبێ بڵێین «تێری»، کە بۆ «شبع» مان دانا کە ئیتر لەگەڵ «شبعانی» دا تێکەڵ دەبێ. بەڵام دەتوانین تاڕادەیەک چاوپۆشی لەو لەمپەرە بکەین چونکە لە هەموو زمانێکدا وشەی واتاجودا دەکەنەوە یەک فۆرم هەر وەک لە عەرەبیدا وشەی «أري- فعل مضارع للمفرد المتكلم» دەکاتەوە «أري- فعل ماضى للمفرد الغائب». لەمپەڕی گەورە لەوەدا دەبێ کە بمانەوێ ڕێژەی نیسبەت بۆ «تێری- بە واتای شبع» بەکاربهێنین و «ی» ی تێدا بخەینە گەڕ کە هەر دەبێتەوە «تێری». ئنجا ئەگەر هانا ببەینە بەر «ەکی» لەمپەڕ لە نێواندا نامێنێ:

- تێر بۆ شبعان
- تێری بۆ شبع
- تێرەکی بۆ شبعانی
- تێرەکیەتی بۆ شبعی

خۆ ئەگەر ویستمان «شبعانی- تێرەکی» کە ناوی مادەیە بکەینە ناوی مەعنا ئەوسا بەرانبەر «الشبعانية- کە مصدری صناعییە و ناوی مەعنایە» دەڵێین «تێرەکیەتی»، پرواش ناکەم دەرفەتێکی دیکە لە دەستووراتی زماندا پەیدا ببێ بۆ دەرباز بوون لەم ئاستەنگە.

ئەو وشانەی کۆتاییان بە «ی» ی درێژی قووچاو دێت وەک «برسی، ترۆزی، سۆفی» ناتوانن «ی» نیسبەت بەخۆیانەوە بگرن، ناشبێ خەیاڵ بۆ «برسییانە، ترۆزیانە، سۆفیانە» پروات چونکە ئەمانە ئاوەڵکارن هەرچی وشەی نیسبەتدراوە ئاوەڵناوە. ئنجا ئەگەر نەڵێین «برسییەکی، ترۆزیەکی، سۆفیەکی...» ڕێگەی کورتمان لێ درێژ دەبێتەوە وەیا هەر بە جارێ ڕێگەکە کوێر دەبێتەوە.

لە زۆر شوێنی کوردزماندا ئەگەر ناوی جێگە و ئاوایی وەک «جەلی، داریکەلی، سلێمانی» بە «ی» کۆتایی هاتبێت بۆ نیسبەت دەڵێن «جەلیەتی، داریکەلیەتی، سلێمانیەتی» واش دەبێ کورتی دەکەنەوە و دەڵێن «جەلەتی...» ئەم بەکارهێنانە تا ئێستاکەش باوە و بۆ خۆم گوێ بیستی بووم بەڵام خەریکە لە بن شاڵاوی شارستانەتی و خوێندنی نوێدا کە وا گەلێک ئادگاری میراتی تێ دەبات. ئەمیشیان تێ بچێت. باوەڕ دەکەم لەو گوندانەی قوتابخانەیان تێدا کراوەتەوە تەنها بەساڵداچووەکان بزانن بڵێن «سەرووکانیەتی، جیاقوولیەتی..» هەرچی وەچەی تازەیە خەریکە «دار، دوور، زار، زیر» فێر دەبێ و بەلای ئەو وشانەدا ناچێتەوە کە مامۆستاکەی لێیان بەڵەد نییە.

لە کوردیدا «ی» ناوی مەعنا هەر بەو وشانە دەوێرێ بیانکاتە ناوی مەعنا کە ئاوەڵناون و وەصفی مادە دەکەن نەک خۆیان مادەن وەک: جوان، جوانی، شیرن، شیرنی، ناسک، ناسکی- دزێو، دزێوی... زمانی کوردی وێرای «ی» سێ ئەداتی دیکەی هەیە بۆ داڕشتنی ناوی مەعنا:

1- ئەداتی «ەتی» وەک: پیاو، پیاوەتی، دایک، دایکەتی- برسی، برسییەتی...

2- ئەداتی «ایی» ئەمەیان بۆ مەبەستێکی ورد لە کاردێت: بە نموونە، وشەی «درێژیی» بۆ «مطلق الطول» دێت بەڵام کە ویستت «هەندێک طول» نەک «مطلق الطول» دەربپڕێت دەڵێیت «درێژایی ژوورەکە، شیرنایی شەکرەکە، ڕووناکایی پەنجەرە، بەرزایی شاخەکە، سەوزایی گیاکە».

ئەداتی «ایەتی» بە زۆری بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ بەکاردێت وەک «خزمایەتی، دوژمنایەتی، دۆستایەتی، کوردایەتی، قەومایەتی، مەردایەتی، کەسایەتی، ڕابەرایەتی، عەبدایەتی..» هەر ئەم ئەداتەیشە دەتوانێ ناوی مادەی ڕەق و زەقی بە پۆز وەرگێڕێ بۆ ناوی واتا وەک «بەردایەتی- التحجر، الحجرية. گەچایەتی - الجيرية. خۆڵایەتی، ئاسنایەتی...» زۆرینەی ئەو وشانەی دەنگی ئەلفیان تێدایە وەک «برا، گەدا» ئەلفی «ایەتی» یان دەسوێت و

دەبنە «برایەتی- نەک برایایەتی-، گەدایەتی نەک گەدایایەتی...» لە شوێنی دیکە دەمێکە ئەم دیاردەیەی تێ چوونی ئەو ئەلفەمڕوون کردۆتەوە و لێرەدا ناچمەوە سەری...

نووسەرانی سلێمانی بە پێی ئاخاوتنی ناوچەیی لە جیاتی «برسییەتی، ئەمینداریەتی، ئیتالیەکان...» دەنووسن «برسێتی، ئەمیندارێتی، ئیتالێکان...» هەرچی زۆربەی کوردە جۆرەکەی دیکە کە بەکارهێنانی ڕەسەنە پێڕەوی دەکەن. ڕەسەنایەتی ئەو جۆرەیان لە دوو بەڵگەوە بە ئیسپات دەگات. بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە زۆرینەی هەرە زۆری کورد دەڵێ «برسییەتی، وەلیەتی...» بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە ئاخێوەری سلێمانیش لە ناچاریدا بادەداتەوە بۆ ڕێبازە ڕەسەنەکە کە مەجبوورە بڵێ «ئیتالیە هونەرمەندەکان» چارت ناچارە بڵێی «برسییە هەژارەکان». مامۆستا ئالانیش بە ڕێبازی ئاخێوەری سلێمانیدا بۆ «لاوێتی، گەنجێتی...» چۆتەوە. هەرچۆنێک بێ ناشێ ڕێبازە ڕەسەنەکەی ڕێی لێ بگیرێ. تەنانەت لە وشەی وەک «ڕۆشت، گەشت» یشدا ناشێ «ڕۆیشت، گەیشت» کە ڕاستترە کوێر بکرێتەوە،

بێخود دەڵێ «لەو ڕۆژەوە ڕۆییشتوە تۆراوە دڵی من».
نالی دەڵێ «کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەییشتووت».
حاجی دەڵێ «کە پیر بووم تێگەییشتم دەستی گرێم».

ئەدیب لەسەریەتی لە مانە و لە هەرچی وەک ئەمان هەیە خۆی لە ڕێبازە ڕەسەنەکەی کوردی ڕابهێنێ. ئێمە لە سەرەتاکانی ڕەنگڕێژی کردنی شێوازی ئەدەبی کوردیداین. چی ئێستاکە ڕەگ دابکوتێ دەبێتە شەقامەڕێی تەعمیری کوردی. ئەو زمانەی شێوەی ئەدەبییان دەقی گرتووە لە ماوەی 50 ساڵدا یەک پیتیان لێ ناسوێ و ناقرتێ: کورت کردنەوەی بێ حیساب لە شێوە ئاخاوتنی ڕەمەکیدا دەبێ تا ئەوەی خەڵقی توونس لە ئاخاوتنی یەمەن ناگەن سنەییش زەفەر بە وتووێژی ئاکرێ نابات. چەندێکی بلوێ لە پاشماوەی کۆنە زمانەکەمان بپارێزرێ سوودی خۆمانە چونکە هەتا بەرەو دەق و دەستووری ڕەسەنەوە پرۆین خەڵقی تێدا کۆ دەبێتەوە و لە یەکدی حاڵی دەبن. کوردی لەو دوو هەزار ساڵەدا هێندەی لێ سواوە لە لزوم بەدەر بێ.

بەر لەوەی لە بەشی یەکەمی گوتارەکە پرۆم بۆ بەشی دووەمی چەند وردە تێبینی هەن پێیاندا تێپەڕ ببم:

کەرتەکاری »گر» پاشگری «گەر- بۆتەوە -گر» لە یەکدی جودان: هەرچی «گر» ە کەرتێکی کاری «گرتن» ـە. ناوی کارای لێکدراو (بە تەعبیری جاران اسم فاعلی مرکب) دروست دەکات وەکوو کەرتی زۆرینەی کارەکانی دیکە «جلشۆر، نانخۆر، باجگر، سەرتاش». بە عادەت کاری تێنەپەڕ لەگەڵ وشەی «صفة» و لەگەڵ ئاوەڵکاردا وشەی لێکدراوی ئەوتۆیی دروست دەکات چونکە بەرکاری ناوێت وەک «خۆشڕۆ، سەڕرۆ، بەسەرهات، زۆروەڕ...». هەرچی «گەر»- لە بەشی زۆری وشە لێکدراوی ئێستاکەدا بۆتەوە «گر» بارتەقای «ەوان» لەگەڵ ناو دێت و صیفەتی لێکدراو دەکاتە ناوی کەسابەت وەک «ئاسنگر، مزگر، دەرگەوان، پاسەوان».

لە وشەی «نێرکە پیاز»دا بەشی یەکەمی وشەکە لە «نێرەک» ەوە نەهاتوە بەڵکوو لە «نێرتک» ەوە سواوە. (بە ئەسڵ نێرتکە پیاز و دەستکە قوراده) بوە. ئێستاش لە هەندێ ناوچەی عەشیرەتیدا پیرەکان، بگرە زۆر کەسیان «نێرتک و دەستک» بەکار دەهێنن. هەر وەک وشەی «قننە» ش دەکەنەوە «قەڵنە» کە پتر بەرەو «قەلوون و قلیان» ەوە چۆتەوە.

وشەی «ڕێژە» بۆ «صیغە» دەست دەدات نەک «ڕێژگە». هەرچی «ڕێژگە» یە وەک «ئیستگە، بنگە، شەڕگە...» ناوی شوێنە نەک ئاوەڵناوی شوێن. وشەکەش لە «ڕێشتن» ەوە بەربۆتەوە کە بە هەڵە وەیا بۆ سووک کردن دەکرێتە «ڕشتن» بەڵگەش ئەوەیە کە لە ئاییندە و فەرماندا ئەو «ی» ـە دێتەوە:

- ئاوەکەم - ڕێشت
- ئاوەکە - دەڕێژم
- ئاوەکە - پڕێژە

«ڕێژە و پێرە» ش هەر بەڵگەن.

لە وشەی «کەڵەمێرد» دا ئەو «ە» یە کە فەتحەی عەرەبییە نێوبەند نییە. دەنگێک دەبێتە نێوبەند (ناوگر) کە بترنجێتە کلێشەی وشەوە نەک بێتە نێوان دوو وشەوە. بە نموونە لە وشەکانی «بزووتن، بزاوتن- بووردن، بواردن» ئەو «ئەڵف» ـە نێوبەند (ناوگر)ە. بەلای منەوە دەنگی «ر» یش لە «گرنج» دا ناوگرە ترنجاوەتە کلێشەی «گنج» هەروەها «ر» ی «قرژ» چۆتە ناو «قژ».

دەڕۆم بۆ ژمارە دووی «کاروان»

کاتی خۆی کە ڕەخنەکانی مامۆستا ئالانی بۆ کۆڕی زانیاری کورد هاتن گەرماو گەرم لیژنەیەک- بە سەرپەرشتی کردنی خۆم- دەستی دایە ڕێک خستن و ئامادە کردنی ئەو ڕەخنانە و هی دیکەش کە لە نووسەری دیکەوە هاتبوون بۆ بڵاو کردنەوەیان. وێرای ئەو ڕەخنانە، ئالانی، ڕاسپاردەی بەنرخی دیکەشی بۆ کۆڕ جێبەجێ کردبوو لە بابەتی فۆلکلۆر و کەلەپوور... خەریکی ڕێک خستنی ئەوانیش بووین بەڵام ڕێکەوت وەها بوو بەر لە سازدانی ئەو کارانە پێوەندیم بە کۆڕەوە نەما. زۆریشی نەبرد یاسای تازە دەرچوو «دەستەی کوردی» خستە شوێن کۆڕ و ئەو بوە بەرپرس. دەمەوێ زۆر بە خێرایی لە بەشی دووەمی نووسینی مامۆستا ئالانی دەرچم:

بۆ هەر مەبەستێک بێ «قسەڕستنەوە» بەجێ ترە لە «قسە کاوێژ کردنەوە». ڕەنگە «هاوبەندی» ش لە «هاودەنگی» بۆ «ترابط» لەبارتر بێ ئەگەر تارمایی «هاوبیری» بۆ خۆی نەباتەوە.

«ژیربێژی» بۆ هونەر وەیا زانستی «منطق» و «ژیربێژ» بۆ کەسێکی «منطق زان» بێ و «ژیربێژەکی» بۆ نیسبەت وەلای «ژیربێژی» کرە ناکەن. هەرچی «ژیربێژانە» یە ئاوەڵکارە وەک بڵێی: ژیربێژانە دەدوێ، کوردانە دەپۆشێ، مەردانە هاتەکایەوە، وشەکان لەم ڕستانەدا وەصفی کار دەکەن نەک کارا (فاعل).

ئەگەر «پۆلاندن» بۆ تەصنیف بێتە دەستوری داتاشینی «کار» لە «ناو» خزمەتێکی گەورە بە زمانەکەمان دەگات هەرچەند لە پۆلاندنیشدا هەر واتای کۆ و کۆمەڵ و ئاپۆرە وەردەگیرێ نەک واتای «جۆرجۆر و خواروژوور» کە لە «صنف» ی عەرەبی و Class ی ئینگلیزی وەردەگیرێ. بەڵام لزوم نابینم بینی پێوە بنێین و بڵێین «کابرا چەتری لێ دا و خۆی عەلیشیشاند...» مەگەر بەنیازی گەپ و گاڵتە کردن بێ.

وشەی «ڕەخسکان» لە ئاخاوتندا باوە هەرچەند لە هەموو هەرێمێکیشدا ئاشنا نەبێ. ئەم نەبیست بوونەی ئەدیبەکانمان کە دەچێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەتایی، یەکیان نەگەڕان و سەر لێ نەدان. دووەمیان نەبوونی چاپەمەنی لە هەموو هەرێمەکاندا، ئا ئەم نەبیست بوونە زۆر جاران دەمەتەقەی هەڵستاندوە تەنانەت جارێکیان نووسەرێکی سەر بە زمان لە ئاست وشەی «چیم» بە واتای «فریز- فریزوو» وەها نەسەلمێن بوو هەر لە بنەوە ئینکاری هەبوونی دەکرد. کەچی «فریزجار» بەواتای «چیمجاڕ»ە. ئەو پێمەڕەیەی بۆ کێڵانی زەوی چیمجاڕ دروست دەکرێ پێی دەڵێن «پێمەڕەی چیمپڕ». نووسەرێکی دیکەش بەرانبەر وشەی «ڕایەخ» سەری لەو «ی» ەی ناو وشەکە سورمابوو، بە درێژی لە تەعلیلی پەڕینەوەی یێیەکە بۆ ناو وشەکەی دەکۆڵیەوە چونکە هەر گوێ بیستی «ڕاخستن، هەڵخستن، خستن...» بووبوو کەچی فۆرمی

وشەکە «یەخستن، یێخستن، ئێخستن، هێخستن» ـە لە هەمووشیاندا دەنگی «ی» هەیە کە ئیتر دیارە «ڕایەخ» لەوان کەوتۆتەوە. گۆرانیبێژی کۆیی «حوسێنی حەبەتۆز» بەر لە 50 ساڵ پتر قەوانی دەرکرد دەڵێ «هات کاروانی کەرداران، یێخستیان لە بن داران، لێدەن دەردی حەلۆکێ...».

وشەی «تێ وەرێخ» لە دوو پێشگری «تێ، وەر» و کەرتێکی بەرایی «یەخستی» پێک هاتوە. هەر لەو جۆرە گوێ بیست نەبوونە جارێکیان دوو فەرهەنگنووسی کوردی لە وشەی «فروسمان» کە من لە نووسینمدا بەکارم هێنابوو ڕامان و نەیانبیستوو کەچی لە زۆر شوێنی بەری سۆران بە واتای «ئەفسوون لێ خوێندن، تەڵەسم بەند کردن» لە گەڕدایە. یەک لەو دوو فەرهەنگنووسە (زەبیحی) دواتر پێمی گوتەوە کە توێژینەوەی لە وشەکەدا کردوە و لە خەڵقی باڵەکەتی بیستوە لە جیاتی فروسمان دەڵێن «فلسمان». وادیارە وشەی «ڕەخسکان» یش بۆی ڕێک نەکەوتوە بەر گۆێگری بەری بابان کەوتبێ.

دەنگی «ک» لە وشەسازی کوردیدا دەورێکی چالاکی هەیە. لێرەدا کارمان بەیەک باری ئەو دەورە هەیە کە دەبێتە پاشگری کار و زێدە واتایەکی تێدا پەیدا دەکات. پاشگری «کا» لەچاو پاشگری «ا» خەستوخۆڵییەک وەیا شێوەگۆڕییەک لە وشەدا پەیدا دەکات. بە نموونە، لە ڕەگی «بزر» ەوە بە هۆی پاشگری «ا» کاری «بزران» پەیدا دەبێ. کە پاشگری «کا» ی پێوە لکا دەبێتە «بزرکان» و شێوەیەکی نوێ بۆ «بزرکاو» پەیدا دەکات لەچاو «بزراو». وشەی «پەشێو» دەبێتە «پەشێوان» و دەشبێتە «پەشێوکان» کە سەختترە لە پەشێوان، هەر خۆشیەتی بۆتە «پەشۆکان». دوور نابینم «هەڵپڕوان» و «هەڵپڕوکان» یش دوو دڵۆپی ئەو خورگەیە بن.

«نووزانەوە» بنگەی وشەی «نووسکانەوە» یە بەڵام دەنگی «ز» بە جیرانەتی دەنگی «ک» بۆتە «س» چونکە هەردووکیان واتە «س، ک» دەنگی کپن هەرچی «ز» ە ئاوازدارە لەبەر خاتری «ک» ـە کە خۆی کپ کردوە وەک وشەی «نازک» کە لە «ناز» ەوە هاتووە بۆتە «ناسک» لەبەر هەمان سەبەب، «بازوو» ش بۆتە «باسک». هەرچی وشەی «ڕەخسکان» ـە خزمەتی نزیکی «ڕەخسان» ـەو هەردوویان لە واتادا بە «ڕەخسین و ڕەسین» دەگەنەوە، بەڵام لە «ڕەخسکان» دا زێدە هێزێک هەیە.

ئەگەر «کۆگر» بە «جامع» وەربگیرێ «کۆنەگر» نابێتە «مانع»، دەبێتە ئەو شتەی هەندێکان دەگرن و هەندێکان ناگرێ. بۆ ئەوەی ببێتە پێچەوانەی «گۆگر» دەبێ بگوترێ «هیچنەگر» ئەوساش «هەمووگر» پەسەند تر دەبێ لە «کۆگر». بەڵام «هیچنەگر» هەر لە بەرانبەر «کۆگر، هەمووگر» دا دەسازێ نەخۆ «مانع» «هیچ نەگر» نییە.

لە کۆتایی ئەم پێدا چونەوەیەدا دەڵێم ماندووبوونەکەی ئالانی جێی سپاسە و دەبێ بەو پەڕی هەناسە درێژیەوە لەگەڵ زاراوەکاندا خەریک بێ. منیش ئەگەر چاوم بە نووسینەکانی کەوت و بە چاکم زانی پێیاندا بچمەوە تا پێم بکرێ تێبینیەکانم بۆ خۆی دەنێرم بە مەرجێک ئەدرەسی بزانم. زۆریش گوشاد دەبم هەر جارەکە دەبینم نووسەران لەو زاراوانە وشە وەردەگرن و بەکاری دەهێنن، وەک بڵێی حەسانەوەی ئەو باغەوانە هەست پێ دەکەم کە دەبینی نەمامەکە شین بوە و بەریشی گرتوە.

له «العراق» ی 9 ی شوباتی 1983 له ژێر سەرەناوی «وێنەی هونەری له شیعری حاجی قادری کۆیی دا» مامۆستا عەبدورەزاق بیمار بەدوا شی کردنەوەی چەند نموونەیەک له نیگارکێشیی هەستیارانەی بەهاریەکەی حاجی دەنووسێ:

«جا لەم ڕووەوە وتەکەی مامۆستای دانەری کتێبی «چەپکێک له گوڵزاری نالی» به ئاسانی ڕەت دەکرێتەوە که له لاپەڕە 199 دا گوتوویەتی: "یادی گوتەیێکی تری «دڵدار» دەکەمەوە که دەیگوت حاجی قادر له بەهارەیەکەیدا شوێن پێی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» ی هەڵگرتۆتەوە و ئەوسا من ئەمەم له دڵدار نەدەسەلماند کەچی ئێستا وەک بەدیهیە ئاشکرایە لەبەر چاوم چی دڵدار دەیگوت ڕاستە."»

چونکە دانەری ئەو کتێبە منم پێویست بوو لێرەدا نەختێک ڕووناکایی بۆ لای ئەو شوێن پێ هەڵگرتنەوەیە و ڕەت کردنەوەکەی بهاوێژم.

دەبێ له پێشەوە بڵێم شوێن پێ هەڵگرتنەوەی نالی له لایەن حاجی قادرەوە نەکەمایەتی تێدایە نه بدعاتێکیشه له کەس به عەیب بگیرێ. له نێوان شاعیرانی کورددا وێرای شوێن پێ هەڵگرتنەوە «تضمین و اقتباس» یش بەرچاو دەکەوێ که پتر له نزیکەوە خولیای شاعیر بەغەیری خۆیەوە دەلکێنێ. نالی که دەڵێ:

ناری سینەم گەرنەبێ غەرقم ئەمن
ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز

یەکسەر واتاخوازی لەم بەیتەی «ابن الفارض» کردوە:

فلولا زفيري اغرقتني
ولولا دموعي احرقتني زفرتي

بەڵام نالی مەهارەتێکی تێدا بەکار هێناوە وا بزانم لەو کتێبەی «چەپکێک...» ـدا ڕوون کراوەتەوە، جارێکیان باسی ئەم ئیقتیباسەم بۆ «بلە» کرد له پێشەوە نەیسەلماند بەڵام که گوتم ناشێ نالی شیعری تصوفی وەها... قسەکەی پێ بڕیمەوە و گوتی که تصوفت ناو هێنا سەلماندم.

حاجی قادر دەڵێ:

به «تضمین» بەیتەکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن من به ئەو نابم خەزەف قەت وەک گوهەر نابێ

«کەمەندی زولفی دوو لانه لەبۆ گەبر و موسوڵمانه
دەکێشن بێ محابانه چ لەم لابێ چ لەولابێ»

پێنج خشتەکی له لایەن کورد و غەیری کوردەوە جۆرێکه له تێک ئاڵانی دەروونی و ڕواڵەتیی شاعیر و شاعیر.. «تلمیع»یش هەر لەم بابەتانەیە.

ئەمانە هەمووی لە نێوان کورددا باو بوون بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێ «معارضە» لە کوردەواریدا بەرچاو ناکەوێ، هەر نەبێ من نەمدیتوە بەڵام وابوە دوو شاعیر هەمان پارچە هەڵبەستیان لە شیعری بێگانەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی وەک کە بێکەس و گۆران کردیان. دەشبێ بزانین ئەم بابەتانە تێکڕایان خۆ تاقێ کردنەوە و خۆ بەخەڵک گرتن و خۆ نواندنیان تێدایە هەر چەند ئەم نیازانەش ڕێ لە هەڵچوونی عاتیفە ناگرن، بگرە وەها بوە لە پێنج خشتەکی سەرکەوتوودا سۆزی شاعیری دووەم سەر دەکات کە بە ئاهەنگی سەد لە سەدی شاعیری یەکەم دەدوێت:

دڵی بردم بەناز و عیشوە دیسان شۆخی عەییارێ
فریبی دام بە چاوی مەستی خۆی مەحبووبی سەححارێ
لە هیجرانی تەقم کرد ئەی ڕەفیقانم کوا مەدەدکارێ
ئەمان مردم عەلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
وصال یا قتل یا تسکین لە هەر سێ بۆم بکەن کارێ

سەر لە بەری دیوانی شێخ ڕەزا تاکە یەک غەزەلی تێدا بۆ سۆزی دڵداری تای ئەم پێنج خشتەکیەی کردبێتەوە کە لە بڵێسەی «کوردی» ـیەوە ئاگری تێ بەر بوە.

«معارضە» بەو شیعرە دەڵێن کە لە کێش و قافیەی شیعری بەر لە خۆی هەڵبەسترابێ وەک ئەحمەد شەوقی موعارەزەی قصیدەی ابن زیدون:

أضحى التنائی بدیلا من تدانینا
وناب عن طیب لقیانا تجافینا

دەکات و دەڵێت:

یانائح الطلح اشباە عوادینا
تأسى لوادیک أم تشجى لوادینا

ئەگەر بەهاریەکەی حاجی لە کێش و قافیەی قصیدەکەی نالی بایە پێی دەگوترا «معارضە». لەلایەن کێشەوە هەردوویان لە یەکدی نزیکن تا ئەوەی هەندێ شاعیریش فەرقی پێ ناکەن، بەشێکی بەرچاوی «صدر» وەیا «عجز» ەکانی بەهاریەکەش وەک دێڕە شیعرەکانی نالی دەبنە 14 بڕگە بە نموونە: «لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا» 14 بڕگەییە، صدرەکەش 15 بڕگەییە.

لەم بوارەدا دەبێ ڕاستییەکی گرنگی دیکەش ڕوون کەرەوەی شوێن هەنگاومان بێ: داسەپاندنی بڕیاری «نییە» پتر موحتاجی بەڵگەیە لە «هەیە» چونکە مەبەستی «هەیە» بە تاکە یەک بەڵگە ئیسپات دەکرێ وەک ئەوەی گوێت لە خشپەیەک بوو و دەنگت دا «کێی؟» بە تاکە وەڵامی «منم» دەزانرێ خشپەی بەنیادەمە.

بەڵام کە وەڵامێکت وەر نەگرتەوە جەواڵێک بەڵگەت دەوێ تا ئیسپاتی «بەنیادەم نەبوون» ی خشپەدارەکە دەکەیت، ڕەنگە یەک بەڵگەشت چنگ نەکەوێ. لەگەڵ ئەمەشدا بڕیاردان لەسەر هەبوونی خزمایەتی لە نێوان ئەو دوو قەصیدە بەناوبانگەدا تا ئەوەی خەیاڵ لە «شوێن پێ هەڵگرتنەوە» بکەین بەبادی هەوا نابێ بەتایبەتی کە دەنگ و سەدای ئیعتیراز بڵند بوو: پێویستە لێرەشدا «منم» ێک بەخەبەر بهێنین.

ئەوسا لە «چەپکێک...» دا کەس بەرهەڵست نەبوو تاکوو بەڵگەکاری تێدا بکەم، قسەشم لە دڵدارەوە دەگێڕایەوە کە ئیتر لزومم نەدەدیت بە بەڵگە و نموونە هێنانەوە لە سیفەتی «شایەد» ەوە ببمە داواکار.

بەڵگەی ئەم شوێن پێ هەڵگرتنەوەیە لە چەند لایەکەوە تێک دەکەنەوە: نالی شاعیرێک بوە لە سەرامەدی شاعیرانی سەدەی نۆزدەم، چ سەیر لەوەدا نییە شیعری بێپتە ئەو «بەردە عازەبانە» یەی گەنجی لە خۆرازی هێزی خۆی پێ تاقی بکاتەوە. ئێمە بڵێین و نەڵێین نموونەی زێدە باڵا لە هەر هونەرێکدا هەبێ دەبێتە «سەرمەشق»، حاجی قادر لە چەندین جێگەدا باسی نالی و شاعیرایەتی دەکا. وەک دیتمان«تضمین» یشی لە شیعری کردبوو، لەو «تضمین» ـە بەهێزتریش هەیە کە دەڵێ:

زاهیرەن شیعرم لە کوردی و نالی زۆر کەمتر نییە
تاڵعم بەرگەشتەیە بەدبەختە بەختم نووستوە

پێم بڵێ کام شاعیری نوێخوازی کوردی لە تاووتینی «گۆران» ڕەها بوە؟ ڕەها بوونی چی؟ هەرچی هەیە دەڵێ گۆران دەروازەی شیعری نوێی کوردی خستە سەر گازەرای پشت.

واوەی گۆران، لەم ڕۆژەدا کام شاعیر سەرەتاتکە لە شیعری شێرکۆ بێکەس ناکات؟ ئنجا ئەگەر شاعیرەکانمان لە هەڵبەستدا باسی گۆران و شێرکۆ نەکەن و لە تۆژینەوەی ئەدەبیدا ناویان بهێنن خۆ حاجی قادر لە شیعردا خۆی بۆ نالی شکاندۆتەوە ئنجا هاتوە خۆیشی بەو و بە «کوردی» گرتوە - لەمە زیاتر چیمان دەوێ بیکەین بە ڕووناکی بۆ ناو دەروونی حاجی تا شەبەنگی نالی تێدا بدۆزینەوە؟ بە خەیاڵ لە حاجی بپرسین ئایا نالی و شیعرەکانی چ ئەسەرێکیان بوە لە ویژدانی ئەودا دەبێ چ وەڵامێکمان بداتەوە؟ ڕەنگە پرسیارەکەمان لێ عەیب بگرێ چونکە خۆی بە شیعری پاتەوپات ئەو ئەسەرەی کردۆتە بەڵگەنەویست. خۆ ئەگەر بگوترێ حاجی باسی شاعیری دیکەشی کردوە و هەڵی داوەتەوە دەڵێم:

1) باسی شاعیر و ئەدیبێکی بەقەدەر نالی نەکردوە.

2) شیعری کەسی دیکەی بە «تضمین» نەهێناوەتەوە.

3) لە نالی و کوردی بترازێ خۆی بە کەسی دیکە نەگرتوە بەدوا ئەمانەدا دەڵێم:

4) شوێن پێی غەیری نالی هەڵنەگرتۆتەوە.

لە فەرزی یەکێک بوو کە ئیسپات بکات کە حاجی بۆ غەیری نالیش دەروون کرایەوە بوو ئەوسا کاری من ئاسانتر دەبێ چونکە بەڵگەیەکی تازەم بەدەست دەکەوێ و ژمارە 5 ی دەدەمێ و دەیخەمە ڕیزی بەڵگەکانی سەروو.

ورد بوونەوە لە شیعرەکانی حاجی دەری دەخات کە لە مەیدانی «نالی نەوازی»دا حاجی بە سێ پلەدا تێپەڕیوە یەکەمیان ئەوە بوو گوتی «من بە ئەو نابم- وەیا ناگەم» دوەمیان ئەوە بوو گوتی «بەیتم لە کوردی و نالی زۆر کەمتر نییە» سێیەمیان ئەم بەهارییەیە کە بینبرکێی تێدا کردوە لەگەڵ «قوربانی تۆزی ڕێگەتم».

هەتا شاعیریش شاعیر بووبێ نەیتوانیوە هێندەی بەهاریەکە ڕاستی نموونەی سەرمەشقی کردبێتەوە لەوەشدا حاجی سەد جاران ئەو نەرمە چرپە چرپە و منگەیە ڕیسوا دەکات کە لەبن لێوانەوە دەڵێ حاجی لە شۆرەتی شاعیریەتدا قەرزداری قەومایەتیەکەیەتی. مایەی شانازی حاجی و ئێمەیشە، بەڵام هەزار قەومایەتی و حەقپەرستایەتی و مەلایەتی بەسەر یەکدا کەڵەکە بکەن «بەهاری» وەها پاراو و ئاورینگدار و ئەفسووناوی نازێن ئەگەر شاعیرایەتی لەگەڵدا نەبێ.

جاروبار حاجی بە زاری خۆی دەڵێ گلەیی لە کەموکووری ئەم شیعرەم مەکەن چونکە دەمەوێ «..لەم بەند و باوە دەربچن» کەچی لە بەهارەیەکدا لە پشت پەردەیەکی تەنکی وەقاردا ئەو

هەڵبەستە دەکاتە بەڵگە بۆ زمانی کوردی کە «بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ». حاجی ئەو لەخۆ ڕادیتنەی ناو بەیتی »زاهیرەن شیعرم لە کوردی و نالی زۆر کەمتر نییە» لەم بەهاریەدا بە ئیسپات دەگەیەتێ چونکە بەڕاستی نموونەیەکی هەرە پێشکەوتووی هونەری شیعرە بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، لە کوردی و غەیری کوردیدا. خۆ هەتا خەتمی کەلام بە شیعری شیرن هاتبێ شیرنتر نابێ لەمە.

بەهەمەحاڵ دەرخستنی مەهارەت و پەنجە ڕەنگینی و ئاراییشت و سۆز و هەستی بریندار و هەنیسکی غوربەت و واقیعیەت و ئەو جۆرە دیمەنانە لەو بەهاریەدا گەلێکی بەبەرەوە هەیە کە دەبێ لە لایەن بەڵەدی زانستە ئیسلامیەکان و ئەدەبی کلاسیکیەوە تۆژینەوە و شی کردنەوەی بین درێژی تێدا بکرێ، هەتا تێ دەگەین وەیا تێ ناگەین لە بەیتی:

پیالەیی زەڕی نەرگس لەسەر کەفی سیمین
لە بۆ نثاری مهیایە پڕ لە زێڕی طلا

چۆن شیا «ظرف» ی نێرگز خۆی زێڕ بێت و «مظروف» ەکەشی «زێڕی طلا» زێڕ بێت و هەر دووکیشیان «ظرف و مظروف» ئەو زەردایی یەی ناو نێزگزەکەن؟. تا تێ دەگەین شەکەت دەبین.

نالی ڕاسپاردەی بە بادی «خۆش مرور» دا بەڕێ دەکات، حاجی قادریش لە مەهارەتی خۆیەوە «بەختی خەواڵوو» دەدوێنێت و گڕۆچکەکانی هەناسەی بەرەو کوردستان بەڕێ دەکات. دیارە بەختیش پتر لە بای چالاک پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە و جێی خۆیەتی بەدەنگ بێت و بکەوێتە وتووێژ... لەوە بەولاوە ناوەڕۆکی هەر یەکێک لە دوو قصیدەکە دەبێتە تەرجومانی ئەو گیانەی ئاوەئاگرینەی بورکانی خۆی وەدەر دەنێ. هەر وەک لە «معارضە» دا دوو قصیدەی لە یەکدی ڕاماوی هاوکێش و هاوقافیەش دەبێ ناوەڕۆکیان جودا بێ دەنا قصیدەی «معارض» لە بایەخ دەکەوێ و دەبێتە لاسایی کردنەوە، لە شوێن پێ هەڵگرتنەوەشدا دەبێ ناوەڕۆک جودابن تەنانەت لە یەکدی نزیک بوونەوەیان لە بەیت و دوو بەیتدا قصیدەی دووەم دانالەنگێنێ. بە نموونە، حاجی قادر دەڵێ:

ئەگەر منم لە فراقیان کزەم لە جەرگەوە دێ
ئەگەر دڵە وەکو جەرگم دەڵێی ئەوا سووتا

قسەکانی خۆیان لەو دوو بەیتەی نالی دەخشێنن:

سووتا ڕەواقی خانەیی صبرم دڵ و دەروون
نەی ماوە غەیری گۆشەیی ذیکرێکی یا صبور

لەم شەرحی دەرد و میحنەتە لەم سۆزی غوربەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بکا عبور

خزمایەتی واتای ئەم بەیتانە هەر بۆیە لەسەر حاجی قادر بە لاسایی کردنەوە و واتا خواستنەوە حیساب ناکرێ چونکە مەحکەمی و «اصالة» ی سەرلەبەری بەهاریەکە لە توهمەی وەهای دەپارێزێ، ئەویش وەکوو نالی لە بیرکردنەوەدا هەستی ئاگر تێ بەربوون دەکات، ئیتر چۆن ناڵێ سووتام!!

هەروەک حاجی شاکاری نییە بەرانبەر بەهاریەکەی ڕاوەستێ، سالمیش هەڵبەستێکی نییە بگاتە ئەو وەڵامەی کە بە «بادی سەحەر» دا بۆ نالی دەنێرێتەوە.

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادەکەی سەحەر
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو ڕاهی پر خەتەر

نە سەیرە و نە لە سالم - یش بە عەیب دەگیرێ کە لە جوابدا بە وشەکانی نالی دەست پێ بکاتەوە و هەمان بادی خۆش مروریش بکاتەوە بە پەیکی نامە هەڵگر چونکە ئەو یەکسەر لەبەر تین و تاوی پۆلوەکانی نالی دڵی خۆی دەتاوێنێتەوە. لە سالم و حاجی بترازێ «مصباح الديوان» یش شیعرێکی نەگوتوە هاوتای پێنج خشتەکیە بێپەردەکەی بێ کە ڕاستەوخۆ لە «مستورە..» ی نالییەوە تیشکی داوەتەوە، تەنانەت سەرنجم بۆ ئەوە دەکشێ کە «مصباح..» بە ئانقەست چوار مصرەعی هەرە پڕ هەست و خوستەکەی وصفی یاری هێناوەتە سەر قافیەی قەصیدەی «مستورە..» کە کێشیشیان لە گەڵیدا ڕێکەڵن:

وەک تازە هەڵووژێکی لە ناو دوو لقەدا بێ
وا ڕێک گوشرابێ کە لە دوو ... هەتاد...

بەش بەحاڵی خۆم هەستی سەربڵندی دەکەم لەوەدا کە سێ کەڵەشاعیری کورد بە ڕەفاقەتی سەرامەدێکی شیعری کوردی بەسەر خۆیاندا زاڵ بوون.

ئێستا بە ئیزنی کاکە بیمار وا پەسەند دەکەم هەڵەی ئەو بەیتانەی بە نموونە لە بەهاریەکەی هێناونەوە ڕاست بکەمەوە. بە داخەوە زۆر لە دیوانی شاعیرە بەسەرچوەکانمان لە نووسینەوەدا هەڵەیان تێ کەوتوە جگە لەوەی کە لە دەمی چاپ کردنیشدا هەڵەیان تێدا دەکرێ تا ئەوەی کێشی بەیتەکان تێک دەچێت، ناوناوە مەعناشیان نامێنێ.

مصرەعی «لە کێو و کەژ کە سەر لە ئێوارە مالات» بەم شکڵە پازدە بڕگەیە کە دەبوو لەبەر وشەی کۆتایی مصرەعەکە «مالات» چواردە بڕگە بێ چونکە ئەم وشەیە لە وانەیە لە دوو بڕگەوە بکرێتە سێ بڕگە و کێشی شیعرەکەش تێک نەچێ. بۆ ڕوون کردنەوە دەڵێم ئەگەر مەصرەعەکە بەڕاستی وەرگیرابایە دەشیا «مالات» ەکەی بکرێتە «مەڕوماڵ» و کێشی تێک نەچێ کەچی ئێستا دەیکاتە شازدە بڕگە. وا بزانم دەبێ بگوترێ: «لە کێو و کەژ کە سەر ئێوارە دێتەوە مالات». لەمەشدا پێویستە «سەرێوارە» بخوێندرێتەوە دەنا کێشی تەنبەڵ دەبێ. بەم جۆرە ئەگەر بگوترێ «.. مەڕوماڵ» کێشی ناشێوێ چونکە وەک لە پێشتر گوتوومە بەحرەکە بە پێی سازدان 14 بڕگە و 15 بڕگەش هەڵدەگرێ. تۆ بێنە «لەسەر کەفی سیمین» بکە «لەسەر کەفی گوهەرین» کێش عەیبدار نابێ، لێرە قسە لە نەشێوانی کێشی شیعرە، دەنا دەزانم حاجی نەیگوتوە «مەڕوماڵ». وشەی «گوهەرین» یش جێی نابێتەوە لەو مصرەعەدا چونکە زەردایی نێرگز بۆ زێڕ دەچێتەوە نەک گەوهەر.

مصرەعی «مەلائیکەی سەر تاق و ڕەواقی مینایی» بۆتە 13 بڕگە و هەڵەیە دەبێ بڵێین: «مەلائیکەی سەری تاق و ڕەواقی مینایی».

وشەی «جومبش» دەبێ بنووسرێ «جنبش – جونبوش» چونکە لە «جنبیدن» ـەوە هاتوە. «منارەی جنبان- جونبان» ی ئیسفەهان ڕێژەی ناوی کارا (اسم فاعل) ی «جنبیدن» ی تێدا بەکار هاتوە.

هەردوو مصرەعی:

پیالەی زەڕری نێرگز لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەبنم وەک دوری لولۆی لالا

دەبێ ڕاست بکرێنەوە و ببنە:

پیالەیی زەڕی نەرکس لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەبنمی وەک دوڕر و لۆلۆی لالا

حاجی وشەی «نرکس و سیمین» ی گوتوە کە هاتین گوتمان «نێرگز» دەبێ بنووسین «زیوین».

مصرەعی: «بەهار وا هەموو ساڵێک دێتەوە ئەمما» بۆتە 12 بڕگە ڕاستییەکەی ئەمەیە: «بەهاری وا هەموو ساڵێک دەبیتەوە ئەمما» وەیاخود «بەهاری وا هەموو ساڵێکی دێتەوە ئەمما».

دەبێ بڵێین:

مەکانە: شەوقی بە عیلاتە...
حەیاتە: زەوقی بە ئەحبابە...

مصرەعی «بێ یو بچیەوە ئیستا (کانی) دیسان» بە قسەی عادەتیش قبوڵ ناکرێ. وا دەزانم ڕاستییەکەی ئەمە بێ:

گەر بێ یو بچیەوە ئیستاکە بۆ وەطەن دیسان
سەفەر دەکەی لە وەطەن دەچیە شاری جابولقا

لەم دەمەدا دیوانەکەی حاجی و دەسخەتی دیوانەکەشم لا نییە بزانم لەواندا ئەم بەیتە و ئەوانی دیکەش چۆن نووسراون، بە ڕێنمایی کێش و واتا و نەختێکیش یاریدەی بیرهاتنەوە قاڵبی ئەم بەیتانەم ڕاست ڕاگرتنەوە. ئەوەی ڕاستیش بێ هەرچی نموونەیەکە لەم نووسینەدا هێنابێتمەوە هی یاد کردنەوەیە ئنجا ئەگەر سەهوویان تێدا بێ لێم ببوورن. لە کۆتاییدا دەڵێم مامۆستا بیمار هەقی هەیە ئەو بۆچوونە پەسەند بکات کە بەلایەوە ڕاستە بەڵام منیش هەقمە بڵێم ئەو بەڵگانەی بۆ «بە ئاسانی ڕەت کردنەوە» ی هێنابوونەوە بایی ڕەت کردنەوە ناکەن. لەگەڵ ڕێزمدا.

مەسعوود محەمەد
وەشانی یەکەم: گۆڤاری کاروان، ژمارە 7 ی نیسانی ساڵی 1983 زاینی
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

«...»

---

لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک

هەندێ جار نووسین لە بارێکدا دەبێ بشێ پێی بگوترێ «فەرمانی ناچاری ئێسک قورس»، لایەنی ناچاریەکەی لەوەوە دێت کە پێویستی سەر شانی نووسەرە، تا ئەو ڕۆژەی پەنجەکانی لە نووسین دەکەون، خۆی نەدزێتەوە لە دەربڕینی ڕاستیی شرایەوە و ڕاست کردنەوەی شتی هەڵەدار و سازدانی شتی ناتەواو. لایەنی ئێسک قورسییەکەشی ئەوەیە، چەندێکی نووسین خۆی شرین بکات دیسانەوە کە ڕووی لە ڕەخنە گرتن و هەڵە دەرخستن و کەموکووری پرین بوو هەر دەبێتەوە بە وێنەی ناو ئەو ئاوێنە عەیبدارەی کە جوانترین ڕووخسار تێیدا وەک پەتیارە خۆی دەنوێنێ، من بەش بەحاڵی خۆم کە بەسەر نووسینی یەکێکی دیکەدا دەچمەوە هەستی ناڕاحەتی دام دەگرێ، ئنجا کوردی گوتەنی دەبێ هەستی «خاوەن تەعام» چۆن بێ! لە نێوان هان دان و بەرتەک دانەوەی ئەم دوو ماکەی فەرمان و ئێسک قورسییەدا چەند شەفاعەت کارێک ڕووی خامە سپی دەکەنەوە: دەست خاوێنی، نیازی پاک، ئەدەبی شێواز... نووسینێک ئەم مەرجانەی پێوە نەبێ خوێندنەوەی لێ خەسارە، چ جایی نرخی وەڵام دانەوەی هەبێ.

لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەم خاڵە سەرەتاییانەدا بەرەو بابەتی گوتارەکەمەوە دەڕۆم کە دەسکێ گوڵی چەند گوڵزارێکی نووسینی ئەم دواییەی ڕۆشنبیری کوردی هەڵبژاردووە بۆ خامە تاقیکردنەوە لە ئارایشت دانیان و خستنەوە بەر نیگای خاوەنە بەڕێزەکانیان و تێکڕایی خوێنەرانی خۆشەویستی کوردزمان.

مرۆڤ کە لە نووسیناندا شتێکی ئەوتۆێ دیت تێبینی هەڵبگرێ «کێچ دەکەوێتە کەوڵی» تا تامەزرۆی خۆی لێ دەشکێنێ بە نموونە کە «بەرگی دووهەمی یادی مەردان»ی مامۆستا مەلا شێخ کەریم خوێندەوە بە دەست خۆم نەبوو لە ئاست ئەو بەیتەی کە لە پەراوێزی لاپەڕە 15 دا مێژووی وەفاتی شێخ عەلائەددینی تێدا دیاری کردووە دڵم هەڵدەچوو بۆ ئەوەی دەنگی خۆمی بگەیەنمێ و بڵێم مامۆستای بەڕێزم نیوە بەیتی «گم شد از باغ محبت گل باغ عمری» کە بەدواییدا دەفەرمووێت «بە حیسابی حرووفی ئەبجەد نیوە بەیتی دوایی ئەکاتە 1373 و ئەوەش ساڵی کۆچی دوایی شێخە« ڕاستییەکەی 3198 دەگرێتەوە کەوا جارێ نزیکی 1800 ساڵی ماوە بیگەیەنێ. تەئریخەکە لە «گل باغ عمری» دەر دەچێ کە دەکاتە 1373. بەداخەوە دەنگم نەیگەییشتێ تاکوو وا لە سەر ڕووی ئەم لاپەڕەیە دەڵێم، بەئەدەبەوە، مامۆستا دەرهێنانی مێژووەکە ڕاست و شیرینە بەڵام لەو یادی مەردانەدا ئەوەی سەرپەرشتی کتێبەکەی کردووە بە وردی پەنجەی لە جەرگەی نیشانە نەکێشاوە.

هەر لەو کتێبەی «بەشی دووهەمی یادی مەردان» دا مامۆستای بەڕێزمان کە باسی شێخ نەبی ماویلی دەگێڕێتەوە بە چاکە و دینداری و مەلایەتی ناوی دەبات، دیارە مامۆستا قسەی لە جیلی پێش خۆیەوە وەرگرتوە چونکە سەردەمی شێخی ماویلی بە بیری ئەو نییە «بەپێی نووسینی مامۆستا لەو کتێبەدا شێخ نەبی لە 1301ک مردووە کە 100 ساڵ پتری بەسەردا تێپەڕیوە». لێرەدا ناچارم بە دڵی نائارامەوە بڵێم، بەڵگەی بێ کەلەبەر هەیە لەسەر ئەوەی کە شێخی ماویلی بۆ ماوەیەک لەسەرەتای ئیرشادیدا بەڕاستە شەقامی ڕێنموونی و خواپەرستیدا ڕۆیشتوو لەوە بەو لاوە ڕوو لە دنیا بووە. چونکە بەینێکی تەواویشی لە دەوری دنیادۆستییەکەی لە کۆیێ ڕابواردووە، لەو بەینەدا ڕاپەڵەی ڕەفتاریشی کەوتوونەتە ڕێگوزەری حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی و حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی، گەلێ خەبەراتی ئەو سەردەمەی شێخی ماویلی پشتاوپشت بۆ ڕۆژگاری ئێمە هاتۆتە خوارێ، هەمووشی باسی لە دین دەرچوونی ئەوسای دەگێڕێتەوە تاکوو باری گەییشتە ڕادەیەک بوێژێکی ئەو ڕۆژگارە بڵێ:

«ست عشر» ژنیەتی بە مەزهەبی حیماری
«ابن آدم» نەماوە سەری پان کا وەک ماری

لەمانەش چاوپۆشی بکەین خۆ ناشێ شایەدیی حاجی قادر و کارەساتی بەینی ئەو و شێخی ماویلی بەلاوە بنێین! حاجی قادر هەروا لە خۆڕایی و بەربەیار نەیگوتوە:

شێخ دەڵێ باری ڕیاشانم جدەو ناکا ئەگەر
کێوی کارۆخ بێ گوتم صەد «بارک اللە» کەر «نەبی»

وەیا لە ئەستەمبۆڵەوە بە کۆیی-یان ڕادەگەیەنێ:

لە دەوری «کەر نەبی» تا دەوری «گای کوێر»
لە گوێی گا نووستوون زۆر حەیفە بۆ شێر

شیعرە پرندەکانی حاجی قادریش بوو وەهای لە شێخ نەبی کرد فەرمانی کوشتنی حاجی قادر بە مریدەکانی بسپێرێ، ئەوانیش ڕابسێنە کوشتنی، دەشیانکوشت ئەگەر فەقێ و موستەعید و خەڵقێکی لەو دەمەدا حازر بوون چەپارەی حاجییان نەدابایە، ئەم ڕاستییانە هی نەسەلماندن نین. کە بێین ڕازی بین بە دەنگوباسی دینداریی شێخی ماویلی دەبێ هەم مێژوو بە درۆ بخەینەوە هەم حاجی قادریش ئەوەندە نزم بکەینەوە کە ڕەوای کوشتن بێ، ئەوساش نازانین شیعرەکانی چ لێ بکەین بە خۆیان و پرشنگی بە هێزی دڵسۆزی و ڕابەرایەتییان لە مەیدانی نیشتیمانپەروەریدا.

مامۆستامان بە دڵی سافەوە لە «سیاق التصدیق» دا قسەی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە شایەدیی چاکەی شێخی ماویلییان سازداوە، لەمەشدا مەیلی فطری بۆ زۆر بوونی نموونەی پاکی و چاکی لە مرۆڤدا ڕێ خۆشکەرەوەی باوەڕهێنان بەو شایەدییانە بووە. لە چەند جێگەیەکی کتێبەکەدا هەڵەی چاپ وای کردووە واتای وشەکە بگۆڕێ وەیا فۆرمی شیعر بشێوێ هەندێک لەو هەڵانە لیستەی کۆتایی کتێبەکە لێیان بێدەنگە وەک کە نیوە بەیتێکی حاجی مەلا عەبدوڵلا لە لاپەڕە 175 دا، نووسراوە:

لە جێی من بەر شەقی دەم ئەو بەر لەقی دام

وشەی «ئەو» لەم نیوە بەیتەدا زیادە و لەنگی کردووە و بڕگەکانی لە یازدەوە کردووە بە دوازدە لە دەسنووسەکانی لای خۆمان کە من دیتوومن دێرە شیعرەی ئەم نیوەبەیتە پەیدا نییە، بەهەمەحاڵ سەرلەبەری ئەو هەڵانەی ڕاست نەکراونەوە لەناو کانی کتێبەکەدا وەکوو گۆلمە زیخی بنی حەوز نموودی نییە و بە نەبوو حیساب دەکرێ.

لە کتێبە سودبەخشەکەی د.کامل البصیر «ڕەخنەسازی...» دا کە مەیدانێکی بەرفرەوانی ئەو باسەی گرتۆتە بەر، دەشێ خاوەن ڕایان ڕەخنەی تێدا دەربڕن هەریەکە بە پێی بۆچوونی خۆی، من لێرەدا لەسەر خاڵ و نیوێکی دەنووسم ئەویش نەک بە گیانی ڕەخنە لێگرتن بەڵکوو بە نیازی خزمەتی کتێبەکە خۆی و فکری ناو کتێبەکەش.

خاڵەکە خزمەتی کتێبەکەی دەکات چونکە هەڵەیەکی چاپ و سەهوێکی پەلە کردنی تێدا چارەسەر دەکات. لە پەراوێزی ژمارە 32 ی لاپەڕە 39 هێما بۆ ئایەتی 22 ی سوورەتی «الشعراء» کراوە ڕاستییەکەی ئەو هێندەی بە ناوی ئایەتی 22 نووسراوە بریتییە لە ئایەتی 4 ئایەت، هەر لە 224 هەتا 227 ی کۆتایی ئەو سوورەتە:

- ئایەتی 224 «الشعراء یتبعهم الغاوون».

- ئایەتی 225 «ألم تر أنهم في كل واد یهیمون»

- ئایەتی 226 «وأنهم یقولون ما لایفعلون»

- ئایەتی 227 «إلا الذین آمنوا وعملوا الصالحات وذكروا الله كثیرا وانتصروا من بعد ما ظلموا وسیعلم الذین ظلموا ای منقلب ینقلبون». دیاره ژماره 22 ی پەراوێزەكە هەڵەی چاپە، بەڵام واپێ دەچێ هێما كردن بۆ تاكە ژماره سەهوو بێ. نیو خاڵەكەش تێبینی كردنە لەوەی د. كامل لە لاپەڕە 40 دا لە بارەی ئەو پێوانانەی قورئان لەو ئایەتانەدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەستیارەكانی داناوە و دەڵێ: «پێوانەی یەكەم: لە جەماوەری شاعیرە خراپەكانەوە هەڵهێنجراوە كە قورئانی پیرۆز بە نازناوی «الغاوون» وەصفیان دەكات، واتە: ئەوانەی پیشەیان ڕابواردن و لە خشتە بردنی خەڵقە.» لەم قسەیە وا دەردەكەوێ كە مەبەس لە «غاوون» ئەو كەسانەن كە شوێن شاعیرە خراپەكان دەكەون و هەر ئەو دواكەوتووانەشن ڕادەبوێرن و خەڵقی لە خشتە دەبەن. وەك دەزانین «غاوی» خۆی لە خشتەبردراوە چونكە بە واتای «ضال» دێت، لە «مختار الصحاح» دا دەڵێ: «غوی: ألغي، الضلال والخیبة. غوی فهو غاو، وأغواه غیره فهوه غوی». هەرچی شاعیرەكانن یەكسەر باسی لە خشتە بردنی خەڵقیان نەكردوە بەڵام لە ڕێی ئەو «غاوون» ـەو بە تەئویل دەبنە «لەخشتەبەر». لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبیشەوە قسەیەكی كورتم هەیە دواتر بۆی دێمەوە.

چاوێك بە كتێبەكەی «ئەنجومەنی ئەدەبیان»ی ئەمین فەیضی بەگدا بخشێنین: بێگومان لیژنەی وێژە و كەلەپووری سەر بە دەستەی كوردی لە كۆڕی زانیاری عێراق كارێكی مەردانەی كردووە بە ژیاندنەوەی بیرەوەری ئەمین فەیضی و ئەو شوێنەوارە تریسكەدارە و مەیلەو لە بیركراوەی. كاشكی لەو كارەیدا بە نەفەسێكی درێژترەوە ئەمین فەیضی بە كوردەواری ناساندبایە و پتر تینوەتی و تامەزرۆیی ئەدەب دۆستانی بشكاندایە، ئەویش بە دەرخستنی لایەنی نەزانراو لە ژیان و سەرجەمی چالاكییە زانستییە ئەدەبیەكانی ئەم بەهرەوەرە گەورەیەی كورد. پێشەكیە كورتیلەكەی لیژنە مێوانی نووسینی مامۆستا ڕەفیق حیلمییە، چی مامۆستا حیلمیش نووسیویەتی بە حاڵ لە مێوانەتیی ئەمین فەیضی بەگی دەرداوێ، تەنانەت نازانین «ئەكادەمی فرانسە» كەی و چۆن و بە چ موناسەبەیەك «تەقریری كەمالاتی ئەمین فەیضی كردبوو» بەپێی تەعبیری مامۆستا حیلمی. ئێمە باوەڕمان هەیە بە شایەدیەكەی مامۆستا حیلمی بەڵام تینووشین بۆ ئەوەی شارەزاتر بین بە بناوان و بنەمای ئەو خەبەرەی وەری دەگرین.

بەش بەحاڵی خۆم شارەزاییم بە ئەمین فەیضی چی ئەوتۆ فەرقی نەكرد، بگرە لە پەراوێزی بەرفراوانی كە من بەدەوری ناوی ئەمین فەیضیمدا كێشابوو، هەر لەبەر تەنگەبەریی پێشەكی و ناوەڕۆكی كتێبەكە، ئا لەو پەراوێزە كەمێك وێك هاتنەوە ڕوویدا... بێگومان ئەمین فەیضی گەلێك زلترە لە ڕانواندنی ئەم كتێبە هەر نەبێ لەبەر دوو سەبەب یەكەمیان هەژاریی كتێبەكە، دووەمیان لەو ڕووەوە كە بەرهەمی نووسراو چەندێكی ببێ بەشێكە لە ئەنباری زەخیرەی نووسەرەكەی، تەنانەت بەرهەمی نووسەر و زانا و هونەركار بە ڕاڤە كردن و بەسەرەوە نانیش هەر ناتوانێ «هەموو» بەهرەی خاوەنەكەی بەدەستەوە بدات. ئەنجا كە من بێم ئەمین فەیضی بناسم لە ڕێی ئەو كتێبەوە كە چەند پارچە هەڵبەستێكی زانراو و بیستراوی شاعیرانی سەر بە بابانی تێدا كۆكراوەتەوە، پێشەكیەكانیشی ترووسكەیەك ناهاوێژن بۆ هیچ لایەنێكی مەزنایەتی ئەم مەزنە زانایە. بە دەست خۆم نییە نەختیك پەرگارم وێك دەهێنمەوە... بەڵێ دەزانین بیركردنەوە لە دەركردنی كتێبێكی ئەوتۆیی لەو ساڵەدا 1920 بەڵگەی سۆز و پەرۆشی خاوەنیەتی بەڵام دەبێ ئەم خاڵانەش بە چاوەوە بگیرێن:

1- ئەو ساڵەی دەرچوونی كتێبەكە بەنیسبەت ئەوسا زۆر زوو نییە بەنیسبەت ئێستاش زۆر كۆن نییە، دەركەوتنی گیانی كوردایەتی بە نووسینی پتر لە چواریەكی سەدەیەك بەر لەو كتێبە خۆی نواند بوو. ئەوسا 23 ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر دەرچوونی ڕۆژنامەی كوردستان لە ئەستەنبووڵ بە ناوەڕۆكی شیعر و پەخشانەوە.

2- ئەو باری چاپەمەنی کە لە ئەستەنبووڵدا هەبوو لە شوێنی بێ چاپی وەک کوردستان پەیدا نەبوو. یەکێک ویستبای لە قەڵادزەی 1920 کتێب چاپ بکات دەبوو خۆی هەڵکوتێ بۆ هەندەران. نموونەی هەرە جانفیدای کورد لە مەیدانی چاپەمەنیدا سەید حوسێن حوزنی موکریانییە. دوور لە ڕووی ئەو وەک کە جانەوەر لە ترسی دڕندەی گۆشتخۆر بێچووی دەگوێزێتەوە ئەویش بە ئاوارەیی مەکینەی چاپەکەی بە وڵاتاندا دەگێڕا، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی...

3- ژیاندنەوەی ناوی ئەدیبەکانی کورد دەمێک بوو سەرمەشقی دادرابوو، بەتایبەتی لە شیعری حاجی قادردا کە نیگای بەهەموو کوردستاندا گێڕا بوو، تەنانەت لە قەصیدەی «شەهسەواری بەلاغەتی کوردان» دا شاعیرەکانی کۆیەی پشتگوێ خستبوون.

4- گەلێک سەربازی نەناسراوی بێ ناوونیشان بە دەسنووس کەشکۆڵی وەهایان تۆمار کردبوو کە دواتر ئەمین فەیضی بەگ و تێکڕایی کوردیش لەبەریان بنووسنەوە. مەراقی ئەو خەت خۆش و خەت ناخۆشانەی بێ ناوونیشان بۆ نووسینەوەی شیعرو خەبەراتی تەفرەقەی سەربە کورد گەلێک گەنجینەی ئەدەبی و هەواڵی مێژوویی بۆ ئێمە کرد بە زەخیرە. لەو مەراقەشدا نە بەتەمای ماڵ بوون و نە بەتەمای ناو وەک نووسەر و بڵاوکەرەوەی ئەم ڕۆژگارە بەهۆی لە چاپ دان و بڵاوکردنەوەوە لە ماڵ و ناویش خاوەن پشکن، هەزار جار لێیان پیرۆزبێ.

ئەم تێبینییانە نرخی کتێبەکە داناڵەنگێنێ بەڵکوو وەک کە من هۆشم بەنرخی شتان بشکێ نرخی ڕەوای بۆ دادەنێ. دوای ئەوەی کە تیشکی واقیع ڕۆشنایی خستە دەوروبەری کتێبەکە و هەر هۆیەک لەوانەی ڕێیان بۆ دەرچوونی خۆش کردووە دەرخسترا ئەوسا بە دڵی ئارامەوە دەڵێین ئەمین فەیضی بەگ دەست پێشخەریەکی گیان پاکانەی لەو مەیدانەدا کردووە.

ئەگەر هەڵەی چاپ بەرپرس نەبێ بڵێین هەندێک لەو نموونانەی فەیضی بەگ کردوونی بە ناوەڕۆکی ئەنجومەن بە ئەسڵ لەنگ و نالەبار نووسراونەوە ناشزانم چۆن بەسەر زیهنی فەیضی بەگدا کشیوەتن. وەک دیارە لیژنەش خۆی بە ڕاست کردنەوەی ئەو نموونە عەیبدرانەوە خەریک نەکردووە پەنجەشی بۆ ڕانەکێشاون. خۆزی تاڵع وا بووە هەڵەیەک لە خۆوە چارەسەر کراوە وەک کە سەرەتا ناتەواوەکەی «شەکوای حاڵ»ی «عارف» کە لە لاپەڕە 134 دا نووسراوە، لە لاپەڕە 125دا بەهۆی دەقی قەصیدەکە کە لە کتێبی «لەخەوما»وە ڕاگوێزراوە ناتەواویەکەی چار کراوە. هەڵە وەیا ناتەواوی شیعری نالی لە ڕێی شەرحەکەی مەلا شێخ کەریم و کاک فاتیحەوە بەسەر گیراوەتەوە بەڵام لە زۆر شیعری دیکەدا هەڵەکان وەکوو خۆیان ماونەتەوە هێماشیان بۆ نەکراوە وەک کە لە لاپەڕە 90 دا مەصرەعی یەکەمی بەیتی سێیەم لەنگە و بە لەنگی ماوەتەوە:

«گەر بە ئاوزەنگی پەراسوی ئەم سەرو ئەو سەر هەڵدڕی» دەبوو بنووسرێ: «گەر بە ئاوزەنگی پەراسووی ئەمسەرەو سەر هەڵدڕی». ڕاستیەکەی هەر لەو لاپەڕەیەدا دەبوو بنووسرێ: «ساڵ دوانزەی مانگ سواری نابم و...» چونکە کە نووسراوە «ساڵ دوانزە مانگ..» بەیتەکە کێشی تەنبەڵ بووە.

بگەڕێوە بۆ لاپەڕە 85 دەبینی بەیتەکەی نالی نووسراوە:
تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵداوە لە هەر طەرەف

ڕاستەکەی ئەمەیە:
تیپی شکۆفە خەیمەیی هەڵدا لە هەر طەرەف

پێشتریش له لاپەڕە 78 دا لیژنه چەند بەیتێکی خستۆته سەر بەیتەکانی ناو ئەنجومەن و یەک دوو هەڵەی تێرا کردوون. نووسیوەتی:
دەبێ ئەشکی تەراڕوزی ئارەزوو ئەی دیده بشکێنێ

مصرەعەکه لەنگه، نەدەزانم چۆن چارە دەکرێ نه له واتاشی دەگەم، دواتریش نووسیوەتی: «ڕەهابێ گەر له بەندی زولفی یارا گەردنی من» ئەمەش لەنگه، ئەگەر نووسرابایه: «ڕەهابێ گەر له بەندی زولفی یارا گەردن و شانم» لەنگێکەی نەدەما. بەڵام سەیر لەوەدایه لیژنه نیوەی دووەمی ئەم بەیتەی له لیستەی «ڕاست کردنەوەی هەڵەی چاپ»دا چارە کردووە که نووسیوەتی «بەعدە» هەڵەیه و «بەعد» ڕاسته ئەمەش نیوەبەیتەکه به هەڵەیەوە: «به سەهلی بەعدە ئەزین بازی به حەلقەی ئەژدەها ناکەم».

هەڵەی دیکەش لەو بابەته دەکەونه بەرچاو مەبەستمان نییه سەر ژماریان بکەین. بەڵام دەبێ بڵێم فەیضی بەگ له ژێرووی لاپەڕە 118دا به دوا قەصیدەکەی شێخ ڕەزادا نووسیوەتی:
«پیشمه» «شاور» «شیتنه» ئەمانه ئیسمی دێهاتن وەک دەزانین «پێشمه» ناوی دێ نییه بەڵکوو «بێ شەمه» به واتای بۆن خۆشه و خەڵق دەڵێن «تووتنی بێ شەما». وشەی «بێ» لیرەدا له «به» ی فارسییەوە گۆڕاوە. به نووسینی کوردی «بیه» دەنووسرێ، وا پێدەچێ فەیضی بەگ وشەی «بێ شەمه- بێ شەما» ی نەبیستبێ. لیژنەش پێلزوم خۆی لێ پێدەنگ کردووە.

له لاپەڕە 38دا فەیضی بەگ ڕای خۆی له بارەی شاعیریەتی نالی دەربڕیوە دەڵێ «ذەکای نالی ئینکار ناکرێ، لاکین ئەوەندەی صنایعی لەفظییەی ئیستیعمال کردووە پیاو ڕەنگه بڵێ: شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغاله».

لێرەدا مەودای موناقەشه بەربەڕەڵڵایه و هەویرەکه ئاوخوازە بەڵام من به کورتی دەڵێم: گلەییەکی گەورە ناچێتەوە سەر فەیضی بەگ لەوەدا که قووڵ نەبۆتەوە له سەرجەمی شیعری نالی چونکه له بنەڕەتدا شاسواری زانست و عەسکەرییه نەک ئەدەب. له لایەکی دیکەشەوە دەتوانم بڵێم سامانی هونەری و ئەدەبیی له ڕادەبەدەری نالی وەهای کردووە لەچاو هەژاری و نەداری له ڕادەبەدەری کورد خۆی زەق بنوێنێ وەک که هەژار جلکی پۆشته لەبەر بکات پێوەی دیار دەبێ دەنا ئەگەر هاتبایه هەمان کەرەستەی «صنایعی لەفظییه» بەبەر شیعری حافظ و سلێمان نەظیفەوە بایه کەس لێی بەسەر نەدەگرتنەوە. سەیرێکی ئەو نموونانەش بکەیت که «ئەنجومەن..» له شیعری نالی هەڵبژاردوون وەکوو «قوربانی تۆزی ڕێگەتم- له دوگمەی سینه- تاقمی مومتازی شاه- تا فەلەک دەورەی نەدا- نەمردم من- تەشریفی نەوبەهارە...» ئنجا نموونه یەک له دوا یەکەکانی لاپەڕە 145، 146، 147 هەمویان شیعری نازکی پاراوی دەوڵەمەندی هونەرەکاری شاکارن. هەندێ قەصیدەی نالی که ئاخنراون به وشەی سەخت و واتای تێک ئالاوی ورد و قووڵ له ڕاستیدا بۆ ئەو سەردەمه و بۆ هەموو سەردەمێک سەرمەشقی هونەر و ئەدەبن. به دەست و قەڵەمی ڕەنگین و هێژا نەبێ نەخشەکێش ناکرێن. له نووسینی دیکەمدا گوتوومه یەک له هونەره بەرزەکانی نالی ئەوەیه که توانیوەتی وشەی سەخت و سەرکێش ڕام بکات بۆ ناو ترنجۆکی شیعر وەک که دەڵێ:

برق البصر لەبەر بەرق و تەلەئلوئی لەئالی
خسف القمر له ئیشراقی قیامەتی جەمالی

وەیا که دەڵێ:
طەبعی نالی توندە ئیمڕۆ یا به نەشئەی نیم نیگاهـ
مەستی ڕەحراح و مەی و ڕاح و قوراح و قەرقەفه

«کوردی» ش له لای خۆیەوە وەهای کردووە که گوتوەتی:
لەوثیش ثبوتی دەعوییە یا ڕاسته یا درۆ

بەڵام «کوردی» کە دەڵێ «باعیثی عومیانی بەصەر» عەرەبیەکەی کورتی هێناوە چونکە وشەی «عمیان» بە واتای «عمی، کوێری» نەهاتووە. هەرچەند سەیری هەموو قاموسێکم نەکردووە بەڵام وابزانم ئاشکرایە «عمیان» ڕێژەی کۆی «أعمی» یە.

نالی شاعیری بەهرەیە نەک ڕاهاتن، بەڵگەش زۆرن یەکێکیان ئەوەیە کە نالی لە شیعردا ئارایشتی وەهای بەکار هێناوە گرفت و لەقی و هەناسەسواریی تێدا نەبێ، لە زۆر شوێنیشدا خەیاڵی وەها تەنکی ڕاو کردووە هەر دەڵێی خەریکە بەناو داوە شیعرەکانیدا دەربازبێ:

به نەشئەی سستی و مەستی وەها مستوور و مەخموورە
نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

لێرەدا چاوی ماددی و خەوی مەوهووم تێکەڵ بەیەکدی بوون، لە خۆراییش ئەو تیکەڵ بوونە پەیدا نەبوە: وشەکانی «سستی، مەستی، مەستوور، مەخموور» ڕێگەیان بۆ خۆش کردووە. دوو وشەی «مەستوور، مەخموور»یش تێکەڵ بەیەکدی بوونەتەوە چونکە هەرچەند یەکیان کوردیە و ئەوی دیکەیان عەرەبیە، هەردوویان لە عەینی دوو واتا بەشدارن:

مەستوور - سەرخۆش، داپۆشراو
مەخموور - سەرخۆشی داپۆشراو- لە «خمار» ەوە.

ئیتر حەزدەکەی «مەستوور»ەکە «سەرخۆش» بێ و «مەخموور»ەکەش «داپۆشراو» بێ حەزیش دەکەی باریان بگۆڕە، یان هەردوویان بە هەردوو واتاوە بۆ تەئکید بوون یارمەتی تێکەڵ بوونی ماددە و وەهمەکە دەدات...

هەر لەم غەزەلەی کە ئەم بەیتەی تێدایە فەیضی بەگ بەیتی دوایینی وەها نووسیوە:

لە دوریی تۆیە ئەی خورشیدی پرتە و بەخشی شەوگەردان
کە نالی وا لە حاڵاتی محاقی ماهی نەودایە

ئەم وشەیەی «دووری» ی سەرەتای بەیتەکە بۆتە تەپکەی ئەدیبان، نەمدیت یەکێکی پێوەی نەبووبێت. وشەکە «دەور»ە نەک «دوور» بە ڕێنووسی کۆن هەر دووکیان «دور» دەنووسران. ئەگەر نالی لەو خورشیدە پرتە و بەخشە دوور بایە نەدەکەوتە حاڵەتی «محاق» بەڵکوو دەبوو بە «بدر» بەڵام چونکە لە شەودا وەها لێی نزیک بۆتەوە کە پێشتر گوتبووی:

هەناسەم زوڵفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی

حەقیەتی بڵێ لە حاڵەتی محاقی ماهی نەودام، وشەی «نەو- نوێ» لێرەدا بەتەنها خۆی نرخی قەصیدەیەکی سەرکەوتووی هەیە.

ئەم وشەیە یەکێکە لەوانەی کاری ئەفسووناوی دەکەن: وەک دەزانین حاڵەتی »محاق» لە نێوان کۆتای مانگ و سەری مانگدا دەبێ. ئەگەر محاقەکە بەر کۆتایی مانگ بخرێ هی پیر بوون و بەسەر چوونی مانگە ئەگەر هی «ماهی نەو- مانگی نوێ» بێ هی فراژی بوون و گەشەی مانگەکەیە، دیارە لێرەدا نالی کە بە یارەکەی گەییشتووە دەبێ لە محاقی «مانگی نوێ»ی بەرەو گەشە کردن بێ. سەیری ئەم نوکتە ئەفسووناوییە چەند بە لووس و لێکی و بێ گرفت و گرێ، هێندەی هەناسەی ئارام، دێت و دەچێت تا ئەوەی چاو و هۆشی ئەدیبانی بەسەردا دەکشێت و هەستی پێ ناکەن. ئایا ئەمە «صنایعی لەفظییە»یە یان هونەری تەژاوی زگماکی سروشتزادە؟

لە ڕیزە گوتاری «چەپکێک لە گوڵزاری نالی»دا ئەم غەزەلەم شی کردۆتەوە و گوتوومە سەرلەبەری بەیتەکان باسی تەجرەبەیەکی سەردەمی گەنجایەتی نالی دەگێڕنەوە کە بە شەو چۆتە پارێزی دۆستەکەی ... ئنجا فەیضی بەگ بە چاکی لە واتای بەیتەکان ورد بووبایەوە هەڵبەتە ڕایەکی بە دڵدا دەهات لە بارەی خاوەنەکەیەوە جودا بێ لەو «صنایعی لەفظییە» ئەوسا دەشی نووسی «لە دەوری تۆ...».

لیژنە ناوناوە لە چەند و چۆنی نموونە شیعری ناو کتێبەکە ڕایەکی خۆی دەردەبڕێ وەک کە لە پەراوێزی لاپەڕە 130دا «داری سەنگدل» بەسەر «یاری سەنگدل» تەرجیح دەدات، بەمەشدا کارێکی باشی کردووە. بەڵام داخەکەم لە زۆربەی ئەو شوێنانەی لێ بەدەنگ هاتنی دەوێ لیژنە بێدەنگە. لێرەدا من ڕێنووسی ناو کتێبەکە و شێوەی چاپکراوی وشەکانی دەکەم بە شایەدی بیروڕای خۆم ناشزانم ئەو هەڵانەی لە کتێبەکەدان چەندیان هی چاپن و چەندیان ئەسڵین، ناشزانم ڕادەی دەسکاری لیژنە لە ڕێنووسی کتێبەکە چەندە چونکە ئاشکرایە فەیضی بەگ ڕێنووسی وەکوو هی ناوکتێبەکەی بەکار نەهێناوە. نوسخەی کتێبەکەی 1920 م لا نییە بەراوردی بکەم لەگەڵ هی 1983. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ وتووێژ لەگەڵ ئەو شێوە ڕێنووسە بێ کە کتێبەکەی پێ چاپ کراوەتەوە.

لە ئاست بیروڕای لیژنەدا تێبینی دەردەبڕم لەگەڵ ڕێز و سپاسیشم بۆی:

لە لاپەڕە 22، 23 ی کتێبەکەدا لیژنە چەند ڕایەکی دەربڕیوە جێی هەڵسەنگاندنن، لەپێشەوە دەڵێ نالی لە 1215ک-1800ز هاتۆتە دنیا. ڕەنگە ئەم قسەیە ڕاست بێ بەڵام هیچ بەڵگەی لەگەڵدا نییە. لە کەسیش مەعلووم نەکراوە چۆناوچۆنی ئەو ساڵە بووە زادساڵی نالی. وەختی خۆی من لە «چەپکێک...» لە بارەی ساڵی بوون و مردنی نالیەوە دواوم، دواتر کاک فاتحیش بە درێژی لە مەسەلەکەی نووسیوە، عەلی موقبیل و بە دوا ئەویشدا هی دیکە دەڵێن نالی لە 1797 هاتۆتە دنیا، وەک کاک فاتیح دەڵێ ئەم ساڵەیان لە بەراوردە هەڵەیەکەی عەلی موقبیلەوە هاتووە کە 1215ک بەرانبەر 1797ز داناوە. بەهەمەحاڵ ساڵی لە دایک بوونی نالی وەها بە ڕاشکاوی نە 1800 و نە 1797 و نە هیچی دیکەشی بە متانەوە بۆ دەست نیشان ناکرێ، هەر نەبێ پێویستە سەیرەکێک وەیا پرسەکێک (علامة تعجب، علامة استفهام) بخرێتە سەر ئەو ساڵەی بۆ لە دایک بوونی دادەندرێ. بەلای منەوە چەندێکی لە سنووری لواندا بوونی نالی پێش 1800 بکەوێتەوە چاکتر دەگونجێ لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە نالی لە حوکمڕانی «عبد الرحمان پاشا» دا دەستی کرد بە هەڵبەستی کوردی.

عەبدورەحمان پاشا یەکەم ئەمیری کورد بوو بیری لە کوردایەتی کردەوە و گیانی کوردایەتی لە دەوری ئەودا شیعری عروضی کوردی لە بابان و سەرلەبەری کوردستانی عێراق و ئێراندا داهێنا. من لە نووسینی دیکەمدا بە درێژی ئەم ڕاستییەم باس کردووە، لیژنەش لە پەراوێزی لاپەڕە 23 ی «ئەنجومەن... »دا بێ ئەوەی هێما بۆ لێکدانەوەی کەس بکات دەڵێ:

> «بنیات نانی شاری سلێمانی لە 1784ز و بوونی میرنشینی بابان پاڵ پێوەنەرێکی بەهێز بوو بۆ تەقینەوەی بەهرەی شاعیرێتی [شاعیریەتی] نالی. ڕاستی ئەم بارە ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نوێیە بووە کە نەیهێشتووە ئەم بەهرەیە وشک بێتەوە. دوابەدوای خۆیشیا دەستەیێ شاعیری مەزن و گەورەی پێگەیاندووە وەکوو «سالم»، «کوردی»، «مەحوی» و «حاجی قادری کۆیی»... هتد».

ئەم قسانەی لێژنە بایەخدارن بەڵام کەلەبەریان هەیە و هەڵسەنگاندن هەڵدەگرن:

1- لە ساڵی 1784 ەوە تا ئەو ساڵەی نالی گەییشتە تەمەنی شاعیریەتی بەلای کەمەوە 30 ساڵێکی بردووە. ئنجا ئەگەر پەیدابوونی سلێمانی خۆی لە خۆیدا کاریگەری بووبێ دەبوو بەر لە نالی شاعیری دیکە پەیدا بووبن شیعری عروضی کوردی بهۆننەوە.

2- باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی بابان لەو ساڵانەدا کە نالی تێیاندا بووە بە شاعیر وەها لە بار و ئارام و تێر و تەژی نەبوو لەچاو ساڵانی دیکەدا کە تازە بە تازە سلێمانی تێدا بنیات نرابوو.

3- لە کوردستانی عێراق و ئێراندا بەر لە بنیات نانی سلێمانی شاری دیکەش هەبوون تەنانەت «سنە» میرنشین و گەورەتریش بوو لە سلێمانی، باری ئابووریشیان لە هی سلێمانی ئەوسا بەرەژێرتر نەبوو کەچی شیعری عەروزییان پەیدا نەکرد.

هۆی هەرە گرنگی پەیدابوونی شیعری عەروزی کوردی لە کوردستانی عیراق و ئێراندا ئەوە بوو کە عەبدورەحمان پاشا دەستی دایە کوردایەتی ئەویش لەوەدا قەرزداری شۆڕشی فرەنسە بوو... سەرنج بگرن لە بەیتەکەی عەلی بەردەشانی کە پێی دەگوترێ «بەیتی عەبدورەحمان پاشا» چ ئاگرێکی گیانی کوردایەتی تێدایە. عەلی لەو دەمەدا لە بارەگای عەبدورەحمان پاشادا شایەر بووە بۆیە وەها هەستی بزووتووە دەنا بەیتی دیکەی زۆرن کەچی کوردایەتییان تێدا دیار نییە.

کە بپرسن ئەدی بۆچی نالی یەکسەر دەستی نەدایە کوردایەتی وەک کە عەلی بەردەشانی کردی؟ دەڵێن نالی لە بارەگای عەبدورەحمان پاشادا نەژیاوە وەکوو کە عەلی تێیدا دەژیا. بۆ نالی و برادەرانی ئەوەندە مومکین بوو کە لە ئیلهامی کوردپەروەریی عەبدورەحمان پاشاوە بەرەو هەڵبەستی کوردی ڕۆییشتن. تەنانەت نالی کە بۆی ڕێککەوت دۆستی سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا بێ «تا فەلەک دەوری نەدا» و «ئەم تاقمە مومتازە»ی هۆنیەوە. لە دەوری عەبدورەحمان پاشادا نالی و سالم تازە مێرد منداڵ بوون و لە ساڵی مردنی عەبدورەحمان پاشا 1228ک تەمەنیان 13 ساڵەیی بووە [بەپێی ئەوەی لە 1215 بەوەلەد بووبن].

هاوڕێیەتی و بەیەکەوە ژیان هۆیەکی زێدە زێدە کاریگەرە. لە ملیۆنێ یەکێک نییە بێڕابەر خودبەسەر بەرەو بیرێکی نوێوە پڕوا. دەبینی میللەتێک بۆ ماوەی هەزار ساڵ لەسەر باوەڕێک دەژیت ئنجا یەکێکی بەهرەمەند و دڵگەرم و قسە پاراو لە بارێکی بەپرشتدا دەم لە بیرێکی نوێ دەبزێوێ و هەزاران هەزاری بۆ بەدەنگ دێت و دوای دەکەون. وەها دەبێ خەڵق شەیدای شەخسییەتی ڕابەرەکەیان دەبن هەرچەندە ناپەسەند و خۆپەرستیش بێ وەک مریدەکانی «حسن الصباح» بە برۆ هەڵتەکاندنی ڕابەرەکەیان، خۆیان لە شاخی هەڵدەداشت...
ئێستاکەش شەیدای ئەوتۆیی پڕی دنیایەن، ئەم باسە زۆری بەبەرەوەیە پێویست نییە پتری بە دوو بکەوین.

لیژنە دەڵێ سالم و کوردی بەدوا نالی و بە پێرەوی کردن لەوەوە بوونە شاعیری کوردیهۆن. بەپێی ئەو تەرجەمە حاڵەی لیژنە خۆی بۆ سالم و نالیی پەسەند کردووە سالم و نالی لە هەمان ساڵی 1800ز بەوەلەد بوون. لەوەوە بەسەرنج دان و ئاکام لە واقیعەوە وەرگرتن دەرفەت نامێنێ، وەیا یەکجار تەسک دەبێتەوە، بگوترێ سالم بەدوا نالیدا شیعری کوردی گوتووە.

ئەم ڕاستییە لە ڕوویەکی دیکەی واقیعەوە مەحکەمتر دەبێ کە نالی زادەی «خاک و خۆڵ»ی شارەزوورە، ئنجا چ بڵێین باری ئابووری و کۆمەڵایەتی سلێمانی هاندەر بووبێ بۆ پشکووتنی غونجەی شیعری کوردی [وەک کە لیژنە بۆی چووە]، چ بڵێین ڕابەریەتیی عەبدورەحمان پاشا لە گیانی کوردایەتی بەدوا بەرپا بوونی شۆڕشی فرەنسە ئەو هاندەرە بووبێ [وەک من بۆی دەچم] نالی پێی ناکرێ بووبێتە ڕابەری شاعیرێکی وەک سالم کە خۆی خەڵقی سلێمانی و لە بابانەکان نزیکتر بووە. بەپێی تەمەن نالی و سالم وێکڕا دەگەنە پایەی شاعیریەت، ئیتر بۆ دەبێ سالم بەدیار نالییەوە بوەستێ تا لە دەشتودەر پێ دەگات و دەچێتە عومرێکەوە دەست بدا بۆ «مستعدی» لە خوێندنی شارستان و بە ئیلهامی شارستانەتی سلێمانی وەیا ڕابەرایەتی پاشماوەی گیانی کوردایەتیی عەبدورەحمان پاشا بەهرەی شاعیریەتی گەشە بکات ئنجا سالم لێیەوە فێری شیعری کوردی بێ؟ چ شارستانەتی هاندەر بێت و چ ڕابەرایەتیەکەی عەبدورەحمان پاشا. سالم لێوەی نزیکترە و زووتر چەشە خۆری دەبێ. ڕاستی مەسەلە سالم

و نالی پێش و پاش ناخرێن و بە کەس ناکرێ ئیسپاتی مامۆستایەتی و سوختەیەتی بۆ ئەم و ئەو بکات.

مصطفی بەگی کوردی بە پێی تەرجەمە نامەکەی ناو «ئەنجومەن...» کە لیژنە دایناوە، وەیا پەسەندی کردووە، بە 12 ساڵ لەوان گچکەتر بووە. دوانزە ساڵ جوداوازیی تەمەن لە سەرەتاکانی ژیاندا بایی پێویست دەکات بۆ هەڵنانی پلیکانەی سەرەی یەکەم و دووەم. کە مصطفی بەگ 10 ساڵی بووە ئەوان لە بیست ساڵ تێپەڕیان کردووە. بەم پێیە دەشێ مصطفی بەگ بە شوێن ئەواندا هاتبێ. حاجی قادریش کە کوردی پێش نالی دەخاتەوە و دەڵێ:

ئەو کە نۆشی شەرابەکەی تاڵی
نالی لەم عەصرەدا بووە تالی

مەبەستی ئەوە نییە بڵێ نالی بەدوا کوردیدا بۆتە شاعیر بەڵکوو مەبەستی پایەی شاعیریەتە. بەڵام وەها دەزانم ئەمەیش هەر ڕایەکە لە سیاقی شعیردا هاتووە نەک بەرهەمی تۆژینەوەیە. حاجی قادر لە گەڵێک بەیتدا بە نالی هەڵگوتوە و پێیەوە دیارە چ پایەیەکی لێ دەنێ.

لیژنە ساڵی مەرگی نالیشی بێ لێکۆڵینەوە و دوودڵی دەست نیشان کردووە. لەوەشدا قسەی لە خۆی بەپێشەوە، کە بێ بەڵگە 1856ی بۆ مەرگی نالی دیاری کردووە، دووبارە دەکاتەوە .

ساڵی مەرگی نالی وەک هی لە دایک بوونی سوڕگوم نییە. دەبوو لیژنە سەرێک لە پێشەکیەکەی شەرحی مامۆستا مەلا کەریم و «چەپکێک...» خوار بکاتەوە، هەر نەبێ لەواندا لێکدانەوەیەک کراوە... بەو دواییەش مامۆستا «حەمە بۆر» – (بە پێی تەعبیری خۆی) دەسنووسێکی دۆزیەوە گوتارێکی لەسەر بلاوکردەوە و گومان ناهێڵێ لەوەدا نالی دوای 1288ک مردووە کە دوای 1872ز دەگرێتەوە. «چەپکێک...» و شەرحەکەی مامۆستا مەلا کەریم و گوتارەکەی مامۆستا حەمە هەڵیان دەگرت دوو قسەیان لە بارەوە بکرێ هەر نەبێ بۆ پووچاندنەوەیان. بەپێی ئەم سەرچاوانەش نالی بەر لە 1872ز نەمردووە. شیعرەکانیشی شایەدن کە زۆر پیر بووە و تەمەنی 58 ساڵە جێگەی بۆ ناکاتەوە.

لیژنە لە لاپەڕە 23 دا دەڵێ «ئەم شاعیرە گەورەیە لە پاش ساڵی 1840ز بە ناچاری شاری سلێمانی بەجێ هێشتووە». لێژنە پێمان ناڵێ بۆچی دەبێ ئاوارەبوونی دوای 1840ز بێ، تێشمان ناگەیەنێ «ناچاری»یەکە چییە. وا من لە وەکالەتی ئەو وەڵامی ئەو دوو پرسیارە دەدەمەوە:

ساڵی 1840ز لەوەوە دێتە پێش لێکدانەوەی لیژنە چونکە مەعلوومە لە ساڵی 1254ک کە دەکەوێتە بەرانبەر 1838-1839ز لە سلێمانی بووە. بەپێی ئەوەی لەو ساڵەدا «تا فەلەک دەورەی نەدا» ی لە لاواندنەوەی سلێمان پاشا و پیرۆزبایی ئەحمەد پاشای باباندا گوتووە، دیارە لە سلێمانی بووە. چونکە دواتریش لە قەصیدەی «ئەم تاقمە مومتازە»دا مەدحی سپای ئەحمەد پاشا دەکات دەبێ لە 1840ز یش جارێ لە سلێمانی مابێ.

ناچارییەکەش لەوەوە دێت کە نالی لە پاش تێک چوونی میرنشینی بابان، لە ترسی ستەمی تورکە عوسمانلییەکان بۆی دەرچووە. بەڕاستی ئەم «ناچاری»یە لزوم بە ناوهێنانی ساڵی 1840ز ناهێڵێ چونکە وەک «تحصیل حاصل» ـە کە ڕمانی حاکمایەتی بابان دەکەوێتە دوای سەرەتای حوکمی ئەحمەد پاشا. تێناگەم لیژنە، یان ئەو ئەندامەی لەبری لیژنە پێشەکیەکەی نووسیوە، بۆچی وەهای پەسەند کرد کە بە وشەی «ناچاری» ساڵەکەی 1840ز هەڵوەشێنێتەوە؟. چ دەبوو بیگوتبایە «دوای ڕمانی حاکمایەتی بابان نالی بە ناچاری ئاوارەبوو»، بێ ئەوەی پێویست بە ناوبردنی 1840ز بکات؟

ساڵەکەی ڕمانی بابان لە هەندێ نووسیندا کە یەک لەوان پێشەکیەکەی شەرحی مامۆستا مەلا کەریم و کاک فاتیحە، 1264ک بۆ دەست نیشان کراوە کە دەوەستێتە بەرانبەر بە 1847-1848ز. بەڵام بە پێی ئەوەی کە عبدالباقی العمری لە پیرۆزبایی نەجیب پاشای والی بەغدا بەبۆنەی زاڵ بوونی بەسەر باباندا نیوە بەیتی «بسدید رأیک فتحت بابانها»ی کردۆتە مێژووی ئەو زاڵ بوونە دەبێ لە 1845ز بابان تێک چووبێ.

بەلای باوەڕی منەوە نالی لە کژە حەجی ساڵی 1260 وەیا 1261 بە ئاسایی بۆ حەج چووە بەڵگەش بۆ ئەم ساڵە لە لێکدانەوەی پێداویستی حاڵ و واتای هەندێ شیعری نالییەوە دەردەست دەکرێ:

1. هیچ بەڵگەی سەلمێنراو نییە ئەم ساڵە بەدرۆ بخاتەوە.

2. ئەگەر نالی لە کاتی داگیر کردنی سلێمانی لە لایەن تورکەوە جارێ لە سلێمانی بووبێ و لە ترسان هەڕای کردبێ، زەحمەتە دواتر بوێرێ پرسی گەڕانەوە لە سالم بکات. بەڵام ئەگەر لەو دەمەدا چووبێ بۆ حەج جێی خۆیەتی ئەو پرسە بکات چونکە، پێشتر تەجرەبەی حوکمی تورکی لە سلێمانی نەبووە تا بزانێ ئایا لەوانەیە تێیدا بحەوێتەوە؟ یان نا؟

3. سەرنج لە موناجاتەکانی ڕێی حەج و قەصیدەی «ئەی ساکینی ریاضی مەدینەی مونەووەرە» و قەصیدەی «وەی کە ڕووزەردەی مەدینە...» بگرە هەست بەوە ناکەیت نالی ئاوارە و لێ قەوماوە، بەتایبەتی قەصیدەکەی دوایین «وەی کە ڕووزەرد...» پێوەی دیارە کە نالی عوزری بەجێ هێشتنی مەککە و مەدینە بەوەدا دەهێنێتەوە کە دەڵێ «من کە بازی دیدەبازم نەک شەوارەی دەستەمۆم». بازی دیدەباز [بازی چاوپرکێکەر] هی لێ قەوماوی نییە.

ئەم چەند پرە شیعرە توند و بەرزەی لە یەکەم سەفەری حەجیدا گوتوون کە جارێ تەنگانەی نەگەییشتوەتێ. دوای جێهێشتنی حیجاز بەرەو ماڵ خەبەری تێشکانی بابانی وەرگرتووە و ماوەتەوە... بەینێکی زۆری پێ دەچێ دەگەڕێتەوە بۆ حەج. ئەم جارەیان لە قەصیدەی «ئەی تازە جەوان»دا ئاوارەیی پێوە دیارە کە دەڵێ: «مووددێکە کە هەم گەردشی دەورانی سوپیهرم» هەموو بەیتەکانی دیکەشی داد و پرویە لە دەست پیری و بێ وەزعی و لێ قەوماوی...

ئەم بۆچوونە ڕێک دێت لەگەڵ ئەحواڵی مەعلوومی نالی: ئەگەر نالی لە 1280 بۆ حەج چووبێت و دوای سەفەری ئەو میرنشینی بابان تێک درابێت جێی خۆیەتی پاش چەند ساڵان پرس بە سالم بکات بۆ گەڕانەوە چونکە لە خۆی بەگومانە ئایا دووچاری چی دەبێ لە سلێمانی. شایەدیەکەی «خۆدزکۆ» کە دەڵێ لە ساڵی 1853ز ئەحمەد خان لە پاریس پێی گوتم بچمە شام نالی ببینم، بە چاکی جێی خۆی دەکاتەوە لەم لێکدانەوەیەدا. لە 1845 تا 1853 هەشت ساڵان دەگرێتەوە ئەمەش مەودایەکی ئەوتۆیە هەم نالی تێیدا سەغڵەت بووبێ هەم پرسیش بکا بۆ گەڕانەوە. سالم لە خۆرایی جەوابی نامەی نالی بۆ شام ڕەوانە ناکات، دیارە لەو دەمەی کە نالی کاغەزی بۆ سالم نوسیووە لە شام بووە، ئنجا لەکەیەوە هاتووە بۆ شام دەخلی بەسەر سەرەتای ئاوارە بوونیەوە نییە.

لە پەراوێزی لاپەڕە 32 لیژنە وشەی «هەڵبەستەر»ی بە واتای «ناظم» بەکار هێناوە. هەرچەند جۆرە قیاسێک لە داڕشتنی بەکار هاتووە، دیسانەوە لەبەر زەقیی وشەکە چاو لێی هەڵدەبەزێتەوە. جگە لەمە هۆی دیکەی ڕێزمانی هەیە داڕشتنەکە دەخاتە خانەی ڕیزپەڕ «شاذ»:

بە زۆری «کار» ی کوردی دوو جۆرە «ناوی کارا» (اسم فاعل) ی لێ هەڵدەستێ. بەنموونە: خواردن، کردن، بردن، کوشتن تاقی دەکەینەوە دەگوترێ:

- نانخۆر/ نانخواردوو
- هەڵەکەر / هەڵەکردوو
- باربەر / باربردوو
- کوردکوژ / کوردکوشتوو

هەرچی کاری «بەستن، پەستن، پەرستن» و یەک دوانێکی دیکەش ڕێژەی بەرابەر «نانخۆر، باربەر» یان نییە چونکە لە مضارعدا هەموو کارەکە دێتەوە و دەگوترێ «دەبەستم، دەپەستم، دەپەرستم». کەچی لە فیعلەکانی دیکەدا دەگوترێ «دەخۆم، دەکەم، دەبەم، دەکوژم». ئەم شێوە کورت کراوەیە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی دوو جۆرە ناوی کارا لەو فیعلانەدا.

ئنجا کە گوتمان «هەڵبەستەر» وەک ئەوەیە گوتبێتمان «تێکردەر» لەجیاتی «تێکەر» وەیا «نانخواردەر» لەجیاتی «نانخۆر»... هتد. لەبەر ئەمە وەها بەڕاست دەزانم لەو کارانەی کە مضارعیان کورت نابێتەوە ڕێژەی «خواردوو، کردوو، گوتوو..» بەکاربێت و بگوترێ «هەڵبەستوو» نەک «هەڵبەستەر». کە ویستمان ڕێژەی کارا لێکداراویان لێ وەرگرین بڵێین: «خواپەرست، بەربەست، قتووبەست» - دەنا تووشی «خواپەرستەر، بەربەستەر، هەڵبەستەر» دێین.

لیژنە لە لاپەڕە 64 دا بە شێوەیەکی گشتی »بۆ سەیرکردنی ڕاڤەی هەڵبەستەکانی نالی» خوێنەر حەواڵەی لێکدانەوەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاک فاتیح دەکات. لەوەشدا کاغەزی سپی بۆ ئەو لێکدانەوەیە ئیمزا دەکا. دەزانین کەس نەهاتووە سەرلەبەری دیوانی نالی شەرح بکات وەک ئەو دوو بەڕێزە کردوویانە، خۆیشم چەند گرفتم بووبێ لە ڕاڤەکردنی بەیتێکی نالی پەنا دەبەمەوە بەر ئەو کتێبە، خزمەتەکەشیان بە ئەدەبی کوردی لەلای هەموو قەدرزانێکەوە جێگەی سوپاس و منەتباری و بەگەورە گرتنە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی هەر بۆ خوایە، وا لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە لەو بەیتانەی کە ڕاڤەیان لەو کتێبەدا پێویستی بە مشتوماڵ هەیە.

لە لاپەڕە 352 دا ئەم بەیتە سەیر بکە:

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان دەم
کەوا فەقری غینایە مردنی ژین

لە شەرحدا «عالەمی قەلب» بە عالەمی دڵ و خۆشەویستی لێک دراوەتەوە و هیچی تر، کەچێ ئەم عالەمەی قەلب هەرای ناوەتەوە لەبەر زۆری واتایی:

عالەمی قەلب – عالەمی دڵ
عالەمی قەلب – عالەمی چرووک «قەڵب»
عالەمی قەلب – عالەمی وەرگەڕاو «وەرگەڕان»

هەر سێ جۆریش لەگەڵ «فەقری غینایە مردنی ژین» ڕێکن، لە بەیتی دوای ئەمیاندا کتێبەکە وشەی «تێدا»ی هەڵبژاردووە، لە پەراوێزدا دەڵێ چەند نووسخەیەک «تیا» یان نووسیوە، ئەمەشیان ڕاستە چونکە «تێدا» بەیتەکە وەها تەنبەڵ دەکا بەلای لەنگییەوەی دەبات:

تێدا ئوممیدو بیم و گریەو و سۆز
تیا ئوممیدو بیم و گریەو و سۆز

ئاشکرایە «تیا» شیرەخۆرەی بەیتەکەیە. نالی بەڕێی داخوازیی کێش و مۆسیقا «تیا» و «تێدا»ی بەکارهێناوە وەک لەم دوو نموونەیەی خوارەوەدا دیارە:

پەچەی پەرچەمی‌یوو پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا

یەعنی ریاضی رەوضە کە تێیدا بەچەند دەمێ
مشکین دەبێ باکاکوڵی غیلمان و زوڵفی حوور

لە لاپەڕە 340 دا سەرەتای «مەدحی تاقمی مومتازی شاە» کە دەڵێ:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن

لە ڕاڤەیدا نووسراوە «تێکڕای پارچە شیعرەکە وا ئەگەیەنێ هەڵەیە..» لە ڕاستیدا بەیتەکە شاکارێکە بۆخۆی:

1- ئەم تاقمە مومتازە ئاشووبی دڵی مەملەکەتن. ئنجا ئەگەر مەملەکەتەکە سلێمانی بێ ئاشووبەکە هی خۆشویستن و پێوە شەیدا بوونە. ئەگەر مەملەکەتی دوژمن بێ دیارە ئاشووب چ دەگەیەنێ.

2- ئەم تاقمە مومتازە قەلبی سوپاهن. جاران لە سپادا مەیمەنە و مەیسەرە و قەلب هەبوو. ئەم تاقمە قەلبەکەن کە جەرگە و کۆڵەگەی سپان و بە دەوی سەرکردەوە دەوەستن.

3- ئەم تاقمە  مومتازە ئاشووبی قەلبی سوپاهن. لێرەدا قەلبی سوپاهـ هی لەشکری دوژمنە.

نالی بە مەهارەتە لەحەد بەدەرەکەیەوە هاتوە بۆ «مەملەکەت» وشەی «دڵ»ی إضافە کردووە و بۆ «سپاە»یش وشەی «قەلب»ی إضافە کردووە چونکە لە زاراوەی عەسکەریدا «قەلب» بەکارهاتووە هەرچەند لە واتادا هەر دەکاتەوە «دڵ». بەم دوو وشەیەی «دڵ، قەلب» عەسکەری و مەدەنی گرتۆتەوە کە ئەوانیش لە دوو وشەی «مەملەکەت، سوپاە» دا دەردەکەون.

لە لاپەڕە 342 بەیتی ژێرەوە هەیە:

صەحرا بەتەجەللی دەکەنە وادی‌یی ئەیمەن
قامەت شەجەر و مەظهەری ئەلطافی ئیلاهن

لە ئاستی وشەی «ئەلطاف» ـدا هەر ئەوەندە نووسراوە کە لە هەندێ نوسخەدا وشەی «انوار» هاتووە. ئێمە ئەگەر مەهارەتی نالی بکەینە سەرپشک، لەو دوو وشەیەدا بێگومان «أنوار» ئەسڵییە ئەویش لەبەر هۆیەکی زێدە بنجی: «أنوار» ڕێژەکۆی دوو وشەیە: «نور» – بە واتای ڕووناکی و «نور- نەور» بە واتای غونچە. ئنجا کە واتای «نور- ڕووناکی» لێ وەربگرین، بۆ «تەجەللی» دەچێتەوە کە دەزانین لە قورئاندا باس کراوە نوری خوا لە درەختێکەوە تەجەللی کردبوو. ئەگەر واتای «نەور- غونچە»ی لێ وەربگرین، بۆ درەخت دەچێتەوە. وشەی «ئەلطاف» بەیتەکە ڕووت دەکاتەوە لەو سامان و ئاراییشتەی وشەی «ئەنوار» پێکی دەهێنێ چونکە ئەو «استخدام»ەی لێ دەستێنێتەوە. وەک بزانم «ئیستیخدام» ـەکانی نالی بێمانەندن و قیاسی ناکرێ لە جیناس و تەورییە و ئەو جۆرە هونەرانە.

بگەڕێیەوە بۆ لاپەڕە 257 سەیرێکی ڕاڤەی بەیتی خوارەوە بکەین:

دەس بەندییانە دێن و دەچن سەروو نارەوەن
صاحیب کولاهو سایەو و بەرگن وەکوو ملووک

لە واتای «دەس بەندییانە»دا شەرحەکە «دەست گرتنی هەڵپەڕکێ»ی پەسەند کردووە، بەڵام واتایەکی دیکەی هەیە «دەس بەستراوانە»یە کە وەصفی ئینسانی بەستراو دەکات. نالی بەم وشەیە وەصفی درەختەکان لە دوو ڕووەوە دەکات: یەکیان ئەوەیە کە دێن و دەچن بە شنەی با و دەستی یەکدییان گرتووە وەکوو ڕیزی شایی. بەڵام ئەو درەختانە «دەست بەستراوانە» دێن و دەچن چونکە درەخت بە زەویەوە داکوتراوە و بەستراوەتەوە. جان پۆل سارتر لە وەصفی پەرژینی باغدا شتێکی وەک ئەمەی نالی گوتووە، لە عەرەبیدا خوێندوومەتەوە دەڵێ: «كانت أشجار السياج حركة خضراء كبيرة مسمرة». واتە «درەختەکانی پەرژین جووڵەیەکی سەوزی گەورەی داکوتراو بوون».

لە لاپەڕە 440 بەیتێک نووسراوە:

دنیا بووە بەتاوە وو صەحرا بە ژیلەمۆ
دنیا دەڵێن کە ئاگرە ماری سەمەندەرە

لە پەراوێزدا ئیشارەت هەیە بۆ ئەوەی کە لە هەندێ نوسسخەدا لە جیاتی «دنیا»کەی سەرەتای نیوە بەیتی دووەم وشەی »دەریا« نووسراوە، ئەمەشیان جێی خۆیەتی چونکە دووبارە کردنەوەی دنیا لەو شوێنەدا بێلزومە، دەریاش دەبێتە تەواوکەری دنیا بە صەحرا و دەریایەوە ئەوەندەش گەرمە لەو ڕۆژەدا وەکوو ئاگری لێ هاتووە. «دەریا دەروونی ئاگرە، ماری سەمەندەرە».

لە ئاست وشەی «سەمەندەر»دا نیشانەیەکی پرسەک «؟» داندراوە یانی واتای نادیارە. ئەم وشەیە «سمندر، سمندل»ی هاتووە، وشەیەکی ئەفسانەییە بەو مارە دەڵێن گۆیا لە ناو ئاگردا دەژیت. لەطافەتەکەشی بەوەدا خەست دەبێ کە ماری سەمەندەر لە ئاوی بەحردا بژیت دیارە بەحرەکە هێندە گەرمە لە گەرمای وشکایی تێپەڕ کردووە وەک دەشبینین لە بەیتەکەدا صەحرا ژیلەمۆیە و دەریا ئاگرە، ئاگریش لە ژیلەمۆ گەرمترە.

لە لاپەڕە 489دا بەیتی ژێرەوە هەیە:

لە صەد جێ کلکی ئوشتر گەییە ئەرضی مەهلەکە هێشتا
یەمی فەججی عەمیقی ئاڵی هەر بێ قەعر و پایانە

وشەی «ئاڵ» لە شەرحی بەیتەکەدا هەر ئەوەندە جێگەی بۆ کراوەیەوە کە دەڵێ «کەچی هێشتا دەریای شینی ڕێگای دووری...» بەو پێیە واتاکەی بە ڕەنگی «شین» لێک دراوەتەوە. ئەم وشەیە «ئاڵ» نییە «آل- ئال» ی عەرەبییە کە بە واتای «سەراب» دێت. هەر ئەم واتایەشە مناسبی سەحرا و بەحر بێ چونکە سەراب دیاردەی سەحراویە و وەکوو ئاویش خۆی دەنوێنێ. گەییشتنی کلکی وشتریش بە زەوی. وەک بزانم کینایەیە لە مردن چونکە وەها زانراوە کلکی وشتر لە پیربوونیشدا ناگاتە زەوی. ئنجا دەمێنێتەوە وشتر بمرێ بکەوێتە سەر تەنیشت چونکە بە زیندووەتیش پاڵ ناداتەوە.

پێی ناوێ چی دیکە نموونەی ئەوتۆیی بهێنمەوە مرازیشم لەو سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە بڵێم حەواڵە کردنی خۆێنەر لەلایەن لیژنەوە بۆ ئەم شەرحە نایێتەوە بەڵگەی تەواوی بێ کەلەبەری شەرحەکە. دیارە ڕێزی لیژنە بۆ شەخسی مامۆستا مەلا کەریم کە مامۆستای هەموو ئێمەمانانە سەنەدی سپی پێ ئیمزا کردوون، ڕێشی تێ دەچێ کە ئەوەندەی شەرحەکەی بە

دەستییەوە داوە، بەلای نووسەری پێشەکیەکەوە، ئەوپەڕی واتای شیعرەکانی نالی بێ. ئنجا دەمەوێ بڵێم جارێ بە کەس نەکراوە بگاتە بنی دەریا و ئەوپەڕی ئاسۆی واتاکانی نالی.
توێژینەوەیەکی بەراوردی بکری لە نێوان شیعری نالی و هی شاعیری زمانەکانی دیکە لە تاکە مەیدانی «استخدام»دا مەعلووم دەبێ نالی جۆرێکی «اسخدام» بەکارهێناوە گەلێک بەولای مەبەستی وشەکەوەیە و بە خەیاڵ زاناکانی «بەیان و بەدیع» ـدا نەهاتووە. وشە و تەعبیری وەها هەیە لە چەقی دائیرەوە چەند تیر بەرێ دەکا بۆ ئامانجی جودا جودا، هەر بەڕێوە کینایە و تەورییە و جیناس دەپێکێ و سەرلەنوێ استخدام لەو فنوونەوە هەڵدەستێنێتەوە هەمووشیان بە لووسی و بێگرفت.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کە شەرحەکە پێویستی بە تەواو کردن هەیە و زۆر خۆی لە قەرەی ئەم استخدامانە نەداوە هەر دەڵێم کەس نییە لەوانەی شیعری نالی دەخوێننەوە قەرزداری شەرحەکە وەیا موحتاجی نەبن، بەڵگەشم لەوەدا بەر لە هەموو کەس خۆمم کەوا گەلێک پێوەی سوودمەند بووم.

ماوەتەوە بڵێم پێویستە لە ڕووی وەفاکاری بۆ حەقیقەت و بەنیازی حورمەت گرتنی مێژوو ئاشکرا بێ کە بەشێکی گرنگی شەرحی دیوانەکەماڵی حەلاڵی سەربازی نەناسراو، کاک محەمەدی مەلا کەریمە. لەو ساڵەی 1976دا من لە کۆڕی زانیاری کورد وەکیلی سەرۆک بووم و ئاگادارم کاکە حەمە چۆن هەفتەها و مانگەها خەریکی توێژینەوە و پرسین و گرد و کۆیی بوو بۆ ئەم کتێبە. هەر لەبیرمە ڕۆژێکیان دوای دەرچوونی کتێبەکە، هەر خۆی سەرپەرشتیی لە چاپ دانی کرد، بە پەرۆشەوە گوتی، بەدرەنگەوە زانیوەتی «بوریا» واتای حەسیری هەیە، ئەگەر زووتر ئەمەی زانی بایە، لە شەرحی «ڕیشەکەی پان و درێژی بۆ ڕیا خزمەت دەکات»دا ئیشارەتی دەکرد کە «بۆریا» بە ڕێنووسی کۆن دەشبووە «بوریا- بووریا» بە واتای حەسیر.. شاڵڵا بەم قسەیەشم کەسم نەڕەنجاندبێ چونکە کوڕ و برا و باوک هەمیشە بە شێری یەک بێشە دانراون.

دوایین قسەم ماوە لە بارەی ئەنجومەنەوە، خوا خێری بنووسێ، هەڵەیەکی خۆمی بۆ ڕاست کردمەوە. من وام دەزانی شێخ ڕەزا گوتوویەتی:

خۆی کرد بە نێرە تورک و لێمی خوری کیم بلیر سزی

کەچی لە ئەنجومەندا دەرکەوت کە ڕاستیی بەیتەکە ئەمەیە:

خۆی کرد بە نێرە تورک و وتی کیم بلیر سزی

من لە هیچە دوو پرگەم بۆ بەیتەکە زیاد کردبوو. ئەمما دەبێ بشڵێم من دیتوومە نووسراوە «خۆی کرد بە تورک و لێمی خوری کیم بیلیر سزی» بەحرەکەشی تەواوە. دیارە من هەر دوو شێوەم لێ تێکەڵ بوون.

لە زەمینەی هەڵەی خۆمدا، مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی بەتەلەفۆن پێی گوتم لە نووسینێکمدا گوتوومە وشەی «ئاش» لە «ئاشیانە»دا بە واتای هێلکەیە کەچی فەرهەنگەکانی فارسی هەمووی دەڵێن «ئاش» بە واتای تەیرە. زۆرم سپاس کرد بۆ ئەم پەرۆشەی، بەڵام قسەیەکیش بۆ دز بکەم:

لەو باوەڕەدام کە دیتوومە لە کتێبێکی فارسی نوێ، لەوانەی تۆژینەوەی زاناکانی ئەورووپا لە بارەی زمانە کۆنەکانی ئێرانەوە باس دەکەن، «ئاش» لە کۆندا بە هێلکە گوتراوە، تەنانەت کە ئەمەم خوێندەوە بە بیرمدا هات وشەی «ئاش» نزیکە لە «هێک» ی کوردی و egg ی ئینگلیزی. گەڕامەوە بۆ ئەو کتێبە فارسیانەی لەبەر دەستمدان، تەنها سێیانم لێ چەنگ کەوتن.

1- کارنامک اردشیر بابکان

2- فرهنگ ایران باستان

3- مزدیسناو ادب پارسی

چەند کتێبێکی دیکەی وەک ئەمانەم هەن، لە گوێزەگوێزی کەلوپەلی ناوماڵ و ڕاخستن و هەڵگرتنەوەی ڕایەخ کەوتوونەتە قوژبنی ئەوتۆوە بە ئاسانی نایان دۆزمەوە. لە نێوان ئەو سێ کتێبەشدا تەنها «فرهنگ ایران باستان» لە بارەی وشەی «اش» ەوە دەدوێت و دەڵێ بە واتای «خواردن» ـە و لە بنەڕەتدا لە ad ی سانسکریتی وەرگێراوە و خۆی سەرچاوەی eat ی ئینگلیزی و essen ی ئەڵمانییە.

لەو ڕیشەیەوە چەند وشەیەک ماوەتەوە وەک:

- «کرگس» کە بریتییە لە دوو کەرت، یەکەمیان «کەهرکە» بە واتای «تەیر»، دووەمیان «ئاسە» بە واتای «خواردن» و دەبێتە «تەیرخۆر».
- وشەی «ناشتا – بە واتای خورێن»، کوردیش دەڵێ «لە ناشتا» ئەویش لە «نا»ی نەفی و «اش»ی خواردنەوە هاتووە دەبێتە «نەخۆر، بێ خواردن».
- هەروەهاش وشەی «ئەسپەست» بە واتای «خۆراکی ئەسپ» کە ئێستاش یۆنجەی پێ دەڵێن و لە سوریانی بۆتە «پەسپەستا» و عەرەب کردوویەتیە «فصافص».

فەرهەنگەکانی فارسی وەکوو «برهان قاطع» و هی نوێتریش ئاگایان لەو تەرزە توێژینەوانە نییە چونکە کاتێک ئەوان دەردەچوون جارێ زاناکانی ئەوروپا نەکەوتبوونە سەر لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵات، بە درەنگەوەش نووسینەکانیان بەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبوونەوە. بەهەمە حاڵ ئەو سێ کتێبە بەلای ئەوەدا ناچن کە «ئاش» بە واتای «تەیر» بێ. ئنجا دەشێ من وشەکەم لە کتێبێکی ئەوتۆییدا دیتبێت دەنا دەبێ بەسەهوو لە جیاتی «مرغ» چاوم «تخم مرغ»ی خوێندبێتەوە چونکە وەک «فروید» دەڵێ زۆر جار مرۆڤ شتێک دەبینێ وەیا دەبیسێ بەو جۆرە لەدڵدا پێی خۆشە..

مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی هەر لەو تەلەفۆنەدا نیمچە هەڵەیەکی دیکەشمی بۆم باس کرد کە من لە گوتاری «دساتیر»دا ڕستەی «راهرا از چاه بدانیم»م بە «ڕێگە لە زیندان بناسینەوە» تەرجەمە کردووە لە جیاتی «ڕێگە لە چاڵ بناسینەوە». هەرچەند «چاە» بە واتای زیندانیش دێت بەڵام لێرەدا بە جیرانەتی «راهـ - ڕێگە» دیارە مەبەست لە «چاهـ» قوڕت و چاڵە. سپاسم بۆ مامۆستا.

مەسعوود محەمەد
وەشانی یەکەم: گۆڤاری کاروان، ژمارە 19، ساڵی 1984
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net پاییزی 2009

«...»

---

ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر

دەمێکی لە مێژەوەیە خوولیای «ڕەمزی نەوازی» لە گەڵمدا دەژیت و خووتکەی هەستی ڕوح پەرەییم بۆ گیانی کوردایەتی لێ دەبزێوێ. خوولیا ساڵە و ساڵ لە دڵمدا ترنجۆکی شەبەنگی خۆی تەنیوە و باڵەوباڵ بە پێپلیکەی نرخە بەرزەکاندا بەرەو تۆقەڵەی سەنگاندنەوە تێهەڵکشی، خوولیای نرخاندن و سەنگاندن، بەرەبەرە، لێم بوو بە هەستی فەرمانی قەومایەتی بەسەر شانمەوە. بۆچی شەبەنگی وەها گەش و پرشنگدار لە زیندانی فەرامۆشیدا ژەنگ هەڵبێنێ؟ خۆ پەنجە چیلکە نین قەڵەم و گۆڤاریش کلچووک و کفنی بەڵەک نین بە هەموویان نەتوانن وێنەی ئەم قارەمانە لە گۆڕخانەی نەبەردییەوە بۆ بەر چاو و دڵ و مێشکی میللەتەکەی نەخش بەستوو بکەن!! دوو ساڵ دەبێ بڕیاری پیرۆزم بە دڵی خۆمدا هێنا کە توز لە وێنەی ئەم خۆبەخت کردووە بتەکێنم و ڕیسی جاڵجاڵۆکەی فەرامۆشی لێ داڕنم و بەسەرهاتەکەی بکەم بە دیاری دووەم لە خۆیەوە بۆ زیندووان: شاباشی یەکەمی لە ئاهەنگی میللەتپەرستندا گیانی بوو، شاباشی دووبارەی لە زەماوەندی بیرەوەریەکەیدا ئەم دراویلکانەن وا لە ورشەخانەی زەینی منەوە دڵۆپ دڵۆپ بە نووکی خامە بەرەو تۆمارخانەی مێژوو بە بەرچاوی خوێنەردا گلۆر دەبنەوە. قۆڵ و باسکی پەرۆشم لێ هەڵماڵی و خامەم بە مەرەکەب داشت و لە مەزرای کاغەزم گیرساند. وەک خەتە جووتی جووتیاری کورد کە بەسەر خاکی پاکی زەویەکانی کوردستانەوە وەردی ڕەش دەدەنەوە بە پیت و بەرەکەتی دانەوێڵەی هەژاران منیش بە نووکی خامە کاغەزم دایە بەر خەت لە دوا خەتی هاتوچۆی مێشک بە ناو تان و پۆی ڕایەڵەی کارەساتی قوربانی دانی ڕەمزی نافیع ڕۆڵەی نازدار و شەرەفداری شاری هەولێر لە پێناو تیکڕای میللەتی کورددا کە هەمووی لە تەرازووی بەراورد و هەڵسەنگاندندا هەر هەژاری دانەوێڵە و تروسکەی ئاگری سەرمای ڕێبەندان بووە لەوەتەی زەقەی چاوی لە پێڵووی شلەقاوی مێژوودا هاتووە.

دەست و قەڵەم کە گەرم ڕاهاتن لە نووسین دەکەونە پرشت : «خومخانەی خەیاڵی ئەرجومەندی ـ حاجی قادر» لە گۆبەندی یاد کردنەوەی ڕەمزیدا، پەیتا پەیتا، لەجیاتی مەرەکەب بژێوی شەرابی بە خامەم دەبەخشی و منیشی پێوە سەرگەرم دەبووم و «هەیپێ» م لە نووسین دەکرد: چرای گەشی چیهرەی ڕەمزی «شەمعی موتاڵا ـ نالی» م بوو.

جارێ، وەکوو ئێستاکە، لە سەرەتاکانی پێشەکیەکەدا هاتوچۆی ئەمسەر و ئەوسەری کاغەزم بە قەڵەم دەکرد، لە وتووێژدا، دۆستی ڕێزلێگیراووم د. کەمال مەزهەر پێی ڕاگەیاندم کە کتێبێک بە ئەڵمانی لە لایەن سەرپەرشتیکەری ئەو ڕووداوەی کە ڕەمزی تێیدا بوو بە قوربانی دەرچووە. نوسخەیەکیشی لای خۆی هەیە، کە بۆ نیازێکی سەر بە باسی مێژووی کوردەوە دەردەستی کرد بوو. هەر کە ئەمەم زانی لە نووسین وەستام. ناشێ سەرچاوەیەکی وەها گرنگی مێژوویی پشتگوێ بخرێ کە پڕ بێ لە باسی ڕەمزی. د. کەمال کتێبەکەی بۆ هێنام لەگەڵ چەند لاپەڕەیەک لە پاڵاوتەی کورتەی کتێبەکە، لە لایەن مامۆستا سەردار میرانەوە هێنرابووە سەر عەرەبی. ویستم پتر لەم کتێبە سوودمەند ببم بە تەرجەمەیەکی بین دریژتر. بۆ ئەم مەبەستە کتێبەکەم دایە د. فەوزی رەشید ئەویش دوای خوێندنەوەی هەر ئەوەندەی پێکرا بە قسە باسی ناوەڕۆکەکەیم بۆ بکات چونکە دەرفەتی تەرجەمەی بە نووسینەوە نەبوو. لە نێوان ڕاگەیاندنەکانی نووسینی مامۆستا سەردار و گێڕانەوەکەی د. فەوزی نەختێک جوداوازی هەبوو کە بە من نەدەکرا تێیدا بەریوان بم. ئەم تەگەرەیەش وەستاندمی. ڕەنگە ساڵێک، زۆرتر کەمتر بەسەر وازهێنانم لە نووسیندا تێپەڕی بێ بە دیار پەیدابوونی خێرەومەندێکی ئەڵمانیزان و دۆست و خاوەن دەرفەت تەگەرە بچووکەکەم بۆ پرەوێنێتەوە، بە داخەوە چەندێکی هەوڵم دا و برادەری نزیکیشم هەوڵی بۆ دام بە هیچ ئامانجێک نەگەیشتم، تا ئەوەی هەستم کرد کە شەرم و خۆداشکانەوە لە ئاست گیانی ڕەمزی چی دیکەم خاڵەبەخش ناکات. بۆیە بوو وا بەم شێوەیەی لێرەدا دێتە بەر نیگای خوێنەرەوە هاتمەوە سەر باری نووسین هەمیشەش ئاگاداری ئەوە دەبم شتێک نەیەتە ناو نووسینەوە لەگەڵ ڕاستییەکی شرایەوەدا نەگونجێ. چی باسی دەکەم جێی دڵنیایی خوێنەرە، شتێکی لەوانە بێ لەگەڵ ناوەڕۆکی نەزانراوی ئەو کتێبەدا ڕێک نەیەت، تا پێم بکرێ، خۆمی لێ لا دەدەم، ئەوەی کاریشمان پێیەوە هەبێ لەو بەسەرهاتەی پێوەندیدار بێ بە ڕەمزییەوە، وەکوو خەتێکی ڕۆشن ڕێگە بۆ سەر مەبەست دەردەکات. بەڵام دەبێ بڵێم ئەو

کتێبە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ و فەرامۆش کراوە لەوانەی بە کوردەوە خەریک بوون، سەرگورشتەیەکی خۆشیشە لە گۆشەیەکی کەینوبەینی شەڕی گەورەی دووەم لێی دێت نەختێک تەڕایی ببەخشێ بە دەماغی خوێنەر کە وشک بۆتەوە بە زوربەی ئەو نووسینە وشکین و برینگێنەی خۆ بە مل حاڵوباری ڕۆشنبیریماندا دەدەن. بەر لە 1300 ساڵ پتر پێغەمبەر د.خ فەرموویەتی «روحوا القلوب ساعة بعد ساعة...» ناوناوە دڵتان بحەسیننەوە... ڕاستییەکەی، لە دەستم هاتبایە سەرلەبەری کتێبەکەم بە کوردی یان بە زمانێکی ئاشنا لەبەر گوێی کورد بڵاودەکردەوە هەر دەشبێ ڕۆژەک لە ڕۆژان بکرێ...

ئەم کتێبە ساڵی 1959 لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا، لە ژێر سەر ناوی In brenneden Orient لە لایەن گتفرید یۆهانس مولەر- ەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. واتای عینوانەکە بە عەرەبی «فی الشرق الملتهب» ی لێ دراوەتەوە لە لایەن مامۆستا سەردارەوە، ئنجا خوینەر با دەقێکی کوردی بۆ پەسەند بکات وەک: لە ڕۆژهەڵاتی هەڵایساو ـ بڵێسەدار ـ ئاگرتیبەربووی ـ بڵێساوی... یان هەرچی دیکەی لەبارتر بێ.

مولەر لە کتێبەکەیدا دەنووسێ کە وەکوو ئەڵمانیێکی بە پەرۆش بۆ میللەتەکەی لە جەنگی دووەمدا بیر لە پلانێک دەکاتەوە یارمەتی وڵاتەکەی بدات بەرەو سەرکەوتن. لە کولانەی پێویستی ئەڵمانیا بە نەوت یادی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتەوە کە پێشتر گەشتێکی تێدا کردبوو، لە بەشێکی گەشتەکەیدا بە یارمەتی شێخ مەحموود گەڕانێکیشی لە کوردستاندا کردبوو. لە ساڵی 1943 نەخشەی پلانێک بۆ سەرکردایەتی جەنگی ڕایخی سێیەم دەنێرێ لە بارەی چۆنیەتی سوود دیتن لە نەوتی عێراق بەهۆی کوردی عێراقنشینەوە. وەک خۆی دەڵێ، دوای حەفتەیەک فەرمان لە سەرکردایەتی سپا دەردەچێ بۆ ڕێکخستنی پێداویستی بزووتنەوەیەکی ئەوتۆیی، زوو بە زوو تاقمێک لە دۆستانی ڕێک دەیەخێ بۆ تێهەڵچوون لەو پلانە بەڵام دەمێنیتەوە تەگەرەی هەرە گەورە پرەوێتەوە. دەبێ کوردێکی وریای ئازا و دڵسۆزی عێراقی پەیدا بکەن لەگەڵیاندا چاوساغ و هاومەبەست بێ. بە بیری دێتەوە، پێشتر لە 1942، بە ڕێکەوت و لابەلایی لە شاری ئەستەنبووڵ شناسایی لەگەڵ «ڕەمزی نافیع» دا پەیدا دەکات کە کوردێکی هەولێری و لە بنەماڵەیەکی بە دەسەڵاتە. گورج دێتەوە بۆ ئەستەنبووڵ و بەهۆی عێراقییەکی سەر بە «مخابرات» ی ئەڵمانیاوە بە دوا «ڕەمزی نافیع» دا دەنێرێ. ڕەمزی بێوەخران مل دەنێ بۆ ئەوێ و لەگەڵ مولەردا دیدەنی دەکات و بە پێشنیازی مولەر ڕازی دەبێ کە هەوڵ بدرێ بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی کورد بە یارمەتی ئەڵمانیا، لە ئەنجامدا کورد بە مافی نەتەوایەتی بگات و ئەڵمانیاش لە نەوتی عێراق بەرخوردار بێ. (ئەڵمانیا لە ساڵی 1941 بەرەو نیازی گەییشتن بە نەوت ڕۆیی کە ڕەشید عالی گەیلانی سەرپێچی لە ئینگلیز کرد و ئەڵمانەکانیش بۆ یارمەتی دانی کەوتنە خۆیان بەڵام ئەو ماوەیەیان چنگ نەکەوت هێزی پێویست بگەیەننە سپای عێراق. م. م) مولەر دەگێڕێتەوە، ڕەمزی لەگەڵیدا دەچێ بۆ ئەڵمانیا، لەوێ لەگەڵ ئەو تاقمەی کە بەشداری دەکەن لەو پلانەدا خەریکی ڕاهاتن بە چەتربازی و خستنە ئیشی لاسلکی و ئەو جۆرە فەرمانانە دەبێ و بە زوویی تێیاندا ماهیر دەبێ.

پلانەکە بریتی دەبێ لەوەی کە مولەر و دوو پسپۆری دیکەی ئەڵمان لەگەڵ ڕەمزی بە فڕۆکە بەرەو کوردستان بێن و لە شەودا بە پەرەشووت دابەزن و پێوەندی بە شێخ مەحموودەوە ببەستن. بە پێی گێرانەوەی د. فەوزی ژووان ئەوە بووە لە دوورایی 130 کیلۆمەتر لە ڕۆژاوای شاری ورمێ (ڕضائیە) بەسەر سنووری عێراقەوە لە شوێنێکدا دابەزن. نووسینەکەی مامۆستا سەرداریش دەڵێ دەبوو لە دوورایی 200 کیلۆمەتر لە مووسڵەوە دابەزن، دیارە مەبەست ڕۆژهەڵاتی مووسڵە.

فڕۆکەیەک لە ئەڵمانیاوە دەیانهینێ بۆ قرم، لەوێوە بە ڕێگەی ئاسماندا بەرەو ئامانج دێن. هەر لەو دەمەدا کە بە زاهیر نزیکی جێ ژووان دەبنەوە و فڕۆکەوانەکە چەند سوورێک بە دەوری شارێکی کارەباگەشدا دەدات، مولەر دەکەوێتە گومانەوە، فڕۆکەوان لەجیاتی جێ ژووان لە ڕۆژاوای مووسڵ هەڵیان دەدات. ڕەمزی بە پرسین دەزانێ جێی دابەزینیان کوێیە و چ خزمایەتی لەگەڵ ئامانجی ئەواندا نییە. مولەر ڕوونی دەکاتەوە کە هەموو کارەکە لە ئەڵمانیاوە بە ئینگلیزەکان فرۆشرا بوو. بۆی دەردەکەوێ کە ناحەزەکانی لە ئەڵمانیادا

هەروەکوو لە سەرەتاوە ویستیان تەگەرە بیەخنە پلانەکەیەوە، دواتریش کە نەیتوانی بیوەستێنن بە دوژمنیان فرۆشت.

بەهەمە حاڵ بەرەو کوردستان مل دەنێن و بە مووسڵدا تێ دەپەڕن و لە زێی بادینان دەپەڕنەوە و بەرەو هەرێمی هەولێر کە لەوێوە بگەنە شاخەکان لەو ڕەت بوونەیان بەرەو کوردستان جلکی کوردی لەبەر دەکەن کە لە ئەڵمانیاوە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان... سەر ئەنجام لە دێیەکی بنەماڵەی ڕەمزی خۆیان حەشار دەدەن بۆ دەرفەتێک... پۆلیسیش بە دوایاندا دەگەڕێ. ڕەمزی بۆ سۆراغی دۆزینەوەی ڕێگایەکی ڕزگار بوون لە ئەڵمانەکان دوور دەکەوێتەوە، لەو ماوەیەدا خەبەری حاڵ و شوێنیان بە حکومەت دەگات و دەردەست دەکرێن. ڕەمزیش دواتر لە خزمی خۆیەوە تەسلیم بە حکومەت دەبێ. لە سەرەتاوە بۆ حەپسخانەی مووسڵ لەوێوەش بۆ بەغدا بەڕێ دەکرێن. سەرەنجامیان دەگاتە حەپسخانەی «مزە» لە قاهرەی میسر. دوای لێدان و ئەشکەنجە ڕەمزی لە بەغدا موحاکەمە دەکرێت و بە 20 ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام بەهۆی ئازاردانەوە تێک دەچێت. دوای بەسەر بردنی دوو ساڵ لە بەندیخانە بە نامەی «نەخۆشیەکی کە لێ دەرباز بوونی بۆ نییە» عەفوو دەکرێت و هەر بەو دەردەی کە لە ئازاردانەوە دووچاری بووبوو دوای دوو ساڵی دیکە لە تەمەنی 30 ساڵیدا گیان دەسپێرێت.

لەماوەی حەپس بوونیدا، بە دوا ئەویشەوە کە بەڕەڵلا دەکرێ خزم و کەس و دۆستەکانی هەمیشە بە دەورییەوە دەبن و بەدەم دڵراگرتن و خزمەت کردنیەوە لەبارەی چەندوچۆنی بەسەرهاتەکەی پرسیاری لێ دەکەن. ئەویش لەوبارە نالەبارەی نەفسیدا کەمتاکورتێکی لێدەگێڕێتەوە بۆیان، پێشیان دەڵێ بەخێر کە چاک بوومەوە هەموو شتێکتان بۆ دەگێرمەوە.

حیکایەتی ئەو هێندە بەسەرهاتەی دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا و حەپس بوون و بەڕەڵلا کردن و مردنی لەسەرچاوەیەکی جودا لە کتێبەکەوە دێت چونکە کابرای ئەڵمان لە ووردیاتی ئەم لایەنە بێئاگایە. بۆ وەدەست هێنانی خەبەراتی ئەو قۆناغە پڕ سفتوسۆیەی سەرگورشتەی ڕەمزی پرسم لە خزمەکانی کرد لەوانیشەوە چەند لاپەرەیەکم باس و خواس لەو بارەوە بۆ هات و بەوەدا سەرچاوەکان بوون بە سێ. هەرچەند جوداوازی لە نێوان وردیاتی ئەو سەرچاوانەدا هەشبێ، هەموویان شایەدی دان بۆ مەردایەتی ڕەمزی یەک دەگرنەوە، هەر ئەمەیشە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە و لەگەڵ چارەنووس و سەرەنجامی ڕەمزیشدا ڕێک دێت. ئەو لاپەڕانە، دوای نەختێک لێ کورت کردنەوە بەم جۆرە دەدوێن:

ڕەمزی لە ساڵی 1917 لە هەولێر پێ دەنێتە دونیاوە. لە ساڵی 1947 هەر لە هەولێر کۆچی دوایی دەکات. لە ساڵی 1939 بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی ئەمەریکایی لە بێروت و لەوێ پلەی «فرێشمان» تێدەپەڕێنێ. بەدوا ئەودا لە ساڵی 1942 دەچێتە «ڕۆبەرت کۆلێج» لە ئەستەنبووڵ. لەوێ پەیوەندی بە د. کامران بەدرخانەوە پەیدا دەکات. ڕەمزی ئەندامێکی پارتی «هیوا» بووە و لە کوردایەتیدا دەستی هەبووە. لەم کولانەوە بەڕێ نموونی کامران بەگ لەگەڵ ئازادیخوازانی کوردی تورکیادا تێکەڵی پەیدا دەکات بۆ بەرهەمهێنانی بزووتنەوەیەکی گشتیی کورد. ساڵێک لەو مەیدانەدا چالاک بووە و یەکێکی لەوانەی پێوەندی پێیانەوە دەبەستێ «نووری مستەفا بابۆلی» بووە. کاربەدەستانی تورک هەست بە چالاکی ڕەمزی دەکەن و نیازیان بووە بیگرن و بیگێڕنەوە بۆ عێراق، ئەویش بە یارمەتی کامران بەگ پەنا دەبرێتە بەر باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و پاسپۆرتێکی ئەڵمانی بۆ ڕێک دەیەخەن و لەگەڵ موستەشاری ئەڵمانەکان لە نەمسا بە نامەی ئەوەی کە سکرتێریەتی دەینێرن بۆ سۆفیای پایتەختی بولغاریا (من بەرپرسیار نیم لە چۆنیەتی لوانی ئەو تەرزە تەگبیرە و پەیدا بوونی موستەشاری ئەڵمانەکانی نەمسا لە تورکیا و غافڵ بوونی تورکەکان لەوەدا کە بە دوا کاتەوە سکرتێرێکی تازە بۆ موستەشار پەیدا دەبێ ئەمانە لە نووسینی خزمەکانی ڕەمزییەوە بە من گەییشتووە دەرفەتیشم نەبووە توێژینەوەی تێدا بکەم. م. م) لە سۆفیا کوری شەریف شەرەف ـ ئەو شەریف شەرەفەی لە بزووتنەوەی ڕەشید عالی بوو بە وصی لە بەغدا ـ کە دەبینێ ئەڵمانەکان وەها بە ڕژدی لەگەڵ ڕەمزی خەریکن لێی داوا دەکا یارمەتیەکی بدات بۆ ڕەوپێش خستنی حاڵوباری لای ئەڵمانەکان... (ئەم خەبەرە لابەلاییە ڕوونکەرەوەیە بۆ پلەی بایەخی ڕەمزی لای ئەڵمانەکان و دەخلی بەسەر شتێکی دیکەوە نییە. م. م) دوای ئەوەی

ئەڵمانەکان دڵنیا دەبن لەوەدا کە ڕەمزی کەسێکی خاوەن جێورێیە لە وڵاتی خۆی و کوردێکی پاکە، نە جاسووس و نە مفتەخۆرە، لە کۆتایی ساڵی 1942 دا دەینێرین بۆ بەرلین، ئەوسا حکومەتی ئەڵمانیا دوو تاقمی ڕێک خستبوو لە گەنجانی ئەڵمان، یەکێکیان بۆ پێوەندی بەستن بە ئازادیخوازانی خەلیجی عەرەبی، ئەوی دیکەشیان لەگەڵ ئازادیخوازانی کورد (دیارە ئەم خەبەرە لە ڕەمزییەوە بە خزمەکانی گەییشتوە. م. م) ئیتر ڕەمزی پێوەندی بە مێجەر مولەرەوە دەبەستێ و بۆ ماوەی سێ مانگ خۆی و تاقمەکەی خەریکی گرد و کۆیی دەبن. لەو دەمانەدا کابرایەک لە تورکیا بە وەکالەتی ڕەمزی ئەو پارە و پوولێکی لە عێراقەوە بۆی دەچێت وەری دەگرێت و بە ناوی کوردستانەوە بە صەلیبی سووری دەبەخشێت ڕەمزی لەو ماوەیەدا دەزانێ ئەڵمانەکان بە نهێنی دۆستایەتییان لەگەڵ سوارغای سەرەک عشیرەتی بڵباس لە بێتوێنی سەر بە قەزای ڕانیە هەیە.

ڕەمزی مەشقی بەکارهێنانی چەکی نوێی ئەوسا و ڕاهاتن بە ڕۆییشتن لە چۆڵی و شاردنەوەی ئەو شتانەی لە فڕۆکەوە هەڵدەدرێن و ئەو جۆرە فەرمانانە دەکات. لە مارشال کاتیل بەڵێن وەردەگرێ بەهێنانەدی ئامانجەکانی ئازادیخوازانی کورد بەرانبەر بە نەوت، هەر لە بنکەی سەرکردایەتی ئەویشدا خۆی و هاوڕێیە ئەڵمانەکانی کە بریتی بوون لە مولەر و هوفمان و کۆنیچین ـ بەئەسڵ پۆڵۆنی ـ سوێند دەخۆن. ڕەمزی بە ئاڵای کوردستان ئەوانیش بە سوێندی ڕەسمی خۆیان، کە خیانەت لەگەڵ یەکدیدا نەکەن و هەردوو لا بەڵێن بگەیەننە جێ ئەم کارەش بە بەرپاکردنی شۆرشێکی کورد و هاتنی یارمەتی پێویست لە ئەڵمانیاوە مەیسەر دەبێ لە هەمان کاتدا ڕێگەی یارمەتی هێزەکانیان وەیا چەک و ئازووقەی دەوڵەتە سوێندخوارەکان کە لە ڕۆژاواوە بۆ ڕووسەکان دەچێت دەبەسترێ.

لە سەرەتاکانی هاوینی 1943 ئەم کۆمەڵەی چوار کەسی بە فڕۆکەوە لە ئەڵمانیاوە دێن بۆ قرم لەوێشەوە فڕینێکی شەوانە لە دەوروبەری 23 ی تەمووز دەکەن بۆ عێراق بە نیازی ئەوەی لە بیتوێن بە چەتر دابەزن کەچی فڕۆکەوان لە نێوان موصل و دهۆک دایان دەبەزێنێ بۆ سەر زەوی (بیتوێن لەگەڵ ئەو قسەیەی کە بڵێ دەبوو لە دوورایی 200 کیلۆمەترەوە دوور لە موصل دابەزن ڕێک دێت چونکە لە موصلەوە بۆ بیتوێن نزیکی 200 کیلۆمەتر مەودا هەیە، جێگاکەش مەڵبەندی دەسەڵاتی سواراغا بوو. م. م) لەو شوێنەدا چی کەرەستە و پارەی زیاد و چەکێکی لەگەڵیاندا بوو بەجێ دەمینێ خۆیان دێن تا لە قەیاغی گوێر بەرەو قەزای مەخموور، لیوای هەولێر، دەپەڕنەوە. (پەڕینەوەیان لە گوێرەوە بۆ بەری مەخموور پتر بەلای ئەو قسەیەدا دەچێ کە بڵێ لە ڕۆژاوای مووسڵ دابەزیون نەک لە نیوان دهۆک و مووسڵ چونکە دهۆک خۆی لەبەری ڕۆژهەڵاتی دەجلەیە، زۆریش دوورە لە گوێر، بێلزوومیش لە شاخەکانیان دوور دەیەخێتەوە. م. م) شەو لە دێی تەرجان (بەری مەخموور) دەبن، لەوێوە بە سواری ولاغ دێن تاکوو لە دمەو بەیاندا دەگەنە هەولێر. لە باغەکەی پشت ماڵی «عطاء الله ئاغا» ی مامی ڕەمزی خۆیان پەنهان دەکەن بۆ جلک گۆڕین و لەوێوە بە ڕەفاقەتی ئامۆزایەکی «خورشید» دەچنە دێی بنەسلاوە کە لە دوورایی سێ سەعات ڕێ بە سواری لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر کەوتووە. ڕۆژی دیکە دەچن بۆ دێی بیۆکە بە نیازی ئەوەی بچن بۆ تورکیا و بەوێدا بگەڕێنەوە بۆ ئەڵمانیا چونکە ئاشکرابوونیان هەموو ڕێگەیەکی سەرکەوتنی پلانەکەیان لێ دەبەستێ، بە تایبەتی کە هەرچی کەرەستە و پارە و چەکێکی بۆ شۆرش پێویست بوو لە کیسیان چوو بوو. ڕێکەوت وەها دەبێ قاچاغچییەکی ئەو دەوروبەرەی بیۆکە دەیانبینێ کە خۆی کونەفلووسەیی بووە، حکومەتیش 1000 دیناری پاداش دانابوو بۆ کەسێک خەبەر لەو کۆمەڵە بدات، کابرای کونەفلووسەییش خەبەرەکەی لە ڕێی جوولەکەیەکەوە بە حکومەت ڕاگەیاند. لە پێشەوە سێ ئەڵمانەکە دەگیرێن. ڕەمزی لەو دەمەدا لەگەڵیان نابێ. حکومەت باوک و مامەکانی ڕەمزی دەگرێت. مامێکی، نورالدین ئاغا، بە ئیزنی حکومەت دەچێ بە سۆراغیەوە و لێی داوا دەکا خۆی تەسلیم بکات و خزمەکانی پێوە ڕزگار بن ڕەمزی ویستبووی خۆی بکوژێت بەڵام مامی تەمای ژیانی لەبەر دەنێت و دەیهێنێتە سەر تەسلیم بوون (خزمانی هیچ هەوڵێک نەما نەیدەن بۆ ڕزگار بوونی ڕەمزی، ڕەنگە هەر ئەو هەوڵەش بووبێ لە ئیعدامی ڕزگار کردبێ) لەوە بەولاوە دەیاننێرن بۆ مووسڵ و بەغدا و قاهیرە، لە قاهیرەوە ڕەمزی دەنێردرێتەوە بۆ بەغدا و بە دوا موحاکەمەدا 20 ساڵ حوکم دەدرێ... ئنجا نەساغی و تێکچوون و مەرگ...

من چەند جاران لە ڕێکەوتدا ڕەمزیم دیتووە. ئەم دیمەنەی ڕەمزی کە لە یادکردنەوەوە دێتەوە بەرچاوم، لە قژی زەرد و چاوی کاڵ و ڕووی سوور و بزەی سەرلێوانی کە وەکوو شکۆفەی گوڵ هەمیشە لێی چەسپ بوو، لە ورێنەشدا خەیاڵی نەدەبردمەوە بۆ چەتربازی و گیانبازی، بە پێوانەی ئەو ڕۆژگارە ڕەمزی گەنجێکی خواپێداوی حەسایەوەی شەنگی بەرچاوی دەسکە گوڵی هێوا لە دەستدا بوو. لەلایەن پێداویستی ژیانی کامەرانەوە ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکار بێت، ڕەمزی بەولای تێری و تەسەڵییەوە بوو. نیازێک نەبوو لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ ڕەمزی پێی نەگات. هەتا خەیاڵی چرووک بە دڵی کرمێدا هاتوچۆی پلانگێری بکات بۆ هەڵبەستنی نیازێکی قرپۆک لە ویژدانی ڕەمزیدا لەوە پتر بە دەستەوە نادات کە پیاوەتی وەها مەزن لە ڕەمزییەوە وەک زەهر بێ وەهایە بۆ ناو زار و گەرووی بێگەن. ڕێک کەوتنی بێ دەسەڵاتانەی لەگەڵ ئەڵمانەکان بۆ ئامانجی وەها گەش و پاک و گەورە پاکتر بوو لە ڕێکەوتنی نێوان ستالین و هیتلەر چونکە ڕەمزی بۆ تاکە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی میللەتەکەی دەکۆشا، لەوەشدا ڕێی هەموارتر نەدەکرد بۆ داگیرکردنی شوێنی بێ لایەنی وەکوو هۆڵەندە و بەلچیکا و دانیمارک... بەر لە ڕەمزیش خەڵقی دیکە هەبوون بە ئومێدی ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی ئینگیلز و فرەنسای ئیمپێریالیست مەیلیان چووبێ بۆ هاریکاری لەگەڵ ئەڵمانیادا. بە هەمە حاڵ میللەتان کە لە مەیدانی مافی نەتەوایەتی خۆیاندا دەکۆشن دەبێ تاکە پێوانەی بەرژەوەندی بێگەردی خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان، ئنجا ئەگەر میللەتێک هەبێ عەیارەیەکی دیکە لە نرخاندندا بەکاربهێنێ هەڵەی کوشندە دەکات، خۆ ئەگەر میللەتێکی دیکە وەتەنگ هات لە عەیارەی بەرژەوەندی ڕاستینە و پاکی ئەو میللەتە دیارە هۆی وەتەنگ هێنانی دەچێتەوە بۆ چەوتی و نادروستیی عەیارەی خۆی. کوردێکی دەستی کۆتا بێ لە دراوسێکانی، بزەیی داگیرکەریشی بۆ نەبزوێ چۆن گلەیی لێ دەکرێ هانا بباتە بەر هەرچییەک بێ کە بۆرە ئومێدێکی پێ ببەخشێ بۆ ڕزگار بوون لە زیللەت و کوێرەوەری ئەو حکومەتانەی ئەوسا لە خەباتی یەکێکی وەکو ڕەمزی دەترسان لە نێوان خۆیاندا «میثاق سعداباد» یان بەستبوو کە یەکێک لە ئامانج و بەرهەمەکانی سەرکوت کردنی خەباتی میللەتی کورد بوو. حاجی قادر بە خۆڕایی بەر لە صەد ساڵ نەیگوت:

گەر هیچ نەبێ بە ئۆیین تابیع بە دەوڵەتێ بن

لەو ساڵەی 1943دا ئەگەر کورد ئاوێکی ڕوونی شک بردبایە بۆ نەتوانەوە و حەسانەوە نەدەشیا ڕۆڵەی وەها بەناز پەروەردە کراوی، خۆی لە باوەشی گەرم و گوڕی باوک و دایکییەوە هەڵدات بۆ گاڵتە بە گیان کردن، بۆ ڕێی هاتێک و دە جاران نەهات. ئەوەندەی بیستبێتم و زانیبێتم، ڕەمزی یەکەم کورد بووە بۆ کوردایەتی ، یان بۆ هەر نیاز و تەماو مەبەستێک بێ، بە پێلیژەی هەوادا، لە شەوی تاریک، سەرەژێر بوویێتەوە بۆ مەجهوولێکی پڕ لە ترسی سەکەت بوون و ملشکان و مەرگ.

بنەماڵەی ڕەمزی کە ئێستا لە هەولێر بە «حاجی ڕەشیداغا» هەڵدەدرێتەوە لە سەرەتاوە تا دوایی ناحەزی ئینگلیزەکان بوون. جگە لەم هەستە کۆنەی دژایەتی ئەو بنەماڵە لەگەڵ ئینگلیز، تەجرەبەی خۆیان و تێکڕای کوردیش لەگەڵ سیاسەتی عێراقی ئەوسادا بەرانبەر کورد کە پێوەندی بە ئارەزو و بەرژەوەندی ئینگلیزەوە هەبوو، بەناچاری گەنجی وەکوو «ڕەمزی» ی دەبردەوە بۆ لای دڕدۆنگی لەو سیاسەتە. لەم ڕووەوە چ سەیر و سەمەرە لەوەدا نییە گەنجێکی ئەوسای کورد ڕێگایەکی خەبات بگرێتە بەر پشت لە ئینگلیز بێت، تەنانەت پیاوێکی مەلای سەر بەرماڵی وەکوو باوکم پاتەوپات گوتبووی:

سووری موو زەردی چاوشین نەکەی بە ئومیدی بی

بەڵێ لەوەدا سەیر هاتنەوە پەیدا نییە بەڵام سەیرلەوەدایە یەکێکی وەکوو ڕەمزی زیاد لەو هەموو خەڵق و خوایە خۆ بە مل شەپۆلێکدا بدات ئەوەندەی لە مەرگ نزیک بکاتەوە. ئەگەر ئاگری کوردایەتی مێشکۆڵەی ناو ئێسکەکانی نەسووتاندبایە ئەو گورەی پێ نەدەبەست کە یەکەم هەنگاوی بە «مل لە چەقۆ» خشاندن دەست پێ بکات، چونکە بە ڕاستی خۆهەڵدان بە چەتر لە تاریکایی شەودا مل لە چەقۆخشاندنە. تۆ لەوە بگەڕێ ئایا هیچ جۆرە سەلامەتی لە بەرەنگاربوونی ئامانجی وەها سەخت و دوورە دەست بە دڵاندا دێت یان نا، هەر لەوە تێبفکرە، ئایا چەند کەسی تێروتەسەل ئامادە بوو لە جیاتی ڕەمزی بەو فڕۆکە لە قریمەوە بە

شەو ڕوو لە بیتوێن وەیا هەرێمی ورمێ بکات و لەوێ بە پەڕەشووت خۆی فڕێ بدات بۆ ئەوەی کە بەسەلامەتی گەییشتە سەر زەوی بیکەن بە وەزیر؟ لەوەدا ملشکان و کوژران و تێداچوونم کردە خاترانەی ئەو کەسانەی فکر دەگێڕن بەدوا بەهانەیەکی لە ڕەمزی بەداوێوە بکرێ.

لە لایەن درەختی خانەوادەییەوە، ڕەمزی کوری نافیعاغای حاجی ڕەشیداغای یەحیاغای عەبدولوەهاباغای ئەحمەداغای حارساغایە، لە عەشیرەتی مەموندی، ناوچەی مەموندی بناری چیای سپیلک نزیکی دێی سیساوا، بەسەر ڕێی نێوان شەقلاوە و ڕەواندزەوە لە سەردەمی حارساغا، یان باوکی ئەو کە ناوی بۆم ڕوون نەکرایەوە، بنەماڵەکە دەگوێزێتەوە بۆ هەولێر و دەبن بە خاوەن مڵک و ماڵ و دیوەخانە هەر وەک لە شوێنی خۆیاندا خاوەن مڵک و دیوەخانە بوون. ڕەمزی لە لای دایکەوە دەچێتەوە بۆ میرەکانی شەقلاوە، کە وەک بزانم، خوارزای میرانی قادر بەگ و نەوەی میرانی موستەفا بەگ بووە. بەمەدا دیارە ڕەمزی بە ڕیشە و دەمار لە جەرگەی کوردەوارییەوە سەری هەڵداوە، وەک بشزانم ڕەمزی هەرچەند بە اصطلاح، لە ناز و نیعمەتدا پەروەردەی هەولێر بوو، لە لایەن ڕەوشت و تەبیات و ڕەفتارەوە دەماری گیانی عەشرەت و دەشتودەری بەهێزتر بووە.

خوێنەری کوردی بەڕێز!
چی لەم ڕووپەڕانەدا هاتە بەر نیگات بایی ئەوە بوو قەرزی ئەدەبی سەرشانمی پێ بدەمەوە بە کورد و مێژوو. نەخشەکێشانی ئەو ژیانە کورتە ناکامە جوانەمەرگانەی ڕەمزی و دۆزینەوەی هەستە قووڵەکانی و باسی سەر جوملەی کۆشان و لەخۆبووردن و ڕەفتار و کرداری کارێکە دەبێ لە دەمی وەرگێڕانی کتێبەکەی مولەر بۆ سەر زمانی کوردی ئەنجام بدرێت. لەم هەڵوەستەمدا هەر ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوە بڵێم: ڕەمزی! ڕۆڵەی بە شەرەفی کورد و هەولێر! نامەوێ لە بیرەوەریتدا چەتری فیزوناز بە قەڵەمەکەم لێ بدەم و بڵێم، پێی ناوێ بۆ شەهیدان شێوەن و گرین... بە هەموو ماناوە شاگوڵیک بوویت لە باغی کوردایەتیدا، بەر لە پشکوتن هەڵوەریت... ئاواتێک بە ناکامی لە کیس نیشتمانت چوویت... بزەیەک بوویت، لە شەبەقی بەیانیدا، بەر لە خۆرهەڵات بەسەر لێوانەوە وشک بوویتەوە. وای لە ڕەنجی بەفیڕۆ ڕۆییشتووت... وای لە زیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بە کوژانەوەت... وای لە بێ ڕەحمی ڕۆژگار بە تەنینەوەی فەرامۆشی لە دەوری پرشنگی ناو و خەباتت!

بڵێم حەسامەوە بە ڕزگار بوون لە شەرمەزاری بەرانبەر یادت؟ جارێ ماومە بۆ خۆم و لە جیاتی میللەتیش بەرباری قەرزت بم. هەزاران هەزار فرمێسکی بە کوڵ بۆ سەر خاکی قەبرە پیرۆزەکەت، نازداری کورد و هەولێر ڕەمزی گیان!

ڕوون کردنەوەیەک
لە ساڵیک زیاترە بە هەویا بووم بۆ یادکردنەوەی ڕەمزی دووانێک لەگەڵ مامۆستا د. ئاورەحمان عەبدوڵلا بکەم بۆ تۆمار کردنی ئەو هێندە ئاگادارییەی کە لە بارەی چەندوچۆنی بەسەرهاتەکەی ڕەمزییەوە پێی گەییشتوە. لەو ساڵەی 1943، د. ئاورەحمان «ضابط احتیاط» بووە لە «حامیە» ی هەولێر. ڕووداوی دەستگیر بوون و حەپس کردنی ڕەمزی و ئەڵمانەکانی لەبەرپرسیاری پۆلیسی هەولێر بە درێژی بیستبوو، زۆر شایەدیی بایەخداریشی دەماودەم پێگەییشتبوو لە ئەڵمانەکانەوە دەربارەی پلەی کوردایەتی و مەردایەتیی ڕەمزی. داخم ناچێ، لە ماوەی ساڵێکدا ڕێک نەکەوت ئەو دووانە لەگەڵ شایەدی وەها چاوساغ و ڕاستگۆدا بکەم، سەبەبیش دەچێتەوە بۆ گەڕانی بێسوودم بە دوا ئەڵمانیزانێکی ئەوتۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی کتێبەکەی مولەری لێ نەیێتە بارگرانی، یان فەرمانێکی ڕەزاگران. تکای کوردانەم لە دۆستی بەڕێزم د. ئاورەحمان ئەوەیە  چی دەیزانیت، یان چی بە بیردا دێتەوە لە بەسەرهاتی ڕەمزی بە نووسین بیپارێزێت، ئاخر بە ساڵدا چوونیش دەماری فەرامۆش کردن لە مرۆڤدا ئەستوورتر دەکات. وا لێرەشدا بە نیازی هاندان ئەو شایەدیەی لێ دەدەم تاکوو ئەمانەتەکە پشتگوێ نەخات و لە فۆتانی چەپارە بدات.

مەسعوود محەمەد
وەشانی یەکەم: گۆڤاری کاروان، ژمارە 33، ساڵی 1985، لاپەڕە 5-11
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

---

زرەخەون لە تەمومژ بە دەوری «مەحوی» ی تۆقەڵەوە

لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی جەماوەر، لە سلێمانی، بانگهێشتنێکم بۆ هات وێرای نامەیەکی دڵسۆزانە لە مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرینەوە بە بۆنەی سازدانی میهرەجانێکی بیرخەرەوەی شاعیری مەزنی کورد «مەحوی» لە ڕۆژانی 17- 18\12\1987 هەر لە سلێمانی. چەندێک بەو میهرەجانە دڵخۆش بووم هێندەم پەرۆش خوارد لە نەلوانی دەرفەت بۆ ئامادە بوونم تێیدا. باری نالەبار و تەنسازی مەیلەو لار بوونە سەرباری چەند هۆیەکی دیکەی نەگوتەنی لە شوێنی خۆمدا پیشیان پێ خواردمەوە. چ ماوەیەکیش نەبوو لە نێوان شەوی 11-12\12\1978 کە نامە و بانگهێشتنەکەم پێ گەیشت لەگەڵ ڕۆژی بەرپابوونی میهرەجانەکە بایی ئەوە بکات بە گوتار پایەی ئەو کەڵە شاعیرە لە هەستمدا بدەمەوە بە خامە و بیکەمە نامەی پیرۆزبایی و منەتباری بەڵکوو قەرزداریم لە ئاست گیانی مەحوی و چاکەی بەڕێوەبەرانی میهرەجانەکە نەختێک کەمتر بکاتەوە. ئیستا لە 19\12\1987 کەوا گاگۆڵە بە خامەی ساوا دەکەم بۆ ناو باغ و ڕاغ و دەشت و بەهەشتی جیهانی مەحوی نازانم میهرەجانەکەی بە چ گەیشت. تەما و ڕاپەڕمووونم بە پایەی مەحوی و هەستی نرخ زانی و بایخ ناسیی ئەدیب و ئەدەبدۆست و جەماوەری خوێنەری کورد بە گشتی و هی شاری سلێمانی بە تایبەتی هانم دەدا لە تاریکی بێ خەبەریدا گەشبینانە چاوەچاوەی ئەو دەمە پیرۆزە بم کە موژدەی نە تەنها سەرکەوتن بەڵکوو هی هەڵمەتبەری و بەهرەبەخشی و بەرهەمداری میهرەجانەکە گیانم دەگەشێنێتەوە، وا لە ئێستاوەش ڕێم بە خۆم داوە ختووکەی شادی دەروونم بەو موژدەیە بگرژێنێتەوە و بەوەدا تام و شامی کۆڕی مەحوی بپژێتە مەرەکەبمەوە و بە خۆشاو بتکێتە ناو دێرەکانم بۆ بەر چەژی خوێنەران:

دڵی بردم بە شۆخی دلبەرێکی تازە، سەرلەنوێ
موبارەک بێ لە دڵ سەودایەکی کەی کەوتە سەر، لە نوێ

بە ڕاستی و بێ تەئویل، مبارەک بێ لە دڵ و سەودای دەریا و دەشت و دۆڵ و کەژ و چەمەن و باغی مەحوی کە بە ئەفسوونی شیعرەکانی جلوە لە خەیاڵی خوولیادار دەبەستن، نرکە و نەعرەتە و هەڕەشەی ئەم سەردەمە لەبەر گوێی دڵدا دەگۆڕن بە ئاهەنگی بلبل و ساز و عود یان هەر نەبێ وەک بەنجی برینکاری ئازاری هەستی زامدار سڕ دەکەن. کێ بێ لە ئێمەی کوردی ئاخەلێوی ساڵی بەدیوومی 1987 و صەدەی بیستەمی خوێن لێ چۆراو دڵێکی یان ملێکی بەر تیغی پرندە نەکەوتبێت.

لە چاوا نەم نەما بۆ گریە نۆبەی سەجدە و بەر دەربە
سیاساڵم نەبارە نوێژی ئیستیسقا نەکەم چ بکەم

خۆم لە جیاتی قەڵەم صەد جار «سەجدە بەردەبەر» ی پەرستگەی دیوانی مەحویم کە لەوێدا بێ لە چاکی و پاکی شتێک نییە سەجدەی بۆ ببردرێت.

خەیاڵی کۆن و نوێم لێ تێکەڵ دەبن و دەمگێرنەوە بۆ ڕابوردووی دە دوازدە ساڵێک لەمەوبەر و حیکایەت خوانیم پێ دەکەن تا بڵێم: یەکێک لەو خوولیایانەی دەمی ئەندامەتیم لە کۆڕی زانیاری کورد کە هەست و خوازمی بۆ خۆی دەکێشا ئەوە بوو. دوا بە دوای لێ بوونەوە لە باسی حاجی قادر، یان بە کتێب یان بە زنجیرە گوتار لەسەر شاعیرانی ڕیزی یەکەمی خاوەن دیوانەکانمان بنووسم. بێگومان مەحوی لوتکەیەک بوو لەوان. هەرچەند شیعری مەحوی تا حەفتاکانیش هێندەی شیعری نالی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزا و وەفایی و مصباح الدیوان... بە بەرچاومدا تێنەپەڕیبوو، بەڵام ئەو نموونانەی بیستبوومن و خوێندبوومنەوە، بێ هەڵوەست کردن، شەبەنگی مەحوییان لە هەستمدا بەرەو پایە هەرە بڵندەکان دەبرد. مەهارەتێکی لەو نموونانەدا ڕەنگی دەدایەوە دەتگوت لە گۆمی نالی بلّق دەدات:

ئەوا لەیلا بەڕۆژی حەشر ئەدا وادەی لیقا محوی
هەتا قامی قیامەت ئاهـ و واوەیلا نەکەم چ بکەم

چەند ئاشکرایە «واوەیلا» جڵەوی هۆشت بەرەو «وا لەیلا» وە دەبات کە لە بەرایی نیوە دێری یەکەمی بەیتەکە دەدرەوشێتەوە: «وا» ی سەرەتای وشەکە سێبەری ئەو «و» ەی بۆ ناو وشەی دواتر بردوە و «لەیلا» ی کردوە بە «وەیلا». سەیریش بکەی دەبینیت لە «ئەوا لەیلا» دەقی «وا لەیلا» بە تەواوی دروست بووە. ئنجا لە وشەی «وادە» ی دوای وشەی «حەشریش» تەکانێک بۆ ئەو «و» ە باس کراوە دەچێت کە «لەیلا» ی کردوە بە «وەیلا» و بە تیرێک دوو نیشان پێکراوە. ئەم مەهارەتە، بەر لە مەحوی، تەنها لە نالی بەدی کراوە کە گوتوەتی:

بۆ شەهدی کلامت کە بە اشرابی لطافت
«لذة» دەگەیێنێ بە دڵ و «دهن» ی مخاطب

بە ئانقەست و بۆ خاتری باشتر ڕوون کردنەوە بەیتەکەم بە ڕێنووسی کۆن نووسی، داڕشتنی بەیتەکە و کەرەستەی تەعبیری تێیدا بەکار هێنراوە نوختەیەکی پیتی «ذ» ی گوشراو لە «لذة» ەوە دەگەیەنێ بە «دهن» و دەیکاتە «ذهن». شەهدی کەلام لە «دهن» دا کە بە واتای دەم و زارە جێی دەبێتەوە بەڵام کە «لطافت» ی تێکەڵ بوو حەقیەتی بگاتە «ذهن» یش. شەهد و دەم هەردوویان ماددین. بەڵام «ذهن» مەعنەوییە بە «لطافت» کە وەک ذهن مەعنەوییە ئەو شەهدەی پێ دەگات. وشەی «دهن» ی فارسی ئەگەر وەک خۆی «دههن» بخوێندرێتەوە کێشی بەیتەکە تێک دەچێت بەوەشدا دیارە تەرخان کراوە بۆ قۆستنەوەی نوختەکەی «ذ» تاکوو ببێتە «ذهن» کە لەگەڵ «دهن» نەک «دههن» دا هاوکێشن.

سەیەری دوای «لذة» بکە یەکسەر «دەگەیێنێ» هاتووە کە هەر «گەیاندن» چاری ڕاگوێستنی ئەو نوختەیە دەکات بۆ سەر «دهن». دەمێنێتەوە بڵێین «دڵ» هەر شیرنایی مەعنەوی شەهدەکە هەست دەکات. نە نوختەی ڕاگوێزراو بەخۆیەوە دەگرێت و نە پەکیشی لەسەری کەوتووە بۆیەیە ئەو نوختەیە لە شێوەی «حتمی» بۆ «دهن» دەچێت. وەک کە شیرنایی مەعنەوی بۆ دڵ و ذهن لەبارە، شەهدیش بۆ «دهن» کە دەمە لە شوێنی خۆیدا بە ماددی دەمێنێتەوە.

مەحویش کە لەیلای لە جێگەی «یارم، مەحبووبە...» دانا و نەیگوت:

ئەوا یارم بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...
ئەوا مەحبووبە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...
نیگارم وا بە ڕۆژی حەشر ئەدا وادەی...

مەبەستیەتی تێی بگەین دەیەوێ «والەیلا» ویردی زاری بێت تا ڕۆژی قیامەت. لە سێبەر یاخود لەبەر تیشکی وا وەیلا و وا لەیلادا «قامی قیامەت» یش قوتە قوتێک لەگەڵ هێما ناسینەوەماندا دەکات. ئەگەر نەگونجانی کێش لێ گەڕابایە دەشیا «قامی قامەت» لە جێی «قامی قیامەت» بێ وەک کە شیا واوەیلا لە جێی والەیلا بێ چونکە لە پێشەوە باسی حەشر هاتووە. لە واتادا فەرق نامێنێ لە نێوان قامی قیامەت و قامی قامەت کە دەزانین قامی قامەتی ئەو نازدارە لەیلایە هەزاران جار پتر پەسەندی مجێزی عاشقە. هەتا قامی قیامەت دەبێ بڵێم والەیلا... دەرکەوتن و ڕاست بوونەوەی قامەتی لەیلاش ئاواتێکە هێندەی حەشر لە تەمای عاشق دوورە. هێندەی حەشریش ئاشووبی شەیدایی لە جیهان پەیدا دەکات.

مەبەستم نییە بڵێم ئەو مەهارەتە و هونەرەی مەحوی لەم بەیتەدا چاولێکەرییە لەوەوە بۆ نالی. خۆ ئەگەر وەهاش بێت چ کەمایەتی تێدا نییە. بگرە زێدە بەهرەیەکی مەحوییە لەو بەیتەدا دیار دەدات چونکە ئەم جۆرە چاولێکەرییە ئاستەنگترین ڕێگەیە شاعیر پێیدا پروات لە هونەری شیعری خۆبەستنەوە بە شیعری یەکێکی دیکەوە وەک: اقتباس، تضمین، معارضة...
ڕاستییەکەی ئەگەر مەحوی هەستی بەو هونەرەی نالی کردبێت، کە بە ترجیحەوە دەڵێم هەستی پێ کردوە، تاکە کەسیک دەبێت لە شوعەرای کوردی دەیانناسم ئەو هونەرەی لە نالیدا دۆزیبێتەوە. من لە گوتارێکی زنجیرەی «چەپکێک لە گوڵزاری نالی» دا دەوری ئەم شیوە هونەرەی نالی هەڵاتووم، ئەوساش جارێ بەیتەکەی مەحویم نەدیتبوو بۆیە بوو پەنجەم بۆ نموونە شیعری ڕانەکێشا لە بابەتی بەیتەکەی نالی بێت، ئەو هونەرەش نەمبیستووە ناوی بۆ داندرابێت مەگەر بە تەئویلێکی دوور بدرێتەوە بە «استخدام» ئەوساش پەراوێزی ئیستیخدام وەها لێک دەکێشرێتەوە زۆرینەی جۆرەکانی «محسنات» ی تێدا جێ ببێتەوە. ئێرەش جێی لێکۆڵینەوەی باسی ئەوتۆیی نییە لە مەحویمان بدزێتەوە بۆ خۆی...

دوای داپڕانم لە کۆڕ باری چالاکیم لە مەیدانی نووسیندا گۆڕا. حاجی و نالی جگە لەوەی کە خۆم بە دڵ و زمانیش پێیانەوە خەریک دەبووم، پڕیاری ئەنجوومەنی کۆڕیش ئەوەبوو لێیان بکۆڵمەوە و بۆ حیسابی کۆڕ ئەو لێکۆڵینەوانە بڵاو بکرێتەوە. لەبەرەو کۆتایی ساڵی 1978 ەوە ئیمکان نەما خۆم تەرخان بکەم بۆ تاکە باسی کەسێک یان بابەتێک ساڵێکم لێ بخایێنێ مەگەر یەکێک یان لایەنێک بەرباری ئەرکی ئەو کارە بێت، ئیتر نەشیا چی دیکەی بە پلان و نەفەسی درێژەوە تەمای خۆم لە تۆژینەوەی ئەدەب وەیا ژیانی کەسانی دەستنیشان بنێم. لوان و ڕێکەوت چۆنی هێنا و کێی خستە تۆری فکرمەوە دیمانەی بەخێر، قەدەر، ڕێکەوت وەها بوو کە ئەم ساڵەی 1978 لە گیانە لاوەی بەسەرچوونیدا هات دوو لێوەی مەرگی لێک بنێت بابەتی ئەم نووسینەی بەرکەوت و بە میرات بۆ منی بەجێ هێشت. ئاخر منیش 365 ڕۆژی ڕەبەقی ڕەق ڕووڵەییم کردوە و لێی بووم بە میراتگر. دەڵێن سەیرە لە کوێیێ بەڵام سەیرترە لە ڕۆژگار کە ساڵی وەها ڕەش میراتی وەها گەش بەجێ بهێڵێت. ئایەتی «یخرج الحی من المیت» م بە بیردا دەهێنێتەوە.

مەحوی و هاومەسلەکە نەمرەکانی لەو جۆرە ئەستێرانەن ئاوا بوون و بزر بوونیان بۆ نییە. لە دەمێکەوە بە دڵ و هۆش ئاشنایانم. پێ بە پێی فراژی بوونیشم لە ناسینەوەی بایەخ و نرخ و جوانی پتر ئۆگری ناو و شاعیریەتیان بووم. ئەو ڕاستییەش لە زێدە پیاوچاکی خۆمەوە نییە. بگرە لە زێدە پیاوەتی ئەوانەوەیە کە لەسەر بنگەیەک دامەزراوە بە دروستترین عەیارەی نرخپێو سفتی و پتەوییەکەی بە ئیسپات دەگات، لە گەییشتن بەو ئیسپاتەش ڕەنجم بردوە.

من لە عەیارەی نرخپێو هەرچی خاترانەیە تێم نەخوێندۆتەوە، مەرجەکانی پەسەندایەتی عەیارەش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێک دەگۆڕێن. ئەو بابەتانەی کە لایەنی «جوانی» تێیاندا بنەڕەتییە دەبێ لە پلەی جوانیدا ژوورووی «ناوەنجی» کەوتبێتەوە دەنا بە عەیارەی من لە سەنگ دەکەوێ، ناچاریش نەبێ خۆمیان تێ ناگەیەنم. بێکەس لە موناسەبەیەکدا گوتی: هەردوو گوێم پڕ بوو... منیش دەڵێم ئەرز و ئاسمان پڕ بوو لە گۆرانیی ناوەنجی و مۆسیقای ناوەنجی و بەستەی ناوەنجی و شیعری ناوەنجی و چیرۆک و ڕەسم و پەیکەر و شلەساواری ناوەنجیش تاکوو لە دەفری تەحەمولمان کەلەڕێژییان کرد. ئەو بابەتانە - جگە لە شلەساوار – تێکڕایان بەر جغزی مەهارەت دەکەون، بابەتیش هەن وەکوو پزیشکی، بەننایی، خەباتی، دارتاشی، شەعبەدە، چاپوک دەستی... و دەیان و صەدان کەسب و کار لە هەمواندا مەهارەت هەیە تا ئەوەی پزیشکی ناماهر دەبێتە مەرگی نەخۆش بەڵام دوو نوختە (ناڵێم پتر) لێکیان جودا دەکاتەوە. نوختەی یەکەم ئەوەیە کە هەرچی بەرەو هونەری تەواوەوە دەچێت لایەنی جوانی و مەهارەت تێیدا بەرچاوترە تا ئەوەی ڕەنگە هونەر هەبێ هەر مەهارەتی ڕووت بێت کەچی پزیشکی لە سەرەتاوە زانستە دواتر مەهارەتە. نوختەی دوەم ئەوەیە پزیشکی و نەجاری و لێخوڕی و بەننایی بە ڕادێو و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ و نووسینی ڕۆژانە ناخرێتە بەر چاو و گوێی خەڵق. گۆرانیبێژێکی نیوداشت لە هەموو زاناکانی وڵاتی خۆی مەشوورتر دەبێت، تێشیاندا هەیە لە مەرگیدا کچان خۆیانیان بۆ کوشتوە.

شیعر بابەتێکە لە لایەن مەهارەتەوە دەکەوێتە نێوان ئەدەبی پەخشان و هونەروە. بایی زێدە پشکی لە جوانی و مۆسیقا پەخشان بەجێ دەهێڵێتەوە بۆ لای هونەر. هەرچی بابەتێکی پشکی جوانی و مەهارەتی تێدا بەرچاو بێت لە پلەی یەکەمدا ڕوخسارە ئەوجا ناوەڕۆک. تابلۆیەکی ڕەسم کە مەرجی هونەر و مەهارەتی تێدا نەهاتە دی نرخی نابێت با لە ناوەڕۆکدا پێش نیسبەی ئاینشتاینیش کەوتبێتەوە. ڕەنگە مولحیدێک وێنەیەکی مەهارەتی کەعبە بە دەیان هەزار دینار بکڕێت هەر وەک دینداریش لەوانەیە ڕەسمێکی پشت لە دینی پڕ لە مەهارەت بەو نرخە بکڕێت بە مەرجێک خۆی مەیلی هونەری هەبێت. ئنجا کە زانیمان شیعر خزمی هونەرە هەقمانە لێی داوا بکەین جوان و ڕازاوە بێت، کە وەها نەبێت لە شیعرایەتی دەکەوێت.

ڕاستییەکی دیکەی گرنگیش هەیە داوا لە شیعر و تێکرای هونەر دەکات ڕازاوە و بێ عەیب بێت. شیعر و هونەر لە چاو قسە و پەخشان ئامێری مام سەلامەتۆکەی تەعبیرن. جارێ لە پێشەوە با بڵێم هونەری ڕووت چونکە قسە ناکات یەکجار یەکجار بە دەرەنگەوە ڕقی خەڵق هەڵدەستێنێت لە خۆی، شیعریش بە درێژایی ڕۆژگار بە قسەی خۆش و جوان و شیرین لە قەڵەم دراوە و خاڵەبەخشیش کراوە لە جورئەتێکی تێیدا بوو بێت. شیعری بێ پەردە و پشت لە دین کە بە ڕەهایی لە ماوەی هەزار و چوار صەد ساڵدا بڵاوبۆتەوە ڕێی خۆش نەکرد بۆ بڵاو بوونەوەی یەک لاپەڕە نووسینی پەخشانی پشت لە دین و بێ پەردە.

چەند سەیرە کە دەبینین هەموو ئەو تامەزرۆییانەی خەڵق بۆ لای زایەند «جنس» کە بە قسەی نووسراو لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانددا ناشکێندرێت بە ڕەسمی ڕووت خۆی دابین دەکات هەر چونکە ڕەسم هونەرە و قسە نییە گۆڤار و ڕۆژنامەش هەر ئەوەن کە هەن. لەمەوە دەڵێم پەخشانێکی هەڵمەتی تێدا بێ بۆ سەر ڕوویەکی کۆمەڵایەتی نالەبار ئەگەر ڕواڵەت و ڕوخساری کزیش بێت جێی خۆیەتی ڕێزی لێ بندرێت چونکە ئازایی شەفاعەتی بۆ دەکات، قۆنتەراتیشی نەگرتووە جوان و شلک بێت. بەڵام هەمان هەڵمەت بە شیعری لاواز نرخی نابێت چونکە مەرجی شیعرایەتیی تێدا نوقسانە. یەکێک نەتوانێ بە شیعری جوان هەڵمەت بەرێت خۆ پەنجەی لە پەخشان ڕەق نەبووە هەڵمەتەکە بداتەوە بە پەخشان. بۆیە دەبینین نووسینی لاواز پتر لە شیعری لاواز بڵاو دەکرێتەوە. بەیتێکی لەنگ بێت لە خۆوە دەسڕێتەوە.

لزوم نابینم خۆم لە خوێنەران بکەم بە پسپۆری نرخی جوانی و بایەخی بابەت لە کاری ئەدەبی و هونەری و هی دیکەشدا هەرچەند دەشزانم بازاڕی ڕۆشنبیریمان تا بڵێی پێویستی بە ناسینەوەی ئەو نرخانە و پایەیان لە پلەی خوار و ژووروودا هەیە چونکە بە داخەوە لە گەلێک نووسیندا دیتوومە بەرهەمی ترسنۆک وەها بردراوەتە بەرزایی هەر دەڵێی قارەمانەتی دوازدە سوارەی مەریوانم بۆ دەگێڕێتەوە.

شیعری شاعیرە بەسەرچوەکانی قوتابخانەی «نالی» دەبێ لەو کولانانەوە سەیری بکرێت. لە لایەن ناوەڕۆکەوە ناشێ لە کۆتایی صەدەی بیستەمەوە عەیارەی نرخاندن بە دیاری بنێرم، وەکوو کۆتک و تەبەقی دەستەوایی، تاکوو «ساقی لە پەردە دەرهات و مەستوورە و غەیری وەحدەت لە وجودا نییە و لە تەققەی ناڵ و شەفقەی پانی بەرزی و بەهودی بەچچە...» ی پێ هەڵبسەنگێندرێن.

مەحوی کە بدرێتەوە بە ڕۆژگاری خۆی تۆقەڵەیەکە لەو تۆقەڵانەی گەردەن کێل کە لەو دیوی ئاسۆی بەسەرچوونیانەوە بە پرشنگ و تاووتین، ڕووناکایی و گەرمایی و جوانی لە شێوەی میراتی بێ پرانەوە بۆ چین لە دوا چینی زیندووان بە دیاری دەنێرن. چی گوتوەتی و کردوەتی بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەبێ لە نرخاندندا ئینسافی دۆستانەی لەگەڵدا بەکاربێت، ئینسافی دۆستانەش پێویستی بە لایەنگیری نییە. دوو نوختەی سەرەکی سادەی تێدا ڕەچاو بکرێ بەسە:

1- داوا ناکرێ لە شاعیر قارەمانی خۆبەخت کردوو بێت.

2- کەس بێ عەیب نەخوڵقاوە.

بەسە بۆ مرۆ عەیبی ئەوتۆی نەبێ شەرمەزاری بکات.

ئنجا ئەگەر کەسی وەها هەبوو بە ئازایی لە نیوان هەموو عالەمدا خۆی لە پێناو گەل و مەفتەن گەیاندبێتە پەتی سێدارە وەیا هێندە بێگەرد بووبێت لە عومەری عەبدولعەزیز و غاندیشی تێپەڕاندبێت، بەڵام ناشێ ئەو پاڵەوانەتیە سێبەر بهاوێتە سەر خەڵقوڵلای جیهان کە خۆیان بەخت نەکردوە کاتێک گلەیەک بەسەر شانی تێکڕای میللەتدا دوورا ئەوسا جێی خۆیەتی عەیبداری وەکوو بارانی پەڵەی ئیقلمیگیر هەموو شاعیر و ئەدیب و شێخ و مەلا بگرێتەوە.

لێرەدا ڕاستییەکی سەر بە کۆمەڵایەتی هەیە بەر پەراوێزی ئەم باسە دەکەوێ لەو دەمانەدا کە کۆمەڵ وەکوو گۆمی داوەستاو بێ جووڵە ژیانێکی ڕۆژانەی کەم ڕەنگ بەسەر دەبات و وەک چۆێلکە و کەروێشک خەریکی گوزەران و خۆپاراستنی «ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە» یە هەموو چالاکییەکی گۆم شەقێن کە باری ئارام و مەندی کووچە و بازاڕی ڕێ و بانان لەبەر هەنگاوی کەسابەت و گوزەران دەشوێنێ خۆی زەق و ڕەق و ناحەق دەنوێنێ. کە گوتراوە لە قەدەر بەڕی خۆت پێت ڕاکێشە وەیاخود مریشک هێلکەی قاز بکات وەهای لێ بەسەر دێت تەعبیری لە دڵ و دەروونی ئەهلی بازاڕ و کاسبی عادەتی و هەژاری بێ دەسەڵات داوەتەوە ئنجا هی دەسەڵاتدار. بە درێژایی ڕۆژگار بۆرە پیاوی سەربزێو لە لایەن ڕەش و ڕووت و بێ دەسەڵاتەوە سەرشکێن کراوە «ئەگەر بە دەستم بوایە پەیکەری سەربازی نەناسراوم بۆ ئەو سەربزێوانە هەڵ دەنا» دواتر قسە گەیشتۆتە توجار و شێخ و مەلا. حاجی قادر لە کۆیەی صەدەی نۆزدەمدا نموونەیەکی بێمانەند و دەگمەنی چەندین صەد ساڵە بوو، خۆ ئەگەر مەلا نەبوایە و زمانی لە شیعری پرندە نەگەڕابایە هەرگیز نەی دەتوانی لە بەرگی فەلاحێکی نەخوێندوو یەخەی شێخ نەبی و شێخ غەفوور بگرێت، کە یەخەشی گرتن توانی لە پەنا مەلایەتی و شاعیری و شەخسیەتی خۆیەوە ڕێزی خۆی بپارێزێ دەنا کەس بە دەنگییەوە نەڕۆیی. مریدەکانی شێخ نەبیش کە بریتی بوون لە ڕەش و ڕووت و کاسبی بازاڕ و بەشێکی توجارەکان و ئاغای لێ کەوتە وەها چاو ئازا بوون پەلەیان کرد لە ڕۆژی ڕووندا هەڵی بدڕن. حاجی لەگەڵ ئەو ئازایەتیی و هۆشیاریەشیەوە نەیتوانی لە کۆیێ بگاتە ئەو بزێوییەی پێی دەڵێن چالاکیی کوردایەتی، دواتریش کە لە ئەستەنبوڵەوە پەندی کوردایەتی بۆ هاونیشتمانەکانی دەهەنارد کەس بە کردەوە گوێی بە قسەکانی نەبزووت. گۆمی داوەستاوی کۆمەڵ کە لە بنەڕەتدا بەسەر هەژارییەوە داوەستاوە و پەنگ خواردووی ژیانی کولەمەرگییە، هێندەی عەزابی گۆڕەوشار وەتەنگ دێت لە بزێویی بێ سەروبەر و داك و باب کەوا تروسکەی ئومێدێکی نزیک و بەرچاوی لێ دەرناکەوێت.

کۆمەڵی دەوڵەمەند ئەگەر بە حەقیش نەبێ بە ناحەق دەستدرێژی لە جیرانی دەکات. فەلسەفە و بیری ڕووناکی بەرەو هاندان و هەڵگەڕانەوەش لە کۆمەڵی نیوە مردوو کار ناکات. لە نوختە نیگای ئەم قسانەشمەوە نەبوونی کیان لە هەموو هۆیەک بێ ڕەزاترە بۆ چەسپاندنی ئەو مردەڵییەی لە هەژارییەوە دەرسکێت.

بە بیرم دێت لە بیستەکان و سییەکان خەڵقی شار لە شایی و بەزمی شەوانەی چایەخانە و دانیشتنی دیوەخانەکان لە شیعری غەرامی بەولاوە گوێیان لە شتێکی دیکە ڕانەدەگرت، ناوناوەیەک نەبێت گۆرانیبێژ بای دەدایەوە سەر شیعری ئایینی. ئنجا لە خۆوە دیارە کەوا بەر لە 40 – 50 ساڵیش زووتر ئەو خەڵقە هەر شیعرە دڵدارییەکانی حاجی قادریان لە کۆڕی شادیدا دەخوێندەوە. قوتابی مەکتەب هەوەڵ جار بوون بە ئیستگەی بێ تەلی شیعری نیشتمانی. لەوانەوە وردە وردە خەڵقەکە ڕاهات ئاردی گۆرانی لە مزاشی شیعری دڵداری و وەتەنی بهاڕن. ڕەوای حەق نییە ئێمە مجێزی سیاسی و فەلسەفی خۆمان لە چەژی مرۆی بەر لە صەد ساڵ

بگێڕین وەیا بە عەیارەی وڵاتە هۆشیارەکانی ئەو سەردەمە کوردستان و کوردەواری هەڵسەنگێنین.

ئایا ئەگەر ئێساتەکەی خۆمان بە ئێساتەکەی ئەڵمانیا و سوید بگرین چ دەردەچین؟ تا نووسینی ئەم دێرانە یەک بانکی کورد لە منداڵدانی مێژوو نەڕسکاوە. نەک بانک، تاکە یەک «صراف» ی کورد پەیدا نەبووە. ئێمە هەتا ئێستا لە قسە بەولاوە فێری هیچی دیکە نەبووین قسەکەشمان لە خەڵق وەرگرتووە. ئەگەر لەوانمان نەبیستبایە هەر گاڵ و بوغی ڕۆژگاری سەردەمی حاجی و بەر لەویشمان دەکوتایەوە. با ئەوەش لە بیر نەکەین کە حوکمداریی بابان و سۆران و ئەردەڵان و نازانم کوێ لەسەردەمی خۆیاندا لەگەڵ هەموو شانازییەکی ڕەوای پێیانەوە دەکەین، بەند بوو بە دەسەڵاتی کەسانێکی وەیا بنەماڵەیەکی بەر زاراوەی «دەرەبەگ» دەکەون و لەلایەن بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی سەردەمەوە تۆمەتی پەرندەی دڕندەیان تێ دەگیرێ تۆمەتیش لە بەیندا نەبێ دەبێ بزانین ئەو ئەمیرانە و حوکمدارانە بە کردەوەیان لە واقیعی دواکەوتووی کورد زماندا تێمان دەگەیەنن کە بەرژەوەندی خۆشیان نەی خستنە سەر باری هاریکاری و دۆستایەتی ناوکۆیی لە ئاست هەڕەشەی هێزە بێگانە زلە داگیرکەرەکانی ئەوسای کوردستان. خەڵقەکەی ئەوساش، لە دەرەوەی جغزی لەشکر و دەست و پاوەندی حوکمدارەکان دەورێکی بەرچاوی تایبەت بە خۆیانیان نەبوو لە هەڵس و کەوت و چەند و چۆنی ڕووداوی سەر بە حوکم و ئەوەی لە پەلاماری بێگانەوە بۆ سەر حوکمدارەکان و خاکی کوردستان بە نگبەت بۆیان دەمایەوە.

چ سەیر و سەمەرەش لەو تابلۆیە ڕەشەدا هەڵ نازەقێتەوە چونکە کەسانێکی لەوانە نەبوون پرسیان پێ کرابێ وەیا تێخوێندرابنەوە لە شەڕ و ئاشتی و شێوازی حوکم و چەند و چۆنی یاسای مالی و ئابووری... و هتد. بە جۆرێکی حەتمی و ناچاری هەر خەریکی خەتەجووت و دێراوی شیناورد و سەلەم و ڕیێدەی بازاڕ و مەڕ و ئاژەڵ لەوەڕاندن و ئالێ دەڵی بابای مزگەوت و زەرگ خۆدان و شەپڵتە خواردن و خەڕەک ڕێسی و مازوو چنین و جموجۆڵی گوزەران دەبێ، چاوەڕوان ناکرێ لە یەکێکی وەها بێ کیفایەت کە پرسی پێ نەکرابێ حەز لە چ دەکات ئا ئەو بێ کیفایەتە سەر لە قوڕ بنێت بۆ حاکمێکی لێی دەقەومێت هەرچەند لێ قەومانەکەی بۆ ئەویش بە سفتوسۆ بێت. لەم سەردەمەدا من و تۆش کەمتەرخەم دەبین کە پرسمان پێ نەکریت. خۆ بە خۆشمان دەڵێین ڕۆشنبیر، پێشڕۆ، ڕابەر... ئنجا مام بارامی عەبابەیلێ ساڵی 1787 و 1887 کە نەیدەزانی کاغەزیش مۆر بکات دەبێ چ بە خەمی ئەم دنیایەوە بوویێت؟ کابرای جاف کە گوتی: مەحموود پاشا دەمرێ نامرێ وەقوتەوە، وامێ دەمرێ، ئەگەر وەهای نەگوتبایە زۆلە ڕۆڵەی ئەو سەردەمە دەردەچوو.

پێت سەیر نەبێت بابایەکی ئەو سەردەمە چ مەلا بێت و چ شاعیر و چ کاسبکار بۆ تێشکانی پاشای ئیسلام لە ئاست پاشای نائیسلامدا پەرۆشی پتر بوویێت لەو پەرۆشەی بوویەتی لە تێشکانی حوکمدارێکی کورد بەرانبەر پاشای ئیسلام چونکە باوەڕی ئیسلامەتی لە شوبهەدا نییە کە هەبووە بەڵام هەبوونی باوەڕی قەومایەتی ئەو بێ شوبهەیە نییە. ئێستاکەش خەڵقەکە بە پێی باوەڕی خۆی پەرۆش دەخوات چ ڕۆشنبیر و چ نەخوێندوو تەنانەت باوەڕە سیاسییەکانی ناو کوردایەتی و هەموو جیهانی سێیەم هەمووی بۆتە ئاینێک کە ڕەخنە هەڵنەگرێ و ڕابەرەکانیان لە پایەی پێغەمبەرایەتیدان ئیتر سەیر نییە ئەوانیش قەومایەتی بە قوربان «خەلیفە» ی شەقامەڕێی باوەڕەکەیان بکەن وەک ڕۆشنبیران بێ پەروا دەیکەن.

مەحوی مەلا و تەریقەدار و شاعیر بووە. نە لێی داوا دەکرێ بە تەنها شیروتیر لە زۆردار هەڵبگرێت کە ئەگەر هەڵیبگرتایە دەبوو بەر لە هەموو زۆردارێک یەخەی ئیمپراتۆری عوسمانلی بگرێت. نە گلەیشی بۆ دەچێتەوە لەوەدا کە زێدە لە هەموو میللەت کوردایەتی هەڵنەکردوە. ئەگەر لە خۆمان بسەلمێنین دروشمی سیاسەتی ساڵی 2087 بەسەر داروەکازی مەحوییەوە بشەکێنینەوە دەبێ خەریک بین لە خەیاڵەوە دروشمە سیاسیەکانی ساڵی 2087 بە چەرەگە و نەقیزەکانی نمایشتی ئەم ڕۆژەماندا بدرووین، بە گەز و گرێی خۆمان ئیفلاس دەکەین.

بە پێی ئەو باس و خەبەرانەی لە مەحوییەوە بە ئێمە گەیشتوە لە لایەن ڕەوشت و ئاکارەوە هەرچی خەوشێکی لەوانە بێ ئادەمزاد بە داوێوە بکرێ تێیدا نەبووە. مەلای تەریقەتداری خواناس، لە جغزی باوەڕی ئیسلامەتی خۆی دەرنەچووە. گوزەرانیشی هەر بایی پەلەکوتکەی ژیانێکی سادە بووە کە بە حاڵ لە مەلایەکی مەدرەسە و فەقێ دەوەشێتەوە. ئەو سەفەرەی کە بە پێی قسەی مامۆستا سەجادی بۆ ئەستەمبوڵی کردوە لە ساڵی 1883 ز گۆیا چاویشی بە سوڵتان عەبدولحەمید کەوتووە. ئەگەر ڕووی دابێ، خەبەریکی خۆشە پایەی مەحوی لە سادە مەلا و تەریقەتدارێکی بەرماڵ بەرەژوورتر دەبات، زۆریش نەک کەم، چونکە گەییشتن بە سوڵتان لەو سەردەمەدا کارێکی ئاسان نەبووە. پیاوێکی شۆرەتی مەزنایەتیەکەی بەر لە خۆی چوونە لای سوڵتانی بۆ هەموار نەکردبێت تەمای سەردانی سوڵتانی نایێت. سوڵتانیش لە حسابیدا نەبووە هەر بۆرەپیاوێکی ئارەزۆی کرد خێرا دەرگای «بابی عالی» بۆ بکرێتەوە. خۆ ئەگەر دروست کردنی خانەقاکەی «مەحوی» ش مایەی ئەو ڕیزگرتنە بێت هێندە بەڵگەی شەخسیەتی مەحوی دەچەسپێنێ. ئەو ڕوباعیە فارسیەش کە لە لاپەڕە «بیستوحەوت» ی پێشەکیەکەی دیوانی مەحوی، لە شەرحی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاک موحەمەد، بە عەیب حیساب کراوە لەسەر مەحوی بەوەدا کە حەمە عەلی شای قاجاری پێ هەڵداوەتەوە، ئەویش دەبێ بدرێتەوە بەو سەردەمەی تێیدا هۆنراوەتەوە تا ئەگەر خەڵقی سلێمانی وەیا کوردستان بە تێکڕایی لەسەر مەحوییان بە عەیب حیساب کردبێت ئێمەش پێرەوییان لێ دەکەین. بەڵام دەبێ کە ئەمەمان کرد هەموو ئەو ڕۆشنبیرە کوردانەش تاوانبار بکەین کە بە بروسکەی گەرم و گوڕ پیرۆزباییان لە عەبدولکەریم قاسم کرد لەسەر بۆمباردمانەکەی کوردستان لە یانزەی ئەیلولی 1961...

من دڵنیام لەوەی کە مەحوی گلەیی لێ نەکراوە چونکە ئەو خەڵقەی کە بە خەیاڵ دەیانخەینە سەر گلەیی کردن لە مەحوی بۆ خۆیان بەرزەپێ بۆ زابتێکی تورک ڕاست دەبوونەوە و دەستەونەزەر بەرانبەری دەچەقین. کوردەکەی ئێرانیش لە ئاست حکومەتەکەی قاجاری هەروەها بوون کەسپش بەتەما نییە گلەیی بەخەبەر بهێنێ لێیان. واقیعێکی هەناسەبڕی پشتشکێنی ئەو خەڵقەی تێدا گرفتار بووە ئەوە نییە لە ترسی گلەیی دواڕۆژ (کە هەر بە وەهمیش دانەهاتووە) سەرپێچی و سینگ دەرپەڕاندنی پێ کردبن لە ئاست داگیرکەری بێ ڕەحم. سەیری مێژووی کۆن و نوێ بکەیت دەبینیت کورد کەمتر لە میللەتانی دیکە مەودای کورێنی و دەماغ بەرزی شک بردوە.

قسە لەم ڕێبازەوە شریتەی هەیە من لێی دەپەرمەوە. بەڵام ڕاستییەکەی حەزم دەکرد بزانم ئەو ڕوباعییە لە چ زەرفێک و بە چ نیازێک داندراوە و چۆناوچۆنی بۆ مەدح کراوەکە بەڕێ کراوە. مەحوی هێندە کۆن نییە سەروشونی خەبەراتی بزر بوویێت، لە غەریبیش نەژیاوە تاکوو مەودای دوور باس و خواسی کپ کردبێت. لە نموونەدا دەڵێم ئەو نەفی کرانەی ئەو و چەند مەلایەکی دیکەی سلێمانی بۆ بەغدا کە لە ساڵی 1291 ک ڕوویداوە و لە لاپەڕە «شەش» ی دیوانی مەحوی باسکراودا هۆیەکەی بە نەزانراوی هێڵراوەتەوە خستمیە سەر پرس کردن. بە کورتی دەڵێم بە تەلەفۆن داوام لە برادەرم عەلی دەروێش کرد لە سلێمانی، ئەویش قسەکەمی بە مامۆستا عەبدوڵلا ئاگرین ڕاگەیاند، ئەویش لە هەمان دەمدا بە تەلەفۆن پێی گوتم کە لە مەلا ئەسعەدی مامی خۆی بیستووە چەند مەلایەک بە حکومەتیان ڕاگەیاندوە کە مەحوی و مەلاکانی دیکە پێوەندییان بە حکومەتی ئێرانەوە هەیە بۆ سست کردنی دەسەڵاتی عوسمانلییەکان... گوتیشی ئەم باسەی لە گوتارێکی خۆی کە ساڵی، وا بزانم، 1977 لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، شەرح دراوە، دیارە حەسوودی، مەلاکانی خەبەردەری خستۆتە سەر ڕێگەی وەها دزێو، پێشی ناوێ بە تەئویل عوزریان بۆ بهێنینەوە بەوەدا کە وا ڕەنگە جودایی مەزهەب لە سنییەوە بۆ شیعە کەمەری هیممەتی بۆ چوغڵی پێ بەستبن...

مەحوی کە بە عەیارەی ئاکار و ڕەفتار و ئەدەبییاتی سەردەمی خۆی هەڵکێشرێت لە ئاکار و عەقیدەدا خواناسێکی ڕاست و حەقپەرست دەردەچێت، دیارە مرۆی ئەوتۆیی ڕاست و حەقپەرست لای چاکەی خەڵق دەگرێت کە ئەگەر بە کردەوەش نەیتوانی بێت حەق بە خاوەن حەق بگەیەنێت بە دڵ و بە زار و بە قەڵەم ڕارەوی حەقناسی و حەقسەلمێنی و دژەستەمی

دەگرێتە بەبەر. لێرەدا دەبێ بڵێم، پەندی «لە شاری کوێران دەبێ چاو بنووقێنیت یان دەست لەسەر چاوت دابنێیت» هەر نەبێ بۆرە سێبەرێکی خۆی دەخاتە سەر ڕەفتاری ئادەمی. ئەو بۆرە سێبەرەش لە کەس بە عەیب ناگیرێت.

حەدیسی مەشووری «من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فان لم يستطع فبلسانه فان لم يستطع فبقلبه وذلك اضعف الايمان» دەستووری واقیعی و ئینساف کارانەیە لەم مەیدانەدا. چارەسەکردنی بەدایەتی و ستەم و بێوێلی و ئاکاری وەها چەپەڵ بە پاڵەوانبازی تاک تاکی مرۆی کەم دەسەڵات ورێنە و وەهمە، لە زۆر باردا خۆ دزینەوەش لە بەدایەتیەکی کە زۆردار بەسەر خەڵقیدا دەسەپێنێ ئاسان نییە. بەسە بۆ شەرافەتی مەحوی و کەسانی وەک ئەو لە جغزی ئەو حەدیسە دەرنەچن. ئێمە ئەگەر لە کولانەی «نظری» یەوە سەیری کۆمەڵایەتی بکەین دەبێ بەوە ڕازی بین مرۆ خراپە ناکات، کە خراپەی نەکرد خاڵەبەخش بێت لە بەرهەڵستی نەکردن لە خراپەی غەیر، کۆمەڵایەتیش لێرەدا ئەوەیە کە خۆمان و مەحوی تێدا ژیاوە نەک هی سویسرە و فنلەندە. لایەنی «نظری» ش لێرەدا ئەوەیە کە «مرۆ» خراپەی نەکرد خراپە نامێنی بەرهەڵستی لێ بکرێت.

دوای ئەوەی لە لایەن ئاکار و کردارەوە لە مەحوی بووینەوە بۆ ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتین لە شەرافەت و خاوێنی و خواناسی و دادخوازی، چ ڕێگایەک لەبەر هەنگاوی مندا نامێنێ تێیرا پرۆم لە باسی ژیان و بەسەربردن و ڕووداوێکی بەدەنگ و سەدا دووچاری بووبێت چونکە هەر ئەوەی لێ دەزانم کە بە کورتی لە پێشەکیەکەی دیوانی مەحوی باسکراودا هاتوە. لەمەش بترازێین، من نەهاتووم لە ژیان و بەسەرهاتی مەحوی بکۆڵمەوە چونکە موناسەبەکەی میهرەجان پەراوێزی بە دەوری ئەم نووسینەدا کێشاوە کە مەبەستی بنجی تێیدا دەبێ ئەدەب بێت نەک بەسەرهات. ئەمە لە لایێکەوە.

لە لایێکی دیکەشەوە بەپێی تێگەیشتنی من لە هێمای ڕووداوێکی ڕەنگی دابێتەوە لە دیوانی مەحوی بەو جۆرەی تێم بگەیەنێ کە دەخلی تایبەتی هەبووبێت لە ئەدەبی مەحوی وەیا ڕووکاری بەرەو لایەنێکی نوێدا سووراندبێت هیچی ئەوتۆ نابینم لەچاو تەقالیدی شاعیرە کۆنەکانمان زەق خۆ بنوێنێت. لە نموونەدا دەڵێم سەیرێکی قەصیدەی لاپەڕە 121، 122، 123، 124 لە دیوانەکەی مەحوی بکە کە لە تێشکانەکەی ڕووسان بەرانبەر ژاپۆنیای ساڵی 1905 هۆنراوەتەوە و بە هەمووی یەک ساڵ ماوە ژیانی مەحوی لە 1906 کۆتایی بێت. دەبینیت چ فەرقێک نییە لە نێوان ئەو قەصیدەیە و هەرچی پێش خۆی گوتراوە لە لایەن داڕشتن و فەرهەنگۆک و باوەڕ و تەصور و هەرچی شتێکی کە ڕێی تێ دەچێ بێتە ناو شیعری شاعیر وەیا ڕەنگێکی جوداکەرەوەی تێ هەڵسوێت. باوەڕ ناکەم لەو تاکە ساڵەشدا کە تەمەنی مەحوی (1252 – 1326) بەلای کەمەوە 73 ساڵ بووە مەودا هەبێ بۆ گۆڕانێک و ڕووسووڕانێک کار بکاتە سەر خۆی یا ئەدەبی. گەورەترین بنگەی خەیاڵ لەو قەصیدەیەدا دوو شتە. یەکیان ئەوەیە کە «زۆر» لە ئاست «کەم» دا هەڵاتووە بەوەشدا باشتر تواناى کردگار بۆ خەڵق ئاشکرا دەبێت، ئەمەش عەقیدە دڵخۆش دەکات. دوەمیان ئەوەیە کە «قیصر» لە زمانی ڕووساندا «چار» ە ئیتر دەرفەت پەیدا بووە بۆ کەڵک وەرگرتن لە ڕێکەوتێکی خۆش کە لە کوردی و فارسیدا وشە هەن «چار» بێت وەیا «چار» ی تێدا بێتبە واتای هەمەچەشنە:

چاری قەدەر بزانە نیە، چەندە چاری وا
بێ چارە ما کە بوو بە دوو پەنجەی قەزا دوچار

ئا لەم دوو نیوە دێڕەدا چوار جاران جێگە بۆ «چار» دۆزرایەوە، لە بەیتی دیکەشدا «چار» هاتووە لە جیاتی «چوار» ئەمەیش شتێکە لە چەژی شیعر شیرن دێت. لەم قەصیدەیەدا دەرفەت بۆ منیش هاتوە کە دەوری بەیتی چوارەمی هەڵبێم:

دڕره تریشقەیێکە کە کێوی دەدا بە باد
ئەشباهـ - ئەوەندە زۆرە بە کەس نایەتە شومار

لەم بەیتەدا هێمایەکی بەهێز هەیە بۆ ئایەتی «فلما تجلی جعله دکا وخر موسی صعقا». مامۆستا مەلا کەریم و کاک محەمەد ئەم لایەنەیان تێنەخوێندۆتەوە. سەیر ئەوەیە پاش مەرگی مەحوی بە 39 ساڵ بۆمبای ئاتۆم «ذره» بەسەر ژاپۆندا هاتە خوار و ئەو تریشقەیەی لێ کەوتەوە کە دەزانین کێو دەدا بە باد. ئەگەر مەحوی مریدی مابانایە «ذڕرە تریشقە» یان بۆ بە پێشبینی و کەرامەت لە قەڵەم دەدا.

کە دەڵێم لەم نووسینەدا باسی چۆنیەتی ژیان و ڕووداوەکانی بەرهەنگاوی مەحوی مەبەست نییە نەهاتووم بڵێم زانینی ئەو لایەنە کەم بایەخە، هەر ئەوەیە کە جێگەی لێرەدا نابێتەوە. ئەمما ئەگەر بڵێین بۆ تێگەیشتنی مانای شیعرەکانی دیراسەی ژیان و مێژووی سەردەمەکەی پێویستە، ڕاستییەکەی زۆر بە داخەوە، ناوناوەیەک نەبێ شاعیرەکانمان تابلۆی دەروونی خۆیانیان بە شیعر کێشاوە نەک بوونەتە ئاوێنەی ڕۆژگاریان. بوونی شاعیر و مەلا  و خوێندەوار بە ئاوێنەی واقیع بەوەندە نابێ باسێکی زوڵم وەیا خەفەتێک بۆ داد وەیا ڕەنگێکی عادەتی واقیع بکەوێتە بەرهەمیانەوە چونکە مرۆڤ هەر زار هەڵێنێت بەناچاری شتێکی بە زماندا دێت پێوەندی بە بازاڕ یاخود کۆڵان یاخود مزگەوت و تەکیە و خەرمان... دەوە هەبێت با هیچ مەبەستێکی نەبێت من و تۆ لە نووسیندا بە دۆستی مێژووی هەڵدەینەوە. کە مرۆڤەکە کەوتە سەر باری شیعردانان دەست دەکات بە بژاردە کردنی وێنەی شیعری. لە ڕۆژگاری مەحوی و پێش مەحویدا «وێنەی شیعری» ئەوەبوو کە لە دیوانەکانیاندا دەیبینین. خەیاڵ، وردەکاری، ئارایشت، نوکتەئارایی، مەهارەتی داڕشتن، وێنەی هونەری تازە یاخود تەقلیدی بە پێی دەسەڵاتی شاعیر... و شتی ئەوتۆیی کە چارچێوەی مەفهوومی سەلمێندراو و بە عەیارەی مەقبول پێوراو کێش و قافیەی ڕێک بن. ئەوەندەی شاعیر خەریک بوو بە زمانی شیعری ئەوسا ئیسپاتی نەبوونی دەمی یار بکات و کەمەرەکەی لە موو باریکتر بکێشێت گوێی نەداوەتە ڕووداو، بگرە خۆی لە چاکە و خراپەی دنیا نەگەیاندووە. سەرنج بگریت دەبینیت شاعیرەکان مەنهەجێکیان نەبووە بۆ خۆ تێگەیاندنی کاروباری ئەم دنیایە، کەی ڕووداوێک کەوتە بەر مجێزی یاخود خزمەتی مەهارەتێکی ناو شیعری کرد نیگایێکی لێ خوار دەکاتەوە. سالم ئەو شیوەنەی بۆ بابانەکان کرد لەوەوە بوو کە برین کەوتبوە لەشی خۆی دەنا هەشت ساڵێک پێش تێچوونی بابان ڕەواندز لێی قەوما بوو بیری بۆی نەچوو. هەڵبەت من زۆر مەمنوونی سالمم کە شیعری خۆی کردە لاواندنەوە بۆ شیوەنی تێچوونی بابان، خۆ دەیتوانی بەو ئەدەبە پێدزیلکە بکات بەرەو دەسەڵاتی نوێ، کە نەیکرد لە مەردایەتی و هەستی بریندار و دەماری کەرامەتەوە بوو. بەڵام دەبێ خۆمان بە سەهوو نەبەین لە دەلالەتی ڕووداو. لەو دەمانەدا کەس گلەیی نەبووە لە خۆدزینەوە وەیا خامۆش بوون لە نگبەتی یەکێکی لە نزیکەوە خزم و دۆست نەبووبێت. بە ڕێکەوت مەحوی و سالم و کوردی... شیعریان هەیە لێیان دەبێتە شایەدی چاکە و خراپە، ئەدی ئەو عالەمەی کە شیعری نەگوت خۆ هەموویان هەر بێباک بوون بۆچی جاهیل بوونیان ببێتە شەفاعەتکار؟ هەر ئەو جاهیلە لەسەر گیسکێکی خۆی ئامادە بوو دز بکوژێت کەچی بۆ ڕەواندز گوێی نابزوێت!!! شاعیرەکان کفریان نەکرد بەهرەیان هەبوو. ناشاعیرەکانیش چ چاکەیان نەکرد کە بەهرەیان نەبوو. با ئێمە عەیارەمان خوار نەبێت و تەرازوومان لەنگ نەکەین بەوەدا کە چاکەی شاعیرەکان لە بیر بکەین هەر چونکە وەکوو ئاپۆرەی خەڵق هەستیان بە ئێش و ئازار کردبێت نەک وەکوو غاندی.

من کە لەسەر شاعیر دەکەمەوە جەماوەر خەتابار ناکەم. دەمەوێ بە چاوێکی ئینسافەوە سەیری خەڵقی لێرە بە پێشەوە بکرێت. نە شاعیر و نە غەیری شاعیرلە بارێکی نەفسی و ژیاری و ڕامیاری و ئابووری ئەوتۆدا نەبوون ڕیز بگرن و لە دژی زۆر و ستەم هەڵچەقن. هەزار لۆمەی بە دوا کاتی ئەم ڕۆژگارە بایی هەزار یەکی ئەو نەگبەتییە کە بابایەکی بەر لە 100 ساڵ بە شەق و شویلاق دەخرایە زیندانەوە و ماڵ و منداڵیشی لە ترسان و لە برسان زیرەیان لێ هەڵدەستا. هەستی سڕی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمانە کە مێژووکرد بوو نەک هی نامەردایەتی خەڵقەکە، وەها نەبوو بۆ ئازاری غەیر بەخەبەر بێت وەیا بتوانێ تیماری دەردی

غەیر بکات. هەر کەسە خەریک بوو بۆ خۆی بژیت و بەڕەکەی لە ئاو دەرکات، ئینجا کە من گلەییت لێ نەکەم تۆش گلەییت بە سەرمەوە نامێنێ...

چ شاعیر و چ غەیری شاعیر لە هیچ سەروبەرێکی کاری دنیا بەشدار نەبوون هەتا چاوەنۆڕبین دەنگی هەڵوەستی ڕەخنەگرانەیان لە کاری ناڕەوا ببیەین. هەڵوەستیش قسەی ڕووت نییە، کردەوەی لەگەڵە چ زاڵمێکیش بە تەما نەبووە لە قسەی ڕووت تووڕە بێت. لە نووسینێکی عەرەبیم، کە جارێ لە ژێر چاپدایە گوتومە «کل فلسفة فی الارض وکل حکمة فی السماء تکون معطلة اذا عدمت بشرا یؤمنون بها ایمان اداء وتنفیذ» دواتریش لەو نووسینەدا دەڵێم: ستەمکار چونکە دەیزانی ئەوانەی لە دیوانی دادەنیشن ڕیاکارن هەرگیز خەیاڵی بۆ ئەوە نەچوە کە لە شیعردا دژی ستەم قسە دەکەن ئەویان مەبەست بوویێت خۆ ئەوان پاتەوپات بە داد و ئینسافی ئەویان هەڵدەگوت. لە کوردەواریدا شاعیری «مداح» بە واتای مەفهوومی سەردەمە کۆنەکان پەیدا نەبووە چونکە باری وەهای بە خۆوە نەدیتووە لە دەوڵەمەندی و سیاسەتمەداری و بەرژەوەندی زل کە بۆ دەوڵەت پارێزی پەکی لەسەر شیعر کەوتبێت. لە کوردستانی باشووردا بەر لە ئاخەڵێوەی حوکمی عەبدوڕڕەحمان پاشا شیعری عەرووزی کوردیمان نەبوو چ جایی شاعیری مداحمان هەبێت. شێخ ڕەزا بە هەڕەشە نەک دەست پانکردنەوە مزەی مەدحی لە کەسانێک دەستاند کە حەزیان دەکرد باسیان نەکرێت. ئەم حاڵەتەی دەستکورتی و بێ سامانی و هەژاریی سیاسی وەهای کرد کە شیعری سەردەمی مەحوی لەو جغزەدا بمێنێتەوە کە شیعری شاعیرە گۆشەگیرەکانی سەردەمی عەباسی و دواتریش تێیدا قەتیس مابوو. لەو دەمانەدا کە شاعیری مزەخۆر دیوانی خەلیفە و ئەمیر و وەزیرەکانیان بە شیعری زرینگەدار دەڕازاندەوە شاعیری گۆشەگیر زۆر بوون شیعریان بۆ دەروونی خۆیان دەگوت. بێگومان ئەگەر لە کوردەواریشدا بازاڕی شیعری مەدح بە برەوبایە مەحوی هەر ئەوە دەبوو کە دەیناسین. ئەو تاکە ڕوباعییەی بۆ شای ئێران بە سێ بەڵگەی مەحکەم ئیسپاتی قسەکەم دەکات: بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە تاقانەیە. بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە دەست پان کردنەوەی تێدا نییە.

بەڵگەی سێیەم ئەوەیە کە ئەویش وەکوو حاجی قادر مەدحی دەسەڵاتداری نزیکی نەکردوە خەیاڵی پاداشی لێ بکرێت.

لە نووسینێکی حەفتاکانمدا بایی زانینی خۆم و هۆش پێ شکانم دیاردەی کنارەگیری و خۆ لە دنیا نەگەیاندن و وسکت بوون لە ڕووداو و ئەو جۆرە دوورەپارێزییەی شاعیرە ناسراوەکانی لێرە بە پێشەوەمانم شیکردۆتەوە کە، وەک بە بیرمدا دێتەوە و پێشی ڕازیم، دیاردەکە دەچێتەوە بۆ بێدەسەڵاتیی و بەشدار نەبوون لە هەڵسوکەوتی دنیا و قەومانی کاری گرنگ و چارەسەر کردنی گرفت و کۆسپی کۆمەڵ و ئەو تەرزە بێ تەرەفییە ناچارییەی کە دەکێشێتەوە بۆ بە خۆوە خەریک بوونی شاعیر و پەنگ خواردنی دەروونی، تا ئەوەی وەک ئەو حەبسانەی کە لە ماوەی 10 – 12 ساڵدا دەبنە ماهیرترین کەس لە هونەری نەخش.

شاعیری بێ بەشیش لە کاری دنیا دەبێتە وەستای نەخش و تەونی ناو شیعر، بێگومان هەندێ باوەڕی سەر بە قەزا و قەدەریش دەبێتە ڕێخۆشکەرەوە بۆ پەپکە خواردنی شاعیر و غەیری شاعیریش لە حاڵوبارێکدا کە هەرگیز پرسیان پێ ناکرێت و تێناخوێندرێنەوە. بەڵام قەزا و قەدەر بە تەنها قەت نەبۆتە هۆی پر بوون. لە دەمی پێغەمبەرایەتیدا شاعیر هەبوون و پێویستیش بوون بۆ لەسەرخۆکردنەوە و وەڵام دانەوە و بردنەوەی شەڕە دندووکێی وشەیی.

من نامەوێ لێرەدا بچمە ناو درێژەی ئەو هۆیانەی وەهایان کرد کۆمەڵایەتیی کورد مردەڵەی نەزۆک بێت. هەر ئەوەندە دەڵێم نەدەشیا کورد لەم بارەی تێیدا دەژیا مردەڵە نەبێت و شاعیر و غەیری شاعیری دوورەپارێز و ڕووە قەزاوقەدەر نەبن. ئێساتەکە لە ساڵی 1987 من ئەگەر دوورەپارێز نابم چیم؟ حکومەت بە خێری خۆی ڕێ دەدات نووسینم بڵاو ببێتەوە، لەوە بەولاوە چ دەکەم؟ هیچ هەر هیچ. ئیتر مەحوی و کوردی و وەفایی چییان کردبایە دەبوونە ڕۆڵەی سەردەمی خۆیان!

بەشێکی زۆری نووسەری کورد خەریکی بڵاو کردنەوەی حەیران و بەستە و بالۆرەیە کە ئەمانە لە تای تەرازووی هیچ سەردەمێکدا نابنە هاوسەنگی شیعری ئەو باسکراوانە، نە لە ڕوخسار و نە لە ناوەڕۆک و نە لە هێمادا. ئەگەر بالۆرە بڵاو نەکەنەوە چییان پێ دەکرێت؟ سەقافەتی نوێ وەهای کردووە هەڵگەڕانەوە هەبێت بەڵام مەرجی زۆرە. مەرجیش واز لێبهێنین بە دەگمەن نەبێ کەس لە ڕابەرە بەسەهوو چووەکەی خۆی هەڵناگەڕێتەوە. کەس بەتەما نییە بە ڕەخنە لەخۆگرتن واز لە باوەڕی پووچەڵ بهێنێت تا ئەوەی کە تەجرەبەش ئەو پووچەڵییە بە ئیسپات دەگەیەنێت وازی لێ ناهێندرێت. ئنجا کە گەنج و خوێندووی ئاخەلێوەی صەدەی بیستەم سوور بیت لەسەر بوتپەرستی مۆدێلی نوێ بۆچی داوا بکەین لە مەولەوی و مەحوی واز لە «قدرية» بهێنن کە هەر نەبێ «قدرية» بە عەیارەی خۆی ڕاست دەردەچێت و وەک ئەوە نییە کە شێلمم چاند و شین نەبوو بەردەوام بم لەسەر شێلم پەرستی.

گلەیم لە مەحوی نییە کە ڕمانی حاکمایەتیی بابان دەنگی نەداوەتەوە لە دیوانی چونکە لە غەیری دیوانی سالم دەنگی لە دیوانی کەسی دیکە نەداوەتەوە. حاجی قادریش پێش ئاوارە بوونی بۆ ئەستەنبوڵ نە باسی ڕمانی ڕەواندز و نە بابانی نەکردوە. پێم بڵێن شەشی ئەیلول لە چەند جێگەی کوردستان دەنگی دایەوە؟ سلێمانی کە بۆ شەشی ئەیلول دەنگی بەرز کردۆتەوە خۆی تازەیەدار بوو. لە 1957 کە لافاو زەرەری لە سلێمانی دا چالاکانە هونەرکار و مۆسیقار و گۆرانیبێژیان کەوتنە پیتاک کۆ کردنەوە، بەڵام چەند ماڵە هەژارێک لە هەولێر ئاو بردنی یەک سەلکە پیازیان پێ ڕەوا نەدیترا. برین کولاندنەوە خۆش نییە بەڵام بێ سوودیش نییە.

شیعری مەحوی دەبێ بە کێش و تەرازووی سەردەمی خۆی هەڵبکێشرێت، ناشێ لە پەنا فکری «نوێ» وە تیری تانە و ڕەخنە بۆ صەد ساڵ بەر لە ئیمڕۆ بەڕی بکرێت. هەروەک ڕەوا نییە بە خۆڕایی گلەیی ساز بدرێت هەروەهاش ڕەوا نییە لە دەرەوەی شیعری شاعیر واتای بۆ بخوازرێتەوە و لێی بار بکرێت.

دۆزینەوەی واتا لە دەقی شیعر جودایە لە بەسەرەوەنان. ناشێ پەرۆشی دەروونی خۆم وەیا باوەڕم بە چاکە و خراپە وەیا بە ئیسپات گەیاندنی نیازێکم بمهاوێتە سەر تەئویلی بێ بنگە لە شیعری مەحوی وەیا ابن الفارض وەیا ابو نواسدا. کە شاعیری کورد گوتی: قەزاوقەدەر حوکمی خۆی دەکات ڕێم نییە بڵێم بەوەدا مەبەستی بزاوتنی گیانی کوردایەتییە گۆیا ویستوویەتی بڵێ خزمینە بە ئومێد بن!

لە نموونەی ڕوو بە واتا گۆڕین لە ڕێی تەئویلی بێ بنگەوە ئەم بەیتەی خوارەوە لە لاپەڕە 17 ی دیوانی مەحوی دەهێنمەوە:

بۆ دوکانی مشتەری گر حەول ئەدا کاڵا فرۆش
دینی وا دێنێتە قیمەت خواجە ئەعضایی بکات

لەو لاپەڕەیەدا شەرحی بەیتەکە وەها کراوە کە مەلایەکی بۆ خواستۆتەوە و ڕیشیشی لە خواجە خواستۆتەوە بۆی...

ئەم تەئویلە هەرگیز لەو دەقە هەڵناستێت چونکە مومکین نییە ڕیشی خواجە لەو دەقەدا بە شەویلەی کەسەوە بنووسێت چ مەلا و چ غەیری مەلا. ڕیشی خواجە هەر لە شوێنی خۆیدا دەبێت و بە ڕیشی جوولەکایەتییەوە دەبێ بچیتە ئەو ئەنجوومەنەی (ڕەنگە هی دادگا بێت) ئەعضایی تێدا دەکات. کاڵافرۆشیس کە ئەو دینە ناباوە دێنێتە قیمەت بۆ ئەعضایی خواجەی جوو جەربەزەیێکە، فێڵبازێکە، قوڵپریکە، بێدینێکە نموونەیی و نوێنەری بەدایەتی. ئەگەر بە مل مەلا وەیا شێخ وەیا توجار وەیا والی و قاضی و سەرەک وەزیرانیشدا ببڕێت لە واتای کەم

دەبێتەوە و بایەخ دەدۆرێنێت چونکە لە «مطلق» ی بێدین و ساختەچی وێک دێتەوە بۆ «مقید» ی مەلا کە دەزانین زۆربەیان برسی و هەژار بوون و دەسەڵاتی جوولەکە دامەزراندنیان نەبووە بە ئەندامی دایەرەی بەرزی حکومەت. بە هەمە حاڵ دەسەڵاتیشیان هەبووبێ ئەوان بەر نەعنەعەی بەیتەکە ناکەون مەگەر وەکوو هەر کەسێکی دیکە بێت لە هەموو ئەسنافی کۆمەڵ کە توانای دەسەڵاتی ساختەی زلی هەبێت.

نموونەیەکی دیکە لە لێک کێشانەوەی پەراوێزی واتا بۆ وەبەرخستنی مەبەستێک کە شاعیر نەیویستووە و شیعرەکە هەڵی ناگرێت. لە لاپەڕە 90 ی کتێبی «لە بارەی مەحوی لوتکەوە» بەیتێکی دیکەی مەحوی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

قەزا، بێ دەستەڵاتت کا، چییە غەیری ڕەضا چارە
لەبەر دەستی جەلابا ڕێوێکە شێری پەل بەستە

ماناکەی لە «قضاء» ەوە بۆ «ڕێکەوت» و لە تصوفەوە بۆ کۆمەڵایەتی بادراوەتەوە. ئەم تەئویلە نە بەیتەکە قبوڵی دەکات نە مەحوی خۆیشی پێی ڕازییە چونکە ئەوەندەی لێ شارەزاین کە بەلای ئەوەوە بێ دەسەڵاتیی کۆمەڵیش هەر دەچێتەوە بۆ تەقدیر. ئێمە پێشتر دیتمان تێشکانی ڕووسیای زل و زەبەلاح لە ئاست ژاپۆنی بچووکی کەم شۆرەت دەداتەوە بە قەزاوقەدەر. ئایا بە کێ دەکرێ ئەم قەدەرەیان باهەڵداتەوە لە خواوە بۆ کۆمەڵایەتی؟

مەحوی بەیتی وەهای هەیە هەڵدەگرێ دڵدارییەکەی بە دڵداری ڕاستینە لێ بدرێتەوە ئنجا دەشێ لە دەمی گەنجایەتیدا شیعری وەهای گوتبێت وەیا لە کامڵیشدا پێڕەوی دەستووراتی شاعیریەتی ئەو ڕۆژانەی کردبێت. هێندێ قەصیدەشی هەن مزاشە لە تصوف و غەزەلی بێ تەئویل. ئنجا هەر وەک ناشێ شیعری دڵداری بە زۆر هەڵگێردرێتەوە بۆ تصوف هەروەهاش جایەز نییە تصوف لە مەعنەوییاتی خۆی ڕووت بکرێتەوە و بخرێتە قاڵبی کۆمەڵایەتی.

ڕاستەییەکەی لە لایەن بەخۆدا ڕاپەڕموونیشەوە چ شیرنایی هەست ناکەین لەوەدا کە مەحوی وەها شاعیر و دەسەڵاتدار لە تەعبیر و تەبیات خورت خۆ بدزیتەوە لە «صراحة» بۆ ناو تەمی تصوف وەیا ڕاستە عەقیدە. بە بەیتی سەرپۆشکراو کۆمەڵایەتیمان فێر بکات. ئەگەر «قضا» قەزاوقەدەر نەبێ و کۆمەڵایتی بێ دەبێ مەحوی ترسا بێ وەیا نەیزانی بێ هەستی دەروون بداتەوە بە هێزی ئاخاوتن. لە لایەن ترسانەوە بێ ئەوەی من بڵێم دیوانەکەی شایەدی بۆ دەدات کەچی ویستوە ئەوەی گوتوە. خۆ نەهاتووە شەڕ بەم و بەو بفرۆشیت و ناوی خەڵق بهێنێت ئیتر تەقیە لە چی بکات؟ کێ تەقیەی کردوە تا ئەو بیکات. لە لایەن تەعبیر و زمانزانیشەوە هەمووومان دەیناسین چ ئوستادێکە لە گوتار.

گەلێک بەیتی دوای ئەم بەیتەش دوور خراونەتەوە لە مەبەستی خۆیان وەک کە ڕەنگی سووری یاقووت و جلی شینی پیرۆزە لە بەیتی:

لە کێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت
عەزاپۆشی چییە و کێیە؟ جلی پیرۆزە بۆ شینە

وەها لێک دراوەتەوە کە مەحوی لەم شتە جوانانە «ئازار و ژان و فرمێسک و هەنسک و حەسرەت و دڵۆپی خوێناوی و قوڵپی گریانی دەرهێناوە کە گەورەترین شێوەی ئازاردانی مرۆڤی خستۆتە بەرچاو... ئازارە لەبەر سزادان. لەبەر چەوساندنەوە. لەبەر دارکاری گیان و هەست». بنواڕە لاپەڕە 91، 92 لە «... مەحوی لوتکە».

مەبەستی مەحوی لە سەراپای قەصیدەکەدا دیارە و تەئویل هەڵناگریت تەنانەت ئەگەر ڕێی تەئویلی مامناوەنجیش بدرێت دەبێ لە بەتی دووەمدا کە دەڵێ:

دەبینی جێیەک ئەمڕۆ بەزمی عەیش و بادە نۆشینە
سبەینێ زوو زەمانە وەضعی گۆڕیوە لە نۆ شینە

دەبێ مەبەستی مەحوی شیوەن کردن بێت بۆ ئەو خواپێداوانەی لێیان تێک دەچێت چونکە «بەزمی عەیش و بادە نۆشین» هی چەوسایەوە و سزادراو نییە... گلەیی مەحوی لە هەموو وجودە نەک لە بەشێکی. سەرەتای قەصیدەکەش هەروەها دەگەیەنێت و وەها دەست پێ دەکات.

لە ڕۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆشینە
لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە

هەروا لە نموونەی زاڵ کردنی هەستی دەروونی بێژەر بەسەر دەقی شیعردا زوربەی ئەو بۆچوونانەی نێوان لاپەڕەکانی 197 – 266 لە کتێبەکەی «مەحوی لوتکە» دا بە ئاشکرایی ویژدانی نووسەرەکە کە لە هەموو نووسینەکە خۆ دەنوێنیت، تێکەڵ بە دڵ و دەروونی مەحوی دەکەن. لە لاپەڕە 266 کە ڕوباعییەکەی «ئەم پارە پەرستانە...» شی دەکرێتەوە نووسەر پاڵ بە مەبەستە ئاشکراکەی مەحوییەوە دەنێت هەتا بە ڕاڕەوی خۆیدا دەیگەیەنێتە کۆتایی قەصیدەی:

دەنی طەبعی بە جارێ عالەمی داگرت ئەوا مەحوی
دڕەنگە ئیلتیجابە بەر دەری عالی جەنابی زوو

ئیتر بە چەند دێڕێک لە لاپەڕە 227 کار دەگاتە دەرەبەگایەتی و نیمچە سەرمایەداری و چینایەتی...

من ناتوانم لێرەدا بە دوا ئەو تێبینییە بنجیپانەم بکەوم کەوا لە ئاغڵەبی بیروراکانی ئەو لاپەڕانەدا داوای شەرح و کەلێن گرتن و خستنە قاڵب و ڕاست کردنەوە و بادانەوە بۆ ڕاڕەوی مەحوی دەکەن چونکە بە نیمچە کتێبێک لێی نابمەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم دەبوو نووسەر بۆمان ساغ بکاتەوە کە ڕوباعیەکە زووتر هۆنراوەتەوە لە قەصیدەکە بۆ ئەوە بشێ. هەر نەبێ ڕواڵەتی بسەلمێنین کە مەحوی بە پلیکانەی ڕوباعیەکەدا سەرەژوور چوە بۆ قەصیدەکە.

پرە شیعری «ئەلعەیاذ» کە ڕووبەڕووی تێکڕای ئەهلی «شار» گوتراوە:

بۆتە موئنیس، بۆتە مەئوا قەوم و شارێ ئەلعەیاذ
دێوی بێتێ جێبەجێ دەڕوا بە بارێ ئەلعەیاذ

هەرکەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەومە بووبێ تا ئەبەد
بێتەوە فکری لە زاری دادەبارێ ئەلعەیاذ

باداراوەتە بۆ سەر «دەسەڵاتدار و دەستڕۆیی» – لاپەڕە  288 کتێبی مەحوی لوتکە - نە مەحوی و نە بەر لە مەحوی کە گلەییان لە زەمانە و خەڵق کردبێت مەبەستیان جودا کردنەوەی چینی زۆردار بووە لە زۆر لێ کراو. ناوناوە لە بەیتێکدا وەیا لە قەصیدەیەکدا ئەم هەڵاواردنە هەبوو بێت «منهجیة» ی نەبەخشیوە. هەر لەم شیوازەی مەحویدا بەر لە هەزار ساڵێش گلەیی وەها لە زەمانە و عالەم کراوە تا ئەگەر مەحوی لە قەصیدەکانی هی وەهای هەبوویێت «زهد» ی گرتبێتە بەر. شاعیر هەبوون لە کۆنەوە هەر «زهد» یان کردوە بە ڕاڕەو هیچیشیان بە شۆرشی فکری داناندرێن دژی چین وەیا زرچین و تیرێژ وەک پێشتریش گوتم کەس لەو تەرزە شیعرانە وەتەنگ نەهاتووە چونکە بە هاندان و خەڵق تیژ کردن حیساب نەکراوە. لەو ئەلعەیاذەدا بەیتێک هەیە دەڵێ:

ئەهلی تەزویر و فەسادن غاصبی ماڵی عیباد
موبەلابن بەم بەڵایە ئەهلی شارێ ئەلعەیاذ

ئیشارەی بۆ «غصب» هەیە. ئەم غەصبە بە زۆردار و ئەهلی بازاڕیش دەکەوێت کە پیشەیان بەسەرەوەنانی قەرزە بۆ حیسابی قەرزدارەکانیان تاکوو وەها دەبێت قەرزەکە دەکرێتەوە سەلەم بۆ کۆزی دانەهاتووی بەرخ و گیسک ئیتر لە ئاکامدا ڕەنگە لە بری دینارێک قەرز پێنج دیناریش وەرگیرابێتەوە. هەر چۆنێک بێت زۆردار مەلعوونێکی بەرچاوی ئەهلی شارە لێی دەوەشێتەوە ئەوەندە موجامەلەی لەگەڵدا بکرێت، خوا لەناوی ببات کە مرۆ نەتوانێ لەناوی ببات.

تێک هاویشتنی چینایەتی و بیری چینایەتی لە کوردستانی خۆماندا هەتا سیەکانیش سەری هەڵنەدابوو، کە سەری هەڵدا لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی بیروباوەرەکانی شۆرشی ئۆکتۆبەر بوو نەک لە نمای چینی بۆرجوازی کە تا ئێستاش پەیدا نەبووە. گوتومە و لەم باسەشدا گوتم تاکە «صراف» ێک لە کورد نە ڕسکاوە. مەحوی بەوەدا پەنجە نیشان نایێت کە بە سەروپۆتەراکی خراپە و بێ دینیدا هاتۆتە خوار چونکە تەقلیدێکی کۆنی شیعر و ئەهلی «وشە» یە گلەیی لە بەدایەتی بکەن. ئەبونواس کە بە پارەی پاداش دەژیا خۆ گیف دەکاتەوە و دەڵێ:

ومستبد اخوانه بتراثه
لیست له کبرا ابر علی الکبر

مەحوی لەلایەن شیعرەوە بە مەتانەتی داڕشتن و نوکتە ئارایی و سەرەژوور چوون لە دەستوورە سەلمێنراوەکانی شاعیریەتی سەردەمی خۆی و دەرپرینی هەست بە شێوازی هونەری قەشەنگ و داهێنانی وێنەی زیهنی نوێ و بەجێ هێشتنەوەی شاعیرانی تر لەو مەبەستە شیعرییە ئاشنایانەی هەموو تێیاندا بەشدارن... لەمانە و لە جۆرە داڕشتنێکی لوغەوی تایبەت بەخۆی کە شەقڵێکی جوداکەرەوەی تەعبیری ئەوە لە شیعری کوردی، مەحوی دەچێتە ڕیزی یەکەمی شاعیرەکانمان و لە تەنیشت نالی پاڵ لێ دەداتەوە. لێرەدا ڕایەک دەردەبڕم دەبێ لە بیستنی و بەلاوەنانی پەلە نەکرێت:

هەرچەند جارێ ڕێم نەبووە بە وردی دیوانەکەی مەحوی بخوێنمەوە، بگرە هەوڵی قەرزدانەوەم بەم گوتارە ماوەی نەدامێ هەمووشی بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کە من لە خوێندنەوەی شیعری کوردی سەر بە هێروگلێفیدا ناگرم بەڵکوو نەبزی هەر بەیتێکی لە دەمارمدا فڕکە دەکات، سەیر نییە بە زوویی دیاردەی بەرچاو لە دیوانێکدا بەدی بکەم. من وەها دەبینم شەبەنگی نالی لە شیعری مەحویدا بزرە و دیاریشە، نەک ئەمە و بەس بەڵکوو بزربوونەکەی لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو دەردەکەوێت بەڵگەی دیار بوونیەتی لە ویژدانی مەحوی.

سەرنجێک بگرنە قەصیدەی «بەحری نوور» پاتەوپات «معارضە» ی قەصیدەی «ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتا کەی حیرصی وێرانە» ی نالی پێ کردوە، وەک دەشزانین معارضە

هۆنینەوەی شیعرە لە قافیە و کێش و ناوەڕۆکی شیعرێکی مەشوور. لە موعارەزەدا دوشمنایەتی مەبەست نییە مەگەر هۆنەرەوە بیکا بە دوشمنایەتی. لەم قەصیدەیەی مەحوی کە بە ڕێبازی نالیدا ڕۆیشتووە دێت لەبەرەو کۆتایی هەڵبەستدا دەڵێ:

ئەو کەڕڕەڕ بوو قەصیدەی بوردە نەشئەی عالەمی پڕ کرد
فەرموو بەم قەصیدەی کوردە نۆبەی نەشئە پێوانە

واتە: قەصیدەی «بردە، بردیە» بوصیری کە لەعنەتی پێغەمبەرە «د» زۆر گوتراوە، فەرموو بەم قەصیدەیەی کوردە دەست بە نەشئە پێوی بکرێت. مەحوی بە ئانقەست معارضەی نالی دەکات کەچی ناوی «بردە» دەهێنێت کە کێش و قافیەی جودایە لە بەیتەکەی مەحوی، خۆ مەعلوومیشە قەصیدەکەی «نالی» ی بیستوە و بە دڵیشی بووە و خۆیشی خەریک کردوە لە قەصیدەکەی خۆیدا لە نالی دانەماڵێت، بەڵگەش، جگە لە دەلالەتی «معارضە» خۆی، کە بەیتی چوارەمی قەصیدەکە دەڵێ:

تاریکی شەوی کوفرا بە یەک دەم لە معەیێکیدا
هەزار و سێصەد و بیست و دووە، دنیا چراغانە

دیارە لە 1322ک. قەصیدەی داناوە. نالی لە 1290 ک مردوە، تا دەمی قەصیدەکەی مەحوی 32 ساڵ تێپەڕی کردوە، لەوەدا نییە بگوترێ دەشێ مەحوی جارێ چاوی بە دیوان وەیا قەصیدەکەی نالی نەکەوتوە. لە ناوەڕۆکی قەصیدەکەی هەردوانیش بەراوردێک بکرێت گەلێک شوێن پەنجەی نالی لە مەحویدا دەدۆزیتەوە بە نموونە مەحوی دەڵێ:

مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ «یا خیر خلق الله»
بێ خێری نالائیق کە جیبریلت ثەنا خوانە

لە نەعتەکەی نالی دەخوێنیتەوە:

مرادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەک نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ثەنا خوانە

هەم بەیتە تازە باسکراوەکەی مەحوی و هەم بەیتی «موکەڕڕەڕ بوو...» ت بە بیردا دێتەوە. وشەی کورد لەویاندا و «ثەنا خوان» لەمیاندا «قاسمی مشترک» ی هەردوو قەصیدەکەیە...

لەم قەصیدەیە و لە بەیت و دوو بەیەتی دیکەشدا نالی بزرێکی دیارە، سەیری بەیتی سێیەم بکە لە لاپەڕە 110ی دیوانی مەحوی دەخوێنیتەوە:

«ڕەحە» بەو شێتییە ئەلحەق قصێکی عاقلانەی ووت
منم عاقل لە بەرگی عاریە خۆمم کە عاری کرد

ئینجا تەماشای ئەم بەیتەی نالی بکە:

من لە بێ بەرگی ئەحەم پرسی کە بۆچ ڕووتی گوتی
یاڕەبی شێت بم ئەگەر شاد بم بە بەرگی عاریە

وا دەزانم «ڕەحە» و «ئەحە» ش یەک ناو بێت لە نووسیندا بە هەڵە گۆڕاوە یاخود مەحوی بە ئانقەست ئەحەی کردوە بە ڕەحە. لە واتادا هەردوو بەیت یەک شتن.

لەم بەیتەدا مەحوی کە دەڵێ:

ئەم فیزاعەت بە دووەوە حەقتە کە ناپرسی چیە
تۆ یەکێ دائیم هەزارێکی وەکوو من دوو بە دووت

وەک نالی شاعیرانە و ئوستادانە وشەی «هەزار» ی بە واتای دەجاران صەد و بە واتای بولبولیش لەکار هێناوە. سەرحی دیوانەکە بۆ ژمارەی هەزار نەچوە. لە ئەسڵیشدا عەرەب کە بولبولی گوت «هزار – هەزار» وشەی «هزار داستان» ی کورت کردەوە بە واتای «هەزار ئاهەنگ». نالیش گوتوەتی:

ڕۆخی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ و هەزاری عاشق ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوصولی نالە نالی

نالی ژمارەی «ئاحاد و میئات و ئولووفی» کۆ کردەوە، مەحویش دوو ژمارەی ئاحاد و یەکێکی ئولووفی کۆکردەوە لە بەیتەکەدا. کورد بە تێکڕایی کە مەبەستی بولبول بوو دەڵێ «هوزار» زۆری ئەدیبەکانیش هەروەها دەکەن بۆیەیە لە «هزار – هەزار» هەر بۆ ژمارەکە دەچن.

لە دیوانی مەحوی بگەڕێیت نموونەی دیکە زۆر دەبینیت لە حازری و بزری نالی هەموویش هەر بە گیانی «تحدی» یەوە هاتوون کە وا بێ دەرپرینی پاتەوپات پەردە عازەبانەیەک هەڵدەگرێت هەر بە نالی هەڵگیراوە. حاجی قادر لە چەندین جێگەی دیوانەکەی ناوی نالی و شیعر و مەتانەتی دەهێنێت تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ:

بە «تضمین» بەیتەکی نالی دەهێنم تا ڕەفیقانم
بزانن من بە ئەو ناگەم خەزەف قەت وەک گوهەر نابێ

مەحوی بێ ناوهێنان ملانێی لەگەڵدا دەکات. ئەو ڕایەی لە لاپەرە 218 ی «مەحوی لوتکە» دا کە شیعری مەحوی لە «سبکی هندی» دادەنێت پێویستی بە ڕوون کردنەوە هەیە دەبوو نووسەر شەرحی بدات، بەڵام من وەهای بۆ دەچم کە داڕشتنی «سبکی مەحوی» یە پتر لەوەی چاولێکەری بێت. مەحوی لە هەڵنانی بەیتەکانی ئەو مامڵەتە لەگەڵ وشەدا دەکات کە وەستای بەننا دێت بۆ دۆزینەوەی جێگەی لەبار بە دوا بەردی لە باردا دەگەڕێت. گەلێک لە بەیتەکانی مەحوی ئەوەندە سفتە دەڵێی وشەکانی لە پاڵ یەکتر هەڵناوەشێن لەو وەستاییەشدا ناوناوە دەگاتە تۆقەڵانی ئەوتۆ هەر دارەوان و شاخەوانی مەعلانی دەیگاتێ. لەو پرە شیعرەی کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

بیبێی یا نەیبیێی من داد و بێدادی دەکەم
گوێ بداتێ یا نەداتێ ئاهـ و فەریادی دەکەم

چەندی دەگەمە ئەم بەیتە:

بێستوونی عیشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش
گەر لە حەق بێم و نەیەم تەقلیدی فەرهادێ دەکەم

موچڕکێک دەمگرێت (وا ئێستە چاوەکانم تەڕ بوون).

نموونەیەکی وردی و مەتانەت لەم بەیتە دەردەکەوێت وەک کە لە صەدان بەیتی ئەوتۆییدا.

زمانت کە ببڕی قسەت دێ بەکار
قەڵەم دادەدەم، پەندی خۆ دادەدەم

ئەم بەیتە لە لاپەڕە 36 ی دیوانی مەحوی وەها شیکراوەتەوە کە مرۆ زمانی خۆی ببڕێت و قسەی پڕوپووچ نەکات قسەی کاریگەر دەبێت وەک قەڵەم کە دابدرێ باشتر دەنووسێت، بەڵام شی کردنەوەکە نە دەڵێ کە زمانت ببڕێت چۆن قسە دەکەیت نە خۆ لە دووبارە بوونەوەی «دادە دەم» دەگەیەنێت.

وەک من بۆی دەچم مەحوی ڕواڵەتی زمان پڕینی بە تەپکە داناوە تەپکەکەش وەک «دەر و دوو هۆدە» واتە دەرگەیەک بەلای دوو ژووردا دەکرێتەوە. بە شێوە نووسینی سەردەمی مەحوی «ببری» دەنووسرا دوو جۆر خوێندنەوەی هەڵدەگرت. «ببری» بۆ کەسی دوەمی تاک و «ببرێ» بۆ کەسی سێیەمی تاک. ئنجا کە گوتت «زمانت پرندە بێ» ڕێکوپێک قسەت دێتە کار چونکە مانای ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێ کە «زمانت پرندە بێ».

لە «قەڵەم دادەدەم» دا «ببری» بەخەبەر دێت کە موناسیی قەڵەم دادانە. دادانی دوەم «دادانی ئاو» وەیا هەر شتێکی دابدات دەگەیەنێ. کە قەڵەم دادرا پەند بە مەرەکەبدا بۆ سەر کاغەز دادەدات. ئەگەر خۆنووسیش بێت پەندەکە بێ مەرەکەب هەر بۆ سەر کاغەز دەچێت بەڵام گومان نییە مەحوی قەڵەمی قامیشی مەبەست بووە کە بە مەرەکەب دەینووسی.

نیمچە واتایەکی وەک زێدە پارووش لەوەدایە کە ئەگەر بە ڕێنووسی کۆن بنووسرێ: «پندی خودا دەدەم» دەشێ بخوێندرێتەوە «پەندی خودا دەدەم» واتە ئەو پەندە دەدەم کە هی خودایە. لەبەر خاتری کێش واوی «خودا» نەختێک درێژ دەکرێتەوە. من هەر نالی و مەحویم بە بیردا دێت لە کورد ئەو جۆرە هونەرەیان خۆش جلەو کردبێت بۆ ناو هەڵبەست.

بەر لەوەی بچم بۆ شی کردنەوەی چەند نموونەیەکی دیکەی کە لە «دیوانی مەحوی» دا پێویستییان بە تەواو کردن هەیە تێبینییەکی کورتیلە لە بارەی گوزەران و دوور کەوتنەوەی نالی لە وڵات دەکەم کە لە لاپەڕە 219 و 220 ی «مەحوی لوتکە» دا بە جۆریک هاتووە تارکیەکی خستۆتە سەر نالی کە بەلای منەوە ڕەوا نییە. گۆیا نالی بە دوور کەوتنەوەی لە وڵات و ڕووداو و ئاژاوە و پشێوی کە سەرجەمی ناوچەکەی گرتبۆوە ئازادییەکی بە خۆی دا کە «بە کەیف و هەوەسی خۆی بدوێ».

ئەوەی من بۆی دەچم، نالی لە دەمی حوکمڕانی ئەحمەد پاشادا چوو بۆ حەج. جارێ حەجی تەواو نەکردبوو یان هەر نەبێ لە حەج نەگەڕابۆوە حاکمایەتیی بابان بەسەر چوو. پاش چەندین ساڵ کاغەزی بۆ سالم نووسی و وەڵامی یەئسی لێ وەرگرتەوە. ئنجا ئەگەر وەها نەبێت و لە

پاش تێکچوونی پاشایەتی ئەحمەد پاشا نالی هەڵاتبێ بۆ دەرەوەی سلێمانی و حەجی ناچاری کردبێ (کە ئەمەش من بۆی ناچم) دەبێ لە ترسی کوشتن وەیا بەندی بوون ڕێی غەریبی گرتبێتەبەر. لە هەردوو حاڵیشدا نالی بێ ماڵ و حاڵ بووە و بە نەداری سەفەری کردوە. نالی لە سلێمانی مزگەوتی نەبوو. هەر هیچی نەبوو بۆیە توانی ئاوارە بێت. حاجی قادر و کەیفی جوانڕۆییش بێ ماڵ و حاڵ بۆی دەرچوون.

چی لە لاپەڕە 221 یشدا گوتراوە کە نالی لە سلێمانی و غوربەتدا بە ناز و نیعمەتی میرەکانی بابان حەوابۆوە ئاواتێکە لە منەوە بەرەو ئەو سەردەمانە. وەی کاشکی بمانتوانیبایە بڵێین ئەحمەد پاشا و باوکی لە سلێمانی خزمەتی نالییان کردوە بە ناز و نیعمەتەوە دواتریش ئەحمەد پاشا درێغی بۆ نالی نەکردوە بەڵام چ فایدە! نالییەک لە سلێمانی نوای نەبووبێت، بەر لە دەوری نوا پەیدا کردنیش بە درێژایی تەمەنی فەقێیەتی وەکوو گەڕیدەیەکی هەژار ئەم دێ و ئەو دێ و ئەم شار و ئەو شاری کردبێت چ دەرفەتێکی بووە بە نازەوە لە نیعمەتی پاشاکاندا ژیا بێت. لە غەریبیشدا بەینێک لە شام دەرسی بە خەڵق گوتوە بۆ نان پەیدا کردن. لە ئاخر و ئۆخری ژیانیشی، ساڵی 1288 و بەشێکی 1289 ک حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی نالی لە مەککە دیتوە بێ ماڵ و حاڵ. چەند بزنێکی هەبووە پێیانەوە ژیاوە. وەک دەبینین تەنها لەو دەمانەدا کە ئەستەنبۆڵ نشیمەنی بوە و ئەحمەد پاشاش تێیدا ژیاوە جێی خۆیەتی چاوەڕوان بین ئەحمەد پاشا خزمەتێکی کردبێت...

تێکڕای باری ژیانی مەحوی ئاسوودەتر بووە لە هی نالی خۆ هەر نەبێ مەحوی خانەقەی هەبووە. بە تەنیشت خانەقاوە ماڵێکیشی هەبووە تێیدا بحەسێتەوە. منداڵ و وەچەشی هەبووە پێیانەوە ڕوون بێتەوە. صەد جاران لێی پیرۆز بێت کە دە ئەوەندەشی لایەق بووە. وەهاش بووە بە سەریەوە نراوە. بە تێکڕایی ئەهلی خەیاڵ لە وێنەکێشانی حاڵ و باری خۆیان هونەری تەعبیر تێکەڵ بە واقیع دەکەن. هەر وەک لە دڵداریدا بە هەڵبەست خەویان نامێنێت و فرمێسکیان دەبێتە خوێن و هەروەهاش لە تصویری تەنگەتاو بوونیان فەلەک لەگەڵ خۆیان بەشەڕ دەهێنن، زوربەی خەڵق لێیان دەبن بە ڕەقیب و دوشمن. لەجیاتی ئاو خوێنی جگەر و لە جیاتی نان گوژاڵ دەخۆن...

وەها دەبێ لە ناحەزیدا شاعیریەت بەکار دەهێنن تا ئەوەی دوشمنەکەیان لە شەیتان مەلعوونتر دەنوێنن... لە تەبیاتی بەشەر دەوەشێتەوە دڵی نەهێنێ باسی ئەو بێحورمەتیە بکات کە بە ڕاستی تووشی هاتوە بەڵام لە شیعردا ڕێز و حورمەتی کە پێی ڕەوا دیتراوە بە شکستی خۆی لە قەڵەم بدات. شیعرم دیتووە بە حاڵ کێش و قافیە ڕێک دەیەخێت کەچی تف لە زەمانە دەکا کە حورمەتی بلیمەتی وەک ئەو ناگرێت. خولاسە، ئەمیناغای حاجی بەکراغای کۆیێ بە ناز پەروەردە کرابوو لە شیعردا دەڵێت:

ئەوەندەم خاک بەسەردا کرد لە هیجرت
زەمین دووی بوو بە تۆز ئیستیکە پەنجە

تەقالیدی شیعرمان موبالەغە و بەسەرەوە نان و ئارایشتی زیاد و ئەو جۆرە نیگارکێشییەی تێدا باو بووە. نالی بێ یا مەحوی یان هەر کەس دەبێ ببێ حاڵ و باری ناو دیوانەکەی دووکەڵ و ئاگر و تەنگی و تاریکی تێدا قەڵەم کێش کراوە. مەبەستم نییە بڵێم ئازاریان نەبووە بەڵام ئازارێکی کە هەبووە خراوەتە ژێر عەدەسەی زلکەرەوەی خەیاڵی شیعر.

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ حورمەتی ئەو مەهارەتە بگرین کە لە سەرەنیا کردنی ئێش و ئازاردا خزمەتی خەیاڵی ڕەنگین و وێنەکێشی هونەراوی و زاخاوی مێشک، وێڕای دەوڵەمەند کردنی زمان و ئەدەبیان کردوە. چەند شیرینە ئەو بەیتەی طاهر بەگ لە شکانی پەنجەی بە گوللەی دەمانچە گوتوەتی:

فەلەک زانی کە دەشکێ ڕەونەقی بازاڕی مانگ و خۆر
شکاندی پەنجەکەم تا من نەنووسم وەصفی ڕوخساری

ئێمە ئەگەر تەنها دیوانی مەحوی بکەین بە شایەدی خۆشی و ناخۆشی ڕۆژگار و بەسەربردنی. هەرگیز ئەو ڕوداوە خۆشکەڵەیەی لاپەڕەکانی 246، 247، 248 ی «مەحوی لوتکە» ناخوێنینەوە کە هەموو ناگزووریەکی گۆڕیوە بە ئیرۆیی. بەڵام نەمزانی پێوەندی چوارینەکەی لاپەڕە 246 کە دەرگایە بۆ گێرانەوەی ڕووداوەکە، بەو خەونە سەیرەی کە نائیبی والی دیتوویەتی و لە ئاکامدا کردوویەتی بە کۆیلەی «مەحوی» چییە؟ بە داخەوە هیچ تاکێک لەو هەشت نووسراوەی باس کراو لە لاپەڕە 255 ی «مەحوی لوتکە» دا نەهاتۆتە بەرچاوم کەوا بێگومان گەلێک شتم لێ وەردەگرتن لەبارەی مەحوییەوە ئێستاش مەترسی ئەوەم هەیە لێرەدا ڕایەک بە ناوی خۆمەوە دەرببڕم دواتر دەرچێ کە یەکێک یان پتر لەو سەرچاوانە بۆی چوون.

وەک گەلێ جار گوتراوە و نووسراویشە شیعری مەحوی غەرقی واتا و نوکتە و وێنە و جوانییە، لەوانەیە مرۆ پێی وابێ لە بەیتێکی قووڵ بۆتەوە بۆ تەختی بنی کەچی بە ڕۆچوونی قووڵتر گەوهەری نەدۆزرایەوە بە دەستەوە دەدات. بۆ بەسەر کردنەوەی چەند و چۆنی واتای دیار و نادیاری شیعرەکانی هەر ئەو دیوانە لەبەردەستدایە کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کاک محەمەد شەرحیان داوە.

لێرەدا هانا دەبەمە بەر ئەو دیوانە بۆ مەشقی وردبینی لە چەند نموونە شیعرێکی بایی ئەوەی تروسکەیەکی زیاد بهاوێژێ بۆ ناو دیوانەکە و بەر نیگای ئەدەب دۆست و ئەدیبان لە قەوارەی گوتاریشدا جێی بێتەوە. دەشێ بڵێم کارێکی من دەیکەم گەلێک ئاسانترە لەوەی مامۆستا و کاک محەمەد کردوویانە چونکە هەمیشە ڕەخنە وەیا بەسەرەوەنان لە بنیات نان سووکەڵەترە. ئەوان مەیدانیان خۆش کردوە ئینجا من دێم بە وەکازی قەڵەمەوە پیاسەی تێدا دەکەم. ئەو نموونانەش هی بەدوادا گەڕان نین. لاپەڕەم سەیر کردوە و بەیتێکم ڕەچاو کردوە ئنجا دە پەڕم هەڵداوەتەوە تا لەسەر لاپەڕەیەکی بەند بووم، وەهاش بووە کتێبم داناوە، کە بۆی گەڕاوەتمەوە لەو لاپەڕانە گیر بووم کە پێشتر پێیاندا تێپەڕی بووم، تا ئێستاش نەگەییشتوومە بەشی فارسیەکەی.

لە لاپەڕە 64 ی دیوانەکە هاتووە:

ئەگەر ئازادەگییەک بێ لە عەدەمدا بۆمان
چی هەیە غەیری بە پێچی پەلپەل داوی حەیات

لە شەرحدا هاتووە: نەبوون هیچ نەبێ سەربەستیەکی بۆ بنیادەم تێدایە لەم هەموو کۆت و زنجیرە جۆر بە جۆرە ماددی و ڕووحییانەی بە خۆیانەوەیان بەستۆتەوە... هتد. من تەنها دەخلم بەسەر وشەی «بە پێچی» یەوە هەیە کە وەک بۆی دەچم «بپێچی» یە واتاکەشی دەبێتە «پەلەپەل – خێرا خێرا بپێچی دوای حەیات» وەک کە داو بە پێچانەوە هەڵ دەکرێتەوە. «بە پێچی پەلەپەل» لووس و لێک نییە. بە پێچی دوای حەیات جوملەی تەواو دروست ناکات چونکە «اسناد» ی تێدا نییە وەک کە لە فیعلی «بپێچی» اسناد پەیدا دەبێ.

لە لاپەڕە 66 هاتووە:

خەلاصی بوونی قەت ناوێ ئەسیری زولفی زنجیرت
لەبەر تیرت، مەلەک بێ هەڵفڕینی نەبووە نەخچیرت

لە شەرحدا هاتووە: دیلی کەمەندی زوڵفی تۆ هەرگیز نایەوێ ڕزگار بێ و نێچیری ڕاوت ئەگەر فریشتەش بێ هەرگیز لەبەر تیری تۆ هەڵنافڕێ و دەیەوێ بەو تیرە بپێکرێ چونکە دڵدار دەیەوێ هەمیشە لە یارەکەیەوە نزیک بێ. من وەهای بۆ ناچم: شیعرەکە نەیگوت نێچیر دەیەوێ بەو تیرە بپێکرێ بە پێچەوانەوە گوتی نێچیرت مەلائیکەتیش بێ خەلاس بوونی لە داوی زوڵفت ناوێ چونکە هەر هەڵفڕێ تیرت دەیکوژێ. مانەوەی لە داوی زوڵفی چاکترە بۆی... داوەکە سەلامەترە لە تیرەکە. وشەی «مەلەک» بە واتای «یەک مەل» یش دێ. مەبەست لە نێچیر نێچیری کوژراوە.

لە لاپەڕە 70 دا هاتووە:

لەپێ حەرامە زڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق
ببی بە شێر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست

لە شەرحدا دەڵێ:

زنجیرەی عیشق ناکرێتە پێی هەموو کەس و هەموو کەس شایانی خەڵاتی وا پیرۆز نییە. بۆ ئەوەی ئەم زنجیرە بکرێتە پێت و لە پێتدا زرڕەی بێ، پێویستە ببی بە شێر و ئەوەندە ئازا بی بتوانی دەست لە دنیا هەڵبگری.

من وەهای بۆ دەچم، بە ڕێنوسی کۆن وشەکە دەنووسرا «شیر» و بە هەر دوو جۆر دەشیا بخوێندرێتەوە واتە «شێر، شیر = اسد، سیف». بۆ شکڵی «شێر» هەر واتایەک لێ بدرێتەوە قەیدی نییە بە مەرجێک لەگەڵ دەقی شیعرەکە بگونجێ نەک بە زۆرە ملێ بە سەریدا بسەپێ.

چەندی دەکەم بۆم نالوێ بڵێم دەست لە دنیا هەڵگرتن سزای زنجیر کردنی پێوە بێ. وا دەزانم نیوە دێڕی دووەمی بەیتەکە دەبێ بخوێندرێتەوە: «ببی بە شیر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست»

بوون بە شیر «سیف» و دەست لە دنیا هەڵگرتن «تمرد» دەگەیەنێ نەک واز لێ هێنان. لە سەبکی بەیتەکە ئەو دەست هەڵگرتنە وەکوو ئاڵا هەڵگرتن و ڕم هەڵگرتنە بۆ جەنگ. تۆ کە خۆت شیر بوویت دەست هەڵگرتنیش دەبێتە شیر هەڵگرتن چونکە شیر دەستی هەڵگرتووە. ئەم سەرکەشییە یەکە مناسبی سزای زنجیر کردنە، چونکە لە واقیعدا دنیا تەڵاق دانە دەبێتە هۆی حەڵاڵ کردنی زڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق.

لە لاپەڕە 78 ئەم بەیتە:

ئیتیفاقی، ئافتاب ئانێ موقابیل بوو بە ڕووت
ئافەتێکی دی، نەما تابی، بوەستێ ڕوو بە ڕووت

لە شەرحدا هاتووە:

بە ڕێکەوت جارێکیان ڕۆژ تاوێک لەگەڵ ڕووت ڕوو بە ڕوو بوو. دەردێکی وای بەسەر هات توانای نەما لە بەرابەرتدا خۆی بگرێ.

وەک من بۆی دەچم: ڕۆژ خۆی لە ئاوێنەی ڕووی یاردا دیتوە. ڕۆژ بە «افتاب» نووسراوە لە بەیتەکەدا. کە دیققەت بکەی لە وشەی «افتاب» «افت» هەیە کە دەکاتەوە «افة» ی نیوە دێری دوەمی شیعرەکە. ئنجا ئابی نەما چونکە لە وشەی «افتاب» کە «افت» لابەریت «اب» دەمێنێ نەک تاب. «اب» یش کە ئاوە ناتوانێ بوەستێ.

لە لاپەڕە 152 ئەم بەیتە:

لە زولفیا ونە ڕوو لێوی هەر لە کارایە
ئەو ئافتابە گەر ئاوا بووە مەسیحا خۆش

نیوە دێری دوەم لەبەر کێش دەخوێندرێتەوە «ئەوا فتابە گەراوا بووە...» لە شەرحدا دەڵێ: ئافتاب: خۆر ، مەبەست لە حەزرەتی عیسایە. مەسیحا: عیسا، مەبەست لێوی یارە کە هەناسەیەکی لێ دەردەچێ وەک ئەو هەناسەیەی لە دەمی حەزرەتی عیسا دەردەچوو مردووی پێ زیندوو دەبوەوە.

من وا دەزانم ئافتاب کە ئاوا بووە ڕووی یارە لە زوڵفدا ون بووە، ئەمما لێوی لە کار نەکەوتوە چونکە نەفەسی هەر دێت و خەڵق زیندوو دەکاتەوە وەک مەسیح. نەفەسیش مووی زوڵفی لادەدا بایی دەرکەوتنی دەمی. لە لاپەڕە 219 ئەم بەیتە:

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاە و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ دەگرم

لە شەرحدا دەڵێ: لە تۆڵەی قسەی سارد و ناخۆشی و وەک بەردی ڕەقی یارانی بێ بەزەییدا منیش هەڵکێشانی ئاخ و هەناسەی گەرمم هەیە وەک هەورە بروسکە و بەرقی ئاسمان کاریگەر و سوتێنەرە.

من دوو تێبینیم هەیە: یەکیان ئەوەیە کە مەحوی دەڵێ «بەردم تێ گرێ» ئەم بەردەی لە خۆڕایی نەهێناوە. وشەی بەرد دەنووسرا «برد» ئەم وشەیە بە عەرەبی دەکاتەوە «سەرد» ی نیوە بەیتی یەکەم. کەواتە بە واتای «حجر» یش دەڕوات و لە موناسەبەی قسەی ساردا بە «برد، ساردی» ش دەڕوات. تێبینی دوەم ئەوەیە کە وشەی «شێتانە» هەرچەند جێی بۆتەوە بەڵام زێدە لە هەموو وەسفێک بۆ «شێتی» پەسەند کراوە؟ بۆچی گیلانە نەبێ؟ وەها دەزانم وشەکە بە ڕێنووسی کۆن «شێتانە»ی بێ چوکرە دەنووسرا. ئەم شکڵە هەڵدەگرێ «شیطانە» بێت و بە زاری کورددا ببێتە «شێتانە» لە هەمان کاتیشدا «شێتانە» ش لە کیسە دەمێنێتەوە:

کەسێ شیطانە بەردم تێ گرێ...
کەسێ شیتانە بەردم تێ گرێ...
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ...

ڕەنگە مەحوی لە ئاسۆی وشەی «شیطان» ەوە بەتەمامان بوویێت خەیاڵ لە «برق» بکەینەوە کە ئەو «شهاب» ە بێ ڕاماڵی شەیاطین دەکرێت وەک لە قورئاندا هاتووە «... فأتبعه شهاب مبین» ئنجا ئەگەر شریتە بەم خەیاڵە درێژ بکەینەوە دەگەینە ڕادەی ئەوەی کە وشەی «سەردا» ئەویش «سەر» بێت و تەواوکەری حرف جری «لە» کە «دا» یە بە دوایدا هاتبێت وەک کە «سەردا» ش هەر «سەرددا» یە و داڵێکی لێ قرتاوە. ئەوسا «سەر» بە واتای «سەروو، بەرزایی» دێت بە مەبەستی «ئاسمان» چونکە شەیاطین گوێیان لە قسەی ئاسمان ڕادەگرت و شیهاب، بەرقیان تێ دەگیرا. لە پاداشی قسەی ئاسماندا من بەرق دەگرمە شەیطان... نەختێک چاوپۆشی و یارمەتی دان پێویستە تا ئەم واتا لێ دانەوەی «ئاسمان و برق» لە شەیطانەوە لەبەر تەبیاتماندا دەسازێت.

یارمەتی دان و چاوپۆشی ئەوتۆیی هەمیشە لەگەڵ لوغز و مەعەممادا کراوە بۆ ئەوەی بتوانرێ هونەری وەها سەرکێش ڕام بێت. هێندی لە شیعری مەحوی و نالیش بە وردی و قووڵییاندا خۆیان لە ڕۆخی موعەمما دەخشێن. لە موناسەبەی موعەممادا باسیکی کورتیلە دەگێڕمەوە.

عبدالباقی العمری بە شاعیری صەدەی نۆزدەمی بەغدا دادەندرێت. خۆی مووسڵییە هاتۆتە بەغدا. دەگێڕیتەوە دەڵێ ڕۆژێکیان بە عادەتی خۆم دەچووم بۆ لای مەولانا خالید. بە بیرمدا هات فیراسەتی تاقی بکەمەوە. بە ڕێگاوە موعەممایەکم ڕێکخست، کە گەیشتمە خزمەتی گوتم: موعەممایەک هەیە بۆم لێک نادرێتەوە، داوای کرد و منیش خوێندمەوە:

بان لام العذار من ألف القد
فتم الوصال فی عامین

دەڵێ بێ وەستان گوتی: «ئەفسەنتین» لە وڵاتی مووسڵ زۆر هەیە. لێکدانەوەکە بەم جۆرە دەبێت: لام دوور بکەوێتەوە لە «الف» دەمێنێتەوە «اف» کە وصال لە دوو ساڵدا پیک بێت. ساڵ وەک «عام» ی هاتوە «سنة» شی هاتوە، دوو ساڵ دەبێتە «سنتین» لەگەڵ «اف» بە یەکتر بگەن «اف سنتین – افسنتین» دروست دەبێت. ئەفسەنتین ڕووەکێکە. واتای بەیتەکەش بە کوردی ئەمەیە: لامی بسک لە ئەلفی قەد دوور بۆوە. لە دوو ساڵدا وصال پێک هات.

لە لاپەڕە 298 کە شەرحی ئەم بەیتە دراوە:

ڕوخیشی کردە ئەولا دەی شی پرسی
بە شۆخی شاهی من تۆ بۆچی مانی

دەبوو بگوترێ «روخ و شا» دوو بەردی شەترەنجن هەروەها «مات» یش زاراوەیە بۆ مردنی شا کە ئیتر یاری دەدۆڕی. «ڕوخیشی کردە ئەو لا» لە نوختەی یاری شەترەنجەوە دەشێ ئەوە بێ کە ڕوخێکی خۆی بەلاوەنا «وەک کە لە بەیتەکەشدا ڕووی خۆی بەلاوە ناوە» دیسانەوە یاریەکەی بردۆتەوە کە مەحوی مات کردوە. دەشێ ئەوەش بێ کە ڕوخێکی مەحویشی لاداوە و کوشتوەتی دەشپرسێ بۆچی ماتی؟ ڕوخ لە پاش وەزیر لە هەموو ئالەتەکان بەهێزترە.

لە لاپەڕە 300 ئەم بەیتە:

مەگەر قەطعی نەفەس چاری بکا، وەرنا نیە هەرگیز
لە پێوەندی کەمەندی پڕ خەمی طولی ئەمەل چارێ

شەرح دراوە بەوەدا کە: لە گیان دەرچوون بەولاوە هیچ چاری نەفس ناکا و لە کەمەندی ئاڵۆزکاوی هێوا درێژی ڕزگاری ناکا.

ڕاستە قەطعی نەفەس، هەناسە لە خۆ برین، دەبێتە مردن، ڕواڵەتی بەیتەکەش ئەو واتایە بە دەستەوە دەدات بەڵام وەک من دێتە بەرچاوم، مەحوی تەپکەی داناوە بۆ خوێنەر. دوای ئەوەی فێڵت لێ دەکا بەوەدا کە دەڵێ هەر قەطعی نەفەس ئەو پێوەندییە چار بکات، ئنجا ئەگەر زیهنمان مووقڵاشی بکات دەبینین ئەو پێوەندییە بە طولی ئەمەلەوە یەکجار بێهێزە چونکە مەحوی پێت دەڵێت قەطعی نەفەس بە واتای ئەو قەطعەی کە نەفەس دەیکات وەک «قەطعی شیر، تبغ» پێوەندی کەمەندی پڕ پێچی طوولی ئەمەل هەڵدەپرێتەوە، واتە ئەمەلی بەو یارە هێندە سست و بێهێزە کە هەناسەیەک داوەکانی دەپسێنێت. ئەم قەطعی نەفەسەش وەکوو

«دەرو و دوو هۆدە» ی پێشتر گوتمان بە لای دوو ژووردا دەکرێتەوە. جارێکیان بەلای پرانی نەفەسەوە کە مردنە، جارێکیان بەلای پرندەیی نەفەسەوە کە خۆی طولی ئەمەل دەپسێنێت.

وشەی «مەگەر» لێرەدا کە وەها دەگەیەنێ هیچ شتێک نییە غەیری قەطعی نەفەس طولی ئەمە چارە بکات، لە پەنا واتای «پرندەیی هەناسە» دا تێ دەگەین کە شتێکی دەرەوەی وجودی شاعیر ئەو داوەی ئەمەلە ناپرێت. چ هەناسە پران بێت کە مردنە و چ پرندەیی هەناسە بێت هەردوویان زەنەی عاشقن، لە دەرەوە نەهاتوون. داوە پێوەندییەکانی طولی ئەمەل بەرانبەر کاریگەریی دەرەکی پسانیان بۆ نییە. ئەو داوە پێوەندییانە هێندە سستن بە بای هەناسەی عاشق دەپسێن.

دەگەڕێمەوە بۆ قسەیەکی زووتر کردم کە ناشێ لە لاوە واتا ڕاگوێزین بۆ ناو شیعر. چی لە شی کردنەوەی ئەم چەند بەیتە کردوومە ڕاگوێستنی واتا نییە بۆ ناو شیعر چونکە لە بەیتەکاندا وشە و تەعبیر و هێما هەن بۆ واتاکان، تا ئەگەر بە سەهووش چووبێتم و شتێکم هەڵنابێت کە بە خەیاڵی شاعیردا نەهاتبێ هەر نابێتە بە سەرەوەنان بەڵکوو وەک ئەوەی لێ دێت تۆ بڵێی 35 درهەمم بزر کردوە من 40 درهەمت بۆ بدۆزمەوە. ئەگەر هاتبامایە «قەطعی نەفەس» م بردبایەوە بۆ خەفە کردنی سوڵتانی عوسمانلی و شای قاجار وەیا خنکاندنی ئەمیر دەریای هێزی دەریایی بەریتانیا دەبوومە قاچاغچی... مەحوی و نالی و وەها بە چەرخ و دۆلابن تا لێیان بپێچییەوە حەقتە. فەرموو پروانە ئەم بەیتەی مەحوی:

نەگەییە دامەنی، دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی ڕێی
طەریقەی گۆشە گیری بەردەدەم ئەمجارە ڕێ دەگرم

لەوانەیت هەموو لایەنێکی وشەسازیی و واتا ئارایی و نوکتە سنجی و... و.... ی ناو بەیتەکەت بە تەواوی و دروستی لێک دابێتەوە بەڵام بەسەر شتێکی وردیلەی نیگاڕانەکێشدا تێپەڕی بیت وەک ئەوەی کە «جا» ی مەصرەعی یەکەم وا لەناو «ئەمجارە» ی مەصرەعی دووەمدایە و لە لای خۆیەوە وەک بورغووی مەکینەیەک لەنگەری دوو مەصرەعەکەی ڕاگرتبێت. جا، ئنجا، ئەمجا، ئەمجار، ئەمجارە هەمووی یەک واتای هەیە، هێندێکیان لێیان کورت کراوەتەوە. بە زۆری و بە کەمی. تا ئەمجارە بۆتە جا.

نالی دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ ڕوورەشی «تو» بم
ئەمسالە بەجێ دێ ئەسەری وەعدەیی پاری

هەموو ئەدیب و شاعیرەکان دەیانخوێندەوە و دەخوێننەوە «تۆ» کەچی بەمەدا بەیتەکە دەمرێ. نالی «تو – توو» ی گوتوە چونکە لەم شکڵەدا هەم بە واتای «تۆ – أنت» دێت و هەم بە واتای «توو – تووک – شەعر – موو» دێت. تومەز لەم ساڵەدا «ڕوورەشی توو – تووک، موو» بوە چونکە ڕیشی ڕواوە. ئەو واتایەی لە «توو – بە واتای تۆ – أنت» دێت ئەویش لە جێی خۆیدا بەردەوامە. وەک دیارە مەحوی و نالی ناوناوە بەزاری دەرەوەی بابان دواون ئیتر لە وشەیەک، لە تەعبیرەک بێت، مەبەستیان پێ دەرپریوە.

مەحوی دەڵێ:

ئەم عالەمە کە مونتەظیری جیلوەی ئەو مەهەن
دەمرن بەو ئینتیظارە هەموولا «بلا خصوص»

بەیتەکەم بە ڕێنووسی دیوانەکەی مەحوی ڕاگوێست. لەم بەیتە سەرم سورماوە. لێم سوورە کە لە تەعبیری «هەموو لابلا، هەمولا بلا، هەمولا بەلا، همو – لابە...» جارێکیان لە وەرگێڕانی «هەم» ی سەرەتای «هەموولا» وشەی «مەە» پەیدایە کە لە مەصرەعی یەکەمدا عالەم مونتەزیری جیلوەی ئەون بەڵام نازانم لە کوێوە ئەو وەرگێڕانە دەست دەکەوێ. جاریکی دیکە لە «هەموو لا بلا» کە بخوێندرێتەوە «هـ مو لا بە» ئەو «مو» ە لادەچێت و دەمێنێتەوە «ە – لا».
«لابە - لابەرە دەگەیەنێ: وەک گوتم مەحوی زاری دەرەوەی بابان بەکار دەهێنێت».

ئەوەی دەمێنێتەوە لە «هەموو لا بلا خصوص» تەنها «لا خصوص» ە. بە جۆرێکی کە باشی بۆ ناچم لە «لا خصوص» مانەوەی «لا – بە واتای حرفی لام» مەبەستە. ئنجا کە ئەم بەدوا «هـ - لا» دا هات «هلال» دروست دەبێت کە ئەویش مەهەکەیە، دەکاتەوە یار. دەزانم شیکردنەوەکە ناتەواوە بەڵام پەنجەم لێی بەر نابێت چونکە ئاین و ئۆینی مەحوی گەڵتەی لەگەڵدا ناکرێ. دەقی شیعرەکە لە ڕواڵەتدا تێمان ناگایەیەنێ بۆچی عالەم لەو ئینتیزارە دەمرن. بەڵام ئەگەر «مەهـ - هلاڵ» لە شیعرەکەدا دۆزینەوەیان مەبەست بێ بەبەریەوە دەبێ چین لە دوا چین بمرن و نەیدۆزنەوە. قسە زۆرە، مەودا کورتە، ئەمەل دوورە!

خوێنەرانم بە خەیاڵی دڵی تەڕی هەموو شاعیرە کۆچ کردوەکانمان لەگەڵ مندا ئەم غەزەلەی مەحوی بخوێننەوە. لە هەموانەوە گوڵاو پژێنی یادی باغ و بەهەشتی دڵە بولبولەکەی مەحوی. ئاهەنگ گێڕی شەرەف و قودسییەتی کوردستان و کورد زمان بێ:

شمشادە ئەمە یا قەدە یا سەروی زەوانە
یا عەرعەرە یا نەخلی مرادی دڵ و جانە

داخۆ ئەمە ئەگریجەیە پەخشارە بەسەردا
یاسونبولە و کردوویە صەبا زولفی بەشانە

ئاهووی خوتەنە جیلوە دەکاتن لە خەطادا
یا چاوی ڕەشی فیتنە گەری سورمە کەشانە

دڵ هایمە دایم کە ئەمە قەترەیە داخو
یا جوزئەکی بێ جوزئە موسەمما بە دهانە

ئەم مەی صیفەتی خوون خورە وا نازک و سوورە
یاقووتی لەبە. یا گوڵە. یاقووتی ڕەوانە

ناڵاندم و فەرمووی کە ئەم ئازارە حەزینە
یا مەحوییە یا بولبولەکەی فەصلی خەزانە

بەغدا هەینی 8\1\1988
مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری کاروان ژمارە 62 ساڵی 1988
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

«...»

ئەم جیهانە بێ سەروبنە، بێ سنوور و کۆتاییە، کەس تێ پڕنەکردوەی وا لەبەر چاو و هەست و هۆشماندا، بە ڕواڵەت، هێندە کراوەیە هەر دەڵێی بانگەوازی ئاشکرایی و دەروون شکافی خۆی بە بەر گۆیی بیەردا بەرز هەڵدەپڕێ، کە لێی ورد دەبێتەوە دەبینیت دەوراندەورتی تەنیوەتەوە بە تەڵەی فکر و تەپکەی هۆشی ئەوتۆ کە هەر یەکێکی لەوانەیە بە تررووکە چاوێک چەند خلیسک بە نیگات ببات بۆ ناو زیندانە داخراوەکانی.

من لێرەدا نامەوەێ ڕێی کورت درێژ بکەمەوە بۆ باسە دوورەدەست و پەنامەکی و وردەکانی فەلسەفە و میتافیزیک و ماتەماتیک و... تیک.. و تیک و هەزار و یەک تیک و ئیزم ism ی زانا و پسپۆر و پەندیار و ڕابەرە وردپێو و تەنکداپڕ و هێماساز و زار قەڵەباڵغی زانستە بە دەرگە و دۆڵابەکان و هونەرە لوولخواردوەکان و فێڵ و فڕە خۆ- داپێچاوەکان، کە لەواندا تەپکەی فکر بۆ زاناکان نراوەتەوە نەک بۆ زۆربەی خەڵق چونکە زۆربەی خەڵق هەستیان پێ ناکەن تا تێیان بکەون مەگەر لە ڕێگەی بەهەڵەچوون و سەر لێ شێوانی زاناکان لەو تەپکانەدا ساکارەکانیش بەدوا ئەواندا پابەندی تەپکەکان ببن وەک کە قوتابی لە شێوەی تووتی قسەی مامۆستاکانی دەڵێتەوە، دیارە زۆربەی خەڵقیش لە تەک ئەو زانایانەدا وەک قوتابی و بەرەژێر تریشن. ئنجا بۆیەیە لێرەدا تەنها دەست بۆ تەپکەی ئاشکرا  دەبەم کە هەموو چاوێک دەیبینێت و پێیەوە دەپێت، ناوناوەیەک نەبێ، کە بەپێی داخوازی، سەرکێڵێکی هەندێ تەپکەی نابەرچاو دەکەم. بەڵام لە پێشەوە دڵ خۆشکەریەکی مرۆڤی ساکار دەدەمەوە [کە خۆم یەکێکیانم] بەوەدا بەشێکی تەپکەی بەرچاوەکان لە کۆنەوە ڕابەرەکانیش وەک ئێمە لێی بەسەهوو دەچوون و تێی دەکەوتن و لێکدانەوەی زانستییانەی ئەوسایان لێ هەڵدێنجا، واتە شەرمی تێوەگلانی سافیلکانە بایی نوشتوویەکی بەپۆز بەسەر شانی ئەوانیشدا دەدوورا، هەر لەم نووسینەشەدا ئەم لایەنەت بە بەر چاوڕا تێ دەپەڕێ.

مرۆڤ یەکەم تێوەڕامانی هۆشدارانەی بەرەو شتێکی ڕوون و ئاشکرا و بەرز و پان و خاوێن بوە کە ئەگەر لە ئاستیدا بە سەهوو چوویێت بە زۆر لەسەری کەوتبێت ئەویش «ئاسمان» ـە بە خۆی و بەرزی و جوانی و ڕەنگینی و مانگ و ئەستێرە و هەور و برووسکە و کاکێشان و... و... یەوە، هەر لە یەکەم نیگاشیەوە لێی بە سەهوو چوو کە وای زانی شینە [چونکە شین نییە] کە وای زانی گونبەتە [... گونبەت نییە]، کە وای زانی سەرقاپە بە سەر زەویدا نخوون بۆتەوە [نە سەرقاپە و نە نخوون بۆتەوە]، کە وای زانی بگێری بوونەوەرە گەشە ئاسمانیەکانە [نە بگێرە و نە هیچ...]، دواتریش کە فەلەکناسەکان بە وردبوونەوە لە بزووتنەوەی ئەو بوونەوەرە ئاسمانییانە حەوت هەشت فەلەکی تەبەق لەسەر تەبەقی بێ تیک و دەرزیان کردە هەڵسووڕێنی چەرخ و دۆڵابی هەموو جیهان، خۆیان و زانستی زێدە گرنگی فەلەکیان لەو بەرزاییەوە بردە ناو زیندانێکی فکری وەها کە دوو هەزار ساڵێکی پێ چوو تاکوو لە سەردەمی کۆپەرنیکۆس و گالیلیۆ بەر لە 400 ساڵێک دوای ترس و لەرز و قوربانی و زمان پڕین و کافر کردن و سووتاندنی چەندین بێ خەتایان تەبەقەکان پێچرانەوە و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە وەستاوەکان و گەڕۆکەکان لە کاروانی شەوانە و ڕۆژانەی ئەزەلی ڕەها کران و هەر یەکەیان بە پێی تێ ڕ کردنی هۆشی فەلەکناسەکانی ئەو سەردەمە بێشکەی حەسانەوەیان بۆ ساز درا. مانگ و ئەستێرە گەڕۆکەکانیش مانەوە لەسەر تاکە بزووتنەوەی تایبەتی خۆیان کە پێوەندی بە هەڵاتن و ئاوابوونەوە نییە. ئنجا کە ئەمە کرا یەکسەر و بە ناچاری «مامە زەوی» کە تاکوو ئەو کاتە لە مەرکەزی جیهان پاڵی لێ دابۆوە خرایە گەڕ و کرایە بەرپرسیاری ئەو چاوبەستەکێیە زلەی کە بزووتن و گەڕان و سووڕانی ئاسمان و بوونەوەرە پرشنگدارەکانی لە هۆشی مرۆڤیان دەکرد چونکە دەرکەوت «زەوی» خۆی بوو دەسووڕا و دەبزووت و ئاسمانی لەبەر چاوی سافیلکە و پسپۆراندا دەکردە چەرخوفەلەک.

تۆ ئەگەر بیر بکەیتەوە لە چاوبەستەکێکە تا هەڵوەشانەوەی، کە هێشتاکەش بایی سەردێرێکی لێ ماوەتەوە، ئنجا بگەڕێیت بەدوا ئەو کارە زێدە گرنگ و بە ئەرک و ژانوژوارەی کە کردۆتیە سەر زیهن و باوەڕ و ئایین و زانست و هونەر و ئەفسانە و... و... بەدرێژای مێژووی مرۆڤ سەیرت لەوە دێتەوە کە چۆن مێشک و دڵ و دەروون و ناخی هەست و نەستی مرۆڤ هەر لە ڕسکانیەوە مەحکووم بوە بەو دیمەنە بێ ڕەزایە، چاوغەڵەتێنە هۆش، حەپەسێنە، گیان ورووژێنەی پاک و ڕوون و بەرز و هیچ و پووچەش.

وەها تێ نەگەی تەپکەی «ئاسمان» ـە شینی پان هەروا بە سێنایی و بێ سەیروسەمەر و کاریگەری، هۆشی مرۆڤی لە خۆیدا حەشار دا تا ئەو ڕۆژگارەی کە بەرەوپێش چوونی زانست فێڵەکەی بۆ دۆزیەوە ئەویش وەک دیلی حوکم تەواو کردوو لێی دەرچوو. لە تاو کاریگەریی دیمەنی ئاسمان بۆ ناو دڵ و دەروونی ئادەمیزاد ئەوەندە بەسە کە بەشی هەرە گەورە و پیرۆزی ئەوەی پێی دەڵێین «ژوورخان- بناء فوقی» ی کۆنینەی ئادەمیزاد ڕاستەوخۆ و بێ مامۆستا و یەکسەر لەو شینە پانەوە بۆی شۆڕبۆتەوە، تەنانەت بۆ ماوەی دوور و درێژی هەزاران ساڵ بە «خوا» ناسراوە وەیا هەر نەبی هێندەی خوا هێز و پیرۆزی پێ بەخشراوە، زۆریش لەو خوایانەی گەلان پەرستویانن بەچکەی ئەو ئاسمانە بوون.

گۆی بگرە لە وتووێژی دیندار و پەندیار و شاعیر و قسەکەر و ڕیش سپی و حیکایەتخوانی گەلانی هەزاران ساڵ لەمەوبەر لێیان دەبیەیت کە چارەنووسی مرۆڤ لە تەگبیری ئەو شینە پانەیە نەک لە گەنم و جۆ و بەرخ و گیسکێکی پێی دەژیت. بەرخ و گەنمەگەشی مەحکوومی ئەو بڕیارەیە کە ئاسمان و هێزە نهێنیەکانی پێی ڕەوا دیتوون، تەنانەت گیسکی بۆ هەژاران سەرنەبڕیوە ئەگەر بەنیازی ڕازی کردنی ئاسمان نەبووبێت. چەند سەیرە بەزەیی مرۆڤ بۆ ئاسمان بەرز بێتەوە ئنجا لەوێوە بەسەر برسی و لێ قەوماودا نشێو بێتەوە پیاوەتییەکەش بۆ ئاسمان حیساب بکرێت. ئەم «قدرية- Fatalism» ـەش تا بەرەو چینی هەژار و زەحمەتکێش و نەخوێندوو دەبوویەوە پتر ئەستوور و خەست دەبوو تا ئەوەی قسەیەکی مەیلەو ئازادی بابایەکی مێشک کراوە لای ئەو کەڕەوارانەی بە کفر لە قەڵەم دەدرا ئێستاش پاشماوەی ئەم حاڵە هەر بەرچاوە.

بەدوادا گەڕانی هەزاران هەزار ئایدیۆلۆجیا و باوەڕ و ئەرکی مادی و پاداشتی مەعنەوی و پەلەفرەی گیان و شاگەشکەبوونی دڵ و شەڕ و ئاشتی و جموجووڵ و جانفیدایی... و... و... کە ئاسمان بەسەر مرۆڤیدا بڕیوە بۆ لێکدانەوەی خوێنەر بەجێ دەهێڵم چونکە کارێک نییە من وەیا یەکێکی دیکە بە نووسین و بە ئاخاوتن و لێی بە کۆتایی بگات. ئاسمان گەورەترین و وردترین و قووڵترین فێڵی لە هۆشی سافیلکان کردوە، هەزاران هەزار دنیاپەرستیش بە ناو ئەو فێڵەدا بۆ ئومێد و ترسی ئەو سافیلکانە چوە و بۆ خۆی داپڕیون. پیاوی ئایینی فکرروونیش بەشێکی هەوڵ و تەقەلای بۆ ڕێسوا کردنی ئەو تەرزە تەڵەکەبازییە بوە بەڵام چی بۆ کراوە؟ ئەگەر خوێنەر لێشم ناسەلمێنێ، کوردی گوتەنی، ئەمە گەز و ئەمەش ڕابردووی مرۆڤ پرۆ بیپێوە.

مرۆڤ کە نیگای لە ئاسمان بەر بوە سەر زەوی، دیسانەوە، دەکەوێتە ناو تەپکەهای بە گرێوگاڵ و بە بێنەوبەرە کە دەبینێ زەوی وەک ئەستووکی نانەوا لەبەر دەست و دەمیدا بە هەموو لایەکدا پان بۆتەوە و بە پەراوێزی ئاسمانەوە نووساوە بێ تەقەڵ و بێ تیک. لەم ڕواڵەتەوە بۆ ئەوە چوو کە ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان هەر جارە لە زەوییەوە دەردێن و بە چەرخوفەلەکی ئاسماندا لە ئەنجامی گەشتێکی نیو ئەڵقەییدا دەچنەوە ناو هەناوی ڕۆژاوای زەوی و دەحەسێنەوە بۆ گەشتێکی نوێیی سەر لە بەیانی.

هەندێک لەو کەسانەی شەیدای جەبەڕووتی هێزی پەنامەکین، تا ئەو ڕادەیەی بە قسەکانیاندا دەسەڵاتیشی بۆ دەخوازنەوە، وەهایان لایەقی دەسەڵاتی ئەزەلی دیت بڵێن لە سەرەتای هەر بەیانییەکدا ڕۆژێکی تازە دروست دەکرێت و لە کۆنە چەرخوفەلەکە تێ دەنیشێت. هەر ئەم قسەیە سەرەڕای خۆشکەڵەیی، پتریش، لەگەڵ قودسیەتی ئاسمان و ڕووناکایی و بەرزایی

دەگونجێتن لەوەی هەر شەوە ڕۆژی نوورانی بچێتە ناو باخەڵی خاکی ساردوسڕ و بە تەپوتۆز و تاریک. خۆ ئەگەر بشێ لە کاتی ڕۆژگیران و مانگگیران بە تەنەکە لێدان حووتە قووتدەرەکە بترسێت و یەقیان بکاتەوە. ئەو هەموو تەبەق لەسەر تەبەقی خاک و بەردەی کە بە شەو ڕۆژەکەی تێدا حەشار دەدرێ لەوانە نییە ڕێ بە هیچ گرمە و لرمەیەک بدا بەرەو تاریکستان و غەیبستانی هەناویەوە پرواتە، ئنجا حووتیش لەوێدا نییە بترسێ بانەترسێ چونکە سەرلەبەری ئەستووکی زەوی، وەک گوتمان، کورسی ئەفسانەی ڕۆژی قووت داوە ئیتر چی لەگەڵدا دەکرێ ئەگەر هات و ڕۆژەکەی نەدایەوە؟

وا چاکە بەخشندەیی غەیب هەموو سبەینەیەک ڕۆژێکی تازە بە مەخلووقات ببەخشێ وەک بە درێژایی ئەزەل و لەبەر ژیان و بوونی بەخشیوە و دەبەخشێت هەر چەند لە دەمێکیشەوە زاناکانی فەلەک بە خەڵقیان ڕاگەیاندبوو زەوی خڕە و مانگ و ئەستێرە لەبەر چاوان ئاودیوی ئاسۆی ڕۆژاوا دەبنەوە و قووت نادرێن بەڵکوو لە وڵاتێکی دیکە هەڵدێنەوە تا سووری تەواو بە دەوری زەویدا دەکەن و لە ئاسۆی ڕۆژەڵاتەوە سبەینان قوت دەبنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا لە چەند فەلەکناس و سوختەی زیرەک بەولاوە کەسی سافیلکە بەدوا ئەو تەرزە قسە بەرەواژانە نەکەوت.

تەنانەت مەلاکانی خۆمان کە فەلەکی کۆنیان بە دەرس دەخوێند و دەگوتەوە تەواوێک لە دەست حیکایەتی «ئەرز لەسەر پشتی گایە...» بەتەنگ دەهاتن و لە موناسەبەی دینی عادەتیدا ناچار بوون وەک خەڵقی دیکە پێشیدا دەهاتنەوە و وتووێژی فەلەکناسانەیان هەر لە ئاڵقەی خۆیاندا دەکرد چونکە چی ئەوان لە زانستی فەلەک باسیان دەکرد شتێک نەبوو بچێتە فامی نەخوێندووانەوە. حاڵ گەیشتە ڕادەیەک مەلایەکی مەغریبی دانی بە کافر بوونی «شێخ محەمەد عبدە» دا هێنا لەبەر ئەو جۆرە ڕایانەی کە یەکێکیان بزووتن و خڕبوونی زەوی بوو وای کرد هەندێ بابای پیتۆڵ چیای قاف بە ڕۆخاورۆخی ئەستووکەکەدا هەڵنێ نەوەک کەس سەرەتاتکە لە لێواریەوە بکات وەیا بگاتە پێکدا دوورانی ئاسمان و زەوی و دەست لە کاری ناڕەوا بدات، دێو و عیفریتی پشت چیای قافیش هەر بەرهەمی لابەلایی تەختبوونی ڕووی زەوی بوو چونکە زۆر حەیفە ئەو مەڵبەندە کەس نەدیتووەی پشت چیای قاف بە بەتاڵی بمێنێتەوە لە کیس خوولیای ئاشقە دێو و جنۆکەپەرست بچێت.

سەیر لەوەدایە [ڕەنگە سەیریشی تێدا نەبێ] کە مێشکی مرۆڤ ئەفسانەی هەڵمشت و زاخاوەکەی بە خۆیەوە گرت بارتەقای ئەفسانەدۆستی شەڕ لەگەڵ ڕاستیدا دەکات و بەگژ بیری ڕووناک و پاکدا دێتەوە. تەنانەت کە داهێنانە نوێیەکان وەک تەلەفۆن و گرامەفۆن و فڕۆک هاتن و سەری ڕێیان بە هۆشی مرۆڤ گرت و تەنگیان بە ئەفسانە بابلیەکان هەڵچنی، پاسەوانەکانی ئەفسانە بە کاری شەیتانیان دانان و لە خەڵقیان حەرام دەکردن. دواتر نەختێک بە شەرم و تەوازعەوە دەیانگوت ئەمانە هەموویان «گاورکار» ن و عەقیدە تێک دەدەن. تا ئێستاش مرۆڤی وەها هەیە لە پەرۆشی بێفێڵەوە دەسکێک بەڵگە بهێنێتەوە بۆ درۆزنبوونی چوونە ناو مانگ، تاکوو جارێکیان بە یەکێک لەوانەم گوت ئەدی ئەگەر پەلیان گرتیت و لەناو کەشتییەکی ئاسمانگەڕیان دانایت و لە سەر مانگ دایانبەزاندیت؟ گوتی ئەو دەمەش تەئویلێکی بۆ دەبینمەوە. لە ناسیاوی خۆم کەسی وەهام دیتوە، تۆش دیتۆتە. کە شەوان کەشتی ئاسمانگەڕ وەک ئەستێرە بە ناو ئەستێراندا دەگەڕان دەیگوت کوڕینە تەماشای مەکەن!! بۆ خۆشی چاوی دەپڕیە زەوی... ئەویش و زۆری دیکەش شادیی دای دەگرتن گەشتێکی ئاسمانی تێک دەچوو وەیا ئاسمانەوانێک تێ دەچوو، لەمەشدا هەر هێندەی ساوای نەفام گلەییان دەچێتەوە سەر.

تەرکیبی زەوی سەر لە نوێ فێڵێکی گەورەی لە زانا کۆنەکان کرد کەوا بە ڕواڵەتی هەڵخەڵەتان و وایانزانی زەوی لە چوار ماکە مەشوورەکەی «ئاو، ئاگر، خاک، هەوا» پێک هاتوە کەچی ئێستا دەزانین هەر چواریان مادەی ئاوێتەی هەرە گرنگی زەوین. دۆزینەوەی ئەو چوار ماکەش بەرهەمی بیر کردنەوە و لێکدانەوەی زاناکان بوو نەک هەڵپەی مەیلی ئەفسانە وەیا ڕوانینی سافیلکە.

ئەفسانەپەرست و سافیلکە بەعادەت بەرانبەر دیمەنی نامەفهوومی سروشت یا هەر دەحەپەسێ و یەکسەر بۆ غەیبی دەباتەوە، یا لە ئاستیدا بێباک و بێ وردبوونەوە دەبێت. بەتایبەتی ئەو شتانەی هەمیشە دەیانبینێت. تا ئەو دەمەی کە خەریکبوونی بە ژیان و گوزەرانەوە لە شتانی هەڵدەئەنگوێنێت ئیتر حیسابێکیان بۆ دەکات. سافیلکە دەزانێ ئاو لە خۆڵ سووکترە، هەست بە هەواش دەکات، دیارە ئاگریشی دیتوە: بەڵام ئەو لێکدانەوە مەیلەو وردە ناکات کە هەرچی لەسەر زەوی بەرچاو و بەرهەستە یەکێکە لەو چوار شتە. بۆ ئەم ماملەتە نیمچە «تجریدی» یە لەگەڵ سروشتدا گوێ لە مامۆستاکەی دەگرێ، هەتا ڕاگەیاندنەکانی مامۆستاکەشی سادەتر بێ لێی خۆشتر دێت: دنیا بێ ورد کردنەوە مەخلووقی خوا بێ خۆشترە لەوەی ئاو و ئاگر و خاک و هەوا بێ، چواریش بێ لە نەوەد خۆشترە.

تۆ لە سافیلکە بگەڕێ: ڕابەرە موژدەدەرەکانی ئەو چوار ماکە چەندین حیسابی زانستییان لەسەر جیهانی «چوار ماکی» هەڵستاندوە. تەنانەت میزاجی مرۆڤیان بە پێی نزیک بوونی لە خاسیەتی هەر کامێک لەو چوارە بە چوار جۆر دابەشی کردوە. دەرمانی نەخۆشیشیان بە پێی میزاجی نەخۆشەکە ساز داوە.

دیاردەیەکی هەمیشەیی دیکەی زەوی هەیە هەموو چاوێک دەیبینێت و هەتا سەردەمی «نیووتن»یش بە داخراوی لە شێوەی تەپکەی فکر مایەوە، فێڵی گەورەشی لێ کردین: هەرچی قورسایی هەیە بەرەو نزمایی دەبێتەوە. ئەم دیاردە بە ڕواڵەت بەدیهی و سەرەتاییە وای لە نیگای زانا و نەزان کرد بۆ ئەوە بچێ کە «ژووروو» هەتا سەرووی هەرەسەرەوە هەر بەرز بێت و «خواروو» ش هەتا تەختی بنی دنیا هەر نزم بێت. ئنجا کە ئەمەی لێ بوو بە باوەڕی بنجی، بەڵگەی هەرە گەورەی تەخت و ڕاست بوونی ڕووی زەوی لێ داتاشی بەو گوتەیەی کە ئەگەر زەوی خڕ بێ لە پێشەوە هەرچی ئاو هەیە دەڕژێتە بۆشایی ژێرەوەی زەوی، هەرچی شتی ڕەقیش هەیە لە تەنیشتەکان و دیوی بنەوەی زەوی ئەوانیش بەر دەبنەوە بۆ بۆشایی نزم. چ قەڵاتێکە ئەو خڕاییەی زەندیقەکان بە مل زەویدا دەیبرن! خڕی چی و ماشێنەی چی!! (زاناکانی یۆنان و فەلەکناسەکانی فێرگەی بەتلەمیۆس لەو حیسابە بەدەرن). من سافیلکەی وەهام دیتوە کە دەگوترا زەوی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە گورج قسەکەی بەدرۆ دەخستەوە بەوەدا کە ئەگەر خولابایەوە دەبوو سبەینان کە لە خەو هەڵدەستا سەری لە جێی پێی بێت و پێیشی لە جێی سەری.

چاوبەستەکی بوونەوەر، ناوناوە، بۆ تێوەڕامانی عادەتی بەلای سیحر و تەڵەسمدا دەچێتەوە وەک کە کانیاوەکان هاوینان ساردن و زستانانیش هێندەی حەمام هەڵمیان لێ هەڵدەستێ و خەڵق خۆیانی تێدا دەشۆن، هەر لە پەنا ئەم تەڵەیەدا یەکێکی دیکە هەیە ئەویش بەلای نیگای سادەوە چ تەفسیرێکی ژیربێژانەی نییە کە دەبینن هەتا پیاو بەرەو بەرزایی سەرووی شاخەکان تێ هەڵکشێت ساردترە هەرچەند لە ڕۆژیش نزیک تر دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە وای کرد بەر لە چەند صەد ساڵێک «ابن خلدون» بڵێ گەرمایی ڕۆژ دوای گەیشتنی تیشکەکەی بۆ سەر زەوی و عەکس بوونەوەی ئنجا پەیدا دەبێ. بەڕاستی ئەو جۆرە دیاردانە کە لە ڕواڵەتدا دژی بەدیهییەن و بەر هیچ سادە حیسابێکی مەفهووم ناکەون وەک پلانگێڕی بە ئانقەست سەرپۆشی پەنامەکییەتی بەسەر هەڵکەوت و بوونەوەردا دادەنەوە، هیچ گۆشەیەکی پەردەکەش دیار نییە پەنجەی هۆشی لێ گیر بکەیت و هەڵی بدەیتەوە: ئاخر ئەگەر کاری جنۆکە و مێردەزمە نەبێ چۆن زستانان هەڵم لە کانیاوی سارد هەڵدەستێ؟ نزیکبوونەوە لە ڕۆژ ساردایی پەیدا دەکات؟ ئاگر لە ئاوی باران بەر دەبێ؟ ئەم پرسیارانە و صەدانی وەک ئەوان بۆ مرۆڤی نەخوێندووی بەر لە هەزار ساڵ و دوو هەزار ساڵ برای سیحر و جادووگەری بوون و خورجینەی ئەفسانەی میراتییان دەئاخنی و ڕێیان بە مرۆڤی فێڵباز دەدا بە ناو تاریکایی هەر یەکێک لەو پرسیانەدا بۆ دەروون وگیرفانی سافیلکان خشکە بکات.

دیمەن و دیاردەی دیکە زۆرن کە لە هیچ کەلێنێکەوە هۆش وگۆشی مرۆڤی نەخوێندوو تێی پڕ ناکات و بەرانبەری دەحەپەسێ. لەمانە دوو دیاردە سەیر و نامەفهوومەکەی برووسکە و پەلکەزێڕینەن: ئەگەر لە غەیبەوە هۆیەکی ڕقبزوێن بۆ برووسکە و یەکێکی نەشمیلانە بۆ

پەلکەزێڕینە پەیدا نەکرێ ئەو خەڵقە سافیلکە و سادەیە دەبێ هەر دەمەبەشکەی سەرسوڕمانی پێوە بێت. خوێندەواریش لە کۆنی کۆنەوە هۆی ڕاستینەی ئەم دوو دیاردەیەی نەدەزانی، ڕەنگە تا ئێستاکەش بە تەواوی ڕوون نەبووبێتەوە بۆچی هەوری فشەڵۆک دەتوانێ بروسکەی 20 کیلۆمەتری بەرپا بکات کەچی گەورەترین ڕشتەی کارەباسازی ناتوانێ لە چەند مەترێک دوورتر کارەبا بەهەوادا ڕاگوێزێ، واتە بروسکەی مرۆڤکرد هەزاریەکی بروسکەی سروستکرد دەرناچێ؟ لەمەش بگەڕێ، ئەدی چۆن تاکە گەواڵەیەک هەور هەر دەڕوات و بە درێژایی هەزار کیلۆمتر لێشاوکەی وێرانکەر هەڵدەڕێژێ خۆ ئەگەر هەموو هەورەکە هەڵگوشیت سەدەیەکی ئەو ئاوەی لێ پەیدا نابێ؟ لە وەرامی ئەم لایەنە، کە جارێ نازانین چییە، بیر لەو دەریایە بکەوە کە لە کۆنەوە خەڵقی نەخوێندەوار وایان دەزانی بە ئاسمانەوەیە و لە سەر شتێکی وەک بێژنگ ڕاوەستاوە کە کونەکانی کرانەوە دڵۆپەکان هەڵدەڕژێن..! ئەم خەیاڵەیان دەکرد هەرچەند لە عەقیدەشیاندا، کە قورئانە، باسی باران بە ڕوونی کراوە، نە بەحر و نە بێژنگیشی تێدایە.

پەلکەزێڕینە لە بارانیش سەرنج ڕاکێشترە و سەرسووڕێنترە. من تا ئێستاش لە بارەیەوە هەر ئەوەندەم خوێندۆتەوە و خوێندوە کە دڵۆپی باران شێوەی «منشور» ڕەنگەکانی تیشکی ڕۆژ دەشکێتەوە لەوە بەولاوە چ تەفسیرێکم بەدەستەوە نییە لەوەدا کە چۆن ڕەنگەکان وەها پان دەبن کە لە دوورەوە بدیترێن چونکە ئەو تەفسیرەی من خوێندوومە هەر ئەوەندەم تێ دەگەیەنێ کە ڕەنگەکان تاکە یەک زنجیرەی سەرووتر وەیا خوارووتر دەشکێتەوە لە بیلبیلەی چاو بەرەژوورتر وەیا بەرەژێرتر دەوەستێ، خۆ ئەگەر وا دابنێین هەر ڕەنگە لە ڕیزە دڵۆپێکەوە عەکس دەبێتەوە ئەوساش حەوت زنجیرەی دڵۆپە باران بەسەریەکەوە هەر هێندەی خەتێکی باریک خۆ دەنوێنن، وەهاش لە یەکدی نزیک دەبن کە سەرلەنوێ تێکەڵ بەیەکدی ببنەوە و بگەڕێنەوە بۆ شکڵی تیشکی ڕۆژ، کەچی وەها دەبێ، ناوناوە، پەڵەهەورێک لە دوورایی پازدە کیلۆمەترەوە هەمووی دەبێتە پەلکەزێرینە، ئنجا ناشزانم بۆچی بەزۆری دوو پەڵکەزێرینە هەڵدین: هەڵبەت ئەم پرسیارانەم نامکەن بە ئەفسانەپەرست چونکە سەرڕێچیم لە ئەسڵی تەفسیرەکە نییە کە دەڵێ مەنشوورەکانی دڵۆپە باران ڕەنگەکانی تیشکی ڕۆژ دەدەنەوە، من هەر ئەوەندە دەڵێم کە تەفسیرەکە، جارێ بایی هەموو دیاردەکە ناکات. هەرچی ئەفسانەپەرستە لە پێشەوە پەنا بۆ دێو و پەری و قەمچی فڵانە پاڵەوان و کەزی فڵانە فریشتە دەبات. ئەو قسانەشم لەلای خۆمەوە ترنجاندە ناو نووسینەکەم بۆ ئەوەی باشتر دەرکەوێ کە چەند زەحمەتە مرۆڤ لە ڕێی خوێندنیشەوە بە ڕاستییە بنچییەکانی دیاردەی سروشت بکات، ئنجا دەبێ حاڵی مام باپیری گوندی «دەوژان» ی بەر لە 500 ساڵ چی بووبێت!! ئەوەی ڕاستیش بێ زۆری خوێندەوارەکانی ئەم سەردەمەش لە لایەن تەسلیم بوون بەوەی پێی دەڵێن تەفسیری عیلمی هێندەی ئەو مام باپیرە خۆش جڵەوەن هەر بۆیەیشە لە ئاست گۆرانی هیچ تەفسیرێکی عیلمی ناکەونە ڕەخنەکارییەوە و بڵێن چۆن دەشێ کە فڵانە شت تا دوێنێ بەڕاست دادەندرا ئێستا دەرکەوێ هەڵەی ڕووت بێ؟ بەهەمەحاڵ بادەدەمەوە سەر ڕچەی نووسینەکە.

وەرزێری وڵاتی کوردەواری لە تەجرەبەی خۆیدا هەستی بەوە کردوە کە بای شەماڵ هەرچەند لە لەشی مرۆڤ خۆش دێت نەخۆشی شیناوردی وەک شۆکە و دۆی پێوەیە. ڕەشەباش، پێچەوانە، لە لەش ناخۆش دێت بەڵام نەخۆشی شیناوردی پێوە نییە، بگرە نەخۆشیش دەپەڕێنێ. ئەم دیاردەیە لە هیچ ڕۆشنە و کەلەبەرێکەوە تەفسیر بەدەست وەرزێری سادەی بێسەوادەوە نادات، ئەویش ناچار هاناى بردە بەر ئەرشیفی بیروباوەڕی میراتی و گوتی هەرچی ڕەشەبایە بای بەهەشتە بەسەر جەهەنەمدا تێ دەپەڕێ، شەماڵیش بای جەهەنەمە بەسەر بەهەشتدا دێت. سەیر لەوەدایە کە هێشتا ئەم بنۆسکارییە [تفسیر، تەعلیل] خاوێنترە لەوەی نەفسی ئەژدەها و ورشەی باڵی پەری وەیا هاتوباتی پشت چیای قاف تێکەڵ بە مەسەلەکە بکرێ چونکە هەر نەبێ بەهەشت و جەهەنەم لە ئایینی بێ فێڵ و بێ تەئویلدا هەن هەرچەند چ دەخلیشیان بەسەر شۆکە و دۆوە نەبێ.

خەڵق فێڵێکی بچووکی دیکەش لە خۆیان دەکەن لەوەدا کە هەر جارە لە نکاو سەرمایەک دێت و دەبینن بەفر لە شاخان باریوە گورج دەڵێن سەرمایەکە هی بەفرەکە بوو کەچی، بەپێچەوانە، بەفرەکە هی سەرمایەکەیە. کاتێک سەرما هی بەفر دەبێ کە بێین لە لاوە بەفر بهێنین و بەسەر شاخانیەوە بڵاو بکەینەوە و وڵاتی پێ فێنک بکەین. ئەم سەهوە بچووکە ئەگەر زەرەری نەبێ سوودیشی نییە ڕاست کردنەوەشی زەرەری تێدا نییە، جگە لەوە کە ڕاهاتنمان بە سەلماندنی سەهووی بچووک لە کاری گرنگیشدا بە لای بنۆسکاری چەوتماندا دەباتەوە وەیا هەر نەبێ فێری چاوپۆشی دەبین لە هەڵەی گەورەش.

ئەوەی ڕاستیش بێ گەلێک باوەڕی چەوتی زێدە گرنگ و بە ئەرک لە بنەڕەتدا لەسەر هەڵەیەکی فکری بچووک هەڵستاوە، وردە وردە تەنیوەتیەوە و ڕەگی داکوتاوە، مرۆڤیش بە تێکڕایی زوو دەسخەڵەت دەدرێ تا ئەوەی [گوتە] مەشورەکەی «عەقڵی لە چاویدایە» ی لێ بەڕاست دەگەڕێ لەو ڕووەوە کە ئەوەی چاو دەیبینێت بە ڕواڵەت دیمەنی ڕاستەقینەی شتانە وەک کە پێست سەرپۆشی ڕاستەقینەی لەشە. هەر بۆیەیشە پیاوی فێڵباز هەمیشە بە جۆری سەرنجڕاکێش و لە باری نائاسایدا خۆی بەخەڵق نیشان دەدات.

پروا دەکەم ئەگەر ساحیری نێوان هیندییە سوورەکان خەتی سەوز و شین بە سەر و ڕوویاندا نەکێشن کەسی ئەوتۆیان بەداوا ناکەوێ، وەیا گەورەترین سەرکردەی شەڕ لە حەمامدا بێ تاج و ئەستێرە و قایش و قرووش کەس سڵی لێ ناکاتەوە. گومان لەودا نییە کە ئەم جیهانە هەزاران هەزار تەپکەی فکری ناوەتەوە ئیتر سروشتکرد بێ وەیا مرۆڤکرد، لەوەتەی فکری ڕوونیش خەباتی دەست پێ کردووە هەر خەریکی ئاشکرا کردنی ئەو فڕ و فێڵە بوو کە لەو تەپکانەوە دزەی بۆ ناو مێشک و دەروونی ئادەمی کردووە و نرخی قورسی لێ ستاندووە، زۆر جاران خۆ کوژیشی پێ کردووە.

بێ ئەوەی من بڵێم لە خۆوە دیارە ئەرکی ڕەواندنەوەی تاریکایی تەپکەی فکر دەچێتە ئەستۆی ڕۆشنبیر چونکە ئەو وێڕایی زێدە توانای تێگەیشتن و وردبوونەوە کە بە خوێندن پێی گەیشتووە هەر خۆیشی خۆی بە ڕابەر و چاوساغ و قوماندان داناوە. بەلای منەوە ڕابەرایەتی و پێشەوایەتیی ڕۆشنبیر لە مەیدانی فکردا سێ مەرجی بنجی گەورەی پێوەیە:

1- لەسەریەتی بە درێژایی عومری ڕۆشنبیرایەتی خۆی خەریکی وەدەست هێنان و پتر کردنی زانیار (معرفة) بێت و شان بەشانی قافڵەی بەرەو پێش چووی فکر و ئەدەب و هونەر و کۆمەڵایەتی هەنگاو هەڵێنێ تاکو هەمیشە چاوی بە هەموو لایەکدا بنۆڕێت و لە ڕەشکەوپێشکەی تێوە ڕامانی تاکە قوژبن ڕەها بێت. لێرەدا دەبێ بڵێم پەرۆش بۆ بیروباوەڕی شەخسی داوا لە ڕۆشنبیری دەکا کە خۆی بە هەموو چەکێکی فکری ئاراستە بکا نەک تاکە چەکی باوەڕی خۆی کەوا ڕەنگە هەر بە قەدەر کولە خەنجەرەکەی باوەڕی ناحەزەکەی پرشتی هەبێ. زانست و هونەر و ئەدەب و تەکنیک لەم سەردەمەدا وەها خێرا بوە ئەگەر لێی لەلینگان نەکەیتە دەنگ تۆزیشی ناشکێنیت.
کتێبێکی بێ ناو و نیشانی ئەورووپا دەخوێنیتەوە سەرت سوڕ دەمێنێ لەو هەموو وردپێوی و قووڵ داگرتن و بەرفرەوانییەی کە لە وەها، بە زاهیر، کەمبایەخدا بەکار هاتوە. من ناڵێم ڕۆشنبیر مەیدانە تایبەتیەکەی خۆی چۆڵ بکا بۆ گەشتی ناو مەیدانەکانی دیکە: من دەڵێم وێرای پسپۆڕ بوون لە مەیدانی خۆیدا دەبێ ئاگاداری هاتوباتی مەیدانەکانی دیکەش بێ بەتایبەتی ئەوانەی لەهی خۆی نزیکن هەر نەبێ بەنیازی ئەوەی خۆی پێیان دەوڵەمەندتر بکا و پشتوانێ لە کاتی پێویستدا لە چاوبەستەکێی حیلەگەری ئەو مەیدانانە ڕزگار بێ و ڕیشی خۆی تەسلیم بە غەیر نەکا.
من لە تەجرەبەی خۆمدا شتی وەهام دیتوە بمهاوێتە سەر گومان کردن

لە بڕیاری پسپۆڕان، بە نموونە لە تەلەڤزیۆنی وڵاتێکی ئەورووپا دیتم کێبەڕکێ لە نێوان گۆرانیی 18 دەوڵەتدا دەکرا، هەر گۆرانییەک لە لایەن تاقمە پسپۆڕی غەیری خاوەن گۆرانییەکەوە نومرەی دەدرایێ. بەزۆری وەها دەبوو گۆرانییەک لە لایەن پسپۆڕێکەوە 100 نومرەی بۆ دادەندرا لە لای یەکێکی دیکەشەوە سفر (0) ی دەدرایێ. ئنجا کە حاڵی پسپۆڕ وەها بێ بابێین کوێر و کەڕ بکەینە حەکەم وەیا تیروپشکێ و خەتوشێرانێ بەکار بهێنین خۆ هەتا سەهوو بکرێ لە نێوان صەد و صفر تێپەڕ ناکات. ئەم مەرجەیان لە مەیدانی فکر [ئەدەب، هونەر، فەلسەفە...] بە سەنگە، مەیدانی زانست و تەکنیک مەگەر فەلسەفەیان لەسەر هەڵنرێ نەخۆ ڕۆشنبیری فکر هاتوچۆیان تێدا ناکات.

-2 پێویستە ڕۆشنبیر ئەوە بە چاوی خۆیەوە بگرێ کە مومکینە خۆیشی وەک خەڵقی دیکە بە تەپکەی فکرەوە بووبێت، بۆیە لەسەریەتی هەمیشە بە بینین و باوەڕ و هەڵوەستی خۆیدا بێتەوە و تاقییان بکاتەوە نەوەک بە دزیەوە هەڵەیان تێ خزابێت. ئێمە دەبێ بزانین، مرۆڤ بە عادەت لەگەڵ قەناعەت و بیروڕای خۆیدا دەگونجێت و پێی دەحەسێتەوە، هەر کەلێشی بەگومان کەوت، کوردی گوتەنی، کێچ دەکەوێتە کەوڵێیەوە. هەر ئەو حەسانەوەی گونجان لەگەڵ قەناعەتە وای کردوە باوەڕی پووچەڵ بۆ ماوەی هەزار و دوو هەزار ساڵ لەگەڵ کۆمەڵێ دواکەوتوودا بژیت چونکە بە هیچ مامۆستایەکی فێڵباز و جادووگەر ناکرێ هەزاران هەزار مریدی سادە بهاوێتە سەر ڕێبازێک زەرەر بێت ئەگەر لێیان خۆش نەیەت. تۆ سەیری ڕابەری دڵسۆز بکە، چ عەزابێک دەخوا بە دەست ئیقناع کردنی سافیلکان لەو ڕێنماییەی کە هەمووی پاکی و چاکە و بەرژەوەندە ئنجا بە هەزاری یەکێکیش بە دوا قسەکانی ناکەوێ. لە دەوروبەری خۆمان دڵسۆزێکی وەکوو حاجی قادر بەر لە 115 ساڵێک وەختا بوو بکوژرێ بە دەستی ئەو مریدانەی بە ئەرک و مەسرەفی خۆیان خزمەتی وڕێنەکانی شێخی ماویلییان دەکرد. دواتر، لە ئەستەمبۆڵەوە، حاجی بە بیر خەڵقەکەی دەهێنایەوە کە دەیگوت:

لە دەوری کەرنەبی تا دەوری گای کوێر
لە گوێی گا نوستوون زۆر حەیفە بۆ شێر

بەهەمەحاڵ مرۆڤ کە باوەڕێکی بە دڵدا چوو، با هەڵەی ڕووت و ڕەجاڵیش بێ، وەهای بۆ دێتە جۆش خۆی تێدا لە بیر دەکات، ڕۆشنبیریش مرۆڤە و فریشتە نییە، گەلێک جارانیش پتر لە سافیلکان شێتگیرە دەبێ بۆ باوەڕێکی قرچۆک وەیا هەڵوەستێکی پووچ. جا ئەگەر خۆی ڕانەهێنێ بەوەی ناوناوە چاو بە هەڵوەست و قەناعەتیدا بگێڕێتەوە کەڵکی ڕابەرایەتی پێوە نامێنێ.

-3 مەرجی سێیەم کە تەواوکەری مەرجی دوەمە، ئەوەیە کە پێویستە مەیدانی ڕەخنەگرتنی دڵسۆزانەی بێنیاز لەبەر فکر و نۆریندا بەربەڕەڵڵا بێ و ڕۆشنبیری لێ وەتەنگ نەیەت هەرچەند ڕەخنەکە ڕوو لە خۆی و باوەڕیشی بکات. فکر و ئەدەب و زانست و هونەر و داهێنان و بەرهەم هێنان و گەشتی بن دەریا و فڕینی ئاسمانان هەمووی لە پێناو خزمەتی ئادەمیزاددا شەرەف پەیدا دەکەن، کە هات و یەکێک لەمانە ژوورووی مرۆڤ خرا و لێی کرا بە بوت لە خانەی شەرەفی مرۆڤدۆستی لادەچێت بۆ خانەی مرۆڤنەویستی.

لەسەردەمی گەشەی ژیاری عەباسیەکاندا دەوری حەفتا باوەڕی سەر
بە تاکە ئایینی ئیسلام وێکڕا دەژیان و هەڕەشە لە هیچیان نەدەکرا، بە
سەرنج گرتنیش لەو باوەڕانە و کارێکی کردوویانە دەردەکەوێ
بەرژەوەندی گشتی لێیان زەرەرمەند نەدەبوو. خەڵق لە ڕێی باوەڕەوە
یەخەگیری یەکدی نەدەبوون تەنانەت مەسیحی و جوولەکە و
زەردەشتی و هی دیکەش لە پەراوێزی باوەڕدا پێکەوەیان هەڵدەکرد.
بێگومان گەشەی ژیار- [حضارە] ی عەباسیەکان قەرزداری ئازادیی باوەڕە
نەخۆ ئەگەر دەنگی ئەدیب و خاوەن فکر و زاناکان خەفە کرابایە دەریا
دەریای کتێبان کووچە و بازاڕی بەغدا و شارەکانی دیکەی ئەوسای
ئیسلامیان پڕ نەدەکرد. ئیسلامەتیش ئەوە نەدەبوو ئێستا مسڵمان و
عەرەب شانازی پێوە بکەن.

بەلای منەوە ڕێدان بە ڕەخنە گرتن جێی سەرپێچی و نەسەلماندن نییە،
ئەوەی دەشێ لە بارەی چەندوچۆنی ڕەخنە گرتنەوە قسەی لێ بکرێ
شێوەی ڕەخنە گرتن و دەربڕینی باوەڕە، لێرەدا خاوێنی زمان و دڵ و
قەڵەم پێش مافی ڕەخنە گرتن دەکەونەوە چونکە بە هیچ مەزهەبان ڕەوا
نییە «ماف» بێتە هەلی تێچێن کردنی نیازی بەد و وشەی بی
حوورمەت. بێگومان جۆری ڕەخنەگرتن و وەرام دانەوە پێوانەی هەرە
ڕاستە بۆ ئەزموونی پلەی پەسەندایەتی و سوودبەخشایەتی ئەو هێندە
ڕۆشنبیرییەی کە مافی ڕەخنەگرتنی تێدا تاقی دەکرێتەوە. هەتا ڕێکاری
«ڕەخنە و وەرام» بەرزتر بێت پتر بەڵگە بە دەستەوە دەدات لەسەر
سوودبەخشی و جوامێری کارەکە و هەموو سەروبەرێکی ڕۆشنبیری و
خوێندەواری ڕەخنەگر و وەرام دەرەوەکان.
ئەم نووسینە لەوانە نییە کۆتایی بێت چونکە هەتا بە دووی بکەویت شریتە درێژ دەکاتەوە:
هەرچی بوونەوەر هەیە بە سروشت و مرۆڤیەوە دەشێ خورد بکرێتەوە بۆ تەپکەی فکری
بچووک و گەورە کە هەر یەکێکیان ڕۆژیک لە ڕۆژان فامی مرۆڤی بەهەڵە برد بێ تا ئەو ڕادەیەی
تاریکایی گەیاندبێتە بیروباوەڕ و پێوانەی چاکە و خراپە، کە سەیری ڕەوتی مێژووش بکەیت
دەبینیت هەموو هەنگاوێکی بەرەو پێشەوەی مرۆڤ بە دوو قاچی ئیعتباری هەڵنراوە: یەکێکیان
دۆزینەوەی هێندێک ڕاستی، دوەمیشیان پووچاندنەوەی هێندێک هەڵە، ئنجا وەهاش بوە ئەو
ڕاستییەی دوێنێ چرای کۆمەڵایەتی بوە، بێ ئەوەی باری ئابووری وەیا ڕۆشنبیری گۆڕابێ،
وردەوردە [لەبەر ئەو هۆیانەی کە لێرەدا جێی باس کردنیان نابێتەوە] تاریکایی داوەتەوە.
سەرلەنوێ خەباتی تازە بابەتی بە مل دڵسۆز و مێشک ڕوونەکان داپڕیوە.

ناچارم واز لە شریتەی نووسینەکە دەهێنم تاکوو ماوەم بمێنێ بۆ ئەوەی تەپکەیەکی فکری زۆر
بەناوبانگ بدەمە بەر نیگای خوێنەر و مافی ڕەخنە گرتنی تێدا بەکار بهێنم. ئەم تەپکەیان وەک
هەر ئێستا ڕوون دەبێتەوە فێڵی لە زاناکان کردوە لە ڕیی ئەوانیشەوە قوتابیەکانیان پابەندی
بوون. منیش کە دێم ڕەخنەی لێ دەگرم هونەرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە لە
سەرەتاوە بیری وەهای کردوە من بە خۆیەوە خەریک بکات:

لە شی کرنەوەی مێژوو کە بە سەر ڕارەوی ماددی مێژوییدا دەڕوات عەبدایەتی بە قۆناخی
مێژوویی داندراوە وەک دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری. بە پێی بۆچوونی من کە لە بەر تیشکی
مادی مێژووییدا سەیری پرسیارەکەم دەکەم عەبدایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەک
قۆناخی مێژوویی چونکە لەو نەزەریەدا ئەوەی سیفەتی «قۆناخ» بە پلیکانەیەکی مێژوو
دەبەخشێت لایەنی ئابووری و جۆری «بەرهەم هێنان» ـە واتە دەبێ «قۆناخ» زادەی
عەمەلیەتی گۆڕانی ئابووری بێت و ڕووداوێکی مێژوویی و ناچاری بە ئابوورییەوە بەستراو بێت
وەک کە فەلاح و مڵکدار لە بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی سەردەمێکدا لە شێوەی حەتمی پەیدا
دەبن، هەرچی عەبدایەتییە زادەی عەمەلیەتی بەرهەم هێنان نییە، بەچکەی ڕاستەوخۆ و
یەکسەری ئابووریش نییە، بەڵکو بە زۆری لە ئاکامی دۆراندنی شەڕدا دانیشتوان وەیا

عەسکەرەکانی وڵاتە تێشکاوەکە بە دیل گیراون و بوونەتە عەبد، وەیا لەبەر ناگزووری خەڵق منداڵی خۆیان فرۆشتوە، ڕەنگە خۆشیانیان فرۆشتبێ. منداڵ فرۆشتن بەوەندە نایێتە بنچەی پەیدابوونی «قۆناخی بە ئابوورییەوە بستراو» کە فرۆشتنی تێدایە چونکە مەڕ و گیسک و عەلیشیش و کەڵەشێریش دەفروشرێن چ قۆناخانیش دروست ناکەن. حاڵوباری منداڵ فرۆشتن و مەڕ فرۆشتن پێوەندی بە جۆری بەرهەم هێنان و هۆی بەرهەم هێنانەوە نییە. مامەڵەتێکە دەشێ شانبەشانی چەندین قۆناخ بەردەوم بێت، ڕەنگ بوو ئەگەر یاسا مرۆڤ فرۆشتنی مەنع نەکردبایە ئێستاش لە هەندێ شوێنی ڕووت و برسی و دواکەوتوودا هەر لە برەوبوایە، لە برەویشدایە. ڕاستیەکەی، لە وڵاتی خۆمان تا ئەو نزیکانەش وەها بوە منداڵ فرۆشراوە بەڵام نەبیستراوە قانوون نە لە کۆن و نە لە نوێدا سەلماندبێتی.

چی لێرەدا گوتم لە بارەی قۆناخ نەبوونی عەبدایەتی بەوەندە هەڵناوەشێتەوە کە لە پایەتەخت و شارە گەورەکانی دەوڵەتە زلە کۆنەکاندا لە ئاکامی شەڕی بەردەوام و سەرکەوتوو، هەزاران عەبد و جارییە لە ژێرووی هەموو چینەکانەوە کۆمەڵەیەکی دەسبەسەر و بێ ماف و بێ مزەیان لێ پەیدا بوە و شێوەی «چین» یان وەرگرتوە، چونکە قسەمان لەگەڵ «قۆناخ» ـە، جا ئەگەر ناوی قۆناخت لەسەر هەڵگرت با لە شێوەی «دیاردە» دا هەر ناوێکی پێ دەدرێ بدرێ بەهەمەحاڵ ئەو عەبدانەی پارە و پووڵیان چنگ کەوتوە خۆیانیان کڕیوەتەوە و ئازاد بوون. لەوانەیشە لە شەڕێکی دیکەدا کۆنە عەبدەکە خاوەنەکەی خۆی بە دیل گرتبێ و کردبێتیە عەبد. هیچ دوور مەبینە یەکێک عەبدی ئازاد کردبێ و دواتر خۆی هەژار بووبێت و کۆنە عەبدەکەی کڕیبێتی. تۆ ناتوانیت وا بە قسە «فەلاح» ڕەها بکەیت وەک کە بە قسە عەبدێک ئازاد دەکەیت، کرێکاریش بە قسە نایێتە ماڵدار وەیا ئاغا کە چی دەشێ هەر لە شێوەی عەبدایەتیدا عەبد فەلاح بێ وەیا سەرباز بێ وەیا بازرگان بێ واش بوە بۆتە «سلطان» ێکی وەک کافووری ئیخشیدی. عەبدایەتی بە قەدەر «بوتپەرستی» دیاردەیە و هەردوویان بە بەریانەوە هەیە پێکەوە شانبەشانی چەند قۆناخ بە مێژوودا سەرەژێر ببنەوە. هەردووشیان «چۆنیەتی» ن و بە پریار و بە قسە بەردەوام دەبن یاخود هەڵدەوەشێنەوە.

ئەو بیریارەی دیاردەی عەبدایەتی بە قۆناخ دانا بە تەپکەی لێکدانەوە و ڕووپێوی خۆیەوە بوو کە دیتی لە ڕووپەڕەکانی مێژوودا دیمەنی هەزاران هەزار عەبد لە شکڵی ڕیزەبەردی دیواری چینێکی هەرەژێرەوەی قەڵافەتی کۆمەڵایەتی پێک دێنێ ئیتر بۆچی پێی نەگوترێ چین؟ کە کڕین و فرۆشتنیشی بەسەرەوە بێ بۆچی قۆناخی مێژوویی نەبێ؟ لە ڕاستیدا عەبد وەک «قوتابی» و «عەسکەر» چەند خاسیەتەک لەوەی دادەپرێ قۆناخ بێ:

1- عەبد و قوتابی و عەسکەر هەڕەمەی هەموو چینەکانن بگرە لە شازادەوە تا هەژاری ڕووت و برسی.
2- زادەی یەکسەر و ڕاستەوخۆی بەرهەم هێنان نین بەڵکوو پێداویستێکی چاک وەیا بەدی کۆمەڵایەتین، ئەو پێداویستییە پێوەندی بە ئابوورییەوە هەبێ یا نەبێ.
3- دەشێ هاوعومری زۆربەی قۆناخە مێژووییەکان بن هەرچەند لە لایەن سەرەتای پەیدا بوونەوە عەبد و عەسکەر کۆنترن لە قوتابی، عەسکەر و قوتابیش پیتر دەوام دەکەن، ڕەنگە قوتابیش بەردەوامتر بێ لە عەسکەر.
4- هەر وەک قوتابیەتی و عەسکەری حاڵەتێکی کاتییە بۆ تاکەکانیان دەشێ عەبدایەتیش بۆ تاکە عەبد کاتی بێت بە هۆی ئازاد کردن وەیا خۆ کڕینەوە وەیا هەڵاتن بۆ چینی دوورەدەست وەیا بە دەرچوونی یاسای ئازاد کردنی عەبد وەیا مردنی خاوەنەکانی...

هەڵبەت گەلێک دروشمی جوداکەرەوەش هەیە لە نێوان ئەو سێ تاقمەدا وەک ئەوەی کە عەسکەر تابێ بە سنوورە، قوتابیش لە چاو عەبد عومری تایبەتی هەیە کەمتریش خێزان پێک دێنێت...

دەتوانین لە قوتابییەوە بەڵگەیەکی بەهێز وەرگرین بۆ ڕوونتر کردنەوەی لایەنی قۆناخ نەبوونی عەبدایەتی. قوتابی بە پێی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵایەتی گەیشتە پلەیەک کە ژمارەی بە قەدەر تێکڕای کرێکار و فەلاح بێت. لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوودا چواریەکی کۆمەڵ قوتابین، بگرە نیسبەتەکە لەوەش تێپەڕ دەکات چونکە زۆربەی هەرە زۆری هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان شەش ساڵ و بیست ساڵدایە قوتابین. خۆ ئەگەر ئەو ساوایانەی جارێ نەگەیشتوونە تەمەنی خوێندن لە حیسابەکە دەرهاوێژین ژمارەی قوتابییان خۆی لە نیوەی ژمارەی هەموو دەخشێنێت. دەرهاویشتنی ساوایانیش لەوەوە دێت کە ئەوان جارێ لە ئاڵقەی هیچ بەرپرسیدا نین ئەرکێکی پێوە بێ و ناوێکی لێ بندرێ ئەوە نەبێ کە خۆیان ئەرکن بەسەر شانی غەیرەوە، یەکەم پلەی بەرپرسیشیان قوتابیەتییە جارانیش وا دەبوو دەبوونە شاگرد.

بەهەمەحاڵ ڕۆژەک دێت هەرچی پێ لە کۆڕی ژیان بنێت ببێتە قوتابی لەگەڵ ئەمەشدا کەس ناڵێ قوتابیەتی قۆناخە چونکە بە پێی تێک بەسترانی «قۆناخ» بە «ئابووری و بەرهەم هێنان» ەوە قوتابیەتی سیفەتی قۆناخی نایێت هەرچەند خۆیشی سەرچاوەی ئەو کەسب و کاروانە دەبێ کە قۆناخ و چین پێک دێنن. ڕەنگە نەزەریە پەیدا ببێ حیسابێکی تازە بۆ قۆتابی بکات و ژوورووی چینەکان و قۆناخەکانی بخاتەوە بەڵام ئێمە قسەمان لەگەڵ ڕاڕەوی مادی مێژووییە کە لەوێدا مەرجەکانی قۆناخ [هی چینیش] لە قوتابیدا نایەنە جێ هەروەک لە عەبدیشدا نایەنە جێ. قوتابیەتی پێوەندی بە ئابووری و گوزەران و بەرهەم هێنانەوە نییە هەرچەند زۆر جاران شوێن پەنجە لە کارەساتی ڕامیاری زێدە گرنگیش دادەنێ چ جایی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

لە عەسکەری و قوتابی هەڵکشێین بۆ «موظف» کە دەزانین

1- کار دەکات
2- مەعاشخۆرە
3- بەرپرسە
4- کاریگەرە
5- ناوی «چین» هەڵدەگرێ،

ئنجا پێی ناگوترێ قۆناخ چونکە بەڕاستی دیاردە و پێداویستی کۆمەڵە نەک قۆناخی مێژوویی. ئەگەر هاتبا «موظف» دوو مەرجی لێ هاتبایە دی دەبوو بە قۆناخ:

- مەرجی یەکەم: پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرهەم هێنان و ئابوورییەوە هەبوایە.
- مەرجی دوەم: ئەویش وەک ئەو چینانەی بە دوا یەکدا دێن شتێکی دیکەی زادەی هەناوی خۆی بە دوا خۆیدا هێنابایە وەک کە سۆشیالیزم بە دوا سەرمایەداریدا دێت و لەویش دەکەوێتەوە.

عەبدایەتی بارتەقای سەربازی و قوتابی و موەزەفە کە هیچیان زادەی قۆناخ نین و دایکی قۆناخ نین و خۆشیان قۆناخ نین: لە هەموو حاڵاندا دیاردەی کۆمەڵایەتییە بەڵام هێندەی قوتابی و موەزەف حەتمی و ناچاری نییە چونکە دەشێ لە کۆمەڵدا عەبد هەر پەیدا نەبێ وەک کە نەبیستراوە لە کوردەواریدا عەبدایەتی هێندە هەبووبێ کە سەرنج ڕاکێشێت وەیا پێی بگوترێ چین.

بەهەمەحاڵ ئەگەر عەبدایەتی دیاردە بێت و بەس، کار ناکاتە سەر هیچ سەروبەرێکی ناوەڕۆکی نەزەریەکە هەرچەند کەمێک لە چۆنایەتیی ڕوخساری دەگۆڕێ ئەویش هەر بایی جوداوازی عینوانی «قۆناخ» لە عینوانی «دیاردە» بەسەر قورنەیەکی نەزەریەکەوە.

مەسعوود محەمەد
وەشانی یەکەم: گۆڤاری «کاروان»، ژمارە 81، ساڵی 1989
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net پاییزی ساڵی 2009

«...»

---

مەرگی تاڵ و ژار! ناوناوە شیرینیت...

بە دەمڕۆژگارەوە، لە ژێر ئاسمانی شینا. بە تەک گوڵ و بولبولی گێل و وێڵدا، هەنگاوی شەکەت بووی هەزاران ساڵەی ئادەمی نەخشی کەنەفتی و پەژارەی خۆی لە ڕێبازی سەخت و دڕووکاوی ئەم «ئەرزە کۆنە هەوارە» وەک مۆرکی بابای گومان لێکراوی دەفتەری پۆلیسخانە چەسپ کردوە. هەموو نیگایەکی سەرنجدەری بەرەو ڕابوردوو لیستەی بێ پڕانەوەی ئاڵقە لە دوا ئاڵقەی شێوە زنجیرەی هەڵکەوتی دڕندە و ڕووداوی پڕندە و دیمەنی تاریک و مۆنی تابلۆی نەیار و نەساز دەخوێنێتەوە... چەندێکی خەیاڵم گێڕابێت لە دۆزینەوەی موعادەلەیەکی ساختە کە تێیدا «س – نوێنەری خۆشی» زاڵ بێت بەسەر «د – نوێنەری ناخۆشی» دا هەمیشە کشاومەتەوە بەرەو ئەنجامی ناقۆڵای ناحەزی نەویستراوی خەفە بوونی «ئا» لە ژێر سنگی «نا« دا هەر لەو وەختەوە کە بەر لە هەزاران ساڵ دیمەنێکی لێ بەدی دەکەین تا ئەم ڕۆژانەی بە دوا جەنگ لەسەر جەنگی بێ ناوەڕۆکدا خەریکین بەرامبەر پلووسکەی خوێنی دەیان هەزار مرۆی بێ تاوان بە پانایی ڕووی ئەم زەویەی پەمەییدا چاو بزرکاو و حەپەساو دەبین... من باباێکم لەوانەی بە ئاسانی و زوو بە زوو برژە برژی برینیان داناکەوێت... لەوانەم بە تەنیشت و ڕۆخی ماڵی خەفەتبارەوە محەلەبی و لوقمە قازییان بۆ ئاوا ناکرێت... نەک چونکە ڕەشبینی لەمندا بە زیادەوە هەستی نایەتی (سلبی) خوڵقاندوە. بە پێچەوانە، ئەوەندە بۆ ئایەتی (ایجابیة) هەستیارم و وەها شەیدای کامەرانی و خۆشی و بێ ئازاری و تەبایی و ڕەباییم هەموو هۆیەکی ناپەسەندی ئاژاوە و دەمە تێکنان و یەکتر ئازاردان وەها دەبوغزێنم سەد ئەوەندەی خۆی پێی نائارام دەبم. بۆ جووجەڵەیەکی لە خۆڕایی بە ساوایی بمرێت خەفەتی خۆی و ئەو هێلکە و مریشک و کەڵەشێرانەش دەخۆم کە ئەگەر جووجەڵەکە بووبایە مریشک لێی دەکەوتنەوە... هەر ئەم تینوەتیەم بۆ تروسکەی خۆشی وەهای کرد ڕێکەوتی تێ هەڵئەنگووتنم لە یادنامەی دوو دۆستی کۆچ کردووم شیرنایی لەو مەرگە تاڵە بگێرێت کە دێت ئازیزێک لە کفنی نەبوون و بەسەرچووندا دەپێچێتەوە سۆزێک لە دەروونددا دەگڕێنێت گەلێک زامدارترە لەو سۆزەی بۆ ئازیزێکی ئاوارە و سەفەر کردوو دەگیرسێتەوە... ناگەهان و بێ مەبەست، چەند کاغەزێکی لێ نووسراوی بەرەو ژوورەوە قەد کراو، لەپڕ، کەوتە بەرچاو و ناودەستمەوە... دیمەنی زەردهەڵگەڕاو و تۆزێکی لێی نیشتبوو پتر لە دەساڵی گۆشەگیری و سەرنانەوەی ڕادەگەیاند... هەڵم گێڕایەوە بەرەو ڕوو! لە سەرووی هەوەڵ لاپەڕەی دەسنووسم خوێندەوە:

دەسکەوتی خەبات

لە تەنیشتی دەستە چەپەوەی «هێمن» ی بێ نوختەی «ی» ەکەی نووسراوە و خەتێکی بە ژێردا کێشراوە... گورج هێمن و ڕۆژەکەی ئاهەنگی پەردە لادان لە ڕووی پەیکەری حاجی قادرم هاتەوە بیر کە هێمنیش شاکارێکی خۆی تێدا خوێندەوە. ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی 1973\11\29 بوو. لە پەراوێزی لای دەستە چەپی پەڕەی هەرە دواییندا هێمن 1973\11\26 ی داناوە بە ڕۆژی لێ بوونەوە لە نووسینی شاکارەکە. چاکم لە بیرە، چەند ڕۆژێکی بەر لە ئاهەنگەکە بەشێکی بەرچاو لە بەشدارەکانی ئاهەنگ گەیشتنە کۆیێ... گرووپی هێمن و مەلا ڕەسووڵ و هەڤاڵە کوردە ئێرانییەکان لەوانە بوون. لەو چەند ڕۆژانەدا، فرەکات یەکترمان دەدیت و زۆر جار لە ماڵی کاک مەجیدی ئامۆزام کە ئەوسا لەناو شار بوو منیشی لێ دابەزی بووم، بەیەکەوە کۆدەبووینەوە. لەو 1973\11\26 ەوە دیارە هێمن پرە شیعرەکەی لەو ڕۆژەدا هۆنیوەتەوە... ئەگەر بیرکوولی ڤێلم لێ نەکات لە هەوەڵەوە وەهام دەزانی کەوا لە شەوی پێش ڕۆژی ئاهەنگەکە هێمن هەڵڕژاو دەروونی خۆی لەو ئاگرە شلە بورکانییە بەتاڵ کرد. ئەوەی ڕاستی بێت من خۆم بۆم نەلوا تا شەوی پێش ئاهەنگەکە هیچ بنووسم.

خواوڕاستان لە شەوە درێژەکانی کۆتایی ساڵ بوو، بە بەریەوە هەبوو خۆی لێک بکێشێتەوە... وا پێ دەچێ بە خەیاڵی ئەوەی کە خۆم لەو شەوەدا دەروونم گوورا بە نووسینەکەم وەها لە مجێزم خۆش هاتبێ کە هێمنیش وەکوو من تا ئەو شەوە هەر پەنگاوی دابێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە نایەتە بیرم هێمن لەو ڕۆژانەدا گوتبێتی جارێ هیچی نووسیوە. بە هەمەحاڵ وەک لە

لاپەڕە 217 ی دیوانی «تاریک و ڕوون» دا دەردەکەوێت هێمن هەتا بەرەبەیانی 1973\11\26 خەریک بووە. ڕەنگە ڕۆژی پێش ئەو بەرەبەیانەش گەیشتبێتە کۆیێ...

نوسخەی لای من کە بەخەتی هێمن نووسراوەتەوە لەوانەیە ئەوە بێ کە لە ئاهەنگدا بە دەستیەوە بوو دەیخوێندەوە. ئەگەر ڕاستی بۆ چووبێتم، چ هۆی گومانیش لەوەدا هەڵناستێت. پێوەندیی زێدە دۆستایەتی و برایەتی وەهای لێ خۆش هێناوە نوسخەکە بە من ببەخشێت کە ئادگاری نووسینی هەوەڵ جارێ دیارە وەیا هەر نەبێ نووسینەوەی هەوەڵ جار، چونکە لە چەندین جێگە ڕاست کردنەوە و گۆڕینی داڕشتن و وشە تێترنجاندن بەرچاو دەکەوێت. لە نیوەی دوەمی دێرە شیعری یەکەمی قەصیدەکە وشەیەک پەڕیوە. کە گەڕامەوە بۆ ئەو دەقەی لە دیوانی «تاریک و ڕوون» دا بلاوبۆتەوە مصرەعەکە بێ کەم و کەسر ئەمە بوو:

نە شۆرەژن و ڕینگەی دێ لەبەر بێر

لە دەسنووسی لای مندا وشەی «بەر» پەڕیوە. لەمەدا بیر بۆ ئەوە دەچێت کە نوسخەکەی لای من لەسەر یەکێکی دیکە نووسراێتەوە بەڵام شوێنی دیکە هەن بە پێچەوانەوە ڕادەگەیەنێ. لە دێڕی دوەمی شیعرەکە وشەی «کیژ» ی لەبیرچووە، هاتووە خەتێکی بۆ هەڵکێشاوە و لە سەرووی دێرەکەی نووسیوە. لە دێری چواردەمیندا هەوەڵ جار نووسیوەتی: پەڕیوە سونبول و پێ خوستە سوور گوڵ، ئنجا هاتووە وشەکانی بە قەڵەم سڕیوەتەوە و لە سەرووی سونبول سوور گوڵی نووسیوە خەتێکیشی لە سوور گوڵەوە بۆ پەراوێزی کاغەزەکە ڕاکێشاوە و سونبولی نووسیوە. ئەمەشیان دەشێ هی نووسینەوەی دوواتر بێت بەڵام لە دێری 29 دا «کە لە دیوانەکەدا کەوتۆتە لاپەڕە 213» هەوەڵ جار نووسیوەتی:

قریوە و چۆپی و گۆوەند و سەمایە

ئنجا هاتوە خەتی بەسەر هێندێکیدا هێناوە و نیوە دێرەکەی وەها گۆڕیوە:
قریوە و داوەت و چۆپی و سەمایە

خەتی دوەم جارێ بە قەڵەمێکی جودا نووسیوە هەر ئەم دەقەیشە لە دیوانەکەدا چاپ کراوە لە چەند جێگەی دیکەش وشەی ڕەش کردوونەوە و گۆڕینێکی تێدا کردوون و لە سەرەوەی نووسیونەتەوە.

لە دەسنووسەکەدا نووسیوەتی:

بوتی صاحبدڵانی دڵ بەسۆیە

کەچی لە دیوانەکە «صاحبدڵانی» بۆتە «ساحەبدلانی». دیارە دواتر ئەم گۆڕانە کراوە کە نەویستراوە پیتی «ص» بێتە ناو ڕێنووسی تازەوە.

لە دەسنووسەکەدا نووسراوە:

بە گژ خۆمانە و بێگانەدا چووی

لە دیوانەکەدا بۆتە:

بەگژ بێگانە و خۆمانەدا چووی

لەمانە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دێرە شیعرێکی سەرلەبەری ناو دەسنووسەکە لە دیوانەکەدا دەرنەکەوتووە. دەقی دێرە شیعرەکە ئەمەیە:

کە شیعری تۆ نەبایە هاندەری کورد
ئەوێستا چۆڵ و هۆڵ بوو سەنگەری کورد

ئەم دێرە دەکەوێتە دوای دێری پێنجەمی لاپەڕە 215 ی دیوانەکە. هەرچۆنێک بووبێت برایەتی و دۆستایەتیی هێمن و من بەوەندە زیاد و کەم ناکات ئایا کام نوسخە لە کامیان گیراوەتەوە.

ئەم دە لاپەڕەیەی تەمەن 12 – 13 ساڵی کە ڕۆژی کۆتایی مانگی مایسی 1989 بە ناکاو ئەمانەتەکەی هێمنی خستە دەستمەوە زۆر یادی لەبیرنەکراوی هێمن و برا پەنابەرەکانی کوردی کوردستانی ئێرانی لە پەردەی بیرکردنەوەمدا تێر ڕەنگتر کردەوە. نەختێکیش بە کراندنی ژەنگی فەرامۆشی، هەستی نیوە خەواڵووم داڕووشایەوە بە تایبەت بۆ ئەوانەی بەر زەبری قەدەر کەوتن و بوونە قوربانی سەرپراوی دوای ساڵەهای ساڵی ئاوارەیی و بێ ئۆقرەیی و ناکامی و تەنگەتاوی. لە نموونەدا دەڵێم چ هێزێکی عادەتی لەبیربەرەوە زەبیحی و قزڵجیم لێ دەشارێتەوە؟ لەتێکی دڵم لایانە! هەندێ جار خەیاڵی بڵاو شەڕم پێ دەفرۆشێت و لێم دەبزرکێنێت و دەڵێت: ئەو شێت و شەیدایانەی وەتەنپەرست و باوەڕ قایم لە کوێوە زیاد لە ملیۆنەهای خەڵقی تەسەل و نیوە تەسەل نیدای غەیبیان بیست کە هەر دەبێ «کۆتە لە دەس و دەس لە مل و مل لە تەنافا» بن؟ چ وەکالەتیان لەو حەشامەتە وەرگرتبوو؟ کەس هاتبوو دەست و پێیان ماچ بکات هەتا خۆ بهاوێنە باوەشی بەندیخانە و شکەنجە و مەرگەوە؟ چ عەیب و شوورەیی یەخەی دەگرتن ئەگەر وەکوو، ملیۆنەهای مەردمی گۆشەگیری بەرژەوەندبین ژیانێکی بێ بەندی و ئازار و خنکاندنیان ڕابواردایە؟ چ دەبوو هەر هێندەی «جەماهیر» بۆ مافە نیوە خوراوەکان گیانبازییان کردبایە؟ مەتەڵە و هەڵنەهاتووە یان من هۆشم تێپڕ ناکات لەوەدا کە دەبینین لەخۆبووردووەکان و گیانبازەکان سەریان دەسووڕێت و با دەدەنەوە بۆ لای یەکتر لەناوبردن هەر دەڵێی بە سازی دوژمن هەڵدەپەڕن؟ بەو ئاگر و نوورەی فریشتان هیچیان مەتەڵ نین.

مەتەڵ هەبێ مرۆڤەکە خۆیەتی کە خوتخوتە چووە دڵیەوە ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێت، هەتا کرمی دڵی دانەمرێنێ ناسرەوێت... سەیری مەراقی پۆکەرچی و دامەچی و ڕاوکەر و کۆترباز و تاوڵەباز و ڕێسزباز و مێباز و هەمەبازێک بکەیت، هەریەکە لە مەیدانی خۆیدا وەکوو نیشتمانپەروەر و چینپەروەر و شێخپەروەر و خەو و خۆراکی لێ حەرام دەبێت هەتا مەراقەکەی دادەمرکێنێ، ئەویش بۆ ماوەیەک. هێندە هەیە مەراقی تاوڵە و دۆمینە و جگێنە حکومەتی لێ بەخەبەر نایەت وەک کە لە بابای سیاسی بەدەنگ دێت وەهاش دەبێ لزوم بە حکومەت نەمێنێ کە دۆمینەبازەکان خۆیان لەسەر هەپی بەیازێک یەکدی دادەپەڵۆسن. ئنجا هەروەک پێویستە پیتۆڵێکی کەیفچی بیری لە تاوڵە و دۆمینە و دامە کردبێت و دایهێنابن و خەڵق پێیانەوە مەراق گرتوو ببن هەروەهاش دەبێ بزووتنەوەی چینپەروەری و دینپەروەری و نیشتمانپەروەری لە پزدانی مێژوو گوورابێت ئنجا خەڵقی بۆ شەیدا بێت و ئەوساش لە پێشەوە نازاندرێت کێ لە ڕاست و کێ لە چەپ و کێ لە ناوەندا دەڕوات و چەندی لێ بەردەوام دەبێت و چەندی بۆ شەیدا دەبێت.

سەرێکی تێوەڕامان لە هێمن خوار بکەینەوە دەبینین بە چارەنووسێکەوە گیرسایەوە دوور لە هەموو حیسابان بوو. لەجیاتی ئەوەی لادانی مێردەزمەی ئیستیعمار، حەمە ڕەزا پەهلەوی،

دەرگەی بەهەشتی بۆ بکاتەوە کەچی بە خۆی و چارەنووس و ڕابوردوویەوە بوو بە پنۆکێکی شەوەزەنگی بێ تالعتری و بەدبەختتری و قوربەسەرتری لەچاو ڕۆژانی غەریبی و ئاوارەیی... هەزار ڕەحمەت لە کفندزی پێشوو، بەڵام چ فایدە! دوای مردنی حەمە ڕەزا ئومێد بەو کفندزەش نەما! ناچارین چاوەنۆڕی مێردەزمەیەکی دیکەی کۆنە جەهەندەمەکە بکەین. هەتا فرشتەیەکی عەرشی بەرین لە پەردەی غەیبەوە سەر وەدەردێنێت... پێ و قەدەمی بەخێر، چەند فێنکە بای باڵە ڕەنگارەکانت!!

لەو ساڵانەدا کە هێمن پەنابەری عێراق بوو وەکوو هەزاران هەزار کوردی گەنج و پیر، کوڕ و کچ، چەپ و ڕاست، دۆستێکی قەدرزانی ڕێزلێنەری دڵ لە دەست داوی بووم. پاش ئەوەی نشیمەنم بووە بەغدا هێمنیش هەر بووە بەغدایی، یەکتر دیتن و پێکەوە ژیانمان وەها بوو دەروون بۆ یەکتر بکەینەوە. لەو حەفت ساڵ و نیوەی سەرەتاکانی 1971 و حزێرانی 1978 کە لە کۆڕی زانیاری کورد ئەندام بووم و سێ ساڵی دووایینیشم بە جێگری سەرۆکی کۆڕ بردەسەر حەفتەی چەند جارێک یەکترمان دەدیت هەر نەبێ کە من دەمڕاستی سێ لیژنەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگ بووم هێمنیش تێیاندا ئەندام بوو. هەفتەی دوو جاران بۆ ڕێزمان کۆدەبووینەوە بۆ ئەدەبیش بەلای کەمەوە جارێک، ناوناوەیش بۆ فەرهەنگ جگە لەوەی کە خۆی و هاوڕێکانیشی بێ حیساب و بێ ژووان سەردانی کۆڕیان دەکرد و هەرنەبا بەشێکی ئەو سەردانەیان لای من ڕادەبووارد و کۆڕی نوکتە و قسەی شیرن و باسی هەمە بابەتیان دەگێرا. پێی ناوێ بڵێم، لە هەموو دانیشتنەکاندا هێمن ئاخێوەرێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێشی بیسەران بوو. بابایەک بوو قسە بە تامی نوکتە ئارای کەشکۆڵ ئاوەدان کە بە پێی بابەتی قسە لێوەکردن بتوانێ کوتاڵ و کاڵای گوتەسنجی. چ لە شیعر و ئەدەب بێت و چ لە خەبەر و گێرانەوەی ڕووداو بێت و چ لە بیروڕای پێوەند بە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەیا سەر بە فکر و سیاسەتەوە بێت، ئائەو تەرزە کوتاڵ و کاڵایە بخاتە بازاڕی کڕیار و نرخێنەر و ڕەخنە سازانەوە. هێمن لە وتووێژی هیچ مەجلیسێک دانەدەما، لە منداڵییەوە ڕاهاتووی ئاڵقە قسەڕەوان و ئەدەبدۆست و خوێندەواران و کارگوزاران بوو، بۆ خۆیشی بەهرەی ڕاوێژی سازگار و ئارداوێژی لەباری هەبوو کە لە شیعر و پەخشانیشدا بەرە و ڕیزی هەرەپێشەوەی ئەدیب و نووسەرانی کوردییەوە دەبرد.

هێمن خۆی و هەڤاڵەکانی و تێکڕای برا کوردە ئێرانیە پەنابەرەکان دۆست و خۆشەویست و جێی متمانەم بوون، وابزانم هەمان هەستیش لەوانەوە بۆ من پەندی «دڵ ئاوێنەی دڵە» ی بە ڕاست دەگێرا. لە پەراوێزی تەسکی دەسەڵاتیدا کە وەها دەبوو بە عەیارەی حاڵ و باری ئەوان بە تەسک حیساب نەکرێت، پایەی ئەو برا کوردانە لای من ڕەنگی تەقدیسی پێوە بوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت... هەرگیز نەیانتوانی هێندەی کە من خۆشمویستن خۆیانیان خۆش بووێت دەنا نەدەشیا ناوناوە سارداییان بکەوێتە نێوانەوە.

پێوەندیی توندوتۆڵی ئەو برایانە بە کۆڕ و منیشەوە بەشێکی بەرچاوی لە کەسانی دڵکرمێ و دەروون کەڕواوی و هەناسە بێگەنی بێ شەرم و شکۆ بەرەو پیسکە ڕێگایەکەوە برد هەرگیزا و هەرگیز چ مرۆیەکی پێدا ناڕوات بایی تۆزقاڵێک هەستی مەردایەتی تێدا هەبێت. شکاتیان گەیاندە بەرزترین پایەی دەوڵەتی کە ئەو کوردە پەنابەرانە هەمووی جاسووسی ساڤاکی ئێرانن ئنجا کۆڕی زانیاری کوردیش بەهۆیانەوە بۆتە دایەرەیەکی ساڤاک. دوو جاران لە حکومەتەوە لێپرس هاتنە لام، لە کۆڕ پرسیارم لێ کرا لەبارەی ئەو تۆمەتەوە. حکومەت لە من و لەو کەسانەشی باشتر دەزانی کە تۆمەتەکە لە زرە بوختانێکی شەرم هێنەوە زیاتر نییە بەڵام دەبوو بە ڕواڵەت لەبارەیەوە پرسێک بکات چونکە دەستەیەکی هۆروهۆپ بە ئاگاداری هەندێ کاربەدەستی کوردەوە بوختانەکەیان هەڵبەستبوو.

وەڵامی پێویستم دایەوە کە لە حوکمی بەندەکانی یاسای کۆڕی زانیاری کوردەوە هەڵدەستا. لە یاساکەدا هاتبوو کە دەبێ ئەندامی کارا لە کوردی غەیری عێراق هەڵبژێردرێن و ساڵی مانگێک ئەو ئەندامە کارایانە داوەت بکرێن بۆ بەشدار بوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کۆڕ و پاداشیان بدرێتێ و مەسرەفی هاتوچۆ و مێوانەتیشیان لەسەر ئەرکی کۆڕ بێت. ئەو برا کوردە ئێرانیانە تێیاندا هەیە ئەندامی کارا و ئەندامی یاریدەدەری کۆڕن کە بە پێی فەرمانی یاسایەکی

حکومەتی «بعث» دایناوە ئەو سیفەتەیان وەرگرتووە. کۆڕ هەتا ئێستاش (واتە هەتا دەمی شکاتەکە) قسوری کردووە لەوەدا کە هیچ کامێک لەو ئەندامانەی کوردی ئێران و هی یەکیەتی سۆڤیەت و شوێنی دیکەشی بانگهێشتن نەکردووە. ئەوەندە نەبێ کە د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ وەختێکی لە خۆوە مێوانی عێراق بوویێت بۆ کۆبوونەوەکانمان داوەت کراوە چونکە یەکێکە لەو کوردانەی غەیری عێراق کە بە ئەندامی کارا هەڵبژێردراون. ئەویش و هەموو پەنابەرە بەڕێزەکانی دیکەش لە کوردی کوردستانی ئێران مێوانی حکومەتی عێراقن ئیتر «ساڤاکایەتی» لە کوێوە هەڵقوڵیوە...

شکاتەکە فشایەوە هەرچەند وەها دەزانم فتیلخۆشکەری ئەو کارە بە هێما لە لایەنێکەوە بەخۆی ڕەوا دیت لە چەقی درۆ و بوختانی وەها ڕەجاڵدا هەڵوەستێت. دواتر ناوی ئەو خەبەردەرانەم لە بەرپرسێکی زۆر گەورە بیست کە بە قێزەوە باسی دەکردن.

من هەرگیز لە هێمن و هەڤاڵەکانیم نەپرسی ئایا هەڵوەستیان بەرانبەر ئەو تەرزە کەسانە چ دەبێت چونکە پرسی ئەوتۆیی لەو بارەی ئەوانی تێدا بوون بە ئاوارەیی و پەنابەری، دەبوو بە ڕێگە لێ پرینەوە لەو ڕووەوە کە لە تەنگەتاوی و بێدەرەتانیدا مرۆ ناچار دەبێ سەر بە ماڵی دوژمندا بگرێت.

لە وتووێژدا کە باسی پێوەندیی باپیرم، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیم بە ماڵی قاضی و ئەمین ئەلئیسلامی سابڵاغەوە کرد، هێمن گوتی خۆی نەوەی ئەمین ئەلئیسلامە. لەمەوە دەرکەوت، تازە دەزووی تەنینەوەی دۆستایەتیی نێوانمان لە ڕیشاڵی بنەیەکی سەد ساڵیی ئاشنایی و ئەمەکداری کۆچ کردووانمان دەئاڵێت. لەو کۆنە نامانەی بەر لە سووتانی پروبزگوڕ و کەلوپەل و کتێب و متێبی ژوورەکانی نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەمان، ساڵی 1963 نەکەوت، وەڵام نامەیەکە لە حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی باپیرمەوە بۆ «امین الاسلام»ی سابڵاغ سەرەتاکەی بەم دوو بەیتە دەست پێدەکات:

آنکه امرو بحر اکرام است
نور ایمان امین الاسلام است

ملک صاوجبلاغ ازیمنش
مرجع خاص ملجأ عام است

بە دوا ئەمەدا سپاسنامەی کاغەز و دیاریی ئەمین ئەلئیسلام دێت کە «هەزار پیشە» یەکی تاقمی چایەی بۆ باپیرم هەناردووە. سەیر لەوەدایە کە ئەم تەرزە پێوەندییەی بەر لە سەد ساڵ بەو هەموو زەحمەتی بەیەکتر گەیشتن، لە خۆوە و بێ هۆی دەستنیشانی وەک ئاوارە بوون و لێ قەومان بەردەوام بوو، کەچی لە سەردەمی سەیارە و ڕادیۆ و فڕۆکە و پۆستەی چالاک، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هێمن و من لەیەکدیمان نەدەبیست، چ جایی برادەر بین، ئەگەر حەمە ڕەزای پەهلەوی لە پیاوچاکیی خۆیەوە هێمنی بە دیاری نەناردبایە بۆمان. بەڵام دەبێ لە بیر نەکەین کەوا بەر لە سەد ساڵ و دووسەد ساڵ حکوومەتەکان وەکوو ئێستا هاتوچۆی خەڵقیان مەنع نەدەکرد، بگرە ئەوسا جارێ بۆ حەشاماتی خەڵق پاسپۆرت و ڤیزەش جێی لێتۆژینەوە نەبوو.

بگەڕێمەوە بۆ قەصیدەکەی هێمن، کارم بە بەشێکی دوو لاپەڕەی دواییی شیعرەکەوە هەیە. لەو دێڕە شیعرانەدا هێمن سۆز و مەهارەتی تێکەڵ کردوون، پێیانەوە بەرەژوور تێهەڵکشیوە هەتا سنووری سەرسوڕکێ خەیاڵی بیسەر لەگەڵیدا باڵ دەگرێت. لەسەر سەکۆی مەدحێکی زێدە خەست و خۆڵی حاجییەوە کە بەم چوار بەیتە دەیگەیەنێتە تۆقەڵە:

پەڕی دیوانەکەت گەنج و خەزێنە
وشـەی شـیرینی تۆ دوژمن تەزێنە
هەموو پەندن قسـەی سـووک و دزێوت
وەکوو باڵی پەری پاکە جنێوت
بەنرخە، تازەیە، بەرزە، بەهێزە
ئەوی فەرمووت لەبارەی پیاوی دێزە
ئەگەر کوردێک قسـەی بابی نەزانی
محقق .......... زانی

بە دوا ئەمەدا، پاش سـێ دێر لە هەڵدانەوەی دەوری شـیعری حاجی بۆ بزاوتنی گیانی شـۆرشـگێڕانە لە دەمار و مێشـکی «کوڕە کورد» دا دەسـتەملانێی واقیعی بێفێل دەبێت و کەسـەری تازە هەڵ دەڕێژێت:

ئەوێسـتاش دەردە کورد نەکرا عیلاجی
ئەوێسـتاش کوردی کۆیلە ماوە حاجی

لەم بەیتە و چەند بەیتێکی دیکەی وەک:

ئەوێسـتاش هەر دەمانکەن تیرەباران
دەنەخشـێنن بە خوێن کۆڵانی شـاران

دڵی بۆ کوردسـتانی دیوی ئێران و غەیری ئەویش لێ دەدات بە پێی واقیعی ئەو دەمەی شـیعرەکەی تێدا دەخوێندنەوە، لەبەرەو کۆتایی سـاڵی 1973... تا لەم دوو بیتەی خوارەوەدا خۆی دەکا بە کۆتەڵێکی زیندووی حاجی قادرێکی بەر لە 76 سـاڵ کۆچ کردوو:

ئەوێسـتاش گۆڕ غەریب زۆرن وەکوو تۆ
ئەوێسـتاش بێ نەسـیب زۆرن وەکوو تۆ

ئەوێسـتاش بێ کەس و دوورە وەتەن هەن
ئەوێسـتاش شـاعیری پیر و ڕەبەن هەن

شـاعیری دوورە وەتەن و پیر و ڕەبەن هێمن خۆیەتی، کە نوسـخەیەکی حاجی قادری سـەردەم بوو لەودەمەدا... هەقم بوو بڵێم مەرگ ناوناوە شـیرینە. ئەگەر مەرگ لە بەیندا نەبوایە ئەو هەموو تام و شـام و هێز و پێزە لە دەماری بەیتەکاندا نەدەگەڕا و دەبوو بە چێشـتێکی کەم خوێ...

بەڵێ ڕاسـتە مەرگ و هەموو هۆیەکی ئازار و پەژارە نرخی ئەو زێدە تاو و تینەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی بریندار لە مرۆ وەردەگرنەوە و دنیاش بە تێکڕایی و لە هەموو ڕوویێکیشـەوە گەش و خۆشـتر دەبوو ئەگەر ئازار و کەسـەر و سـفتوسـۆ فەڕیان بزربایە بەڵام مادەم دنیا بە کەسـەر و خۆشـییەوە تێمان ئاڵاوە وەیا ئێمە تێی ئاڵاوین با لە ڕووی ڕاسـتییەوە، وەک کوردی دەڵێ: قسـەیەکی باشـیشـی بۆ بکەین بەوەدا کە لەوەتەی مرۆڤ تەعبیر لە خۆی دەداتەوە بە هەڵڕشـتنی خەفەت و کەسـەر فتیلەی چرای مەعنەویاتی هەڵکێشـاوە.

ئەو دڵدارانەی بە ئاگری عیشقەوە سووتان لە یادی پشتاوپشتی زیندووواندا دەژین... زوڵمی بێ ئامان و سامانی داستانی زوحاک نەورۆزی گەشاندۆتەوە. بە دەگمەنێکی زێدە دەگمەن نەبێ گەلان بیریشیان لەوە نەکردۆتەوە ئاهەنگی بیرکردنەوەی خۆشییەک بگێڕن کە هەر خۆشیی ڕووت بوویێت و هێوێنی بەڵایەکی گەورەی تێدا نەبوویێت.

بەهەمەحاڵ لە ساڵی 1979 باری سیاسی ئێران گۆڕا و برا پەنابەرەکان دوعاخوازییان لێ کردین بەرەو وڵات و کەسوکاریان. من لە ڕووی نوکتەوە گوتم: بەم گۆڕانەی وەزعی ئێران لە دوو کەس قەوما، یەکیان حەمە ڕەزا شا و ئەوی دیکەش هێمن. قسەکەم نوکتە بوو بەڵام دەمزانی هێمن بە زەحمەت بتوانێ لە هیچ شوێنێکی کوردستاندا بگاتە ئەو پایەی خۆشەویستی کە لە کوردستانی عێراقی هەبوو... خۆی زۆر جاران باس و هەواڵی وەهای بۆ دەگێڕاینەوە لە نموونەی ڕوح پەرەیی گەنجەکان بۆی، بە تایبەت کیژەکان، کە هەر لە خەیاڵدا شتی وەها بۆ مرۆی ئاسایی دەسازێت کەچی بۆ هێمن بە ڕەهایی دەسازا... ئەوەی من لە دەرووی نوکتەوە بۆ هێمنم کرد بە پشگوێی، زۆر بە داخەوە، ڕۆژگار قۆستییەوە و کردی بە نوکتەیەکی دەسکردی خۆی کە هات «گۆڕ غەریبی» یەکەی کە هێمن لە ساڵی 1973 بەرانبەر پەیکەری حاجی قادر دادوپروی لە دەستاندا دەکرد، زۆر بە سفتوسۆ و برژە برژەوە جێگۆڕکێی پێ کرد بۆ جەرگەی زێد و مەفتەن و نشیمەنی لە دیوی کوردستانی ئێران، کە زانیمان هێمن دوای گەڕانەوەی بۆ ئەوێ هەناسەی ڕاحەتی تێدا هەڵنەهێنا هەتا بە دڵ شکستەیی و ئومێدی کوژاوەوە چاوەکانی بەسەر مەرگی تاریکدا لێک نان...

خوێنەر لێم بسەلمێنێ کە دەڵێم هەرگیز دڵم نەیهێنا بپرسمەوە لە چەندوچۆنی ئەو بارە بەرەواژەی بۆ هێمن خیچا چونکە هۆی ئەو ڕووداوە لە خەتای هەر لایەکەوە سەری هەڵدابیت وەهای پی سەغڵەت دەبم کە تەسکینی تێدا نەبێت، با هەر لە پشت پەردەی گوماندا بێت کە دەتوانم بە مل باری نالەباری دابپرم...

مەرگ دڕندەیەکی بێبەزەییە بەڵام ژیان خۆیشی لێ دێت بە جۆرێک بزێتەوە تاڵایی مەرگ بەلای شیرناییدا ببات...

کە بڵێم هێمن لە بیر ناکەم شایەدیی پیاوچاکی خۆمم داوە چونکە هێمن لەگەڵ نەبزی مێژووی خەبات و ئەدەبی کورد فرکە دەکات...

هەروا بە دەم نووسینی ڕووپەڕەکانی سەر بە بابەتی پێشوەوە، دیسان بە ڕێکەوتی بێ نیاز، لە کاتی کاغەز دەرهێنان و سەر بەم و بەودا گرتن و سەرەتاتکەی بێلزوم لێرە و لەوێ کردندا ڕۆخی کاغەزێکی ناو کتێبێکی بەرگ سپی، بارست مامناوەنجی بێ نەخش و نیگار بە سەرنجمەوە نووسا و لێی نەبۆوە... ئەو هێندە نووسینەی کە بەسەر کۆتایی دێڕەکانی کاغەزەکەوە دیار بوو، ڕایدەگەیاند خۆڕایی نییە کتێبێک پەڕەکاغەزێکی لاوەکی بە هەناوی خۆیەوە گرتبێ... سەیری بەرگی کتێبەکەم کرد دیتم لێی نووسراوە: «عیززەددین فەیزی یەکێتی نووسەرانی کورد و دوو کۆڕ».

بێ ئەوەی زەکای مووقڵاش پێویست بێت یەکسەر بیرم بۆ سەراو و دەراوی ئەو کتێب و کاغەزە ڕۆیی. نامەکە هی کاکە سۆرانی مامۆستا عیززەددین فەیزییە لە ڕۆژی 28\2\1988 بۆمی نووسیەوە و لەگەڵ کتێبێکدا بۆمی هەناردووە... پێشتر بە تەلەفۆن لەگەڵمدا دووا و لەسەر خوایشتی خۆم کتێبە باسکراوەکەی بۆم هەنارد تا لە دەرفەتێکدا بۆ بەشێکی ناوەڕۆکی کتێبەکە بچمەوە کە پێوەندیی هەیە بە ئاڵقەیەک لە ئاڵقەکانی زنجیرەی «گەشتی ژیانم» دا... با لە نووکەوە حیکایەتی ئەو پێوەندییەت بۆ بکەم!

لە ئاڵقەیەکی «گەشتی ژیانم« دا کە دەگەمە باسی هەڵبژاردنەکەی ساڵی 1953 بۆ خوێنەرم گێڕاوەتەوە کە خاتوون مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی کچانی کۆیێ بەبۆنەی سەرکەوتنی بەرەی نیشتمانپەروەرەکانی ئەوسا شەکر و چوکلاتی بەشی بۆوە. ئەم خاتوون مامۆستایە

«نظیرة محمد»، شەوێکیان تەقەی لێ کرا و هەروا بە حاڵ گوللەی دەمانچەکە دوو ئینجێکی لە شوێنی سەری بەسەر بالیفەوەی لادابوو... حکومەت لە جیاتی دڵدانەوە و لاواندنەوە و بە دوا گوناهباردا گەڕان خوشکە نەزیرەی بۆ ڕەواندز هەڵداشت... کارەکە سەرلەبەری، بە تاوانبار و حکومەتییەوە، نامەردانە بوو چونکە بێگومان ئەگەر مرشحی حکومەت لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتوو بایە و خوشکە نەزیرە شەکر و قەیماغی بەشی بایەوە ڕەنگ بوو تەرفیعی پێ بکەن، خۆ ئەگەر تەقەی لێ کرابایە دڵنیام کە بەرەی ئێمەی هەڵبژاردنەکە تەپڵی تۆپانی پێ دەکرا... بەهەمەحاڵ هەڵوەستی خوشکە نەزیرە هەرچەند لەو دەمەدا دەردی سەری بۆ نایەوە و لە مردنی نزیک خستەوە، دیسانەوە لاپەڕەیەکی گەشی ژیانی پڕ دەکاتەوە و مایەی شانازیشە بۆ خۆی و منداڵەکانیشی...

تومەز مامۆستا عیززەددین فەیزی لە ژمارە 109 ی ڕۆژنامەی هەولێر، ڕێکەوتی 1953\3\3، گوتارێکی ڕق هەڵستاوی نەترساوی بوێر لەبارەی ئەم ڕەفتارە دڕندەیەی بێ بەزەیی و شەرم بڵاو دەکاتەوە کەوا ڕەنگە کاتی خۆی هەر پێم نەگەیشتبێت، دواتر ئەگەر زانیبێتیشم تا دەمی دەرچوونی ئاڵقەکانی گەشتی ژیانم هیچم لەبارەیەوە لە یاد نەمابوو دەنا منێکی بە چرای گەنەگەڕچەک بە دوا هەڵوەستی شەرافەتکارانەی خەڵقدا دەگەڕێم چۆناوچۆنی مەردایەتیی وەها زل لە برا و دۆستێکی زێدە بەڕێز و خۆشەویستی وەک عیززەددین فەیزییەوە کە هەتا سەرەمەرگ و گیانەلاوە بە کوردی و مەردی و پاکی ژیانی بردەسەر، چۆن نایکەم بە پریشنگێکی گەشی تریفەداری ڕاگوزەری گەشتەکەم بە تایبەت کە گەشتەکە خۆی داوای دەکات، بگرە لێ وسکت بوونی نوقسانییە...

دیارە پاش دەرچوونی ئەو ژمارەیەی گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» کە لە ناوتوێژی ئاڵقەی گەشتی ژیانمدا باسی ئەو ڕووداوەی تێدا هاتووە، کاکە سۆران تەلەفۆنی بۆ کردم باسی کتێبەکەی باوکی کرد ئیتر لەسەر تەکلیفی خۆم کتێبەکەی هەنارد بۆم بەڵکوو لە دەرفەتێکدا هەلی دەرخستنی ئەو هەڵوەستە شیرینەی مامۆستا فەیزی دەڕەخسێت، دەرفەتیش نەمابوو کەلێنێکی بۆ بکەمەوە لە ئاڵقەکانی گەشتی ژیانمدا چونکە چی هەبوو لە یاداشتەکانم تا دەگەنە ناوەڕاستی حەفتاکان بە سەرپەرشتیکەرانی «ڕۆشنبیری نوێ» گەیشتبوو، زۆریشم لێ گران دێت هەلی ساختە هەڵبەستم... ئەم ڕێکەوتەی دەرکەوتنەوەی لاپەڕە باسکراوەکانی قەصیدەکەی هێمن و بە دوا ئەودا سەرکەل بوونەوەی کتێب و کاغەزەکەی باوک و کوڕان لە خۆوە و بێ ئەرک و هەناسەسواری من سۆزێکی لە دەروونم گێڕا بۆ ئەو دوو کۆچ کردوەی ئازیز، بە جۆرێک، دەرگای کردەوە بۆ تارمایی گیانی چەندین ئازیزی دیکەی کاروانی ڕووە و مەرگستان... لە یاد کردنەوەدا گەلێک دیمەنی گەشی ئەو کۆچ کردوانەم هێنایەوە بەرچاوی خەیاڵ و لەگەڵیاندا سەرلەنوێ بە هەندێک لە سەفەری ژیانیاندا دەهاتمەوە و تێیدا ڕۆدەچووم تا ئەوەی بە دزە بۆ بەراوردکردنی یادی ئەوان لەگەڵ یادی زیندووان دەچووم دەمدیت دەستە تەرازووی ئەوان قورسترە لە هی زیندووان. لە ژێر نواو سایەبانی مەرگدا تۆزە غەریبەی ساڵانی لەیەکتر داپڕانمان بە گەشایی بیرەوەرییان وەکوو خەرمانەی شەوان کە تەنانەت وردە ئەستێرەش بزر دەکات، ئەویش هەموو کەموکەسری مرۆڤایەتیی عادەتییانەی لە خۆیدا دەشاردەوە و هەر تریفەی گیانیان دەمایەوە بۆ بەر نیگای فرمێسک تێدا قەتیس ماووم... مەرگی تاڵ و ژار ناوناوە شیرینت...

لە یادی ئەو مردووە ئازیزانەدا و بە ئافەرینێک لە گیانی پاکی عیززەددین فەیزی، بە بڵاوکردنەوەی ئەو دێڕە شەرافەتمەندانەی کە لەو ژمارەیەی گۆڤاری هەولێریدا بڵاو کردبۆوە وا من لێرەدا بە دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەرکێکی قەرزداری خۆم بەرانبەر فەیزی بەجێ دەهێنم و کەلێنێکی گرنگی ئاڵقەیەک لە ئاڵقەکانی گەشتی ژیانم پڕ دەکەمەوە ئەمەیە دەقی ئەو دێڕانە:

*«شەرمە و ناشرینە*

*لە شەوی شانزدەی مانگی شوبات هەندێک لە چەتە بێ دەسەڵاتەکان لە کۆیە بەشەو بە تفەنگ پەلاماری ماڵی ئانیسە نەزیرە... مودیرەی قوتابخانەی کچانی کۆیەیان داوە، چەند تەقەیەکیان لە پەنجەرەوە بۆ کردووە کە بیکوژن، ئەم خێزانە بەڕێزەش ژنن هیچ پیاویان تێدا نییە، زۆر خۆشی کە خوای مەزن ڕزگاری کردوون لە دەستی بەدکاران و هیچ گوللەیەکیان پێ نەکەوتووە. جا برادەران وەرن سەیرێکی ئەم سەپرانە بکەن لە هیچ شوێنێک کە کۆمەڵێک پیاو دوژمنداری کچێک بکەن کە چەکەکەی قەڵەم و نووسینە. هیوایەکی زۆرمان هەیە لە دانیشتوانی کۆیە کە هەموو خوێندەوارێکی تێگەیشتوو ئیفتیخاریان پێوە دەکات ئەم نەوعە کەسانە نەیەڵن لەناویاندا بژین، ئاشکرایان بکەن، تەبشیر بکرێن لە ناو کۆمەڵ و حکوومەتدا. بەڕاستی مامۆستایان لە هەموو لایەک بە تایبەتی مامۆستایانی کۆیە بەم بزووتنەوەیە زۆر دڵگیرن، هەموو خوشک و برایانی ئانیسە نەزیرە لە لیوای هەولێر ئیحتیجاجیان پێشکەش دەکەن و تکایەکی زۆریش لە کاربەدەستان ئەکەن کە بنج و بناوانی ئەم ئیشە بێجێیە دەربخەن و بە قانوون جەزای خۆیان ببینن».*

خوێنەر چاوپۆشی بکات لەوەی کە من خوشکە نەزیرەم بە خاتوو مامۆستا دانا و تەقەکەیشم بۆ دەمانچە بردەوە هەرچی مامۆستا فەیزییە بە «مدیرة» ی ناو دەبات و باسی تفەنگیش دەکات... بێ دوودڵی دەڵێم شایەدیەکەی مامۆستا فەیزی بۆ مودیرایەتی نیشانە پێکاوترە، خۆ کارەکە لە بنەڕەتدا نە بە مودیرایەتیی و نە بە تفەنگ بوون و دەمانچە بوونیش ناگۆڕێت. پرووشکێکی بزووتنەوەی نیشتمانی بوو بەرەواژ گەڕایەوە بۆ کچێکی کوردی خاوەن هەست، کوردێکی مەردیش دەنگی تاوانبار کردنی لێ بەرز کردەوە، مەسعوود محەمەدێکیش کە قەرزداری هەڵوەستی ئەو کچە و ئەو مەردەیە دەیەوێ بەم یادکردنەوەیە قەرزەکە کەم بکاتەوە، با بڵێین قسطی یەکەمی لێ دەداتەوە، زمانێکی مێژووی لەبیرکراویش لە هەندێ دێری تۆمارخانەی دەفتەری شەرافەت دەگێڕێ... دەقی ئەو دێرانەم بێ دەسکاری و بە شێواز و ڕێنووسی خۆی بۆ ئێرە ڕاگوێست.

ئەم گوتارەم، هەر دەڵێی نەزری کردووە و لە خۆی گرتووە سەرەتا و ئەنجامی بە مەرگ بگەنەوە یەکتر چونکە وەک لێرەدا دوعاخوازی پاش مەرگ لە یادی مامۆستا فەیزی دەکەم، کە جارێ بەرحەیاتیش بوو دوایین جار لە خەستەخانە نەخۆش بوو چوومە هەواڵ پرسی... دوای چەند ڕۆژێک لە هەولێرەوە خەبەری مەرگی هات. کەلێنێکی گەورەی لە شارەکەی خۆی و لە دڵی هەموو قەدرزانێک بەجێهێشت.

بەغدا 1989\6\8
گۆڤاری کاروان

مەسعوود محەمەد
وەشانی یەکەم: گۆڤاری کاروان ژمارە ؟؟ 8/6/1989
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

«...»

دیمانەی مامۆستا مەسعوود محەمەد

«ڕەنگین» ڕێبازی مەسعوود محەمەد ئاشکرا دەکات

**کەی لە ڕۆژنامە و گۆڤاراندا دەستت کردووە بە نووسینی کوردی و عەرەبی؟**

ـ نووسینی کوردی و عەرەبیم هەبووە لە موناسەبەدا خوێندراوەتەوە بێ ئەوەی بە چاپ بگات. ئەمەیش لە پاش ساڵی 1945 بوو. یەکەم نووسینی بۆم بڵاوکرابێتەوە خوتبەی دەمی نیابەتم بوو لە ساڵی 1953، وێرای خوتبە گوتاریشم بە عەرەبی بڵاو دەبۆوە لە ڕۆژنامەکان و ناوناوەیش لە گۆڤاری «غرفة تجارة بغداد» لە بارەی نووسینی کوردیم دا، ڕاستیەکی، هەتا بەرەوەو کۆتایی 1968 کە دووسێ ساڵێک بوو ماڵم هاتبووە بەغدا بۆم نلوا شتێکی ئەوتۆ بنووسم لێی ڕازی بم، کە لە ساڵی 1971 بووم بە ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد تا ئێستا زۆربەی نووسینەکانم کوردیە هەرچەندە سپیارە و گوتارێکی کە بە عەرەبی دەینووسم و دەکەوێتە بازاڕی خوێنەوارانەوە پتر دەنگ دەداتەوە هۆی ئەمەش لە یەک و دوو پترە بەڵام ڕێی دەربڕینیانم نیە.

**چی ئەنووسیت و بۆ کێ ئەنووسیت؟**

ـ نووسینەکانم فرە بابەتن بەڵام تێکڕایان مەبەستێکیان بە چاوەوە گرتوە کە چی بە ڕاست بزانم ئەوە دەڵێم هەرچەند لەگەڵ بیروڕای خوێنەران نەشسازێت: زۆر کەس فێل لە خۆی دەکات کە باز بەسەر هەڵەی ئاشکرادا دەهاوێژێت و غەڵەتە کۆنەکان دەکوتێتەوە وەک بابایەکی چاو لە فەلەکناسی نوێ بپۆشێت هەر سوور بێت لەسەر هێندەی کە زەوی مەرکەزی جیهانە و ئاسمانەکان بە دەوریدا دەخولێنەوە. من نووسینم بۆ سوودی «مرۆ» یە کە لە پێش هەمووانەوە کورد دێت وەک کە عەرەب و تورک و برازیلیش هەروەها دەکەن کە سوود بە میللەتەکەیان بگەیەنن بەڵام من فێڵ لە خەڵق ناکەم کە بڵێم بە زمانی «جماهیر» دەدوێم چونکە جەماهیر هەر هیچ ناخوێنێتەوە و تێشی ناگات:

من ڕووی و تووێژم لەگەڵ هۆش و ویژدانی ئەو کەسانەیە کە توانای تێگەیشتن و دەسەڵاتی چاکە و خراپەیان هەیە بەڵکو لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕووت و برسی و قەلەندەر سودێکی پێ بگات. زۆر بیروڕاش هەیە ئەگەر قاڵبێکی ئەدەبی بەرز نەیگرێتە خۆیەوە هەر لە دەرگای ڕەقابەوە ڕەت دەکرێتەوە. ئەم باسەش بەم جۆرە لێ دوانە بە کۆتایی ناگات.

**ئایا پێشەکی بەرنامە بۆ نووسینەکانت دائەنییت؟**

ـ من تا «فکرە» لە مێشکمدا نەگووڕێت و نەڕەخسێت قەڵەمی لێ ناگێڕم : کە پوختەش بوو لە خۆوە بێ ماندووبوونی من هەڵ دەڕژێت ئیتر سەرلەبەری نووسینەکە بە بەرنامە و دەشێت هەر چەند بێ بەرنامەیە. من لەم جیهانەدا بە دەگمەن نەبێ جەمسەر لە نێوان شتاندا نابینم چونکە «وجود- هەبوون» سەرلەبەرە بێ هەڵپراندنەوە و کەرت بوون: تا ئێستاش هەستم نەکردووە، لەو شتانەدا کە پێویست بە بەرنامە بوبێت، گۆیا نووسین لەسەر حاجی قادر و مەحوی و حەمەغا و نالی بەرنامەی بۆچی بێت؟

کە دێم لە ڕێزمانی کوردی سەرنج لە «دەتگرتم، دەتگرم» بدەم و بمەوێ بزانم بۆچی ڕاناوی کەسی دووەمی تاک جارێکیان کارایە (فاعل) و جارێکیان بەرکارە (مفعول) کە هیچ جێگەی خۆشی نەگۆڕیوە و تەنها زەمانی کارەکە گۆڕاوە یاخود کە دیاردەی «فعلی انتقالی وانتقالی پێجەوانە» بدۆزمەوە، وەیا چوار پلەی گونجان و نەگونجان لە دەنگەکانی زمانی کوردی (سەر بە فۆتیک) بەدی بکەم بەرنامە لە کوێ بخوازمەوە؟ لەوە هەر بگەڕێ کە هەچی سەر بەفکر و فەلسەفەیە هێندەی ئاوی ڕەوان و هەوای بزۆز ڕەهایە لە بەرنامەدا قتوپەست ناکرێت! تا بەرنامە دادەنێیم لە باسەکە دەبمەوە.

**گەشتی ژیانتان سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشاوە ئایا مەودای تا ڕۆژی ئەمڕۆمان دەگرێتەوە؟**

ـ چی نووسیومە و بە بەرپرسانی «ڕۆشنبیری نوێ» گەیشتوە گەشتەکەم دەگەیەنێتە ناوەندەکانی حەفتاکان. ڕەنگە لە دوو ئاڵقەی دیکەدا بە کۆتایی بگات. ئەوسا ئەگەر هەستم کرد خوێنەران بەڕاستی ئارەزویانە 10 ـ تا 15 ساڵی دوایینیش بێتە ناو جغزی گەشتەکەوە بە ئیزنی «ڕۆشنبیری نوێ» ئەو ماوەیەش قەڵەم چن دەکەم. خوێنەر هەن بەو گەشتە قەڵسن و لێی دڕدۆنگن وەک کە لە هەموو شتێکی مسعود محمد دڕدۆنگن بێ ئەوەی مسعود محمد لە تاک تاکیان نەبێ هەرناشیان ناسێت. ئاخر ئەو مێرخاسانەش دەبێ خاترێکیان هەبێ لام و بەدڵدانەوەیان نەختێک لە گەشتەکە کورت بکەمەوە.

دەشبوو ئەو برایانە گلەیی ببەنەوە سەر «ڕۆشنبیری نوێ« کە لە خۆوە یەخەگیربووا!! ئینجا ئەگەر بە پێی دیمۆکراسی لە بیروباوەڕ، لایەنی داخوازی کارانی گەشتەکەم زۆرتر بوون دەبێ برا نەیارەکان بمبەخشن و دەکەومەوە سەر تەواو کردنی ئەو گەشتە.. ئیتر پەنا بەخوا و ڕێکەوت!! کەسیش ترسی نەبێ لە قەڵەمم: هیچ کەس زامدار ناکات.

**ڕۆژنامەنوسی کوردی ئەمڕۆمانت چۆن دێتە بەرچاو؟**

ـ لە ڕووی بەراورد کردندا زۆر پێش کەوتوە لە چاو سەردەمی ڕۆژنامەگەری کۆن بەڵام بێ چاو ڕاو، لەچاو سەردەم و قۆناغی ئاسمان گەڕی و ڕەوتی بەرەوپێشی ڕۆشنبیری جیهانی دەتوانم بڵێم ڕۆژنامەگەریمان لە قەدەر حاڵە.. ئەمە دەڵێم و وازم لە پێوانە و کێشانەی خۆم هێناوە کە بە هیچ شتێکی مام ناوەنجی ڕازی نیم و خۆمی تێ ناگەیەنم تەنانەت بە زەحمەت «الف با» م بۆ دەخوێندرێتەوە وەیا هەر نایخوێنمەوە چونکە ئەوەندە خەست و خۆڵ نییە پڕی منی پێ بشکێت.. کادری هونەری لە ڕۆژنامەی کوردی زۆر هەژارە، ڕێگای نووسین و شیتەڵ کردن بەرەو لایەنی سەرەتاییە؟ دەقێکی کۆن بوویەوەی150 ساڵەیی خۆی بەسەر گەلێک لە نوسەراندا سەپاندوە بینینێکی جیهانی فەلسەفی کە لەگەڵ دۆزینەوەکانی ئاسمان و فیزیا و ناخی ناوەرۆکی «مادە» ..و ... و ڕێک پرِوات هەر بە چاو ناکەوێت{ جارێ زاراوەشمان نین ئەو بابەتانە ڕەنگ ڕێژ بکات}. مەیلێکی ساوایانە نووسەران بەرەو لایەنگیری و دژایەتی بێ ئەساسەوە دەبات.. «بابانی چیەتی» و «سۆرانی چیەتی» و «بادینانی چیەتی» و نازانم چی«چیەتی» وەجاغی هەموو شتێک کوێر دەکاتەوە.. بمبەخشە ناتوانم لەسەری پرۆم.

**بۆ لە نووسینەکانتدا ئەوەندە پشت بە سەرچاوە نابەستن؟**

ڕاستی یەکەی مۆدەی «ئاشقە سەرچاوەیی» لە نێوانمدا بۆتە دەردێکی تازەی وەک کۆنە دەردەکان. کە دەبینم نووسەر شریتە بە سەرچاوە ڕادەکێشێت تا ئەوەی بۆ «ئاو» چەند سەرچاوە دێنێتەوە هەر دەڵێی لە وشکێن »بیابانی کەلاهاری» دەنرێن ئاو نادۆزینەوە، زۆر نووسینم لە بەرچاو دەکەوێت! سەرچاوە لە پێداویستدا نەبێت بە عەیبی نووسەر حیساب دەکرێت کە دەیەوێ نوقسانی خۆی بەو لیستە ساختەیەی سەرچاوان پەنا بدات لزوم چییە بۆ بەیتێکی شێخ ڕەزا و ئایەتێکی قورئان هێندە دێرە بە سەرچاوە پڕ بکرێتەوە؟ ئەگەر لە وتووێژدا سەرچاوە بە پێویست دانداربایە کەس پێی نەدەکرا قسە بکات کەچی بەشێکی زۆری نووسینەکان لەوانەی وتوویژی عادەتی بن؟ نووسینی من بە زۆری سەرچاوە هەڵناگرێت مەگەر لە بابەتیکی وەک «لسان الكرد» دا کە هەموو ڕایەک تێیدا بە سەرچاوەیەکەوە بەستراوەتەوە بە لای تەبیاتی منەوە وەها چاکە سەرچاوە لەگەڵ ئەو ڕایەی پێوە بەستراوەتەوە بنووسرێت وەک کە خۆم زۆر جار وەها دەکەم .. کە خوێنەر هەواڵە کرا بۆ لیستەی سەرچاوان لە نووسیندا دوچاری فەلاکەتێک دێت هەر بەوە لێی قوتار دەبێت واز لە خوێندنەوەکە بهێنیت: سەیری حاڵی خوێنەر بکە ناچار بێ40 ، 50، 60، جارای پەڕەی کتێب و گۆڤار هەڵ بداتەوە بۆ سەرتاتکە لەو سەرچاوانەی لە کۆتایی نووسینەکەدا، 40، 50، 60، ژمارە گەیشتون؟ دەردەسەرچاوەیمان بۆ تە «ئیدز»!!

## ڕەنگینتان چۆن دێتە بەرچاو؟

بۆ من ئەو تەرزە چاپ کراوانە دەکەونە پلەی تەمەنی شیرمژی، بەڵام من نابمە بەرەوان، زۆربەی ئەو خەڵقە بەخۆشیەوە دەی خوێننەوە و بەدوایدا دەگەڕێن هەرچی منم سەپانی دروێنەی دەمەو پایزم ڕەنگینیش گوڵزاری نیسانە.
چەندێکی ویستم گۆشەی «چاوی پاشەوەی گەل» بگۆڕدرێت بە «چاوی پاشەسەری گەل» کەس لێی نەبیستم .. من ڕەنگینم خۆش دەوێت وەک کە منداڵێکی گەشی ختوخاوێنم خۆش دەوێت بێ ئەوەی لە خۆمی بکەم بە پەندیار و ڕابەر.. ئامۆژگاریم ئەوەیە خەریکی بەرەژوور بردنی بن چونکە مەترسی دەکرێت لە بەرەژێربوونەوەی هەرچاپەمەنیەکی کەمتەرخەمی لەگەڵدا بکرێت.. کاریکاتۆری باشترمان دەوێت.. نەخشەی وشەی تێک هەڵکێش زۆر سادەیە، با کەسانی پسپۆر و لێ زان بۆتانی بنێرن. ڕێکاری دووڕووی ڕوخسار و ناوەرۆک زۆر دەخلی هەیە بەسەر نرخی هەموو شتێکەوە.. ژمارەیەکی کەمم لە ڕەنگین پێ گەیشتووە، بیروراکەم لەو چەند دانەیەوە دێت..

## نیشتیمانپەروەری ئەمڕۆمان ئەبێ چۆن بێت؟

ـ لە ئاست ئەم پرسیارە بەربڵاوەدا کورت بێژی لە منەوە گەرەکە بێ فەلسەفە و زمان خوارکردنەوە نیشتیمانپەروەری کورد دەبێ بە سادەیی خەریکی تەبایی میللەتەکەی بێت: کورد هیچی بە بەرەوە نییە بە قوربانی ئامانجی لاوەکی بکرێت بە حاڵ و ناحاڵ بەڕەی خۆی پێ لە ئاو دەردەهێندرێت یان نا! خەڵک تێک بەردان بە نامەی سیاسەت، دین، چین پاشگەزبوونەوەیە لە پێداویستی ژیانی کورد. ئێمە ئەگەر هەمووومان وەکوو یەک خێزان، بێ فەرق و جودایی بین ئینجا ناکەین هیچ!

نەرمە هەوای دەماغ بەرزیی لە نووسینی زۆر کەساندا کە کورد لە ڕیزی میللەتان ڕادەگرن و بە بەژن و باڵای هەمواندا هەڵ دەڵێن سەرگێژ کردنێکی ئەوتۆی تێدایە نەوعی بەنگ کێشی نییە.

## خواست و ئارەزووتان لەم دنیایە چییە؟

- کاریکاتۆرێکی کۆنی گۆڤارێکی میسریم بە بیردا دێتەوە کە تاوانبارێک لە ژێر پەتی سێدارە ڕاگیراوە بەر لە خنکانی لێی دەپرسن چیت ئارەزووە؟ لە وەڵامدا گوتی حەزم لە ژن هێنانە

بەڵکوو دووسێ منداڵ لە دوای خۆمدا بەجێ دەهێلم. خواستی منیش حەسانەوەی هەموو ئادەمیزادە بەتایبەتی هی لێ قەوماوان کە لەو بارەدا کورد پشکێکی زۆری بەردەکەویت!
ڕاستی یەکەی لە هەموو ڕوویەکەوە قۆناغی تەمایی شەخسیم بەجێ هێشتوە و هیچ خوازێکی تایبەتی خۆمم نییە بگرە لە بایسکیل هەتا کەشتییەکانی ئۆناسیس نەک چونکە هەستیان پێ ناکەم، بگرە لەبەر زێدە هەستیاریم بە خۆراهێنانێکی دەیان ساڵ دەروونی خۆمم لە کۆتی تەمای ناڕەوا ڕەها کردووە: ئەگەر بەرپرسی وەچە نەبامایە جیهانی مادیم بەفلسێک ناویت! جیهانێکی دزێوە نرخی لە ڕادەبەدەر لە مرۆ داوا دەکات.. چەند خۆش بوو بە نووکی چەقۆیەکی خەیاڵی ئەو تیژاییەی سەرە ڕمی زیڕ و تەماع و دنیاخوازیم لە مرۆ کڕاندبمایە و بم حەساندبایەوە، هەر نەبێ لە لایەنی تەمای دنیایی یەوە .. خوازێکی بم ورووژێنی بەجێ هێنانی ئەو قەرزدانەوەیەوە کە دەبێ بە قەڵەم بۆ گەلەکەمی ببژێرم باوەڕیشم نییە بە ژیانەکە ئەوەندەی بە بەرەوە مابێت چونکە ڕێگای گەشتە فکریەکە بێ کۆتاییە.. من جارێ لە سێیەکی سەرەتای ئەو ڕێگایەدام..

بەغدا 1989\8\22

وەشانی یەکەم: گۆڤاری «ڕەنگین»، ساڵی 1989

وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

«...»

---

تیروپشکێ لە دەنگسازی

ڕۆژی دووەمی جەژنی قوربانی ڕابوردوو، دۆستە بەڕێزەکانم د. کەمال مەزهەر و د.ئاورەحمانی حاجی مارف سەریان لێ داوم، لە لاڕێیەکی ئاخاوتنەوە تاسەیەکی دەروونم سەرکەل کرد و گوتم، لەو جودایی بیرورای نێوان د.ئاورەحمان و مندا هەیە لە بارەی هێندێ لاباسی سەر بە فۆنەتیک، کە دەکێشێتەوە بۆ لای ڕێنووسیش زۆر دڵ ناڕاحەتم. هەردوویان گوتیان دەرپرینی بیرورای جودا کە بنیاتنەر و ڕوونکەرەوە بێ چالاکیی پیرۆز و سوودبەخشە. هەڵبەت منیش لەو باوەڕەدام کە پێویستە بیرورا سەر وەدەربنێ بۆ بەربیستن و دیتن، بە هەموو عومریشم پشتگریم کردووە لە ئازادیی بیروباوەڕ هەر نەبێ لەبەر ئەوەی بەزۆری خۆم لە بارێکدا دیتووە پەکی لەسەر ئازادی بیروباوەڕ کەوتبێ بەڵام ئەگەر بلوێ و بشێ خاوەن ڕایەکان لەسەر یەک باوەڕ کۆببنەوە دەتوانن سوودی ڕوون کردنەوە و بنیات نان پێکەوە بگەیەننە خەڵق، چەند سوودی دیکەش بخەنە پاڵ ئەو دووەوە یەکیان کەم کردنەوەی ئەرک و کاتە. دووەمیان سوود وەرگرتنە لە ئەرک کاتی پاشەکەوت کراو لە مەیدانی دیکەدا، سێیەمیان چەپارە دانی ئاپۆرەی خوێنەرانە لە سەرسوڕکێی نێوان بیرورای جودادا. چوارەمیان سەرنج ڕاگرتنی خۆمە لە کێشەی جودایی بیرورا بەولای هەنگاوی تێخوێندنەوەی سوود و زیانەوە دەڕوات دەچێتە ڕادەی ئەوەی بڵێم تەن ساغی و خۆ بەدەست نەخۆشیەوە نەدان ڕاستییەکی وەها بنەڕەتییە پێی ناوی بەراوردی بکەم لەگەڵ دۆزینەوەی دەرمان بۆ نەخۆش. گەڕان بەدوا دەرماندا ناچارییەکی ڕەزاگرانە لە نەخۆشییەوە بە ملماندا دێت، هەرگیز ناشێ حەز بە نەخۆشی بکەین هەر چونکە دواتر بۆ دەرمان دەگەڕێین. من لە کولانەیەکی هاراوتر لە زمان و باسەکانیانەوە نیگام بۆ کێشەی جودایی بیرورا دەکێشێ وەک لە ڕووداوی ڕۆژانە و دەنگوباسی مێژووش دەدیترێ لێک تۆران و ترازانی خەڵق خۆش جلەوترە لە تەبایی و ڕەبایی‌یان. چەندین هۆی بایەخداری یەک

بوون دەپێچرێتەوە بەرانبەر یەک هۆی کەم بایەخی لێک ترازان. بە دەوری خۆتدا بنۆڕە و بپرسە بۆچی ئەو خەلقوڵلایە وەها دەستە و یەخەی یەکدی دەبن کە دەبوو لە ئاست هەڕەشەی ترسناکدا وەکوو دەستەبرا بن.

ئەم تێبینییە پێشەکیانەم بۆیە بوو کە بزانرێ من لە مەسەلەی جودایی بیروڕادا بەسەر بابەتێکی تازەدا ناکەوم: پێشتر تێوەی ڕاماوم و بە زۆر لادا هەڵم گێڕاوەتەوە، ڕەنگە بەرەو دۆزینەوەی بنەمای خۆش جڵەویی لێک ترازانیشەوە ماوەم پڕی بێ و پتر لەو کەسەی سەرەنجی نەدابێتێ خۆمم زاڵ کردبێ بەسەر پڕیارە نافڕەجایەکانیدا.

دوو ڕۆژ دوای ئەو سەردانە ژمارە 9 ی گۆڤاری بەیانم چەنگ کەوت و دیتم گوتارێکی د.ئاوڕەحمانی تێدایە لە ژێر سەرەناوی «چەند وشەیەک دەربارەی وتارێ "لەگەڵ دەنگسازیی کوردیدا"» بەسەر بیروڕاکانی مندا دێتەوە کە پێشتر لە ژمارە 95 ی ساڵی 1983 ی ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوکرابوونەوە بە دەوری نووسینێکی د.ئاوڕەحماندا دەخولانەوە لەوانیشدا گوتبووم ناڕاحەتم بە دەست جودایی بیروڕا لە نێوانماندا. کە سەرەتاکانی گوتارە تازەکەی د.ئاوڕەحمانم خوێندەوە یەکسەر قسەکەی یەک دوو ڕۆژ پێشتری خۆمم بە بیردا هاتەوە و دەرلەحزە پڕیارم دا کۆنە قەناعەتەکەم لە پووچاندنەوەی کاری سەلبیی جودایی بیروڕا بەگەڕ بێنم و بەنیازی مشتوماڵ دانی ڕووپەڕەی بێگەردی برایەتیمان پاکانەیەک بۆ نووسینەکەی خۆم بکەم لەبەر تیشکی ئەم نیازەدا خەریکی ڕوون کردنەوەی ئەو شوێنانەی کۆنە گۆتارەکەم دەبم کە بەخت یاریدەی نەدان بەشێوەیەکی وەها ڕاگوێزرێنە ناو گوتارەکەی د.ئاوڕەحمان کە ئیتر لە منەوە ڕوون کردنەوەیان پێ نەوێ لەگەڵ ئەوە و بە دەوری ئەویشدا تێبینیەکی خزمەتی  بابەت بکات بە کاغەزی دەسپێرم. لە کۆتایی ستوونی یەکەم و سەرەتای ستوونی دووەمی گوتارەکەی د.ئاوڕەحمان، لاپەڕە 62 ڕەخنەیەکی من لە دەستووری دەقگرتووی بە هەلومەرجی ناو کتێبان و پڕیاری یەکجارەکیی بەرنامان نیواونیو ڕاگوێزراوە و لەسەری نووسراوە. بۆ ئەوەی تەواوی هەڵوەستم ڕوون بێ ئەم یەک دوو دێڕەش دەخرێنەوە سەر قسەکانی ئەو شوێنەم. «وەیا لە بارێکی دیکەدا بەشێکی ئەو هەڵانەی گەشتی بێ ڕابەر بە مرۆڤی وەکوو منی دەکات بە ڕۆشنایی ئەو دەستورانە ساغ بکرێتەوە» من مەترسیی دەستووری قەرارداده و گەشتی بێ ڕابەر، وێکڕا لە حیسابمدا بوون، پاڕانەوەشم بۆ گەشتی بێ ڕابەر لەوەوە دێت کە بیروڕای ئەو تەرزە گەشتە، بەعادەت، دەبرێتەوە بۆ بەر ڕووناکایی دەستووری ناو کتێبان.

لە ئاست ئەو وەرام و بەسەردا چوونە کە د.ئاوڕەحمان لە ستوونی سێەمی گوتارەکەیدا دەیانخاتە ڕوو دەبێ بزانرێ هەرچی ڕایەکی من لە وێدا وەرامی درابێتەوە بەئەسڵ لە نووسینەکەمدا ڕووی لە ڕابەرە فۆنۆلۆجیستەکانی ئەورووپا بووە، لەو باسانەدا کە شێوەی عومومییان هەیە موناقەشەی سەرچاوەکانیان دەکرێ. بە نموونە، کە داروین بیروڕای خۆی لە بارەی گیانلەبەران دەردەبڕێ یەخەگیری باوەڕی ناو کتێبە ئاسمانیەکان دەبێ نەک تاک تاکی ئیمانداران. من کە دەڵیم هەمزە فۆنیمە و کەسرە موختەلەسە پێداویستی دەنگسازییە ئەگەر بە بڵندنۆرینیشم لەسەر حیساب بکرێ هەر ڕووبەڕووی ڕابەرەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دەبم. لەکوردەواریدا کەس پێشدەستی لەو بابەتەدا نەکردووە تا ببێتە ڕابەری مامۆستاکانی ئەورووپا، کە دەنگیشمان نابیستن. بە هەموو باوەڕمەوە وەهام زانیوە د.ئاوڕەحمان لە خوێندن وەیا گوێبیست بوونی تۆژینەوەی فۆنەتیکیی و فۆنۆلۆجیی ئەورووپا هاتۆتە سەر ئەو ڕایەی کە لە بارەی هەمزە و کەسرە موختەلەسەوەی دەنووسێ پتریش بیرم بۆ ئەوە دەچوو کە بە خوێندن پێی گەییشتووە قەت بە دڵمدا نەدەهات کەسی وڵاتی خۆمان کە هێشتا تەقەی فۆنیم و فۆنەتیکی تێدا زۆر بەرز نەبۆتەوە لە پلەی خوێندن وەیا دوای خوێندنیش، بێ سۆسە کردنی سرکە و کورکەی ئەورووپا، گەییشتبێتە بیروڕایەک کە هەر نەبێ بە ڕواڵەت عەکسی هەست و پێزانینە بە تایبەتی لە کێشەی هەمزەدا. پرسیارەکانی سەربەزمان و دەنگیش وەکوو باسی کیمیا و فیزیا نین بە بەڵگەی مادی بۆ ئەو ڕابەرانە ساغ بووبێتەوە. دەنگناسی، فەلسەفە، ڕێزمان، مێژوو، کۆمەڵایەتی بەتێکڕایی میتافیزیک... بەند نین بە ئەزموگە «مختبر» تەنانەت کۆمپیوتەریشیان تێدا بەکار بێت پڕیارەکان لە هەست و هۆشەوە دەردەچن. لە میدانی دەنگی زمانی کوردیشدا ڕابەری غەیری کورد ناتوانێ وەکوو کوردێکی سەرنجدەر بچێتە ناو شیرازە و

ڕایەڵی زمانەکەوە. ئەو نموونانەی لە گوتاری ئێمەماناندا دێنەوە درەنگ بە خەیاڵی بێگانەدا دێت یان هەر نایەت.

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە 63 ئەم قسەیەم خراوەتە نێوان دوو کەوانەوە «ئەوەندەی بزانم دەنگناسان لە بارەی فۆنیم نەبوونی دەنگ دووابن هەر ئەوەندەیە کە د.ئاوڕەحمان لە گوتارەکەیدا باسی کردووە. بەدوا ئەوەدا دەنووسێ «ئەو چەند دێرە کەمەی من تنۆکێکە لە دەریایەک» هەڵبەتە من ناشێ مەبەستم ئەوە بووبێ کە لە قسەکەی د.ئاوڕەحمان دەفامرێتەوە چونکە هیچیشم نەخوێندبێ و لێک نەدابێتەوە عومرەکەم لێی ناوەشێتەوە شتی وەها سەراویلکەی هەژارم مەبەست بووبێ. منێکی ئەلفوبێ فێربووبم چۆن وەهام لێ ڕەچاو دەکرێ! مەبەستم، لە زەمینەی داسەپاندنی ناساندن و سنوور دانان بۆ واتای فۆنیم شتێکم نەبیستووە و نەخوێندوەتەوە دژی ئەو ڕاگەیاندنە بێ کە نووسینەکەی د.ئاوڕەحمان بە دەستییەوە دەدا، قامووسیش دوو دێری کورتی بە تەعریف هێناوە بۆ فۆنیم. کە دەگوترێ یان کە من دەڵێم زەوی ئەستێرەیەکی بچووکە بەدەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە نەهاتووم بڵێم زانستی جێولۆجی و فەلەک و بایۆلۆجی هەزار کتێبیان لەسەر دانەندراوە. د.ئاوڕەحمان خۆیشی نەیویستووە چی دیکە لەو دەریایەوە هەڵێنجێ لەبەر بێ لزومی.

هەر لەو ستوونەدا بەسەر قسەیەکمدا دێتەوە کە گوتوومە بەشێکی کۆنسنانتی کپ لەوانەن بەبردنە ژوورەوەی هەواش پەیدا ببن ئنجا دەڵێ «بەڕاستی ئەم تاقیکردنەوە نوێیەی مامۆستا مەسعود محەمەد بەهیچ چەشنێک لەگەڵ فەرمانی فۆنەتیکدا ناگونجێ» من لەدوای ئەوەی تاقیکردنەوەکەم باس کردووە گوتوومە: «لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەرزە دەنگانە کە برای دەنگی سروشتیشن هیچ کامێکیان نابنە فۆنیم چونکە ناتوانێ دەنگی دیکە بەدوا خۆیدا بهێنێ و وشە دروست بکات، جگە لەوەی کە هەرگیز ناتوانێ ئاوازە پەیدا بکات چونکە ئاوازە لە پیکی قورگەوە بەرەو دەرەوە دەردەچێت، هەر بۆیەیشە ئاوازەدار بەرەو ناوەوە پەیدا نابێ». خوێنەر دەبینێ من نرخی ئەو دەنگانەم زانیوە بەعەکسی هێمای قسەکانی د.ئاوڕەحمان و ئەو هێندە قسەیەم کە ڕایگوێستووە بۆ ناو گوتارەکەی. ئنجا ئەگەر لزوم نەبێ بگوترێ دەنگی «هـ» کە بەرەو ناوەوە پەیدا دەبێ فۆنیم نییە دەبێتە عەیب لەو ڕابەرە زلانەی فۆنۆلۆجی پێمان بڵێن فیکە و لرخە فۆنیم نین. لە کدوولەی تەڕیشدا کەس بەتەما نەبوە بڵێ ئەمانە فۆنیمن، نەک هەر فۆنیم نین، بەڵکوو کەس بە خەیاڵیدا نایێ بڵێ دەنگی زمانین. تەعریفی فۆنیم و دەنگی زمانی بەسن بۆ ناساندنیان یاخود هەر نەبێ لرخە و فیکە و کۆکە لە خەیاڵان بتەکێنێتەوە. کە باسی لرخە و فیکە هاتە ناوەوە تەجرەبەکەی من دەبێتە هەنگاوێکی ڕوونکەرەوەتر چونکە هەر نەبێ دەنگی «هـ، ف، ت»ی بەرەو ناوەوە لە دەنگی ئاخاوتن دەکەن، سەرنج دانیشم لەو ڕاستییە کە ئاوازە لەو دەنگانە پەیدا نابێ وردپێوییەکە بە سوودی دەنگسازی تەواو دەبێ. وا ئێستا دەڵێم ڕستەی «بە برای خۆم بڵێم» تاقی بکەوە لەگەڵ خۆتدا لە ڕێ بردنە ژووری هەواوە گوێت لە شتێکی مەفهووم دەبێ، بەڵام نە بە ئاخاوتن حیساب دەکرێ و نە دەنگەکانیشی فۆنیم وەیا دەنگی زمانین. تێبینی دیکە زۆرن وەکوو قسەی تووتی، ئەو دەنگەی لە میاوەی پشیلەدا بە «میاو» دەچێ، دەنگێکی حیلەی ماین کە بانگهێشتی جانوەکەی دەکاتەوە لەو شوێنەی قوڕگییەوە دەردەچێ کە دەنگی «ح» لە قورگی بنیادەمەوە دەردەچێ. هەموویان لە فیکە و لرخە شیاوتری قسە لێوە کردنن. پسپۆری زۆر شارەزای مۆنتاژی دەنگ دەتوانێ لەو دەنگانە وشە پێکەوە بنێ. لە قەوانێکی کۆنی «سامی شوا» کە بە کەمانچە، لە ژێر عنوانی «العاصفة- غرق المسافرين- آلام واحزان موسيقى» پڕی کردبوو و گوێت لە یەک دوو وشەی مەفهووم دەبوو کە بە کەمانچەکەی درکاندبوونی. هەڵبەت ئەمانە هیچیان نە ئاخاوتنن و نە فۆنیم و نە دەنگی زمانی، مەگەر تەعریفێکی تازە لەو بابەتانە دەرچێت و بیانگرێتەوە. لەوەوە ڕێم دەبێ وەرامی پرسیاری د.ئاوڕەحمان بدەمەوە کە دەڵێ: «مرۆڤ بۆ عەکسی واقیع بوەستێ سەرەڕای ئەوەش خۆی بۆ هەناسە سوار بکات.. ئەگەر فۆنۆلۆجیستەکان ئەو جۆرە قسانەیان بکردایە دەبوو هەڵوێستی مامۆستا مەسعوود چی بوایە؟». لە وەرامی ئەو پرسیارانەدا دەڵێم من بۆ سەپاندنی واقیع هاتم عەکسی واقیع وەستام نەک بۆ لەقاندنی. زاناکان هەناسە ڕاگرتنیان تاقی کردەوە تاکوو بزانن گیانلەبەر چەند دەقیقە بێ هەناسە هەڵێنان دەژیت خۆ ئەوانیش عەکسی واقیع ڕۆییشتن. دێن حاڵەتی بێ کێشی پەیدا دەکەن عەکسی هەموو یاسا و

دەستووری ماددە... ئنجا ئەگەر بگوترێ ئەم تاقی کردنەوانە بۆ پاراستنی ژیان و گەشتی نێو ئەستێرانە منیش دەڵێم تاقیکردنەوەکەی من زرەدەنگەکان دەخاتە پاڵ فیکە و لرخە و ملّچەی زمانەوە هەتا کەلەبەرێکی ئەوان بگرێ لە مەیدانی دەنگناسی و دەنگسازیدا، ئەمما ئەگەر فۆنۆلۆجیستەکان قسەی وەهایان بکردایە [ڕەنگە کردبێتیشیان و ئێمە نەمانبیستبێ] دەمگوت: دەک زارخۆش فۆنۆلۆجیست کە زمانت لە لرخە و فیکە هەڵئەنگاوت بۆ بەرەژوورتر، چ ڕێگەی دیکەش شک نابەم پێیدا بڕۆم.

لە بارەی بیروڕام بەرانبەر مامۆستا ڕابەرەکان کە لەو گوتارەدا وەها لێک دراوەتەوە گۆیا من قەدریان نازانم، لێرەدا دەڵێمەوە من دژی ڕابەرێکم ڕێی قوتابی نەدات بیروڕای خۆی هەبێ، مامۆستا هەقیەتی و واجیبیەتی ڕای خۆی بە قوتابیەکانی بڵێتەوە، پێویستیشە لەسەر قوتابی ڕای مامۆستا بزانێ، لەوە بەولاوە بێ ئینسافیە لە مامۆستاوە دەنگی قوتابی چاوساغ و بیرتیژ خەفە بکات. گریمان من مامۆستای دەرسی فۆنۆلۆجیم و لە سوختەکانم نەسەلماند بڵێن هەمزە فۆنیم نییە و ساڵەوساڵ لە ئەزموون خستمن هەتا لە فێرگە دەرکران ئاخۆ لێم ڕازین؟ چ ئینسافێکم بەکارهێناوە؟ مامۆستایەک بە هەڕەشەی نومرە شکاندن سەر بە قوتابی دانوێنێ بۆ ئارەزووی خۆی، کە دەسەڵاتی دنیایی هەبوو بەپێی سنووری ئەو دەسەڵاتە لە خراپە زیاد دەکات. د.ئاورەحمان کە لە ستوونی دووەمی گوتارەکەیدا دەڵێ «بەڵام وەنەبێ بەو چراخانە و ڕاستەشەقامەدا کوێرانە مل بنێم، بەڵکوو باش سەرنجی لێدەدەم و ڕای خۆمم زۆرە. ئەگەر وا نەبوایە هەڵبەت چەند جار ڕەخنەم لە ڕابەران و مامۆستایانم قەناتی کورد و چەرکەزی بەکۆ و کەریمی ئەیووبی و ئی. ئاسمیرنوڤا نەدەگرت.» ئەم قسانە ڕاستن، بەڵام چەند سرنجێکی لێوە هەڵدەستی.

1) من نەمگوتوە د.ئاورەحمان لە ئاست ڕابەرەکانیدا چاو نووقاو بوە ناشزانم چۆنی قوتابیەتیی بەسەر برد لە زەمینەی ڕەد کردنەوەی ڕای مامۆستاکانی.
2) هەموو قوتابیەک ئەو لە خۆ بردووە نییە بەگژ ڕای مامۆستاکەیدا بچێتەوە.
3) د.ئاورەحمان لە دوای دەرچوونی کتێبەکەی ئەو بیروڕایانەی دەرپڕی کە ئەوان ڕایانەی تێدان لە 1976 لە بەغدا چاپ کرا.
4) ئەگەر قوتابی ناچار بوو لە ئوتروحەدا بیروڕای مامۆستای بچەسپێنێ دواتر زەحمەتە لێی پاشگەز بێتەوە چونکە شەهادەکەی پێ سووک دەبێ.
5) ڕاهاتنی قوتابی بۆ ماوەی 15-20 ساڵ بە گوتنەوەی بێ ڕەخنەی بیروڕای سەلمێندراو گەلێک مۆم لە مێشکیدا دەکوژێنێتەوە. هاوڕێی منداڵ لەگەڵ هاوزای خۆیدا بە تەئسیرە چ جایی لە سایەی دەسەڵاتی مامۆستایدا.
6) بەسترانەوەی گوزەران و چارەنووسی خوێندکار بە بەرنامەی سەلمێندراوی ئینجیلی بەرەو نەزۆکیی فکرییەوەی دەبات بەتایبەتی لەو مەیدانە هەستیارانەدا کە پێوەندییان بە فەلسەفەی ژیانەوە هەیە.
7) کە ڕێگە لە بیری سەربەخۆ بەستراوە چاپخانەی ئەوتۆش نامێنێ بتوانێ بیری سەربەخۆ لە چاپ بدات و بڵاوی بکاتەوە.
8) نەک قوتابی بەڵکوو مامۆستای زانکۆ لەسەر بیری ئازاد دووچاری وەستاندنی «ترقیەی علمی» بوو د.ئاورەحمان خۆی لەمە ئاگادارە.

مەسەلەی پاشگەز کردنەوەی گالیلیۆ لە بیرە ڕووناکەکانی بە هەڕەشەی دادگای کەنیشتە هی لە بیر کردن نییە، سووتاندن و حەپس کردنی فلان و فلانیش لە بیرئازادانی کۆن و نوێ هەروەها. مامۆستایەکی بە هەڕەشەی نومرە شکاندن قوتابیەکانی بتۆقێنێ دادگایەکی بچووکی کەنیشتەی بەر لە 500 ساڵە. لە خۆرایی نەبوو برناردشۆ ئامۆژگاریی قوتابی زانکۆکانی بریتانیای کرد کە هۆشی خۆیان تەسلیم بە مامۆستاکانیان نەکەن. وابزانم لەمەوبەر قوتابیی ئینگلیز فێر دەکرا بڵێتەوە ئیمپراتۆریەتی بریتانیا خەریکی خزمەتی مرۆڤایەتییە...

ئازادیی بیروباوەڕ بەر لە هەموو شتێک ڕێ دانە بە لایەنی بێهێز بۆ خۆ ڕوون کردنەوە، هەرچی لایەنی بەهێزە خۆی ڕێ بە خۆی دەدات. پێشم مەڵێنەوە مامۆستا قەناتی و ئەو بەڕێزانەی ناویان بردرا لەوانەن ڕێی بیری ئازاد بە قوتابی دەدەن. دەشێ ئەوان باغەڵ فەڕاح بن بەڵام کێ بەرباری ئەو متمانەیە دەبێ لای مامۆستایەکی دیکە ئەگەر لە سەرەتاوە ئازادیی بیرورا نەبووبێتە دەستوور. دەشێ، چونکە تەجرەبەی من لەو هەرێمەی ئازادیی تەعبیر و سەپاندنی بین درێژتر و هەمەچەشنەتر بێ لەو جیلەی بەدوا مندا هات، من دڵگەرمانەتر لێوەی دەدوێم تاکوو تەپوتۆزیم گەیاندە مەیدانی فۆنەتیک، ببەخشن.

لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە 67 دا د.ئاورەحمان چەندین نموونەی هێناوەتەوە لەو وشانەی دەنگی «هـ» کەوتۆتە ناو توێژیانەوە. ئەو وشانە هەندێکیان نموونەی دروستن وەک.. بەهرە، بەهار، نهێنی... بەڵام لێرەدا مەسەلەکە پێویستی بە ڕوون کردنەوەیەکی نەفەس درێژی زۆر لایەن هەیە.

أ- لە ستوونی یەکەمی لاپەڕە 30 ژمارە 95 ڕۆشنبیری نۆی گوتوومە «دەنگی "هـ" لە بەری سۆران و تێکڕای کوردستانی خوارووا بەدەگمەن نەبێ لە ناوتوێژی وشەدا نەهاتوە وەک «نهۆم، سەر بهوردی..» هەرچەندە بە تەواوی لە زاری کرمانجی سەرووا دەنگی «ە» م بە تاقی نەکردۆتەوە بەڵام وابزانم لەوێدا دەنگی «ە» هەم بە وەستاوی و هەم لە ناوتوێژی وشەدا دێت. لە کرمانجی سەرووا مەیلێک هەیە بۆ وەستاندنی دەنگی بەرایی وشە تەنانەت «لە» دەکرێ بە «ل» ئەمەش تا ڕادەیەک لەو دەستوورانەی دەنگسازیدا بەدەر دەداتەوە».

دیارە من چیم گوتووە:

1- دەنگی «ە» لە کرمانجی خوارووا بە دەگمەن دەکەوێتە ناوتوێژی وشەوە.

2- لە کرمانجی سەرووا هەم بە وەستاوی لە بەرایی وشەوە و هەم لە ناوتوێژی وشەدا دێت.

لە نموونەکانی د.ئاورەحمان ئەو بەشەیان لە بنەڕەترا لزومی نییە کە دەیەوێ ئیسپاتی هاتنی دەنگی «ە» بە وەستاوی لە بەرایی وشەدا بکات چونکە هەموویان بەکار هێنانی کرمانجیی سەروون. منیش دانم بەوەدا هێناوە. دواتریش بۆیان دەگەڕێمەوە.

وەک بە لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ، کەم بوونی دەنگی «ە» لە ناوتوێژ و بزر بوونی لە کۆتایی وشەی کوردیدا دیارترە تا زمانی فارسی.. هەموو وشەی وەکوو «ئاگاهـ، پناهـ، راهـ، دەهـ، دیە....!» لە زمانی کوردیدا «ئاگا پەنا، ڕێ، دە ...» دەتوانین بڵێین لە کوردیدا دەنگی «ە» بارتەقای هەمزە بە کۆتایی وشەوە نەماوە فارسیش لە چاو پەهلەوی و هەخامەنشی و ئاڤیستا «ە» ی کەم بۆتەوە بە نموونە لە پەهلەوی پاشگری ناوی مەعنا «یە» بووە لە فارسی و لە کوردیدا بۆتە «ی» وشە هەبوە لە پەهلەویدا بە «ە» دەستی پێ کردووە لە فارسیدا دۆراندووەتی وەک:

- هان - أن
- هرم - خرم
- هماناک - مانند
- هوسکارت - سگالید
- هچ - از
- هنگار - انگار
- هندیشیت - اندیشید
- اهندوهـ - انروهـ
- هندرز - اندرز
- هنداخت - انداخت

بنواڕە واژەنامەی کۆتایی کتێبی کارنامە اردشیر بابکان، بهرام فرەوشی.

دیراسـەیەکی تەواوی دەنگی «ە» لە کوردیدا بکرێ چاکتر بۆمان دەردەخات کە تێبردنی لە ناوتوێژی وشـەدا دیاردەیەکی مێژوویی و بنجییە. لە کۆتایی وشـەشـدا وەک نەبووبێ وەهای لێ بەسـەر هاتووە. بەشێک لەو نموونانەی د.ئاورەحمان هێنابوونیەوە وەک «بانگ هێشـتن، نەهات، نەهێشـتن، ناهەموار، بێهوودە، بێهۆش...» بەهۆی خێرای کردن کەوتوونەتە نووسـینەکەوە دەنا د.ئاورەحمان وەک بەدیهییە دەزانێ نموونەکان بایەخیان نییە چونکە کەرتی پێشـەوەیان لە لاوە هاتووە بۆ سـەر ئەو وشانەی دەنگی «ە» یان لە بەراییدایە... لە ئەسڵدا «هێشـتن، هات، هەموار، هوودە، هۆش..» بوون و کرانە وشـەی لێکدراو [وەک بانگ هێشـتن] یان داڕێژراو. ئەم نموونانە سـەرلەبەری قسـەی د.ئاورەحمان دەربارەی نەهاتنی دەنگی هەمزە لە ناوتوێژی وشـەدا هەڵدەوەشێنن چونکە چەندێکی بتەوێ وشـەی وەکوو «دەسـتئەسـتوور، نائەمین، بێئەمەک، بەئێش، تێئاڵان، خۆئەنگێوە، چاوئازا، بێئۆقرە..» دروسـت دەکرێت. بەهیچ کڵوجێکلیش ئەو نموونە نادروسـتانە لەسـەری حیسـاب ناکرێ، هەر خوا سـەهوو ناکا. د.ئاورەحمان کتێبی لەسـەر «وشـە ڕۆنان» داناوە، ئیتر نموونەکان لە بەرانبەر باخەبەریی ئەودا لە خۆوە دەسڕێنەوە.

نموونەکانی: «هژمار، هلفڕین، هلگرتن، هلهاتن، هنار، هرچ، هشـیار، حزحزکەر» هەموویان دەچنەوە بۆ ئەو مەیلەی کرمانجیی سـەروو بۆ وەسـتاندنی دەنگی بەرایی وشـە. ئەسڵی وشـەکان «ئەژمار، هەڵفڕین، هەڵهاتن، هەڵگرتن، هەنار، هەرچ، [یان هورچ]، هۆشـیار، حەزحەزکەر» بووە. کەس بە خەیاڵیدا نایەت «هش» لە «هۆش» ـەوە نەهاتبێ. وشـەکانی «هنەک، حسـلەت، حشـت، عجران، عنکر، عرین» لێیان بەڵەد نیم نایانزانم تاکوو بۆ بنەڕەتیان بچمەوە، ئەوانیش لەسـەر لایەنی هەڵە و سـەهووی گوتارەکەی من حیسـاب ناکرێن چونکە قسـەم لە زاری کرمانجی خواروو بوو، کرمانجی سـەروو دەنگی بەرایی پرێپۆزیشـنی «دە، لە» و نیشـانەی مضارعەتیش دەوەسـتێنن.

ب- دەنگی «ە» ناگاتە دەنگی هەمزە بۆ ئیمتیازی تایبەتی کە لە دەنگەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە. هیچ دەنگێک نییە وەک هەمزە بە ژێدەنگەکانەوە نووسـابێ ئاوازەدارەکانی تەنها ئاوازیان لە ژێدەنگەکانەوە دێت.. دەنگی «د» زمانی- ددانییە، »ن» زمانی- لووتییە، «م» لێوی- لووتییە..هتد. چونکە «أ» یش وەکوو هەمزە خزمایەتی هەر بە ژێ دەنگەکانەوە هەیە بۆیەیە وەها هەمزە خۆی پێ دەگۆڕێتەوە، هەر ئەم نزیکییەیشـە لە نێوانیاندا کە ئەلفوێی عەرەبی 28 پیتە تومەز هەردووکیان بەیەک پیت بەخشـیوە، لەوەیشـەوەیە نرخی دەنگی هەرەدوای «ئەبجەد» تێپەڕی نەکردووە لە 1000.

ئیمتیازی هەمزە لە «ە» ئەوەیە هەمزە بە ژێ دەنگەکانی دەکەوێتەوە هەرچی «ە»، وەک بای هەناسـە بە هیچ شـتێک ناکەوێتەوە. دەنگی «ع»- وەک هەسـت دەکەم- جیرانی «ە» ە بەڵام تامی هەمزەی پێوەیە بۆیەیە زۆر جاران وەکوو هەمزە دەبێتە جێگری ئەلف یان دەبێتە هەمزە یان هەمزە دەبێتە «ع»... بە نموونە:

- مابین - مەعبەین
- دابە - دەعبا
- ئەرز - عارد
- عەسـکەر - ئەسـکەر
- وعدە - وادە
- سـادە - سـەعدە
- مەزرعە - مەزرا
- کعبە - کابە
- بەعەقل - باقل
- ئەلەمی نەما - عەلەمی نەما
- بەعەجەلە - بەئەجەلە

- ئەژدەها - عەزیا
- رابعە - ڕەعبە - ڕابی
- دەعوا - داوا
- دەعوەت - داوەت
- مەعقوول - ماقوول
- معامله    مامڵەت، - مامەلە
- معروف - مارف
- مەعلوومە - مالوومە
- معلم - مالم
- عاشق و معشوق        - ئاشق و ماشووق
- ئەنبار - عەنبار

هەروەها دەنگی «ع» لەگەڵ «ح» بەیەکدی دەگۆڕدرێنەوە چونکە جیرانی یەکدین و بە ژێ دەنگیش دەکەونەوە. دزەییاتی و بەشێکی خەڵقی ناوچەی کۆیێ سەرلەبەری- «ح، ع» بەیەکدی دەگۆڕنەوە.. «عەمەد، حەلی». لە بەغدا دەمخوێند گوێم لێ بوو پیرێک صەموونی دەفرۆشت دەیگوت «صمون عار- لەجیاتی حار» دەرکەوت بە قسەی خۆی خەڵقی «هەڵەجە» ی شێخ مارفە و 15 ساڵە لە بەغدا دەژیت.. دەنگی «ح» تامی «ە» ی ڕێوەیە بۆیەیە ناوناوە بەیەکدی دەگۆڕێن وەک:

- احوال - هەواڵ
- حرکە - هەرەکە
- هفت - حفت
- حرام - هەرام
- هەموو - حەموو
- حیزەمەڕۆ - هێزەمەڕۆ
- حەقیەتی - هەقیەتی
- حقە - هۆقە
- حەڵوا - هەڵوا
- چۆڵ و هۆڵ - چۆڵ و حۆڵ
- حەتتا «حتی» - هەتا
- حەول دان - هەوڵ دان
- حمزە - هەمزە
- بەهەواوە - بەحەواوە

زۆر زەحمەتە دەنگی «هەمزە، هـ،، ع، ح » بە «ق، ز، ر، ش، ن....» بگۆڕێن، پشگۆڕێن لە ڕێی نادروستەوە دەبێ،

فۆنەتیک، کە من نەمخوێندوە هەر بەلێکدانەوە و کەمتاکورتێکی خوێندنەوە- نەک خوێندن- تێی دەئاڵێم، دەبی ڕێ بۆ ئەم دیاردانە دەر بکات و ئەوەی لێی شارەزایە دەستوورەکانی بدۆزیتەوە وەیا بیانسەلمێنێ. بەهەمەحاڵ چونکە دەنگی هەمزە پتر لە هەموان لە ڕێکی قورگ و ژێدەنگەکانەوە نزیکە [تەنها دەنگی ئەلفی لێ بترازێ] ئیمتیازی وەرگرتووە و وەهای کردووە مامڵەت کردن لە گەڵیدا جودا بێ. لەگەڵ ئەمشدا میللەتان بە پێی باری ئاخاوتن و گوێزەگوێز و گۆڕانی دەوروبەر و پێداویستی هەمەجۆرەی ژیان و گوزەران و دەیان کاریگەری دیکە دەنگی کۆن دەسوێنن وەیا دەیپارێزن، دەنگی تازە پەیدا دەکەن و بەیەکدییان دەگۆڕنەوە. وادەبێ میللەتێک نازانێ دەنگی ئاخاوتنی میللەتەکەی دراوسێی بڵێتەوە.

تۆ سەیری وڵاتی نێوان زێی گەورە و زێی گچکە بکە کە پێی دەڵێن سۆران... لە هەر زێیەکیان بپەڕیتەوە باری ئاخاوتن دەگۆڕێ.. لە دەربەندی ڕەمکان ئاوا بیت بۆ دیوی پژدەر فەرقێکی گەورە

پەیدا دەبێ... لە سلێمانی بەرەو هەڵەبجە پرۆ لەهجە دەگۆڕێ ڕێی ناوێ هەزار میل دوور بکەویتەوە یان هەزار ساڵ چاوەنۆڕی بکەیت بۆ گۆڕانی چۆنایەتیی ئاخاوتن. ئنجا هیچ سەیر نییە زمانی کوردی لە ماوەی پتر لە دوو هەزار ساڵدا گۆڕان بەسەر دەنگەکانیدا هاتبێ و هێندێکی لێ سوابێ، وەکوو «ث، ذ» هی دیکەشی تێکەوتبێ وەکوو «ح، ع» وەیا جێگەی دەنگ لە وشەدا لەق بووبێ وەکوو هەمزە و «ە» کە لە کۆتایی وشەدا نەماون و لە ناوتوێژیش یا هەرنین یا دەگمەنن. زمانی کوردی نووسینی نەبووە لە کۆنەوە شایەدی بدا بۆ ئەو گۆڕانە مەگەر لە دوو ڕێگەوە بەڵگە بدۆزینەوە: یەکیان، لە بەراورد کردنی نێوان لەهجەکانی ئێستاکەی کە دیارە چەند لە یەکدی دوور کەوتوونەتەوە وەک کە لەهجەی بەغدا و توونس وەیا ئیسفەهان و تاران لەیەکدی دوور کەوتوونەتەوە.

ڕێگەی دووەم ئەوەیە کە بچنەوە بۆ ئەو نووسینانەی شێوەی کۆنی وشەی زمانە ئێرانیەکانی پاراستووە. بە نموونە لە دوو کتێبی «فرهنگ ایران باستان» و «مزدیسنا و ادب پارسی» ئەم وشانە و هی دیکەش دەدیترێن کە لە ئاڤێستا و لە هەخامەنشیدا دەنگی هەمزە لە ناوتوێژی وشەدا هەبوە. لە لیستەی وشەی ئاڤیستایی و هەخامەنشی و پەهلەوی، کۆتایی «فرهنگ ایران باستان»، نووسینی پورداود. لە لاپەڕە 358 تاکوو نیوەی لاپەڕە 365 ئەم وشانە دەبینیت:

- تەئیریەنە - ڤەئیچە - مەئیتەلە
- نەئورڤەنت - مەئیغە
- ئەنوروشە - مەئیشە
- ئەپەلوشە - مەئیریە
- بەئیتی - مەئوئیری
- پەئیس - مەرەغو سەئینە
- پوئوروش ئەسپ - مەئورو
- تەئورونە - نەئیرە مەنە
- ثرەئیتەئون - ڤەئیرپە
- خشەثرە ڤەئیریە - ڤیش هەنورڤە
- خرەئوس - ڤوئورو کەشە
- دەئیس - هەئوشیەنگە
- رەئیتیە - هەلوسرە ڤەنگە
- زەئیرینە - هەئیچ
- زەئوروتە - هەئیچەت ئەسپە
- زەتورڤا - هەنورڤە
- سپیرنتومەئینیو هەروئیڤە
- ستەئورە - هوتەئوسا
- فرەزەئینتی - هڤرە خشیەئیتە
- گەثو - گەئوش

لە لیستەی وشەی پەهلەوی کە هەشتا وشەیەکی تێدایە تەنها یەکێکیان هەمزەی لە ناوتوێژدایە ئەویش «پشوش هئوروستان» ـە دوای ئەمانە لیستەی فارسی دێت، ئەو وشانەی تێدایە کە ڕیشەی دەچێتەوە بۆ کۆنینە، هەر لە نیوەی لاپەڕە 365 ەوە دەگرێتەوە تا چواریەکی لاپەڕە 370 تاکە یەک وشەی نییە هەمزەی تێدا مابێتەوە.

لە کتێبی «مزدیسنا و ادب پارسی»، نووسینی فرەوشی، چەند وشەیەک هاتووە هەمزەیان کەوتۆتە ناوتوێژەوە وەک:

- دیائوهـ «سانگریتییە» - ل،37
- خشڤەئیڤە پەراوێزی - ل،48
- هەئومە - ل،49

هی دیکەش هەن بەڵام لە لیستەی پێشووتردا هاتن، لە لاپەڕە 90 هەمان سەرچاوە ئەم ڕستەیە هاتووە: «مائازارەیوئیش زەرەئوشترە ما پوئور وشەی سپەهی ما دوگدوڤام ئەئیترە پەئیتیش» واتە «مەئازارێنە، زەردەشت، نە پوروشەسپ نە دوغدو، نەمامۆستایان» «دوغدو» دایکی زەردەشتە.

لەم وشانەدا ڕێنوسەکەیانم هێنایە سەر ڕێنووسی کوردی بێ ئەوەی دەست لە شکڵی ئەو پیتە بدەم کە نرخی هەمزەی هەیە. هەرچەند ڕێنووسی فارسی پشتی پێ نابەسترێ بەڵام چونکە لە زۆر وشاندا حەرفی ئەوتۆیان لە لاتینییەوە بە «ی» هێناوە کە ئەگەر وشەکە بۆ فارسی نووسرابایە ئەو حەرفەیان دەکرد بە هەمزە بۆیە باوەڕ دەکەم نووسینەکە ڕاست بێ بەتایبەتی چونکە زۆر ئەو پیتانەی بە هەمزە حیساب کراون چوکڵەیان بەسەرەوەیە بە نیازی نیشانەی جودا کەرەوە. فارسییش هێندەی کوردی دوژمنی هەمزەی ناو وشە نییە. لەم ڕۆژانەدا گوێمان لە وشەی «خەمەنەئی» دەبێ.

هەمزەی سەرلەبەری ئەو نموونانە دواتر سواوون دەنگی دیکەشیان لەگەڵدا سوواوە. «زەرەتوشترە» بۆتە زەردەشت. «قەهیشتە مەنەء» بۆتە بەهمەن، وشەی «گائو سپیتە» بۆتە گوسفند لە فارسیدا. لەم موناسەبەیەدا دەڵێم د.ئاورەحمان لە ستوونی دووەمی لاپەڕە 66، لەبارەی تێچوونی دەنگی «ە» لە وشەی «دەست هاڕ- دەستاڕ» دا نووسیوەتی «بەیەکەوە هاتنی سێ دەنگی کۆنسنانتی بێ ئاوازەی «س» و «ت» و «ە» گرانە بۆیە یەکێکیان تێدا چووە» ڕاستە ئەم سێ دەنگە بێ ئاوازەن سەرەڕایی بێ ئاوازەیی یەکەم و دووەمیان وەستاویشن، بەڵام دیسانەوە ئەم ڕاستییانە هۆی تێداچوونی دەنگەکەی «ە» نین. د.ئاورەحمان چەند خاڵێکی سەرەکیی لەو دیاردەیەدا فەرامۆش کردووە.

1) وشەی پشت، خشت، چشت، تفت، فستق، فستۆق... هەموو مەرجەکانی «دەست هاڕ» یان تێدایە و هیچ دەنگێکیش لەو سێ دەنگە بێ ئاوازەی لەهەر وشەیەکدا هەیە تێنەچووە. وشەی «ڕاست هاوێژ» سێ دەنگی «س، ت، ە» ی تێدایە بارتەقای «دەست هاڕ» لە وشەی «دەست کورت» دا دەشێ دەنگەکەی «ت» لە وشەی «دەست» دا بمێنێ و دەشێ تێش بچێ و وشەکە ببێتە «دەسکورت- وەکوو دەسخور، دەسکوژ، دەسکرد...».
2) لە وشەی «دەست درێژ» دا دەنگی دوای «س، ت» دەنگی «د» کۆنسنانت و ئاوازەدارە نەک کپ کەچی بە زۆری دەگوترێ «دەسدرێژ- وەکوو دەسڕەنگین- دەسماڵ، دەسنوێژ، دەزنوێژ، حەفڕەنگ، حەڤڕەنگ».
3) لە وشەی «ڕەش هاوێژ» دا دوو کۆنسنانت «ش، ە» بەدوا یەکدیدا هاتوون کەچی وشەکە دەکرێتە «ڕەشاوێژ» و «ە» ەکە تێ دەچێ.
4) لە «شیربەهایی» دا تەنها یەک «ە» لە نێوان دوو ڤاوڵدایە کە ئاوازەداریشن، ئنجا تێچووە و سڕاوەتەوە و وشەکە بۆتە «شیربایی» وشەکانی «دەهاوێ، دەهێنێ» ش یەک «ە» ببێتە «دەهی» بەڵام نەکا ئیعتراز بگیرێ بەوەدا کە سڕانەوەی لە مضارعدا بە یەکجاری ڕێ نادات بە نموونە قبووڵ بکرێ لزوم نابینم «دێ، یەت» بەشایەد بگرم، وشەی دیکەش زۆرن لەم بابەتە.
5) لەو ڕایەی د.ئاورەحمان تەعلیل نییە بۆ هەڵبژاردنی دەنگی «ە» بۆ تێدا چوون. بۆچی نەگوتراوە «دەسهاڕ، دەتهاڕ»؟ بۆچی دەبی قیامەت هەر لە بەرخی مەلا ڕابێ؟

کەواتە هاتنی سێ کۆنسنانت دەخلی نییە بەسەر تێداچوونی «ە» لە «دەستهاڕ»دا. بەپێ سەرنجێکی لە دەنگەکانی کوردیم گرتبێ و دیاردەی دەنگی گەرووییم تێد ڕەچاو کردبی تێچوونی «ە» لەو نموونانەدا دەچێتەوە بۆ سروشتی دەنگی «ە» کە دەرووی لە دەرووی دوو دەنگی ڤاوڵی «ا، ی» وە نزیکە بۆیە لە زۆر باردا خۆی بە ئەوان دەبەخشێ. لە ئاست بزوێنی «و» دا وەها خۆبەختکەر نییە چونکە دەنگی واو لێوییە و لە دەرووی «ە» وە دوورە بۆیە کاری

«هۆندییەوە» لە مضارعدا نایێتە «دۆنێتەوە»، وشەی «دەهۆڵ، سەهۆڵ» کە بۆتە «دۆڵ، سۆڵ» بە سوانی عادەتی «ە» ـەکەیان تێچووە نەک بە قۆناغی «ماضی و مضارع» دا وەک «هات، دێ...» بە سەرنج دەردەکەوێ «ە» پتر بۆ بزوێنی درێژ خۆ بەر دەدات. هەرچی کاری «هەناردی» یە چونکە بە زۆری لە سەرەتاوە کراوەتە «ناردی» بۆیە لە مضارعدا دەبێتە «دەنێرێ» کە فەتحەیە.

جارێ هەر وشەی «بەرەڵلا» م بەبیردا دێت کە لە «بەر هەڵدراو» ەوە هاتووە و دەنگی «ە» تێیدا خۆی بۆ فەتحە بەخت کردووە بەڵام چونکە وشەکە وەها شێواوە هیچی بەسەر هیچی نەماوە دەستووری لێ وەربگیرێ بۆیە یە هیچ دەلالەتێکی سەربە «ە» نابەخشێ.

وشەی «هەنووم» هەر دەمێنێتەوە بە «دەهەنووم» نەک «دەنووم». لەگەڵ ئەمەشدا مەرج نییە دەستوورە باسکراوەکە بچێتە پلەی حەتمییەتی یاسایی کیمیا و فەلەک چونکە ئاخاوتن بەلای «تجرید» دا بۆتەوە پتر لەوەی ماددی بێ. بە نموونە کاری «هاڕی» کە «دەستاڕ» ی لێ لە مضارعدا نایێتە «داڕێ». ئەگەر «هیچاندی» م لێ بسەلمێنن بە کاری ڕابردوو وەک کە لە نووسینمدا بەکارم هێناوە لە مضارعدا نایێتە «دیچێنێ» بەڵکوو دەمێنێتەوە بە «دەهیچێنێ». وشەکانی «بەرهەڵست، بەرهەم، بەرهەتاو، بەرهەڵێنە، سەرهەڵقەنە...» وەکوو خۆیان بێ سووانی دەنگی «ە» دەمێننەوە کەچی «هەویری هەڵهاتە، دەغڵی هەڵهاویتە» دەبنە «هەڵاتە، دەراویتە» بەڵام «هەڵاوێشتن، هەڵهاویشتن» هەموویان باون. بەهەمەحاڵ سروشتی دەنگی «ە» و جیرانەتی لەگەڵ ڤاوڵدا هۆی ئەم ئاڵوگۆڕەیە. ئەم ڕوون کردنەوەیەش لە منەوە بۆ جوابەجێیی نییە. دەنگناسانی کورد با سەرنجی لێ بگرن، ئەگەر بەرەو دروستییەوە بوو لە هەموان پیرۆز بێ دەنا خەزنە نییە پەرۆشی بۆ بخورێ. چ تەعلیلەکەی د.ئاورەحمان ڕاست دەرچووبایە و چ ئەمەیان ڕاست دەرچێ وەیا دەرنەچێ هەردووکیان ویستوویانە لە ڕێی فۆنەتیکەوە دیاردەیەکی سووانی دەنگ ڕاڤە بکەن.

بە وردبوونەوە لە تاقی کردنەوەی دەنگی دیکە بۆ تێچوون و تێنەچوون لەو تەرزە شوێنەدا کە دەنگی «ە» تێدەچێ پتر قەناعەت دەهێنین بەوەی کە سروشتی «ە» دەوری هەیە لە تێچوونی. بە نموونە هەرچی کار هەیە وەکوو: کێشای، باری، پاراستی، پێوای، ناڵاندی، ناشتی، وێرای، زانی، ڕازاندییەوە، پاچاندییەوە، تاسا، قاڕاندی... لە مضارعدا تاقییان بکەوە دەبینی دەنگەکانی پێشەوەیان تێناچێ وەک کە «ە» تێچووە زەحمەتیی دەرپرین کە ببێتە هۆی تێچوونی دەنگ لە وشەی وەکوو «دەست کەوت، دەست گیران، دەست درێژ، دەست ڕەنگین، حەفت ڕەنگ...» دەدیترێ کە وشەکان دەبنە «دەسکەوت، دەزگیران، دەزگرە، دەسدرێژ، دەسڕەنگین، حەفڕەنگ...» لە هەمووشیاندا دەنگی «ت» کە لە ناوەندایە تیدەچێ هێندێکیان، بگرە بەشی زۆری وشەکانیش دەنگی ئاوازەداریان تێدایە.

ج- من کە لە گوتارەکەمدا باسی دەگمەن بوونی دەنگی «ە» ی ناو وشەم کرد وەیا گوتم ئەویش و «ع، ح» یش لە بەرایی وشەوە دێن و ڤاوڵ بەدوا خۆیاندا دێنن مەبەستم ڕوون کردنەوەی باری دەنگی هەمزە بوو کە چۆن وەک دەنگێکی گەروویی دراوسێی ژێدەنگەکان لە بەرایی وشەوە دێت لەوە بەولاوە ئەو دەنگانە چۆناوچۆنی بێن هەر فۆنیمن و وشە دروست دەکەن و بە گۆڕان و نەمانیان واتا دەگۆڕێ وەیا نامێنێ.. سوانیان بەسەردا دێت و بەیەکدی دەگۆڕدرێنەوە و هەرچی بۆ فۆنیم ڕەچاو کرابێ لەواندا دێتە جێ. چ کەمایەتیش پەیدا نابێ کە لە بەرایی وشەوە بێت وەیا ڤاوڵ بەدوا خۆیدا بهێنێت.

«دەنگی گەروویی» دیاردەیەکە هی نەدیتن نییە. بەپێی دراوسێیەتی دەنگەکەش لەگەڵ ژێدەنگەکان تایبەتیەتی جوداکەرەوە پەیدا دەکات لەو بوارەشدا لە یەکەم پلەدا هەمزە دێت و دووەم «ە» پاش ئەوان «ع» ئنجا «ح» هەرچی «غ- ح» ـە پشکیان لە دراوسێیەتی ژێدەنگەکان نەماوە و بوونەتە دراوسێی بەینی «ح» و «ک»، سرەی ئەو دەنگانەش بەم جۆرەیە هەمزە، «ە»، «ع»، «ح» ئنجا «غ»، «خ»، «ک».. من بەپێی هەستی خۆم وەهایان دەناسمەوە

دەشێ پێش و پاشێک هەبێ بەڵام باوەڕ ناکەم گرنگ بێ و دەستوور بگۆڕێ. دوو دەنگی «غ»، «خ» بوونەتە برای دەنگە عادەتیەکان و لە هەموو شوێنێکی وشەدا بێ بزوێنی ئاشکرا دێن.

ئەگەر بسەلمێنن هاتنی دەنگ لە بەرایی وشەدا بە ڤاوڵەوە و نەهاتنی لە ناوتوێژ و کۆتایی وشەدا دەبێتە ئیسپات بۆ فۆنیم نەبوونی دەنگەکە دەبێ دان بە شتێکدا بهێنین کە لەو مەیدانەدا قسەی ڕابەرە دەنگناسەکانی ئەورووپا بەجارێ هەڵدەتەکێنێ.. سەیری فەرهەنگێکی فرەنسەیی بکە و سەر بەو وشانەیدا بگرە کە بە پیتی «ه» دەست پێ دەکەن. دوو دیاردەی زەق دەبینیت یەکیان ئەوەیە سەرلەبەری ئەو «ه» انە بزوێن بە دوایاندا دێت بە تەواوی وەکوو هەمزەی کوردی و ئینگلیزی و فرەنسەیی و.... تەنانەت «ئنجا، ئحم» یشیان تێدا نییە. دووەمیان ئەوەیە تاکێک لەو «ه» انە ناخوێندرێتەوە و دەکوژرێن و بەشی هەرە هەرە زۆریشیان جێگە بۆ دەنگی هەمزە چۆڵ دەکەن هەر بۆیەش بوو گوتم «پیتی ه» نەک «دەنگی ه».

ناوناویەکی یەکجار دەگمەن «ه» لەناوتوێژی وشەی فرەنسەییدا دەدیترێ بەڵام لەوێشدا هەر دەکوژرێ و جێ بۆ ڤاوڵی دوایەوە چۆڵ دەکات، تەنانەت وشەی بێگانەی وەکوو «مەهەراجا، ماهومیت، محەمەد» یش ئەو دەنگەیان تێدا دەسوێت. بەکورتی هەر دەڵێی دەنگی «ه» لە فرەنسەییدا پەیدا نەبووە و بەخۆڕایی لە فەرهەنگاندا نیگاری دەکێشن ئنجا ئەگەر هاتنی دەنگ لە بەرایی وشە بە ڤاوڵەوە ئیسپاتی فۆنیم نەبوونی دەنگەکە بکات دەنگی «ه» لە فرەنسەییدا سێ جاران لە فۆنیم بوون دەکەوێ جارێکیان کە لە پێشەوەی وشەوە و لە ناوتوێژدا بە ڤاوڵەوە دەنووسرێ جاری سێیەمیشیان کە خۆی بەقوربانی هەمزە دەکات هەمزەیەکی پێی ڕەوا نادرێ فۆنیم بێ، لە ئینگلیزیشدا وەک بارەها گوتم «ه» لە بەرایی وشە بە ڤاوڵەوە دێت لە ناوتوێژیشیدا دەگمەنە و هەمیشە ڤاوڵیشی بە دواوەیە لە کۆتایی وشەیشەوە نایەت مەگەر لە وشەیەکی وەکوو hurrah نەبێ کە «ه» ـەکەی دواییی ناخوێندرێتەوە ئیتر چۆن هەقم نییە بڵێم ئەو ڕابەرانە چی بیڵێن لە بارەی هەمزەوە بایی فلسێکە. دەبوو تەعبیرێکی ناسکتر بهێنمەوە بەڵام نووسەری زۆر گەورە تەعبیری یەکجار ڕەقتریان بۆ غەیری خۆیان بەکار هێناوە نەزاکەتی تەعبیریش حەقیقەتی باسەکە ناگۆڕێ بەرانبەر دیاردەی وەها ئاشکرا تەئویلی باهەڵدراوی ئەو ڕابەرانە بێ بایەخ دەزانم.

لێیان ناسەلمێنم ئەو «ه» ـەی کە وجودی لەو وشانەدا نییە فۆنیمە، هەمزەکەی کە بووە جێگریشی فۆنیم نییە. ئەو ڕابەرانە یان دەبێ بڵێن هەمزە و «ه» بە جووتە فۆنیم نین و هیچن یان هەردووکیان فۆنیمن خۆ ئەگەر بڵێن بە جووتە هیچن من هەر لێیان ناسەلمێنم. بۆ خۆیان قسەیەک دەڵێن لە بارەی ئەو دوو دەنگەوە تەنها هێزێکی تێدا بێت هەر ئەوەندەیە کە خۆی خۆی هەڵناوەشێنێتەوە لەچاو ئەوەی بڵێن «ه» فۆنیمە و هەمزەش نا. ڕاستە بێ فیڵە بێ عەیبەکە ئەوەیە هەردوویان فۆنیمن. لە ئینگلیزیدا هەردوویان هەن لە فرەنسەییشدا هەمزە هەیە بە ئەسڵ «ه» ش هەبوە ئیستا لە سەر زمانیان سووک بووە، لە لەهجەی بەرتەسکیش ماوە. زمانی دیکەی دنیاش پڕن لە هەمزە و «ه» زمانی وەهاشیان تێدایە هەردوو دەنگی هەمزە و هێ لە بەرایی و ناوتوێژ و کۆتایی وشانیانەوە دێن بە وەستاوی و بە بزوێنەوە ئیتر چیمان دەوێ لەوە زیاتر؟ هەر ماوە داوا لە هەمزە بکەین بە دەنگ بێت و بڵێ کورینە فۆنیمن. خۆ هاواریش دەکا بەڵام گوێی نادرێتێ کەچی قورس کردنەکە دەنگیش ناکا دەڵێن فۆنیمە.

ڕوون کردنەوە پێویستە لە بارەی مەبەست لە «سوان»ی دەنگ مانای چی دەنگ دەسوێ؟ ئایا فۆتانی دەنگ مەبەستە یان سووک بوونی یان بزر بوون و دەرکەوتنەوەی یان شرانەوەی لە پەنا دەنگی دیکەدا ...؟

سوانی فۆنیمە ئاشکرا سەربەخۆکانی وەکوو «ب، ق» هەمزە «د، ر، غ، م، ن، و، س، ی...» دیاردەیەکە هەموان دەگرێتەوە. کورتە بزوێنەکان هەرچەندە سەربەخۆش نین بارتەقای دەنگی ئەلف کە ئەویش بێ کۆنسنانت دەر نابردرێ سەرلەبەریان سوانیان بەسەردا دێت. بە سەرنج ڕاگرتن لەم دیاردەیە دەردەکەوێ کە ئەم پلە خواروژوورانە لە سواندا هەن...

1) نەمانی فۆنیم لە زماندا وەک نەمانی «ذ، ث» لە کوردیدا.
2) نەمانی فۆنیم لای بەشێکی ئاخێوەری یەک زمان وەک کە لامی قەڵەو لە بەشێکی کرمانجیی خواروو بەکار نایەت. ئەم فۆنیمە لە کرمانجیی سەروودا دەرنەکەوتووە. ڕەنگە بشێ بڵێین «پەیدا بوونی فۆنیم لای بەشێکی ئاخێوەری زمانی کورد» چونکە لە سەردەمی مادەکان و هەخامەنشیشدا دەنگی لامی لاواز و قەڵەو جارێ پەیدا نەبوو بوو، بە نموونە «ئەلبورز، ئەلوەند، بەلخ» لەو سەردەمانەدا «هەرە بەرزەئیتی، ئەتورڤەنت، باختەری» یان پێ گوتراوە [فرهنگ ایران باستان ل،298].
3) گۆڕینەوەی دەنگ بە یەکێکی دیکە وەک کە دالی «مەند» لە سلێمانی بە گاف دەگۆڕێ «دەربەنگ».
4) سوان و مانەوەی فۆنیم لە وشەدا وەک کە دەگوترێ «دەستد» و «دەستک» وەیا «قەننە» و «قەڵنە».
5) مانەوەی فۆنیم لە نووسیندا بێ ئەوەی بخویندرێتەوە: ئینگلیزی و فرەنسەیی پڕن لەو نموونانە.
6) گۆڕانی دەنگی فۆنیم لە دراوسێیەتی دەنگێکی دیکەدا وەک کلۆر کردنی «ک، گ» ی بەرایی «ی» لە کوردیدا وەیا گۆڕانی «س» بە «ز» لەتەک دەنگی ئاوازەداردا «دەستگا= دەسگا= دەزگا، دەستگرە= دەسگرە= دەزگرە». لە نێوان زمانەوانانی کورد وەها ڕۆیشتووە کە هاتنی دەنگی «ل»ی وەستاو لە پێش «ت»دا دەبێتە هۆی گۆڕانیان بە «ل، ط» وەک «خلْط، باڵطۆ، قەڵطارە»... ڕاستییەکەی دەنگی «ل» و «د» یش ئەو کارە دەکەن و دالەکەی قەڵەو دەکرێ بەرەو «ض» دەبێتەوە وەک «غلْدە، داڵدە، گۆری حەمەخاڵدان [شوێنێکە لە شاخی باواجی-کۆیێ]، پاڵدە، جەڵدە...
سەرلەبەری ئەو حاڵەتانە دەخلیان بەسەر فۆنیم بوون و فۆنیم نەبوونی دەنگەوە نییە و نابنە بنەمای تاقی کردنەوەی دەنگ. لە وشەی وەکوو «دەسکرد، دەسکوژ...»دا نابێ بچنەوە بۆ «دەستکرد، دەستکوژ...» و لەوێوە بڕیار بدەین کە ئەو «ت» ـە فۆنیم نییە. هەر چونکە بە تێچوونی واتا نەگۆڕا ئێمە لە ئاکامی گۆڕان و هەڵسوکەوتی زمانەکەماندا گەیشتووینە بارێک هەردوو جۆری «دەستکرد، دەسکرد» ی تێدا باوە. ئەگەر بمانەوێ لە «دەسکرد» دا فۆنیم تاقی بکەینەوە دەبێ خەریکی فۆنیمەکانی «د، ە، س، ک، ر» بین. فۆنیمی «ت» لە هەزاران وشەدا زیندووە لێرەشدا لزوم بە وردپێوی درێژداپرین نابینم. زماناسان و دەنگناسەکان ئەم حاڵەتانە دەزانن، دواتریش وێنەی دیکە لە جۆری گۆڕان و تێچوونی فۆنیم دەبینین...

سوان و گۆڕانێکی دیکە هەیە لە دەنگدا جودایە لەوەی باسمان کرد، ئەویش بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ:

یەکەمیان هاتن و چوونی ئەو نەبرە و توندی و نەرمیی ئاخاوتنەکە کە حاڵەتی ئاخێوەر داخوازیی دەکات وەک: تووڕەیی، ڕەزامەندی، هەڕەشە، پاڕانەوە، تێراخورین، پرسیار تعجب. نەبرە و ئاوازی ئەم حاڵەتانە پەیدا دەبن و هەموو ڕستە دادەگرن نەک تاکە فۆنیم کە حاڵەتەکەش بەسەرچوو ئەوانیش تێدەچن. هەڵبەت ئەمانە فۆنیم دروست ناکەن هەرچەند بۆ هەندێکیان نیشانەش داندراوە وەکوو «؟، !».

بەشی دووەم هاتن و نەمانی کەسرە موختەلەسەیە کە من پێی دەڵێم «قورس کردن». قورسایی ئەم ناوەیشم بۆیە بەسەر داپڕیوە چونکە ئاخێوەر نایەوێ فۆنیم ببزێوێ، بەڵکوو تاکە مەبەستی ئەوەیە بتوانێ بێ بزوێن کۆنسنانتێک بە یەکێکی دیکەوە ببەستێتەوە. بە نموونە کورد دەڵێ «کردم». هەڵبەت دەبێ دوو دەنگ «ک، د» قورس بکات دەنا ناتوانێ فۆنیمی دیکەیان بەدوادا بهێنێ. لە فارسیدا دەگوترێ «کردم – کەردەم» و بە بزوێنی ئاشکرا تێکی بەستوون کە بزوێنەکان هەڵستان مایەوە قورسایی وەیا کەسرە موختەلەسە فەرمانی تێکبەستن جێبەجێ بکا. ئەم قورساییەش کورتکراوەی کورتەبزوێنەکەی فەتحە نییە چونکە کە بە تەجرەبە درێژە دەدەیت بەو ئاوازەیەی کە لە دەرپڕینی «ک» ی «کردن» دا پەیدا دەبێ،

فەتحە پەیدا نابێ، ئاوازەیەکی بێهۆیە کە لە هیچ دەنگێکی بزوێن و نابزوێن ناکات، دێتە کایەوە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانە کە ناوی «کسرة مختلسة» بە هەڵە دەزانم چونکە ئەگەر «کسرة مختلسة» بایە دەبوو لە درێژ کردنەوەیدا کەسرە پەیدا ببێ. ڕەنگە تەجرەبەکەشم وەکوو تەجرەبەی «بردنەوە ژووری هەوا» لێ بەعەیب بگیرێ بەڵام داخوازی مەنتیقی لێکۆڵینەوەم زاڵترە لە ترسی عەیبداری. هەروەک هاتنی دەنگی «کسرة مختلسة - قورسایی» بۆ ناو وشە وەکوو هاتنی «د، هـ، و، چ...» نییە کە بریتیی بێ لە ڕاگوێستنی دەنگێکی حازر بەدەستی بە پۆز و زەق هەروەهاش سوانی دەنگەکە وەکوو سوانی «د، هـ، و، چ» نییە لە ئاکامی ئاڵوگۆڕی زمان وەیا داخوازیی واتا وە یاخو گۆڕینەوە بە دەنگێکی دیکە وەیا جیرانەتیی دەنگ و دەنگ، وەیا جیرانەتیی میللەت و میللەت گۆران و تێچوونی بەسەردا بێت. ئەم دەنگە بێهێزەش هەر وەکوو هەیەجانی توورەیی ئاوازەیەکی تایبەتی بۆ ناو ڕستە دەهێنێ ئەویش بە پێداویستیی دەرپڕینی دەنگ پەیدا دەبێت. دیسان هەر وەکوو ئاوازەی توورەیی بە نەمانی توورەیی هەڵدەستێ، ئەمیش بە نەمانی پێداویستیی دەرپڕینی دەنگ تێدەچێ.

ئەم لێکچواندنەی قورسایی و ئاوازەی توورەیی تەنها لە ڕووی «پێداویست» بوونە نەک بڵێم لە یەک پلەدان چونکە لە سەرەتاوە لێکم جودا کردوونەوە لەگەڵ ئەمەشدا ئاوازەی توورەیی کەم و زۆر واتایەکی تازە بۆ ناو ئاوختن دەهێنێ کەچی قورسایی دەخلی بەسەر واتاوە نییە. ئەم لایەنەش دواتر ڕوونتر دەبێتەوە.

کە قسە لە زمانی لە کوردی بکەین ئەم چەند دەستوورە لە هاتن و بزر بوونی قورس کردنەکە هەڵدێنجرێ..

1- دەنگی سەرەتای وشەکە بزوێنی ئاشکرای بەدوادا نەهات بە ناچاری دەنگە بێ هێزەکە پەیدا دەبێ بۆ خاتری دەنگی کۆنسنانتی دووەم بە دوا یەکەمدا بێت وەک ئەوەی هەتا توورە بیت ئاوازەی تووڕیی لە قسەتدا دەردەکەوێ. لە کرمانجی سەروودا بیستوومە وشە هەیە بە دەنگی بێ بزوێن و بێ قورساییش دەست پێ دەکات ڕەنگە قسەکە ڕاست بێ چونکە لە وشەی وەکوو «فتار، ستاندن، شتومەک.. » دا هیچ ئاوازە بە دوا فۆنیمی سەرەتای وشەکاندا نایەت بە عادەت قورسایی ئاوازە پەیدا دەکات.

2- لە نێوان ئەو دەنگە کۆنسنانتانەدا کە گونجانی تەواو هەیە وەکوو... «ش ت، ر د، ر ت، ن گ، ن د، ل ت، ن ج، س ت» قورسایی پەیدا نابێ چونکە دەرپڕینی کۆنسنانتی دووەم پەکی لەسەر قورس کردنی دەنگی یەکەم نەکەوتووە، نەک چونکە قورسایی لەو شوێنەدا نەهاتووە. وشەکانی «دەنگ، ماست، پشت، گەنج، بەرد، خڵت، کەرت، بەند» قورسایی تەحەمول ناکەن بۆیەیشە هەموویان یەک بڕگەن لەگەڵ ئەمەشدا کە هاتنی قورساییت خستە نێوان ئەو جۆرە دەنگانەوە واتای وشە ناگۆڕێ. بە نموونە نالی هاتووە لەبەر کێشی شیعر قورسایی خستۆتە سەر دەنگی «س» لەم بەیتەدا، واتای وشەکەش نەگۆڕاوە:

ڕاستی صەیقەلییە تیغی زمانی نالی
نەرم و تونر ئاوی گەڵووگیرە قسەی پێ دەرپڕێ

وشەی «ڕاستی» بە قورس کردنەکە بۆتە سێ بڕگە لە جیاتی دوو بڕگە. لزوم نابینم درێژە بدەم بە نموونە هێنانەوە، مەسەلەکە زۆر ڕوونە.

3- لە نێوان ئەو دەنگانەی گونجانیان لەگەڵ یەکدیدا لە پلەی دووەمدایە وەکوو دەنگەکانی «نک، رگ، خ ت، رچ..» دەشێ قورسایی لە بەینیاندا هەبێت و نەبێت وشەکانی «دەنگ، مەرگ، بەخت، ورچ..» لەوان بەیەک بڕگە دەربپردرێن هەر وەک مومکینیشە ببنە دوو بڕگە و بگوترێ «دە، نک، مە، رگ، بە- خت،و- رچ» لە هەردوو شێوەدا واتای وشەکان ناگۆڕێن..

4- له نێوان ئەو دوو دەنگانەدا کە گونجانیان لە پلەی سێیەمدایە وەک..« ن م، ل م، ت ن، س ر، زر، ڕز، م ل، ت ر» دەبێ قورسکردن دەرکەوێ تاکوو بشێ کۆنسنانتی دووەم لە دەمەوە دەربێ وەک کە لە وشەکانی «گەنم، زەڵم، کەتن، کەسر، بزر، وەڕز، هوومل، چەتر..» دا دەبێ قورسایی هەبێ و وشەکان ببنە دوو برگە «گە- نم، زە- ڵم، چە- تر» هەتا فۆرمی وشەکان لەو بارەدا بێ قورسایی‌یەکە بەردەوام دەبێ و مومکین نییە هەڵستێ بەڵام کە گوتت «گەنمەکە، لە زەڵمەوە بۆ هەڵەبجە، کەتنی وەها نەکراوە، کەموکەسری زۆرە، چاکەی دارا بزرە، وەڕزی مەکە، ئەو هووملانە لە زێوە هاتوون [هوومل ماسی ی زۆر گەورە]، چەترەکەم کڕی» دەشێ قورساییەکە دەبێتە حەتمی وەکوو «کەموکەسری، لە زەڵمەوە، چەترەکە، کەتنی گەورە». هەرچۆنێکیش وشەکان دەربیریت واتایان کەم و زیاد ناکا ئەوەندە هەیە کە قورساییت خستە سەر دەنگێکی وەکوو «ڵ» ی «زەڵمەوە» دەزاندرێ کوردنیت وەیا بە شۆخی وەها دەڵێیت یان لەهجەی ناوچەیی‌یە.

5- دەشێ لە دراوسێیەتیی دوو وشەدا وەها ڕێک بکەوێ دوو دەنگی وەکوو «س ت- ش ت» کە لەگەڵ یەکدیدا دەگونجێن، بکەونە تەنیشت یەکتر و بەحوکمی ڕێزمان نەک دەنگسازی قورسایی بخرێتە بەینیانەوە وەک کە وشەی «گەش» بخەیتە ڕستەوە و بڵێیت «گوڵی گەشت چنی» لێرەشدا کە گوتت «ئیمڕۆ ڕۆژی هەرە گەشتە» قورسایی‌یەکە هەڵدەستێ و ناشێ دەربکەوێتەوە. لێرەدا سەر لە نوێ حوکمی دەنگسازی بەسەر ڕێزماندا زاڵ بوو.

ئەم زاڵ بوونە لەم شوێنەدا وەها فەرمانڕەوایە لەگەڵ سەرلەبەری دەنگەکاندا ڕۆیشتووە نەک هەر دەنگی گونجاو، بە نموونە دەڵێی «قسەکەت چووە دڵم» و قورسایی دەخەیتە سەر «ڵ» ەکە بەڵام کە گوتت «قسەکەت بە دڵمە» قورسایی نەما و جێشی نابێتەوە لە هەموو حاڵاتیشدا واتا ناگۆڕێ.. نەگۆڕانی واتاش بە هاتن و چوونی ئەم دەنگە بێهێزە لەوەوە دێت کە بە ئەصل دەنگەکە بەشداریی نەکردووە لە واتای وشە یەعنی بەشێکی بنجی و دروستکەر نییە لە ئاخاوتندا. تاکە هۆی بەستنەوەی دوو دەنگ بەپێی داخوازیی باری ئاخاوتن پەیدای دەکات و هیچ واتاش لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ کە فۆتاش چ واتای لە گەڵدا نەبووە تاکوو لە گەڵیدا نەفوتێ. مەرجی یەکەمی بەشاری کردن لە واتای وشەکە فۆنیمی پێ دەناسرێتەوە لەم قورس کردنەدا وجودی نییە د.ئاورەحمان بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی هاتن و چوونی ئەم دەنگە بێهێزە بە پێی دەستووری دەنگسازی لە ستوونی دووەمی ل،64 دا دوو نموونەی هێناوەتەوە، نموونەی یەکەمی لە «نووسین، پێنووس» و لە «نووسرا» هێناوەتەوە گۆیا واوی «نووسین، پێنووس» درێژترە لە هی «نووسرا بە پێی ڕای د.ئاورەحمان هۆیەکە دەچێتەوە بۆ ئەوەی کە لە «نووسین، پێنووس» دا هێز [هێز= stress م. م] لەسەر دەنگی «وو»ە بەڵام لە «نووسرا»دا هێزەکە دەپەڕێتەوە بۆ سەر ئەلفی کۆتایی وشەکە ئنجا دەڵی «جا بزوێنێکی درێژی وەک «وو» لە بارەی بێهێزیدا وەک «و» ی لێ بێت ئەوە بزوێنێکی ئێجگار کورتی وەک «ا» ئەگەر هێزی لەسەر نەبێ بە دیار نەکەوێ شتێکی دوور لە یاسا و دەستوور نییە».

نموونەی «نووسین، پێنووس» و «نووسرا» پتر بەلای ڕێزماندا دەچنەوە بەڵام چونکە ناوی هێز و تێچوون و سووک و قورسی لێ هات قبوڵ دەکرێ و دەشێ ڕوون بکرێتەوە.

1-کاری «نووسی» لە بارترە ببێتە هاوتەرازووی «نووسرا».

2- واوی «نووسرا» ئەوەندە کورت نییە ببێتە «و-ضمة».

3- مەسەلەی هێز دەخلی نییە بەسەر کورت و درێژیی واوەکان: ئەحمەد نووسی / نامە نووسرا - لەم ڕستانەدا هۆیەک نییە دەنگی واوی «نووسی» بخاتە ژێر هێزەوە و واوی «نووسرا»یش لە هێز بکەوێ.

4- هۆیەکە دەچێتەوە بۆ ئەوەی لە «نووسرا»دا دوو کۆنسنانتی «س، ر» کمێک واوەکە تەنبەڵ دەکەن ئەگەر «نووسا» بایە فەرقی نەدەبوو لەگەڵ «نووسی». وشەی «نووسی، پێنووس»

بەوەدا واوەکەی هەناسەسوار نابێ کە کۆنسنانتێک لە کۆتاییاندایە چونکە داخوازی هیچ ئەرکێکی نەکردووە.

بۆ پتر ڕوون کردنەوەی خاڵی سێیەم و چوارەم نموونەیەکی زیندووی پربەپێستی بابەت هەیە: لە پژدەر دەگوترێ «کوشتن - کوشتی» بەڵام لە کاری کارابزردا ناڵێن «کوژرا - دەکوژرێ» بەڵکوو ئەو «ر»ە مابایەوە نەدەکرا واوەکە درێژ بکرێتەوە چونکە هەم لە ئەصلدا کورتە هەم هاتنی دوو کۆنسنانت لە «کوژرا»ش وەکوو «نووسرا» کارا بزرە؟ لە کاری «هەڵترووشکا»دا کە وەکوو «نووسا» کارا دیارە هەرچەندە مەسەلەی هێز لە بەیندا نییە، چونکە دوو کۆنسنانتی «ش، ک» هەن واوەکە نەختێک لێی کورت دەکرێتەوە. بەهەمەحاڵ ئەم موناقەشەیە لە بنەڕەتەوە دەخلی بەسەر تێچوونی کەسرە موختەلەسەوە نییە.

وەک پێشتر باسم کرد. هاتوچۆی ئەم دەنگە بێهێزە تاکە هۆی داخوازیی دەرپرینی دەنگ لە بارەی خۆیدا پێکی دێنی هەرچی stress وەیا هێز دێتە سەر کەسرە موختەلەسەیەکی لە وشەدا مەوجوودە نەک دەبێتە هۆی پەیدا بوونی. تۆ بێنە وشەی «کردم» تاقی بکەوە، لە دوای «ک» و «د» دا ئەو قورساییە هەیە، ئنجا دەتوانی هێز بخەیتە سەر قورسایی داوی «ک» ـەکەوە وەیا دوای «د»ەکەوە وەیا هەر دوویانەوە بە پێی داخوازیی مەبەست ئەنجا چونکە قورسایی لە دوا «ر» ەکەوە نییە ناتوانێ هێزی بەدوادا بێنیت ئەگەر ویستت هێز بێنیت پێویستە لە پێشەوە قورسایی بخرێتە سەر ئەو «ر»ە و کارەکە لە دوو پرگەوە بکەیتە سێ پرگە ئنجا هێز بدەیتە ئەو قورساییە ئەوساش وشەکە لە کوردی دەشۆرێ. کە قورسایی هەبوو پەکی لەسەر هێز ناکەوێ کە نەش بوو هێز ناچێتە سەر هیچ لە لایەن واتایشەوە ئەو هێزە چ لەسەر «د، و، ر، م،..» بێ و چ لەسەر قورسایی بێ واتایەکی تەجریدی بە وشە وەیا ڕستە دەبەخشێ، هەرچی قورساییە واتای پێوە نییە چونکە وەک تەقەڵی دروومانە بۆ شوێنی پێویست بەڵام نەک تەقەڵی ماددی وەک دەزوو. لە فەرزی من بە سەهوو نرخی تەقەڵم دابێتێ ئەو هەر دەمێنێتەوە وەک هەیە چ دەخلی بەسەر واتاوە نییە. هێشتان لایەنی گونجان و نە گونجانی دەنگ پێوەبەندی هەیە بە تەکوینی وشەی کوردی لەو قورسکردنە چونکە بەشێکی زۆری وشەکان بە حوکمی ئەو گونجانە شکڵ وەردەگرن، بە نموونە وشەی «بڵند» کە دوو پرگەیە و بریتییە لە «ب- ڵند» بە حوکمی گونجانی «ن- د» ئەو شکڵەی وەرگرتووە چونکە ئەگەر بگوترێ «بڵ- ند» دەبێ قورسایی بخرێتە سەر «ن»ەکە ئەمەش دژی یاسای فۆنەتیکی کوردییە. وشەکانی «دەرد، دۆست، سارد، گۆشت، پێت، قەڵت، چەند، ڕەند، مەند، نەنگ، شەنگ، جانگ.. هەشت، بیست، گەشت».. و صەدانی وەک ئەوان ژمارەی پرگەیان بەندە بە گونجان و نەگونجانی فۆنیمەکانیان ئەوانە هەموویان چوار فۆنیم و یەک پرگەن چونکە لە هەموویاندا دوو فۆنیمی کۆتایییان لەگەڵ یەکدیدا دەسازێن. وشەی «مزر» سێ فۆنیم و دوو پرگەیە چونکە «ز، ر» بەیەکەوە ناسازێن دەنا وەکوو «مشت، مردمست» دەبووە یەک پرگە. هاتنی قورسایی بۆ سەر«ز» ی «مزر» و نەهاتنی بۆ سەر «ش، ر، س»ی وشەکانی دیکە بە هونەری خۆی وەیا ئارەزۆی من و تۆ نییە بە پێی باری گونجان و نە گونجانی دوو فۆنیمی دواییی وشەکانەوەیە، کە گوتت «ماستەکە مزرە» قورسایییەکە دەبێتە دڵخواز کە گوتت «مزرە سێو» قورسایییەکە تێ دەچێ، لە هیچ بارێکیشدا تەئسیری سەلبی و ئیجابی لە واتای وشە نەکردووە. قورسایی لە خۆوە وەکوو فۆنیمە ڕاستەقینەکان بۆ ناو وشە نایەت، بە ئارەزۆش نایەت: دەبێ ناچاریی فۆنەتیکی بیهێنێ و نەمانی ناچارییەکە بیسوێنی. هەر چونکە قورسکردن پێداویستی دەرپرینی کۆنسنانتی وەستاوە بۆ لکاندنی بە کۆنسنانتی دوایەوە لە باری تایبەتیدا چ دەخلێکی بەسەر واتاوە نییە، هەندێ جار قورسایییەکە لە بارێکدا دەبێ هەڵستانی مومکین نەبێ وەک لە وشەی «فرچک» دا قورسایی سەر «ف» ـەکەیە بە «ر» ەکەوە. ئێمە پێمان دەکرێ بڵێین «فچک، فک، فرک» و فۆنیمی زەق و زۆپ بەلاوە بنێن بەڵام لە هەموو حالاتدا قورسایی سەر «ف» ـەکە دەمێنێتەوە. خۆ مەعقوول نییە بڵێین ئەو دەنگە بێهێزە گرنگترە لەوانی دیکە چونکە قسەی وەها لە کەس ناوەشێتەوە هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کە لە هەزاران باردا وەکوو سێبەری هەور دێت و دەچێت و هەستیشی پێ ناکرێ جگە لەوەی سێبەری هەور دێت و دەچێت و هەستیشی پێ ناکرێ جگەی لەوەی کە وجودی خۆی بەندە بەو فۆنیمانەوە بگرە وجودی بەندە بە جیرانەتی فۆنیم و فۆنیم... بزوێنەکان بەکورت و درێژیانەوە

هەم دەشێ بە ئارەزۆ بیان هێنن و بیان سوێنیین، هەم بە هاتن و سوانیان واتا دەگۆڕێ وەیا نامێنێ. هیچ مەرجێکی «فۆنیم» لەو قورساییەدا نییە. پێداویستی دەرپرینی دەنگە لە باری تایبەتیدا چەندێکی تێش بچێ واتا ناگۆڕێ. لەبەر ئەم تێبینی و ڕاستییە بەدیهییانەیە خۆگیری دەکەم لەوەی پێی بڵێم بزوێن. تۆ بڵێ ئەگەر بزوێنە بۆچی لە کوردی و ئینگلیزیدا نەهات وەکوو بزوێنەکانی دیکە هەمزە بخاتە پێش خۆیەوە؟ بۆچی هەمزەی دەنگدار و زەقوزۆپی بێ نیگار نەچێتە پێش قورسایی بە نیگار؟ هەڵبەت دەزانم چی بەڵگەی دنیا هەیە ناتوانێ ڕابەرکانی فۆنۆلۆجی ئیقناع بکا دژی ئەو قورساییە، وا من لە جیاتی ئەوان وەڵام بۆ ئەو تەرزە پرسیارە پێشکەش دەکەم و دەڵێم بەر لە هەزاران ساڵ بنیادەم زانی ئەم بزوێنە یەکجار کز و بێهێزە بەبەرەیەوە نییە هەمزە بخاتە پێش خۆیەوە ئنجا کە گوترا ئەدی چۆن بنیادەم زانی دال و سین و گاف بەبەریانەوە هەیە؟ ڕابەرەکان دەڵێن ئا ئەمە بەڵگەیە کە هەمزە فۆنیم نییە وەک کە دال و سین و گاف فۆنیمن. دیسان ئەگەر گوترا: چۆناوچۆنی لە زمانی سامییەکاندا قوسایی بەبەریەوە هەبوو هەمزە بخاتە پێش خۆیەوە؟ لێرەدا بەڕاستی نازانم جواب چی دەبێ پێشتریش و لە هەموو حاڵاتیشدا جواب نەبوو بۆ ئەو پرسیارەی بڵێ: بۆچی تێچوونی قورسایی هەرگیزاو هەرگیز لە واتا تەئسیر ناکا؟ ئەدی فۆنیم نییە؟

بەر لە 2700 ساڵ کە ئەلفوبێ پەڕیەوە بۆ ئەورووپا و نیگار بۆ دەنگی هەمزە دانەندرا بڕیاری ئیعدام کردنی دەرچوو.

بە وردبوونەوە لەو دیفاعەی د.ئاورەحمان لە کەسرە موختەلەسەی دەکا بە هێنانەوەی نموونەکانی «نووسین، نووسرا» دەبینین لە حەقیقەتدا بێ ئەوەی ویستبێتی، ئەو خۆی کەسرە موختەلەسە پتر بێبایەخ دەکات لەوەی من کردوومە، چونکە کە دەڵێ دەنگەکە هێند کورتە هێزی لەسەر نەبێ دەرناکەوێ بڕیار دەدا کەوا ئەو دەنگە بەچکەی هێزەکەیە واتە لە بنەڕەتەوە بەندە بە هەبوونی هێز. ئەم قسەیە یەکسەر و بێ تەئویل وەها ڕادەگەیەنێ کە کەسرە موختەلەسە بریتی بێت لە هێز چونکە مەعلوومە هێز ناچێتەوە سەر «عدم، هیچ» قسەکە وەک ئەوەیە بڵێی کابرا هێند موفلیسە ئەگەر پارە نەخەیتە گیرفانی فلسێک لە گیرفانیدا نادۆزێتەوە. دەنگێک وەها بێ وجودی بەند بێ بە هێزەوە و واتاش نەگۆڕێ چۆن فۆنیمێکە؟ ئنجا چۆن بسەلمێنین دەنگی وەها سەراوی ئەوەندە بایەخی بدرێتێ نیگاری هەبێ [لەحاڵێکدا هەمزەیەکی زەق و زۆپ بێ نیگار بێ] کە نیگاریشی بوو بیێتە برای هیچ یان هەر هیچی بێ تەئویل کە بووش بە هیچ بایی زەڕڕەیەک کاری سەلبی و ئیجابیی لە واتای وشەکە نەکردبێ؟ هەر فۆنیمیش بێ؟

نموونەی دووەم لە زمانی ڕووسیەوە هاتووە کە وشە لە حاڵی جەڕدا بزوێنە ئاشکراکانی دەگۆڕێن وەیا تێدا دەچن.. کە کۆش دەکرێ هەروەها.. گۆیا ئەمەش نابێتە بەڵگە لەسەر فۆنیم نەبوونی ئەو دەنگانە. هەرچەند د.ئاورەحمان هەر هێندە دەڵێ و دیفاعەکەی لە فۆنیمی «ۆ، ێ» ی ڕووسییە بەڵام شوێنی قسەکەی دیاری دەخات کە مەبەستی ئەوەیە لەڕێی قیاسەوە بسەلمێنین کە تێداچوونی کەسرە موختەلەسەش نابێتە بەڵگەی عەکسی بۆی.

من ڕووسی نازانم ئیعتیرازیشم لە نموونەکان نییە بەڵام لە کوردیدا نموونە زۆرن تێی بئاڵێین:

- لە تۆ دەپرسم - لێت دەپرسم
- بە تۆ دەڵێم - پێت دەڵێم
- لە تۆ دەگەم - تێت دەگەم
- سووتا - دەسووتێ
- نەخوازێ ئەڵڵا - نەخوازەڵا. نەخەسەلا
- گوتی - دەڵێ

ئەم نموونانە و دوو نموونە ڕووسیەکە و هەرچی دیکەی ئەوتۆیی کەڵەکە بکات باری قورسایی ڕاست ناکەتەوە چونکە پێوەندییان پێیەوە نییە، ئەمانە سەر بە ڕێزمانن و دەچنەوە بۆ لای سینتاکس نەک فۆنەتیک. نموونەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، وەکوو هی ڕووسی حاڵەتی جەڕری ڕاناوی کەسی دووەمی تاک لە ڕستەکاندا نیشان دەدەن دیارە چۆن بە گۆرانی ڕاناوەکە لە حاڵەتی نەلکاوییەوە بو حاڵەتی لکانی شکڵی «جار و مجرور» وێکڕا گۆران، هیچ داخوازیەکی فۆنەتیکیش حوکمی نەکردووە «لە تۆ دەپرسم» ببێتە «لێت دەپرسم» کەچی «لە تۆ دەگەم» ببێتە «تێت- دەگەم». واتای «تێ گەیشتین» جودایە لە «لێ پرسین» و پتر بەرەو ناوەوەی «مجرور» دەڕوات بۆیە بە شکڵەکەی گۆڕا.

لە هەندێ لەهجەی ئاخاوتنی کوردی دەگوترێ «دەتۆ ڕادەمێنم- نەک لە تۆ ڕادەمێنم» دیارە «دە» ش نزیکترە لە «تێ». بەو پێیە ئەو لەهجەیە نزیکترە لە منطقی گۆڕانی دەنگ تا ئەوەی «لە» ببێتە «تێ» بەڵام بۆی ڕێک نەکەوتووە پەرە بستێنێ. لە کرمانجی سەروودا بەرامبەر ئەو «دە» یە «ژ» بەکاردێت. «سووتا» دەبێتە «دەسووتێ» بەپێی دەستوورێکی ڕێزمان هەرچی کاری ڕوودان و کارا نادیار هەیە بەری دەکەوێت و لە هەمواندا ئەم ئەلفە لە مضارعدا دەبێتە «ێ» وەکوو:

- سووتا - دەسووتێ
- ڕما - دەڕمێ
- برژا - دەبرژێ
- دیترا - دەدیترێ
- خورا - دەخورێ...

هەر عەینی ئەو کارانەی لە ڕابوردووی بەردەوامدا وەکوو خۆیان دەمێننەوە هەرچەند «دە» ی مضارعیشیان بەسەرەوەیە:

- سووتا - دەسووتا
- برژا - دەبرژا
- دیترا - دەدیترا

فۆنەتیک چ دەخلی بەسەر ئەم ڕژانەوە نییە ناشکرێ یەخەی کورد بگرین بڵێین بۆچی وەهات کردووە؟ «نەخوازێ ئەڵڵا» دەماودەم لە ماوەی صەدان ساڵدا بۆتە «نەخوازەڵا، نەخەسەلا» و چۆتە ئیدیەمەوە، بەڵام دەکرێ بگوترێ « قبوڵ نەکا ئەڵڵا» بێ گۆڕان و بێ دەردی سەر. بە هیچ تەئویلێک ئەم گۆڕانە وەیا «گوتی، دەڵێ» با نادرێتەوە بۆ داخوازیی فۆنەتیک، زمانە و دەگەڕێ و دەگۆڕێ و یاسا دادەنێت و تێی دەبات و تێی نابات و لەهجە تا لەهجە فەرق دەکات و دەیان ڕێچکۆڵە پەیدا دەبێ و دەبنە شەقامەڕێ و ئەوەی دەقەومێ دەقەومێ یاسای ڕێزمان تێیدا دیار دەبێ و هی فۆنەتیکیش هەروەها، پەند و ئیدیەم و مەتەڵ و فنونی بەلاغەت و... و نازانم چی دەزێتەوە جاڕومەجرور کارا و بەکار و سەدان کەرتی دیکەی ڕێزمان دەوری خۆیان دەبینن و یەکێک دەڵێ «بە تاق و تەنیا» و ئەوەی دیکە «تەک و تەنها» سێیەمیان «بەتەنی تەقێ» بەپێی ڕاهاتن.. خولاسە دیاردەی زمان بە زەمان و مەکان و ئینسانیەوە شەپۆل دەدات و فۆنەتیک یەکێکە لە شەپۆلەکانی و ناتوانێ حوکمی شەپۆلی لە خۆگەورەتری وەکوو «ڕێزمان» بۆ خۆی ڕاکێشێ و ڕێی تەعبیری جودا و دەربڕینی هەمە چەشنە لەو خەڵقە هەمە چەشنەیە ببەستێ، ئێمە.. دەزانین «دەستگرە» دوای سوانی دەنگی «ت» بووە «دەزگرە» چونکە بەپێی دەستوورێکی فۆنەتیکی کوردی دەنگی کپ ئاغلەب لە جیرانەتی دەنگی ئاوازەداردا دەبێتە ئاوازەدار بۆیە سینەکەی «دەسگرە» بووە «ز» بەڵام دەستووری دروست کردنی وشەی لێکدراو وەیا داڕێژراو بە جۆرێکی سەربەخۆ لە زماندا هەزاران وشە پێک دێنێ وەک کە «دەستگرە- دەزگرە» ی هێنا ئیتر فۆنەتیک چۆنیکی کار دەکا با بیکا. صەدان وشەی وەکوو: کلک تەقێنە، بەردەنوێژ، دەستەبەرە، کێلەقەبر، بزمارکوت، شیرەخۆر، گورگنەخۆرە، مەلاخۆرە، گورگنەخۆرەی دزنەبەر، سەرهەڵقەنە، گێرەشێوەین، سەرپاڵە... بێ ئەوەی فۆنەتیک

وەهای کردووە وشەی لێکدراوەکە بە دروستی دەمێننەوە دەڵێن «گاو آهن». کورد دەڵێ «حەماغا- لە جیاتی حەمەد ئاغا» هەرچی فارسە دەڵێ «حەمە ئاقا». کورد دەڵێ «دەئەنگێوم، دەنگێوم» بەڵام دەڵێ «نە ئەنگاوتن» و ناڵێ «نەنگاوتن». فۆنیمی حەقیقی لە سەرەتاوە وشە دروست دەکات دواتر پێداویستی فۆنەتیک تاووتۆی تێدا دەکات. دەبینی وشەی بێگانە کە چ دەخلی ئێمەی تێدا نییە و لە پشت حەفت بەحران ترووکاوە کە دێتە نێو کوردەواری هەر ناوچەیە جۆرە مامڵەتێکی لەگەڵدا دەکات. بە نموونە وشەی مەرەکەبی «کوینک» لە سلێمانی کافی پێشەوەی کلۆر دەکرێ لە بەری سۆران کلۆر ناکرێ، تەنانەت لەبەری سۆران هەر چونکە کاری «پشکووت، گوا، ئەنگوت» لە سەرەتاوە کاف و گافەکەیان کلۆر نەبووە. لە مضارعدا کە دەڵێن «دەپشکوێ، دەگوێ، دەئەنگوێ» کاف و گافەکە کلۆر ناکەن کەچی لە بەری بابان کلۆری دەکەن. خولاسە فۆنەتیک بەدوا وشە و ڕستەدا دێت و خزمەتکاری فۆنیمەکانە، هەرچی کەسرە موختەلەسەیە خۆی زادەی فۆنەتیکە چونکە بە پێی داخوازیی دەربڕینی فۆنیم یان دێت یان نایەت یان کە هات دەسوێت و دەخلی بەسەر واتاوە نییە واتە دەخلی بەسەر تەکوینی وشەوە نییە دەنا دەبوو بە سوانی واتا نەمێنێ.

تەکوینی وشە و واتای وشە دوو ڕووی یەک سککەن. ئەم قسەیەم لێی هەڵناستێ بگوترێ: بڕگە لە وشەدا یان بزوێن یان قورس کردنی تێدا نەبێ پەیدا نابێ چونکە قسەکەی من خۆی لە بنەڕەتدا وەرامی ئەم ئیعتیرازە دەداتەوە کە دەیەوێ لە پەنا بەهانەی تەکوینی بڕگەوە بایەخ بەو قورس کردنە بدات. سەرنج بگرە دەبینی ئەو بڕگەیەی بە هۆی بزوێنی ڕاستەقینە پەیدا دەبێ واتاکەی بەندە بەو بزوێنەوە مەگەر جودایی لەهجە و سوانی عادەتی بەسەر وشەدا هاتبێ فۆنیمی گۆڕی بێ وەک کە «مر» بۆتە «مەل» وەیا وشەی «شەلە» لە هەندێ لەهجەدا دەبێتە «شلە» کە ئەم دیاردەیەکە دەخلی بەسەر فۆنیم بوونی دەنگەکانەوە نییە، پێشتریش باسمان کردووە لە هەموو دنیاش باس کراوە. تێچوونی بزوێنی حەقیقی دەبێتە هۆی نەمانی واتا وەک کە «سەر» بوو بە «سر» واتا نامێنێ هەرچەندە ئەو قورسایییەش لە سەر «س» ـەکە هەر ماوە. وشەی «پەنیر» ببێتە «پەنر، پنیر» لە هەردوو باردا واتای نامینێ. بەڵام قورسایی لەسەر «گەنم» لادە و بڵێ «گەنمەکە» واتا تێک ناچێ.. ئەمەش بەدیهییەیە.

لە هیچ ڕوویەکەوە قیاسی تێدا چوونی قورسایی لە وشەدا لەگەڵ تێدا چوون وەیا گۆڕانی فۆنیم ناکرێ چ لە وشەدا بێ چ لە ڕستە و باری ڕێزمانیدا بێ، چونکە ئەگەر ئەو قیاسە بکەین دەبێ بڵێن نەمانی دەنگی ئەلفی «ژماردی، سپاردی، ڕژا» لە «دەژمێرێ، دەسپێرێ، دەڕژێ» دا وەکوو نەمانی قورسایی لامی «دڵ» ـە لە «بە دڵمە» ئەوساش سەرەڕای بەهەڵەدا چوونێکی نەوعیی سەرەتایی سەرسوورێن، دەکەوێتە تەناقوزێکی لە حیساب بەدەر چونکە لە لایەکەوە گوتمان نەمانی قورسایی و نەمانی ئەو ئەلفانەی وەکوو یەکدین، لە لایەکی دیکەشەوە زەق زەق دوو دیاردەی ڕێزمان و سسینتاکس دەبینین ئەو لە یەکدی چوواندنە ناسەلمێنن: دیاردەی یەکەم ئەوەیە، ئەلفەکان لە مضارعدا نەفۆتاون بەڵکوو بە پێ یاسایەکی ڕێزمانی بوونەتە «ێ» یاساکەش وەها پەرەسەندووە هەموو کاری مطاوعەی وەکوو «سووتا، ڕما، برژا» و هەموو کاری مبنی للمجهول و هەموو کاری ڕێژەی «نواندی، بواردی، ستاندی» دەگرێتەوە تەنها «خواردی» ناگرێتەوە کە ڕیزپەڕە: دەسووتێ، دەڕمێ، دەبرژێ، دەنوێنێ، دەبوێرێ، دەستێنێ، دەچێنێ، دەسپێرێ...هتد. وەک دیارە گۆڕانەکە بە دەستووری ڕێزمان پەیدا بووە نەک فۆنەتێک.

دیاردەی دووەم ئەوەیە، گۆڕانی دەنگەکە لە ئەلفەوە بۆ «ێ» شان بەشانی گۆڕانی زمانی کارەکە لە ڕابردووە بۆ مضارع هاتووە، بێ گومان لەو کارانەدا گۆڕانی ئەلفەکە پتر لە «دە» ی مضارع بەشداری گۆڕینی زمان بووە چونکە لە ڕابردووی بەردەوامدا «دە» ی مضارع هەیە و ئەلفەکەش ناگۆڕێ: دەگوترێ «دەسووتا، دەڕما.. دەمبوارد، دەتچاند، دەمانستاند، دەیانسپارد.. هتد».

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە 67 دا وەها هاتووە کە «ئە» ی کاری مضارع، لە ئاخاوتنی سلێمانیدا بەهۆی سوانی «د» ی «دە» ی مضارع پەیدا بووە، گۆیا کە دالەکە سووا دەنگەکەی

فەتحەی پاشیەوە «بەئاسانی ناتوانرێ تەلەفوز بکرێ» [سەرەتای لاپەڕە 68 بەیان]. لە پێشەوە کە دەڵێم دالەکەی سووا ئەو فەتحەیە نە بە ئاسانی و نە بە زەحمەت تەلەفوز ناکرێ، ئەگەر بشسەلمێنین دوای سووانی دالەکە هەمزە هاتووە بە جێگر هەر ئەوەندە مەعلووم دەکرێ کە هەمزە دەنگی چالاکە، پتر خزمەتی زمان دەکا لە «ف، ش، ج» دەنا چ قەیدی دەکرد بگوترێ «فەڕۆم، تەخۆم، جەنووسم». ئەمە با لێرە بێت.

ڕایەکەی د.ئاوڕەحمان تێبینی گرنگی دیکە هەڵدەگرێ: لە ئاخاوتنی سلێمانیدا بە دەگمەن نەبێ دەنگی دال لە بەرایی وشەدا ناسوێ، دەگوترێ: دار، دەزوو، دین... بەو پێیە دەشیا بگوترێ «دەڕوا»، بەڵام خەڵقەکە پێڕەوی ئەو شیبیانەی نەکرد. ناوناوەیەکی زێدە کەم دەنگی «د» لە پێشەوەی وشەدا دەسوێ وەک کە «دای، دێت» دەبێتە «یای، یەت». بەبیرمدا نایەت لە ئاخاوتنی سلێمانیدا دالی بەرایی وتە لە غەیری «دە» ی مضارعدا کرابێتە هەمزە. وشەی «داخۆ، داخوا» دەشێ ببێتە «ئاخۆ، یاخۆ» بۆیە ناڵێم دالەکەی بۆتە هەمزە، دیارە شریکی هەیە. بچین بۆ بەرەو کۆتایی وشە، دەبینین قەصیدەیەکی نالی سەرلەبەری دەنگی دالی پاراستووە لەو شوێنەدا:

جۆشەش و تاوە لەناو دیدەیی گریانمدا
چ تەنوورێکە لە تەندوورەیی طووفانمدا

بە عادەت ئاخێوەری سلێمانی دەڵێ «گریانمما، گریانما..» ئاخێوەری سلێمانی وشەی «تێدا» دەکاتە «تیا» و هەمزەی تێ ناترنجێنێ. دەشێ بڵێین دوای سووانی دالەکە بزوێنی «ی» هەیە و دەکرێتە کۆنسنانت و بە ئەلفەکەی دوایەوە دەلکێ، ئەمما لە «تیایا» دا کە گۆڕاوی «تێدادا» یە دیارە دالی «دا» ی دووەم کراوە بە «ی». وشەی «لێرەدا» دەکرێ بە «لێرەیا»، ئەویش دالی بە «ی» گۆڕاوە، «مەییان» لە «مەیدانەوە» هاتووە و دالەکەی بۆتە «ی».
«عەوداڵ» دەکرێتە «عەوواڵ» و دالەکەی بە «و» گۆڕاوە. بە پێی ڕایەکەی د.ئاوڕەحمان لە گۆڕینەوەی «دە» بە «ئە» دەبوو لە بری «یام، گریانما، یاخۆ، تیایا، لێرەیا، مەییان، عەوواڵ» ببنە «ئام، گریانمئا، ئاخۆ، تیائا، لێرەئا، مەیئان، عەوئاڵ...» وشەی «یەت» چونکە لە «دەیەت، دەهێت» ەوە پەیدا بووە بەر دەستوورەکە ناکەوێ.. من ڕێم هەیە بڵێم ئەو وشانەی کە هەمزەکەیان دەکەوێتە ناوەوە ناجایەزن چونکە دەنگی هەمزە لە ناوتوێژی وشەی ئێستاکەی کوردیدا نەماوە، بەڵام د. ئاورەحمان دەڵێ هەمزە لە سەرەتای پڕگەشەوە بە یاریدەدەر دێت ئیتر بۆ نەیەتە بەرایی ئەو پڕگانەوە؟

لە سلێمانی دەبیەیت وشەی «بەدەل، مەدەد، ئەحمەداوا» و هی تریش بە جۆرێک دالەکەیان کلۆر دەکرێ لە دەنگی زمانی دەشۆرێ و قابیلیەتی نووسینی پێوە نامێنێ. ئنجا ئەگەر «دە» ی مضارع بەو نیازەی د. ئاورەحمان دەڵێ بووبێتە «ئە» دەبوو وشەکان ببنە «بەئەل، مەئەد، ئەحمەئاوا».

ڕاستیەکەی گۆڕانی «دە» بە «ئە» هیچ پەیوەندیی بە یاریدەربوونی هەمزەوە نییە، هەر ئەوەندە بە ئیسپات دەگەیەنێ کە دەنگی هەمزە پتر بە هانامان دێت لە «ق» هەر وەک «ی» ش پتر بە هانامان هات لە «غ». مەییان، حەڤقەیەم و ئەحمەداوا و بەدەل، هەموویان دوای سوانی دالەکەیان بەو جۆرەی دەیبیەین لە زاری خەڵقەکە خۆش هات، نە هەمزە لە توهمە دەپەڕێنێتەوە نە پشتگیریش لە ڕایەکەی د.ئاوڕەحمان دەکەن. منش پێم دانەگرت لەسەر بەهانە پێوە گرتنیان چونکە مەبەست ڕوون کردنەوەی مەوزوعە نەک یەکدی سەغڵەت کردن هەرچی بەڵگەیەکی لێرەو لێرە بە پێشەوەش نووسیبێتم لە بارەی هەمزە و قورسکردنەوە یەخەگیری سەرچاوەی باوەڕە جوداکە دەبێت کە مامۆستاکانی زانستی فۆنۆلۆجییە.
د.ئاوڕەحمانکە لە سەرەتاکانی ستووبی یەکەمی لاپەڕە 66 دەنووسێ: «... بۆ دانەنانی هەمزە بە فۆنیم لە کوردیدا ئەوەی نووسیومە ڕاوبۆچوونی خۆمە و مامۆستا مەسعوود محەمەد بەخۆڕایی وای داناوە، کە بە پێی پەسەند کردنی ”بیروڕای فۆنۆلۆجیستەکان لە بارەی

هەمزەوە" لە پێشەوە "بڕیاری ئیعدام کردنی هەمزەم داوە"» قسەیەک بەزاری مندا دەهێنێ. هەرگیز بەو شێوەیە لە زارم دەرنەچوە.

لە ستوونی دووەمی لاپەڕە 20 ی «ڕۆشنبیری نوێ» گوتوومە: «فۆنۆلۆجستەکان کە د.ئاورەحمان لەوانەوە باسی فۆنیمان بۆ دەگێڕێتەوە ئەوە دەڵێن کە لە وتارەکەدا بە کورتی نووسراوە، واتە: فۆنیم بەو دەنگانە دەگوترێ کە لە زماندا وتە پێک دەهێنن و بە گۆران و نەمانیان واتا دەگۆڕن». چی لە قاموسیش نووسراوە هەر ئەمەیە ئیعدام کردنی هەمزەش بەهیچ جۆرێک وەپاڵ د.ئاورەحمان نەدراوە چونکە بەر لە د.ئاورەحمان بە ساڵەها قسەکە نووسراوە و بیستراوە.

ئەگەر ڕابەرەکانی ئەورووپا گوتبایان هەمزە فۆنیمە زەحمەتە مەودا مابایەوە لە پێش کوردێکی عێراقی کە خۆی خوێندنی لە ئەورووپا تەواو کردوە ڕایەکی دیکە دەربڕێ. ئاسانترە بگوترێ هەمزە فۆنیمە چونکە وەکوو دال و میم و شین بەرهەستە و لە وتە و ڕستەدا کار دەکات، بەڵام دنیا بڵێ فۆنیم نییە بەو هەموو زەقییەی تێیدایە کارێکی ئاسان نییە.

ڕێکەوت وەها بوو لە ئۆتۆمبیلێکدا کە د. کەمال مەزهەر لێی دەخوری بۆ یەکەم جار لە د.ئاورەحمانم بیست کە بیروڕای لە بارەی هەمزەوە هی خۆیەتی، پێشم گوت کە من ئەمەم بە خەیاڵدا نەهاتووە ئەوساش گۆتارەکەم دەرچوو بوو یان لە چاپ کردندا بوو [دەرچوونەکەشی لەگوینترە]. من هەر چونکە د.ئاورەحمان بە ئینسانێکی ڕاستگۆ دەزانم باوەڕ بەو قسەیەی دەکەم، ئەگەر پێشتر لێم بیستبایە لە گۆتارەکەمدا باسێکی ئەو لایەنەم دەکرد. بەهەمەحاڵ من هەر جارە باری قسە هاتبێ گوتوومە لەوەتەی ئەلفوبێی ڕۆژهەڵات بەر لە 2700 ساڵ پەڕیەوە بۆ ڕۆژاوا ئیعدامی هەمزە دەرچووە. لەبەر ئەوەی جێی خۆی نەبوو دوای قسەکانی سەرووی بڵێ: «بەپێچەوانەوە بۆم هەیە لە مەسەلەی هەمزەدا من ڕەخنە لە مامۆستا مەسعوود بگرم، چونکە لە نووسینەکەیدا ئاشکرا دیارە،کە ئەو هەوڵی داوە زمانی کوردی بخاتە قاڵبی عەرەبییەوە و فۆنیمی عەرەبی بەسەر کوردیدا ساغ بکاتەوە بەمە گیان بەبەری هەمزەدا بکات». تێ ناگەم من چۆن و چۆنی گیان بەبەر دەنگێکدا دەهێنمەوە کە کورد لەوەتەی هەیە بەکاری دەهێنێ؟ چما هەمزە «ض، ط، ظ» ـە ڕامگۆستبێتە ناو کوردی؟ کە بەڵگەش لە زمانی ئێرانی کۆن وەیا عەرەبی وەیا ئینگلیزی و فرەنسەیی بهێنمەوە کتۆیی و کواوکوویی و چۆناوچۆنی زمانی کوردی دەخەمە قاڵبی عەرەبییەوە؟ سەرلەبەری کۆڕی زانیاری کورد پێی نەکراوە واوی کەشیدەدار بەسەر ڕێنووسدا بهێنێ چونکە دەسەڵاتی نەبوو، گۆیا من تەنها پێم دەکرێ هەموو زمانەکە لە قاڵبی خۆی دەربێنم! بێ گومان لە زەمینەی جوابەجێییدا بە نوکتە ئەو قسەیە هاتووە دەنا هەر وەک د.ئاورەحمان بەو ڕایانەی پشتگیرییان لێ دەکات نایەوێ کافرستانی دابهێنێ منیش نەمویستووە لە ڕێی بیروباوەڕمەوە خەڵق بۆ حەج ڕاپێچەک دەم.

بەهەمەحاڵ هەرچی بڕیارێکی بۆ هەمزە بدرێ کار ناکاتە سەر لایەنی دیکەی زمانی کوردی، بۆ ئەگەر «تیروپشکێ...» لە چارەنووسی هەمزە بهاوێین زەرەر ناکەین. هەر ئەم هۆیەش بوو ناوی ئەم گوتارەمی دیاری کرد بە «تیروپشکێ...» هەرچی بڕیاریکیش بۆ کەسرە موختەلەسە بدرێ باری زمان ناگۆرێ بە مەرجێک مانەوەی لەو شوێنانەی تێ دەچێ دانەسەپێ:

- «گەن، مە - کە» نەبێتە «گە- ن- مە- کە»،
- «بە- دڵ- مە» نەکرێتە «بە- د- ڵ- مە»،
- «هەڵ- تان- گرت» نەبێتە «هە- ڵ- تان- گرت»،
- «مەز- نە- پیاو» نەبێتە «مە- زنە- پیاو» نەبێتە «مە- ز- نەپیاو»

ئەگەر قورساییکردن بە نیگارەوە داسەپا و چاری مان و نەمانی تێدا نەکرا، زمانەکە وەها دەشێوێ عەیبدار بێت. ئەم زەرەرە چ قیاسی ناکرێ لەوەی کە د.ئاورەحمان دەیەوێ «ی» وەصف و ئیزافە بە دوا ئەو وشانەشدا بنووسرێن کە کۆتاییان بە واوی تیژی درێژ دێت، ئەم یێیە هەرچەند لە گوتندا مومکین نییە دەرکەوێ، هێندەی یێی ئەسڵی وشە و ئیسمی مەعناش

درێژ نییە، تەنانەت بە دوا ئەلف و واو و فەتحەدا دەشبێتەوە کۆنسنانت. دیسانەوە خزمەتێکی ڕوون کردنەوەی ڕستە دەکات. بەڵام مەسەلەکە هەر بریتی نییە لە «ی» وصف و اضافە کە لە دوا «ی» تیژی درێژدا بزر دەبێ، خۆشم لەم گوتارەدا بە زۆری ئەو «ی» ـانەم نووسیوە چونکە نووسینیان بێ زەرەرە و بۆرە دەستورێکیش پشتگیری لێ دەکات. کە ئەم «ی» ـە لە نووسیندا ژیایەوە دەبێ زماناسان بیر لە هەموو «ی» ـەکی وەک ئەویش بکەونەوە کە بە پێی دەستووری زمان دەبێ هەبێت و لە ئاخاوتندا بە دوا «ی» ڤاووڵدا تێ دەچێت. ئەمەش چەند نموونەیەک:

- لە کاری «دزی» دا دەبێ ئەو «ی» ـە دەرکەوێتەوە: من نووسیم - ئەو دزیی
- لە کاری «خشی» دا نابێ دەرکەوێ چونکە لە ڕابوردووی تێنەپەڕدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک وجودی نییە: من خشیم - ئەو خشی
- لە کاری «نووسی، دزی...» دا دەبێ بۆ کەسی دووەمی تاک تەنها «ت» بە دوا کارەکەدا بەهێنین چونکە لەوکارانەدا تەنها «ت» ڕاناوە: من نووسیم، دزیم - تۆ نووسیت، دزیت
- لە کاری «خشی، جمی ڕزی...» دا دەبێ «یت» بۆ کەسی دووەمی تاک بێتەوە، چونکە تێ نەپەڕن: من جمیم، ڕزیم، خشیم - تۆ جمییت، ڕزییت، خشییت
- لە کاری «نووسی، دزی» دا بۆ کەسی یەکەمی کۆ ڕاناوی «مان» دێت، دەبێ بنووسرێ: من دزیم، نووسیم - ئێمە نووسیمان، دزیمان
- لە کاری «خشی، ڕزی...» دا چونکە تێنەپەڕن دەبێ «ین» بێت: من خشیم، ڕزیم - ئێمە خشیین، ڕزیین
- لە کاری «دەنووسم، دەدزم....» دەبێ ڕاناوی کەسی دووەمی تاک و یەکەمی کۆ بەم جۆرە بلکێن: من دەنووسم، دەدزم - تۆ دەنووسیت، دەدزیت - ئێمە دەنووسین، دەدزین
- لە کاری «دەژیم» دا دەبێ ئەو ڕاناوانە بە دوا «ی» «دەژی» ـدا بێن: من دەژیم - تۆ دەژییت - ئێمە دەژیین

ئەمانە بەدیهیەی ڕێزمانن و خۆ لێ دزینەوەیان مومکین نییە: بەڵام دەشێ بگوترێ ئەم سەرشێواندنە مەتەڵاوییەی پێ ناوێ، با هەر یەخەی «ی» اضافە و وصف بگرین، منیش بەرهەڵستی لێ ناکەم دوای ئەوەی بە چاوی کراوەوە بڕیار درا. بەڵام ئەوساش گرفتی «ی» کەسی سێیەمی تاک لە حاڵەتی اضافەدا هەر دەمێنێ:

- دەستم چاوم ترۆزیم
- دەستی چاوی ترۆزیی

لەمەیاندا چ بکەین؟ هەر بڕیارێکی بۆی بدرێ خراپ نییە بە مەرجی مەنتیقی ڕێزمانی تێدا بەکار هاتبێ. بڕیاری بێ لێکدانەوە نایێتە جێی قەناعەت. کە بڕیار درا بنووسرێ «ترۆزیی» ئەوساش بێ دوو دڵی نووسینی ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆ لەو بارانەدا لە خۆوە ڕوون دەبێتەوە:

- دەستی - ترۆزیی
- دەستیان - ترۆزییان

لەگەڵ «چی» دا بەقیاس دەنووسین:

- پیاوی دیت
- چیی دیت
- پیاویان دیت
- چییان دیت

من لە نووسینێکی کۆنمدا ئەم لایەنەم ڕون کردبۆوە، وابزانم گوتبووم بە ژیاندنەوەی «ی» وصف و اضافە یەک «جدول لۆغاریتم» لە ڕیزماندا قوت دەبێتەوە، وا ئێستاش دەڵیم، چاری ئەو

جەدوەلە دەبێ بکرێ دەنا نووسەری نەشارەزا، بگرە شارەزاش، لە نغوردەکە پڕ ناکات، خۆ تێنەگەیاندنیش لە کێشەکە مەنتیقی تێدا نامێنێ چونکە لە سەرەتاوە ژیاندنەوەی ئەو «ی» ـە لە ڕێی ڕێزمان زانییەوە هاتە ناوەوە، چ ڕەوای هەقە زانینەکە هەر هەتا پێنجیەک و شەشیەکی ڕێگاکە تیشک بهاوێ؟

لەم موناسەبەیەدا دەڵیم، جارێکیان گوترابوو «یازدەم، دوازدەم....» کە من پێڕەوی لێ دەکەم هەڵەیە، دەبێ بنووسرێ: یازدەیەم، دوازدەیەم ئەم ڕەخنەیەش پێنجیەکی ڕێگەی پریوە چونکە کێشەکە هەر بە دوا یازدە و پازدە و نۆزدەدا نایەت:

وشەی «سەر، دووسەر» بزوێنی فەتحەی بەدوا نایەت. کە «لە» ی جەڕی کەوتە پێش دەگوترێ: «لە دووسەرەوە» واتە «ەوە» ی بەدوادا هات. کەواتە بۆ «پەنجەرە» دەبێ «یەوە» زیاد بکرێ وەک «یەم» بۆ «یازدە» زیاد کرا: یازدەیەم - لە دوو پەنجەرەیەوە.

وشەی «کوڕ» کە ئەداتی تەعریفی بە دوادا هات دەبێتە «کوڕەکە» واتە «ەکە» ی بۆ دێت. ئەویش بە قیاس لە «یازدەیەم» داوا دەکات ئەو فەتحەیەی بۆ بپارێزرێ و بگوترێ: یازدەیەم - برایەکەم. زۆربەی کوردیش وەها دەڵێ تەنها ئەو لەهجەیەی دەڵێ «یازدەیەم» پێڕەوی لە دەستووری خۆی ناکات و دەڵێ «براکەم».

کورد دەڵێ: دەشتاو دەشت، دزاو دز، دەستاو دەست. بەپێی دەستووری پاراستنی فەتحەی کۆتایی «یازدە» دەبێ ئەم ئەلفەی «او» یش بپارێزرێ و بگوترێ:

چیایاو چیا - نەک چیاو چیا
دەریایاو دەریا نەک دەریاو دەریا

من کە دێم دەنووسم «یازدەم، دوازدەم...» ئاگاداری ئەو دەستوورانەم بۆیە ڕێ بە خۆم دەدەم تا ئەو ڕۆژەی بڕیارێکی چاوساغانەی شارەزایانە لە هەموو ڕووی کێشەکە دەدرێ ڕێگایەک بگرمە بەر کە لە سەرجەمی دەستوورەکانی ئەو کێشەیەی لا نەدابێ.

بەڕاست، کە دەنووسرێ: دووهەم، سێهەم، نۆهەم، دەهەم..... نۆزدەهەم دەستوورێکی فارسی بەکار دەهێنرێ. بەهەمەحاڵ دووەم نۆیەم، یازدەیەم... نۆزدەیەم کوردیترە یانی لەبارترە. لەو ناوچانەی وەکوو من دەڵێن «یازدەم» تەنها لەو وشانەدا کە بریتین لە یەک کۆنسنانت و یەک بزوێن، لەو حاڵەتانەدا «ی» ـەک دەهێنن بۆ پاراستنی بزوێنەکە و دەڵێن: دەیەم - شەیەکە - گایەکە.

لە ئاست «دوو» دا پێویست نابینن بەو «ی» ـە، وواوەکە خورد دەکەنەوە دەڵێن «دووەم». لەهجەش هەیە دەڵێ: «دوویەم»، «لە زوویەکەوە، بەم ڕوویەدا هات...». لە «سێ» شدا ئەو «ی» ـە نایەت بەزیادەوە بەڵکوو «ی» ی وشەکەی «سێ» خورد دەکرێتەوە بە «کسرە+ ی کۆنسنانت» و دەگوترێ «سێیەم».

قسەیەکی دواییم ماوە:

فۆنەتیکناسی و فۆنۆلۆجی لەوەدا بایەخ وەرناگرن فێرمان بکەن فڵانە دەنگ لە لووتەوە و ئەوەی دیکەیان لە گوێوە دەردێ چونکە دەنگەکان بێ خوێندن و فۆنەتیک دەردێن و لەوەتەی مرۆڤیش هەیە بە دروستی دەری پریوون. چ قازانج بە کەس ناگات بگوترێ لە بەرایی نوونی چاوگدا قورسایی هەیە چونکە ئەم قورساییە لە «نووستن، نووستم، کردت، دڵت، دڵم، کوڵکن، جلک...» و بە کۆتایی صەدان و هەزارەن وشەوە هەیە نەک هەر نوونی چاوگ. ئێمە بە

دۆزینەوەی قورسایی سەر نوونی چاوگ و پاشگری «ن» و «ک» لە «کوڵکن، جلک» دا نابێ وەها دانێین شیری مووسامان دۆزیوەتەوە چونکە ئەم کەسرە موختەلەسەیە لە کۆنی هەرە کۆنەوە دۆزراوەتەوە.

فۆنەتیکزان و فۆنۆلۆجیستی کورد لە سەریەتی ئەو هەڵانە ئاشکرا بکات کە زەق زەق لە چاو دەچەقن. کەسرە موختەلەسە لە ڕێنووسی ئیستاکەماندا بەرچاو نییە: دەمەتەقە لەو باتە دەبێتە بابەتی ئەکادیمی تا ئەو ڕۆژەی پیتی لاتینی لە نووسینی کوردیدا بەکار دێت. گریمان هەموو دنیا سەلماندی، قورسایی بەرایی نوونی چاووگ و ڕاناوی کەسەکان... دەبێ نیگاری بۆ دابندرێ خۆ هەر مومکین نییە ئەو نیگارە پەیدا بکرێ. ئەوپەڕی ئیمکان لەو ڕێگەیەدا ئەوەیە بچینەوە بۆ پێشنیازەکەی مامۆستا وەهبی، باوەڕیش ناکەم کەس بەدوا پێشنیازی ئەوتۆیی بکەوێ.

ئێمە با جارێ یەخەی ئەو هەڵە ئاشکرایانە بگرین کە زەق زەق لە چاو دەچەقن. فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی ئەگەر هەر فێری زانیارییە سەراوییەکان وەکوو: ئاوازەدار، لێوی، پووکی، انفجاری... مان بکات وەک ئەو کەسەمان لێ دێ بزانێ بەردی سەر تەختەدامە ببزێوێ بەڵام جوغەدار و ئاڵتی داش و مەیموون ئۆیینی فێر نەبێ و نەتوانێ بەردێک بگەیەنێتە خانەی دامە. وەیا کەسێک دەم لە کێش و قافیە بدات و نەتوانێ شیعر هەڵبەستێ.

ئەو تەرزە زانیاریە سەرەتاییانە لە فۆنەتیکدا نەزۆک دەمێننەوە ئەگەر گەشتی بەرەو ناوەوەی زمان نەکەن. دەبێ دەستووری وەهایان تێدا بدۆزینەوە بشێ هەڵەی وتە وەیا تەعبیرمان بۆ ساغ بکاتەوە. ئێمە ئەگەر پێ داگرین لەسەر «یانزە، دوانزە، سیانزە، شانزە، حەڤقە» چ دادمان نادا چەند سەرنجدەرێک لە ڕێی فۆنەتیکەوە وەیا لە خۆوە زانی بێتی، سوانی دەنگی «د» لەو وشانەدا نوونی بۆ چواریان هێناوە و «ڤ» شی بۆ یەکیان هێناوە. زانینەکە پێویستە، بەڵام پێڕەوی لێ کردنی فەرمانی سەرشانە، بە تایبەتی چونکە بەشی زۆری کورد وتە ڕاستەکان دەبێژن: یازدە، دوازدە، سێزدە، حەڤدە.

دەبێ بزانین شکاندنەوەی «ی» تیژی درێژ لە ئیشارەت کردن و کۆ کردن و باری ئەوتۆیدا دەیکاتە «کورتە بزوێنی کەسرە» + «ی» کۆنسنانت ئیتر وەک کە دەڵێین «دارا برسییە، ئەم کورسییە شکاوە» دەبێ بڵێم «کورسییەکان، ئیتالییەکان» نەک «برسێکان، ئیتالێکان».

لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەم هەڵەیە بەسەر دەرگەی هەموو دایەرەکانیدا لە چاوان دەچەقێ کە لێیان نووسراوە «ئەمینداریێتی» لە جیاتی «ئەمینداررییەتی». بەعادەتی دەستوری کورتبێژی زۆربەی کورد لەو تەرزە وشانەدا دەڵێن «ئیتالیەکان، ئەمینداریەتی» بەڵام دەڵێن «برسییەتی» نەک «برسیەتی». چ بڵێی «برسییەتی کافرە» و چ بڵێی «من برسیمە، دارا برسییەتی» فەرق ناکا لە ڕووی شکاندنەوەی «ی» درێژی تیژ.

بە نموونە، دەگوترێ «هەر ئەم پیاوە خزم و کەسیەتی» و ناگوترێ «کەسییەتی» بەڵام دەگوترێ «خزمییەتی» و دەشگوترێ «خزمیەتی». بەهەمەحاڵ «کەسیەتی، خزمیەتی» بەر یاسای دەنگسازی و کورت بێژی دەکەون بەڵام «ئەمیندارێتی، برسێتی، ئیتالێکان..» پێوەندییان تەنها بە زاری ناوچەییەوە هەیە نەک بە دەستووراتی ڕەسەنی هەمەکیی کوردییەوە. هەر ئەو زارەی دەڵێ «ئیتاڵێکان» ناچارە لە بنای وەصفدا بڵێ «ئیتاڵیە زیرەکەکان، برسیە ڕووتەکان».

دەبێ فۆنەتیکناس بە خەڵق ڕابگەیەنی «تێدا، جودا» ڕاستن و بەسەر زاری زۆربەی کوردەوەشن چ ئینساف لەوەدا نییە ئاخێوەری ڕانیە ناچار بێ لە نووسیندا ڕاستە شەقامی کوردی لەو وشانەدا بەجێ بهێڵێ بۆ «تیا، تیایا، جیا».

ئەگەر پسپۆڕی باسی فۆنۆلۆجی بەدەنگ بێت، بگرە جۆرێک بایی بوونیش لە خۆیدا هەست دەکات کە دەبینێ قەڵەمەکەی لەو جۆرە هەڵەی پەرەسەندوودا دەگێڕێ و خەریکە بە خۆی بڵێ: «ئەوە ئەزم لە بانان دەبەزم». لە وشەی وەکوو «نوێژ، توێ، کوێر، سوێر» دا نووسەران بە پێی لەهجەی شاری سلێمانی و بەشێکی دیکەی کوردستانی خواروو دەیانەوێ «دیفتۆنگ» ی نێوان «وێ» بەسەر نووسینی ئەدەبیماندا بسەپێنن. بە بەڵگەی بێ کەلەبەر ئیسپات بووە و دەبێ کە دیفتۆنگەکە ناوچەیی یە نەک کوردی ڕەسەن، وابزانم د.ئاورەحمانتیش پشتگیری لەو بەڵگانە کرد. نالی لە شیعردا شێوە ڕەسەنەکەی بەکار هێناوە:

هەر جۆگە وو جێگایەک کەوا سوور و سوێر بێ
جێـی جۆشەشـی گریانــی منە خـوێ نـەڕژاوە

وشەی «سوێر» ئەگەر دیفتۆنگی تێدا بێ کێشی مصرەعەکە لەنگ دەبێ:

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاگر دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکا توێ

وشەی «توێ» دیفتۆنگدار بێ هەم شیعرەکە لەنگ دەکات و هەم ناشبێتە قافیەی «هوردوێ، گوڵی بوێ» ...هتد لە قەصیدەکەدا.

ئەمانە نموونەن بۆ دەست نیشان کردنی ڕێبازی فۆنەتیک و ئەرکی سەرشانی فۆنەتیکزان، کەچی بەداخەوە دەبینم خاوەن شەهادەی بەرزی زمان کە خۆیشی شیرمژی ئەو زارە ناوچەییە نییە لە جیاتی «دەڕۆم» دەنووسێ «ئەڕۆم». من دژی «ئەڕۆم» نیم، بەڵام نابێ خۆی بەسەر »دەڕۆم» دا زاڵ بکات کە ڕێبازی ڕەسەن و زۆربەی کوردە.

د.ئاورەحمان لە بنی دڵیەوە بە پەرۆشەوە بۆ زمانی کوردی، هەموو هێزی لەش و هۆشیشی بەو بەخشیوە تا ئەوەی لە هیچ بابەتێکی دیکە قەڵەم ناگێڕێ. بە ڕۆژ خەریکیەتی بە شەویش خەونی پێوە دەبینێ. لەو شەنگ و تاقەتەیدا، بە باوەڕم لێی دەوەشێتەوە دەست بۆ هەر لایەنێکی «زمان» ببات بەرهەمی لێ پەیدا بکات. بەولای خەبەردار کردنی نووسەران لە هەڵەی باو، ڕێبازێکی دیکە هەیە چاپوکسوارێکی خۆتەرخان کردووی بەپەرۆشی وەکوو ئەو دڵسۆزەی گەڕەکە هاتوچۆی تێدا بکات ئەویش بەستنەوەی کوردی ئێستاکەمانە بە هی کۆنینە.

زمانی کوردی لە دوای مادەکانەوە و لە زەمانی مادیش نووسینی نەبوو وەیا لێی بەجێ نەماوە پێبەپێی ڕۆژگار و گۆڕانی باری ئاخاوتن و نووسین دەقی ڕەسەن و سەرچاوەی ڕوونی لەهجەکانی لێ بناسرێتە. هەر ئەم فەلاکەتەیشە بووە هۆی نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی کوردی کە هەموو ئاخێوەری کورد تێی بگات. ئێمە کە نەتوانین مێژوو هەڵگێڕینەوە بۆ ئەوەی لە نووکەوە قاڵبی ئەدەبی بۆ هەموو کورد زمان ڕەنگڕێژ بکەین، ڕەنگە بتوانین ڕایەڵە پساوەکانی پێوەندیی ئێستاکەی زمانەکەمان بە ئاڤێستاوە گرێ بدەین وەیا هەر نەبێ بە شێوەی پسپسۆکیش بێ ئەوەندەی مومکینە لەو ڕیشاڵە کەرت بوانە بە یەکدی بگەیەنینەوە. دەزانم موشکیلەی زۆرە لەو کارەدا، گەورەتریشیان ئەوەیە کە دوای سووتاندنی نامە زەردەشتیەکان لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنیدا زارەوزار ئاڤێستا و گاتەکان... گەیپشتنە پەهلەوی. شێوە نووسینی هزڤارشیش دەستی گێرا لە شێواندنی ئەوەی پارێزرابوو، هەڵسوکەوتی زەمانی ساسانیەکانیش لە نووسینەوەی دووبارەی ئەو نامانە کاری سەلبی کرد (هەرچەندە لایەنی ئیجابیشی هەبوە، لێرەدا جێی لێدوانی نابێتەوە).

لەگەڵ ئەمانە هەموویدا کارەکە خۆ بۆ تەرخان کردن دەهێنێ، ڕێبازیشی کوێر نەبۆتەوە: وەختی خۆی لە ساڵی 1971- 1972 کۆڕی زانیاری کورد ئەم فەرمانەی لەقەبەڵ ئەندامێکی تەرخانی کۆڕ کرد بەڵام داخم ناچێ هیچی لێ شین نەبۆوە لە تاکە گوتارێکی کورت بەولاوە.

گوتارەکەش، ڕاستییەکەی بایەخدارە بەڵام دوورە لە گەیشتن بە ئامانج. حاجی قادر و نالی بە من سپێردران: ئێستاکە لەگەڵ خۆمدا دەڵێمەوە صەد جاران خۆزی بەوەی تەکلیفەکە پێچەوانە بوایە و لایەنە زمانیەکە بۆ من مابایەوە.

هەل لە دەست نەچووە، من نا، د.ئاورەحمان لە بارێکدایە بتوانێ خەست خەست هۆشی خۆی بە دەستەچرای زانستی تازەوە بە ناو تاریکایی ڕابوردووی زمانی کوردی پیرۆزدا بخولێنێتەوە. سەرچاوە چەنگ دەکەون. لە لەهجەکانی کوردیدا زۆر خڵتەی ڕاگەیێن و ڕوون کەرەوە هەن... قۆڵ و باسکی لێ هەڵماڵە، کۆڕی زانیاری عێراق و دەستەی کوردیش، بێ گومان، پاڵ پشتیت دەکەن، کوردێکی بشتوانێ نەوت بخاتە چراتەوە نابێ درێغی بکات... ئەوسا حەز دەکەی کارێک بە هەمزە بکە ناوی خۆی لە بیر بچێتەوە.

پوختەیەکی زێدە کورتی هەندێ خاڵی سەرەکیی ئەم گوتارە لەم چەند بەندەدا دەبێتە پاڵاوتە:

1) هەبوونی کەسرە موختەلەسە لە وشەدا بەندە بە داخوازی بەستنەوەی! فۆنیمی وەستاو بە فۆنیمی دوایەوە لە باری تایبەتیدا. بە نەمانی داخوازییەکە، کەسرە موختەلەسە دەشێ نەمێنێ و زۆر جارانیش دەبێ نەمێنێ.
2) هێز stress دێتە سەر کەسرە موختەلەسەی مەوجوود لە وشەدا، ئەگەر وجودی بەند بێ بە هێزەوە بایەخی «دەنگ» یشی نامێنێ چونکە بریتی دەبێ لە هێزەکە خۆی.
3) هەبوونی کەسرە موختەلەسە و هاتن و چوونی لە هیچ بارێکدا دەخلی بەسەر واتاوە نییە. هەرگیزاو هەرگیز تێدا چوونی ئەو دەنگە تەئسیر لە واتا ناکا بەو پێیە، موستەحیلە نرخی فۆنیمی هەبێ. دانانی نیگار بۆی دەبێتە هۆی خۆش خوێنی نووسراو نەک دان هێنان بە فۆنیم بوونی ئەو دەنگە.
4) فۆنیم بوونی دەنگ و فۆنیم نەبوونی لە حاڵاتی ڕێزمانیدا تاقی ناکرێتەوە، لە عەینی وشەدا تاقی دەکرێتەوە چونکە سوان و گۆڕانی دەنگ لە بارە جوداکانی ڕێزماندا دەستوورەکانی ڕێزمان ساغ دەکاتەوە نەک «هەوییەی» ی دەنگ.
5) هەمزە و دەنگی «ە» لەچاو هەموو دەنگەکانی دیکە تایبەتی و چۆنایەتی دەگمەنیان هەیە هۆیەکەش دەچێتەوە بۆ نزیکایی دەروویان لە پێکی قورگ و ژێ دەنگەکانەوە. هاتنیان لە بەرایی وشەوە بە ڤاوڵەوە و تێچوونیان بۆ ڤاوڵی ئەلفوبێ و بەیەکدی گۆڕانەوەیان بەڵگەیە بۆ چالاکییان و خزمایەتیی نێوانیان.
6) وا دیارە فۆنیمی هەمزە یەکێکە لەوانەی لەگشت زمانەکاندا هەبێت، فۆنیم بوونیشی لە ڕادەی بەدیهییەدایە: هەر زمانێکی هەمزەی لێ بسڕێتەوە کاول دەبێ کەچی بە سڕینەوەی «ث، ن، ض، ط، ظ، پ، چ، ژ، گ، ڤ، ص، ڵ، ق، ح، خ، ع، غ» کە بریتین لە 17 فۆنیم هەموو زمانێک کاول نابێ.
7) تایبەتیەتی دەنگی هەمزە و هێ وەها دەکات لە زۆر زمانانداا ڤاوڵ بەدوایاندا بێت، نەک ڤاوڵ لە هیچەی ئەو دەنگانە بە ساختە دەخاتە پێش خۆیەوە. موستەحیلە میللەتان بەر لە هەزاران ساڵ بیریان لەوە کردبێتەوە کەوا بۆ خاتری ڤاوڵ لە بەرایی وشەوە بێت دەنگێکی ساختە هەڵبەستن و بیخەنە پێشیەوە، هەزاران هەزار وشە هەن فۆنیمی پێشەوەیان ڤاوڵی بەدوادا دێت. چ قەیدی دەکرد لە جیاتی «ئەز، ئێمە، ئەنگوست...» یش بیانگوتبایە «شەز، شێمە، شەنگوست...»؟ خۆ هەمزە ناعوور نییە پەکی ئاو بەرز کردنەوەی پێ کەوێ، چونکە کەسرە موختەلەسە بەچکەی ناچارییە بە هەڵستانی ناچارییەکە تێدەچێت.

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ» ژمارە 101 مارسی 1989
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net پاییزی ساڵی 2009

---

جارێکی تر گوندی نورەددین و

گەردێک لە گەردەلوولی نورەددینی و میراودەلی

لە ژمارە 53ی ڕەنگینی کەژاڵ و دەلالدا باسێکی خۆشکەڵەی گوندی (نورەددین) ی پژدەرم خوێندەوە، گەلێک بیرەوەری دوور و نزیکی لێ بە ئاگا کردمەوە کە ڕووداوی ناگەهان و بە سفتوسۆی ڕۆژگار سوورە لەسەر سپی پات کردنەوە و زراندنیان. وەک بڵێی بەلایەوە ئەستەمە، دیارییە وەیشوومەکانی ڕەنگێکی ڕەشتاڵەی خۆیان نەهاوێژنە سەر پەلکەزێرینەی خەیاڵ... پێوەندیی خۆم و پشتاوپشتی باب و باپیران تا دەگاتە یازدە پشت، بە نورەددین و عەشیرەتەکەی و خاوەنەکەی هەرە دواییی باپیری بابەکری مەحموودئاغا و براکانی بوون. هەستیارییەکی سۆزناک لە دەروونمدا دەبزوێت چەندێکی بەسەر ناوی یاخود یادیدا بکەوم، لەمەشدا حەقم بەلایەوە چونکە بەلای کەمەوە 450 ساڵێک دەبێت هەوەڵ پشوە بای ئەو هەرێمە بۆتە هەناسەی باپیرە گەورەمان شێخ برایمی جەزیری کە یازدەمین باپیری منە. دوو سەد ساڵێک دەبێت باپیری پێنجەمم، مەلا عەبدوررەحمانی کاکی جەلی، لە دێی جەلییەوە هاتۆتە کۆیێ، کە ئەم پێنج پشتە 200 ساڵی پرییێت دیارە شەش پشتەکەی پێش ئەوانیش 250ساڵێکیان ڕابردووە، بە تایبەتی کە بزانین مەلا عەبدوررەحمان 9 – 10 ساڵێکی کۆتایی عومری لە کۆیێ بەسەربردووە، هەر نەبێ پێنج بەشی عومری پێش هاتنی بۆ کۆیە دەچێتەوە سەر حیسابی ئەو 250ساڵە. کەوا بێگومان ئەگەر وردیێوی تێدا بکەین لەو میقدارە تێدەپەڕێنی.

لە هەندێ ئاغای میراودەلیم بیستووە کە باپیرە گەورەی ئەوان و شێخ برایم بەیەکەوە لە جەزیر و بۆتانەوە هاتوون بۆ مەڵبەندی پژدەر بەڵام قسەکە هەر هی دەماودەمە، نە لە ئەوانەوە و نە لە پێشینانی ئێمەوە شتێکی نووسراو لە دەستدا نییە ئەم لایەی ساغ کردبێتەوە. بەهەمەحاڵ، هاندەر هەستی دەروونی بێت وەیا داخوازیی نووسەری گوتارەکە بێت یاخود هەردوویان بن، وا لێرەدا بایی ئەوەی باسەکە هەڵبگرێت خامەگێری تێدا دەکەم بە سپاسەوە بۆ کاکە حەمە ئەحمەد جاف و کاک عومەر حاجی خدر نورەددینی کە یەکەمیان نووسەر و دوەمیان سەرچاوەی بابەتە.

لە لایەن هەڵکەوتی شوێنی گوندی نورەددینەوە پێویستە بڵێم ئەو پەراوێزەی ((دامێنی زنجیرە چیای ئاسۆس و چواس و بلغەت و هەرمێن و قەندیل)) کە لە گوتارەکەدا بە دەوری نورەددینەوە کێشراوە، هەموو پژدەر دەگرێتەوە بە میراودەلی و مەنگور و مەنددمەرە و وردە تیرە و عەشیرەتی دیکەش. لەو ڕیزە شاخانە کە هەرە نزیکیان لە گوندی نورەددین شاخی ئاسۆسە کەوتۆتە بەری باشووری زێی گچکەوە و بەر حیسابی دیوی مەرگە دەکەوێت. ((چەواس)) یش ناچێتە هاوشانی ((بلغەت و هەرمێن))ەوە دەشێ لەگەڵ شاخی ((گردەبێناسە)) ناوی بێت. هاوتای هەرمێن و بلغەت لەو ڕیزە شاخەی پژدەر کە سنووری نێوان عێراق و ئێرانە دوو لووتکەی ((دووپەزە)) و تا ڕادەیەک ((باربرنج))یش دێتە حیسابەوە. هەموو دەشتایی وڵاتی سەر بە قەڵادزە دەکەوێتە نێوان نورەددین و ڕیزە شاخی باسکراو... لەگەڵ((قەندیل))دا هەرە نزیکی لە نورەددین قەندیلی مەنگوڕان و لوتکەی هەرە بەرزی ((کۆرەش))ی پێ دەڵێن، بە پێوانەی عادەتی نێوان ئەو خەڵکە چ پێوەندی لە بەینیاندا نییە و ڕەنگە بە سواریی وڵاخ هەر نەبێ 6 – 7 سەعات ڕێگە لەیەکتر دوور بن. بە هەمەحاڵ ئەم وردە حیسابە کارێک ناکاتە سەر ئەسڵی بابەت و مەبەستی نووسینەکە، بەڵام چ زەرەرێکیش نییە لە تێخوێندنەوەیان.

لە لایەن باری مێژوویی کۆنی گوندەکە و ناوچەکەوە، کەسێک بیەوێ بە وردی بە جۆرێکی مێژووناسانە لەسەری بڕوات، خۆتەرخانکردن و ماوەیەکی پشووداری دەوێت هەرنەبێ لە ڕووی ئەو ڕاستییە گرنگەوە کە لەوەتەی ماددەکان بەر لە هەزار ساڵ پتر پێش مەسیحدا نیشتەجێی کوردستانی ئێستاکەی ئێران بوون و هێزوپێزێکیان پێکەوە نا، بوون بە ئامانجی لەشکەرکێشی ئاشوورییەکان بۆ تێک شکاندنیان بە زۆریش ڕەوی ئاشوور بۆ سەر دیوی کوردستانی ئێران لە دەربەندی ڕەمکانەوە تێی کردووە و بە ناوچەی ئێستاکەی پژدەر تێپەڕیوە هەتا لە ساڵی 612 پ. ز ماددەکان بە یارمەتی بابلیەکان توانییان ئاشوور لەبەریەک هەڵوەشێنن، شەست ساڵەک دواتر کۆرشی هاخامەنشی ماددی تێک داو بە درێژایی پتر لە هەزار ساڵ ناوچەکە بوو بە پێ خۆشی ئەسکەندەر و ئەشکانیەکان و ساسانیەکان... کاتێک عەرەبی

موسڵمان دەسەڵاتی پێکەوە ناو بەرەنگاری ساسانیان و ڕۆمەکان بوو، لە ماوەیەکی کورتدا ساسانیەکانی ڕیشەکێس کرد و ڕۆمەکانیشی برەو ئاسیای بچووک ڕەتاند.

شەڕی ناوداری قادسیە لە ڕەمەزانی ساڵی 14 ی کۆچی، بەرانبەر 636 ی زاینیی ڕووی داو دەسەڵاتی ساسانیان لە پاتەختییان تێک شکا... دواتر لە شەڕی نەهاوەند کە عەرەبەکان پێی دەڵێن ((فتح الفتوح))، ساڵی 21 ی کۆچی، بەرانبەر 641 – 642 ی زاینی، ئیمپراتۆریەتی ساسان کۆتایی هات. یەزدگورد دە ساڵان پەلەکوتکەی لێرە و لەوێ کرد هەتا لە 652 ی زاینیی بە دەستی ئاشەوانێک کوژرا ئیتر ڕووپەڕەی مێژوو بە تەواوی وەگەڕا. ئێمە بە چاکی نایزانین کوردستان بە چەند ساڵ و مانگ کەوتە دەست عەرەب بەڵام دوو شت لەو میانەدا جێی متمانەیە. یەکیان ئەوەیە کە کورد بە حوکمی بێ دەسەڵاتی و ماف خوراوی بە بەریەوە نەبوو بەرگری لە هیچ داگیرکەرێک بکات، بگرە لەوانەبوو بەهۆی زوڵمێکی لێی دەکراو تێیدا تەنگەتاو بوو بوو هاتنی داگیرکەری تازەی بە هەلی پشوودان زانیوە. لە بەڵگەی ئەم ڕاستییە شتێک دەهێنمەوە بەر نیگای خوێنەر. وەک بەدیهیە ئاشکرایە دانیشتووانی دەوروبەری مەداین، پاتەختی ساسانیەکان کەوا لە خواروی بەغدای ئێستاکە بوو هەمووی فارس بوو کەچی بە فەوتانی دەسەڵاتی ساسانیەکان نەک هەر فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار بەڵکو هەرچی فارس بوو بەرەو دیوی ئێران کشایەوە. کوردەکە چونکە هاوڵاتی چوارەم پێنجەم بوو نەک هەر لە جێگەی خۆی مایەوە بەڵکوو دوای بەتاڵ بوونی دەوروبەرەکەی لە فارسەکان بەشێکی ئەو بەتاڵاییەشی بۆ مایەوە و بەرەو باشوور داخزی، عەرەبی تازە حاکم چ خەتەرێکی لە کوردەوە هەست پێ نەکرد هەتا حیسابێکی قایمەکاری لە دژی بکات، کوردەکە لە خۆوە بەرەو دینی نوێ هات چونکە مێژوو بۆمان باس دەکات دینی زەردەشت بە دەست شاهەکانەوە وەها دزێو کرابوو چی هەژار بوو لێی بە زاکەزاک کەوتبوو تەنانەت ئاڤێستایەکی نووسراوی ڕەسمی هەبوو بە کەڵکی سیاسەت دەهات و لە کاردا بوو ، یەکێکیشیان لە سینەی هیربەد و مووبەدەکاندا بوو دەماودەم دەگوێزرایەوە. حاشیە و دەست و پاوەندی شاهەکان لە ڕەگەزی فارسی سوودمەند بوون لەو شێواندنەی ئاڤێستا، بۆیە پشگیرییان لە یەزدگورد کرد و بۆ ماوەی 40 ساڵێک درێژەیان بە هەوڵی بێ سوو دا. کورد و میللەتی دیکەی وەک کورد ئەو هاندەرەی شک نەدەبرد خۆی بە قوربانی جەللادەکەی بکات.

ڕاستی دوەم ئەوەیە، داگیرکەرانی کوردستان لە لایەن عەرەبەوە کەوا بێ گومان بڵاوبوونەوەی ئیسلامی لەگەڵدا بوو بێ تەگەرەی گەورە، لە دەوروبەری 20، 21 ی کۆچی مەودای باشی پری بوو. میللەتە بێ دەسەڵاتەکەی کورد هەروەک لە ئاست ساسانیەکان بێ چارە بوو لە ئاست دەسەڵاتدار و سەرەک ئێل و فیۆداڵی کوردیش ئەو بێ چارەیە بوو، تا ئەگەر یەکێک لەوان بەرگری ئیسلامی کردبێ بۆ پاراستنی سوودی خۆی و خەڵقەکەی بەرەو شەڕ ڕاماڵ داوە بەڵام شەڕی تۆپزی کە گیانی هەڵمەت بەرانەی تێدا نییە.

ناوچەی نورەددین و پژدەر بە عمومی سەرەڕێگایەکی لەشکری ئیسلام بوو بەرەو دیوی ئێران. لە ناوتوێژی گوتارەکەدا ناوی دانیکورپاشا دەمانباتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە لەشکری ئیسلام ئەو ناوچانەی کوردنشینی کەوتبووە سەر ڕێگەی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕووە و ئێرانی تێدا فەتح کرد.

ناوی دانیکورد هەوەڵ جار لە کتێبە ناودەرکردوەکەی مەلا صەمەدی مەرگەیی کەوتە بەر گوێی بیسەرانەوە. کتێبەکە بن بوو کرا، مەلا صەمەد خۆی سوور بوو لەسەر هێندێ کە کتێبەکە فەوتاوە ئیتر بە سووتان بێت یان بە هۆییەکی دیکە. من خۆم لەم بارەوە لێم پرسی، وەڵامەکەی هەر ئەوە بوو کە کتێبەکە نەماوە. ئەوەی من خۆم چاوم پێ کەوتبێ لە سەرەباسەکانی ئەو کتێبە تەنها ئەو بەشە بوو کە باسی هاتنی سپای ئیسلام، لە هەولێرەوە، بۆ هەرمۆتە و کۆیە و ڕۆندیات ((ڕانیە)) و گوندی ڕۆستەم ((میرزا ڕۆستەم)) و سەنجان مەرجین ((سێ ناجیان و مەرگە)) و قەربابا ((قەرەتەپە)) و دوقمان(دووگۆمان)) و شیدەرە ((پژدەر)) و قەڵاتی ((داینکور))... هەتا ئەو دیوی ئێران بۆتەوە، دەکات. ئەوەی دیتم دەسنووسێکی نیوداشی خۆش خوێن و بە قەڵەمی رەصاص نووسرابوو. ناوناوە دەیگوت ((قال الامام الواقدی)) وا دیارە حیکایەت لە غەزەواتی واقدی دەگێرێتەوە و پێوەی دیارە غەڵەتی

مێژوویی تێ کەوتووە بەڵام لە لایەن تۆپۆگرافیای ناوچەکەوە هەتا بڵێی ڕاست و وردپێو بوو. بە پێی ئەو دەسنووسە پاش داگیر کردنی وڵاتی بەردەربەند، لەشکری ئیسلام بۆ سەر دوقمان دەچێت. حاکمەکەی دوقمان – دووگۆمان- داوا لە دانیکوری شیدەرە دەکات کە بەهاناى ڕابگات، دانیکور پشت ئەستوور بوو بە مەحکەمی قەڵاکەی خۆی و عەرەب بە هەند هەڵناگرێ و گوێ نەداتە حاکمی دوقمان. ئەو شوینەی ئێستا پێی دەگوترێ ((شەیدان – شەهیدان)) شەڕگەی لەشکری عەرەب و حاکمی دوقمان بووە... ناوی دانیکور بەر لە کتێبەکەی مەلا صەمەد نەبیسترابوو بەڵام لە ڕێی هەبوونی ((قەڵاتی دینکە))وە کە بەسەر دەشتی خاسدا دەنۆڕێت، ئەو دەشتەی وا نورەددینی تێدا بنیات نراوە، زانرا کە دانیکور هەمان((دینکە))یە کە لە کۆندا خاوەن قەڵاتەکە بووە. نەشدەزاندرا کە دینکە، دانیکور شەڕی لەگەڵ موسڵمانان کردووە، تەنانەت مەرقەدی دوو مردوو بەسەر گردی قەڵاتی دینکەوە بوو بە ناوی شێخ و چاک و پیر ڕۆیشتبوو، کەچی لە کتێبەکەی مەلا صەمەددا دەرکەوت کە ئەو دوو قەبرە هی دوو صەحابەی عەرەبە.

گردەکەی قەڵاتەکەی دینکەی بەسەرەوەیە ((قەڵات شوێنەواری دیاری نەماوە)) نەختێکی بە ئاوی زێی بچووک کە لە بنیەوە ڕەت دەبێت داشۆراوە و ڕماوە بەڵام بەشی هەرە زۆری زەق ماوەتەوە. لەو کتێبەی مەلا صەمەددا باسی شەڕی قەڵاتی دانیکور و گرتنی لە لایەن ئیسلامەوە مەیلەو بە درێژی هاتووە.

کتێبەکە دەڵێ لە سەرەتادا لەشکری ئیسلام نەیتوانی قەڵاتەکە بگرێت لەبەر مەحکەمیی دروستکرانی و قایمی جێگاکەی بەسەر ئەو گردە بەرزەوە. لە ناو قەڵاتدا بۆ ئاوی زێ ڕاڕەو هەبووە وەک بیر کە ئیتر تینویەتی جێی نیگەرانی نییە، دەرگاکەشی لەوانە نەبووە بە ئەبزاری قەڵاگیری کە لە دەست عەرەبەکاندا بووە بشکێت، بۆیە بوو چەندێکی قوربانیشیان دا هیچیان بۆ نەکرا هەتا فێڵێکی ژیرانەیان بەکارهێنا.

گردی کەوا قەڵاتەکەی لەسەر بنیات نراوە و لایەکی زێی بچووکە، لای باکوری لە شکڵی نیمچە کەوانەیی مەیلە و پێچ دەکاتەوە بە جۆرێک ئەگەر پاسەوان لەسەر بانی قەڵاوە دنیا بە سەح بکاتەوە ناتوانێ بزانێ کەس هەیە لە حەشارگەی پێچەکەدا خۆی دانووساندبێت. موسڵمانەکان بەشێکی لەشکرەکە لەو پشت ڕیزە گردەی پێچ کردوو دادەمەزرێنن بێ ئەوەی ئەهلی قەڵات هەستی پێ بکەن. بەشی زۆری لەشکرەکەش لە پێ دەشتی بەردەمی دەرگای قەڵاتەوە هێرشی توند دەهێنن... دوای ماوەیەکی ئەوتۆ کە بایی ئەوە بکات هێرشبەر تێیدا شەکەت بێت لەشکرەکە بە زاهیر دەشکێت و ڕوو لە هەڵاتن دەنێت. لەشکری ناو قەڵات بەهەلی دەزانن و دەرگا دەکەنەوە و بەدوا هەڵاتواندا بەنیازی لەناوبردنی یەکجارەکییان هێرش دەهێنن بۆ پێ دەشتەکە. ئەو تاقمە موسڵمانەی لە حەشارگەدا بوون بە غافڵگیری و زۆر بە سێنایی لە پشت گردەکانەوە بۆ قەڵاتی دەرگا کرایەوە هروژم دێنن. کاتێک لەشکری دانیکور بە ئاگا دێتەوە قەڵاکە گیراوە. ئیتر دەکەونە نێوان دوو ئاگری لە ڕووتەنی پێ دەشتی خاس و تەفروتونا دەبن، دانیکوریشیان لەگەڵدا...

جاریکیان لەگەڵ شێخ حسێنی حاجی سەیددا، لە قەڵادزەوە دەچووین بۆ نورەددین بەسەردانی پایزئاغا کە گەیشتینە نیهایەتی بانووی کە بەسەر ڕووکاری قەڵاتی دینکە و دەشتی خاس و نورەددیناندا دەنۆڕێت، لەو شوێنەی پێی دەگوترێ ((سەرنێڵ)) شێخ حسێن هەڵوەستی پێ کردم گوتی سەیری ئەو دیمەنە بکە. سەحابەکان لە پەناوپێچی درێژەی گردی قەڵاتەکەی دانیکور کەوا لەبەرچاومانە خۆیان دانووساندووە کە بە هیچ جۆرێک لە قەڵاتەوە نادیترێن. لەشکری هێرشبەریشی لەو دیوی ڕیزەگردەکە لە پێدەشتەوە هجومی هەڵخەڵەتاندنیان هێناوە و خۆیانیان شکاندوە، ئیتر لەشکری ناو قەڵات کە دڵنیا بووە لە نەبوونی هیچ هەڕەشەیەکی ناگەهان دەرگای بۆ مەرگی خۆی کردۆتەوە...

وەک کتێبان باس دەکەن نەهاوەندیش بە فێڵێکی ئەوتۆیی گیراوە لەگەڵ تێبینی ئەوەدا کە شەڕی نەهاوەند لەگەڵ سەرلەبەری لەشکری یەزدگوورددا کراوە و لەو شەڕەدا، زۆر بە

سەیری، یەکێک لە ئەسبابی سەلامەتیی لەشکری نەهاوەندا لە ئاکامی شەڕدا بوو بەهۆی تێچوونی لەشکرەکە. بە نیازی ئەوەی هێرشی عەرەبەکان بۆ سەر شارەکە لە ماوە پرینی گەیشتن بە نەهاوەند خۆی سارد دەبێت، لەمپەڕێکی چرەپرپیان هەڵنابوو وەک سەکۆ و کوچکە و بەرد و ئەوەی پێی دەڵێن ((عوارض)) کە وڵاغ لە غار دەوەستێنێ چ جایی عەرەبانە، ئنجا کە عەرەبەکان لەوێشدا بە ڕواڵەت هەڵاتن و لەشکری فارس ڕاویان نان کاتێک کە بایانداوە سەر فارسەکان و ڕوویان پێ لە شار کردنەوە فارسەکان لەبەر ئەو لەمپەڕانە نەیانتوانی بگەنەوە شوورە و قەڵای شار و هەر لە ڕێی هەڵاتندا پامال بوون بەتایبەتی لەبەر ئەوەی سوارە و پیادەی فارس بە چەکی زۆر قورسەوە شەڕیان دەکرد، عەرەبەکان لەچاو ئەواندا وەک کارەمامزی بەهاران بوون لە هێرش بردن و خۆرزگار کردندا...

لەوەی خستمە بەرچاوی خوێنەر دەردەکەوێت کە دینکە کورت کراوەی ناوێکە بەر لە نزیکەی 1350 ساڵ عەرەبەکان بە ((دانیکور))یان گۆ کردووە، ناشزانین ناوەکە چەندی لێ گۆڕاوە بەسەر زار و زامنی عەرەبەکاندا چونکە بێگومان وەکوو کوردەکانی ئەوسایان لەفز نەکردووە. دەتوانم بڵێم ئەو ((ك))ە هەر کاف بووە نەک ((گ – گاف)). چونکە بە قیاس لە ((مەرگە))کە کردوویانە بە ((مرجين)) دەبوو بڵێن((داينجور)) ئەگەر پیتەکە گاف بوایە. چەندێکی ناوی کۆکی ئەو ڕۆژگارانەش بە بیری خۆمدا تێدەپەڕێنم بەسەر ناوێکدا ناکەوم لەمیانەوە نزیک بێت تەنانەت ناتوانین بڵێین ئەم کەرتەی ((کۆر)) هەمان کوێری ئەمڕۆکەیە وەک کە دەڵێین ((پاشای کۆرە)) چونکە لێمان ڕوون نییە لەو سەردەمەدا ((کۆر، کوێر)) چۆناوچۆنی لەفز کراوە. ناوەکە وەکو خۆی، لای من، بێسەروشوێن دەمێنێتەوە هەتا لە کەلێنێکەوە تیشکێک دێت و ڕوونی دەکاتەوە. بەڵام دەتوانم بێ دوودڵی بڵێم ناشێ بڵێین ((دانیکور پاشاک)) وەک کە دەڵێین ((عەبدوڕڕەحمان پاشا)) چونکە نە بیستوومانە هیچ سەردارێکی ئەوسا ((پاشا))ی پێ گوترا بێ و نە وشەی ((پاشا))ش لەو سەردەمانەدا پاشا بووە. وەک بزانم ((پەتخشا)) گوتراوە هەر وەکوو ((شاهـ))یش ((خشچترە)) بووە هەرچەند بە شاریش گوتراوە خشەترە، تەنانەت شەهرەبان ((خشترەپاوەن))گوتراوە و یۆنانیەکان کردوویانە بە ساتراب. خشترەپاوەن بە واتای ئێستای ((محافظ)) ڕۆیشتوە.

دێی نورەددین خۆی مەرکەزی عەشرەتی نورەددین بووە و هەموو ئەو ڕوپێوەی ئێستا پێی دەڵێن پژدەر پێی گوتراوە نورەددین. لە نێوان نورەددینییان و میراو – دەلییان کە بە لای خەڵقەوە لەگەڵ پژدەر یەک شتن قەول و بریە هەبووە کە مەجلیسی ماقووڵان لە نورەددییان پێک بێت و سەرۆکایەتیی عەشیرەتیش هی میرادەلییان بێت مەجلیسی ماقووڵانیش دەسەڵاتی سەلمێنراوی هەبووە لە کاروباری ئەو زەمانەدا.

بەر لەوەی ئەو قەول و پریەیە هەبێت، وڵاتەکە لە ژێر دەستی عەشرەتێکی مەیلەو دڕدا بووە پێی گوتراوە (سەکر) چەند دێیەکیان هەبووە بەڵام دەستدرێژییان لەو خەڵقە کردوە گەلێک موڵکی ئەم و ئەویان داگیر کردووە تا کار دەگاتە جێگەیەک کە پریار لەسەر هەندێ بدەن چی میراودەلییە لەناوی ببەن... لە ڕۆژێکی جەژندا کە میراودەلی و نورەددینی کۆبوونەوەیان هەبوو بۆ چارەسەرکردنی زوڵم و زۆری سەکران، ئاغاکانی سەکر دەیانەوێ غافڵگیریان بکەن، ئیتر گورج بۆیان دەچن بەو نیازەی دوای لەناوبردنیان نانی جەژنە بخۆن... خەبەرەکە لە لایەن خێرخوایانەوە بەو مەجلیسەی میراودەلی و نورەددینییان دەگات، ئەوانیش بێ ئاگاداری سەکرەکان بۆیان لە بۆسە دادەنیشن و لەدەمی گەیشتنە یەکتردا شەڕێکی خوێناوی ڕوودەدات و بە شکستی سەکرەکان کۆتایی دێت و لەشکری میراودەلی ئەو نان و پاتەی سەکران کە بۆ جەژن دروست کرابوو لێیان بوو بە جەمی حەسانەوە... ئیتر سەکرەکانیان دەرکرد ئەوانیش لەو شوێنەی نزیک گەڵاڵە کە پێی دەڵێن سەکری سەکران جێگیر بوونەتەوە و کەوتنە سەر باری کەسابەتی بێ دەستدرێژی. دەگێڕنەوە دەڵێن ئاغای سەکران لە پژدەر هێندە بە زەبر و زەنگ بوون ئاغای پژدەرییانیان ناچار دەکرد کە شەوی هاوینان خەریک بن نەیەڵن بۆقی دەم ئاوان بقرێنن نەکا ئاغای سەکری خەوی بزرێت.

یەکێک لە ڕووپەڕە بە دەنگ و صەداکانی مێژووی نزیکی دێی نورەددین باس و خواسی ((قۆمیتە))ی ساڵانی 1941 بوو، دواتریش بۆ چەند ساڵێک درێژەی کێشا...
هەراوزەتای قۆمیتە بە دەنگ هاتنەوەی هەرایەکی کۆنترە کەوا لێرەدا بۆیان دەچینەوە. کورتەی باسەکە ئەوەیە کە میراودەلی و نورەددینی، بەر لە حوکمی ڕەزاشای پەهلەوی، موڵک و زەوییەکی فرەوانیان لە دیوی کوردستانی ئێران کەوتبووە دەست. ڕەزاشا بە فەند و فێڵ لە دەستی دەرهێنان. دوای پشوویەک میراودەلی و نورەددینی بە لەشکرێکی تەیارەوە هێرش دەبەنە سەر سپای ئێران و دەیڕەتێنن هەتا لە سەردەشت ئابڵۆقەیان دەدەن. دوای بێ ئومێدی بوونی حکومەتی ئێران لە ڕزگار کردنی سپا ئابڵۆقەدراوەکەی خوایش لە شێخ مەحموود دەکات کە بکەوێتە بەینەوە، ئەویش کاغەز بۆ ئاغاکانیان دەنوسێ و لەسەر ئەمری ئەو، دوای45 ڕۆژ ئابڵۆقەدان، سوپاکە ڕەها دەکەن بەرەو دەرەوەی ناوچەکە بڕۆن. ئەو موڵک و زەویانەی ڕەزاشا بە فێڵ لە دەست پژدەرییانی دەرهێنابوو سەرلەنوێ کەوتەوە دەستیان و... ڕەزاشا زانی بە زەبروزەنگ چارەی گرفتەکە ناکرێت لە ڕێی مەسلەحەتییەوە پژدەرییەکانی بە پارەیەکی سککەی زێڕی چەند جار هێندی نرخی حەقیقی ڕازی کرد و ناوچەکەیان بەجێهێشت و هاتنەوە پژدەر ئەم ڕوداوانە لە ساڵی1927 سەریان هەڵدا. دوای ئەوەی لە ساڵی 1941 ئینگلیز و سۆڤیەت ئێرانیان داگیر کرد و ڕەزاشا دوور خرایەوە و حکومەتی ئێران دەسەڵاتی کز بوو بە تایبەتی لە خاکی کوردنشین، پژدەرییەکان هەوای وەرگرتنەوەی ئەو موڵک و دێهاتانەیان کەوتەوە کەللە، بارەکەش وەهابوو، لەو بێ حکومەتییەدا هەرچی چاپوکی و نەترساوی و دەست پێشخەری کردبایە، کوردی گوتەنی، ڕیزی سوار دەبوو، لەو ڕۆژانەدا کە سەرۆکایەتی پژدەر هی بابەکری سەلیم ئاغا و هەباسی مەحموود ئاغا بوو، ئەوانیش بە پێی تەجرەبەی کە هەیان بوو لە ئیدارە و ڕاهاتووی دوور ئەندێشی بوون و تا ڕادەیەکیش لەوانە نەبوون خێرا بە خێرا لەسەر تەمایەکی وەها ڕێکەوت یەک قسە بن، هەل پەیدا بوو بۆ یەکێکی وەکوو باپیری بابەکری مەحمووداغای خاوەنی دێی نورەددین کە گەنجێکی پێگەیشتووی خاوەن قۆناغ و ناودەرکردووی پیاوەتی و نەترساوی بوو، بە گەرم و گوڕی و بە پێی داخوازیی حاڵ چاکی لێ بەلادا کرد و هەنگاوی هەڵێنا بۆ وەرگرتنەوەی موڵک و ماڵی دۆڕاو، خەڵقێکی زۆری لە دەورە ئاڵا بوو بە سەرۆکی ئەو گروپەی پێی دەگوترا قۆمیتە، دوو سەرۆکی تەقلیدی لەو ناوە بەرانبەر جموجووڵی بێ ئۆقرەی خاوەن تەمایان دەست پاچە مانەوە، باپیرئاغا بوو بە تاقە سوارەی مەیدانی موڵک وەرگرتنەوە خۆ ئەگەر بویستبایە لەو گوڕ و بفەدا سەرۆکایەتیی پژدەریشی لە بابەکر ئاغا و عەباس ئاغا، کە مامی باپیرئاغا بوو، شلۆک دەکرد، هەر خۆیشی بۆی گێرامەوە کە مامی ترسی لێ نیشتبوو ڕەئاسەتەکەی لێ بستێنێ بەڵام بە دەموودووی گەپئامێزی پژدەریانە پێی گوتبوو، مامە دڵنیابە رئاسەتی پژدەرم بە پووشکەیەک ناوێت.

قۆمیتە بەهێزی تەواوەوە موڵک و ماڵی لە کیس چووی خستەوە ژێردەستی خۆی و مەرکەزی چالاکیشی شاری سەردەشت بوو. وەها ڕێک کەوت دووای ساڵێک، واتە لە 1942، شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، بە خیلافی ڕەئی باوکی کە لە هەرای ڕەشید عالی بۆی ڕێک کەوت بگەڕێتەوە سەر جێگە و ڕێگەی خۆی و تەمای سەرپێچیی نەبوو لە حکومەتی دوای ڕەشید عالی، شێخ لەتیف دەستی چیای گرت و لە حکومەت هەڵگەڕایەوە. داخوازی حاڵ وەهای هێنا شێخ لەتیف بچێتە بانە و مێوانی ئاغاکانی ئەو مەڵبەندە بێت. حەمە ڕەشیدخان کە خزمایەتی لەگەڵ شێخ لەتیف بەست و حورمەتی تەواوی لێنا، بە پێی بەرژەوەندێکی کە ڕەچاوی کردبوو داوای لە قۆمیتە کرد کە ڕێی پێ بدەن شێخ لەتیف ڕاگوێزێ بۆ سەردەشت، هەرچی بانە بوو لە جغزی ئەو ناوچەیەدا بوو کە بەر ئیدارەی ئینگلیزەکان کەوتبوو. مانەوەی شێخ لەتیف لە بانە لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەمەی ئینگلیز بووزی نەدەخوارد. کۆمەڵەی قۆمیتە بە سەرۆکایەتیی باپیر ئاغا شێخ لەتیفیان بە ڕێزەوە وەرگرت و شاری سەردەشتیشیان بۆ بەجێ هێشت هەتا دوای ساڵێک کە شێخ لەتیف لەگەڵ حکومەتی عێراق پێک هاتەوە و گەڕایەوە بۆ مەڵبەندی سلێمانی، ئەوسا قۆمیتە چووەوە سەردەشت. هەرای قۆمیتە بەردەوام بوو هەتا حکومەتی حەمەڕەزا هێزی پەیدا کردەوە و سیاسەتی جیهانیش کەوتە بارێکی تازەوە کە ئیتر قۆمیتە چاری نەما و ئەو ناوچەیەی جێ هێشت و گەڕایەوە دیوی کوردستانی عێراق و لەبەریەک هەڵوەشایەوە، چونکە هۆی یەکگرتنی کە مڵک و دێهاتی دیوی کوردستانی ئێران بوو لە حیسابیان سڕایەوە... لەو چەند ساڵەی بەزم و ڕەزمی قۆمیتەی تێدا لە کار بوو دێی نورەددین

بە ڕاستی بووبوە مەرکەزی پژدەر. من لەو ساڵانەدا خەریکی خوێندنی حقوق بووم، لە دوورەوە دەنگوباسی قۆمیتە و باپیرئاغام دەبیست کە ئەوسا شناسایم نەبوو لەگەڵیدا، بەڵام بەر لە بەسەرچوونی چلەکان و پێش 1950 سەرەتای ئاشنایمان دەستی پێ کرد تا وەهای لێهات باپیرئاغا بوو بە دۆستێکی زێدە خۆشەویست و باوەڕ پێکراوم... بە داخەوە، نەخۆشی زۆری مۆڵەت نەدا، لە تەمەنێکی مەیلەو زوو ڕووپەڕەی ژیانی پێچایەوە.

لە پاشماوەکانی دەنگوباسی قۆمیتە، کە بەشی زۆریم لە عەوڵاغای پژدەری بیستووە، ئەم سێ بەیتەی خوارەوە لە شیعری خوالێخۆشبووی مەمەندئاغای (فانی) مەشوور بە مەمەندی قایمقام کە بەشێکن لە قەسیدەیەکی مەدحی باپیرئاغا دەخەمە بەر نیگای خوێنەران، ئەو سێ بەیتەش هەر لە عەوڵاغاوە پێ گەیشتوە، هەر هێندەشی بە بیر مابوو:

ئەوا سەردەشتە یا ساحەی جنانە
کە غەم فەوتاوە عالەم شادمانە
بەسەف وەستاوە عالەم ریزەڕیزە
بەرێکی هەر وەکوو ئاڵقەی زریزە
ئەڵێن هەر زیندە بێت ئاغایی باپیر
بەسەر بەرزی بژی و هەرگیز نەبێ پیر

دەگەڕێمەوە بۆ گوتارەکەی ناو ڕەنگین، بە کورتی دەڵێم ئەوەی لە بارەی ((کانی نەوت)) کەوا بە پێی دەقی نووسینەکە ((بۆ زۆر لە پسپۆر و زانایان و پشکێنەرانیش دەرکەوتووە... شوێنی نەوت بێت و کبریتی هەبێ)) بۆ من خەبەرێکی نوێیە چونکە نەم بیستووە پسپۆر و زانا و پشکێنەر بۆ ئەو ناوە هاتبن و لێیان دایێتەوە، تەنانەت دوێنێ کە ڕێکەوتی 29/4/1993 بوو لە عەوڵاغا و ئەحمەدئاغای حاجی عەباساغام پرسی، کە هەردوویان پژدەرین، ئەوانیش لەم بارەوە خەبەرێکیان پێ نەبوو، ئیتر پرسیارەکە وەکو خۆی بەجێ دەهێڵم. بەڵام لە ئاست گوندی نورەددین کە گوتارەکە دەڵێ نەزانراوە لە چییەوە هاتووە، ئەوەی مەعلومە نورەددین ناوی عەشیرەتەکەیە و بەسەر گوندەکەدا داپراوە هەرچەند نەشزاندرێ چ نورەددین ناوێک و لە کام زەمانەوە گوندەکەی ئاوەدان کردۆتەوە یاخود بە ناوی خۆیەوە ناوی ناوە، دەزانین میراودەلی نەوەی ئاودەلاغای یەکەم، لە ڕیزی سەرۆکانی عەشیرەتەکەن. ئەوەی ئەویش ئاودەلاغا بووە... درێژەی درەختی خانەوادەی میراودەلییان لە یادداشتەکانی عەوڵاغای پژدەری کە لە ساڵی 1992 بڵاوبۆتەوە باس کراوە، بە داخەوە ئەویش لە ڕەچەڵەکی عەشیرەتی ((نورەددینی)) نەداوە. تا هێندە هەیە بە پێی ئەو یادداشتە، کاتێک باپیرەگەورەی میراودەلییان هاتۆتە پژدەر عەشیرەتی نورەددین هەبووە و بەخێریشی هێناوە.

تا ئێرە قسە کۆتایی دێت، نەک یەکجارەکی، چونکە باسی ئەو هەرێمە زۆری بەبەرەوەیە ڕەنگە بەر و باوەشی ڕەنگینی کەژاڵیش ئەو هەموو دەنگوباسە درێژ و بە پێچ و پەنایە و بە سەر و صەدایە نەگرێتە خۆیەوە

سەرچاوەکان:


- ڕەنگین ژمارە 53ی 1993
- یادداشتەکانی عەوڵاغای پژدەر، 1992
- فرهنگ ایران باستان (پەتخشەی – لاپەڕە 61) بەشی یەکەم
- پورداد عزدین و ادب پارسی – جلد اول-
- د. محەمەد معین چاپی سێیەم ل. 13، 14.
- کەلەپووری بنەماڵەی جەلیزادان
- بەشێک لە کتێبەکەی مەلا صەمەدی مەرگەیی

▪ زانیاری شەخسی

مەسعوود محەمەد - بەغدا 30/4/1993

وەشانی یەکەم: گۆڤاری ڕەنگین ژمارە 55 و 56 ساڵی 1993
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

---

فۆلکلۆر - بەشی دووەم...

لە سروشتی فۆلکلۆردا چەند تایبەتیێک و پێکهێنەرێکی بنجی هەیە کە لە (ئەدەب و هونەرە جوانەکان) ی هەڵداوێرێت. هەمووشی لەو ڕاستییە سەر هەڵدەدات کە فۆلکلۆر بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیی زادەی بیر و چەژ و قەناعەتی تێکڕای میللەتە نەک هی بەرەیێکی بەرتەسکی میللەت، کە ئەدیب و هونەرکار و زانایە.

ئەم ڕاستییە کە لە ڕادەی بەدیهیەدایە ڕاستەوخۆ و پاتەوپات پێمان دەڵێ فۆلکلۆر خەریکی ڕووداو دەبێ نەک (تجرید). بەولای ئەم ڕاستییەوە، وەک لە پێشەوە گوتم، گەلێک تایبەتی تری فۆلکلۆر هەیە لێی دەبن بە شەقڵی پێناسینەوە کە ئەوانیش پێویستە نرخی خۆیان پێ بدرێت و پێ بە پێ و جێ بە جێ لێیان بکۆڵرێتەوە، بەڵام جارێ لایەنی (ڕوودان و تجرید – مادە و واتا) باس دەکەین بە دوا ئەودا، کە دەرفەت هەبێ، جڵەوی خامە با دەدەینەوە بۆ سەر چەند چۆنی تایبەتەکانی تر.

سەرهەڵدانی فۆلکلۆر لە (ڕووداو) کە بریتییە لە شتی بەرهەست و بەرچاو و مادی، کاری ناچارییە بە دەست من و تۆ و بە دەست دانەری فۆلکلۆریش نیە، میللەت کە زوربەی زۆرینەی تاکەکانی نەخوێندەوار بووە و لە ئاست فەلسەفە و فکر و وێنەی خەیاڵی و تێکبەستنی واتا بە واتاوە داماو و بێدەسەڵات بووە، هەر ڕووداو و شتی بەرهەست و زەق دەمێنێتەوە زیهنکاریی و هونەر ئارایی تێدا بکات و پری خۆی پێ بشکێنێت. لێرەدا زنجیرەی قسەکانم دەبڕمەوە بۆ ئەوە نموونەیێکی وەها بێنمەوە کە ئەم لایەنەی (بەسترانەوە بە وێنەی مادی و وینەی خەیاڵی) لە فۆلکلۆر و ئەدەبدا خێرا بە خێرا ڕوون کاتەوە بەر لەوە لێی دوور بکەومەوە:

گوێم لێ بووە کچە بڵباس لە شەڕە دندووکێی (بالۆرە) دا ئەمەی بە کچەکەی تر گوتوە:

مایێنێ سەر بێ ڕێشم
لە برای خۆمت کێشم

لەمەدا کچە بڵباس وێنەیێکی بەرهەست و بەرچاوی ڕۆژانەی ناو ڕەوە وڵاغی هۆز و هۆبەکەی خۆی کردوە بە نموونە و مەشقی لەبەردا کردووە، وێنەیێکی خۆشکەڵانەی خەیاڵی تێدا هەبێ، کە ڕەنگە نەختێکی لە ڕێکەوتەوە هاتبێ، ئەو واتا و وێنەیەیە کە لە وەسفی (سەر بێ ڕێشم) دا بەدی دەکرێت چونکە ماینی بەحورمەت هەمیشە ڕێشمەی بەسەرەوەیە و لەسەر سنگی پاڵ ئاخوڕدا بەستراوەتەوە، کاتێک کە لەگەڵ ئەسپیش جووت دەبێ، نەک وەک ماینی ناو ڕەوە، بێ ڕێشم و بێ جڵەوگرتن و بێ حورمەت لەگەڵ ئەسپ جووت دێت...

کە بێین ئەم وێنە فۆلکلۆرییە بگرین بە وێنەیێکی ئەدەبی وەکو خۆی دەزانین خەیاڵی شاعیر چەند خەریک دەبێ وێنەی ناو هەڵبەست لە سادە وێنەی واقیعی ڕووت دوور بخاتەوە و بەرگی تەجریدی تێ بئاڵێنێ. لێرە بۆ مەبەستی بەراوردکردن نموونەیێکی یەکجار عادەتی دێنمەوە کەوا ڕەنگە نزیکترین نموونەی ئەدەبی بێت لە شێواز و وێنەی ناو بالۆرەکە:

سالم لە نیوە دێری یەکەمی بەیتێکیدا ئەمەی گوتوە:

ڕەشە تیغی شکەمی کەر بە ڕەشت

دەبینیت چۆن خۆی ماندوو کردوە بە هۆندنەوەی وێنەیێکی هونەراوی تێک هەڵکێش و سەرپۆش کراو لەجیاتی ناوبردنی شتی پاتەوپاتی مادی بەرهەست، بە تایبەتی کە هاتووە وشەی (شکم – شکەم) ی فارسیشی هێناوە لە جێی (سک، زگ) ی کوردی داناوە بۆ پتر بەرەو (تەماوییەتی) بردنەوە تاکو تێکڕای واتای مصرعەکە بەر ئەو دەستوورە گشتییەی عەوامی کوردەواری بخا کە زمان دەگرێ لە گوتنەوەی وشەی ئەوتۆ کە بەلای خۆیەوە دەبێ پەردەی بۆ بگیرێتەوە وەک کە بە ژن دەڵێن (خێزان، منداڵەکان) وەیا خوشک دەکەن بە (هەمشیرە). سالم لەوەش پتر هونەری وشەکاری بەکارهێناوە کە لە دوو سەری

مەصرەعەکەوە وشەی (ڕەش) ی داناوە بۆ پارسەنگ کردنی مۆسیقای شیعر سەرەڕای خۆلادان لە گفتوگۆی عادەتی بە نیسبەت وشەی (ڕەش) ی کۆتایی مصرەعەکەوە. ئەم وێنە کێشانەی پڕ تەشبیە و تێکهەڵکێشان و سەرپۆش کردنە، بە عادەت، لە جغزی دەسەڵاتی فۆلکلۆر بەدەرە و دەشێ بەدەربێ چونکە خاوەنی فۆلکلۆرەکە کە تاکێکی نەخوێندووی میللەتە ناتوانێ و نازانێ نەخشی وشە و واتا بهۆنێتەوە، گریمان توانیشی ئەم هۆنینەوەیە بەکار بێنێت هەر بە کاری نایەنێت چونکە دەزانێ زۆربەی میللەت تێی ناگا لە حاڵێکدا ئەو مامڵەتی هونەرەکەی لەگەڵ زوربەی میللەتە نەک لەگەڵ تاکە بەرەی خوێندەوارەکانی میللەت، جگە لەوە کە ئەو بە بابەتێکەوە خەریکە سادە و نزیکە دەست و لە ڕێگەیێکیشەوە بۆی دەڕوات کە ئەویش سادە و هەموارە و چ ڕێگەیێکی تریش شک نابات بۆ تێدا ڕۆیشتن.

لەم دوو میسالەدا بە ئانقەست نموونەیێکی فۆلکلۆری بەرز و یەکێکی ئەدەبی عادەتیم هەڵبژارد بۆ ئەوە لە حاڵی پێویستدا بتوانری نموونەی ئەوتۆ بخرێتە بەر چاو کە هەموو نەسەلماندن و بەرهەڵستییێک پێ شیل بکات و نوختەی مەبەست باوێژێتە بەر قەناعەتی سەلیقە و چەژی مرۆڤی نیوە خوێندووشەوە: نموونەی فۆلکلۆری بەرەژێرتر و هی ئەدەبی بەرەژوورتر بەسەر زاری هەموو خوێندەوارانەوەن، چ پێی ناوێ من لێرەدا جێگایان پێ پڕ بکەمەوە هەر هێندە دەڵێم لە بابەتی (ئەدەبی بێ پەردە) ی وەک ئەم بالۆرەیە و کەرتە بەیتەکەی سالم سەیرێکی (مەستورە) ی نالی و شەوە مەشوورەکەی (مصباح الديوان) بکە و سەرنجیان لێ بگرە چۆن واقیعی بەرهەست و وێنەی خوێن و گۆشت لە ئەدەبدا بەرەو (تجريد) دەچێ و لەناو تەمومژی فەندە پەرداویەکانی مەجاز و کینایە و تەوریەی تەشبیهدا دەبنە تارمایی، کە ئەمانە تێکڕایان بێگانە و نا ئاشنان لە جیهانە سادە و سافیلکە و بێ گەوە و پێچوپەناکەی فۆلکلۆردا.

لەم زەمینەیەی (سادەیی و بێ پێچ و پەنایی) فۆلکلۆر دوو تێبینی گرنگ هەن یەکێکیان سەر دەکێشێتەوە بۆ سەر زاتی هونەرمەندەکە، ئەوی تریان دەگەڕێتەوە بۆ بابەتەکە، دوو تێبینیەکەش لەوانەن کە وردە ئیعترازێک دێننە بەر ئەو ڕایەی سادە و بێ پێچ و پەنا بوونی فۆلکلۆرەوە. تێبینی لەبارەی زاتی بەرهەمهێنی فۆلکلۆر ئەوەیە کەوا هەروەک لە نێوان ئەدیب و هونەرکاردا خوار و ژوور و بەهێز و بێهێز هەیە، ئەوانەی بە فۆلکلۆریشەوە خەریکن یەک چوون و هاوتا نین دیارە بەرهەمەکانیشیان هاوتا نابن، تەنانەت ئەگەر بابەتەکە لە سادەیی و سەرەتاییدا گەیشتبێتە ئەوپەڕیش شوێن پەنجەی داهێنەرەکەی تایبەتیێکی وای پێ دەدا کە لە هی یەکێکی تری لە خۆی بەرەژوورتر وەیا بەرەژێرتری هەڵاوێرێت و جودای کاتەوە. ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوان کراوە لە هەموو مەیدانێکی بەرهەمی مرۆڤدا بگرە لە دروست کردنی کۆڵیتی مریشک و پینە لێدانی قوندەرەش.

تێبینیەکەی تر کە دەربارەی بابەتی فۆلکلۆرە ئەوەیە بابەتی وا هەیە خۆی لە خۆیدا زەحمەتە بێ ئەوەی بەرهەمهێنەکەی لە ڕێی ئارایشت دان وەیا سەرپۆش کردنەوە زەحمەتی کردبێ وەک ئەوەی کە لە (مەتەڵ) دێتە بەرچاوەوە. مەتەڵ لە مەیدانی ئەدەبدا دەوەستێتەوە بەرانبەر (لغز و معمى) کە ئەوانیش لە بابەتەکانی تری ئەدەب زەحمەتتر و سەختترن.

ئەوەی ڕاستی بێ (مەتەڵ) ی کوردی گەلێکی وەهای تێدایە زۆر تێهەڵکشیوە بەرەو فەندی واتایی و وشەییەوە، هەر دەڵێی ویستوویەتی خۆی لەگەڵ فەندەکانی ئەدەبدا تاقی بکاتەوە، یەکێکیان ئەمەیە، داری شەکراوێ، چوارلکان ڕاداوێ، سێی لەبەر سێبەرێ، دووی لەبەر هەتاوێ (نوێژ مەبەستە) کەوا گوتەیێکی زۆر ورد و مەشووری (تصوف) ت بە بیردا دێنێتەوە.

چوومە سەر کانی ئاو نا
ڕۆژ هەڵات هەتاو نا
دەستم شوشت و چاو نا

واتاکەشی ئەمەیە (چوومە سەر کانی حەقیقەت واتە ئەو کانیە نا کە ئاوی تێدایە. دەستم لە دونیا شوشت نەک دەست و چاو شوشتنی عادەتی. ڕۆژی یەقین هەڵات، کە ئەویش ڕۆژی هەتاو نیە.)

من لێرەدا کە ڕا دەنوێنم بابەتە فۆلکلۆریەکە لاسایی ئەدەبی کردبێتەوە مەبەستم ئەوە نیە بڵێم سەرلەبەری مەتەڵ پێڕەوی لوغز و موعەممای کردوە چونکە پتر بە دڵەوە دەنووسێ، بە پێچەوانە، ئەدەب بە هەموو کەرتەکانیەوە بەرەژوور چوون و پێشکەوتنی فۆلکلۆر بێت هەروەک گۆرانی ئۆپەرا وەیا سەمای بالێ زادەی گۆرانی سەرەتایی و هەڵپەڕکێی کاڵوکرچن، کاخی ئاوێنەبەندیش نەوەی شرە زنجی بابەلباپیری مرۆڤە... بەڵام پاش ئەەی بەرهەمی ئەدەب وەیا هونەری پێشکەوتوو پەیدا دەبێت و جێی باوەڕ کردنە فۆلکلۆریش پەندی لێ وەرگرێ و لاسایی بکاتەوە لە پەراوێزی ئەو دەسەڵاتە کەمەی کە بەرهەمهێنی فۆلکلۆر تێیدا دەجمێ. کەواتە دەبێ لە بنەڕەتدا لوغز و موعەمماش زادەی مەتەڵ بن. بەهەمە حاڵ ئێرە جێگەی دەرهێنانی (قسام شرعی وەیا نظامی) ی فۆلکلۆر و ئەدەب و هونەرەجوانەکان نیە تا بزانین کامیان وەچەی کامیانن هەرچەند بە شێوەیێکی ڕووکەشیش زرە ناوێکی باوک و ئەولادەتیمان لێ نان.

بگەڕێینەوە سەر فۆلکلۆر و ڕووداو. ئەم دیاردەیەی پەیوەست بوونی بابەتی فۆلکلۆری بە ڕووداو و شتی مادییەوە کە ڕاستەوخۆ لە پێ نەوێرانی میللەت بە (تجرید و واتا و ئارایشت) ەوە سەر هەڵدەدات لە گوتەی پیاوانی فکر و فەلسەفەی لێرە بە پێشەوەشدا تێخوێندراوەتەوە. یەکێکی هەرە دەست ڕۆیشتوو لە مەیدانی بیری کۆمەڵایەتیدا کە لە ڕێبازی تەحلیلی مادییەوە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ڕۆیشتووە، مارکسیستە گەورە مەشوورەکەی ڕووس (پلێخانۆف)ە. نووسینێکیم دیتووە دەڵێ سەرچاوەی ئیلهامی میللەتە سەرەتایی و دواکەوتووەکان بۆ بابەتی هونەری، هۆی ژیان و بەرهەمهێنانیانە واتە ئەو کارەی پێی دەژین وەیا ئەو هۆیەی شتی پێ بەرهەم دێنن دەبێتەوە بنگەی هونەریان، لێرەشدا چەند میسالان دێنێتەوە یەکێکیان ئەوەیە کە دەڵێ ئافرەتی هۆزە دواکەوتوەکانی کۆنە دانیشتوەکانی ئوستراليا Aboridyeons لە شایی و هەڵپەڕکێدا ئەو جووڵانەوە و هەڵسووڕ و داسووڕانە دەکەن کە ڕاستەوخۆ لە کەسابەتی ڕۆژانەیانەوە وەرگیراوە کە ئەویش هەڵکەندنی رەگی گیایە، واتە ئافرەتەکان لە شاییدا وەها دەبزوون هەر دەڵیی ڕەگی گیا هەڵدەکەنن... من کە ئەمەم خوێندەوە (بەر لە سی ساڵ) قسەیێکی باوکمم بیر کەوتەوە کە دەیگوت شایی (سێ پێیی) کوردی لە پێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە چونکە هەمان جووڵە و قاچ پێش و پاش خستن و هەنگاو بەرەوپێش و بەرەودوا بردنی پێمەڕە کردن بۆتەوە بە هەنگاوە ڕێکخراوەکانی شایی سێ پێی. هەر کە ئەمەشم بیر هاتەوە، دوای چەندین ساڵ، لە لای خۆمەوە زەینم بۆ ئەوە ڕۆیشت کە شایی (سێ پێیی) نەک تەنها خۆی بەڵکو ناوەکەشی لە پێمەڕەکارییەوە وەرگیراوە چونکە لە کاتی پێمەڕەکردندا سێ پێ بەیەکەوە کۆدەبنەوە دوویان هی کابرای پێمەڕەدار یەکێکیشیان پێمەڕەکە خۆی. دیارە میللەت کە هاتووە جموجووڵی پێمەڕەکاریەکەی خستۆتە قاڵبێکی ڕێکوپێکی هونەرەوە ناوەکەیشی ئارایشت داوە بەوەدا کە لە (پێمەرەیی) یەوە گۆڕیویەتی بە (سێ پێیی) کە ئەمیشیان گۆڕینێکی ئێسک سووکە.

پلیخانۆف لێرەدا، پتر لەوەی من بۆی دەچم، بەشێکی زۆری فۆلکلۆر دەکاتەوە بە وەرگێرانێکی ئالی (هۆی ژیان) بۆ هونەر. من وا دەزانم هەموو واقیع و ڕووداو و شتی بەرهەست و بەرچاو، نەک تەنها لایەنی ئابووری، دەبن بە سەرچاوەی فۆلکلۆر بەتایبەتی ئەو بابەتە فۆلکلۆرەی کە لە دەمەوە دەردێت وەک پەند و گۆرانی و سەرگوزەشت و بەند و بالۆرە و هەڵبەست و بەستە و لاوک و ... هتاد، کە ئەمە ڕاستییێکە بۆ یەکەم سرنجی لەسەرەخۆ دەردەکەوێت. بە نموونە لە شایی سێ پێییدا کە خۆی لە هۆیێکی گوزەرانەوە وەرگەڕاوەتە سەر هونەر، هەرچی بەستە و گۆرانی و دەهۆڵ و زوڕنا و هەموو سەروبەرێکی شاییەکە هەیە لە سەرچاوەی نائابوورییەوە هەڵدەدەن کە (دڵداری) لە پێش هەموویانەوە دێت... تەنانەت چاوەشی زوڕنا ئەنگێو وەیا دەهۆڵ لێدەر وەیا شاباشکەر کە لە نووقتەی ئابوورییەوە دەجمێن و دەجووڵێن، دەورە دروان بە ئاڵقەیێکی فرەوانی صەدان کەس کە هەموویان لە شاباش کردندا دژی بەرژەوەندی ئابووری خۆیانەوە ڕەفتار دەکەن بۆ مەبەستی خۆ هەڵدانەوە وەیا ڕاکێشانی نیگای کچێکی جوان وەیا

موجامەلەی خاوەن شایی وەیا شکاندنەوەی ناحەزێک کە نەتوانێ بەربەرەکانیی پارە بەخشین بکات بە پارە. لە نێوان هەموو ئەو کەسانەی کە بە شایشەوە خەریکن ئەو سێ کەسەی کە پارەی شاباش وەردەگرن (زورنا ئەنگێو، دەهۆڵ لێدەر، شاباش وەرگر) تەنها سێ کەس ڕێز لێنەگیراون، واتە لایەنی ڕەچاوکردنی ئابووری لە کەسبەکەیان نەبۆتە هۆی بەرەوپێش چوون و حورمەت، بە پێچەوانە هەرچی پایەیە نەیهێشتووە. وەک شایی و هەڵپەرکێ کە دیتمان بنیچەیێکی مادی هەبوو هەرچی فەندی سوارچاکیش هەیە لە بنەڕەتدا هەمووی فەندی جەنگ و موبارەزەیە کە لێی سواوە و مشتوماڵ دراوە بۆ ئەوە بشێ ببێتە هۆی خۆش گوزەری و کەیف و گەپ، دیارە جەنگیش ڕووداوێکی مادی بەرهەستە، چ خەیاڵبازیی و وشەسازیی تێدا نیە. بەشێکی زۆر لە سەمای پەرستگەکان ئەویش لە فکرەی پەرستنی غەیبەوە هاتووە، ئەو غەیبەی کە شیرازە هۆنی ڕشتە و ڕایەڵی کۆمەڵایەتی و دەستوورات و نەرێتی مرۆڤە، بە تایبەتی مرۆڤی کۆمەڵگەی سەرەتایی و نەخوێندەوار کە بەجۆرێکی عەفوی هەموو ئەو شتانەی تێیان ناگات (بە ڕاستی لە هەزاری دەی شتانیش ناگات) دەیانگێڕێتەوە بۆ غەیب، هەر بۆیەیشە دەبینین ئەم تەرزە مرۆڤە ئەوەندەی ئامادەیە خۆی بە قوربانی دار و بەردی مەرقەدی چاک و پیران وەیا کۆڵەگەی ماڵی شێخ وەیا خانەی پەرستن وەیا یەکێک لە باوەڕەکانی ئایین بکات ئامادە نیە بۆ بەرژەوەندی مادی ئەم فیداکارییە بکات، هەر وەک گوێشی دەکاتەوە بۆ ئەفسانە و وڕێنەکانی دێو و پەری و جندۆکە وەیا پێرەوی فێڵبازێک دەکات و زەرگ لە سینگ و لاگوێی خۆی دەدات، بە دەیان فەیلەسووف و پیاوی ژیر و ڕابەری شۆڕش ناتوانن دوو بیری مەعقوول بخەنە مێشکیەوە وەیا دوو درۆی ئەفسانە لە دڵی بسڕنەوە وەیا ئیقناعی کەن بە ڕاستی و پیرۆزی ڕێی خەبات. تا ئەم گوتە ڕاست و دروستانە دەچنە مێشکیەوە صەدان ساڵ تێدەپەڕێت و هەزاران دێو و درنج لە نەفسیدا زاوزێ دەکەن.

پلیخانۆف بۆ پتەوکردنی باوەڕەکەی خۆی کە هونەری میللەتی سەرەتایی بۆ بنچەیێکی ئابووری دەباتەوە، دێت و دەڵێت چونکی بۆرجوازیەکان چینی بەرهەمهێن و پەیداکەر نین سەماکانیان لایەنی (دڵداری) تێدا ڕەچاو دەکرێت. ئەم ڕایەی کە پەرۆشێکی خۆبەخت کردوانە بۆ لایەنگیری چینی هەژار پێکی دێنێت پتر لە ڕایەکانی پێشووتری کردەوەی هونەری دەکاتەوە بە وەرگێڕانێکی ئالی واقیع بۆ هونەر. من لەم چەند گوتەیەی بە پەلەدا ناچمە هەڵسەنگاندنی ئەو بیروباوەڕەی کە حەز دەکات هەموو دەورێکی پێش خستن و فرازی کردن و بەرهەم هێنان و سازدان و ڕێکخستن لە بەرەیێکی زۆر فرەوان و زۆر پێشکەوتوو و زۆر چالاکی میللەت بسێنێتەوە کە هەموو داهێنەر و دۆزەرەوە و جیهانگەڕ و شاعیر و فەیلەسووف و هونەرمەندی لێرە بە پێشەوە لەو پەیدا بوون چونکە ئێرە جێی ئەم هەڵسەنگاندنە نیە و پێویستێکیشمان پێی نیە، بەڵام ڕێی ئەوەندەم هەیە بڵێم بە پێی بۆچوونی خۆم وادەزانم ئەگەر پلیخانۆف تا ئەم ڕۆژگارە مابایە لەم ڕایەی دەکشایەوە چونکە دەوڵەتە سۆشیالیستەکانیش، دوای چەسپانیان، بەردەوام بوون لەسەر داهێنانی سەما و مۆسیقا و بابەتەکانی تری هونەر بەو جۆرەی کە کۆمەڵگەیێکی ناسۆشیالیست دایان دێنیت. بنگەی یەکجار ڕازایەوە دروست دەکەن بۆ بالێ و ئۆپەرا کە چ پێوەندی نەبێ بە هۆی ژیان و بەرهەمهێنان و چینایەتی و چەوساندنەوە و ئەو تەرزە سەرچاوانەی کە بە پێی ڕایەکەی پلیخانۆف دەبووایە ئەوان سەرچاوەی هونەر بن لە دەوڵەتێکی سۆشیالیستدا.

بە چاوی خۆمان هەموو ڕۆژێک لە تەلەفیزیۆندا دەبینین  فیلمی کارتۆنی ڕووسی پتر لە هی دەوڵەتێکی سەرمایەدار خەریکی ئەفسانە و جنۆکە و دێو و ئەمیر و پیاوی ئایین و ئەو شتانەیە کە لەبەر تیشکی ڕایەکەی پلیخانۆفدا دژی هەموو بیروباوەڕێکی سەر بە چینایەتیین. بێگومان هونەرکارەکانی سۆڤێت هەنگاوی فرەوانیان بەرەو پێشەوە ناوە بەم خۆ ڕەها کردنە لە قەپێلکی تەسکی تاکە سەرچاوەی (بەرژەوەند و بەرهەمهێنان)، هەرچەند وا دەزانم پتر لە پێویست دەوری جنۆکە و دێو و سیحر و تەلەسم هەڵدێن وەک بڵێی بە جۆرێکی لاشعووری دەیانەوێ بە جیهان ڕابگەیەنن کە ئەوان پابەندی هیچ نیگایێکی تەسک نین وەیاخود بیرورایە فەلسەفییەکەیان چ ڕێگایان لێ نابەستێت.

ڕاستی لەم مەسەلەیەدا ئەمەیە. ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە دەگاتە دارایی و دەسەڵات هەر ئەوەندەی لێ ڕەچاو ناکرێ کە لە تاکە سەرچاوەی (دارایی و دەسەڵات) چاوەڕوان دەکرێ چونکە دارایی و دەسەڵات هەرچی هۆی زانین و دۆزینەوە و داهێنان و سازدان هەیە بە دەوری خۆیەوە کۆدەکاتەوە و لە هەموویان ئیلهام وەردەگرێ نەک هەر لە (بێ ئیشی و خەریک نەبوونەوە)، بۆیەیە ڕێی ئەوەمان نیە بڵێین مرۆڤی پارەدار چ کاروکاسبی نیە جگە لە (دڵداری) کە ڕۆژگاری پێوە ڕابوێرێ وەیا ئیلهامی دانس و گۆرانی و پەیکەرتراشی و نەخش و نیگار و سەرجوملەی هونەری لێ وەرگرێ، هەروەها ڕێی ئەوەشمان نابێ بڵێین هونەرکاری کۆمەڵگەیێکی سۆشیالیستیش چاری ناچارە دەبێ بە هەموو عومری خەریکی فکرەی چاندن و دروست کردن و قورکاری و دروێنە و خەباتی چینایەتی بێت. مرۆڤ کە خوێندەواری و تێگەییشتن و بیرکردنەوە و فەلسەفەی بوو لە نۆکەرایەتی تاکە عامیلی (ئابووری) وەیا تێکرای عامیلی (دەوروبەری مادی) ڕەها دەبێت و دەچێتە پلەی ئەو ژوورخانەی کە بریتییە لە فکر و وێنەی خەیاڵی و دەستوور دانان و تێک هەڵکێشانی واتا و شێوە خستنە سەر شێوە و (تجرید) و هەزاران فەند و فێڵی تر کە لە تەک ئەواندا عامیلی سادە و سافیلکەی (بەرهەمهێنان و بەرهەمنەهێنان) لە مەیدانی هونەردا لەوەندەی پتر بۆ نامێنێتەوە کە ببێتە پاشخانێکی (خلفیە) بێ ڕەنگ و کەم سەنگ هەندێ جارانیش هەر بەجارێ دەسڕێتەوە لە نێوان پەردە ئاورینگییەکانی تەجریددا.

لەم ڕۆژگارەدا تێکڕای مرۆڤ توانیویەتی بیری خۆی لە کۆت و بەندی دەوروبەری تەسک ڕزگار کات و جوانی و ناسکی و هونەر لە پەروازی خەیاڵەوە کۆ بکاتەوە، لەمەشدا چەپ و ڕاست و ناوەند لەیەک ئاسۆدا دەخولێنەوە چونکە خەیاڵ هەر خەیاڵە و ئەفسانەش هەر ئەفسانەیە، لێهەڵێنجانیشی بۆ هەموان، وەک ئاوی بیر، بە دۆلکەی مێشک دەکرێ. لەوە بەولاوە ڕێی تێ دەچێ هەر یەکە لەم سێ بەرەیە هەڵێنجانەکە و تەجریدەکە و سەرلەبەری کارەکە بکات بە خزمەتکاری ئەو ئامانجەی حەزی لێ دەکات.

پوختەی قسە ئەمەیە، لە نێوان گەلانی پێشکەوتوودا فێرگە و دەزگا و ساختمانی تایبەتی هەیە بۆ دانانی هونەری تازە وەیا وەرگێڕانی دیاردەکانی جیهان، بە مرۆڤ و سروشتییەوە، بۆ سەر زمانی هونەر، بە خەیاڵی کەسیشدا نایەت بڵێ دەبێ دەزگاکانی سۆشیالیست لە هۆی بەرهەم هێنان و گوزەران کردنەوە ئیلهام وەرگرن لە حاڵێکدا هونەرکارێکی وڵاتی سەرمایەدار هەر خەریکی بەرهەمی دڵدارانە بێت تاکو خاوەن فابریقە و ئاو و بەراو و پارە و پوول تەڕدەماغی خۆیانی پێوە بکەن.

تێهەڵکشینی مرۆڤ بەرەو پۆپی فکر و هونەر و ئارایشت و نازگی هەر لەوەندە نەوەستاوە بەرهەمی تازە داهاتوو بگەیەنەتە ڕێکاری ژیانی تازە. هەرچی بابەتی فۆلکلۆری کۆن و نوێش هەیە ناخرێتە بەرچاوی تەماشاکەرانەوە ئەگەر بەرگێکی شۆخ و شەنگی ئارایشت و ڕێکخستن و مشتوماڵ دان و بەرز کردنەوەی لەبەر نەکرێ. لە سەرانسەری جیهان یەک شانۆی ڕێز لەخۆ گرتوو نیە دیمەنێکی سادە و هەژار و سەرەتایی فۆلکلۆر بکات بە بەرنامەی شەوانەی و هونەرکارەکانی پێوە خەریک کات و خۆی پێوە هەڵداتەوە لە نەزەر تەماشاکەراندا. ئەوەی ڕاستی بێ فۆلکلۆری سادە لە شانۆی پشکۆی ئەم ڕۆژگارەدا نە جێی بەر دەکەوێت و نە تەماشاکەریشی دەبێ لەمەشدا کەس ستەمی لە فۆلکلۆر نەکردوە چونکە دیارە هەر وەک فۆلکلۆر خۆی کردوە بە (ژوورخان) ی ڕووداو و بەرگی ئارایشی پۆشیوە، دەزگای هونەری نوێش مافی هەیە فۆلکلۆر بەرز کاتەوە بۆ ڕێکاری خۆی و ئەو بەرگانەی لەبەر کات کە لە کاخی پرشکۆ دەوەشێتەوە.

مەسعوود محەمەد
وەشانی یەکەم: گۆڤاری بەیان ژمارە 35 نیسانی 1976
وەشانی دووەم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2009

«...»

تێبینییەک لە سایتی مامۆستا. نێت. ئەم گوتارە دەربارەی فۆلکلۆر بەشی دووەمی گوتارێکە کە لە دوو بەش پێک هاتووە . تکا لە خوێنەران دەکەین گەر بەشی یەکەمی ئەم گوتارەیان لا دەست دەکەوێت بۆمانی بنێرن بۆ ئەوەی لە سایتی مامۆستا بڵاوی بکەینەوە بە سوپاسەوە.

---

i[1] ئەم گوتارە بەزۆری لەگەڵ ئاخێوەری کوردی عیراق خەریکە.

ii[2] زایەند: جنس Gender

iii[3] ئەو خشتەیەی د. ئەورەحمانی حاجی مارف لە لاپەڕە 40 ی کتێبەکەی *«زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا»* بۆ دەنگە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردیی ڕێک خستووە، دەنگی «ئـ» - هەمزە بە عەرەبی – تێدا نییە، لە ڕاستیشدا دەنگێکی کۆنسنانتی ئاوازەدارە. بەداخەوە نەبوونی پیتێک بۆ ئەم دەنگە لە ڕێنووسەکانی ڕۆژاوادا گەلێک کێشەی هێناوەتە بەر ئەو کوردانەی پێڕەوی زاناکانی ڕۆژاوا دەکەن. لەمەشدا مەبەسم د. ئەورەحمان نییە.

«...»

مەسعوود محەمەد

وەشانی یەکەم: «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» بەرگی 5، ساڵی 1977
وەشانی دووم: سایتی www.mamosta.net ساڵی 2013